دەروازەیەك بۆ کاری کۆمەڵایەتی

ئامادەکردنی:
چنور قادری، لوقمان صاڵح کریم سیوەیلی،
نیان نامق صابر، ژیا عباس قادر،
کریستین سۆننبێرگ

2021

دەروازەیەك بۆ کاری کۆمەڵایەتی

ئەم کتێبەی بەردەستتان بەرهەمی کاری هاوبەشی ستافێک لە مامۆستایانی (بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی)یە لەگەڵ زانکۆیەکی ئەڵمانی بەناوی (زانکۆی پرۆتستانت بۆ زانستە کردارییەکان لەشاری بۆخوم)ی وڵاتی ئەڵمانیا. لە بەشی یەکەمدا پێشەکییەکی سەرەتا بۆ کاری کۆمەڵایەتی خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمدا باسێک پێشکەشکراوە لەسەر چوارچێوەی کاری کۆمەڵایەتی و هەڵوێستە پیشەییەکانی، بەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ هەمواره‌کانی پیادەکردنی کاری پیشەیی و بەشی چوارەمی تایبەت کراوە بۆ بواری پراکتیک لە کاری کۆمەڵایەتیدا. کۆتاییکەشی ژیاننامەی نوسەران و فەرهەنگۆکێک لەخۆدەگرێت.

ئەم کتێبە پێکەوە بەستنەوەی لایەنی تیۆری و مەیدانیە، ڕوونکردنەوەی دیدگا جیاوازەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوایە، دواندنی کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەریانە لە ڕوانگەیەکی کرداریانەوە، وەهەروەها پرۆژەیەکی پێکەوەییە لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا. خۆ دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەم کتێبە ئەوە نییە کە ویستومانە، بەڵکو ئەوەیە کە توانیومانە.

دەروازەیەك بۆ
كاری كۆمەڵایەتی

ئامادەكردنی:
چنور قادری، لوقمان صالح كریم سیوەیلی،
نیان نامق صابر، ژیا عباس قادر،
كریستین سۆننبێرگ

٢٠٢١

دەروازەیەك بۆ كاری كۆمەڵایەتی

- بابەت: زانستی كۆمەڵایەتی
- ئامادەكردنی: چنور قادری، لوقمان صاڵح كریم سیوەیلی، نیان نامق صابر، ژیا عباس قادر، كریستین سۆننبێرگ
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
- نۆرەی چاپ: چاپی یەكەم: ٢٠٢١
- تیراژ: ٨٠٠ دانە
- چاپ: چاپخانەی كارۆ

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی كتێبخانەكان
ژمارەی سپاردنی (١٥٤٦)ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

دەروازەیەك بۆ
كاری كۆمەڵایەتی

ئامادەكردنی:
چنور قادری، لوقمان صالح كریم سیوەیلی،
نیان نامق صابر، ژیا عباس قادر،
كریستین سۆننبێرگ

٢٠٢١

دەروازەیەک بۆ کاری کۆمەڵایەتی
ناوەڕۆک

پێشەکی.....٧
چنور قادری و لوقمان صاڵح کەریم سیوەیلی

١ پێشەکییەکی سەرەتا بۆ کاری کۆمەڵایەتی.....٢٣
١-١ کاری کۆمەڵایەتی وەک پیشەیەکی زانستی.....٢٤
ژیا عباس قادر

١-٢ تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی.....٤٧
ڕزگار مصطفی غفور

١-٣میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتی لەکاری کۆمەڵایەتیدا.....٧٢
کوردستان عمر محمد

١-٤ میتۆدی توێژینەوەی چۆنیەتی لەکاری کۆمەڵایەتیدا.....٨٠
کاروان احمد نورەیی

٢ چوارچێوەی کارکردنی کاری کۆمەڵایەتی و ئاڕاستە پیشەییەکانی.....٨٩

٢-١ شوناسی پیشەیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا.....٩٠
کریستین سوننبێرگ و فەرەیدون عارف سعید

٢-٢ شوناسی پیشەیی مامۆستایان لە کاری کۆمەڵایەتیدا.....١٠٣
کوێستان علی عبدالله

٢ -٣ ئیتیک و بەهای ئیتیکی لە کاری کۆمەڵایەتی و واتاکەی لە ڕوانگەی کاری کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتیەوە.....١٢٤
کریستین سونینبێرگ و لوقمان صالح کریم سیوەیلی

٢-٤ ئیتیک و یاسا لە کاری کۆمەڵایەتیدا.....١٣٣
علی جعفر خالد

٣ هەموارەکانی پیادەکردنی کاری پیشەیی.....١٤٧

٣-١ راوێژکاریی خێزانیی.....١٤٨
نیان نامق صابر

٣-٢ سەرپەرشتیاریی، بوارێکی پیشەیی نوێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق.....١٦٣
چنور قادری و لوقمان صالح کریم سیوەیلی

٣-٣ هەستیاریی وهوشیاری بۆ زەبری دەروونی لە کاری کۆمەڵایەتیدا.....١٩١
چنور قادری

٣-٤ خاڵی بە یەکگەیشتنی زەبری دەروونی و جێندەر ٢١٩
چنور قادری

٤ بواری پراکتیکی لە کاری کۆمەڵایەتیدا.....٢٣٣

٤-١ جێندەر و توندوتیژیی.....٢٣٤

٤-١-١ زاراوەکانی جێندەر.....٢٣٤
ژیا عباس قادر

٤-١-٢ تیۆرەکانی جێندەرو توندوتیژی.....٢٤٣
نجاة محمد فرج

٤-١-٣ توندوتیژیی جێندەری.....٢٦٣
نیان نامق صابر

٤-٢ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.....٢٧٧
سەمیرە مصطفی خدر

٤-٣ لە زیندان بۆ چاکسازی، سەرنجێک لە ڕەوشی پەرەسەندنی دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا ٢٩٧
لوقمان صالح کریم سیوەیلی و عمر انور کریم

٤-٤ کاری کۆمەڵایەتی لەبواری چاودێریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت.....٣١١
ڕزگار مصطفی غەفور

٤-٥ کۆچ و خۆگونجاندن لە کاری کۆمەڵایەتیدا.....٣٢٧
کوردستان عمر محمد

٤-٦ کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی.....٣٤٦
سورێن ابوبکر عبدالله

٤-٧ ماددە هۆشبەرەکان و شێوازی چارەسازی کەسانی ئالودەبوو لە هەرێمی کوردستاندا.....٣٦٦
لوقمان صالح کریم سیوەیلی و کریسیتن سوننبێرگ و عمر انور کریم

فەرهەنگۆک.....٣٨٦

دەربارەی نووسەران.....٣٩٦

پێشەکی

مێژووی سەرهەڵدانی بەشەکانی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان مێژووییەکی نوێیە. لەزانکۆی سەڵاحەدین لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) وەک بەشێکی سەربەخۆ لە کۆلێجی ئاداب دامەزراوە، کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و زانکۆیەکی ئەوروپی پشتیوانی کرابوو. حەوت ساڵ دواتریش لەساڵی (٢٠١٤) هەمان بەش لەزانکۆی سلێمانی و لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان کرایەوە. ئەم بەشەی زانکۆی سلێمانیش دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە لەگەڵ زانکۆیەکی ئەڵمانی بەناوی زانکۆی (پڕۆتستانت بۆ زانستە کردارییەکان)[١] لەشاری (بۆخوم Bochum) ئەزمونی کار و مەعریفەو لێهاتوییەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. لە چوارچێوەی یاداشتی هەماهەنگی و لەیەک تێگەیشتن و هاوکاری نێوان هەردوو زانکۆ، لە ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٩) چەندین پڕۆژەی کاری هەمەجۆر لە بوارەکانی پەرەپێدانی پڕۆگرامەکان و ڕاهێنانی مەیدانی و دانانی چەند مۆدێوڵێک و گرێدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا لەناوچە ململانێ سیاسیەکاندا لەزانکۆی سلێمانی پێکەوە ئەنجامدران.

ئەم کتێبەی بەردەستتان یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە بە هاوکاری ستافی ئەڵمانی زانکۆی ناوبراو و مامۆستایانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی و بەشێکیش لە مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی بەرهەم هاتووە. لەڕووی ئیتیکیەوە ئەرکمانە بڵێین هاوکاری و هەماهەنگی زانکۆ ئەڵمانیەکە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم بەشەوە بۆ زانکۆی سلێمانی دەرفەتێکی باشیدا بە هەریەک لە مامۆستایان و بەشێک لە خوێندکاران کە سەردانی وڵاتی ئەڵمانیا بکەن و لەنزیکەوە سود لەئەزموونی کارکردنی ئەوان وەربگرن لەبواری کاری کۆمەڵایەتی. لە هەمانکاتدا ستافی زانکۆ ئەڵمانیەکەش سوودیان لە هاوکاری زانستی نێوان هەردوولا وەرگرتووە. هەروەها سەردانی ستافی زانکۆی (ئەپلاید ساینس) بۆ بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی و ئەنجامدانی چەندین ڕاهێنان و ۆرک شۆپ و دێبەیت هێندەی تر بابەتەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند کرد. دەمانەوێت ئەوەش بڵێین کە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکانەوە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و پەیوەندییە ئەکادیمییە

[١] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم زانکۆیە دەکرێت بڕوانیتە ئەم پێگەیەی زانکۆی ناوبراو
https//:www.evh-bochum.de/welcome.html

نێودەوڵەتییەکان و ڕاگرایەتی کۆلێج هاوکارو هەماهەنگ بوون. ئەمە وێڕای ئەوەی کە (ڕێکخراوی داد DAAD)[2]ی ئەڵمانی تێچووی پڕۆژەکەو دەستەبەری مادی خستە ئەستۆی خۆی. لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکی هەردوو زانکۆی ئەپلاید ساینس و زانکۆی سلێمانی، ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی و ڕێکخراوی دادیش پشتیوانێکی باشی ئەم پڕۆژەیە بوون کە بە کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی بەناونیشانی (کاری کۆمەڵایەتی لەناوچە پڕ ململانێ سیاسیەکاندا) کۆتایی هات و ئەم کۆنفرانسە لەلایەن شارەزایانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی چەندین توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەش کران کە توێژینەوە عەرەبی و کوردیەکان لەژمارەیەکی تایبەتی زانکۆی سلێمانی بەچاپ دەگات و توێژینەوە ئینگلیزیەکانیش لە چوارچێوەی کتێبێکدا لە ئەڵمانیا بەچاپ دەگات. ئەمەش وای کرد کە زیاتر کاری کۆمەڵایەتی هەنگاوی نێونەتەوەییانە بگرێتە خۆیی و ئەو ڕیتمە بشکێنێت کە تەنها نێوخۆیی بێت، بێ ئەوەی لەگرنگی کاری کۆمەڵایەتی نێوخۆیی کەم بکرێتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا هەر دوو تیمی زانکۆی ئەڵمانی ناوبراو و تیمی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی نوسینی دوو کتێبیان خستە ئەستۆی خۆیان کە یەکێک لەو کتێبانە بە زمانی ئینگلیزی بوو لە بارەی کاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی بەراوردکاری نێودەوڵەتی. نمونەکان لە بارەی هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئەڵمانیاوەن و کتێبەکە لەسەرەتای ساڵی (٢٠٢١) دا بە چاپ دەگات.[3] هەروەها کتێبی دووەمیان ئەم کتێبەی بەردەستانە کە بە زمانی کوردی و بۆ خوێندکاران نوسراوە[4]و کتێبی سێیەمیش بەناوی کاری کۆمەڵایەتی لە میانەی جەنگ و ململانێکاندا کە لە ئەڵمانیا بەچاپ دەگات.[5] ئەمە وێڕای ئەوەی کە فیلمێکی دۆکیومێنتاریش لەسەر پڕۆژەکە بەرهەم هات.[6]

---

2 German Academic Exchange Service

3 “Social Work at the level of International Comparison– Examples from Iraqi–Kurdistan and Germany”; https://www.springer.com/gp/book/9783658303938

٤ بەسوپاسەوە زانکۆی (پڕۆتستانت بۆ زانستە کردارییەکان) لە شاری (بۆخوم)ی ئەڵمانیا ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

5 “Social Work in Post–War and Political Conflict Areas– Examples from Iraqi–Kurdistan and beyond”; https://www.springer.com/gp/book/9783658320591

٦ فیلمە دۆکیومێنتارییەکە لەلایەن (ئیرنیست مایەر Ernst Meyer) لە دەزگای (سمیداک SMIDAK) لە بەرلین بەرهەم هاتووە. دەکرێت بڕوانیتە ئەم پێگەیەی یوتوب https://www.youtube.com/watch?v=wEkW9v51fps

هەڵبەتە ئەو خوێندکارانەی کە لە بەشەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەخوێنن ئاگاداری ئەوە هەن کە کتێب لە بواری کاری کۆمەڵایەتی بە زمانی دایک ئەوەندەی ئاگادار بن نییە. هەربۆیە ئەو مافە بەخۆمان دەدەین کە ئەم کتێبە وەک یەکەمین کتێبی بواری کاری کۆمەڵایەتی بە زمانی کوردی بخەینە ڕوو. هاو زەمان لەگەڵیشیدا بیرمان لەوە کردەوە کە پێویستە ئەم کتێبە لە چوارچێوەی دەروازەی کاری کۆمەڵایەتیدا وەک مەنهەج بخوێندرێت لە قۆناغی یەکەمی بەشی کاری کۆمەڵایەتیدا و بۆ ئەو مەبەستە ڕێکارە یاساییەکانمان گرتە بەر.

شایەنی باسە بڵێین کە ئەم کتێبە بەرهەمی هەماهەنگی نێوان مامۆستایانی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی (ئەپلایدساینس) ی (شاری بۆخوم) و مامۆستایانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی و بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی و توێژەرانە. بۆ یەکەم جاریشە مامۆستایان زۆربەیان پێکەوە لە پرۆژە کتێبێکدا بەشدارن و هەریەکەیان بەپێی تواناو ئەزموونی کارکردنی ویستویەتی مەڵۆیەک بخاتە سەر خەرمانی زانست و ئیتیک و لێهاتوییەکانی کاری کۆمەڵایەتی. هەر لەبەر ئەمەشە بابەتەکان جیاوازو دیدگاکان هەمەجۆرن. جێی ئاماژە پێکردنە کە بەهۆی تازەیی بواری کاری کۆمەڵایەتی هێشتا زمانێکی یەکگرتویی کوردی بۆ زاراوەکانی کاری کۆمەڵایەتی دروست نەبووە. بەم هۆیەشەوە هەندێک لە چەمک و زاراوەکان جۆرێک لە ناڕوونی پێوەدیارە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتەش فەرهەنگۆکێک لەکۆتایی ئەم کتێبە دانراوە و لەبەرامبەر زاراوە کوردیەکان ئینگلیزیەکەشی ئاماژە پێدراوە. بۆ نموونە بەشێک لەنووسەران دەرچووی بەشی کاری کۆمەڵایەتیان وەک پسپۆڕی کۆمەڵایەتی یان کارمەندی کۆمەڵایەتی ناوزەد کردووە کە ڕەنگە زاراوەی کۆمەڵکار لە بەرامبەر Social Worker گونجاو تر بێت، چونکە پسپۆڕیی بە چوار ساڵ دروست نابێت و زۆر لێهاتویی تری پێویستە تا بە کەسێک بڵێین پسپۆڕی کۆمەڵایەتی. هەروەها هەندێک لە مامۆستایان زاراوەی کلاینت، یان سودمەندیان بەکارهێناوە کە ڕەنگە ئەم زاراوەیە گرفت ئامێز بێت. هەربۆیە لێرەوە پێشنیاری بەکارهێنانی خزمەتخواز دەکەین لە بەرامبەر کلاینت، هەروەکو

چۆن لە بواری دەروونیدا دەوترێت چارەخواز. هەڵبەتە وەک ڕێزگرتنێک لە بوونی سەرنجی جیاواز دەستکاری ئەم چەمکانەمان نەکردووە.[٧]

سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازی هەیە لە ناونیشانی بابەتەکان و ناوەڕۆک و میتۆدی بەکارهاتوو، بەڵام ئەوەی هەموو ئەم جیاوازیانە لەخۆ دەگرێت بریتیە لە گرتنەبەری میتۆدی زانستی و کارکردن لە بوارە جیاوازەکانی کاری کۆمەڵایەتی و پێوەری نیمچە ئەکادیمی. کۆتا جاریش کۆی بابەتەکان خزمەت بە کۆمەڵگەی کوردستانی و بە تایبەتیش توێژی خوێندکاران دەکات. شایانی وتنە کە ئەم کتێبە دەکرێ هەر بەشێکی بە جیاجیاو سەربەخۆ بخوێندرێتەوە یاخود بابەتەکانی بەپێی ویستی خوێنەر پاش و پێش بخرێت و ئەم کارە هیچ ئاڵۆزیەک دروست ناکات. بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بدەینە خوێنەر هەر لەم پێشەکیەدا پوختەیەک لە سەر بابەتەکانی ئەم کتێبە دەخەینە ڕوو.

بابەتەکانی ئەم کتێبە بەشێوەیەکی سەرەکی دابەش بووە بۆ ئەم بەشانە:

دوابەدوای پێشەکی ئەم پەڕتووکە، بەشی یەکەمی تایبەتە بە (دەروازەیەک بۆ کاری کۆمە لایەتی) و بەشی دووەمی تەرخانە بۆ (چوارچێوەی کارکردنی کاری کۆمەڵایەتی و ئاڕاستە پیشەییەکانی). بەشی سێیەمی تایبەت کراوە بەچەند بابەتێک کە خاوەنی گرنگین بۆ (هەمواره‌کانی پیادەکردنی کاری پیشەیی). وەکو ڕاوێژکاریی خێزانیی و سەرپەرشتیاریی و زەبری دەروونی. بەشی چوارەمی تەرخانە بۆ (لایەنی پراکتیکی کاری کۆمەڵایەتی) کە بریتین لە بابەتە جێندەرییەکان و مەسەلەی توندتیژیی، لادان، چاکسازی بەندکراوان، خۆشگوزەرانی، خاوەن پێداویستی تایبەت، مەسەلەی کۆچ و کۆچبەران، کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی و دەرمان و ماددە هۆشبەرەکان. لە کۆتایشدا (فەرهەنگۆکێک) بە هەردو زمانی کوردی- ئینگلیزی و (ژیاننامەی نوسەران) خراوەتە ڕوو. لێرەشدا پوختەیەک لەسەر هەر یەکێک لە بابەتەکانی ناو کتێبەکە پێشکەش دەکرێت.

---

٧ جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسی بەڕێز (جهاد عمر فتاح / خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی) بکەین بەرامبەر ئەرک و ماندووبوونی بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم بابەتەکانی ئەم کتێبە هەر لەڕووی هەڵەچنی و ڕێکخستنەوەی خاڵبەندیی و ڕێکخستنی بابەتەکان بەپێی ناوەرۆک و ئامادەکردنی فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیزی بۆ بەشێک لەو دەستەواژانەی لەم کتێبەدا ئاماژەی پێکراوە.

پوختەکانی بەشی یەکەم سەبارەت بە (دەروازەیەک بۆ کاری کۆمەڵایەتی) بریتین لە:

١-١ کاری کۆمەڵایەتی وەک پیشەیەکی زانستی، ناونیشانی بابەتێکی (ژیا عباس قادر) ە. ناوبراو بابەتەکەی بە پێشەکییەک سەبارەت بە چاودێری کۆمەڵایەتی دە ستپێدەکات. هەروەها باس لەڕۆڵی ئاینەکان و پێشکەوتنی زانستیش دەکات لە شێوەدان بە کاری کۆمەڵایەتی و بەپیشەیی کردنی لە بوارەکانی تاک و گروپ و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا. دواتریش بەشێوەیەکی درێژتر ویستویەتی پێناسێک بۆ کاری کۆمەڵایەتی و ماهیەتی ئەم زانستە بخاتە ڕوو. ناوبراو لە بەشێکی تری باسەکەیدا فەلسەفەی کاری کۆمەڵایەتی وەک چوارچێوەیەک بۆ کارکردنی پیشەیی ڕوون دەکاتەوە، دواتریش ئامانجە گشتی و تایبەتە یەکەمی و دووەمی و سێیەمییەکانی خۆپاراستنی کاری کۆمەڵایەتی و ئامانجە چارەسەریەکانیشی درێژ تر خستۆتە ڕوو. نوسەر لە هەنگاوێکی تری بابەتەکەیدا باسی لە پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی کردووە لە نموونەی قبوڵکردنی و پەیوەندی پیشەیی و نهێنی پارێزی و مافی چارەی خۆنوسین. بەشێکی تری بابەتەکەش تەرخانە بۆ پێکهاتەکانی کاری کۆمەڵایەتی لە نموونەی خزمەتخوازو کۆمەڵکارو و دامەزراوەو یارمەتیدان. دواتر نوسەر لە پاکێجێکدا باسی لە ڕێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی کردووە لەسەر ئاستەکانی تاک و گروپ و کۆمەڵگە. دواتریش باسێکی لە پێکهاتەکانی ئامادەکاری پیشەیی تا دەگاتە ڕاهێنانی مەیدانی دەکات. دوا ویستگەی بابەتەکەی ناوبراو بە چەند پرسیارێکی کراوە بۆ وەڵامدانەوەو دەوڵەمەندتر کردنی بابەتەکە کۆتایی پێدێت.

١-٢ تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی، بەشە کتێبی (ڕزگار مصطفی غفور)ە، کە تیایدا باس لە چەمک و حەقیقەت و گریمانە و پرەنسیپەکان و تیۆرەکان دەکات. ناوبراو سەرەتای بابەتەکەی بە خستنەڕووی پوختەیەک دەست پێدەکات سەبارەت بە کاری کۆمەڵایەتی و ئاڕاستە تیۆرەکانی. توێژەر لەهەنگاوێکی تری توێژینەوەکەیدا کۆمەڵێک پێناسە بۆ تیۆرو ئەو فاکتەرانەش دەخاتەڕوو کە ڕۆڵیان هەبووە لە بونیاتنانی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی، هەروەها ئاماژە بەو پێکداچوونە سودمەندیە دەدات کە دەشێت تیۆرە دەروونناسی و کۆمەڵناسیەکان بەبواری کاری کۆمەڵایەتی بگەیەنن. بەشێکی تری بابەتەکەی

ناوبراو تەرخانە بۆ چۆنیەتی تەوزیفکردنی تیۆرەکان لەکاری کۆمەڵایەتی و گرنگترین ئەو ئامانجانەش کە لە پشتی ئەو تەوزیفکردنەوەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش ناوبراو هەستاوە بە باسکردنی تیۆری شیکاری دەروونی و کەسێتی و تیۆری ڕۆڵ و چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ تاک و چارەسەرکردنی گرفتەکان و خستنەڕووی ڕۆڵی تیۆری وەزیفی و نەسەق و تیۆری ئیدراک و ڕێنمایی دەروونی لە پراکتیزەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا. لە بەشێکی جیاشدا ناوبراو بە شێوەی بەرینتر باس لە قۆناغەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەکات و کۆتایی بابەتەکەشی بە چەند پرسیارێکی کراوە بۆ خوێندکاران هێناوە.

١-٣ میتۆدی توێژینەوەی چەندێتی لە کاری کۆمەڵایەتیدا، یەکێکە لەو بەشە کتێبانەی کە لەلایەن (کوردستان عمر محمد) نوسراوە. بابەتێکە خاوەنی گرنگی تایبەتی خۆیەتی بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێچکەی زانستی و دوورکەوتنەوە لەهەر لادان و لایەنگیریەک. نوسەر سەرەتایەکی لەسەر میتۆدی چەندێتی نوسیوەو دواتریش باسێکی وردی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کردووە لە نموونەکانی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن و ئەزموونکردن. دواتریش باسی کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەو ئەو پێوەرانەش دەکات کە پێویستە ڕەچاوبکرێن لە توێژینەوەی زانستیدا بۆ ئەوەی بتوانرێت گوزارشت لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات. نوسەر لە کۆتایی بابەتەکەشیدا چالاکیەکی بۆ خوێندکاران خستۆتە ڕوو بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە ڕۆبچن و قوڵ ببنەوە.

١-٤ میتۆدی توێژینەوەی چۆنێتی لە کاری کۆمەڵایەتیدا، ناونیشانی بەشە کتێبی (کاروان احمد نورەیی)ە، کە تیایدا توێژەر باس لە گرنگی و بایەخی میتۆدی چۆنیەتی دەکات لە توێژینەوەکانی بواری کاری کۆمەڵایەتیدا، هاوکات پێگەو ڕۆڵی بەرچاوی توێژەریش لەم بابەتەدا دەخاتە ڕوو. هەڵبەتە ئەم میتۆدە کۆمەڵێک شێواز دەگرێتەخۆی کە توێژەر لێرەدا باسیان دەکات، لە نموونەی توێژینەوەی ئەسنۆگرافی و بارودۆخی لێکۆڵینەوەو شێوازی مێژوویی و شیکاری ناوەرۆک. هاوکات توێژەر لەهەنگاوی دواتردا باس لە چاوپێکەوتنی قوڵ و تێبینیکردن بە بەشداری و بێبەشداری و گفتوگۆی فۆکەس گروپ دەکات. لەلایەکی دیش بەشێکی بەرچاوی باسەکە تەرخانە بۆ ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان میتۆدی چۆنییەتی و میتۆدی چەندێتیدا هەن. لە کۆتایشدا ناوبراو

بە مەبەستی گەنگەشەی زیاتر کۆمەڵێک پرسیار بۆ خوێنەران بە کراوەیی بە جێدەهێڵێت و سەرچاوەکانی بابەتەکەی دەخاتەڕوو.

پوختەکانی بەشی دووەم سەبارەت بە (چوارچێوەی کارکردنی کاری کۆمەڵایەتی و ئاڕاستە پیشەییەکانی) بریتین لە:

٢-١ شوناسی پیشەیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا، ناونیشانی بەشە کتێبی (کرستین سۆنینبێرگ و فەرەیدون عارف سعید)ە، نوسەرانی ئەم بابەتە ویستویانە پێناسێکی ئەکادیمی و زانستی بۆ چەمکی شوناسی پیشەیی بکەن لە کاری کۆمەڵایەتیدا لەسەر کۆمەڵێک ئاستی هەمەجۆری زانستی و ئەکادیمی و ڕێکخراوەیی و فێرکاریی. بۆ ئەم مەبەستەش نووسەران ئاوڕێکی مێژوویی دەدەنەوە لە سەرهەڵدانی چەمکی شوناسی پیشەیی و کاریگەری کۆمەڵناسی و دەروونناسی و کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەسەر فۆرمالیزە بوونی چەمکی شوناسی پیشەیی، دواتریش هەردوو نووسەر باس و خەزێک دەخەنە ڕوو سەبارەت بە گرنگی شوناسی پیشەیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا و گرنگترین ئاڵنگارییەکان. کۆتایی بابەتەکەش بە چەند پرسیارێک و سەرچاوەکان بە پایان دەگات.

٢-٢ شوناسی پیشەیی مامۆستایان لە کاری کۆمەڵایەتی، ناونیشانی بابەتێکی (کوێستان علی عبدالله)یە، کە تیایدا شوناسی پیشەیی کۆمەڵکار و ئەو پرەنسیپانەی کە پێویستە مامۆستای کاری کۆمەڵایەتی پەیوەست بێت پێیانەوە ڕوونی دەکاتەوە. دواتریش نوسەر گرنگترین ئەو خاڵانە ڕیزبەند دەکات کە مامۆستا پێویستە وەک شوناسی پیشەیی هەڵگری بێت لە نموونەی ئامانجداری "دڵسۆزی" "ڕاستگۆیی" "ڕوخۆشی" هاوسۆزی و گەلێکی دی لە هەستە پۆزەتیڤەکان و بەشێکی بەرچاوی تایبەتمەندییە پۆزەتیڤە کەسێتییەکانی دی. نوسەر وێڕای خستنەڕووی تایبەتمەندی کەسێتی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەوە نەوەستێت و کورتە باسێکیش سەبارەت بە تایبەتمەندی پیشەیی مامۆستا بکات لە نموونەکانی بەرنامەڕێژی و لێهاتویی و مەعریفەتمەندی زۆرێکی دیش لە لێهاتوییەکانی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن و توانای هەڵسەنگاندن لە بەکارهێنانی زمانی جەستە لە پەیوەندییەکاندا. لەبەشێکی تری بابەتەکەیدا نوسەر باس لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان دەکات.

٢-٣ ئیتیک و بەهای ئیتیکی لەکاری کۆمەڵایەتی و واتاکەی لەڕوانگەی کاری کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتییەوە، ناونیشانی بەشە کتێبی هەردوو (کرستین سۆنێنبێرگ و لوقمان صالح کریم سیوەیلی)یە. دوابەدوای خستنەڕووی پوختەیەک لەسەر بابەتەکە هەردوو نوسەر باس لە گرنگی ئیتیک و بەها ئیتیکیەکان دەکەن لە کاری کۆمەڵایەتی وەک زەمینەیەک بۆ بنکۆڵکردنی ئیتیک و کێشە ئیتیکییەکان لەبواری کاری کۆمەڵایەتیدا. دواتریش لەبەشێکی تری بابەتەکەیان بەناوی پێناسەو چەمکەکاندا باس لە مێژووی سەرهەڵدانی ئیتیک و بەها ئیتیکیەکان دەکەن لە هەناوی ئاینەکاندا. دواجاریش پێناسی ئیتیکی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن بەوەی کە بریتیە لە جۆرێکی تایبەتی باوەڕ کە گوزارشت لە ئاکتە بەهادارەکان دەکەن لە کاری کۆمەڵایەتیدا. جێگەی سەرنجە نوسەران باس لە فیدراسۆنی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن لە کیشوەرەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ناوچەی زەریای هێمن، ئەمریکای لاتینی و ناوچەی کاریبی هەروەها ئەوروپاو ئەمریکای باکور، لە نێویشیاندا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە ئەندامن تیایدا. دواتر بەشێکیان تەرخانکردووە بۆ ئیتیک لە کاری کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی و مشتومڕی نێوان بابەتە ئیتیکیەکان و جیهانگەرایی، کۆتایی بابەتەکەشیان بە چەند پرسیارێکی کراوە کۆتایی پێ دێت.

٢-٤ ئیتیک و یاسا لە کاری کۆمەڵایەتیدا، بابەتێکی (علی جعفر خالد)ە، ئەم بابەتە دوو ڕەهەندی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە ئەوانیش بریتین لە ئیتیک لەگەڵ یاسا لە کاری کۆمەڵایەتیداو ئامانج لەهەریەک لەم دووانە دەخاتەڕوو وە ئەو سنورانەش کە ئەم دوو بابەتە بەیەکەوە دەبەستێت یاخود لێکیان جیا دەکاتەوە. نوسەر لە بەشێکی تری بابەتەکەیدا باس لە ڕۆڵی ئیتیک و یاسا دەکات هەروەها باسی ڕەهەندی سێیەمی کاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەگەر ڕەهەندی یەکەمی کاری کۆمەڵایەتی زانست و ڕەهەندی دووەمی کارامەیی بێت، ئەوا بێگومان ئیتیک و یاساش دەبنە ڕەهەندی سێیەمی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی. لەسەر ئاستی ڕەهەندی ئیتیک و یاسا نوسەری ئەم بابەتە کۆمەڵێک یاساو ڕێساو ئیتیکی کاری پیشەیی دەخاتەڕوو کە دەشێت بۆ خوێندکاران سودی هەبێت. لە نموونەی یاساکانی نەبەکامەکان و چاودێری نەوجەوانان و یاسای باری کەسی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی.

لە بواری ئیتیکیشدا نوسەر دووبارە کۆمەڵێک بنەمای پیشەیی شی دەکاتەوە لە نموونەی پەسەندکردن و نهێنی پارێزی و خودبڕیاردان و یارمەتی خۆدان و بابەتیی بوون. دواتر ناوبراو بە دورودرێژی پەیڕەو پڕۆگرامی کۆمەڵەی نەتەوەیی کۆمەڵکاران پێ دەناسێنێ. لە کۆتاییشدا چەند پرسیارێک دەخاتە ڕوو بەمەبەستی بەدواداچوونی زیاتر لەلایەن خوێنەرەوە.

جێگەی سەرنجە هەندێک بابەت هەن کە تایبەت بە بواری پراکتیکی کاری کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی دەسوەردانی پۆزەتیڤانەی کۆمەڵکار بۆ مامەڵەکردن لە تەک حاڵەتەکاندا . نمونەی ئەو بابەتانەش بریتین لە ڕاویژکاریی خێزانیی و سەرپەرشتیاریی و هەستیاریی زەبری دەروونی. هەربۆیە بەشی سێیەم تەرخانکراوە بۆ چەند بابەتێک کە گرنگی خۆیان هەیە بۆ (هەموارەکانی پیادەکردنی کاری پیشەیی) کە ئەمانەن:

٣-١ ڕاوێژکاریی خێزانیی، بابەتێکی بەشە کتێبی (نیان نامق صابر)، نوسەری ئەم بابەتە باس لە ڕەوشی گەشەسەندنی ڕاوێژکاری خێزانیی دەکات لە هەرێمی کوردستان و بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانیدا. نوسەر لەسەرەتادا کورتە باسێک سەبارەت بە خێزان و تایبەتمەندی کێشە خێزانیەکان دەخاتە ڕوو، پاشان دێتە سەر باسکردنی گرنگی و ئامانج و بنەماو جۆرەکانی ڕاوێژکاری خێزانیی. دواتریش وردتر باس لە سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانیی لە هەریەک لە وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ دەکات، کە وەک پێشگیریی بۆ کەمکردنەوەی کێشە خێزانییەکان دامەزراون و لە ئێستادا کەم تا زۆر ڕۆڵیان هەیە، هەروەها هەندێک لەم سەنتەرانە خولی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دەکەنەوە کە دەیانەوێت بچنە ژیانی هاوسەرییەوە. نوسەر بابەتەکەشی بە چەند پرسیارێکی کراوە بۆ خوێندکاران کۆتایی پێ دەهێنێت کە دەشێت خوێندکاران لە ماوەی خوێندنەکەیاندا بە دواداچوونی زیاتری بۆ بکەن و تیایداقوڵ ببنەوە .

٣-٢ سەرپەرشتیاریی – بوارێکی پیشەیی نوێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ناونیشانی بابەتێکە کە هەریەکە لە (چنور قادری و لوقمان صالح کریم سیوەیلی) نوسەرین. ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر سەرهەڵدانی بوارێکی نوێ لە کوردستان لە ژێر ناونیشانی سەرپەرشتیاریی Supervision . ئەم نوسراوە هاوبەشە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئەڵمانیای بە نموونە وەرگرتووە، لەم بوارە نوێیەدا

هەریەک لە (زانیاری و ئەزموون و کارامەیی و ئیتیکی کارکردن) تێکهەڵکێشی یەکتری کراون بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆنتێکستی کۆمەڵگەی کوردستانیدا هەروەها لەناو ڕێکخراوەکانیشدا کاری خۆیان بکەن. سەرەتای بابەتەکەیان بە پێشەکیەک لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی پیشەی سەرپەرشتیاریی دەست پێدەکەن، دواتریش ڕیشەی زمانەوانی پێ ناسەی سەرپەرشتیاریی شیدەکەنەوە، لە هەنگاوەکانی دواتریشدا گرنگترین شێوازەکانی سەرپەرشتیاریی دەخەنە ڕوو. ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخە بەوردی چەمکەکانی سەرپەرشتیاریی و ئامادەکاری و ڕاهێنان لە یەکدی جیا دەکەنەوە، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان و لە بەکارهێنانی ئەم چەمکانەدا جۆرێک لە تێکەڵی بەدی دەکرێت. لە پاڵ خستنەڕووی خاڵە پۆزەتیڤەکانی سەرهەڵدانی پیشەی سەرپەرشتیاریی هەردوو توێژەر گرنگترین ئەو ئاڵنگاریانەشیان ئاشکراکردوە کە دەشێ وەک ڕێگر بێنە بەرچاو و کاریگەری ئەم پرۆسەیە کەمتر بکەنەوە. کۆتایی بابەتەکەش تەرخانە بۆ چەند نمونەیەکی کرداری کە دەشێ لە سەرپەرشتیاریی سودیان لێ وەربگیرێت.

٣-٣ هەستیاریی وهوشیاری بۆ زەبری دەروونی لە کاری کۆمەڵایەتیدا، بابەتێکی (چنور قادری) یە، کە تیایدا گرنگترین چەمکەکانی زەبری دەروونی، توشبوون بە تراوما، تەنگژەی دەروونی پاش زەبر، کاری کۆمەڵایەتی و شێوازی پەرەسەندنی زەبری دەروونی لە ڕووی تەندروستی و دەروونییەوە خراوەتە ڕوو، هەروەها باس لە ڕووداو و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە خەڵک و ئەو کەسانەی ئەزموونی ڕووداوێکی ناخۆش و زەبراویان کردووە لەگەڵ بارودۆخە ژینگەییەکان کراوە. ناوبراو لە سەرەتادا بە ڕوونکردنەوەی گرنگی ئەم بابەتە لە دەروونناسی و کاری کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیدا دەستپێدەکات، بە تایبەت لە ناوچە کارەساتبارەکانی جەنگدا. هەروەها باسی فشارو نیشانەکانی توشبوونی تەنگژەی دەروونی پاش زەبربۆ کەسانی دووچاربوو دەکات. نوسەر کۆتایی بابەتەکەشی بە ئەنجامگیریەک هێناوە کە تیایدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرکەوتنی زەبری دەروونی ناکرێت تەنها وەک زانستی نەخۆشیزانی سەیر بکرێت بە جیا لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی سیاسی. هەستیاریی وهوشیاری بۆ زەبری دەروونی بابەتێکی بنچینەییە بۆ هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە کاری کۆمەڵایەتیدا .

هەڵبەتە بە سیاسی کردنی تراوما بابەتێکی دی بە دوای خۆیدا دەهێنێت بە ناوی خاڵی بە یەکگەیشتنی تراوماو جێندەر. ئەم ناونیشانە بابەتێکی گرنگ بۆ کاری کۆمەڵایەتیە، هەر لەبەر ئەمەشە دواتر لەم پەڕتوکەدا بەشێکی تایبەت بە جێندەر تەرخان کراوە.

٣-٤ خاڵی یەکتربڕنی زەبری دەروونی و جێندەر، لەم بەشەدا (چنور قادری) ئاوڕێکی مێژوویی لە پەیوەندی نێوان جینۆساید و جێندەرساید لە کوردستاندا لەسەربنەمای ئەو جەنگانەی کە دەرگیری کوردستان بوون دە داتەوە. لەهەندێک لەم جەنگ و ململانێیانەشدا کچان و ژنان وەک کەرەسەی جەنگ بەکارهاتوون. دواتریش نوسەر لە بەشێکی تری بابەتەکەیدا باس لە پەیوەندی نێوان زەبری دەروونی و جۆری کۆمەڵایەتی دەکات، کە دەشێت لە ژیان و کارو چالاکی ڕۆژانەماندا دەربکەون، هەروەکو شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە نێر بوون و مێ بوون و پیاوەتی و مێیتیەوە. دواتریش نوسەر دێتە سەر باسی پەیوەندی تراوما و تەنگژەکانی پاش زەبری دەروونی و دەیبەستێتەوە بە دەرئەنجامە پزیشکییە کلینیکیەکانەوە و باس لەوە دەکات کە ئافرەتان زیاتر ئەگەری توشبونیان بە PTSD واتە (شڵەژانی دەروونی پاش زەبر) هەیە. جگەلەوەش بەشێکی بابەتەکەی تەرخان دەکات بۆ مەسەلەی زەبری دەروونی لە گۆشەنیگای هۆشیاری جێندەرییەوە ، هەروەها باس لە سیاسەتی جەستە دەکات و جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە کە جەستە لە ناوەڕۆکی پلەبەندی سیاسیدایە وەک هێمایەکی پلە و دەسەڵاتە. شایەنی ئاماژەیە نوسەر کۆتا بەشی بابەتەکەشی تەرخان کردووە بۆ جێبەجێکردنەکانی هوشیاری جێندەری و زەبری دەروونی لە کارداو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەکیدا، دواتریش بە چەند پرسیارێک کۆتایی بە بابەتەکەی هێناوە.

بابەتەکانی بەشی چوارەمیش بریتین لە (لایەنی پراکتیکی کاری کۆمەڵایەتی) کە پێکهاتوون لە بابەتە جێندەرییەکان و مەسەلەی توندوتیژی و لادان و چاکسازی بەندکراوان و خۆشگوزەرانی و خاوەن پێداویستی تایبەت و مەسەلەی کۆچ و کۆچبەران و کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی و دەرمان و ماددە هۆشبەرەکان:

٤-١-١ چەمک و زاراوە بنچینەییەکانی جێندەر، یەک لە بەشە کتێبی (ژیا عباس قادر)ە، نوسەر سەرەتای بابەتەکەی بە سەربوردێکی مێژوویی سەبارەت بە

کۆمەڵناسی ژن و جێندەر خستوەتەڕوو وە باسی لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕیشە مێژووییەکانی ئەم زاراوانە کردووە. دواتریش بە شێوەیەکی قوڵتر لە ڕەهەندێکی کۆمەڵناسییەوە لەسەر چەمکەکانی ڕەگەزو جێندەرو جیاوازی و دابەشکاریەکانی نێوانیان دەدوێت. هاوکات پێناسەیەکی وردی هەریەک لە شوناسی جێندەریی و مەیلی ڕەگەزیی و پێگەی جێندەریی و کەسێتیی و ئایدۆیۆلۆژیای جێندەریی دەکات کە لە ئێستادا بۆ کۆمەڵگەی کوردی بوونی ئەم پێناسانە وەک پێویستیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی دێتە ئەژمار. توێژەر لێرەدا خستنەڕووی پێناسەکانی ڕاناگرێت بەڵکو باس لەو چەمکانەش دەکات کە کەم تا زۆر هەستیارن لە نموونەی هاوڕەگەزخوازی هەریەک لە نێرو مێ و جوترەگەزەکان و ڕەگەزگۆڕەکان و ... هتد، لە هەندێک لە بابەتەکانیشی ئاماژە بۆ هەستیاری جێندەریی دەکات، لە کۆتاییشدا نوسەر بە چەند پرسیارێکی کراوە بابەتەکەی دەوڵەمەند کردووە.

٤-١-٢ تیۆرەکانی جێندەر، ناونیشانی بەشە کتێبی (نجاة محمد فرج)ە، کە تیایدا گرنگترین چەمکە جێندەرییەکان دەخاتەڕوو، لەماناو مەدلولەکانی جیاوازی جێندەری و تیۆرەکانی جێندەرو ڕۆڵە جێندەرییەکان دەکۆڵێتەوە کە بوونەتە بابەتی سەرەکی باسکردن و شیکردنەوەی کۆمەڵناسان لەسەر بنەمای تیۆری جیاوازی سروشتی و ئاڕاستەی پێگەیاندن و بونیادی کۆمەڵایەتی. یەکێکی تر لەو تەوەرانەی کە نوسەر ویستویەتی باسیان لێوە بکات بریتیە لە تیۆرەکانی شیکاری توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی. هاوکات نوسەر بەمە ناوەستێت و کورتە باسێکیش لە سەرهەڵدانی خەباتی بزوتنەوەی ژنان بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی یەکسانی جێندەری دەکات و لەهەمان کاتدا بیریشی ناچێت کە باس لە تێڕوانینی ئاینی بۆ جێندەر بخاتەڕوو. جێگەی سەرنجە نوسەر لە گەشتێکی تری توێژینەوەکەیدا باس لە مێژووی سەرهەڵدانی سەنتەری جێندەر لە زانکۆی سلێمانی دەکات و بابەتەکەش بە دەرئەنجامێک و چەند پرسیارێک بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت زیاتر لەم بوارەدا قاڵ ببنەوە کۆتایی پێ دێت.

٤-١-٣ توندوتیژی جێندەریی، بەشە کتێبی (نیان نامق صابر)ە، ناوبراو سەرەتای بابەتەکەی بە پێشەکییەک سەبارەت بە توندوتیژی دەستپێدەکات. لە قۆناغی

دواتریش باس لە جۆرەکانی توندوتیژی دەکات. ناوبراو لەم بابەتەیدا باس لە بابەتێکی هەنوکەیی گرنگ دەکات کە بریتییە لە توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، هاوکات لەگەڵ خستنەڕووی گرنگترین جۆرەکانی توندتیژی لەسەر بنەمای جێندەریی لە نموونەی توندوتیژیی دەستدرێژی سێکسی، بەشودانی پێشوەختە، بەزۆر بەشودان و خەتەنەی مێینە. بەشێکی باسەکەشی تەرخانکراوە بۆ ئەو فاکتەرانەی کە لە پشتی درێژەدان بە توندتیژی و هەروەها ئەو جێکەوتە جەستەیی، دەروونی، ئابووری، خێزانی و کۆمەڵایەتیانەش کە لە توندتیژیی دەکەوێتەوە دەخاتەڕوو. نوسەری ئەم بابەتە بەوە ناوەستێت بەڵکو دەیەوێت مەسەلەی توندوتیژی جێندەریی پەیوەست بکاتەوە بە دۆخەکانی جەنگ و نائارامی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. کۆتایی بابەتەکەشی تەرخان کردوە بە گرتنەبەری میکانیزمەکانی کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و دواتر چەند پرسیارێک دەخاتەڕوو بەمەبەستی زیاتر قوڵبوونەوەی خوێنەر لە بابەتەکە .

٤-٢ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، ناونیشانی بەشە کتێبی (سەمیرە مصطفی خدر)ە، ئەم باسە لە سەردەمی ئێستادا بەتایبەت لە وڵاتە گەشەسەندووەکان خاوەنی گرنگی تایبەتی خۆیەتی. هەربۆیە توێژەر زیاتر لە بابەتەکەیدا قوڵدەبێتەوە و جۆرەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە ئابووری جیادەکاتەوە و درێژەی زیاتری پێدەدات، وە باس لە توخمە بنچینەییەکانی دەوڵەتی ڕەفا دەکات لە نموونەی بەرقەراربوونی ئاسایش، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، خزمەتگوزاری پەروەردەو فێرکردن، تەرفیهی و پزیشکی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی. نوسەر دەیەوێت بڵێت کە لێرەوە کارێکی ئاسان نابێت کە باس لە کۆمەڵگەی خۆشنود بکەین بەبێ فەراهەم هێنانی ئەم ڕەگەزە بنچینەییانە، کە پێکەوە گرنگی خۆیان هەیە. جێگەی سەرنجە نوسەر زیاتر پێ لەسەر دەستەبەری کۆمەڵایەتی دادەگرێت بەوەی کە هاوڵاتیان بیمە کرابن و خەمی دابینکردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان نەبێت. لە کۆتاییشدا چەند پرسیارێک دەخاتەڕوو بەمەبەستی قوڵبوونەوەی زیاتر لە بابەتەکەدا.

٤-٣ لە زیندان بۆ چاکسازی، بابەتێکی هاوبەشی هەر یەک لە (لوقمان صالح کریم سیوەیلی) و توێژەری کۆمەڵایەتی فەرمانگەی چاکسازی

(عمر انور کریم)ه، کەتیایدا تیشکیان خستۆتە سەر مێژووی سەرهەڵدانی دامەزراوە چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا. هاوکات لە گەڵیشیدا باسیان لەڕەوشی پەرەسەندنی مێژوویی سزاکان لە ئاسمانەوە بەرەو زەمین و دواتریش بەرە و چاکسازیی کردوە، لەمانەش گرنگتر خستنەڕووی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵکارانە لە فەرمانگەی چاکسازیدا لە نموونەی بینین و پێشوازی و هەڵسەنگاندنی لایەنی تەندروستی و دەروونی و دانشیتن و گوێگرتن لە زیندانیان و سەرپەرشتیکردنی چالاکی پەروەردەیی و تەرفیهی و ڕۆشنبیری لەناو دامەزراوەکە. هاوکات ڕۆڵی توێژەر لە دەرەوەی فەرمانگەی چاکسازیش دەخەنەڕوو. جێگەی سەرنجە بەهۆی کەمی سەرچاوەوە ئەم بابەتە زیاتر پشتی بە کاری مەیدانی هەردوو نوسەر بەستووە. لە کۆتاییشدا بە مەبەستی بە دواداچوونی زیاتر کۆمەڵێک پرسیاری کراوە بۆ خوێندکاران خراونەتە ڕوو.

٤-٤ کاری کۆمەڵایەتی لەبواری چاودێریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت، ناونیشانی بەشەکتێبی (ڕزگار مصطفی غفور)ه. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە باس لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات، کە ئەمانیش بە بەراورد بە وڵاتانی دی ژمارەیەکی کەم نین لە هەرێمی کوردستان. بەهۆی جەنگە یەک لە دوای یەکەکان و کارەساتە سیاسیەکانەوە ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بوونە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کاری کۆمەڵایەتیش لەم بوارەدا بایەخی تایبەتی بەم کەسانە داوەو لە پڕۆگرام و مۆدیولەکانی خۆیدا بابەتی تایبەتی بۆ تەرخان کردوون. پێناسەکردن و پۆلێنکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، گرنگترین کێشەی دەروونی خێزانی، کۆمەڵایەتی، پیشەیی، فێربوون و دونیا بینی تاکی کورد بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و ڕۆڵی کۆمەڵگە لە چاودێریکردنی ئەم توێژە دەبێتە تەوەری سەرەکی بابەتەکەی ناوبراو.

٤-٥ کۆچ و خۆگونجاندن لە کاری کۆمەڵایەتیدا، ناونیشانی بەشە کێبی (کوردستان عمر محمد)ه. بابەتێک کە بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانی خاوەنی گرنگی تایبەتی خۆیەتی بەهۆی ئەوەی لەم هەرێمی کوردستانەدا تاکو ئێستا کۆچ بەردەوامە بەرەو وڵاتانی تاراوگە و بەشێکی زۆری خەونی گەنجی کوردی پێکهێناوە. بێ دادی و گەندەڵی و نەبوونی دەرفەتی کارکردنیش بوونەتە فاکتەری

یاریدەدەر بۆ ئەم بابەتە. ناوبراو لە بابەتەکەیدا باس لە مێژووی کۆچ و کۆچبەری، کلتورو وەرگرتن و فاکتەرە جیاوازەکانی کۆچکردن دەکات، بە تایبەت مەسەلەی جەنگ و کاولکاری و مێژووی سیاسی هەرێمی کوردستان کە یارمەتیدەر بوون بۆ کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لەگەنجان بەرەو هەندەران. بەشێک لەو گەنجانە بە پڕۆسەی خۆگونجاندنی ئەو وڵاتانەی بۆی چوون تێپەڕبوون، هاوکات بەشێکیشیان نەیانتوانیوە بچنە ناو ئەو پڕۆسەیەوەو ناچار بەرەو هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە. لەلایەکی دیش شێوازەکانی خۆگونجاندنی کۆچبەران لەڕووی دەروونی، هەڵچوونی کۆمەڵایەتی و ئەو ئاڵنگاریانەش کە ڕووبەڕوو دەبنەوە باس دەکات. دواجاریش هەندێک چالاکی ئاڕاستەی خوێندکاران دەکات.

٤-٦ کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی، بەشەکتێبی (سورێن ابوبکر عبدالله)یە. نوسەری ئەم بابەتە لەسەرەتادا باس لە مێژووی گەشەو بەرەوپێشچوونی کاری کۆمەڵایەتی و دامەزراوە پیشەییەکان و کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی لە هەریەک لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا دەکات. دواتریش چەمک و زاراوە پەیوەندیدارەکانی شیدەکاتەوە. هەروەها لە تەوەرێکی تری باسەکەیدا ژینگەی خوێندنگەیی و تایبەتەمەندیە پێویستەکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەکاندا لە نموونەی تایبەتەمەندییەکانی جەستەیی، عەقڵی، دەروونی و کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو. لەکۆتایشدا بە ڕوونی باس لە چۆنییەتی کاری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەکاندا دەکات، بە تایبەت ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە خوێندکارانەوە لە نموونەی لادانی ڕەفتاری، دواکەوتن لە خوێندن، ژیریی و خۆگونجاندنی خوێندکار. هەروەها پڕۆسەیەکی چارەسازیش بۆ کێشەکان دەخاتەڕوو. هەڵبەتە ئەم بابەتەی نوسەر دەکرێت خوێندکاران سودی زۆری لێ وەربگرن بۆ وانەی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی کە بەشێکی سەرەکی کاری مەیدانی خوێندکاران لە خۆدەگرێت. لە کۆتایی بابەتەکەشیدا نموونەی فۆرمێکی زانیاری خوێندنگەیی پێشنیار دەکات کە دەکرێت بۆ ئەم وانەیە سودی لێ وەربگیرێت و چەند پرسیارێکیشی وروژاندووە.

٤-٧ ماددە هۆشبەرەکان و شێوازی چارەسازی کەسانی ئالودەبوو لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم بابەتە نوسینێکی هاوبەشی هەریەک لە (لوقمان صالح کریم سیوەیلی

و کرستین سۆنێنبێرگ و توێژەری کۆمەڵایەتی عمر انور کریم)ە، کە تیایدا تیشک خراوەتە سەر ناسینی مادده هۆشبەرەکان و ئەو هەنگاوانەی کە ئەگەرەکانی ئالوودەبوون زیاد دەکەن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی سۆراخێکی مێژوویی کراوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو هۆکارانەش لە پشت بەردەوامی دانن بە بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لەگەڵ خستنەڕووی گرنگترین تیۆرەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. دواتریش باس لە قۆناغەکانی چارەسەرکاری و چۆنیەتی وازهێنان لە مادده هۆشبەرەکان خراوەتەڕوو، بۆ نموونە ڕێگری و وەرگرتنی چارەسەری تایبەتمەندانە. لە کۆتایی بابەتەکەشدا نمونەیەکی ڕێکخراوی وچان بۆ چارەسەرکاری کەسانی ئالوودەبوو لە فەرمانگەی چاکسازی خراوەتەڕوو لەگەڵ چەند پرسیارێکی کراوە بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر.

دەکرێت بڵێین هەروەک لە پوختەی بابەتەکانەوە دەردەکەوێت کە نوسینی ئەم کتێبە بەرهەمی بابەتێکی پێکەوەییە و هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی هان بدرێن لە سەر خوێندەوەی دەروازەو سەرەتاکانی کاری کۆمەڵایەتی.

لە کۆتاییدا نامانەوێت زیاتر لەسەر بابەتەکان بدوێین و ئەم کارە بۆ خوێنەر و خوێندکار جێدەهێڵین، بە هیوای دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە ڕێز لە پیشەی کۆمەڵکارو توێژەران بگرێت لەسەر بنەمایەکی زانستی کێشەو ئاریشەکانی بخاتە ڕوو وە چارەسەریان بکات.

چنور قادری و لوقمان صالح کریم سیوەیلی

لە جیاتی ئامادەکاران

١. پێشەکییەکی سەرەتا بۆ کاری کۆمەڵایەتی

١-١ کاری کۆمەڵایەتی وەك پیشەیەکی زانستیی

ژیا عباس قادر

پوختە:

کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی زانستیی پراکتیزەکراوە. زانستییە بەو پێیەی تیۆری تایبەت بەخۆی هەیە کە لەکایە زانستییەکاندا دەخوێندرێت. پراکتزیکراوە بەو پێیەی لەدوای وەرگرتنی زانستەکە لەنێو کۆمەڵگەدا وەک پیشە لەپێناو تاک و گروپ و کۆمەڵگەدا جێبەجێ دەکرێت. هەرچەندە کاری کۆمەڵایەتی وەک پیشەیەکی پراکتیزەکراو مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام وەک زانستێک دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم. ئەو فەلسەفەی لە پشت پیشەی کاری کۆمەڵایەتییەوەیە ئەوەیە کە مرۆڤ کاریگەریی خودیی و ژینگەیی لەسەرە کە هەردووکیان بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕووبەڕووی تاک دەبنەوە کە لەهەندێ حاڵەتدا گرفتی بۆ دروست دەکات و کاری کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە. لەم روانگەوە ئامانج لە پیشەی کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە خۆپاراستن و چارەسەرکردن و گەشەپێدانی تاک و گروپ و کۆمەڵگە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیشەی کاری کۆمەڵایەتی کار دەکات بەپێی پرنسیپەکانی پیشەیی بوون، قبوڵکردنی خاوەن پێداویستی، پارێزگاریکردنی لە نهێنییەکانی، پێدانی ئازادی لە بریاردان. هەر پیشەیەک بۆ جێبەجێکردنی پێویستی بەچەند کۆڵەکە یاخود پێکهاتە هەیە، پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لەسەر کۆڵەکەکانی کەسی سوودمەند، پسپۆری کۆمەڵایەتی، بوونی دامەزراوە، پرۆسەی یارمەتیدان راوەستاوە. ئەمەش لە پێناو خزمەتکردن بە تاک و گروپ و کۆمەڵگە. بۆ فەراهەمکردنی پراکتیزەکردنێکی زانستیانە بۆ ئەم پیشیە پێویستە ئامادەباشی، خوێندن، کاری مەیدانی، لێهاتوویی، بنچینەی زانستی، و دانپیادانان بەم پیشەیە لەلایەن کۆمەڵگەوە بەهەند وەربگیرێت.

زاراوە سەرەکییەکان: کاری کۆمەڵایەتی، پسپۆری کۆمەڵایەتی، سوودمەند، دامەزراوە، کۆمەڵگە

پێشەکی:

چاودێری کۆمەڵایەتی زۆر کۆنە و و سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەوی وەک دەرئەنجامێک بۆ پێداویستیە سروشتیەکانی مرۆڤ و کێشە جۆراوجۆرەکانی. پاشان بەدەرکەوتنی شارستانیەتیەکانی وەک (وادی ڕافدەین، دۆڵی نیل، شارستانیەتی ئیغریقی و ڕۆمانی) چاودێری کۆمەڵایەتی پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و چەندین شێوازی جۆراوجۆری وەرگرت، وەک پێشکەشکردنی یارمەتی گشتی لە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەژاران و کەم دەرامەتەکان. گرنگیدان بە خێزان و منداڵ و هەرزەکار و گەنج و پیر و پەککەوتە و کرێکار و جەنگاوەر و منالانی بێ سەرپەرشت، و بێوەژن، هەروەها گرنگیدان بە خوێندن و تەندروستی ...هتد، واتە بەگشتی هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە. بەڵام دەرکەوتنی ئەم خزمەتگوزاریانەی کاری کۆمەڵایەتی هەروا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆوە نەبوو بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو لەوانە: هۆکاری (سروشتیی، ئابوریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، کارگێڕیی، تەشریعیی، دینیی، مرۆیی ،....هتد).

پاشان بەهاتنی ئاینە ئاسمانیەکان پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزاریانە گۆڕانکاری بەسەردا هات و زیاتر مۆرکێکی ئاینی وەرگرت و ئامانجی سەرەکی لە پێشکەشکردنی بریتی بوو لە بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودا و ژیانی کۆتایی.

بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکان و زیادبوونی پێداویستی و کێشەکان، چاودێری کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هات ئەمەش بوو بەسەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی کە لە باوەشی چاودێری کۆمەڵایەتیەوە سەریهەڵدا و گەشەی سەند کۆمەڵێک فاکتەر هەبوون بۆ دەرکەوتنی لەوانە: شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشەکانی فەرەنسا دژی سیستەمی سەرمایەداری کە سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی چەندین بزوتنەوەی چاکسازی، لەناوچونی دەرەبەگایەتی، جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، گەشەسەندنی شارنشینی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان کە بیگومان جەنگەکان و شوێنەوارەکانی ئەبێتە هۆی کاولبونی کۆمەڵگە و بێلانەبوونی ژمارەیەکی زۆر خەڵک و ئاوارەبوونیان

و بـڵاوبـوونـەوەی برسێتی و بێکاری و هــەژاری و زیـادبـوونـی ژمـارەی کەمئەندامان و منداڵانی بێ دایک و باوک، مردنی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و بێوەژن بوونی ژنان. ئەمە جگە لەو شوێنەوارە دەروونیە درێژخایەنانەی کە ئەم جەنگانە بە جێی دەهێڵێن. لێرەوە دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی بوو بەبابەتێکی گرنگ و پێویست.

لەهەمانکاتدا پێشکەوتنی زانستییش ڕۆڵی هەبوو لەم دەرکەوتنەدا. چەندین تیۆری زانستی ڕۆڵی باڵایان گێڕا لە دەرکەوتنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لەوانە تیۆرەکانی (داروین و ئەو ڕەخنانەی لێیگیرا) تیۆری (ماڵتس بەتایبەت ئەوەی کە باس لە ناهاوسەنگی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەبەراورد لەگەڵ سەرچاوە سروشتی و مادیەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات)، تیۆرەکانی (فرۆید لە بواری کەسێتی مرۆڤ) و (جۆن دیوی لەسەر گرنگی ڕۆڵی کۆمەڵە بچوکەکان لەژیانی تاکدا)، ..... هتد. هەروەها ئەو پەرتوکانەی نوسرا بەتایبەت لەسەر چاکسازی لەزیندان و بارودۆخی کرێکاران لەفەرەنسا و بارودۆخی هەژاران لە بەریتانیا. دەرکەوتنی چەندین یاسا و ڕێسا و بزوتنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان بەتایبەتی هەژاری وەک؛ (جمعیات تنظیم الاحسان) و (حرکة المحلات الاجتماعیة) لە بەریتانیا و دواتر گوێزرایەوە بۆ وڵاتانی تری ئەوروپا و پاشانیش بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لە هەوڵە واقعیەکان کە لەم ڕووەوە درا، کردنەوەی خوێندنگە بوو بۆ خوێندنی کاری کۆمەڵایەتی و هەوڵەکانی (ماری ڕیتشمۆند) لە (١٩١٠) کە بۆ یەکەمین جار بابەتی (خزمەتگەیاندن بەتاک) لە خوێندنگەکانی کاری کۆمەڵایەتی لەئەمریکا داهێنا، کە لە بابەتەکانیان پشتیان بە (کۆمەڵناسی و ئەزمونی ژیانی کارکردنیان لەم بوارەدا) بەستبوو. پاشان لە (١٩١٧) بۆ یەکەمین جار پەرتوکێک بەناوی (هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی – التشخیص الاجتماعی) لەلایەن (ماری ڕیتشمۆند) بڵاوکرایەوە کە تیایدا جەخت لەسەر (٣) خاڵ کرابوو ئەوانیش؛ (دیراسەکردنی کەیس: کە بەواتای کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەسەر کەیسەکە دێت، هەروەها گرنگی پەیوەندی پیشەیی نێوان پسپۆری کۆمەڵایەتی و سوودمەند، گرنگی ڕۆڵی پسپۆری کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبردنی کەیس). ئەم هەوڵانەی (ڕیتشمۆند) کاریگەری هەبوو لە دەرکەوتنی ڕێگای خزمەتگەیاندن بە تاک .

لە کۆنفرانسی چاودێری کۆمەڵایەتی لە (١٩٣١) باس لەڕێگای دووەمی کاری کۆمەڵایەتی کرا کە ئەویش (خزمەتگەیاندن بەگروپ) بوو. بەڵام لە (١٩٣٣) بەفەرمی دانیپێدانرا و ئەم ڕێگایە زیادکرا بۆ کاری کۆمەڵایەتی و لە (١٩٣٦) بەتەواوەتی دەرکەوت. لە (١٩٤٦) ڕێگای سێیەمی کاری کۆمەڵایەتی هاتە کایەوە، ئەویش (خزمەتگەیاندن بەکۆمەڵگە) بوو. (فهمی، ٢٠٠٧: ل١٥-٢٤)

کاری کۆمەڵایەتی چیە؟

بێگومان دیاری کردنی پێناسەیەک بۆ کاری کۆمەڵایەتی ئاسان نیە، چونکە وەک هەموو چەمکە کۆمەڵایەتیەکانی تر تێکەڵ دەبێت لەگەڵ زۆر بواری دیکە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر پێناسەکردنی ئەم چەمکە دەگۆڕێت بە گوێرەی کات و شوێن و تێڕوانینی ئەو کەسەی پێناسەکەی بۆ دەکات.

ئەگەر تەماشای مێژووی سەرهەڵدانی کاری کۆمەڵایەتی بکەین دەبینین بەگوێرەی ئەو قۆناغە مێژوویانەی کە ئەم زانستە پیایدا تێپەڕیووە گۆڕانکاری بەسەر پێناسەکەیدا هاتووە. بۆ نمونە: لەسەرەتای دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی لەبەرئەوەی ئامانجی چارەسەرکردن بوو وە لەبنەڕەتدا بۆ یارمەتیدانی هەژار و لێقەوماوان هاتە کایەوە، هەربۆیە پێناسەکەی کاریگەر بوو بەو بیرۆکەیەی کەلەو سەردەمەدا بڵاوبوو ئەویش ئەوە بوو: (هەژاران بەرپرسن لەو بارودۆخەی کەتیایدان). هەربۆیە پێناسەی کاری کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە: (یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تاوەکو بتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی کارو فەرمانەکانی لە کۆمەڵگەدا).

بەڵام بە کارکردنی کاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم بنەمایە نەیتوانی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە بکات و ڕێژەی کەسانی هەلپەرست و مشەخۆر زیادی کرد و تەنها بەهەدەردانی ڕەنج و ماندووبوون و کات و داهاتی ئەو کەس و لایەنانە بوو کەلەم بوارەدا کاریان دەکرد. هەربۆیە دوای پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و دەرئەنجامی زۆری ئەو توێژینەوەو دیراساتانەی کە ئەنجامدرا بە تایبەت لە بوارەکانی دەروونناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی، بەتایبەت دوای دیراسەکەی (أدوین شادویک) و ئەو دەرئەنجامە گرنگ و کاریگەرانەی کە پێی گەیشتبوو بووە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینی

کۆمەڵگەی بەرامبەر هەژاران گۆڕی کاتێک پێی وابوو کە: (هەژاران بەرپرس نین لەو بارودۆخەی کە تیایدان بەڵکو ئەوە کاریگەری ژینگەی چواردەورە لەسەریان). (أدوین) پێی وایە کۆمەڵێک هۆکار کەلەدەرەوەی ویست و ئارەزووی مرۆڤە بەرپرسن لە دروستکردنی ئەم حاڵەتی هەژاریەی کە مرۆڤ تیایدا دەژی لەوانە: خراپی باری تەندروستی، بێکاری، خراپی شوێنی ژیان و مانەوەی مرۆڤ و تەنانەت خراپی شوێنی ناشتنی مردووەکان کەلە ناوجەرگەی شاردابوو، نەبوونی ژینگەیەکی پاک بەهۆی خراپی خزمەتگوزاریەکانی وەک خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاووئاوەڕۆ، تەنانەت نەبوونی شوێنی حەوانەوە و کات بەسەربردن، ... هتد. لێرەوە کاری کۆمەڵایەتی ئامانجەکەی گۆڕی و بەهەمان شێوە پێناسەشی گۆڕانکاری بەسەردا هات. بەم پێیە کاری کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە: (کارکردن لەگەڵ سوودمەند لەپێناو ڕزگاربوون لەو بەربەستانەی کە دێنە ڕێی لە کارخستنی تواناکانی و سەرئەنجام ناتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی ڕۆڵەکانی بەباشی) واتە ئامانجی کاری کۆمەڵایەتی لێرەدا بوو بە ئامانجی خۆپاراستن.

لەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگەدا هات پێداویستیەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا هات، سەرئەنجام کێشەکانی ناو کۆمەڵگەش گۆڕان. لێرەوە پێناسەی کاری کۆمەڵایەتیش گۆڕا بوو بە کارکردن لەسەر چاکسازی. لەسەرەتادا کاری کۆمەڵایەتی ئیشی لەسەر یەک ڕووی چاکسازی دەکرد ئەویش چاکسازی بوو لە خودی تاکەکان تاوەکو بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە کۆمەڵگەی تێدایە بەتایبەت مەبەست لێی شۆڕشی پیشەسازی و شوێنەوارەکانی بوو. پاشان کاری لەسەر ڕووی دووەمی چاکسازی کرد ئەویش بریتی بوو لە گۆڕانی کۆمەڵگە بوو بەپشت بەستن بە تواناکانی تاک لە بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگە، واتە لەم قۆناغەوە ئامانجی کاری کۆمەڵایەتی گۆڕا لە تەنها ئیش کردن لەسەر پڕکردنەوەی پێداویستیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ ئامانجی گەشەپێدان.

جگە لەوەی کەکارکردنی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئەم زانستە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لەسەرەتای دەرکەوتنی تەنها خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش بە

توێژێکی دیاری کراو دەکرد، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات بووە بە یەکێک لە مافەکانی هەر تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵگەیە جا ئەو تاکە کەسێکی ئاسایی بێت یان نا.

هەروەها پێناسەکانی کاری کۆمەڵایەتی بەگوێرەی قۆناغە مێژووییەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. دەبینین لەڕووی ژمارەی ئەو کەسانەش کە کاری لەگەڵ کردوون جیاوازی هەیە لە پێناسەکانی. بۆ نمونە: لەسەرەتای دەرکەوتنی کاری بەتەنها لە (١٩١٧) پێناسەی کاری کۆمەڵایەتی دەکرا بەوەی کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە بە تاک و خێزان، دواتر و لەساڵی (١٩٣٦) بوو بەکارکردن لەگەڵ گروپ. پاشان لە (١٩٤٦)ەوە لەگەڵ دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیی پێناسەکەی گۆڕا بۆ کارکردن لەگەڵ تاک لەناو کۆمەڵگەدا. لەم سەردەمەی ئێستا و لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانگیریی و کاریگەریەکانی، پێناسەی کاری کۆمەڵایەتی بووە بە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی. چەندین چەمکی تازە دەرکەوتوە کە کاری کۆمەڵایەتی ئێستا ئیشی لەسەر دەکات لەوانە: بەتواناکردن، ژن، توێژە پشتگوێخراوەکان، گەشەپێدانی مرۆیی، ... هتد.

پێناسەی کاری کۆمەڵایەتی بەگوێرەی شوێنەکانیش دەگۆڕێت، واتە ئەو پێناسەیەی بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو دەگونجێت بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو ناگونجێت. چونکە لەوکاتەی کە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان کار لەسەر خۆشنودی کۆمەڵگە و باشترکردنی کوالێتی ژیانیان دەکەن لەهەموو ڕوویەکەوە، کۆمەڵگە دواکەوتووەکان کار لەسەر دەستەبەرکردن و هێنانەدی دەوڵەتی چاودێری دەکەن و هەوڵدەدەن بۆ بەدەستهێنانی نزمترین ئاستی ژیان و سەرەتاییترین مافەکانیان. تەنانەت لەناو ئەم کۆمەڵگەیەش لە وڵاتێک بۆ وڵاتێک دەگۆڕێت، چونکە کلتور و بارودۆخ و ژیان و تەنانەت کێشەکانیشیان جیاوازە .

هەروەها پێناسەکردنی ئەم چەمکەش لەکەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت بەگوێرەی پسپۆریەکەی و باکگراوندە کۆمەڵایەتی و مەعریفیەکەی و ئەو سەردەم و کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی .

پێناسەکردنی کاری کۆمەڵایەتی ئاسان نیە، چونکە تازەیە لەدەرکەوتن و سەرهەڵدانی و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووە زۆر خێرا بووە، تەنانەت ئەو بوارانەش کە کاری تێدا دەکات زۆر و هەمە چەشنن.

لەگەڵ ئەوەی تائێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی کورت و پوخت و گشتگیری بۆ دابنرێت بەڵام بە گشتی چەندین پێناسە هەیە بۆ کاری کۆمەڵایەتی؛ یەکێک لەوانە:

پیشەیەکی زانستیە هەڵدەستێت بە هاوکاریکردنی تاک و گروپ و کۆمەڵگە بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستی و چارەسەرکردنی کێشە و گەشەپێکردنی تواناکانیان، تاوەکو بەباشترین شێوە هەستن بە ئەنجامدانی ئەرک و ڕۆڵەکانیان و بەشداری بکەن لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە. ئەم خزمەتگوزاریە بەشێوەیەکی زانستی و پلان بۆ داڕێژراو لەلایەن کەسی پسپۆر و ئامادەکراو لەڕێگای دامــەزراوە ئەهلی و حکومیەکانەوە ئەنجام دەدرێـت، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. (قمر و مبروک، ٢٠٠٩: ل٢٠-٢٨)

فەلسەفەی کاری کۆمەڵایەتی

مەبەست لەفەلسەفەی کاری کۆمەڵایەتی ئەو چوارچێوەیەیە کەپسپۆڕی کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستێت لەکاتی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەو یەکانەی کەکاری لەگەڵ دەکات. لەگرنگترین ئەو فەلسەفانەش:

مـرۆڤ یەکەیەکی گشتگیرەو لـەدوولایـەن پێکدێت (خودیی و ژینگەیی). هەر بارودۆخێکیش کەڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە دەرئەنجامی کارلێکی ئەم دوولایەنەیەیە. سودمەند کەسێکی ئاساییە لەدۆخێکی نائاسایدا، بۆیە دەبێت پسپۆڕی کۆمەڵایەتی یارمەتی بدات و ڕێزی لێبگرێت بواری بۆ بڕەخسێنێت تاوەکو بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات. کارکردن بە پڕانسیپی جیاوازی تاکایەتی، واتە هەموو تاکێک خاوەنی ژیانی تایبەت بەخۆیەتی و دەبێت وەک دۆخێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. جیاوازی نەکردن لەنێوان سودمەندەکاندا لەسەر بنەمای (ئایین، ڕەنگ، نەتەوە، ڕەگەز، زمان)، سوودوەرگرتن لەهێزو توانای شاراوە لای سودمەند لەگەڵ بوونی سەرچاوەی تایبەت بەکۆمەڵگە. گرنگیدان بەدامەزراوەی خێزانیی و بەتایبەتیش خێزانی دروست لەژیانی تاک

و کۆمەڵگەدا. تاکەکەس هۆکاری سەرەکی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیە، بۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگە کاربکات لەپێناو خزمەتکردنی تاکەکانی، کارکردن لەگەڵ سودمەنددا نەک لەپێناو سودمەندا . (جبل و اخروون، ١٩٩٧: ل١٠٦-١١٣)

ئامانجی کاری کۆمەڵایەتی

ئامانجی گشتی کاری کۆمەڵایەتی؛ بریتییە لە دروستکردنی گۆڕانکاری لە تاک تاوەکو گوڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکات و خۆشگوزەرانی دەستەبەر بکات لە هەموو بوارەکانی ژیان .

ئامانجی تایبەتی کاری کۆمەڵایەتی؛ بەشێوەیەکی گشتی کاری کۆمەڵایەتی سێ ئامانجی سەرەکی هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە:

یەکەم/ ئامانجی خۆپاراستن: کە لەسەر سێ بنەما کاردەکات:

١- **خۆپاراستنی سەرەتایی:** واتە پێش ڕوودانی کێشەکە چەند ڕێوشوێنێک دەگرێتە بەر تاوەکو ڕوونەدات .

٢- **خۆپاراستنی ئاستی دووەم:** لێرەدا کێشەکە ڕوویداوە و لەسەرەتادایە ڕێوشوێنێک دەگرێتەبەر تاوەکو تەشەنە نەکات و بڵاو نەبێتەوە .

٣- **خۆپاراستنی ئاستی سێیەم:** لێرەدا کێشەکە ڕوویداوە و چارەسەرکراوە ڕێوشوێن دەگرێتەبەر تاوەکو دووبارە ڕوونەدات.

ئەم ئامانجی خۆپاراستنە لەبواری کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە:

أ. دیراسەکردنی بەردەوامی کۆمەڵگە: بەمەبەستی دیاریکردنی پێداویستی تاکەکانی و ڕێکخستنی بەپێی ڕیزبەندی. دیاریکردنی کێشەکان و ڕێکخستنی بەگوێرەی گرنگی و ڕادەی مەترسی و شوێنەوارەکانی وکاریگەری لەسەر دروستکردنی کێشەی تر لەکۆمەڵگە، پاشان دیاریکردنی توانای مادیی و مرۆییەکانی کۆمەڵگە و داڕشتنی پلانێک بۆ چۆنێتی خستنەگەڕی ئەم سەرچاوانە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەو پڕکردنەوەی ئەم پێداویستیانە .

ب. هۆشیارکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە: لەبارەی بارودۆخی (کۆمەڵگە، دامەزراوەکانی، بەرنامەو پڕۆژەکان و لەبارەی سیاسەت و تەشریعاتە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لێی، هۆشیارکردنەوەی

تاکەکان لەبارەی چۆنێتی ئاشنابونیان بە خودی خۆیان و چۆنیەتی ناسینی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان و چۆنیەتی گەشەپێکردنی خودی خۆیان).

ج. گۆرانکاری لەهەندێک لەوشتانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردە م کۆمەڵ لەوانەش:

گۆرانکاری لەڕەفتارو هەڵسوکەوت و بیرو بۆچون وتێروانینی تاکەکانی کۆمەڵگە و لەشێوازی پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان ،گۆرانکاری لەهەندی دابو نەریت و بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا ، گۆرانکاری لەشێوازی کارکردنی دامەزراوەکان و تەنسیق کردن لەنێوانیان ، گۆرانکاری لەهەندێک لەسیاسەت و تەشریعاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە.

دووەم/ ئامانجی چارەسەرکردن: ئەم ئامانجە کاتێک دەست پێدەکات کە کێشەیەک ڕوویدابێت بمانەوێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە و ئامانجی چارەسەرکردن لەبواری کاری کۆمەڵایەتی بریتیە لە: (پێدانی یارمەتی مادی مەعنەوی، کردنەوەی بنکەی تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کردنەوەی بەرنامەی (تأهیلی) جەستەیی و پیشەیی وعەقڵی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەمەبەستی گەشەکردنی هێزو تواناکانی تاک، گەڕانەوەی توێژە پشتگوێ خراوەکان بۆ پرۆسەی بەرهەم هێنان).

سێهەم/ ئامانجی گەشەپێکردن: لەوانەش؛ (گەشەپێدانی هێزو تواناکانی تاک، گەشەپێکردنی هەموو چین و توێژ و جۆری کۆمەڵگەکان (شارنشین، گوندنشین، کۆمەڵگەی ناوخۆیی)، دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان گەشەی مادی و مەعنەوی، گەشەپێکردنی ئاستی هۆشیاری تاک لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری. (درویش و مسعود، ٢٠٠٨: ل٧٤-٧٧).

پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی

پرەنسیپ بەمانا گشتیەکەی بریتیە لە؛ ڕێبەڕێکی زانستی کە شێوازێکی ڕەفتاری تایبەتمەند و نمونەیی لەخۆ دەگرێت و دەبێت کەسە پیشەییەکە پابەند بێت پێوەی لەکاتی ئەنجامدانی ئەرک و لێپرسراوێتیەکانی.

پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی هەڵێنجراوی فەلسەفەی ئەم پیشەیەیە، وە بەگشتی هەڵگری چەند سیفات و خەسڵەتێکە لەوانە: (گشتگیر و تێهەڵکێشن، دنیامیکین، نەرمایەتیان هەیە، هاوبەشن لە نێوان هەموو ڕێگاکان).

شێوازی جێبەجێکردنی ئەم پڕەنسیپانە و ڕێژەی کاریگەری لە سەرخستنی پڕۆسەی یارمەتی دانەکە بەندە بەچەند هۆکارێک لەوانە (کەسێتی خودی پیشەیی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی، کەسێتی سودمەند، مەرج و یاسا و ڕێساکانی ئەو دامەزراوەیەی کەکاری تیا دەکرێت، کلتوری کۆمەڵگە). (سکری، ٢٠٠٠: ل٣٩٦)

لە گرنگترین پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی:

یەکەم / پەیوەندی پیشەیی:

گرێدانێکی پیشەییە کە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و سودمەند بەیەکەوە دەبەستێ بۆ ماوەیەکی کاتیی بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو کە خۆی دەبینێتەوە لەپڕۆسەی یارمەتیدانەکەدا .

لەگرنگترین خەسڵەتەکانی ئـەم پەیوەندییە پیشەییە؛ پەیوەندیەکی ڕاستکردنەوەو چاککردنە (تصحیح وتقویم)، واتە ڕاستکردنەوەی ئەو ڕەفتار و بیروبۆچوونە هەڵانەی کە سودمەند هەیەتی و بۆتە هۆی دەرکەوتنی ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە. پەیوەندیەکی کاریگەرییە، واتە تیایدا پسپۆڕی کۆمەڵایەتی زیرەکی و شارەزایی خۆی بەکاردێنێ بۆ یارمەتیدانی سودمەند و بەڕێوەبردنەکە. پەیوەندیەکی پاڵپشتیکردنە، واتە مەبەست لێی پاڵپشتیکردنی سودمەند لەهەموو ڕویەکەوە. پەیوەندیەکی دامەزراوەییە و کاتییە، بەو مانایەی کە دەبێ لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی ئەهلی یان حکومی مومارەسەی بکرێت تاوەکو شەرعیەت بدات بەم کارە و لایەنەکانی پابەندبن پێوەی. بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، واتە بە کۆتایی هاتنی پڕۆسەی یارمەتی دان بەردەوام دەبێت،لەسەر بنەمای ڕێز و متمانەی دولایەنە لە نێوان پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و سودمەند دروست دەبێ، لە یەکەمین ساتەکانی هاتنی سودمەند بۆ دامەزراوەکە دەستی پێدەکات و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێ (سەرەتا، ناوەند، کۆتایی) و هەریەک لەم قۆناغانەش خەسڵەتی تایبەتی بەخۆی هەیە، بۆنمونە قۆناغی سەرەتایی زیاتر دیراسییە، واتە زیاتر کۆکردنەوەی زانیارییە. قۆناغەکانی ناوەند زیاتر (تشخیصی)یە، واتە بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی زانیارییەکانە بەمەبەستی دارشتنی هەنگاوی چارەسەرکردن تا دواتر ئەم هەنگاوانە جێبەجێ

بکرێت. قۆناغی کۆتایی، ئەمەش هەلومەرجی تایبەتی ئەوێ بۆ کۆتایی هێنان بەو پەیوەندییە. (سرحان، ٢٠٠٦: ل٢٠٣-٢٠٥)

دووهەم/ قبوڵ کردن:

واتە قبوڵکردنی یەکەی کار (تاک، گروپ، کۆمەڵگە) وەک ئەوەی کە هەیە نەک ئەوەی کە هەبێ بە هەموو کەموکورتی و دابونەرێت و ڕەفتارە پۆزەتیف و نەگەتیڤەکانی و پێداویستی و کێشەکانی. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە شێوەی ڕەفتاری لادەر و نائەخلاقی بکرێت ئەوەی کە ناگونجێ لەگەڵ بەها ئەخلاقی و مرۆیی و دینییەکان و چاوپۆشیکردن لێی. پێویستە ئەم قبوڵکردنە دوولایەنە بێت تاوەکو پرۆسەی یارمەتیدان سەرکەوتوو بێت، واتە لەلایەک پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سودمەند قبوڵ بکات و لەلایەکی تریش سودمەند پسپۆڕی کۆمەڵایەتی قبوڵ بکات. (السروچی، ٢٠٠٩: ل٢٢)

سێیەم/ پارێزگاریکردنی نهێنی:

واتە پارێزگاریکردن لەو زانیاریانەی کە لەسودمەند و سەرچاوەکانی تری زانیاری کۆدەکرێتەوە. چونکە ئەم زانیاریانە زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی یارمەتیدانەکە. نابێ ئەوەش لەیادبکەین کە ئەم زانیاریانە پەیوەستن بەوردترین (تفاصیل)ی ژیانی سودمەندو خێزانیی و ژینگەیی کە کاریگەری هەیە لەسەر شەرەفی خۆی و خێزانی بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی بچوک و کۆمەڵگەی پەیوەست بە دابونەریت وەک کۆمەڵگەی کوردی. بۆیە نابێ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەهیچ شێوەیەک (مجازفە) بکات لەبڵاوبونەوەی بچوکترین زانیاری، ئەمەش بە وتە و بەڕەفتار دەبێ ئەنجامی بدات و هەرئەمەش نییە بەتەنیا، بەڵکو پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئەگەر پارێزگاری لەنهێنی سودمەند نەکات نازناوی پیشەیی لەدەست دەدات چ لەلایەن هاوپیشە و چ لەو دامەزراوەیەش کە کاری لێ دەکات. دواجار هیچ کەس ئامادەنییە کە زانیاریەکانی ژیانی بە ئاسانی بدرکێنێ بۆ کەسێکی بێگانە ئەگەر هاتوو متمانەی تەواوی پێی نەبێ. شێوازی جێبەجێکردنی ئەم پرنسیپە بەچەند ڕێگایەک دەبێ؛ لەوانە پێویستە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کە باس لەنهێنی سودمەند نەکات لەبەردەم سودمەندەکانی تر یان لەناو هاوڕێ وخزم وکەسوکاردا. کاتێک پەیوەندی دەکات بە پسپۆڕ لە بوارەکانی تر بەمەبەستی یارمەتی دانی سودمەند دەبێ

بە گوێرەی پێویست زانیاری لەسەر سودمەند و کێشەکەی بدات. پێویستە لەکاتی پەیوەندیکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەسەرچاوەکانی تری زانیاری ڕەزامەندی سودمەند وەربگرێت لەسەری. دەبێت پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەکاتی سەردانی بۆ ماڵی سودمەند زۆر بەئاگا بێت واتە پێشتر زانیاری تەواو لە سودمەند وەربگرێت لەبارەی ناونیشانی ماڵ ڕێک بکەون لەسەر کات و ئاگاداری جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی بێت تا نەبێ بەجێی پرسیار و ئاگاداری ئەوە بێت کە ناوی دامەزراوەکە لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلە نەبێ کە دەیگەیەنێت بۆ ماڵی سودمەند. ئاگاداری پەرتوکی تۆمارەکانی بێت کە زانیاری تێدا هەڵگیراوە. پێویستە پسپۆڕ هیچ شتێک تۆمار نەکات لەپێش سودمەند بێجگە لەهەندێک ناونیشان یان ساڵ یان ناو.. هتد. لەهەمان کاتدا دەبێت دامەزراوەکە ئامادەباشی بکات بۆ پاراستنی نهێنی سودمەند بۆ نموونە شوێنی تایبەت بەچاوپێکەوتنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و سودمەند ئامادەکرابێت. بەجۆرێک کە پارێزگاری لە نهێنییەکانی بکات واتە زۆر گرنگە کە پسپۆڕ بە تەنها لەگەڵ سودمەند دابنیشێ و هیچ فەرمانبەرێکی دیکە لە ژورەکەدا نەبێت، هەروەها دوور بێت لە شوێنی چاوەڕوانی تاوەکو ئەو کەسانەی لەدەرەوە چاوەڕێن گوێیان لەزانیاریەکانی دانیشتنەکەی پسپۆڕو سودمەند نەبێ. هەروەها گرنگە کە دامەزراوەکە خولی ڕاهێنان بکاتەوە بۆ فەرمانبەرەکانی دامـەزراوەکـە تاوەکو فێری چۆنیەتی پارێزگاریکردنی نهێنییەکانی سودمەندیان بکات. دەبێت پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کاتێک زانیاری لە سودمەند وەردەگرێت ئاگاداری ئەوەبێت کەزۆر نەچێتە قوڵایی ژیانی تایبەتی و بەپێی پێویستی حاڵەتەکەو بواری کاری دامەزراوەکە و پڕۆسەی یارمەتیدانەکە زانیاری وەربگیرێت. (عبید و جودث، ٢٠٠٩: ل٧٦-٧٩)

چوارەم/ مافی خودبڕیاردان:

ئەم پڕەنسیپە لەبەها ئەخلاقی و مرۆییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو پێیە کە هەموو مرۆڤێک ئازادە ئەو ژیانە هەڵبژێرێ کە دەیەوێ بژی و دەگونجێت لەگەڵ حەزو ئارەزو و هێزو تواناکانی. هەرکات کەیسێک سەردانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەکات ئەوە مانای ئەوە نییە کە بەهۆی ئەو کێشەیەی کە تیایدایە دەستبەرداری ئەو مافەی بوو بێت بەڵکو پێویستە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بواری بدات خۆی بڕیار لەسەر ژیان و چارەنووسی خۆی بدات. بەڵام مافی

ڕەهـای ناداتێ بەڵکو چێژوەرگرتن لەم ئازادیەو بەکارهێنانی سنورداره و دیاریکراوه بەگوێرەی چەند مەرجێک؛ لەوانە دەبێ ئەو بڕیارەی سودمەند دەیدات لەچوارچێوەی کلتوری کۆمەڵگە بێت و لە دابونەریتەکانی کۆمەڵگە دەرنەچێ و ئەبێ ئاگاداری بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان بکات. بریارەکەی مەترسی نەبێ بۆسەر ژیانی خۆیی وکەسانی چـواردەوری لە چوارچێوەی بـواری کاری دامـەزراوەکەدا بێت. لەهەموی گرنگتر ئەبێ سودمەند کەسێکی ئاسایی بێت (أهلیه)ی تەواوی هەبێ و هەست بەو بڕیاره بکات کە دەیدات و دەرئەنجام و شوێنەوارو باشی و خراپی بزانێ و پێشێلکاری نەبێ بۆ مافی کەسانیتر. ڕاستە ئەو سودمەندە کە دێتە دامەزراوەکە لەسەرەتادا توانای بیرکردنەوەی عەقڵانی نییە بەهۆی ئەو فشارە دەروونیەی کەتووشی بووە لەدەرئەنجامی ئەو بارودۆخە نائاساییە کە تێیکەوتووە. بۆیە پێویستە لەسەرەتادا پسپۆری کۆمەڵایەتی یارمەتی بدات تاوەکو کاریگەریی ئەو فشارە لەسەری کەم بێتەوە پاشان بواری بدات بۆ بڕیاردان و گفتوگۆی تەواوەتی لەگەڵ بکات لەبارەی دەرئەنجامی بڕیارەکەی و پاڵپشتی بکات. (یونس، ٢٠٠٩: ل١٦٩-١٧٥)

پێکهاتەکانی کاری کۆمەڵایەتی:

یەکەم/ سودمەند: پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لەبنەمادا بەمەبەستی یارمەتیدانی ئەو کەسانە دروست بووە کە پێویستیان بەیارمەتییە کە دواتر ناوبران بە (سودمەند) (العمیل- المستفید). مەبەست لە وشـەی (سودمەند) واتـە ئەو کەسەیە کە سود لەبەرنامەو پڕۆژەو خزمەتگوزارییەکانی کاری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت جا (تاک بێت یان گروپ یان کۆمەڵگە). لەلایەکی تر سودمەند کەسێکە کە خاوەنی خەسڵەتی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و خاوەنی هێزو توانایە بەڵام لە حاڵەتێکی نەگونجاندا دەژی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی چواردەوری و ئەمەش توشی حاڵەتێکی نائاسایی کردوە و توشی جۆرێک لە ململانێی ناوەکی و دەرەکی بووە بۆیە هەست بە لاوازی و تەنیایی و ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامی دەکات ئەم هەست و سۆزە نەرێنیانە بۆتە ڕێگر لەبەردەم بەکارهێنانی هێزو تواناکانی بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو بارودۆخەی کە تێی کەوتووە. دەرئەنجام هانا بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەبات تاوەکو یارمەتی

بدات. جا ئەو کەسە بەتەنها بێت یان ئەندامێک بێت لە گروپێکی کۆمەڵایەتی یان هاونیشتیمانیەکی کۆمەڵگە بێت. (عثمان و عرفان، ٢٠١٤: ل١٣٤-١٣٥).

دووەم/ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی:

کەسێکی پسپۆڕە لەبواری کاری کۆمەڵایەتی کەخاوەنی خەسڵەتی کەسێتی تایبەت بەخۆیەتی وەک مرۆڤێک، هەروەها هەڵگری کۆمەڵێک لێهاتویی و توانای زانستییە کەیارمەتی دەدات بۆ ئەوەی کە ئەو زانیاریانەی بە تیۆری وەریگرتووە بگوازێتەوە بۆ مەیدانی کارکردن بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە لەهەموو بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتیدا. (خلیفە، ٢٠١١: ل٣٤).

پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی هەڵگری چەند خەسڵەتێک بێت لەوانە:

أ- خەسڵەتی کەسێتی

دەبێ کەسێک بێت دروستی دەروونی هەبێت و کەسێک بێت کە بتوانێت بەباشی دەرک بکات و تێبینی بکات و بتوانێ بەشێوەیەکی ئەقڵانی واقعی شیکردنەوەو ڕاڤە کردن بکات بۆ ئەو زانیاریانەی وەری دەگرێت و توانای بیرکردنەوەی قوڵی هەبێت تاوەکو بگاتە دەرئەنجام.

کەسێک بێت توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچونەکانی هەبێت و بتوانێت ژیانی تایبەتی لە ژیانی پیشەیی جیا بکاتەوە و بزانێت چۆن ڕەفتار بکات لە کاتێک کە دەکەوێتە بارودۆخێک و توانای بڕیاردان و قەناعەت پێکردنی کەسی بەرامبەر و کارتێکردنی هەبێ، بتوانێ پەیوەندی باش دروست بکات لەگەڵ کەسانی ترو هەڵگری کلتوری کۆمەڵگە بێت تاوەکو ببێتە نمونەیەکی باڵا بۆسودمەندەکانی .

ب- خەسڵەتی پیشەیی و زانستی:

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئامادەکردنی زانستی و پیشەیی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەو پێیەی خوێندنێکی باشی وەرگرتبێت لەپەیمانگاو کۆلێژەکانی کاری کۆمەڵایەتی و بەباشی ڕاهێنان و مەشقی پراکتیکی ئەنجام دابێت بەچاودێری سەرپەرشتیارێکی زانستیی و لێهاتوو.

ج- خەسڵەتی تایبەت بەئەخلاقیاتی پیشەیی:

بتوانێ بەباشی فەلسەفە و پڕانسیپ و (میثاق)ی ئەخلاقی کاری کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکات لەکاتی هێنانەدی ئامانجەکانی کاری کۆمەڵایەتی و سەرکەوتنی پڕۆسەی یارمەتیدان. (خاطر، ٢٠٠٧: ل١٥٩- ١٦٨)

سێهەم/ دامەزراوە:

بریتییە لەشوێنی مومارەسەکردنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی وەک هەموو دامەزراوەیەکی تر خاوەنی بونیادو فەرمانی تایبەت بەخۆیەتی. لەڕووی بونیاد سێ جۆر بونیادی هەیە (مادیی، مرۆیی، واتایی)

لەڕووی وەزیفە:

أ - دامەزراوەی سەرەتایی، ئەو دامەزراوانەیە کە تایبەت کراوە بە مومارەسەکردنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی وەک دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی .

ب- دامەزراوەی لاوەکی، ئەو دامەزراوانەیە کە وەزیفەی تایبەت بەخۆی هەیەو لەگەڵیدا مومارەسەی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی دەکات وەک خوێندنگە، نەخۆشخانە، دامەزراوە چاکسازییەکان .

لەڕووی تەمویل:

أ - دامەزراوەی ئەهلی: کە داهات و خەرجی لەڕێگای ڕێکخراو و کەسانی خێرخواز سندوقەکانی کۆمەککردن دەبێت .

ب- دامەزراوەی حکومی: ئەو دامەزراوانەی کاری کۆمەڵایەتین کە داهات و خەرجییان لەڕێگای دەوڵەت دەبێت .

ج- دامەزراوەی نێودەوڵەتی: ئەو دامەزراوانەیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەشداری تێدادەکەن وەک یونسێف، یونسکۆ. (غرابية، ٢٠٠٤: ل٣٩).

چوارەم/ پرۆسەی یارمەتیدان:

بریتییە لەو بەرنامانەی کە پێشکەش دەکرێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکان کەئەویش بەچەند هەنگاوێکی پلان بۆ داڕێژراو دەبێ بە دوو قۆناغ تێپەڕ دەبێ:

أ – قۆناغی سەرەتا: کە سەرەتای هاتنی سودمەندە بۆ دامەزراوەکە.

ب- قۆناغی دەستپێکردنی پرۆسەی یارمەتیدان: کە بە (دیراسەکردن ، کۆکردنەوەی زانیاری) دەست پێدەکات پاشان (تشخیص) و دواتر داڕشتنی پلانی چارەسەرکردن و پاشان جێبەجێکردنی پلانەکە و دواجار هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامی پلانەکە تابزانرێ ئامانجەکەی هێناوەتە دی یان نا. (العشماوی، ٢٠٠١: ل٧٩).

ڕێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی:

یەکەم / ڕێگای خزمەتگەیاندن بەتاک:

لێرە سودمەند تاکە بۆیە پێویستە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی زانیاری تەواو وەرگرێت لەسەر سودمەند لە ڕووی خودی (جەستەیی، ئەقڵی، دەروونیی، کۆمەڵایەتیی) و لەسەر ژینگەی ناوەکی کە خێزان و ژینگەی دەرەکی کە هەموو ئەو فاکتەرانەی دیکە لە کۆمەڵگەدا کە بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەیە لە دەرکەوتنی ئەو بارودۆخەی کە سودمەند تێیکەوتووە هەر لە هاوڕێ، خوێندنگە و شوێنی کار، ژینگەی ئیکۆلۆجی، باری ئابووری، ڕۆشنبیریی، تەندروستیی و کۆمەڵایەتی). ئەمەش لەڕێگای کۆمەڵێک پڕۆسە دەبێت ئەوانیش (دیراسەکردن ، تشخیص ، چارەسەرکردن ، هەڵسەنگاندن). بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ئامراز بەکاردێت وەک (بینین ، چاوپێکەوتن ، سەردانی ماڵی سودمەند ، تۆمارکردن) (الصدقی و عبد السلام، ٢٠١٢: ل٣١).

دووەم / ڕێگەی خزمەتگەیاندن بە گروپ:

لێرەدا سودمەند گروپە بەڵام گروپ لە کاری کۆمەڵایەتی واتە کۆمەڵێک تاک کە هەمان کێشەیان هەیە و لەچەند خەسڵەتێکی تردا هاوبەشن، کە ئەمەیان بە گوێرەی مەبەست لە دروستکردنی گروپەکە و ئامانجەکەی دیاری دەکرێت و لێرەدا پێویستە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کە زانیاری تەواوی هەبێت لەبارەی مێژووی دروستبونی ئەو گروپەو ئەو قۆناغانەی کە پیایدا تێپەڕیوە و لەسەر خەسڵەتەکانی ئەو گروپەو تاکەکانی و شێوەی پەیوەندی و کارلێکی ناوەکی و دەرەکی ئەو گروپە شێوازی بەڕێوەبردن و حوکمکردن و شێوازەکانی (قیادە) ... هتد. لەگرنگترین پڕۆسەکانی: دیراسەکردن ، پلان دانان و جێبەجێ کردن ، هەڵسەنگاندن.

بەگشتی ئەم گروپانە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبن ئەوانیش قۆناغی (دروستبوونی گروپ ، بەهێزیی و حوکمکردن ، پەیوەندی ڕاست و دروست لەنێوان تاکەکاندا ، ئینتیقالی ، کۆتایی هاتن بەگروپەکە) و لەگرنگترین ئامرازە بەکارهاتووەکانی (بەرنامە)یە واتە هەموو کارەکان لەڕێگەی بەرنامە دەبێت لەگەڵ چاوپێکەوتن و تێبینی کردن. (منقریوس، ٢٠١٢: ل٣١-٣٩).

سێهەم / ڕێگای خزمەتگەیاندن بە کۆمەڵگە:

لێرەدا سودمەند (تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی ناوخۆییە) بۆیە پێویستە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە لەڕووی جوگرافی، مێژووی، دیمۆگرافی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ڕۆشنبیری، .... هتد). هەروەها زانیاری تەواوی هەبێ لەسەر پێداویستی و کێشەکانی کۆمەڵگەکە و توانا مادیی و سروشتیی و مرۆییەکان چونکە ئەرکی ئەم ڕێگایە دروستکردنی هاوسەنگییە لەنێوان پێداویستی و کێشەکان لەگەڵ توانا و سەرچاوە مادی و سروشتی و مرۆییەکان، بەجۆرێک کە دەرئەنجام ئەم سەرچاوانە بخاتە گەڕ لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لەگرنگترین پڕۆسەکانی (دیراسەکردن ، تشخیص ، پەیوەندیکردن بەتاکەکانی کۆمەڵگە ، داڕشتنی پلان ، جێبەجێکردن ، هەڵسەنگاندن)، وە لەگرنگترین ئامڕازەکانی (کۆبونەوە ، محاظرات ، ندوات ، مؤتمرات ، هۆکاری ڕاگەیاندن بەبیستراو ، بینراو ، نوسراو. چەند ڕێگایەکی تری لاوەکی هەیە وەک: (پلاندانانی کۆمەڵایەتی ، بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان ، توێژینەوەی کۆمەڵایەتی). (کفاوین، ٢٠٠٨: ل٦١)

ئامادەکردنی پیشەیی

واتە ئامادەکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەڕێگای ئامادەباشی و خوێندن و مەشق پێکردن بۆ کارکردن لە بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی. ئامادەباشی گرنگی هەیە بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی چونکە دروستکردنی کەسێتی پیشەیی بۆ دروست دەکات. هەروەها گرنگە بۆ ئەکادیمییەکان، ئامادەکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و سەرپەرشتی کردنی دەبێتە پردێک بۆ بەستنەوەی ئەکادیمیەکان بەکۆمەڵگە و بواریان دەدات ئاگاداری بارودۆخ وگۆڕانکارییەکان بن. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر گرنگە بۆ کۆمەڵگە چونکە بوونی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لێهاتوو و بەتوانا مانای وایە کە ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێت کێشەکانی بەشێوەیەکی زانستی و پیشەیی چارەسەرە یاخود هەر هیچ نەبێت کەمتر بکاتەوە .

پێکهاتەکانی ئامادەکردنی پیشەیی:

١/ ئامادەباشی (استعداد):

پیشەی کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی مرۆییە و بەشێکی زۆری کارەکەی لەگەڵ ئەو کەسانەیە کە دەناڵێنن بەدەست ئازارەکانی ژیان و کێشەکانی. ئەمەش پێویستی بە هەست و سۆزێکی تایبەت هەیە چونکە ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە پێویستیان بە یەکێکە گوێیان لێ بگرێت و دڵنەواییان بکات و بەشداریان بکات لە هەڵگرتنی بارگرانیەکانی ژیانیان و ئاڕاستەیان بکات بەرەو دەرگاکانی دەربازبوون لە ناخۆشیەکانی ژیان. بۆ ئەمەش پێویستی بەکەسێکە بتوانێت ژیانی تایبەتی و ژیانی کاری لەیەک جیا بکاتەوە کەسێک بێت توانای تێبینی کردنی بەهێزی هەبێ و شارەزابێ لەزمانی جەستەو خوێندنەوەی هێما جەستەییەکان و خوێندنەوەی کاتەکانی بێدەنگی. توانای بیرکردنەوەی قوڵ و شیکردنەوە و بەیەکەوە بەستنی ڕوداوەکان و کردنەوەی گرێ کوێرەکانی هەبێ بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستی شتەکان و توانای بڕیاردان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کارو بڕیارەکانی هەبێ. کەواتە بەکورتی دەبێت ئەو کەسەی دەبێتە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئامادەیی تەواوی هەبێ بۆکارکردن لەو بوارەدا .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری کۆمەڵایەتی بێجگە لە ئارەزوو چەند خەسڵەتێکی پێویستە کەدەبێ هەبێ لەو کەسەدا کە دەیەوێت ببێتە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی وەک: دروستی (دەروونی، کۆمەڵایەتی) (أبونصر، ٢٠٠٩: ل١٣٤).

٢/ خوێندن:

هەروەک چۆن هەموو پیشەیەک زانستی بێت (پزیشکیی، ئەندازیاریی، مامۆستایی، ... هتد)، یاخود نازانستی بێت وەک (دارتاشی ، ئاسنگەری ... هتد)، لەسەرەتادا پێویست دەکات ئەو کەسەی دەبێت بە پیشەوان بەشێوەیەکی تیۆری زانیاری هەبێ لەسەر ئەو پیشەیە لە ڕووی ئەوەی کە بزانێ چییە، ئامانجی چییە، چۆن چۆنی مومارەسە دەکرێت، کێیە ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات؟ خەسڵەتەکانی دەبێ چی بێت؟ ئەو ڕێگاو شێوازانە چین کە بەکاردێ بۆ ئەنجامدانی دوای ئەوەی کە کەسەکە زانیاری تەواو وەردەگرێت ئینجا دەچێتە

مەیدان و کاردەکات بۆ پراکتیزەکردنی ئەو زانیاریانە بەتێپەڕ بوونی کات و مومارەسەکردنی بەردەوامی کارەکە ئەو کەسە لێهاتووی پەیدا دەکات و ڕەنگە چەندین جۆر هونەر بەکاربێنێ لەئەنجام دانی ئەمە جگە لەوەی بۆی بەکارێک بوترێت پیشە دەبێ ئەم خەسڵەتانەی هەبێت: (دەبێ بنچینەیەکی زانستی هەبێ، ئامانجی گشتی وتایبەتی هەبێت، بەهای ئەخلاقی و مرۆیی هەبێت بێگومان ئەمانەش لە ڕێگای پەیمانگاو کۆلێژەکانی کاری کۆمەڵایەتی پێشکەش بە خوێندکارەکان دەکرێت. (فتوح، ١٩٩٦: ل٩٤-٩٦)

٣/ ڕاهێنانی مەیدانی:

بریتییە لەمەشق پێکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکانی کاری کۆمەڵایەتی تاوەکو بەشێوەیەکی پراکتیکی فێری چۆنیەتی ئەنجام دانی کارەکەی ببێ بێگومان ڕاهێنانی مەیدانی گرنگی خۆی هەیە (چ بۆ خوێندکار ، سەرپەرشتیاری کۆلێژ ، سەرپەرشتیاری دامەزراوە ، بۆ کۆمەڵگە).

أ-گرنگی ڕاهێنانی مەیدانی بۆ خوێندکاری کاری کۆمەڵایەتی: فێری چۆنیەتی پراکتیزەکردنی زانیاریە تیۆریەکان دەبێ، ئاشنا دەبێ بەو کۆسپ و ڕێگریانەی دێنە بەردەم پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەکاتی کارکردنیدا، خوێندکار فێری ئەو لێهاتویانە دەبێ کە گرنگە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی یارمەتیدان، یارمەتی دەرێکە بۆ کامڵبوونی کەسێتی پیشەیی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و فێر دەبێ کە چۆن ڕۆڵی خۆی بەباشی ببینێ و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی جێبەجێ بکات .

ب- گرنگی بۆ سەرپەرشتیاری کۆلێژ: یارمەتی دەرێکی باشە تاوەکو سەرپەرشتیاری کۆلێژ کە مامۆستای زانکۆیە و زیاتر خەریکی ئامادەکردنی بابەتی تیۆرییە بۆی ئاگاداری جیهانی دەرەوەی زانکۆ بێت و بزانێ چی ڕودەدات لە کۆمەڵگەدا، ئاشنا دەبێ بەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر زانست و تەکنەلۆجیادا هاتووە کە بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ئەم پیشەیە و بەمەش دواناکەوێ لە پێشکەوتنی ئەم زانستە و لەچوارچێوە کۆنەکەی ڕابردوو دێتە دەرەوە و ڕەنگە بتوانێ لەڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوە داهێنان بکات، دەتوانێ زانیاری باشتر بدات بە خوێندکارەکان لەڕێگای هێنانەوەی نمونەی زیندوو لە واقع.

ج- گرنگی بۆ سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە: سود لەهێزو توانای خوێندکاران دەبینێ بەمەش هەندێک لە ئەرکەکانی سەرشانی کەم دەبێت، سود لە پێشنیاری خوێندکارەکان دەبینێ بۆ باشترکردنی کارەکانی، زیاتر ئاگاداری بارودۆخی سودمەندەکان دەبێت و دەتوانرێ بەرنامە کاری تازە دابڕێژێ.

د- گرنگی بۆ کۆمەڵگە:کۆمەڵگە دەتوانێ سود لەو پێشنیارانە وەربگرێت کە لەئەنجامی توێژینەوەکان پێی دەگەن بۆ باشترکردنی بارودۆخی دامەزراوەکان تاوەکو باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات. (فهمی، ٢٠١٢: ل٧-٢٣)

٤/ لێهاتوویی:

بریتییە لەتوانای پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە پراکتیزەکردنی ئەو زانیاریانەی بەتیۆریی وەریگرتووە و ئەم لێهاتوییەش پێویستی بە (ئامادەباشی ، خوێندن ، ڕاهێنان و مەشقکردن) هەیە. پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی سەرکەوتو بێت لەکارەکەیدا پێویستە لێهاتوو بێت لەچەند بوارێکدا لەوانە (شیکردنەوەی بارودۆخەکان و گەیشتن بەهۆکارەکانی و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردن، دروستکردنی پەیوەندی پیشەیی، گوێگرتن، تێبینی کردن، پرسیارکردن، تۆمارکردن، چاوپێکەوتن، قسەکردن، گفتوگۆکردن، قەناعەت پێکردن، کارتێکردن، پەیوەندی کردن، قیادە، بەڕێوەبردن و کارگێڕیی، خوێندنەوەی زمانی جەستە، چۆنێتی وروژاندی کەسانی تر، مامەڵەکردن (حیل دفاعی) سودمەند، هەڵبژاردنی شێوازی (تدخل)، نەرمایەتی، پراکتیزەکردنی پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی، ئەنجامدانی پڕۆسەی یارمەتیدان، ... هتد.

بێگومان ئەم لێهاتوییەش یارمەتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەدات کەزیاتر متمانە بە خودی خۆی بکات و زیاتر گەشە بەکەسێتی پیشەیی بدات. ئارەزووی زیاتر دەبێت بۆ کارکردن لەم بوارە (علی، ٢٠٠٢: ل١٢٩)

٥/ بنەمای زانستی:

بریتیە لە بنەمایەکی زانستیی کە پێکهاتووە لە زانستە سەرەکییەکان تولیفی، دادەنرێت بە چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی. سەرچاوەکانی ئەم بنچینە زانستییە: زانستی (تولیفی) وەک: کۆمەڵناسی ،

دەروونناسی ، دەروونناسی کۆمەڵایەتی ، دروست دەروونی ، ئابوریی ، ئاین ، یاسا ، دیموغرافیا ، ئەنسرۆپۆلۆجیا ، زانستی سیاسی ، پزیشکی ، کارگێڕیی ، کۆمپیوتەر، .... هتد) کە لەکاتی خوێندنی بەکالۆریۆس کاری کۆمەڵایەتی خوێندکار شارەزای دەبێ. کاری کۆمەڵایەتی بەگشتی و ڕێگاکان و بوارەکانی بەتایبەتی، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و گەیشتن بە تیۆرەو یاسا، خوێندنەوەی دەرەکی (پەرتوک ، گۆڤار ، ڕۆژنامە ... هتد). (متابعة) سەیرکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان واتە هەرشتێک زانیاری بدات بەدەستەوە .

مەرجەکانی وەرگرتنی زانیاری تاوەکو پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سودی لێ ببینێ: زانیاریەکان تازە بێت بگونجێ لەگەڵ کات و شوێن، بتوانرێ جێبەجێ بکرێت، فراوان بێت، هۆکارێک بێت بۆ گۆڕینی کەسێتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و لەسەرکەوتنی لەپیشەکەی. (علی، ٢٠١٠: ل١١٧-١٢٤)

٦/ دانپیادانانی لەلایەن کۆمەڵگە (اعتراف مجتمعی):

واتە پێدانی شەرعیەت بە مومارەسەکردنی ئەم پیشەیە لە کۆمەڵگەدا. ئەمەش سودی هەیە بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەو ڕووەی کە کارئاسانی بۆ دەکات و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات کە یارمەتی دەدات لە گەشەپێکردنی هێزو تواناکانی، جگە لەوەی کە خەڵکی باوەڕیان پێ دەکات و بەمەش لەزۆر کێشە ڕزگاریان دەبێ. ئەم دان پیادانانە لەچەند وێنەیەکدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش؛ دارشتنی یاساو ڕێسا و تەشریعات کە ڕێگا دەدات بە مومارەسەکردنی ئەم پیشەیە و دامەزراوەی بۆ دیاری دەکات، کردنەوەی دامەزراوەی ئەهلی و حکومی بۆ مومارەسەکردنی، کردنەوەی کۆلیژو پەیمانگا بۆ ئامادەکردنی کەسی پسپۆڕ لەو پیشەیەدا، کردنەوەی ڕێکخراو (نقابات ، جمعیات) بۆ پاراستنی مافیان لە کۆمەڵگەدا، ئەنجامدانی (مؤتمرات وندوات – ۆرک شۆپ) بۆ ئاشناکردنی خەڵکی بە ئەرکیان. (جوهر و ئەوانی تر، ٢٠٠٣: ل٧٥)

پرسیارەکان

پ١/ پێناسەیەک بکە بۆ کاری کۆمەڵایەتی کە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی و ئەم سەردەمەی ئێستا؟

پ٢/ بەڕای تۆ چ سیفات و خەسڵەتێکی دیکە هەیە تایبەت بە پسپۆری کۆمەڵایەتی کە ئاماژەی پێنەکراوە وە گرنگە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکە؟

پ٣/ چەند جۆر سودمەند هەیە لە کاری کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێبکە؟ ئایا ڕۆڵی پسپۆری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بە گوێرەی جۆری سودمەندەکان؟ ڕوونی بکە بە نمونەوە.

پ٤/ گرنگترین ئەو ئامانجانە چین کە پەیوەندی پیشەیی هەوڵی بۆ دەدات؟

پ٥/ بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرەنسیپی پارێزگاری لەنهێنی لەکاتی سەردانیکردنی ماڵی سودمەند ، ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە پسپۆری کۆمەڵایەتی بیگرێتە بەر؟

پ٦/ وەک پسپۆرێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر سودمەندت پێ قبوڵ نەکرا ڕاسترین هەنگاو چیە کە دەبێت بیگریتە بەر؟

پ٧/ لە چ کاتێکدا پسپۆری کۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕێگا نەدات بە سودمەند بڕیار لەسەر ژیان و چارەنوسی خۆی بدات؟

پ٨/ ئەو ڕێگایانە چیە کە پێویستە پسپۆری کۆمەڵایەتی بیگرێتە بەر بۆ دروستکردنی گروپ و سەرنج ڕاکێشانی سودمەند بۆ ئەو گروپە؟

پ٩/ گرنگترین ئامانجی ڕێکخستنی کۆمەڵگە چیە؟

پ١٠/ گرنگترین هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پیشەی پسپۆری کۆمەڵایەتی باس بکە. بە بڕوای تۆ تاچەند ئەم هەنگاوانە لەکۆمەڵگەی کوردی جێبەجێکراوە؟

سەرچاوەکان

ابوالنصر، مدحت، (٢٠٠٩)، فن ممارسة الخدمة الإجتماعية، ط١، دارالفجر، القاهرة.

الصدقى و عبدالسلام، سلوى عثمان و هناء فايز، (٢٠١٢)، خدمة الفرد (مداخل – النظريات)، ط١، مكتب الجامعى الحديث، القاهرة.

العشماوى، سيدمتولى، (٢٠٠١)، المدخل الى طرق خدمة الفرد، ط١، جامعة طنطا.

جبل واخروون ، عبدالناصر عوض احمد، (١٩٩٧)، الخدمة الاجتماعية الاصالة و المعاصرة، ط١، دار الحكيم، القاهرة.

جوهر و اخروون، عادل موسى، (٢٠٠٣)، مدخل الخدمة الاجتماعية، ط١، جامعة الحلوان.

خاطر، أحمد مصطفى، (٢٠٠٧)، الخدمة الإجتماعية (نظرة تأريخية ومناهج الممارسة)، ط١، مكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية.

خليفه، محروس محمد، (١٩٨٩)، ممارسة الخدمة الاجتماعية، ط١، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية.

درويش و مسعود، خليل و وائل، (٢٠٠٨)، مدخل الى الخدمة الاجتماعية، ط١، شركة العربية المتحدة للتسويق، القاهرة.

سرحان، نظيمة أحمد محمود، (٢٠٠٦)، الخدمة الاجتماعية المعاصرة، ط١، مجموعة نيل العربية، القاهرة١.

السروچى، (٢٠٠٩)، الخدمة الإجتماعية الأسس النظرية والممارسة، ط١، مكتب الجامعى الحديث، مصر.

سكرى، أحمد شفيق، (٢٠٠٠)، قاموس الخدمة الاجتماعية و الخدمات الاجتماعية، ط١، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية.

عبيد و جودث، ماجدة بهاءالدين السيد و حزامة، (٢٠٠٩)، وقفة مع الخدمة الإجتماعية، ط١، دارالصفاء للنشر و التوزيع، عمان.

عثمان و عرفان، عبدالرحمن صوفى و محمد محمود، (٢٠١٤)، مدخل الى الخدمة الإجتماعية (الأسس النظرية و مجالات الممارسة)، ط١، دار الكتاب الحديث، بيروت.

على، ماهر أبو معاطى، (٢٠٠٢)، المعوقات المهنية للخدمة الإجتماعية، ط١، مركز توزيع الكتاب الجامعى.

غرابية، فيصل محمود، (٢٠٠٤)، الخدمة الاجتماعية فى المجتمع العربى المعاصر، ط١، دار الوائل للنشر، الاردن.

فتوح، مدحت فؤاد، (١٩٩٦)، الخدمة الاجتماعية مدخل التكاملى، ط١، دارالنهضة العربية، القاهرة.

فهمى، محمدسيد، (٢٠١٢)، التدريب العملى والزيارات الميدانية، ط١، مكتب الجامعى الحديث، مصر.

فهمى، محمدسيد، (٢٠٠٧)، الخدمة الإجتماعية (التطور، الطرق، المجالات)، ط١، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية.

قمر و مبروک، عصام توفيق و سمر فتحى،(٢٠٠٩)، ط١، دار الفكر، عمان .

كفاوين، محمود، (٢٠٠٩)، تنظيم المجتمع وأجهزته، ط١، الشركة العربية المتحدة للتسويق، القاهرة.

منقريوس، نصيف فهمى، (٢٠١٢)، اساسيات وديناميات التدخل المهنى فى العمل مع الجماعات، ط١، مكتب الجامعى الحديث، القاهرة.

يونس، فاروق ذكى، (٢٠٠٩)، الخدمة الإجتماعية والتغيير الإجتماعى، ط١، عالم الكتب، القاهرة.

١-٢ تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی

ڕزگار مصطفی غفور

پوختە:

پیشەی کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی پسپۆڕییە ئامانجی بەدیهێنانی (خۆپاراستن، چارەسەرکردن، گەشەپێدان و شیاندنە)، بەمەبەستی خزمەتکردنی یەکە مرۆییەکان (تاک، گروپ، کۆمەڵگە). هەر ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی کاری کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی تیۆری خۆی هەیە، کە چەمکە بنەڕەتییەکان و حەقیقەت وگریمانە و پڕنسیپ و کارامەیی کۆڵەکەی سەرەکین لە بونیادی تیۆریدا بۆ مومارەسەکردن. بەمەش توێژەر یان پیادەکاری پیشەیی دەتوانێت ئاڕاستەی تیۆریی دیاری بکات بۆ تەفسیر و شیکردنەوەی کێشەکانی کلاینت. لەم بەشەدا بەگرنگی دەزانین ئاشنابین بە تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی و سودی لێ وەربگیرێت لەبواری پراکتیکی و هەوڵ بدرێت بۆ بونیادنانی هەندێک لە مۆدیلەکان کە بگونجێ لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەدا.

لەم بەشەدا گرنگترین تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەخەینە ڕوو، بە مەبەستی ئاشنابوون بەو تیۆرانە و دیراسەکردنی بنەماکانی و هەوڵی تاقیکردنەوەی ئاڕاستەی تیۆری و چۆنێتی تەوزیفکردنی لەبواری پراکتیکی لەڕێگەی دیراسەکردنی دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو بۆ ڕوبەڕووبوونەوەیان .

ئەو بابەتانەی لەم بەشەدا خراوەتە ڕوو ئەمانەن:

- پێناسەی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی، سەرەتا چەند پێناسەیەکی تیۆر و مەبەست لە تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی ڕوونکراوەتەوە.

- فاکتەرەکانی بونیادنانی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی، لێرەدا دیارترین ئەو فاکتەرانە کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بونیادنانی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی ڕوونکراوەتەوە.

- تەوزیفکردنی تیۆر لەکاری کۆمەڵایەتیدا، لێرەدا ڕۆڵ و وەزیفەی تیۆر لە کاری کۆمەڵایەتی ڕوونکراوەتەوە.

ئەو تیۆرانەی لەم بەشەدا باسکراوە ئەمانەن:

تیۆری شیکاری دەروونی ، تیۆری ڕۆڵ ، تیۆر وەزیفی ، تیۆری نەسەق ، تیۆری ئیدراک ، تیۆری ڕێنمایی دەروونی، لەکۆتاییدا نموونەی پراکتیزەکردنی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو.

زاراوە سەرەکییەکان: چەمک، حەقیقەت، گریمانە، پڕەنسیپ، تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی

١ -پێشەکی:

لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی، زۆرێک لەجۆرەکانی چوارچێوەی تیۆریی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی. ئەوانەی پیادەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن سوودیان وەرگرت لێی و کۆک بوون لەسەر زەرورەتی گرنگیدان بە مرۆڤ بەڕەهەندە جیاوازەکانیەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی و کارلێک دەکات بەشێوەیەک کە هاوکاری و یارمەتی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدات لە ڕووی هزرییەوە، کە پێویست دەکات بیرو هزری نوێیان هەبێت بۆ ئەوەی مومارەسەی کارەکەیان بکەن بەشێوەیەکی باش و کاریگەر و کارا.ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە زۆربەی زۆری تیۆرەکانی

کاری کۆمەڵایەتی مومارەسەی کارەکەی لە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی وەرگیراوە کە بەرجەستە دەبێت لە دوو ئاڕاستەی بنەڕەتی:

-ئاڕاستەی بونیادیی لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی سەرچاوە دەگرێت.

-ئاڕاستەی دەروونیی لە بنەمای دەروونناسیەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئاڕاستەی بونیادی کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتەوە لەسەر فاکتەری سیاسی و ئابووری و ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی. ئەم ئاڕاستەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەک چەوساندنەوە و هەژاریی و ونایەکسانیی و نەبوونی عەدالەت.

ئاڕاستەی دەروونی سوود لەدەروونناسی وەردەگرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستەنگەکانی کەسایەتی کەڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە لە ژیانیدا. لەڕاستیدا تیۆرەکانی مومارەسەی کاری کۆمەڵایەتی کاریگەربوو بەئاڕاستەی دەروونی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ و ئەوەی پەیوەستە بە ڕەفتارەوە وەک بیرو هزرو هەست و سۆزی مرۆڤ.لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە کە تیۆر گرنگە لە کاری کۆمەڵایەتی چونکە یارمەتی پیادەکاری کاری کۆمەڵایەتی دەدات لە تەفسیرکردنی کێشەکانی کلاینت و شیکردنەوەیان.

گرنگی تیۆر لە کاری کۆمەڵایەتیدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کاری کۆمەڵایەتی جگەلەوەی پیشەیەکە، زانستێکە وەک زانستەکانی تر، کە فەلسەفە و تیۆرو بنەمای زانستی و مەعریفی و دامەزراوەی فێرکاری لەسەر بەرزترین ئاستدا هەیە.

٢- مەبەست لە تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی

٢-١ تیۆر:

تیۆر: بریتییە لە چوارچێوەیەکی فیکری ، کە کۆمەڵێک لەڕاستی زانستیی تەفسیر دەکات و لە سیستمێکی زانستی پێکەوە بەستراودا دایاندەنێ. (السنهوری، ٢٠٠٩: ل١٨)

تیۆر: بریتییەلە چوارچێوەیەکی فیکری کە کۆمەڵێک لە گریمانەی زانستی

تەفسیر دەکات و لە سیستمێکی زانستی پێکەوە بەستراودا دیاندەنێ. (نجم، ١٩٩٨: ل١٨٥)

تیۆر: بریتییە لە کۆمەڵێ چەمک و پێناسە و کێشەی پێکەوە بەستراو کە وێنەیەکی ڕێکخراو دەبەخشنە دیاردەکان لەڕیی دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی دیاردەکات و پێشبینیکردنی ڕوودانییەتی. (حسن، ١٩٨٢: ل٤٩- ٥٠)

تیۆر: بریتییە لەچواچێوەیەکی فیکری یان فەلسەفی گشتی کە ئاڕاستەی شێوازەکانی ممارسەی پیشەیی دەکات لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان. (نجم، ١٩٩٨: ل١٨٦)

تیۆری زانستی: سیستمێکی هزری هەڵێنجەری ڕێکوپێکە لەبارەی دیاردەیەکەوە یان لەبارەی ژمارەیەک دیاردەی هاوچەشنەوە. (زێباری، ٢٠١٧: ل١٩)

٢-٢ تیۆری کاری کۆمەڵایەتی

تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ ئەو تیۆرانە دەکات کە پشت دەبەستن بە بنەما مەعرفی و ئایدۆلۆژی و بەهاییەکان، گرنگی دەدات بە پێناسەی کێشەکان و پراکتیزە دەکرێت لەسەر ئاستەکانی(تاک، گروپ، کۆمەڵگە) و ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکانی کلاینت و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. (منقریوس، وآخروون، ٢٠٠٤: ل١٤٩)

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە:

- تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی سروشت و ڕۆڵی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا تەفسیر دەکات.
- تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی وەسفی چالاکییەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەکات و ئەو ئامانجانەی هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.
- تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی وەسف و ڕونکردنەوە دەکات بۆ کارلێکی نێوان پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و کلاینت.
- کاری کۆمەڵایەتی پشت دەبەستێت بە تیۆرەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری کەسێتی و کۆمەڵایەتی تاک. (منقریوس وآخروون، ٢٠٠٤: ل١٤٩- ١٥٠).

٣- فاکتەرەکانی بونیادنانی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی

پێویستە لێرەدا ئاماژە بدەین بەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان هەبوو لە بونیادنانی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی:

١-هەوڵی پێشکەشکردنی یارمەتیە مرۆییەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو.

٢-هەوڵی کۆنترۆڵ و ڕێکخستن و بەڕیوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی.

٣-ئەو پەرەسەندن وگۆڕانکارییانەی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوویاندا.

٤-گۆڕانی پێداویستییەکان یان گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی پێداویستییەکان و دەرکپێکردنی لەلایەن گروپە جیاوازەکان.

٥-ئەو گۆڕانکارییانەی هاوکات بوو لەگەڵ ڕادەی پێویستی بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕێگا و هۆکارەکانی.

٦-بڕوابوون بە بەهاو بیروباوەڕی مرۆیی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ.

٧-گۆڕانکارییە یاسایی و تەشریعییەکان.

٨-پەرەسەندنی فکری و زانستی و ئەکادیمی.

٩-ڕۆڵی بەرچاوی ڕێکخراوەکانی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئەو پیشانەی کە پەیوەندی بەکاری کۆمەڵایەتیەوە هەیە. (عجوبة، ٢٠١٠: ل١٤-١٥)

٤- تەوزیفکردنی تیۆر لەکاری کۆمەڵایەتییدا

١-دەستێوەردانی بەرپرسیارانە و کارا لە مومارەسەکردنی کاری کۆمەڵایەتی.

٢-دەرکپێکردن بە پەیوەندی نێوان گۆڕاوە جیاوازەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێگاکانی چارەسەکردن و بەتایبەت کێشە قورس و ئاڵۆزەکان.

٣-دووبارە ڕێکخستنی ڕاستییەکان بەشێوەیەکی زانستی لەڕێگای چەند تیۆرو دەروازە بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان.

٤-بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی دیراساتی مومارەسەی کاری کۆمەڵایەتی .

٥-پەرەسەندنی پلانی چارەسەکردن لەسەر بنەمای زانستی.

٦-پێدانی توانای پێشبینیکردن و داڕشتنی گریمانەکان و سەلماندنیان.

٧-کەڵەکەبوونی مەعریفە و زیادبوونی ئەزموونی شارەزایی فێربوون و فراوانبوونی ئاسۆی مەعریفە.

٨-ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان کە ڕووبەڕووی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە لەکاتی ڕەفتارکردنی لەگەڵ کلاینت.

٩-تەوزیفکردنی تیۆر و ڕۆڵی لە جەختکردنەوەی مەعریفە و لێهاتوویی لە مومارەسەکردنی کاری کۆمەڵایەتی .

١٠-تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی مڕوونە و گۆرانکاری تێیدا دەکرێت بەپێی پێویستییەکانی ژیان و کێشەکان و کلتوری کلاینت و ئایدۆلۆژیەتی کۆمەڵگەو بەهاکانی.

١١-تیۆر لەسەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە بۆ پێدانی مۆدیلی مومارەسەکردن.

١٢-تیۆر لەکاری کۆمەڵایەتی دەتوانرێت تاقیبکرێتەوە لەڕێگەی توێژینەوە پراکتیکیەکانەوە.

١٣-تیۆر بنەمایەکی جێگیر دابینەکات بۆ مۆدێلەکانی مومارەسەی پیشەیی و میتۆدەکانی دەستێوەردانی پێشەیی و یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لەڕەفتاری کلاینت و کێشەکانیان و ڕەفتارکردن لەنێوان پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی و کلاینت و ڕێکخستنی ژینگەی کار و کاریگەرییەکانی. (عجوبة، ٢٠١٠: ل١٥-١٧)

ئەوەی جێی ئاماژەبۆکردنە ئامانجی بونیادی تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی بەکارهێنانیەتی وەک چوارچێوەیەکی گشتیی فیکریی و بنەمایەک کە ئەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت لەبونیادنانی مۆدێلەکانی پیادەکردنی پیشەیی یان دەستێوەردانی پیشەیی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی (علي،٢٠١٠: ل٣٧٥- ٣٧٧).

لەم بەشەدا باس لە گرنگترین تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەکەین، ئەویش ئەمانەن:

٥-یەکەم: تیۆری شیکاری دەروونی (Psychoanalytic Theory)

٥-١ چەمکی شیکاری دەروونی:(Psychoanalysis)

بەچەند مانایەک بەکاردەهێنرێت لەوانە:

-تیۆرێکی دیاریکراوە لە دەروونناسی کە سیگمۆند فرۆید (Sigmund Freud) داینـاوە، ئاماژە بۆ قوتابخانەیەک دەکات کەئاڕاستەی دیاریکراو و تێڕوانینی تایبەتی سەبارەت بەدیاردە دەروونییەکان هەیە.

-ئاماژە بۆ میتۆدێکی دیاریکراو دەکات بۆ دەستنیشان و چارەسەرکردنی شڵەژانە دەروونی وعەقڵییەکان. (المليجي، ٢٠٠٠: ل٤٤)

٥-٢ بونیادی کەسێتی:

بەپێی تێڕوانینی فرۆید بونیادی کەسێتی لەم سێ سیستمە پێکهاتووە؛ ئەو(ID) ، من (Ego)، منی باڵا(Super Ego). هەربەشێک لەم بەشانەی کەسێتی، ئەرک و خەسڵەت و پێکهاتە و پڕەنسیپ و دینامیەت و میکانیزمی خۆی هەیە، کە کارلێک دەکەن و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ دەبێت. ڕەفتاری مرۆڤ ئەنجامی کارلێکە لە نێوان ئەو سێ سیستمە (ئەو، من، منی باڵا). (ئەو و منی باڵا) هەردووکیان کاریگەریی ڕابردوویان لەسەرە.

(ئەو) بەرجەستەی بۆماوەیی دەکات، (منی باڵا) کاریگەریی باوانی لەسەرە، بەڵام (من) شارەزایی و ئەزمووی تایبەتی تاکەو بەرجەستەی واقیع دەکات (المليجى، ٢٠٠٠: ل٥٠-٥٢).

٥-٣ کەسێتی و کارکردن لەگەڵ تاک:

وەزیفەی کۆمەڵایەتی کە تاک ئەنجامی دەدات لەبواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی، دەرئەنجامی کارلێکی فاکتەری کەسێتی تاکە و بارودۆخی ژینگەی کۆمەڵایەتییە. بۆ تێگەیشتن لە کەسێتی لە تێڕوانینی (فرۆید) کە پێکهاتەوە لە (ئەو، من، منی باڵا) بۆیە تەواوکاری و هاوسەنگی کەسێتی پەیوەستە بە تەواوکاری و هاوسەنگی ئەو سێ بونیادەی کەسایەتی مرۆڤ. (السنهوري، ٢٠٠٩: ل٣٢- ٣٣)

لەتایبەتمەندییەکانی شیکاری دەروونی تێڕوانینی دینامیکیە بۆ هەست ونەستی مرۆڤ و بەتایبەتی جەخت لە نەست دەکاتەوە. قوتابخانەی شیکاری

دەروونی جەخت لەسەر ئەزموونە هەڵچوونەکان دەکاتەوە لە ماوەی ژیانی منداڵیدا کە کاریگەری دەبێت لەسەر بونیادی کەسێتی مرۆڤ. بۆیە جەخت دەکرێتەوە لەماوەی پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ. لەم ماوەیەدا شێوازی ژیانکردنی تاک دروست دەبێت و تێڕوانینی گشتی بۆ بابەتەکان و سیمای کەسێتییە بنەرەتییەکانی دیاری دەکرێت.

ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە پاڵنەرو هەڵچوونە کپکراوەکان و ململانێیەکان، ئەمانە هەمووی تەوەرەیەکی گرنگە لە دیراسەی کەسێتی. (المليجى، ٢٠٠٠: ل٤٥-٤٦)

هربرت ستین(H.Stean) دامەزرێنەری تیۆری شیکاری دەروونییە لە کاری کۆمەڵایەتیدا.

- بنەمای بنەرەتی بونیادنانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە عەقڵ لە ئەدای ئەرکەکانی پشت دەبەستێت بەوەی کە مرۆڤ هەستی پێدەکات، و بیری لێدەکاتەوە و تەخەیولی دەکات و خەونی پێوە دەبینێ، ئەمانە هەمووی پاڵنەری دەروونییە.
- هەرچەندە فاکتەری دەرەکی کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤ، بەڵام پێویستە پسپۆری کۆمەڵایەتی بڕوای بەوە هەبێت، کەرەفتارەکانی کلاینت و کاردانەوەکانی لەبنەرەتدا دروست دەبێت لە ڕێگەی حەزە شاراوەکانیانەوە و خەیاڵیان و بیرکردنەوەیان دەربارەی خودی خۆیان. بۆیە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی هەوڵی زانینی بێئاگایی بدات لە ژیانی کلاینت، کە یارمەتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەدات، لەتێگەیشتنی کێشەکانی ئیستای کلاینت وچارەسەرکردنی.
- پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی چەمکی (نائاگایی) تەوزیف بکات لە هەڵسەنگاندنی بۆ حاڵەتی کلاینت و دانانی پلانی چارەسەرکردنی.

٤-٥ پێویستە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی تیۆری شیکاری دەروونی تەوزیف بکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-پسپۆری کۆمەڵایەتی دەبێت هەوڵ بدات بۆ زانینی (نائاگایی) کلاینت وەک پاڵنەرێکی بنەڕەتی کلاینت لە پەیوەندی و رەفتارەکانی .

٢-پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەبێت ڕوون و ڕاشکاو بێت لەگەڵ کلاینت .

٣-هەڵێکی تەواو بدرێت لەگەڵ کلاینت بۆ گوزارشتکردن لە هەستەکانی یان ترسەکانی کە هەست بە باشبوونی حاڵەتەکەی دەکات. بەڵام ئەم پڕۆسەیە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەبێتە پڕۆسەیەکی ئازاربەخش و دروستبوونی دڵەڕاوکێ لای کلاینت.

٤-پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەبێت بەباشی گوێ لە کلاینت بگرێت و وریابێت کاتێک کلاینت قسەدەکات و گوزارشت لەو کێشەیە دەکات کە پێوەی دەناڵێنێت.

٥-لەدوای ئەوەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەتەواوی تێدەگات لە کلاینت، پێویستە ڕاستیەکانی پێ بڵێت.

٦-نابێت پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بێزار بێت لە کلاینت کاتێک باس لە کێشەکەی دەکات.

٧-ئەرکی کارکردن لەگەڵ تاک ئاسانکاریە بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی کلاینت و یارمەتیدانی بۆ بەرەنگاربوونەوەو تێگەیشتن و ئەرکی بەرپرسیارێتی بەشێوەیەکی بونیادی لەسەر بنەمای تواناکانی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی. (عجوبة، ٢٠١٠: ل٢١-٢٦).

٦-دووەم: تیۆری ڕۆڵ (Role Theory)

٦-١ تیۆری ڕۆڵ چییە؟

ئاماژە بۆ کۆمەڵێک چەمک دەکات کە بونیادنراوە لەسەر توێژینەوەی کۆمەڵایەتی وە پەیوەستە بەو شێوازانەی کە کاریگەرە بە ڕەفتارەکانی تاک و پێگەی کۆمەڵایەتی. ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ پێشهاتەکانی ڕەفتاری تاک لەگروپدا دەکات کە ئەمەش لایەنی دینامێکی پێگەی تاکە، بەڵام پێگە ئاماژە بۆ شوێنی تاک لە گروپدا دەکات، ڕۆڵ ئاماژەیە بۆ شێوەکانی ڕەفتار بەپێی پێگە و ڕەفتاری تاک دیاری دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی خۆی و ئەوانی تر. (الدخیل، ٢٠٠٦: ل١٨٢)

٦-٢ تیۆری ڕۆڵ و کارکردن لەگەڵ تاک:

تیۆری ڕۆڵ چوارچێوەیەکی پراکتیکی گونجاو پێشکەش دەکات کە یارمەتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەدات بۆ کارکردن لەگەڵ تاکدا و تێگەیشتنی لە کێشەکەی. تاک تووشی کێشە دەبێت بەهۆی شکستهێنان یان توانای ئەداکردنی رۆڵێکی دیاریکراوی نیە. هاوکات بارودۆخی کۆمەڵایەتی تاک ڕیگرە لەبەردەم ئەدای ڕۆڵەکانی.

ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە سێ فاکتەر کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاری تاک، ئەویش ئەمانەن:

١-پاڵنەرو پێویستییە هەستیی و نەستییەکان.

٢-تێگەیشتنی تاک دەربارەی ڕەهەندەکانی ڕۆڵ و پەیوەندی بە پێشهاتەکانی دەوروبەر دەربارەی ئەو ڕۆڵەی تاک ئەدای دەکات.

٣-لایەنەکانی هاوبەشی و جیاوازی لەنێوان تێگەیشتنی تاک و لەنێوان تێگەیشتنی ئەوانی دی دەربارەی ڕۆڵەکان لە هەڵوێستێکی دیارکراودا. (الصديقي و عبدالسلام، ٢٠١٢: ل١٩٥- ١٩٦).

٦-٣ گرنگترین ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لەسەر ڕەفتاری تاک هەیە ئەمانەن:

١-پێداویستییەکانی تاک و پاڵنەرە هەستی ونەستییەکان.

٢-درک کردنی تاک بەئەرکی بەرپرسیارێتیەکانی لە کۆمەڵگادا.

٣-تەواوکاری یاخود ململانێی لەنێوان ڕۆڵەکانی تاک.

کەواتە ڕۆڵ (کارلێک و پەیوەندی و گرنگی گونجاندن لە نێوان ئاڕاستەکانی تاک و ئەوانی تر) لەخۆدەگرێت. (منقريوس وآخروون، ٢٠٠٤: ل٢٠٨)

٦-٤ پراکتیزەکردنی تیۆری ڕۆڵ لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ تاک:

ئامانجی (کارکردن لەگەڵ تاک): بەپێی تیۆری ڕۆڵ بەرجەستە دەبێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای کۆمەڵایەتی تاک و گرنگترین ڕەگەزەکانی پرۆسەی یارمەتیدان بەپێی تیۆری ڕۆڵ ئەمانەن:

١-کلاینت:

بەپێی تیڕوانینی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کلاینت ئەو کەسەیە کە کەموکوڕی هەیە لەئەدای بەرپرسیارێتییەکانی و هەوڵ ئەدات ئاستی ئەدای بەرپرسیارێتییەکانی بەرز بکاتەوە بەڵام سەرکەوتوو نابێت کە دواتر پەیوەندی دەکات بە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی یارمەتیدانی.

٢-کێشەی کۆمەڵایەتی:

کێشەی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ کەموکوڕی لەئەدای بەرپرسیارێتی ڕۆڵێک یاخود زیاتر لە ڕۆڵێک.

٣-پڕۆسەی یارمەتیدان:

پڕۆسەی یارمەتیدان بەپێی تیۆری ڕۆڵ لە سێ هەنگاوی بنەڕەتی پێکدێت کە ئامانج لێی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای کۆمەڵایەتی(کلاینت)ە.

هەنگاوەکان ئەمانەن:

١-دیراسەی کۆمەڵایەتی: ئەمانە لەخۆدەگرێت:

أ)دیراسەی ڕۆڵەکانی کلاینت.

ب)دیراسەی ئاستی ئەدای ڕۆڵەکانی کلاینت.

ت)دیراسەی رادەی بوونی بنەمای کەسایەتی کلاینت لەئەدای ڕۆڵەکانی .

ث)دیراسەی بەهاکان پەیوەست بە ڕۆڵ.

٢-دەستنیشانکردنی کێشە:

٦-٥ دەستنیشانکردنی کێشە بەپێی تیۆری ڕۆڵ جیاوازە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، کە بەم هەنگاوانە تێپەڕ دەبێت:

أ-دیاریکردنی ئەو ڕۆڵانەی کە کلاینت شکستی تێدا هێناوە.

ب-دیاریکردنی ململانێی نێوان ڕۆڵە جیاوازەکانی کلاینت.

ت-دیاریکردنی رادەی بۆشایی لەنێوان ئەدای ڕۆڵەکانی کلاینت و پێشهاتەکانی کۆمەڵگە.

ث-دیاریکردنی هۆکانی ڕوودانی کێشە لەئەدای ڕۆڵەکانی کلاینت.

ج-دیاریکردنی ئەو لایەنانەی کە پێویستە گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

ح-دانانی پلانی چارەسەرکردن کە بگونجێ لەگەڵ کلاینت.

٦-٦ چارەسەرکردن:

چارەسەرکردن بەپێی تیۆری ڕۆڵ کۆمەڵێ شێواز لەخۆدەگرێت گرنگترینیان ئەمانەن:

١-نەهێشتنی ململانێی لەنێوان ڕۆڵەکانی کلاینت.

٢-زیادکردنی ئاستی لێهاتوویی کلاینت بەمەبەستی ئەدای ڕۆڵەکانی.

٣-زیادکردنی پاڵنەرەکانی کلاینت لەئەدای ڕۆڵەکانی .

٤-ڕاستکردنەوەی پێشهاتەکانی ئەوانەی بەشدارن لەگەڵ کلاینت لەئەدای ڕۆڵەکانی. (العمری، ٢٠٠٠: ل٦٣- ٧٠)

٧-سێیەم: تیۆری وەزیفی:(Functional Theory)

٧-١ تیۆری وەزیفی چییە؟

ئەم تیۆرە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەشێکە لە تیۆری(وەزیفی بونیادی) لە کۆمەڵناسیدا. بەپێی چەمکی ئەم تیۆرە هەموو کەسێک پێگەی خۆی هەیە لە بونیادی کۆمەڵایەتی، و ڕۆڵی هەر مرۆڤێک پەیوەستە بە پێگەکەیەوە (عجوبة، ٢٠١٠: ل٢٩).

(هێلین فیلیبس) بەدامەزرێنەری چەمکی وەزیفی لەکاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت. پەرەی بەئاڕاستەکان داوە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پراکتیزەکردنی تیۆری وەزیفی لە مومارەسەی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ گروپەکاندا. هەروەها ئەم پسپۆڕە لەگەڵ (جیسی تافت و فرجینیا روبنسون) ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پەرەسەندنی ئاڕاستەی وەزیفی لەکاری کۆمەڵایەتیدا.

(فرجینیا روبنسون) پێناسەی ئاڕاستەی وەزیفی کردەوە کە ئاماژەیە بۆ هەوڵەکانی ڕوونکردنەوەی کارامەیی لەبەکارهێنانی وەزیفەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کە پێویستی بە پەیوەندی پیشەیی پتەو هەیە لەنێوان پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و کلاینت. بۆیە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ڕاهێنان و گەشە بەتواناکانی بدات بەمەبەستی لێهاتوویی و کارامەیی لە دروستبوونی پەیوەندی پیشەیی کەبنەمای پێشکەشکردنی پڕۆسەی یارمەتیدانە. (الصديقي و احمد، بەبێ ساڵی چاپ، ل٦٨- ٦٩)

چەمکی وەزیفی بونیاد دەنرێت لەسەر بیرۆکەی توانای تاکەکان بۆ کارکردن بەتەنها و بەگروپ و بڕوای بەگەشەو گۆڕانکاری هەیە کە ڕوودەدات لەڕێگەی کارلێکی گروپەوە. پێویستە پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی وەک نوێنەرانی دامەزراوە هەل برەخسێنن بۆ ڕوودانی گۆرانکاری بەو مانایەی هەر مرۆڤێک لایەنی بەهێز و لایەنی لاوازی هەیە و پێویستە لایەنی بەهێزی تاکەکان بەگەڕ بخرێت بەمەبەستی بەدیهێنانی گۆڕانکاری بەمەرجێک ئەو گۆڕانکاریە هەڵقوڵای ناخی تاک و لە سنوری بەهای کۆمەڵگەدا بێت. (منقریوس وآخروون، ٢٠٠٤: ل١١٥)

٢-٧ تەوزیفکردنی تیۆری وەزیفی:

١-فراوانی ڕێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی و تەواوکاری لە مومارەسەکردنی بەپێچەوانەی تیۆری شیکاری دەروونی کە لە بنەڕەتدا کارکردن لەگەڵ تاک تەوزیف دەکات. تیۆری وەزیفی لەکاری کۆمەڵایەتی ئەتوانرێت پراکتیزە بکرێت لەهەموو بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی وەک کاری کۆمەڵایەتی پزیشکی و دەروونی و خێزانی و کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی و.. هتد. هەروەها ئەتوانرێت تەوزیف بکرێت لە پڕۆسەکانی بەڕیوەبردن و ڕاوێژکاری و پلان و بەدواداچووندا.

٢-تیۆری وەزیفی بڕوای بە مومارەسەی فراوانیە، کە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەتوانێت مومارەسەی ڕێگا سەرەکییەکانی کاری کۆمەڵایەتی بکات و لەهەموو بوارەکانی مومارەسەدا.

٣-قوتابخانەی دەستنیشانکردن یان شیکاری دەروونی لەکاری کۆمەڵایەتی کە تەرکیزی لەسەر ڕابردووی کلاینت دەکرد، ئەوەی تێپەڕاند لەبری ئەمە، تێڕوانینی وەزیفی چووە شوێنی، کە تەرکیز لەسەر شارەزایی ئیستا و توانای گەشەکردن دەکات.

٤-لەبری چەمکی چارەسەرکردن، چەمکی خزمەتگوزاری و پڕۆسەی یارمەتیدان چووە شوێنی، کە تەوزیفی پەیوەندییەکان و کارلێکی دینامیکی

پسپۆڕی کۆمەڵایەتی وەک یارمەتیدەر و کلاینت وەک لایەنی یەکلاکەرەوە لەم پرۆسەیەدا.

٥-کلاینت تـەوەرەی مومارەسەی پیشەییە، کەهاوکارە بەپێی ئیرادە و حەزەکانی.

٦-پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەتەنها بەرپرسیارێتی هەڵناگرێت لەمومارەسەی پیشەیی، لەم مومارەسەیەدا کلاینتیش بەشدارە. پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کلاینت قبوڵ بکات وەک خۆی و دان بەجیاوازی لە نێوان تاکەکاندا بنێت. هەروەها دەبێت کلاینت یارمەتی قبوڵ بکات و تەوزیفی تواناو وزەکانی بکات بۆ چارەسەکردنی کێشەکەی ئێستای.

٧-پـڕۆسـەی دەستنیشانکردن دەبێت پەیوەست بێت بە تەوزیفکردنی خزمەتەکان بەهاکاری تەواو لەگەڵ کلاینت.

٨-دەبێت تێڕوانین بۆ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەوەی شوێنی گرنگی پێدانی کۆمەڵگە و تاکە و دەبێت دامەزراوە خزمەتەکان پێشکەش بکات بە بەردەوامی. (عجوبة، ٢٠١٠: ل٣٢- ٣٤).

٨-چوارەم: تیۆری نەسەق: (System Theory)

٨-١ تیۆری نەسەق چییە؟

بیرۆکەی نەسەق پەیوەستە بە چەمکەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیستمی کۆمەڵایەتی.(٢٤) (منقریوس، ٢٠٠٩: ٢٣٦) یەکێک لەو زانایانەی ئەم تیۆرە پارسونز (Parsons). نەسەق (سیستم) ئاماژە بۆ یەکەیەک دەکات کە لەچەند بەشێک پێکدێت کە پشت بە یەکتری دەبەستن بە شێوەیەکی دیاریکراو. بەشێوەیەک کە هەر گۆڕانێک لەهەر بەشێکدا کار لەسەر بەشەکانی دیکەو کار لەسەر نەسەقیش دەکات وەک گشتێکی کامڵ شیتەڵکردنی بونیادیانەی نەسق، نەسەق و بەشەکانی و پەیوەندی ئاڵوگۆڕکارانەی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی دیاری دەکات، پشت دەبەستێ بەکارلێکی ئاڵوگۆڕکراو بە پڕنسیپێکی بنەرەتی دادەنرێ لە هەموو نەسەقێکی کۆمەڵایەتیدا. (سمیرة، ٢٠٠٧: ل١٩٧).

کارلێکی ئاڵوگۆڕ لەنێوان نەسەقەکان یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی تیۆری نەسەق، کارلێکی ئالوگۆڕ و هاوبەش و بەردەوام لەگەڵ ژینگە بەگرنگترین

پڕۆسە دادەنرێت بۆ بەردەوامبوونی نەسەق و گەشەپێدانی تواناکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. (محمد، ٢٠١١: ل٢٦).

تیۆری نەسەق (سیستم (System Theory) (لەمومارەسەی کاری کۆمەڵایەتیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر بارودۆخی ئێستای کلاینت (تاک، گروپ، کۆمەڵگە)، و گرنگی دەدات بە دیاریکردن یاخود بەدەستهێنانی ئەرکی پڕۆسەی چارەسەرکردن لەداهاتووی کلاینت. تیۆری (نەسەق) کاریگەرییەکی سەرەکی لەسەر تیۆری مومارەسەی کاری کۆمەڵایەتیدا هەیە. دانانی چارەسەری جیاواز بۆ هەڵویستە کۆمەڵایەتی و ئالۆزەکان. تیۆری(نەسەق) یارمەتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە کلاینت(تاک، گروپ، کۆمەڵگە). (عجوبة، ٢٠١٠: ل٣٥).

٨-٢ تایبەتمەندییەکانی تیۆری (نەسەق):

١-رەفتارکردن لەگەڵ کلاینت لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی فراوان.

٢- تێروانین بۆ تاکەکان لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئامانجیان لەژیاندا هەیەو هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، گەشەکردن و ئەدای ئەرکەکانیان ئەنجامی کارلێکە لەنێوان توانای جەستەیی و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی.

٣-تیۆری نەسەق یارمەتی کلاینت دەدات بۆ دووبارە ئامادەکردنیان تا بتوانن گەشە بکەن و خۆیان بگونجێنن و بتوانن پەرە بە ژینگەکەیان بدەن.

٨-٣ قۆناغەکانی پڕۆسەی چارەسەرکردن لە تیۆری نەسەقدا:

أ)قۆناغی پەرەسەندنی پێویستی بۆ ڕوودانی گۆرانکاری لە نەسەقی کلاینت. کە ئەمە قۆناغی پەیوەندی سەرەتایە یاخود قۆناغی یەکەمی کارە، بەواتای ئەوەی کلاینت داوای یارمەتی بکات یاخود هاندانی بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکات.

ب)قۆناغی بونیادنانی هاوبەشی لەنێوان کلاینت و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی گۆڕانکاری، بەمانایەکی تر پارێزگاری لەمانەوەی پەیوەندی پیشەیی و بەردەوامبوونی و پەرەسەندنی.

ت)قۆناغی دەستنیشانکردن، مەبەست لێی دیاریکردنی ئەو کێشەی کلاینت دەناڵێت پێوەی و لەم قۆناغەدا پێویستە کێشەکەی دەستنیشان بکرێت.

ث)قۆناغی دانانی ئامانجەکان بۆ پلانی چارەسەرکردن.

ج)قۆناغی گواستنەوەی پلانەکان بۆ هەوڵەکانی ڕوودانی گۆڕانکاری لە نەسەقی کلاینت.

ح)قۆناغی گشتگیری گۆڕانکاریی وچەسپاندنی و جێگیربوونی.

خ)قۆناغی کۆتایهێنان بە پەیوندی پیشەیی.

هەندێ لە توێژەران پێشنیاری چەند قۆناغێکی تریان کردوە ، ئەویش ئەمانەن:

١-هەڵسەنگاندنی کێشەکە، هەرکێشەیەک پێکدێت لە سێ بەش ئەویش:

أ)بارودۆخی کۆمەڵایەتی.

ب)ئەو کەسانەی بڕیار دەدەن کە ئەم بارودۆخە واتای کێشەیە.

ت)ئەو هۆکارانەی بۆتە هۆی دروستبوونی کێشەکە.

٢-پەیوەندی لەگەڵ نەسەقی یارمەتیدەر دا لەچارەسەرکردنی کێشەکە.

٣-گرێبەست لەنێوان پسپۆری کۆمەڵایەتی و کلاینت بەمەبەستی ڕێکەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە و دیاریکردنی ئەرک و مافەکان بۆ هەرلایەک.

٤-دانانی ڕێکاری دیاریکراو بۆ سیستمی کارکردن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە.

٥-ڕێکخستنی کارەکان لەنێوان لایەنەکانی پەیوەندیداردا.

٦-کاراکردنی بەردەوامی نەسەقەکانی یارمەتیدان.

٧- کۆتایهێنان بە پەیوەندی پیشەیی دوای هەڵسەنگاندنی کۆتایی. کە ئایا چی بەدەستهاتووە و چ گۆڕانکارییەک ڕوویداوە. (عجوبة، ٢٠١٠: ل٣٦- ٣٨).

٨-٤ ڕۆڵی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە پراکتیزەکردنی تیۆری نەسەقی کۆمەڵایەتی:

١-ڕۆڵی پسپۆری کۆمەڵایەتی لە یارمەتیدانی کلاینت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەدای ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

٢-کلاینت فێری کارامەیی بکات لەچارەسەکردنی کێشەکەی و چۆنێتی کۆکردنەوەی زانیاری.

٣-پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ڕۆلێکی بنەڕەتی دەبینێت لە ئاسانکاری بۆ گرتنەبەری ڕێکارە تایبەتەکان بۆ یارمەتیدانی کلاینت.

٤-ڕزگارکردنی کلاینت لەو فشارەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئایا فشاری دەروونی یاخود کۆمەڵایەتی یاخود ئابووری بێت.

٥-پسپۆری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی ناوەندگیریی دەبینێت لە نێوان کلاینت و دامەزراوەکانی تر.

٦-لەئەرکەکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی هاندانی کلاینت بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکانیان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی .

٧-ڕۆڵی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەپاراستنی کلاینت و بەرگریکردن لێی.

٨-ڕۆڵی ڕێکخراوەکان وەک تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان نەسەقە جیاوازەکان وەک ڕێکخستن لەنێوان وەزارەتی چاودێری کۆمەڵایەتی و ئەو ڕێکخراوە و دامەزراوانەی پەیوەندیدارە، کە هەل بڕەخسێنێت بۆ پەیوەندیان و خوڵقاندنی تۆڕی نوێ لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتییەوە. (عجوبة، ٢٠١٠: ل٣٨- ٣٩)

٨-٥ پوختەی تیۆری نەسەق لەکاری کۆمەڵایەتیدا:

١-تەرکیزی ئەم تیۆرە لەسەر گۆڕانی ژینگەییە، زیاتر لەوەی تەرکیز لەسەر دەروازە دەروونییەکان بێت لە مومارەسەری کاری کۆمەڵایەتیدا.

٢-تەرکیزی ئەم تیۆرە زیاتر لەسەر کاریگەری خەڵکە زیاتر وەک لەوەی تەرکیزی لەسەر هزرو هەستەکانی کلاینت بێت .

٣-تێروانینی تیۆری نەسەق لەکاری کۆمەڵایەتیدا میتۆدێکی تەواوکارییە، کار دەکات لەگەڵ تاکەکان، گروپەکان، خێزان و کۆمەڵگەکان، بەمەش لەو جەدەل و گفتوگۆیانە دوور دەکەوینەوە سەبارەت بەوەی کاری کۆمەڵایەتی ئەبێت تەرکیز لەسەر گۆڕانکاری تاک یاخود چاکسازی کۆمەڵایەتی بکات.

٤-تێڕوانینی تیۆری نەسەق لەکاری کۆمەڵایەتیدا لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کلاینت پشت دەبەستێت بەوەی کە رەفتار بەرپرسیارە لە کێشەکە. (عجوبة، ٢٠١٠: ل٤٢).

٩-پێنجەم: تیۆری ئیدراك: (Cognitive Theory)

٩-١ تیۆری ئیدراک چییە؟

تیۆری ئیدراک گرنگی دەدات بە بیرکردنەوەی مرۆڤ، وای دەبینێت کە بیرکردنەوە ئاڕاستەی رەفتار دەکات. ئەم تیۆرە جەخت دەکات لەسەر چۆنێتی ئاڕاستەکردنی رەفتار لەڕێی تێگەیشتن و شیکاریەکانمان .

٩-٢ خەسڵەت و سیما بنەڕەتییەکانی تیۆری چارەسەری ئیدراک ئەمانەن:

١-رەفتار بەهۆی بیرکردنەوە دیاری دەکرێت.

٢-پراکتیزە چارەسەرییەکانی تیۆری ئیدراک، ئەمانە لەخۆدەگرێت:

- دیاریکردنی هزر.
- هۆشیاری دەربارەی هەڵچوونەکان. چ هزرێکی لێدەکەوێتەوە.
- زانینی پەیوەندی نێوان هزر و هەڵچوونەکان.
- بینینی رەفتار لەسەر بنەمای ئەوەی ئەنجامی پڕۆسەیەکە کە تێکەڵە لە هزر و هەڵچوونەکان.

٣-تێگەیشتنی هەڵەو بیرکردنەوەی هەڵە ئەبێتە هۆی ڕەفتاری هەڵە. بیرکردنەوەی عەقڵانی ئەبێتە هۆی گرنگیدان بەئامانجەکان. ئەم ئامانجانە کاریگەری لەسەر شێوازی ژیانی مرۆڤ دەبێت.

٤-ئەکرێت مرۆڤ هۆشیاری تەواوی نەبێت سەبارەت بەئاڕاستەکانی یاخود هەڵویستی بەرامبەر ئەوانی تر یاخود کاریگەری ڕەفتاری لەسەر ئەوانی تر. بەمانایەکی تر مرۆڤ لە هەموو حاڵەتێک توانای تەفسیرکردنی رەفتارەکانی نیە. هەرچەندە تەرکیزکردن دەبێت لەسەر کلاینت بێت لە پڕۆسەی چارەسەرکردن نەک لەسەر کێشەکەی، کەئەمەش ئەبێتە هۆی پاڵپشتی و گەشەپێدانی ئەدای سەربەخۆیی کلاینت و پشت بەستن بەخودی خۆی.

٥-راستە پاڵنەری غەریزی هەیە، بەڵام شەڕەنگێزی لەو غەرائیزانە نیە وەک ئەوەی فرۆید باسی دەکات. دەبێت تێڕوانینمان بۆ شەڕەنگێزی لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە کاردانەوەی هەستکردنە بە ترس یاخود هەستکردن بە نەبوونی ئەمن و ئاسایش یاخود شکستهێنان، بەو پێیەی شێوازی ژیانی کلاینت و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکنەخراوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەیەوێت پێی بگات.

٦-غەریزە زاڵ نیە بەسەر مرۆڤ، ئەگەر ناکۆکی ڕوویدا لەنێوان پاڵنەرەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئامانجەکانی، توانای ئەوەی هەیە ڕاستی بکاتەوە یان دووبارە ئەو پاڵنەرانە بگونجێنێت.

٧- هەر رەفتارێکی سێکسی شاز لە ڕاستیدا ڕوودەدات لەئەنجامی کێشەیەکی دیاریکراو. ئەگەری ئەوەی هەیە کە پەیوەندی بەغەریزەی سێکسییەوە نەبێت، بەمانایەکی تر ناکرێت ڕەفتاری مرۆڤ تەفسیر بکرێت بە تەنها لەبەر رۆشنایی پاڵنەری سێکسیی، لەبەرئەوەی پاڵنەرە سێکسییەکان بەیەکێک لە پاڵنەرەکان دادەنرێت.

٨-سۆزو هەڵچوونەکان لە بنەرەتدا هەڵقوڵاوی شێوازی بیرکردنەوەیە، و تێگەیشتنمان لەوەی چی لە چواردەورمانە. ئەمانە وامان لێدەکات بڕیار بدەین لەسەر چۆنێتی وەڵامدانەوەمان بۆ هەڵوێستەکان. ئەگەر ترس بن یان تورەبوون یان هەستکردن بە تاوان یان خۆشەویستی یان نەخۆشی، هەموو ئەمانە وەڵامدانەوەی هۆشیارانەیە.

٩-پاڵنەرەکان ناکرێت پڕۆسەیەکی ناهۆشیارانە بێت، بەڵکو پڕۆسەیەکی هۆشیارانەیە بونیاد دەنرێت لەسەر تێگەیشتنمان لەوەی چی پێویستە بۆ خۆشگوزەرانی ژیانمان یان بەختەوەریمان یان بەدیهێنانی سەرکەوتن لەژیانماندا.

١٠-چارەسەری ئیدراک لەکاری کۆمەڵایەتیدا تەرکیز دەکات لەسەر هزر و سۆزو پاڵنەرە ڕاستگۆکان و رەفتارە گۆڕاوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام. مرۆڤ بە بەردەوامی توانای گۆڕانی رەفتارەکانی هەیە. ئەو کەسانەی فێربوون چۆن ببنە شەرەنگێز ئەکرێت فێربن چۆن ئاشتی خواز بن.

١١-تیۆری ئیدراک بە تیۆرێک دادەنرێت کەئاڕاستەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، سۆزی مرۆڤ و پاڵنەر و رەفتارەکانی جۆرێکە لە بیرکردنەوە، کە کاریگەری

لەسەر کۆمەڵگە و لەسەر پەیوەندییە مرۆڤایەتی و شارەزاییەکانی بەشێوەیەکی گشتی دەبێت.

١٢-تاک توانای پەرەسەندن و هۆشیاریی بەشێوەیەکی ئیجابی هەیە لە پێناو گەیشتن بە ڕاستییەکان یان واقیع، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت. ئەمەش ئەرکی پسپۆری کۆمەڵایەتییە کە کار لەگەڵ کلاینت بکات بەیارمەتیدانی بۆ گەیشتن بەو واقیعەی کە هەیە. (عجوبة،٢٠١٠: ل٤٤- ٤٦).

١٠-شەشەم: تیۆری ڕێنمایی دەروونی (Client – Centered Theory)

١٠-١ تیۆری ڕێنمایی دەروونی چییە؟

دامەزرێنەری ئەم تیۆرە(Carl Rogers)کە یەکێکە لە زانا دەروونناسییە ئەمریکییەکان. لەپڕۆسەی چارەسەرکردن تیمی کارکردن بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتەکان پێکدێت لە (پسپۆری کۆمەڵایەتی، پسپۆڕی دەروونی، پزیشکی دەروونی).

١٠-٢ ئاڕاستەکانی چارەسەرکار بەرامبەر کلاینت:

دەبێت تەرکیز بکات لەسەر خودی کلاینت و پابەندبوون بەم پڕنسیپانەی خوارەوە:

١-بوونی متمانە لە نێوان چارەسەرکار و کلاینت.

٢-پێویستە چارەسەرکار تواناکانی کلاینت بزانێت کە یارمەتی دەدات بۆ پارێزگاری لە ژیانی .

٣-یەکێک لەبەرپرسیارێتییەکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێدانی هیوایە بە کلاینت بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٤-هەر تاکێک تایبەتمەندی خۆی هەیە.

٥-پێویستە پسپۆری کۆمەڵایەتی (چارەسەکار) لەڕێی یارمەتی بەردەوام و هاندانی کلاینت مامەڵە بکات تا ئاشنا بێت بەکەسایەتی کلاینت.

٦-ناڕوونی کەسێتی کلاینت. لەئەزموونەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت. (عجوية، ٢٠١٠: ل٥٥-٥٦).

١١-پڕۆسەی چارەسەرکردنی بەسێ قۆناغ تێدەپەڕێت:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی بونیادنانی متمانە لەنێوان چارەسەرکار و کلاینت، ئەگەری ئەوە هەیە چەند ساتێک یان لەوانەیە چەند مانگێک بخایەنێت .

قۆناغی دووەم: قۆناغی گەشەکردنی پەیوەندی نێوان چارەسەرکار و کلاینت، کەلێرەدا کلاینت دوای باسکردنی هەستەکانی باس لە ئەزموونە راستەقینەکانی دەکات.

قۆناغی سێیەم: بەدەگمەن دەگاتە ئەم قۆناغە، کە ئەوەش قۆناغی یارمەتی ئاڵوگۆڕە لەنێوان چارەسەرکار و کلاینت، هەروەک چۆن کلاینت کاریگەر دەبێت بەچارەسەکار، چارەسەکاریش کاریگەر دەبێت بەکلاینت. (عجوبة، ٢٠١٠: ل٥٩).

١٢- پێویستە ئەو پسپۆڕە کۆمەڵایەتیانەی کاردەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی شڵەژانی دەروونیان هەیە، ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١-دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کلاینت تا بتوانێت ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێ و شڵەژان ببێتەوە.

٢-پەیوەندی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کلاینت رۆلێکی بنەڕەتی دەبینێت.

٣- پێویستە پسپۆری کۆمەڵایەتی قۆناغ بە قۆناغ بچێتە جیهانی کلاینتەوە بەهەموو باشی و خراپیەکانی. هەروەها دەبێت هاوسۆز بێت لەگەڵیدا تا بتوانێت دیراسەی بکات و هەستی پێ بکات و ئاشنا بێت بەجیهانی کلاینت و ئەزموونەکانی وەک ئەوەی خودی کلاینت دەیبینێ و هەستی پێدەکات و تێیدا دەژی.

٤-ئەو کلاینتانەی کە زیاتر دەتوانن سوود لەم دەروازەیە وەرگرن ئەوانەن کە پاڵنەریان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەستە سلبیانە ئازاریان دەدات، ویستی گۆرانکاریان تێدایە و ئامادەن بەپرسیارێتی هەڵگرن.

٥-پەیوەندی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کلاینت دەبێت بونیاد بنرێ لەسەر واقیعەت و بڕواو ئازادی و قبوڵکردنی کلاینت و هاوکاری کردنی و دروستبوونی متمانە و ڕێز لەیەک گرتن. (عجوبة، ٢٠١٠: ل٦٠)

١٣- لە کۆتاییدا نموونە پراکتیزەکردنی تیۆرەکان دەخەینەڕوو:

یەکێک لە کێشە خێزانییەکان کە پێویستە باسی بکەین کێشەی شڵەژانی پەیوەندییەکانە لەنێوان هاوسەران:

ئەو تیۆرانەی کە زیاتر مامەڵەیان دەکرێت لەم کێشەیەدا ئەمانەن:

١٣-١: Focal Confict Theory

بریتییە لەدەروازەیەکی دووانەیی کە کۆکراوەی هەردوو تیۆری شیکاری دەروونـــی و تـیـۆری نەسەقی گشتییە بۆ بـەیـەکـەوە بەستنەوەی خـودی هەستی هەریەک لە هاوسەران بە نەسەقی خێزان لە پەیوەندی کارلێک بۆ دەستەبەرکردنی یەک بوون لەنێوان هاوسەران.

توماس فرنس (Thomas French) دانەری ئەم تیۆرەیە، وای دەبینێت کە پەیوەندی نێوان هاوسەران هەندێ کات دەبێتە هۆی ترس لەنەمان یان ترس لە سزادان یان ترس لە زڕاندنی ناو. لێرەدا (پاڵنەریی شڵەژان / Disturbing Motive) ڕوودەدات. بۆ نموونە، شڵەژان لە پەیوەندییەکان ڕوودەدات کە ئەمە دەبێتە هۆی ڕووداونـــی(Reactive motive) . بۆیە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئەم دیاردانە دەبەستێتەوە بە پەیوەندییەکانی هاوسەران لە خێزاندا، واتە پسپۆری کۆمەڵایەتی کار لەسەر گۆڕانی هێڵی پەیوەندی و شێوازەکانی دەکات .

١٣-٢: Alternative Theory

ئەم تیۆرە بەندە لەسەر کێشەی هاوسەران و پێداویستییەکانیان، ئەگەر لایەنێکیان توانای نەبێت پێداویستی لایەنەکەی تر پڕ بکاتەوە بەو شێوەیەی کە داوای لێدەکرێت، لەم حاڵەتدا پێویستە چارەسەری (Alternative) بەکاربهێنرێت لەڕێگەی دەستێوەردانی پیشەیی بە دەستنیشانکردنی کێشەی ناکۆکی نێوان هەرلایەک و دواتر پێدانی هەل بۆ هەرلایەکیان بەمەبەستی پێشنیارکردنی (Alternative) کە هەر دوولایەن قبوڵی بکەن، ئەمەش بە هەنگاوێک دادەنرێت لەسەرەتادا بۆ هەردوولایەن لەگەڵ دووبارەبوونەوە هەردوو هاوسەر رادێن لەسەری و ڕۆڵی دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکەیان.

١٣-٣ Change Role Theory:

(جورج سميث) دانـەری ئەم تیۆریە و بنەمای ئەم تیۆرە بەندە لەسەر ئـەوەی هـەوڵ دان بۆ راستکردنەوەی رۆلـی هەریەک لە هـاوسـەران لەناو خێزاندا بە شێوەیەک بێت کە هەردوولایەن ڕەزامەندبن لەسەری. بۆ نموونە، کاروباری ناو خێزان (خەرجی و داهاتی خێزان یان سەرپەرشتیکردنی منداڵ یان بەڕێوەبردنی ماڵ)، کە ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەی هەردوو هاوسەر و دوورکەوتنەوەیان لە ململانێی نێوانیان.

١٣-٤ (Interactional Theory)

دامەزرێنەری ئەم تیۆرە (ناثان اکرمان) بنەمای ئەم تیۆرە بەندە لەسەر ئەوەی زۆربەی زۆری کێشەی هاوسەران هەستکردنە بە بێزاریی و دووبارەبوونەوە، کە کۆتایی دێت بەڕێکەوتن و شێوازەکانی گفتوگۆ وکارلێکی ڕۆژانەی نێوانیان. بۆیە هەر راستکردنەوەیەک لە هێما و میکانزمەکان هەڵوێستە توندەکان سووک دەکات، کە دەبێت هەلی لێبوردن و قبوڵکردن بڕەخسێت بۆ هەردوو هاوسەر.

١٣-٥ (General Systems Theory):

هیرن(Hearn) ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرە لەکاری کۆمەڵایەتی، لە توێژینەوەکان دەرکەوت کە داهێنانی مۆدێلەکانی مومارەسە لەخۆدەگرێت بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و دەستنیشانکردنی و دانانی پلان و شێوازەکانی دەستێوەردانی پیشەیی، ئەم تیۆرە چەند چەمکێک بەکاردەهێنێت ەەوانە؛ System ، Subsystems ، Open And closed system ، Boundar- ies ، Roles ، Relationships ، Equilibrium and stability. (الدخيل, ٢٠٠٦: ١١٢-١١٣). سەبارەت بە کێشەی شڵەژانی پەیوەندییەکانی نێوان هاوسەران، ئەم تیۆرە پراکتیزە دەکرێت بە پشتبەستن بە پەیوەندیەکانی نێوان هاوسەران و لێکەوتەکانی بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرزترین ئاستی هاوسەنگی لەنێوانیاندا (عفيفي، ٢٠١١: ل٣٧٢- ٣٧٣).

پرسیارەکان

پ١/ئایا پسپۆڕی کۆمەڵایەتی چ تیۆرێک تەوزیف دەکات بۆ تەفسیرکردن و شیکردنەوەیکێشەی توندوتیژی بەرامبەر منداڵان و ژنان؟

پ٢/ئایا پیادەکاری کۆمەڵایەتی چۆن پەیوەندی پیشەیی دروست دەکات لەگەڵ کلاینت بە سوود وەرگرتن لە تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی؟

پ٣/ئایا تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی چۆن تەوزیف دەکەیت لەئاراستەکردنی توێژینەوەکاندا؟

سەرچاوەکان:

الدخيل، عبدالعزيز عبدالله، (٢٠٠٦)، معجم مصطلحات الخدمة الاجتماعية والعلوم الاجتماعية،الطبعة الاولى، دارالمناهج للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

السنهورى، عبدالمنعم يوسف، (٢٠٠٩)، خدمة الفرد الاكلينيكيه، نظريات واتجاهات معاصره، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية،

الصديقي، سلوى عثمان، احمد، محمد مصطفى،(بدون سنة)، خدمة الفرد، المداخل النظرية في المجالات النوعية، مطبعة البحيرة.

الصديقي، سلوى عثمان، وعبدالسلام، هناء فايز، (٢٠١٢)، خدمة الفرد (مداخل- نظريات)، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.

العمري، ابو النجا محمد،(٢٠٠٠)، الخطوات المنهجية في بحوث الخدمة الاجتماعية، المكتبه الجامعية، الاسكندرية.

المليجى، حلمي،(٢٠٠٠)، علم النفس الاكلينيكي، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

حسن، عبدالباسط محمد،(١٩٨٢)، اصول البحث الاجتماعي، ط ٨، مكتبة وهبة، القاهرة.

زێباری، تاهیر حەسۆ، (٢٠١٧)، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسییدا، چاپی یەکەم، بەبێ چاپخانە، هەولێر.
سمیرة، (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، و: خەسرەو میراودەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، بەبێ شوێنی چاپ.
عجوبة، مختار ابراهیم،(٢٠١٠)، نظریات الخدمة الاجتماعیة واخلاقیاتها، الطبعة الاولی، دار عزة للنشر والتوزیع، السودان، الخرطوم.
عفیفی. عبدالخالق محمد،(٢٠١١)، بناء الاسرة والمشکلات الاسریة المعاصرة، المکتب الجامعي الحدیث، الاسکندریة،
علی، ماهر ابو المعاطی،(٢٠١٠)، الاتجاهات الحدیثة في الخدمة الاجتماعیة، المکتب الجامعي الحدیث، الاسکندریة.
محمد، محمد عبدالفتاح، (٢٠١١)، الاتجاهات النظریة المعاصرة لتنظیم المجتمع (نماذج ونظریات، مهارات مهنیة)، المکتب الجامعي الحدیث، الاسکندریة.
منقریوس، نصیف فهمی، (٢٠٠٩)، النظریات العلمیة والنماذج المهنیة بین البناء النظري والممارسة في العمل مع الجماعات ، المکتب الجامعي الحدیث، الاسکندریة.
منقریوس وآخروون، نصیف فهمی، (٢٠٠٤)، النماذج والنظریات في ممارسة خدمة الجماعه، مرکز نشر وتوزیع الکتاب الجامعي، مصر.
نجم، ضیاء الدین ابراهیم،(١٩٩٨)، الجماعات الاجتماعیة، مداخل نظریة ومواقف تطبیقیة، بدون مطبعة، مصر.

١-٣ میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا

کوردستان عمر محمد

پوختە:

ئەم بابەتە جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی بەکارهێنانی میتۆد لە توێژینەوەی زانستیدا، بەپێی ئەوەی کە میتۆدی زانستی دوورمان دەخاتەوە لەهەنگاوی زیادەو دەمانگەیەنێت بە ئەنجامی زانستی دروست. لەم پەیپەرەدا زیاتر جەختکراوەتەوە لەسەر میتۆدی چەندێتی و هەنگاوە سەرەکییەکانی ئەم میتۆدە بەپێی سەرچاوە زانستییەکان تاوەکو خوێنەری پێ ئاشنا بکەین.

زاراوە سەرەکییەکان: نمونە ، فۆرمی ڕاپرسی ، چاوپێکەوتن ، تێبینیکردن ، ئەزموونکردن

١-پێشەکی

کاتێک ناونیشانی توێژینەوەیەک دێتە بەردەستی توێژەر یان لە بیرو هۆشی توێژەردا بابەتێک بۆ توێژینەوە چەکەرەی کردووەو هاتۆتە سەر کەڵکەڵەی ئەنجامدانی، چۆن بزانێت کام میتۆدی بۆ دەبێت؟ لەڕاستیدا توێژەری بواری توێژینەوەی زانستی چەندە کاری توێژینەوەی ئەنجامدابێت یان بەدواداچوونی بۆ ناونیشان و توێژینەوەکانی بوارەکەی خۆی هەبێت هێندە ئاسانترو زانستیانەتر، بەبێ دووچاربوونی هەڵە، دەتوانێت میتۆد دەستنیشان بکات بۆ

توێژینەوەکەی. بۆ نمونە، کارێکی نەگونجاوە توێژەر پەنا بۆ میتۆدی چەندێتی نەبات لە بابەتێکی وەک (پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە گونجاندنی خودی و کۆمەڵایەتی لای ژنانی توشبوو بەنەخۆشی شێرپەنجەی مەمک) لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێژەی توشبووانی زۆر نزیکە یان زیاترە لە ستانداردی توشبوون بە نەخۆشییەکە لە جیهاندا، یان لەبابەتێکی وەک (دەسەڵاتی بڕیاردان لەخێزانی کوردیدا). ئەگەر تێبینی ئەو ناونیشانە بکەین کەچەندە گشتگیرو بەرفراوانە تەواو بۆمان دەردەکەوێت کەبەکارهێنانی میتۆدی چۆنێتی دووچاری هەڵەی میتۆدیمان دەکات. کەواتە ئەوەی بڕیار لەسەر بەکارهێنانی کام میتۆد بەدەر لەوی تریان دەدات میزاجە کەسییەکان نیەو حەزو ئارەزووە کەسییەکانیش نیە بۆ میتۆدەکان، بەڵکو ناونیشانی بابەت و توێژینەوەکانە کە زۆرشت یەکلایی دەکاتەوە. لێرەدا دەمانەوێت پاش ئەوەی توێژەر دڵنیابوو کە میتۆدی بەکارهاتوو بۆ توێژینەوەکەی چەندێتییە ئاشنای بکەین بەهەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی یەک بەدوای یەک. هەروەها هەریەک لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی و جۆرو شێوازی ئەو نمونەیەی کەدەبێت کاری لەسەر بکات پاش دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی.

٢-میتۆدی توێژینەوە

بریتییە لەو کۆمەڵە ڕێوشوێنە زانستییەی کەتوێژەری ئەکادیمی دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی توێژینەوەکەی بەئاراستەیەکی دروستی زانستیدا تێپەڕێت. خاڵی سەرەکی لەبەکارهێنانی میتۆددا دوورخستنەوەیە لەهەموو هەنگاوێکی زیادەو نازانستی کەئەشێ توێژەر بەرەو هەڵەی زانستی بەرێت (الحسن، ١٩٨٥: ل١٩٨). بەشێوەیەکی گشتی لەتوێژینەوە مرۆییەکاندا دوو میتۆدی سەرەکی بەرچاو دەکەوێت ئەوانیش:

- میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative Method)
- میتۆدی چەندێتی (Quantitative Method)

٣- میتۆدی چەندێتی

زۆرجار لەجیاتی ئەوەی بوترێت میتۆدی چۆنیەتی یان میتۆدی چەندێتی دەوترێت توێژینەوەی چۆنیەتی یان توێژینەوەی چەندێتی. بەواتای ئەوەی کە توێژینەوەکە پابەندە بەو میتۆدەو هەنگاوەکانی میتۆدەکەی بەکارهێناوە. هەندێکجاریش هەردوو میتۆدەکە لەنێو یەک توێژینەوەدا بەکاردێت. ئەوەی وا دەکات کەهەردوو میتۆدەکە لەنێو یەک توێژینەوەدا بەکاربێت سروشتی ئەو بابەتەیە کەتوێژەر هەڵیبژاردووەو ئامانجیەتی توێژینەوەی لەسەر ئەنجامبدات.

بەشێوەیەکی گشتی هەریەک لەم دوو میتۆدە کۆمەڵێک خەسڵەتی دیاری جیاکەرەوەیان هەیە لەیەکتر. بۆنمونە، لەمیتۆدی چۆنیەتیدا توێژەر بابەتەکە لەچوارچێوەی داتای ژمارەیدا ناخوێنێتەوە، بەڵکو پەنادەباتە بەر شیکردنەوەی ڕووداو و هەڵوێست و وێنەو وەسیقەو تۆمارە فەرمی و نافەرمییەکانی پەیوەندیدار بەبابەتەکەوە. هەروەها پەیوەندییە زارەکییەکان و چاوپێکەوتن و تۆمارە تایبەتییەکانی کەسەکان. قەبارەی نمونەی توێژینەوە لەمیتۆدی چۆنیەتیدا گەورەنیە و نمونەی هەرەمەکی لەگەڵدا ناگونجێت. بەڵام لەتوێژینەوەی چەندێتیدا هەمیشە گرنگی دەدرێت بەدروستکردنی پەیوەندی لەنێوان گۆڕاوەکاندا بەشێوەیەکی زانستی و گۆڕینی زانیارییە وەرگیراوەکان لەنمونە یان کۆمەڵگەی توێژینەوەوە بۆ داتاو زانیاری ژمارەیی و پاشان قسە لەسەر کردنیان. ئەم میتۆدە جەخت لەسەر بەکارهێنانی ئامڕازە ئامارییە جۆراوجۆرەکان دەکات بۆ شیکارکردنی داتاکانی. سیفەتێکی سەرەکی ئەم میتۆدە توانای پێشبینیکردنیەتی بەدیاردەو بابەتەکانەوە کەتوێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدرێت، بەپشتبەستن بەو ڕێساو یاسا ئاماریانەوە کە بۆ ئەم کارە بەکاردێن، هەمیشە قەبارەی وەرگیراو بۆ توێژینەوە چەندێتیەکان هەوڵدەدرێت گەورە بێت بۆئەوەی وێنەیەکی زانستی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات. ئەم هەنگاوە خاڵێکی نەتوانراو نیە لەتوێژینەوە چەندێتیەکاندا چونکە کار لەسەر بەرنامە ئامارییەکان دەکرێت و ئەنجامەکان بەپێی بەرنامەی ئاماری دەردەکرێت. (الجادری واخروون، ٢٠٠٥: ل١٧٣-١٧٤)

٤-ئامڕازەکانی میتۆدی چەندێتی

میتۆد واتە بەکارهێنانی چەند ئامڕازێکی زانستی یەک لەدوای یەک بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی. لە میتۆدی چەندێتی بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئامڕازانە بەکار دەهێنرێت؛ (کۆمەڵگە و نمونە فۆرمی ڕاپرسی چاوپێکەوتن تێبینیکردن ئەزموونکردن)

٤-١ کۆمەڵگە و نمونە: بەر لەباسکردنی نمونە لە توێژینەوەی چەندێتیدا پێویستە باس لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بکەین بەپێی ئەوەی کە هەنگاوی پێش هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، بەم پێیە کۆمەڵگەی توێژینەوە واتا کۆمەڵگەی تەواوی ئەو تاکانەی کە پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەوە. بۆ نمونە کاتێک ئێمە توێژینەوەیەک ئەنجام دەدەین لەژێر ناونیشانی: هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی سەبارەت بە ڕووداوە مێژوویەکان (ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ وەک نمونە) لە ناونیشانێکی ئەوهادا تەواوی خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی دەبنە کۆمەڵگەی ئەو توێژینەوەیەو، لەوێشدا ئەکرێت نمونەیەک وەربگیرێت لەو کۆمەڵگەیە، بەهۆی زۆری ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییەوە. ئەوەی بۆ ئاشنابوون بە کۆمەڵگەی توێژینەوە دەستدەدات کەباسبکرێت ئەوەیە کە دەکرێت کۆمەڵگەی توێژینەوە تاکەکەسەکان بێت یان خێزانەکان لەخۆبگرێت یان چەند دامەزراوەیەک. ئەمەش بەپێی ئەو ئامانجانەی کەتوێژەر لەنێو توێژینەوەکەیدا شوێنی کردۆتەوەو دەیەوێت پێیان بگات. ناکرێت ئەوە لەیادبکەین کە دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە خاڵێکی گرنگ و پڕبایەخە چونکە ئاسانکاری دەکات بۆ دیاریکردنی نمونەی توێژینەوە بەشێوەیەکی زانستی و بەدوور لە هەڵە (بۆکانی، ٢٠١٦: ل٢٥-٢٦).

نمونەی توێژینەوە هاوشێوەی بابەتی زانستە سروشتییەکانی وەک زانستی پزیشکی یان ئەندازیاری پێکدێت لەو سامپڵەی کەتوێژەر کۆی کارە مەیدانییەکانی لەسەر ئەنجام دەدات و تەواوی هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کە ئەو نمونەیەی وەریگرتووە وێنەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بۆ بکات تاوەکو لە ئەنجامدا وێنەیەکی پڕاوپڕی ئەو لایەنە بکێشێت کە توێژینەوەکە دەیگرێتەوە.

٤-١-١ چۆنیەتی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە:

چەند خاڵێک بەگرنگ و هەنگاوی سەرەتایی دادەنرێت لە هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەدا، کەبریتین لە:

١- دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە: پێویستە توێژەر لێرەدا زۆر بەوردی و زانستیانە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاری بکات و لەم بابەتەدا ڕوونی و ئاشکرایی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. بۆنمونە، کاتێک توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیەک لەسەر کێشەی خوێندکاران لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ئەنجامبدات، پێویستە سەرەتا کۆمەڵگەی بنەڕەتییەکەی دیاریبکات، وەک ئەوەی ئایا هەموو خوێندکارانی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان بێت یان خوێندکارانی قۆناغێکی دیاریکراوبێت.

٢- دیاریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە سەرەکییەکە: زۆر وریایانەو بە ئاگایانەو بەپشتبەستن بەتۆماری ڕاست و دروست بۆ ئەم بابەتە.

٣- هەڵبژاردنی نمونەی هاوشێوەی کۆمەڵگە: ئەم هەنگاوە ئاسانە ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگە توێژینەوەکە خەسڵەتەکانیان نزیک لەیەکترو هاوشێوەی یەکتربوون بۆ بابەتی توێژینەوەکە، بەڵام ئەو کاتە کارەکە قورستر دەبێت کە سیفەت و خەسڵەتەکان هاوشێوە نەبن یان دووربن لەیەکترەوە. هەربۆیە هەمیشە توێژەر ئاگادار دەکرێتەوە لە پەلەنەکردن لەم هەنگاوەدا .

٤- دیاریکردنی ژمارەی تەواو بۆ نمونە یان دیاریکردنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە کە ئەمیش پەیوەستە بە:

- نزیکی یان دووری یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.
- شێوازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە.
- تواناکانی توێژەر لەم بابەتەدا.

تاوەکو سیفەت و خەسڵەتی یەکەکانی توێژینەوەکە نزیکتربن لەیەکترەوە ئەوا ئاسایی و قبوڵکراوە لەڕووی زانستییەوە قەبارەی نمونەکە زۆر گەورە نەبێت چونکە توانای وێنەکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەی هەیە بەهۆی هاوشێوەیی سیفەتەکانەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە هەتاوەکو نمونەی

توێژینەوەکە لەسیفەت و خەسڵەتەکاندا لەیەکترەوە دووربن ئەوا پێویست دەکات قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە گەورە بکرێت تاوەکو بتوانرێت لەکۆتایدا ئەنجامەکان بگشتێنرێت. هەروەها شێوازی بەکارهاتوو لەتوێژینەوەکەدا بۆ نمونە لە توێژینەوە ڕووپێوییەکاندا لەبەرئەوەی کار لەسەر گشتاندن دەکرێت زیاتر بۆیە پێویستمان بەنمونەی قەبارە گەورەدەبێت. زۆرجار بەهەمان شێوە بۆ توێژینەوە ئەزموونگەراییەکانیش کەپێویست بە گروپەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دەکات هەر پێویست بەنمونەی قەبارە گەورە دەکات. لەهەمانکاتدا ئەو توێژەرەی دەیەوێت بگات بە ئەنجامی ووردو زانستی و تواناو ویستەکانی لەگەڵ ئەنجامی زانستی وردا کۆکە زۆرجار قەناعەت بە نمونەی بچووک ناکات و کار لەسەر نمونەی قەبارە گەورە دەکات بەجۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ توانا مادیی و مرۆییەکانیدا (عبیدات وأبوالسمید، ٢٠٠٢: ل٥٣-٥٥).

٤-١-٢ جۆرەکانی نمونە:

بەشێوەیەکی گشتی دوو شێواز لەنمونە کاری لەسەر دەکرێت بۆ توێژینەوەی بواری زانستە مرۆییەکان؛ ئەوانیش بریتین لە نمونەی هەڕەمەکی و نمونەی ناهەڕەمەکی (مەبەستدار). لەنمونەی هەڕەمەکیدا یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ناسراون بەمەش توێژەر ئەو تاکانەی هەڵیبژاردووە هاوشێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی زانستی و ووردی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەن. هەموو ئەم کارانەش لەپێناوی گشتاندنی ئەنجامەکاندا دەبێت. بەڵام لەنمونەی مەبەستداردا ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نەناسراون یان هەموویان ناسراونین بۆ توێژەر هەروەها نمونەکە مەرج نیە هاوشێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێت لەسەر ئەم بنەمایەش مەرج نیە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا جێبەجێ بکرێت (عماد، بێ بەرواری ساڵ: ل٥٦-٦٠).

٤-٢ فۆرمی ڕاپرسی: باوترین ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیارییە بۆ توێژینەوە چەندێتییەکان کەتیایدا توێژەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زانیاریەکانی پێویست بۆ توێژینەوەکەی دەست دەکەوێت.

شێوازی ڕاستەوخۆ واتە توێژەر لەڕێگەی خۆی یان ئەو گروپەی کە کاری لەگەڵ دەکات زانیاریەکانی دەستدەکەوێت و فۆرمی پڕکراوەی خۆی وەردەگرێتەوە. لەسوودەکانی ئەم شێوازە ئەوەیە کە تێچوونی کەمە، فۆرمی پەراوێزخراوی کەمە، ئەتوانرێت قەبارەی تەواوەتی نمونەکە دەست توێژەر بکەوێت. هەروەها توێژەر دڵنیا دەبێت لەوەی کە لێتوێژراو خۆی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە. هەر ناڕوونیەک یان کەموکورتییەک لەفۆرمەکەدا هەبێت توێژەر ئەتوانێت زۆر بەخێرایی و بەبێ تێپەڕبوونی هەڵە بەسەر دۆخەکەدا زاڵبێت. بەڵام لەخاڵە لاوازەکانی ئەوەیە کە مەرج نیە ئەم فۆرمە بۆ هەموو کەس دەسبدات وەک نەخوێندەوار یان نابینا. هەروەها هەندێکجار بەئامادەبوونی توێژەر لێتوێژراو وەڵامی ڕاستگۆیانە ناداتەوە. بەڵام فۆرمی ڕاپرسی ناڕاستەوخۆ واتە ئەو فۆرمانەی لەڕێگەی تەلەفۆن یان نامەو لەڕێگەی پۆستەو گەیاندنەوە یان لەڕێگەی گۆڤارو ڕۆژنامەوە یان تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و پەیوەندییەوە دەبێت کە هەریەک لەم ڕێگەیانەش لایەنی باشی و خراپی خۆی هەیە.

٤-٣ چاوپێکەوتن: ئامرازێکی گرنگی تری کۆکردنەوەی زانیارییەو بەتایبەت ئەگەر هاتوو یەکەکانی توێژینەوەکە توانای نوسین و خوێندنەوەیان نەبوو. لەم کاتەدا چاوپێکەوتن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت و چاوپێکەوتنەکەش زارەکی دەبێت و توێژەریش زانیارییەکان تۆماردەکات.

٤-٤ تێبینیکردن: ئامرازێکی تری گرنگە بۆ توێژینەوە چەندێتییەکان، چونکە هەڵگری کۆمەڵە خەسڵەتێکە کەبەدەر لەهەر ئامرازێکی تری کۆکردنەوەی زانیاری بوار دەدات بەتوێژەر کە تێبینی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکەکانی توێژینەوەکە بکات لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە تێبینی ڕەفتارو هەڵسوکەوت و شێوازی ژیان و پەیوەندی وکارلێکەکانی یەکەکانی توێژینەوەکە بکات.

٤-٥ ئەزموونکردن: ئەزموونکردن یان تاقیکردنەوە ئەتوانرێت پێی بوترێت ئامراز یان پێوەرێکی وورد کە کۆمەڵە پرسیارێک لەخۆدەگرێت یان ئامێری تایبەتی تێدا بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی دیاردەکانی وەک زیرەکی یان توانای خوێندکار.

ئەزموونکردن لەزۆر بواری وەک بەڕێوەبردن و پەروەردەو کۆمەڵایەتی و چالاکییە جۆراوجۆرە مرۆییەکاندا جا دەروونی بێت یان ئابووری یان ڕامیاری بەکاردێت (عبیدات وأبوالسمید، ٢٠٠٢: ل٧٥-٧٦).

چالاکی خوێندکار

چالاکی خوێندکار بریتی دەبێت لە پێشکەشکردنی پێشنیارێک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە میتۆدی چەندێتی بەپێی ئەو هەنگاوانەی کە نوسینی توێژینەوەی چەندێتی دەیخوازێت و پێویستە توێژەر لەکاتی نوسینی پێشنیاری زانستی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەدا پابەندبێت پێیەوە.

سەرچاوەکان

بۆکانی، سابیر. (٢٠١٦) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی١، خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی.

الجادری، عدنان وأخروون. (٢٠٠٥) مناهج البحث العلمی: أساسیات البحث العلمی، ط١، مؤسسة الوراق للنشرو التوزیع ، عمان.

الحسن، عبدالباسط محمد. (١٩٨٥) أصول البحث العلمی، مکتبة وهبة، قاهرة.

عبیدات، ذوقان وأبوالسمید، سهیله. (٢٠٠٢) البحث العلمی: البحث النوعی و البحث الکمی، ط١، دارالفکر، عمان، الاردن.

عماد، عبدالغنی، منهجیة البحث فی علم الاجتماع: أشکالیات، التقنیات، المقاربات، دارالطلیعة، بیروت.

١-٤ میتۆدی توێژینەوەی چۆنێتیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا

کاروان احمد نورەیی

پوختە:

توێژینەوە زانستیەکان لە بوارە جیاوازەکاندا لە بڕەودان. کاری کۆمەڵایەتیش، بە تایبەتی لەساتی هەنوکەدا، لە بڕەودایە. لەم نوسینەی بەردەستدا تاوتوێی توێژینەوەی چۆنێتیی کراوە کە میتۆدێکی سەرەکیە و لە توانایدایە بەشێوەیەکی وردو قوڵ لە کێشەو دیاردەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش سامپڵی قەبارە بچوک بەکاردەهێنێت. توێژەری چۆنێتیی ڕۆلی سەرەکی دەبینێت لە توێژینەوەدا، واتە هەر خۆی ڕۆدەچێتە ناو توێژینەوەکەوە و ڕۆڵی دەبێت لە کۆکردنەوەی داتاو زانیاریدا و شیکردنەوەی ورد بۆ زانیاریەکان دەکات. لەتوانایدایە بەشداری ڕاستەوخۆی هەبێت لە نێو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا و بەشداربێت وەکو تێبینیکارو چاوپێکەوتنکاری چۆنێتی. لەم جۆرە توێژینەوەدا ڕێگاو شێوازی ئەسنۆگرافی و مێژوویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک و کەیس ستەدی بەکار دەهێنرێت. بەڵام ئەنجامی توێژینەوەکەو شیکردنەوەکانی بەشێوەی ئینشائی و دارشتن یاخود چیرۆکئامێز دادەرێژرێتەوە. توێژەری چۆنێتی چاوپێکەوتنی وردوقوڵ و بەگروپ و تێبینی چۆنێتی بەکاردەهێنێت وەکو ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری. هەروەها جیاوازی بنەرەتی بەدی دەکرێت لە نێوان توێژینەوەی چۆنێتی و چەندێتی لە بنەمای هزری و تەکنیکی توێژینەوەو ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری و تێڕوانین بۆ گۆڕاوەکان و قەبارەو ژمارەی لێتوێژەران و زمانی دەربڕینی توێژینەوە و توێژەر خۆی بە دوور دەگرێت لە زمانی ئامار.

زاراوە سەرەکییەکان: میتۆد ، توێژینەوە ، چۆنێتی

١- چەمکی میتۆدی توێژینەوەی چۆنێتی

١-١ چەمکی توێژینەوەی چۆنێتی بایەخ بە میتۆدو ڕێگە (نائاماریەکان) دەدات لە لێکۆلینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا. هەروەها پشت دەبەستێ بە پڕۆسەیەکی (ئیستیقرائی)، واتە لە وردەوە بۆ گشت، کە تیایدا کۆمەڵێک تەکنیک ئاویتە دەبن؛ وەک چاوپێکەوتن و تێبینی و لێکۆلینەوەی بار و سامپڵەکان کە ئەمەیان بە شێوەیەکی قەبارە بچوک وەردەگیرێن. توێژینەوەی چۆنێتی داتا و زانیاریەکی بەرفراوان لە خودی لێتویژەران کۆدەکاتەوە سەبارەت بەو بابەتەی کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت (جلبی، ٢٠١٢: ل٨٣). هەروەها ئەم جۆرە لە توێژینەوە ئاماژەیە بۆ تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوەی سروشتی لەژیانی ڕۆژانە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو تێبینی ژیانی ڕۆژانە دەکرێت، ئەمەش لەسەر بنەمای تیۆری کارلێکی هێماکان (symbolic interaction) لێکدەدرێتەوە. توێژینەوەی چۆنێتی بایەخێکی زیاتر دەدات بە تێگەشتنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی خودی بەشداربووانەوە، ئەمەش توێژەر لە ڕێگەی بەشداریکردنی ژیانی ئاسایی لێتویژەران و تێکەڵاوبوونیانەوە دەستەبەری دەکات. توێژەرانی چۆنیتی پێیان وایە کە دەستکەوتنی داتاوزانیاری لە سەرچاوە سروشتیەکانیەوە دەستدەکەوێت و زۆر باشترە لەبوونی دووری بابەتیی لەنێوان توێژەر و لێتویژەردا. (خاطر، ٢٠٠٨: ل٨٠)

١-٢ ڕۆڵی توێژەر لە میتۆدی چۆنێتیدا

بەشێوەیەکی گشتی توێژەر چەند ڕۆلێکی هەیە لە میتۆدی چۆنێتیدا:

١-تێبینیکاری کامڵ: لێرەدا توێژەر بەشێوەیەکی تەواو نائامادەیە (بەجەستەو بە مەعنەوی) وەک ئەو کەسەی کە لە پەنجەرەیەکەوە بە یەک ئاڕاستە تێروانین دەکات و چاودێری دەکات.

٢-بەشداریکاری کامڵ: وەکو ڕۆڵی ئەو کەسەی کە بە ئەزموون و شارەزاییەکدا تێپەر بووە و ڕووداوەکانمان بیر ئەهێنێتەوە و بیروڕا دەنوسێتەوە سەبارەت بەو ئەزموون و هەڵوێستانەی کە تیایدا ژیاوە.

٣-تێبینیکاری بەشدار: ئەم ڕۆڵە لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی توێژینەوەی چۆنێتیدا دەگونجێ، کەلێرەدا وەکو تێبینیکاری بەشدار ڕۆڵی دەبێت لە کۆکردنەوەی داتاو زانیاریدا.

٤-تێبینیکاری ناوخۆیی: وەکو ئەو کەسەی کە لە شوێنگەیەکدا رۆلێکی هەیە بۆ نمونە بەرێوەبەر، سەرپەرشتیار، رابەر، مامۆستا، کە لەدۆخی تایبەتیدا بەکاردەهێنیرێت.

٥-چاوپێکەوتنکار: لەم جۆرە ڕۆڵـەدا توێژەر چاوپێکەوتن دەکات لەگەڵ هەرکەسێک کە پێویستە بۆ توێژینەوە لەکات و شوێنی خۆیدا، کە لە توێژینەوەی دیاردە گەراییدا بەکار دەهێنرێ.

٦-توێژەری بەشدار: لەم جۆرە ڕۆڵەدا توێژەر ڕۆڵی دووانەیی هەیە واتە لە یەک کاتدا توێژەر و بەشداری توێژینەوەکەیە، کە لە هەندێ حالەتدا بەکاردەهێنرێت هەرچەندە قورسە هەردوو ڕۆڵەکە پەیرەوە بکرێت. (أبو زینه واخروون، ٢٠٠٧: ل١٢٢)

٢- شێوازەکانی توێژینەوەی چۆنێتی

٢-١ لەم باسەدا شێوازەکانی توێژینەوەی چۆنێتی دەخرێتە ڕوو:

١-توێژینەوەی ئەسنۆگرافی (Ethnographic Research): چەمکی توێژینەوەی ئەسنۆگرافی لەسادەترین مانایدا بریتیە لە توێژینەوەیەکی ئاوێتەبوون و کارلێکیی کە تیایدا توێژەر لە شوێنگەی توێژینەوەکەدا تێبینی و چاودێری ئەو ڕووداوانە دەکات کە ڕوو دەدەن. وە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانەدا دەکات کە بوونەتە نمونەی توێژینەوەکەی. وە مانەوەی توێژەر لەو شوێنەدا توانای پێدەبەخشێت کە ڕووداواکان وەکو خۆی تێبینی بکات. توێژینەوەی ئەسنۆگرافی وەسفێکی شیکاری دیاردەکان و تێبینی کردنی بیروراو ڕووبینای تاکەکان و شیکردنەوە بۆ پرۆسەی کارلێکی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەم توێژینەوانە جەخت لەسەر ئەو بوارانە دەکەنەوە کە پێشتر توێژینەوەیان لەبارەوە نەکراوە و زانیاریی لەسەر کۆنەکراوەتەوە. (عبیدات وأبو السمید، ٢٠٠٢: ل٢٠٣)

٢-توێژینەوەی بار: ڕێگەیەکی زانستیە لە توێژینەوەی حاڵەتە تاکەکەسی و گروپەکان وکۆمەڵگەییەکان ئەم توێژینەوەیە بایەخ بە وردەکاری و قوڵایی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەدات. هەرەوها دایەگنۆسی هەر حاڵەتێک لە حاڵەتەکان دەکات کە توێژینەوەی لەسەر دەکات. باسی گرنگ لە توێژینەوەی باردا ئەوەیە کە بایەخ بە بارە ناسازو نێگەتیڤەکان، هەروەها بایەخ بەحاڵەتە سازو پۆزەتیڤەکان دەدات. (عقیل،٢٠١٠: ل١٤١)

٣-شێوازی مێژوویی (Historical Research): ئەم شێوازەش لە میتۆدی چۆنێتیدا بەکاردەهێنرێت. بایەخ دەدات بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر بنەمای دۆکیومێنت و تۆمارەکان و شوێنەوارەکان. جەخت لە سەر ڕووداوەکان و دیاردەکان و هەڵوێستەکان دەکاتەوە کە دوورو نزیک لەرابردوودا ڕوویان داوە. ئەمەش لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ پەرەسەندنی دیاردەکان و ڕووداوەکان و ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوونی بەشێوەی ئێستای. (سالم، ٢٠١٢: ل١٢٩)

٤-شیکردنەوەی ناوەرۆک (Content Analysis): یەکێکە لە شێوازەکانی توێژینەوە کە لەتوانایدایە زانیاری و داتای چۆنێتی بەدەست بێنێت. دەتوانرێت ئەم چەمکە بەم شێوەیە شی بکرێتە؛ شیکردنەوە، واتە پشکنینێکی وشیارانە و بەئاگایانە کە وەسفی ناوەرۆکی کەرەسەکانی گەیاندنی پێ دەکرێت. ناوەرۆک، بریتیە لە دەستنیشانکردنی ئەو مادەو بابەتەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت لە چوارچێوەی ژینگەی گشتیدا. ئەم شێوازەی توێژینەوە پشت دەبەستێ بەزانیاری ئامادەکراو، دۆکیومێنتەکان، چاپکراوەکان، یاساکان، وتراوەکان، فەرموودەکان. هەروەها پشت دەبەستی بە توێژینەوەی کەسایەتی کە کار دەکات بۆ پێکەوەبەستنی کردە بە وتراوەوە یان رەفتار بە کارەوە. ئەوەی کە گرنگە لەم شێوازانەی توێژینەوەی چۆنێتیدا ئەوەیە کە داتاو زانیاریەکان بەشێوەی شیکردنەوەو ڕاڤەکاری و ئەنجامی چیرۆکئامێز لەڕاپۆرتی توێژینەوە خستنەڕووی بۆ دەکرێت و داتاو زانیاریەکان ناکرێن بەژمارەو خشتەو دووبارەبووەکان. (حبیب، ٢٠١٣، الکتاب الاول: ل١٣٨).

٢-٢ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری

میتۆدی چۆنێتی چەند ئامرازێک بە شێوازی تایبەت بەخۆی لە توێژینەوەکانیدا بەگەڕ دەخات:

١-چاوپێکەوتنی وردو قوڵ (In-depth Interview): لەڕێگەی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنەوە توێژەر دەتوانێت ڕۆ بچێتە ناو هەستەکانی لێتوێژەرەوە بەرامبەر بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بەستنەوەی بەلایەنەکانی تری دیاردەکەوە. هەروەها تێگەشتن لەو یادەوەریانەی پەیوەندیان بە ڕووداوەکانی رابردوەوە هەیە. بەیارمەتی ئەم تەکنیکە توێژەر هەندێ داتاو زانیاری دەست دەکەوێت کە ناتوانێت بەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی دەستی بکەوێت.

٢-تێبینی بە بەشداریکردن (Participant Observation): ئەم جۆرە لەتێبینی وا دەخوازێت کە توێژەر بەشداری ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان بکات، بۆ ئەوەی لەڕاستی هەڵویستەکان تێبگات کە تیایدا رەچاوی ئەم خاڵانە دەکرێت:

أ- پرۆژەی توێژینەوەکە لە شێوەی پلانێکدا ئامادە دەکرێت و بە شێوەیەکی رێژەیی ئامانجەکانی دەست نیشان دەکات.

ب- پێویستە توێژەر بەشداری لەژیانی ئەو کەسانەدا بکات کە تێبینیان دەکات.

٣-تێبینی بەبێ بەشداریکردن (Non-participant Observation): لەم تەکنیکەدا توێژەر دابڕاو دەبێت لەگەڵ لێتوێژەرەکانیدا. بەم شێوازە پێویستە توێژەر بەوپەڕی تواناوە بەشێوەیەکی نهێنی تیێبینی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بکات.

٤-چاوپێکەوتنی بەگرووپ (Focus Group): لەم تەکنیکەدا توێژەر چەند گروپێکی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکە دروست دەکات و دەبێتە مۆتیڤ بۆ خوڵقاندنی کەشێکی گونجاو بۆ گفتۆگۆو حیواری زانستی سەبارەت بە بابەتە سەرەکی و لاوەکیەکان. وە توێژەر ڕاستیەکان لەو ڕێگایەوە دەخاتەڕوو پاشان تۆماریان دەکات و شیکردنەوەیان بۆ دەکات و دەیان بەستێتەوە بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە. (حبیب، ٢٠١٣، الکتاب الثانی: ل١٦٦- ١٦٨).

٢-٣ جیاوازی نێوان میتۆدی توێژینەوەی چۆنێتی و چەندێتی

ڕووی جیاوازی	میتۆدی چۆنێتی	میتۆدی چەندێتی
بنەمای هزری	ڕەهەندی (خودیی) ئەزموونی مرۆڤایەتی بونیادنەری ئەم میتۆدەیە	دەگەڕێتەوە بۆفەلسەفەی وەزعی لۆژیکی (بابەتی)
کێشەی توێژینەوە	بەشێوەیەکی سەرەتایی دەست نیشان دەکرێت ودوای کۆکردنەوەی داتاکان دەتوانرێت بونیاد بنرێتەوە	پێش دەستپێکردنی توێژینەوە بەشێوەیەکی وورد دەستنیشان دەکرێت
زمانی توێژینەوە	بەوشەو دەستەواژەو شیکردنەوەو ڕاڤەرکردن سروشت و کرۆکی دیاردەکان دەخرێتە ڕوو	بەژمارە و ئامار گوزارشتی لێدەکرێت
گۆراوەکان	جەختکردنەوە لەسەر مۆرکی چۆنێتی گۆڕاو	جەختکردنەوە لەسەر مۆرکی چەندێتی گۆڕاو
دەستنیشانکردنی چەمکەکان	لەشێوەی بابەت و پۆلێنکردنەو لە هەموو بوارەکانیدا کراوەیی تێدایە	چەند گۆڕاوێکی وردەو پێش دەستنیشانکردنی توێژینەوە دیاری دەکرێت
ژمارەی لێتوێژەران	ژمارەیەکی بچوکە و زۆرینە پێیان وایە لە(١- ٤٠) دەبێت	ژمارەیەکی گەورەیەو پەیوەستە بە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری
ڕۆڵی توێژەر	بەشێوەیەکی چروپڕ ڕۆدەچێتە ناو توێژینەوەکە	دابڕاو و لاوەکیە
ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری	چاوپێکەوتنی ورد و چاوپێکەوتنی بە گرووپ و تێبینی و فۆرمی کەیس ستەدی	فۆرمی پرسیارنامە و چاوپێکەوتنی ڕێکخراو و تێبینی. (فۆرمی کەیس ستەدی بەڵام بە ژمارە گوزارشت لە ئەنجامی توێژینەوەکە بکرێت)

ڕێبازی کارکردن	شێوازی ئەسنۆگرافی، لێکۆڵینەوەی بارو مێژوویی و شیکردنەوەی ناوەرۆک بەکاردەهێنێت بەڵام بەشێوەی شیکردنەوەو ڕاڤەکاری و چیرۆکئامێز گوزارشتی لێدەکرێت .	شێوازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و ئەزموونگەریی و لێکۆڵینەوەی بارو مێژوویی و شیکردنەوەی ناوەرۆک بەکار دەهێنێت بەڵام بەژمارەو ئامار گوزارشت لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەکات

(ابوعلی، ٢٠١٤: ل٣١٠)

پرسیارەکان

پ١/ مەبەست چیە لە توێژینەوەی چۆنێتی؟

پ٢/ توێژینەوەی چۆنێتی بە چ شێوازێک دەکۆڵێتەوە لە دیاردەکۆمەڵایەتیەکان و کێشەو ڕووداوەکان.

پ٣/ پسپۆری کۆمەڵایەتی کاتێک ڕۆڵی توێژەر دەبینێت، ئەو ڕۆڵانە چۆن بەرجەستە دەکات لە توێژینەوەدا؟

پ٤/ جیاوازی چیە لە نێوان توێژینەوەی چۆنێتی و چەندێتی لە ڕووی:

أ)ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری

ب)ڕێبازی کارکردن (میتۆدی توێژینەوەی بار، مێژوویی، ڕووپیوی کۆمەڵایەتی، ئەسنۆگرافی)

ت)زمانی دەربڕینی توێژینەوەکە

سەرچاوەکان

ابو زينه، فريد كامل واخروون (٢٠٠٧) مناهج البحث العلمى: طرق البحث النوعى، ط٢، دار المسيرة، عمان.

جلبى، د. على عبدالزاق . (٢٠٠٢) المناهج الكمية والكيفية فى علم الاجتماع، دارالمعرف الجامعية للنشروالتوزيع، الاسكندرية. مصر.

حبيب، د. جمال شحاتة. (٢٠١٣) قضايا منهجية فى البحث فى الخدمة الاجتماعية والعلوم الانسانية. المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، مصر.

حبيب، د. جمال شحاته. (٢٠١٣) مناهج البحث العلمى فى الخدمة الاجتماعية والعلوم الانسانية. المكتب الجامعى الحديث، الاسكندريه، مصر.

حسين، د. عقيل. (٢٠١٠) خطوات البحث العلمى، ط١، دارابن كثير، دمشق، سوريا

خاطر ، د. احمد مصطفى. (٢٠٠٨) استخدام المنهج العلمى فى بحوث الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية. مصر.

سالم، سماح سالم (٢٠١٢). البحث الاجتماعى، ط١، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.

عبيدات، د.ذوقان. والسميد، د. سهيله، (٢٠٠٢) البحث العلمى: البحث النوعى و البحث الكمى، ط١، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

على، د. ماهر ابو المعاطى. (٢٠١٤) الاتجاهات الحديثة فى البحوث الكمية والكيفية ودراسات الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، مصر.

٢- چوارچێوەی کارکردنی کاری کۆمەڵایەتی و ئاڕاستە پیشەییەکانی

٢-١ شوناسی پیشەیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا

کریستین سوننبێرگ و فەرەیدون عارف سعید

پوختە:

ئەم چاپتەرە هەوڵێکە بۆ ناساندنی زاراوەی شوناسی پیشەیی ‹professional identity› لە کاری کۆمەڵایەتیدا. ئەمەیش لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری بنەڕەتی پیشەیی، لەگەڵ خستنەڕووی نموونە لە روانگەو تێڕوانینە جیاوازەکانی کاری کۆمەڵایەتی؛ ئاستی زانستی، لەنێویدا (دیسکۆرس) گوتاری ئەکادیمی، کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کاری کۆمەڵایەتی، ئاستی فێرکاری لەگەڵ تێڕوانینی وانەبێژان و خوێندکاران.

زاراوە سەرەکییەکان: شوناسی پیشەیی، کاری کۆمەڵایەتی، چەمکی خود، دانپێدانانی کۆمەڵایەتی، دەرککردن.

پێشەکی

شوناسی پیشەیی چەمکێکە بۆ وەسفکردنی ئەوەی کە چۆن دەرک بە خۆمان دەکەین یان خۆمان دەبینینەوە لە سیاقی پیشەییدا، هاوکات چۆن دەیگوازینەوە بۆ ئەوانی تر (Neary 2014).

بە لەبەرچاوگرتنی پێناسەیەکی فراوان وەک خاڵی دەستپێک، دەکرێت بڵێین: شوناسی پیشەیی بریتییە لە مانایەک، یان کۆمەڵە مانایەک کە تاکەکان بەکاریدەهێنن بۆ وەسفکردنی چۆنێتی دەرکپێکردن و هەست بە خۆکردنیان

لە سیاقی پیشەییدا. کە هەر ئەو مانایەیە بەشدارە لە دروستکردنی شوناسی پیشەییان و چەمکی (خود)یش لەخۆدەگرێت. ژمارەیەک تیۆری جیاواز بە ڕێگاو لە روانگەی جیاوازو بەشێوەیەکی واقیعی و دروست و کۆنکرێتی بەشداریان کردووە لە پێناسەکردنی چەمکی شوناسی پیشەیی. هەروەها دەکرێت بیر لە شوناسی پیشەیی بکرێتەوە لە روانگەی کەسییەوە یان وەک زاراوەیەکی کەسی، کە تێیدا کەسەکان وەک پسپۆڕی کۆمەڵایەتی خۆیان دەناسێنن (Webb 2017: p.12) .

روانگە لەناو گوتاری ئەکادیمیدا – تیۆری پیشەیی

یەکەمین کۆمەڵە میتۆدی تیۆری سێنتراڵ و سەرەکی دەربارەی شوناسی پیشەیی، سەرچاوەی گرتووە لە (کۆمەڵناسی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی و تیۆری کاری کۆمەڵایەتی).

دەتوانین سەرەکیترین جیاوازییەکان ببینین لەنێوان جیاکاری لە ستراکچەری پیشەکاندا (پێگەی کۆمەڵایەتی، پێوەرو ستانداردەکان، سەربەخۆیی و ئیتیکی پیشەیی)، هەروەها روانگەو تێڕوانینەکانیش لەسەر بنەمای پراکتیزەکردنی (توانست و ئیتیکی پیشەیی) بونیاد دەنرێن.

لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە ژمارەیەک تیۆری کۆمەڵایەتی جیاواز بوونیان هەیە کە گەنگەشەی پێناسەی (تیۆری پیشە) دەکەن، جا ئەگەر بەپێی ستانداردەکان، کاری کۆمەڵایەتی هەرچییەک بێت (پیشە یان پسپۆڕی)، گرنگە کە پشت ئەستوور بێت بە یاساو ڕێساکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی، وەک هەر پیشەیەکی تر.

هاوکات کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کاری کۆمەڵایەتی بە ڕوونی ئەوەیان دیاری کردووە، کە لە ڕووی سیاسییەوە سەرپشک بن لە چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی سستەمی نادادپەروەر، یان ستراکچەرو پەیکەری دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا. دواین روانگە بۆ پیشەگەرایی پێیوایە کە پێویستە لەسەر بنەمای رەنگدانەوەی تواناو کاری پراکتیکی و بیرکردنەوەی پسپۆڕان بێت لە ڕێساکانی مەعریفە،

وەکو مەعریفەی تیۆری و پراکتیکی، یاخود میتۆدی تیۆری کێبڕکێکاری، لەگەڵ بەکارهێنانی بۆ شیکردنەوەی کەیس و بارودۆخە جیاوازەکان. زیاتر لەمەش پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کلاینت زۆر گرنگە، هەروەک پێویستە ڕەچاوکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و میتۆدی ڕێزگرتن و بەشداریپێکردن لەخۆ بگرێت لەپێناو پاڵپشتیکردن و دەستەبەری ئازادی بۆ کلاینتەکە. ئەم تیۆرییە وەرگیراوە لە (دیووی و ئۆتۆ) (Dewe and Otto 2011).

دووەمین تیۆری کە دەکرێت گەنگەشە بکرێت، تیۆری دەروونییە دەربارەی شوناس. بۆ نموونە (کیوپ Keupp) ئاماژە بەوە دەکات کە پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستیان بە شوناسێکی نەرم (خۆگونجێن) هەیە. بەو مانایەی کە ئەو ئەزموونانەی کاریگەریان دەبێت لەسەر چەمکی خود لای کەسەکە، بەوپێیەی پرۆسەیەکی بەردەوامەو بەشێک لە شوناسی کار، خێزان، کاتی بێ ئیشی لەخۆدەگرێت. زیاتر لەمەش هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بایۆگرافی و جۆری ئاکارو ڕەفتاری پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی (Keupp 2006). لێرەدا سیستەمێکی پێکەوەگرێدراو هەیە بەئاڕاستەی مرۆڤ و کۆمەڵگەو سروشت، کە تاک لە میانەیەوە شیکاری بۆ شوناسی خۆی دەکات و ڕەنگدانەوەی لەسەری دەبێت و گەشەی پێدەدات.

تیۆری سێیەم، وای دەبینێت کە شوناسی پیشەیی، پێکهاتەیەکە لە عەقڵێکی کراوە، لەگەڵ توانای وەرگرتن و قبوڵکردنی رای لۆژیکی. ئەم شوناسە کراوەو خۆگونجێنە بۆ پسپۆری کۆمەڵایەتی وەک خاڵێکی بەهێزوایە، ئەگەر بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاڵۆزییەکان بکات (Kleve 2011).

تیۆری چوارەم، سەرنجی لەسەر ئەوەیە کە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا وەک ئامێرێکە (Von Spiegel 2011). لەگەڵ توانستێک لەسەر بنەمای مەعریفەی تیۆری، میتۆدو شێواز، تەکنیک (کارامەیی پیشەیی)، پێگەو ڕەفتاری کەسی، بەتایبەتی توانستی کۆمەڵایەتی و خودی، چونکە مرۆڤ دەکەوێتە ناو هەندێ پرۆسەو بارودۆخەوە کە بەهۆیەوە هەڵسەنگاندن بۆ خۆی و بۆ گەشەپێدانی تواناکانی خۆی بکات (Heiner 2004, 2016). هەروەک کۆمەڵەو

ڕێکخراوەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەتوانن، پڕۆفایل و تواناکانی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاری بکەن.

ئەم میتۆدە تیۆریانە وەرگیراوە لە گوتاری وڵاتانی ئەڵمانی زمان، هاوشێوەی گفتوگۆو گوتاری وڵاتانی ئینگلیزی زمان. ئەم تیۆریانە پێویستە بەشێوەیەکی وردو زانستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و تاقیبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند دەگونجێت لەگەڵ کولتوورو بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا. هەروەک پێویستە میتۆدی گرنگ زیادبکرێ بۆ گوتاری تیۆریی شوناسی پیشەیی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی.

روانگە لەناو فێرکردن و خوێندنی کاری کۆمەڵایەتیدا

شوناسی پیشەیی، (تێگەیشتن و هەست بە شانازیکردن)ی تاکە بە پیشەکەی، کە زۆر گرنگن بۆ متمانە بەخۆبوون و ڕازیبوونی تاک بەو پیشەیەی کە هەڵیبژاردووە، لەگەڵ بەردەوامبوون لەسەری و دانپێدانانی کۆمەڵگەو دەوروبەر بە پیشەکەی (Gray 2001: p.12). شوناسی پیشەیی لەکایەی کۆمەڵایەتیدا بونیاد دەنرێت لەسەر بنەمای چالاکی تاک و چالاکی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک کە بەردەوام ئەگەری گفتوگۆو پێداچوونەوەو گۆڕانکاری هەبێت، بەپێی کات و شوێن، مەترياڵ، پەیوەندی و ئەزموونی کەسی.

(وایلز ٢٠٠٣) بونیادی شوناسی کاری کۆمەڵایەتی ئاشکرا کرد لەنێو ئەو خوێندکارانەی سەرقاڵی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی (بەکالۆریۆس)ن. هەروەک چەند توێژەرێک لە توێژینەوەیەکی چۆنێتیدا، سێ جۆر میتۆدیان دیاریکرد کە دەتوانن ببنە هۆکاری گەشەپێدانی شوناسی پیشەیی خوێندکاران: ١- پاڵپشتی لەلایەنە باش و ویستراوەکانی پیشەیی. ٢- پەیوەستی لەگەڵ شوناسی هاوبەش (پێکەوەیی). ٣- پێشخستنی پڕۆسەی ناوەکی شوناسی پیشەیی خوێندکار (Humphreys et al. 2019) .

شوناسی پیشەیی دووجۆر ڕەگەزی پێکەوە گرێدراو لەخۆدەگرێت: (Interpersonal) کەسێتی، کە پەیوەندی بە کولتوور، مەعریفە،

کارامەیی، بەهاو بیروباوەڕی پیشەیی تاکەوە هەیە، واتە ئەوەی کە وەریاندەگرێت. هەروەها (Intrapersonal) ناو کەسێتی یان کەسێتی ناوکی، کە بریتییە لە وێناکردنی تاک بۆ خودی خۆی لە سیاقی پیشەکەیدا (Tsakissiris 2015: p.26).

بەتێپەڕبوونی کات شوناسی پیشەیی گەشە دەکات و بەرەوپێش دەچێت. هەرگیز مانای شوناسی پیشەیی لە چوارچێوەی چەمکێکدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو کاریگەر دەبێت بە کۆمەڵێک هۆکارو ئەزموونی کەڵەکەبوو کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پەیدا بوون (Alves and Gazzola 2011: p. 198).

دروستبوونی شوناسی پیشەیی لەگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆیی تەواو نابێت، یاخود فۆرمی کۆتایی وەرناگرێت. چونکە شوناسی پیشەیی بەپێی کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت. هەروەک مرۆڤ لەگەڵ قاڵبوونەوە لە پیشەکەیدا پێگەیشتووتر دەبێت و لەدەرەوەو لەناو کارەکەی و لەپراکتیکدا گۆڕانکاری لە پێگەکەیدا دەکات (Trede and McEwen 2012).

روانگەی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کاری کۆمەڵایەتیدا:

پەسەندترین پێناسە کە بۆ کاری کۆمەڵایەتی کرابێت و کۆدەنگی لەسەر بێت، ئەو پێناسە جیهانیەیە کە لەلایەن فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی (International Federation of Social Workers) بۆ ئەم چەمکە کراوە:

کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکە لەسەر بنەمای پراکتیزەکردن و دیسپلینی ئەکادیمی بونیادنراوە، کە پاڵپشتی دەکات لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، گەشەپێدان، هاوبەندی کۆمەڵایەتی، تواناسازی و بەدەستهێنانی ئازادی. دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پاراستنی مافی مرۆڤ، بەرپرسیارێتی هاوبەش و ڕێزگرتن لە جیاوازی و فرەیی، لە گرنگترین و سەرەکیترین پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتین. هەروەک پشت ئەستورە بە تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی، زانستە

کۆمەڵایەتییەکان، زانستە مرۆییەکان، مەعریفەی سروشتی و رەسەن. کاری کۆمەڵایەتی بەشداری بە خەڵکی و بونیادەکان دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئالەنگارییەکانی ژیان و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ (IFSW and IASSW 2014).

شوناسی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی وا دەناسێنرێت کە لەخۆگرتنی زانین و کارامەیی و نەریتی پیشەیی و رەفتارو بەهاو پەیامی کاری کۆمەڵایەتییە. هەروەک گەشەپێدانی دەروەستبوونە بە بنەماکانی کاری پراکتیکەوە لەسەر ئاستەکانی (تاک، گروپ، گشتی)، لەگەڵ جەختکردنە سەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی (Adams et al. 2006; Bogo et al. 1993).

ئاشکرایە کاری کۆمەڵایەتی کایەیەکی فراوانی کاری پراکتیکی لەخۆدەگرێت لەسەر هەر سێ ئاستی micro-practice, meso and macro-practice (ورد، مامناوەند، درشت)، بەڵام هەست بەجۆرێک لە کەموکوڕیی دەکرێت لە بوونی یەک شوناسی پیشەیی یەکگرتوو. لەم روانگەیەوە دەمانەوێت وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە، وەکو: ئەو بەهاو چەمکە بنەڕەتیانە چین بۆ کاری کۆمەڵایەتی کە جۆری پیشەکە دیارو پێناسە دەکەن؟ چۆن ئەم بەهاو چەمکانە یارمەتی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی و خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی و توێژەران دەدەن بۆ زیاتر ناسینی خۆیان و پێگەیان، وەک کەسێکی پیشەگەر.

شوناسی پیشەیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا پەیوەستییەکی ناچاری نییە بە هیچ بونیادێکی ڕێکخراوەیی دیاریکراوەوە، بەڵکو لەبری ئەوە پێویستە شوناسی پیشەیی بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر کۆمەڵێک بەهاو پرەنسیپی بنەڕەتی بونیاد بنرێت، ئەمەش لەپێناو جیاکردنەوەی بەشداریی پیسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بەشداریی کارمەندانی نێو دەزگایەکی تر. هەروەها بۆ پاراستن و نەسرینەوەی سنووری کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە ئەگەری گەشەسەندنی پیشەکانی تر. چونکە پرسی بەکارخستنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کاری کۆمەڵایەتی پەیوەستییەکی گەرەنتیکراوی هەیە بە پرسی شوناسی پیشەییەوە (Asquith et al. 2005: p.39). هەروەک شوناسی پیشەیی بوونێکی جێگیری نییە، بەڵکو

پڕۆسەیەکی بەردەوامە بۆ ڕاڤەکردن و دەستنیشانکردن، کە شێوە دەگرێت لە میانەی هۆکارەکان و شوێنی کار. پەیوەست بەم بابەتەوە فۆرمگرتنی شوناس وا دەردەکەوێت کارلێکی زیاترو گرفت ئامێزتربێت بەراورد بە تێگەیشتن لە ڕۆڵ و جۆری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پیشەگەر (Webb 2015: p.3).

دەیەی رابردوو گرنگییێدانێکی زیاتری بە شوناسی پیشەیی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینی، تایبەت بە خوێندکاران بەشێوەیەکی زیاتر لێی دەڕوانرێت، بەوپێیەی دەرەنجامێکی کاریگەرو گرنگە بۆ قۆناغێکی فێربوونی سەرکەوتوو، کە پێویستە پەرەی پێبدرێت و بپارێزرێت بەدرێژایی ژیانی پیشەییان لەکاری کۆمەڵایەتیدا.

لە پرسی (شوناس)دا ئاشکرایی و متمانە بە فاکتەڕێکی گرنگ دادەنرێت بۆ باشترکردن و بەرەوپێشچوونی بەشداری و ئەدای پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لەکارکردنیان لەگەڵ پیشەگەرەکانی تر. دەگوترێت، هەستکردنێکی بەهێزو ئەڕێنی بە شوناسی پیشەیی، پاڵپشتی ئارامی و دانبەخۆداگرتنی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات بەرامبەر بە ستریس و ماندووبوونیان (Wiles 2017: p.35).

کاتێک شوناسی پیشەیی دەبەسترێتەوە بە چەمکی پیشەگەریی 'professionalism'، ئەوا دەبەسترێتەوە بە ڕێکخستن و سیستمی کاری پسپۆڕان و ئەزموونداره‌کان و دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری ناپیشەیی 'unprofessional'. هەموو ئەمانەش زۆرینەی جار لە دۆکۆمێنتی (ئیتیکی پیشەیی)دا دەنوسرێت، لەپێناو دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری هەڵەو خراپ مامەڵەکردن لەبواری پراکتیکدا، لەگەڵ پێدانی ڕێنمایی بۆ بەرچاوڕوونی زیاترو بڕیار وەرگرتن یان توانای بڕیاردان لەکاتە سەختەکاندا.

شێوەگرتنی شوناسی پیشەیی هەندێکجار دەرەنجامی نێگەتیڤی دەبێت و کارێکی باش و پێویست نابێت، بەتایبەت لەچوارچێوەی زۆرلێکردنێکی ڕێکخراوەییدا. چونکە ڕێکخراوەکان لە شوێنی کاریاندا جۆرێک لە کاریگەرییان هەیە لەسەر تاک و بەشداربووان لە ڕێگەی شوناس و دەرفەتی خۆناسین و لەڕێگەی ڕێکخستنی بەندەکانی ئیتیکی پیشەیی (Webb 2015: p.7).

گرنگی شوناسی پیشەیی

بۆچی شوناسی پیشەیی بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخە لە کاری کۆمەڵایەتیدا؟ دەکرێت بڵێین هۆکاری گرنگییەکەی ئەو ڕاستیەیە کە شوناسی پیشەیی تەنها کاریگەری نییە لەسەر توانای خۆناسینی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو کاریگەریشی هەیە لەسەر چۆنێتی ناسینەوەی پسپۆڕانی کاری کۆمەڵایەتی و ئاشنابوونیان لەلایەن گروپەکانی تری وەک خاوەن پیشەکانی ترو بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری (کلاینت) و خەڵکانی دەرەوە. زیاتر لەمەیش شێوەگرتنی شوناسی پیشەیی لەکاری کۆمەڵایەتیدا پەیوەستییەکی گرنگی هەیە بە کۆمەڵێک چەمک و بابەتی جیاوازەوە، وەکو: ئەدای کار، دەروەستبوون، نەرمی نواندن، ڕازیبوون بە کارو ئەرک، بەکارخستن، توانای هێشتنەوەو پارێزگاری لێکردن (Park 2018: p.1).

لەلایەکی ترەوە شوناسی پیشەیی بۆی هەیە کاریگەر بێت بە کۆمەڵێک هۆکار، بەڵام گرنگە توانای پەیوەستی هەبێت لەگەڵ ئەوەی کە مانای کاری کۆمەڵایەتی چییە بۆ هەر کەسێک، لەگەڵ دووبارە وەرگرتنی ئەزموونی زیاتر (Moorhead 2017: p.400).

شوناسی پیشەیی گرنگە بۆ پسپۆڕانی کاری کۆمەڵایەتی، چونکە پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستە توانای وەدەرخستن و ناساندن و گەیاندنی پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتیان هەبێت لە ڕێگەی بڕیاردانی پیشەیی، دروستکردنی بڕیار، مامەڵەکردن لە چوارچێوەیەکی بەرپرسیارانەی پیشەیی. (کامپانینی،٢٠١٢) ئاشکرایکرد کە دەستنیشانکردنی شوناسی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی و پاراستنی ڕەهەندێکی گرنگە بۆ ئەزموونە پیشەییە نوێیەکان، هەروەک پسپۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکان بەپێزانین و گرنگییەوە ئەم هەلە بەرزدەنرخێنن (Wiles 2017: p.35).

شوناسی پیشەیی، میکانیزمێکی مەعریفی گرنگە کە کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوێستی کرێکاران و ڕەفتارو کاریگەرییان لەشوێنی کارو دەرەوەی کار. بەم هۆیەوەو لە رابردوودا تێگەیشتن و بیرکردنەوەی کەسی پیشەیی دەربارەی خۆی، جێی سەرنجی توێژەران و بابەتی سەرەکی چەندین توێژینەوەی زانستی بووە (Caza and Creary 2016: p.4).

ئالنگارییەکان لە پیشە مرۆییەکانی تردا

پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەگەڵ زۆرینەی کەیس و کێشە ئاڵۆزەکاندا کاردەکەن، بەتایبەت ئەو کەیسانەی کە بە دەستێوەردانی پزیشکی و سایکۆلۆجی ناتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت، یاخود بابەتگەلێک بەهۆکاری کۆمەڵایەتی وەک: هەژاریی، بێلانەیی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لەسەر بنەمای بەڵگەی پراکتیکی لە کاتی کارکردن لەبواری خزمەتگوزاری تەندروستی ژیری، پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی زیاتر لەتوانای خۆیان خەرج دەکەن بەتایبەت لە دەستێوەردانی دەروونیدا، لەبری هاوکاریکردن بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی بەڵگەو داتاکانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی IFSW لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی بەگشتی ڕووبەڕووی ئالینگاری جیاکاری دەبنەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە: تەمەن، توانست، بارودۆخی مەدەنی، چینی کۆمەڵایەتی، کولتوور، نەتەوە، ڕەگەز، شوناسی جێندەریی، زمان، هاوڵاتی (یان بێ ڕەگەزنامە)، راو بۆچوون، تایبەتمەندی جەستەیی تر، توانای جەستەیی یان عەقڵی، بیروباوەڕی سیاسی، هەژاری، نەژاد، یاخود حاڵەتی پەیوەندیدار بە ئایین، سێکس یان مەیلی سێکسی جیاواز، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بیروباوەڕی ڕۆحی و بونیادی خێزانی (IFSW and IASSW 2018).

دەگوترێت کە شێوەگرتنی شوناسی پیشەیی پڕۆسەیەکی ئاڵۆزو دوورو درێژە، تەژییە لە ئالینگاری و کێشەی جۆراوجۆر. هەروەک ئەم پڕۆسەیە لە سیاقێکی دیاریکراوی کولتووریدا جێگای خۆی گرتووە. ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز دەگرێتەخۆی: کەسێتی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی، پیشەیی، جیهانی، هتد (Ivanova and Mincane 2016).

دیدە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە شوناسی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی مێژوویيە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی خانەو ڕێکخراوە خێرخوازییەکان، وەک ئەوەی گفتوگۆی ڕۆڵی کاری کۆمەڵایەتی و پیشەیی بوونمان کرد لە کۆمەڵگەدا، چونکە کەمتوانایی لە پەسەندکردن و گەنگەشەکردنی ڕۆڵی ئێمە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەسەندنی شوناسی پیشەیی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی (Pullen, Sansfacon and Crete 2016: pp.767-779).

دواجـار کـاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی هەمەجۆرە، بەشێوەی پراکتیک و لـەسـەر ئاستی جـیـاواز خـزمـەتـگـوزاری پێشکەشی کۆمـەڵـە خەڵکێکی جـیـاواز دەکـات. کـە ئـەمـەش بـە خـاڵی بـەهـێزی ئـەم پیشەیە دادەنـرێـت. هـەروەک ئـەم هەمەچەشنییە وایـکـردووە کـە پیشەکە بـە یـەک ئاڕاستەی دیاریکراو نـەڕوات، یان سیمبولێکی دیاریکراو کە هەمووان دانی پێدابنێن (Loseke and Cahill 1986: p.255).

تێگەیشتن لەم ئالنگارییانە پاڵنەڕێکن بۆ گەشەپێدان، فێرکردن، ژیان لەگەڵ شوناسێکی پیشەیی دیاریکراو، کە بەتەواوی جیاوازبێت لە زانست و پیشە مرۆییەکانی تر. هـەروەک لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی نوێی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، هاوکات لە وڵاتی ئەڵمانیاو گفتوگۆی زانستی بەردەوام و ڕاهێنانی پیشەیی و سودوەرگرتن لە ئەزموونی کاری پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی تر، دەتوانرێت شوناسی پیشەیی گەشەپێبدرێت. هەروەها کۆمەڵەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانیش دەتوانن لە ئاستە جیاوازەکاندا ڕۆڵی پاڵپشتیکردن ببینن. بە چڕکردنەوەی سەرنجەکانمان لەسەر کێشە دەروونـی و کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکانی پەیوەندیدار بە (تاک و خێزان و گروپ) بە ئاستی جیاواز، لەگەڵ ڕەچاوکردنی سیاق و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کە گرنگی و بایەخی بێوێنەی کاری پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی دەردەخات.

پرسیارەکان

پ١/چـۆن لـە روانـگـەی ئەکادیمیەوە پیشەیی بـوونـی خۆت دەسەلمێنیت؟

پ٢ /گرنگی شوناسی پیشەیی لە چیدایە؟

پ٣/بەرای تۆ گرنگترین ئالنگارییەکانی بەردەم پیشە مرۆییەکان چین؟

سەرچاوەکان:

Adams, K., Hean, S., Sturgis, P., & Macleod Clark, J.M. (2006). Investigating the factors influencing professional identity of first-year health and social care students. Learning in Health and Social Care, 5(2), 55-68. DOI: 10.1111/j.1473-6861.2006.00119.x

Alves S., & Gazzola N. (2011). Professional Identity: A Qualitative Inquiry of Experienced Counsellors. Canadian Journal of Counselling and Psychotherapy, 45(3). Retrieved from https://cjc-rcc.ucalgary.ca/article/view/59317

Asquith, S., Clark, C., & Waterhouse, L. (2005) (ed.): The Role of the Social Worker in the 21st Century – A Literature Review. Published on The Scottish Executive website in December 2005. UK Web Archive, UKWA: https://www.webarchive.org.uk/wayback/archive/20170701074158/http://www.gov.scot/Publications/2005/12/1994633/46368. Accessed: March 12, 2020.

Bogo, M., Raphael, D., & Roberts, R. (1993). Interests, activities and self-identification among social work students: Toward a definition of social work identity. Journal of Social Work Education, 29 (3), 279-292. DOI: 10.1080/10437797.1993.10778824

Caza, B. B., & Creary, S. J. (2016). The construction of professional identity [Electronic version]. Retrieved from Cornell University, SHA School site: http://scholarship.sha.cornell.edu/articles/878. Accessed: March 22, 2020.

Dewe, B. & Otto, H.-U. (2011). Professionalität. In Otto, H.U. & Thiersch, H. (Eds.). Handbuch Soziale Arbeit. Fourth Edition (pp. 1143-1153). Ernst Reinhardt: München, Basel.

Gray, N. D. (2001). The relationship of supervisor traits to the professional development and satisfaction with the supervisor of post-master's degree counselors seeking state licensure (Unpublished doctoral dissertation). University of New Orleans, New Orleans, LA.

Heiner, M. (2004). Professionalität in der Sozialen Arbeit. Kohlhammer: Stuttgart.

Heiner, M. (2016). Kompetent handeln in der Sozialen Arbeit. Second Edition. Ernst Reinhardt: München, Basel.

Humphreys, Mayra Lopez, Barbra Teater, and Beverly Araujo Dawson, 2019. https://www.researchgate.net/publication/332896874_Exploring_the_Profession-

al_Identity_of_Social_Work_Academics/citations
IFSW, & IASSW (2014). Global Definition of Social Work. https://www.ifsw.org/what-is-social-work/global-definition-of-social-work/. Accessed: January 16, 2020.
IFSW, & IASSW (2018). Global Social Work Statement of Ethical Principles. Long version, April 27, 2018. https://www.ifsw.org/wp-content/uploads/2018/07/Global-Social-Work-Statement-of-Ethical-Principles-IASSW-27-April-2018-1.pdf. Accessed: March 22, 2020.
Keupp, H. et al. (eds.) (2006). Identitätsrekonstruktionen. Das Patchwork der Identitäten in der Spätmoderne. Third Edition. Rowohlt Verlag: Reinbek bei Hamburg.
Ivanova, Ilze, & Mincane, Rita Skara (2016). Development of Professional Identity during Teacher's Practice. https://core.ac.uk/download/pdf/82407832.pdf. Accessed: March 30, 2020.
Kleve, H. (2011). Aufgestellte Unterschiede. Systemische Aufstellung und Tetralemma in der Sozialen Arbeit. Carl-Auer Verlag: Heidelberg.
Loseke, Donileen R., and Spencer E. Cahill. "Actors in Search of a Character: Student Social Workers› Quest for Professional Identity." Symbolic Interaction, Vol. 9, No. 2, 1986, pp. 245–258. JSTOR, www.jstor.org/stable/10.1525/si.1986.9.2.245. Accessed: March 20, 2020.
Moorhead, Bernadette. The Lived Experience of Professional Identity: A Year-Long Study with Newly Qualified Social Workers. (2017). https://researchoutput.csu.edu.au/ws/portalfiles/portal/13512079/BMoorhead_Final_Thesis.pdf
Neary, S. (2014). Professional identity: What I call myself defines who I am. Career Matters (3): 14-15.https://derby.openrepository.com/handle/10545/324124. Accessed: March 26, 2020.
Park, Lynne Soon-Chean. Professional identity and social work [Book Review] [online]. Aotearoa New Zealand Social Work, Vol. 30, No. 1, 2018: 71-72. Availability:<https://search.informit.com.au/documentSummary;dn=656059676036684;res=IELHSS>ISSN: 2463-4131. Accessed: March 21, 2020.
Pullen Sansfaçon, A. & Crête, J. (2016). Identity development among social workers, from training to practice: results from a three-year qualitative longitudinal study, Social Work Education, 35:7, 767-779, DOI:

10.1080/02615479.2016.1211097 pp. 767-779, Published online: July 29, 2016.
Spiegel, H. von (2011). Methodisches Handeln in der Sozialen Arbeit. UTB: Stuttgart.
Trede, F., & McEwen, C. (2012). Developing a critical professional identity: Engaging self in practice. in F.T.E.F.T.E. Trede, F. (Ed.), Practice-based education: Perspectives and strategies. First ed., Sense Publishers, Rotterdam, The Netherlands, pp. 27-40.
Tsakissiris, J. (2016). The role of professional identity & self-interest in career choices in the emerging ICT workforce. Availability: https://www.semanticscholar.org/paper/The-role-of-professional-identity-%26-self-interest-Tsakissiris/480f54207454898aba23fb49ee1bfdc9a965177e. Accessed: March 27, 2020.
Webb, S. A. (2017). Professional identity and social work. Stephen A. Webb (Ed.), 2017 Routledge, Oxon, OX ISBN 978-1-138-23443-7, p. 246, paperback, NZD69.97
Webb, S. A. (2015). Professional identity and social work. http://www.chester.ac.uk/sites/files/chester/WEBB.pdf. Accessed: March 12, 2020.
Wiles, F. (2017). What is professional identity and how do social workers acquire it? In: Webb, S. A. (Ed.). Professional Identity and Social Work. Routledge. Academic, pp. 35–50.

٢-٢ شوناسی پیشەیی مامۆستایان لە کاری کۆمەڵایەتیدا

کوێستان علی عبدالله

پوختە:

پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن، جیا لەهەموو لایەنەکانی تری ژیان، بە ئاڵۆزترین و گرنگترین پڕۆسەی ژیان دادەنرێت. چونکە لەلایەک پەیوەندی بە خودی تاکی کۆمەڵگەوە هەیە، لەلایەکی تر، خاڵی یەکەمی دەستپێکردنی بەرەوپێشچون و گەشەکردن و بنیادنانی ژیار و شارستانیەتە. بۆ بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵگەیەک، دەبێت لەناو قوتابخانەوە دەست هەنگاو بنرێت. لە قوتابخانەکانیش پێویستە نەخشەو پلانەکان لەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکات. یەکێک لە پایە گرنگەکانی قوتابخانەش بوونی مامۆستای کارامە و سەرکەوتووە. لەناو ئێمەی کورد، تا وەکو ئێستا نەمانتوانیوە خۆمان لە کۆسپ و قەیرانەکانی پەروەردەو فێرکردن ڕزگار بکەین و هەنگاو بەرەو پێشکەوتن بهاوێژین. هەربۆیە پێویستمان بە نەخشەکێشان و دانانی بەرنامەو نوسینی بابەت هەیە، تاوەکو کۆسپەکانی بەردەممان بشکێنین. نووسین لەسەر پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن، لەهەموو بوارەکان بەبێ جیاوازی، بە زمانی کوردی زۆر کەمە بەتایبەتی ئەگەر لەچوارچێوەی کتێب یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا بێت. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بەهەموو لایەکمان ئەم کەلێنە پڕبکەینەوە و پەرە بەم بوارە بدەین.

زاراوە سەرەکییەکان: شوناس ، پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن ، لێهاتوویی، مامۆستا.

پێشەکی

ڕۆژانە چەندان کێشە و گرفت لەناو قوتابخانە ڕووبەڕووی مامۆستا دەبنەوە. نە خوێندن و بێتاقەتی و دیاردەی قۆپیەکردن و هەڕەشەکردن و تێکچونی ئارامی پۆل و گوێ نەگرتن بۆ بەرامبەر و هێنانی ئامێری تەلەفۆن و وێنەگرتن بۆ پۆلەکان و دەوام نەکردن و غیاباتی زۆر و ڕێزنەگرتنی یەکتر و چەندان کێشەی تر، بوونەتە بەربەست لەبەردەم مامۆستا. وایانکردووە پرۆسەی پەرەوردە و فێرکرن ناشیرین و لەکەدار بێت. لەلایەکی تریشەوە خودی مامۆستای بێتاقەت کردووە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە مرۆڤ نابێت خۆی بدات بەدەستەوە. هەروەها ناشکرێت هۆکاری سەرهەڵدانی هەموو دیاردەکان بخەینە ئەستۆی تەنها یەک لایەن و یەک کەس. بەڵکو هەموومان ئەوانەی لەناو پرۆسەکەداین (حکومەت، وەزارەت، بەڕێوبەرایەتیەکان، بەڕێوبەرەکان، مامۆستایان، قوتابیان، دایک وباوکان) بەشێک لەو کەموکوڕیانەمان دەکەوێتە سەرشان کە ئەمڕۆ توشی هاتوین. هەربۆیە پێویستە دانی پێدابنێین و هەوڵی گۆڕانکاری بدەین. ئێمە وەک مامۆستا سەرەتا دەبێت لەخۆمانەوە دەست پێبکەین و ئەنجا بۆ بەرامبەر. ئەمەش بەخۆ ڕۆشنبیرکردن خۆپڕزانستکردن دەبێت بەگەڕانەوە بۆ هەموو ئەو نووسراوە زانستیانەی سەردەم و وەرگرتنی تاقیکاریەکانی ڕابردوو، کە مامۆستایانی پێش ئێمە پێی گەشتوون.

بنەماکانی پابەندبوونی مامۆستا بەرامبەر خوێندکاران

لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە پێویستە مامۆستا پابەند بێت پێیەوە بەرامبەر بە خوێندکاران

١-هانی قوتابیەکەت بدە کاتێک کارێکی چاک ئەنجام دەدات. ڕێگای زیاتری بۆ ڕۆشن بکەرەوە. ڕێزی قوتابیەکەت بگرە، ئەگەر ئەتەوێت ڕێزی تۆ بگرێت. بە گفتوگۆ و قسە لەگەڵ کردن قوتابی فێر بکە. کاتێک پێویستیەکی هەبوو داوا لەتۆ بکات، تۆش بۆی جێبەجێ بکە. هاوار بەسەر قوتابیدا مەکە و بەسەریدا هەڵمەشاخە. بەشتێک قوتابی مەترسێنە کە دەسەڵاتت بەسەریدا نیە و ناتوانیت جێبەجێی بکەیت.

٢-هەمیشە کاری ئاسان و ڕێگەی ئاسان و پرسیاری ئاسان ئاڕاستەی قوتابیەکەت بکە. خۆت لەشتی ئاڵۆز و گران بەدوور بگرە. ڕێگا بۆ هاتنە پێشەوەی یەکەیەکەی قوتابیەکان خۆش بکە. هیچ کامێکیان پشتگوێ مەخە. هەمیشە ڕقت لەکردەوەی ناشیرین ببێتەوە نەک کەسەکە خۆی.

٣-بەجوانترین ناو بانگی قوتابیەکەت بکە. لێبوردەییت زۆر بێت و سنوڕێکی فراوان بۆ قوتابیەکەت دابین بکە، بۆئەوەی هەڵەکانی چاک بکاتەوە. هەمیشە وا سەیری قوتابیەکەت بکە کە بەتوانا و بەهێزە. گومانی خراپی پێ مەبە.

٤-قسەیەک بۆ قوتابیەکەت مەکە خۆت بە کردەوە نەت کردبێ. داوای فێربوونی شتێک لە قوتابیەکەت مەکە کەخۆت نایزانی. بەردەوام خۆشەویستی و گرنگی پێدانی خۆت بۆ قوتابیان دووبارە بکەوە بە سەلامکردن و ڕووی خۆش یەکەم چرکەی ڕووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ قوتابی دەست پێبکە. (مرجرپیت، ٢٠٠٠: ل١٧٥).

شوناسی مامۆستای سەرکەوتوو لە پیشەدا

یەکەم/ لایەنی ڕەوشت و کەسیەتی

١-ئامانج لە کارکردن: ئەرکی سەرەکی مامۆستا فێرکردنی قوتابی و پێگەیاندنی مرۆڤی دەستپاک و خزمەتگوزار و زانستخوازە. هەمیشە دەبێت ئەم ئامانجە گەورەیە لەبەرچاو بگیرێت. ئەوانەی کاری پەروەردەکرنی مرۆڤ دەکەن پێویستیان بە کەسایەتیەکی بەرز هەیە کە لەم ئاستە بەرزەوە بۆ پیشەکە بڕوانرێت. شتی لاوەکی نەکرێتە ئامانجی سەرەکی، وەکو بیرکرنەوە بە دەستهێنانی پلەوپایە و چەندان شتی تر. بۆ ئەوەی لەداهاتوو سودی بۆ خۆی بە تایبەتی، خاک و خەڵک و نیشتیمانەکەی بە گشتی هەبێت. دەبێت مەبەستەکانی تر وەلاوە بنرێت و خۆی لێ دوور بخرێتەوە. ئەگەر مامۆستا بۆ ئەم ئەنجامە گەورەیە کاربکات، ئەوا هیچ هۆکارێکی خودی و دەرەکی کاری تێناکات و بێزار نابێت و ڕقی لە پیشەکەی نابێتەوە.

٢-هەست بە بەرپرسیارێتی کردن: هەروەک چۆن دایک و باوک خەمی گەورەکردنی منداڵەکانیەتی، فەرمانبەر خەمی ڕاپەڕاندنی کارەکەیەتی، پۆلیس خەمی کەمکردنەوەی تاوان و سەرپێچییەکانە، مامۆستاش دەبێت خۆی بە بەرپرس

بزانێت لە داهاتووی ئەو هەموو قوتابیەی کە لەژێر دەستیدایە هەست بەو بەرپرسیاریەتیە گەورەیە بکات. دەبێت بزانێت لە قوتابخانەوە ژیان دروست دەبێت. لەژێر ئەوەوە تاکەکان ئاڕاستەی ناو کۆمەڵگە دەکرێن. ئەگەر پیشەکانی تر لەتەنها لایەنێکی کۆمەڵگە بەرپرسیار بن، ئەوا مامۆستا بەرپرسیاری یەکەمی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە. دەتوانێت بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی خۆی، ژیانێکی ئارام و پڕ لەزانست و زانیاری دروست بکات. بەپێچەوانەشەوە کەمتەرخەمی کردن و لاوازبوونی هەستی بەرپرسیاریی، کۆمەڵگە بەرەو نەزانی و نەفامی دەبات. بەمەش ڕێژەی تاوان و لادان لەناو کۆمەڵگە ڕوو لەزیادبوون دەبێت (البزاز،٢٠١٠: ل٨٨)

٣-هێمنی و پەلەنەکردن: پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن یەکێکە لە ئاڵۆزترین پڕۆسەکانی ژیان. پڕیەتی لە کێشە و چەرمەسەری, پڕیەتی لەهۆکاری بێزارکەر. بەقەد گەورەیی و پیرۆزیی کارەکە، ئاستەنگ و لەمپەرەکان زۆرن. بەڵام بەرهەمەکەی شیرین و بەچێژ و دڵخۆشکەرە. بۆیە لەهەموو کەسێک زیاتر مامۆستا پێویستی بەهێمنی و خۆگری هەیە لەو لێشاوە گرفت و کێشانەی کەڕووبەڕووی دەبنەوە. پەلەنەکردن لە گەیاندنی پەیامەکە و چاوەروان بوون تاوەکو قوتابی فێردەبێت، خاڵێکی گرنگی بەرزی ڕەوشتی مامۆستایەتیە. وەکو ئەو جوتیارەی کە زەوی جوان دەکێڵێت و بژاری دەکات و تۆی پێوە دەکات. پاشان لە چاوەروانیدا دەبێت تاوەکو پێدەگات و شیندەبێت و بەرهەم دەدات.

٤-دڵسۆزی: ئەرکی مامۆستا لەهەموو ئەرکەکانی تر پیرۆزتر و بەڕێزترە، هەربۆیە پێویستە مامۆستا زۆر ئاگاداری ئەوە بێت کە هەوڵبدات بۆ فێرکردنی تەواوی قوتابیەکانی. جیاوازی نەکات لەنێوان هیچ یەکێک لە قوتابیەکان. ئاڕاستەکردنی زیرەکەکان و بردنیان بەرەو ئامانجێکی ڕوون. لەهەمان کاتدا بەرەو پێشبردنی ئاست نزمەکان و زیاتر خۆخەریکردن پێیانەوە، بەشێوەیەک نابێت مامۆستا تەنها یەک قوتابیش پشتگوێ بخات. جا ئەم پشتگوێ خستنە بەهەر هۆیەکەوە بێت، بەڵکو لەسەریەتی هەوڵ بدات ئاستی سەرجەم قوتابیەکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە و دڵسۆزی خۆی بۆیان دەربخات. ئەم هەوڵانەشی نابێت لەسەر حسابی هیچ یەک لەقوتابیەکان بێت. خستنەڕووی تەواوی هێز و توانای ژیری و جەستەیی لەلایەن مامۆستا نیشانەی بوونی دڵسۆزییە. دوورکەوتنەوە

لە خۆخەریککردن بەکاری دەرەوە. مامۆستا دەبێت خاکی بێت هیچ کات شانازی بەو زیرەکی و لێهاتوویی‌یەی خۆی لەبەردەم قوتابیان نەکات. کەسایەتی قوتابی نەشکێنێت و دەروونیان ئازار نەدات. وەکو مرۆڤ ڕێزیان لێدەگرێت و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات. لە ژوورەوە باسی مێژووی رابردووی خۆی ناکات و داستان و سەروەریەکانی خۆی ناکاتە بابەتی ناو پۆل. لەناخەوە خۆی بە خزمەتکار دەزانێت و چاوەڕوانی سوپاسگوزاری ناکات. چونکە دەزانێت ئەم جۆرە کارانە هی مرۆڤی نەزان و نارۆشنبیرە. بە دەربڕینی ئەمانەی سەرەوە پلەوپایە و ڕێز و شکۆی دادەبەزێت. بەرەکەت لە فێربوون نامێنێ. ئەوانەی لە پۆلدا خەریکی باسکردنی خۆیانن لەناخەوە هەست بە کەموکوڕی خۆیان دەکەن. بە کردەوە ناتوانن خۆیان وەک مامۆستایەکی سەرکەوتوو نیشان بدەن. (صالح، ٢٠١٦: ل٣٣)

٥-**ڕاستگۆیی**: ڕاستگۆیی لەقسەکردن و لەکردار و لەبەجێگەیاندنی پەیمانەکاندا، پێویستیەکی گرنگی کەسایەتی مامۆستایە. پیشەی مامۆستایەتی واتە ڕاستگۆیی، ئەگەر ئەم ڕەوشتە لە مامۆستا جیاکرایەوە، ئەوا هیچ پێناسەیەکی بۆ نامێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەمووان پێویستە ڕاستگۆ بین، بەڵام مامۆستا لە هەمووان زیاتر دەبێت ڕاستگۆ تربێت. جێی خۆیەتی بەبیر خۆمانی بهێنینەوە لە قوتابخانە چەند قسەمان کردووەو لەبیرمان کردووە. چەند پەیمانمان بە قوتابی داوە و نەمان بردوەتە سەر. چەند ڕێنمایی جوانمان ئاراستەی قوتابی کردووە بەڵام لەخۆماندا نیە. چەند پرسیارمان لێکراوە و بەڕاستی وەڵاممان نەداوەتەوە. ئەمانە و چەندانی تر کە پەیوەندیان بە کەسایەتی مامۆستاوە هەیە. بوونی کەموکوڕی لەم لایەنەوە کەلێنێکی زۆر دەخاتە کەسایەتی مامۆستاوە.

٦-**بەڕێزیی**: ڕێزگرتن لەکەسایەتی و بۆچونەکانی قوتابی، گوێگرتن لەرەخنە و پێشنیارەکان، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، هەستێکی پۆزەتیڤانە دروست دەکات لای قوتابی بەرامبەر بە مامۆستا. لەپۆلدا پرسیارم زۆر لە قوتابیان کردووە کە کام مامۆستاتان خۆشدەوێت؟ وەڵامی زۆربەیان ئەوە بووە کە ئەو مامۆستایەی ڕێزمان دەگرێت و گوێمان بۆ دەگرێت و پرسیارەکانمان وەڵام دەداتەوە و وەک برادەرێک لەگەڵمان دەژی. ئەم کارە قوتابی ڕازیدەکات و بەرزی کەسایەتی مامۆستاش رادەگرێت. مامۆستا هەمیشە هیمەت بەرزە.

خەریکی پێگەیاندنی خۆیەتی ئاستەنگەکان ساردی ناکەنەوە بەرەو هەڵدێری نابەن. بەڵکو بەپێچەوانەوە مامۆستای سەرکەوتوو ئاستەنگەکان ئەکات بە پەیژەو پایە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن و گەیشتن بەئامانجەکانی (ئەسعەد، ٢٠١٧: ل١٤٧).

٧-ڕووخۆشی و هەستی خۆشەویستی: خۆشویستنی وانەکە و ئەو پەیامەی هەڵیگرتووە، گەرموگوڕی و نیشاندانی خۆشەویستی بۆ بەرامبەر، ڕووخۆشی و دەمبەخەندەیی، بەردەوامی بە مامۆستا دەبەخشێت و سەرنجی قوتابی زیاتر بۆ لای خۆی کێش دەکات.

٨-باوەڕبوون بەگفتوگۆ و دانوستان: مرۆڤی سەرکەوتوو تەنها خۆی نابینێت، تەنها شتەکانی خۆی بەڕاست نازانێت، تەنها مافەکانی خۆی ناخوێنێتەوە. بەڵکو هەمیشە بەردەوام خەڵکێکی زۆر لەبەردەمی دەبینێت. هەست دەکات ئەمانیش مافیان هەیە و پێویستیان بەشتە بۆ ئەوەی وەری بگرن. بۆیە بەردەوام دەرگای گفتوگۆی والایە ئامادەی دانوستانە لەگەڵ بەرامبەر. زۆر مامۆستا هەن کێشەی پۆلیان زۆرە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەنها لەپۆلدا خۆیان قسە دەکەن و گوێ بۆ داخوازی و داواکارییەکانی قوتابی ناگرن. (صالح، ٢٠١٦: ل٣٥)

دووەم/ لایەنی پیشەیی

١-پەڕاوی سەرکەوتن: مرۆڤ هەرکارێک ئەنجام بدات، ڕۆژانە و مانگانە ڕووبەڕووی چەندان دەستکەوت و بڕیاری گرنگ دەبێتەوە. نووسینەوەی هەموو ئەو دەستکەوت و بڕیار و نەخشە و ڕووداوە گرنگانە لە پەراوێکدا، دەبێتە گەوهەرێکی بە نرخ و مایەی شانازی بۆ داهاتوو. چونکە هەستی کارکردن لەلای مرۆڤ بەهێز دەکات و متمانەی زۆری بۆ پەیدادەکات. لەلایەکی تر بەردەوام خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کەسایەتی خۆت دەزانیت و سودی لێوەردەگرێت و هەڵەی خۆت دووبارە ناکەیتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین زۆربەی کەسە سەرکەوتووەکان لەبوارێک لەبوارەکانی ژیان دوای تێپەڕبوونی تەمەنێکی زۆر و خانەنشین بوونیان، دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی یادەوەرییەکانی تەمەنیان، کە بەخوێندنەوەیان مرۆڤ چێژێکی زۆر دەبینێت و

لەهەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری بۆ ئەو کەسانەی کە تازە هەنگاو بۆ ژیان دەهاوێژن و دەیانەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنن. پڕزانستی و زاڵبوونی تەواو بەسەر وانەکە و ڕۆشنبیرییەکی بەرز. خۆسووک نەکردن و خۆ دوورگرتن لە گاڵتە و قسەی هەزەلیاتی لە رادەبەدەر. نەشاردنەوەی ڕاستیەکان گەیاندنی تەواوی زانیاریەکان بە قوتابی. دادپەروەری و جیاوازی نەکردن لەنێوان قوتابیان. ڕاستگۆیی لەکردارو گوفتاردا. (طه ، ٢٠١٣: ل٦٥)

٢-بەرنامەڕێژیی: هیچ کارێک بەبێ بەرنامەڕێژیی سەرکەوتوو نابێ. هیچ کەسێک نابێت بیر لە سەرکەوتن بکاتەوە ئەگەر هەنگاوی عەمەلی بۆ نەنابێ. نابێت هیچ هەنگاوێکیش بێ نەخشە و پلانێکی پێشوەختە بنرێت. ئەوانەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لە یەکەم هەنگاویان بە نەخشە و پلانێکی ورد و زانستیانە دەستتیان پێکردووە. پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەموو بوارەکانی تر زیاتر پێویستی بە بەرنامەڕێژی و دانانی نەخشە و پلان هەیە. شتێکی زۆر گرنگە مامۆستا خشتەی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانەی خۆی هەبێت. لەپاڵ ئەمەشدا خشتیەکی تری هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابیەکانی خۆی. ئەم بەرنامەڕێژیە بەرچاوڕونی پەیدا دەکات. دادپەروەری دەچەسپێنێ. کات بەفیرۆ ناڕوات و سەرکەوتن دێنێتە بەرچاو .

٣-پلەکانی کار: ژیان فراوان بووە, ئەرکەکانی تاک زۆر بووە, مرۆڤ پێویست دەکات لە ڕۆژێکدا چەند کارێک ئەنجام بدات, بەڵام ئەوەی گرنگە بزانرێت , کامە کار گرنگە و کامە کار گرنگترە, کامەیان سەرەکی یە و کامەیان لاوەکی یە, کامیان کاتی هاتووە و کامیان دەکرێت دواتر ئەنجام بدرێت, چ کارێک پەیوەندی بە مافی خەڵکەوە هەیە, چ کارێک تەنها تایبەتە بە خودی کەسەکەوە.پەروەردە و فێرکردن, گرنگیدان بە ئامادەکرنی بەرنامەیەکی بەهێز,بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی قوتابی, لە کارە هەرە گرنگەگانی مامۆستان ناکرێت بە هەر بەهانەیەک و بە هاتنە پێشەوەی هەر کارێکی تر ئەو ئامانجە سەرەکیانەی وەلا بنرێت و فەرامۆش بکرێت, بەو واتایەی لە کاتی فەرمی, قوتابخانە جێ بهێڵدرێت و خەریکی ئەنجامدانی کارێکی تر بیت.

٤-لێهاتویی توانای بەڕێوەبردن: بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک قوتابی لە پۆلێکدا کارێکی ئاسان نیە. چونکە هەریەکەیان لە کەسایەتیەکی جیاواز پێکهاتووە. هەیانە ئاستی ژیریان جیاوازە هەیانە ئاستی وەرگرتنیان جیاوازە. هەیانە ئاستی

پەروەردەییان جیاوازە. هەندێکی تر لە جەستە و بیرکردنەوە جیاوازن. بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەموو جیاوازییە، پێویستە پەروەرشیار خاوەنی هونەڕێکی بەڕێوەبردنی بەرز بێت. هەر هەڵەیەک لە بڕیارێک لەوانەیە کێشەیەکی گەورەی لێبکەوێتەوە. لەلایەکی تریشەوە توانای بەڕێوەبردنی پۆل و پاراستنی یاساکانی راگرتنی ئارامیەکەی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتەکاندا ئامادەکرنی وەڵامێکی دروستی پێشوەختە بۆیان، خاڵێکی بەهێزە لە خاڵەکانی توانای مامۆستا لە بەڕێوەبردن (م. محەمەد، ٢٠١٣: ل٤١).

٥-لێهاتویی لە توانای پەروەردەیی: پیشەی مامۆستایەتی بۆیە پیشەیەکی هەستیار و پیرۆزە، چونکە لەپاڵ پرۆسەی فێرکردن، کە خۆی لەخۆیدا ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، پرۆسەیەکی پەروەردەییشە. بەمەش لەپیشەکانی تر جیا دەبێتەوە، لەبەرئەوەی پیشەکانی تر زیاتر راپەڕاندنی کارن بۆ بەرامبەر بەبێ ئەوەی ئەرکی پەروەردە کردنیان هەبێت، بەڵام مامۆستا لە پاڵ پرۆسەی فێرکردن دەبێت پەروەرشیارێکی بەتوانا و بەهێزیش بێت. چونکە داهاتووی هەموو میللەتێک لە بەرەوپێشبردن و دوورخستنەوەی لە نەزانی و تاوان لەسەر ئەستۆی مامۆستایە. ئەگەر کەسێک باوکی چەند منداڵێک بێت ئەوا مامۆستا باوکی هەموو میللەتە. مامۆستایان دەبێت هەست بە قورسی ئەرکی سەرشانی خۆیان بکەن. دوو ڕێگایان لەبەردەم دایە؛ ئەویش یان میللەتێک بەرەو نەفامی و نەزانی دەبەن، یا میللەتێکی هۆشیار و زانستخواز و پێشکەوتوو دەهێننە بەرهەم. (د. عبدالرحمن، ٢٠٠٨: ل٧٢)

سێ یەم/ لایەنی ژیریی و مەعریفی

١-خاوەن بیرێکی بەهێز: بوونی هەست و بیرێکی بەهێز بۆ کەسایەتی مامۆستا پێویستیەکی گرنگە. چونکە ئەو ئەرکەی مامۆستا ئەنجامی دەدات ئەم پێویستیە دەخوازێت. لەلایەک بۆئەوەی توانای فێرکردنی بەهێز بێت کە ڕێژەیەکی زۆری قوتابی لەبەردەست دایە، لەلایەکی تر توانای دۆزینەوەی ئارەزووە شاراوەکانی ناو ناخی قوتابیانی هەبێت و گەشەیان پێ بدات. جگە لەمانە بتوانێت بڕیاری لەجێ بۆ هەر کێشەیەک دەربکات کاتێک کە پەیدا دەبێت و ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٢-هونەری سەیرکردن: مرۆڤی لێهاتوو لە یەک سەیرکردن تەنها تەماشای یەک خاڵ ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات زۆرترین ڕووبەر ببینێت. ئەمجۆرە سەیرکردنە بۆ مامۆستا زۆر گرنگە، بەشێوەیەک بتوانێت لە سەیرکردنێکی خێرا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان ببینێت. چونکە ئەگەر وانەبوو ئەوا بەشێکی زۆری پۆلەکە دەبێتە شوێنی ئاژاوە و سەرهەڵدانی دیاردەی نابەجێ و ناشیرین. ئەم جۆرە سەیرکردنە هەستێکی گرنگ لەناو ناخی قوتابی دروست دەکات وای لێدەکات کە هەمیشە هۆشیار و بەئاگا بێت.

٣-زیرەکی و ڕۆشنبیری فراوان و بەردەوامی هەبێت: وریایی و ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی ڕۆژانەو شیکردنەوەیان بۆ قوتابیان. هەروەها ئاشنابوون بەزانست و داهێنانە نوێکان. هەبوونی زانیاریەکی زۆر دەربارەی مێژووی کۆنی جیهان و مرۆڤایەتی بەگشتی. خوێندنەوەی نوێ بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان لەڕێگەی هەبوونی پەرتوکخانەیەک لە ماڵەوە و سەردانیکردنی پێگەکانی ئەنتەرنێت ئاستی زیرەکی مامۆستا دەردەخات لە لای قوتابیان. بەمەش تێڕوانینی قوتابیان بۆ ئەو مامۆستایە دەگۆڕێت و زیاتر لێی نزیک دەبنەوە و گوێی خۆیانی بۆ دەکەنەوە. چونکە قوتابی مامۆستا وەک خەزێنەیەکی پڕ زانیاری سەیر دەکات. وا دەزانێت کە مامۆستا وەڵامی هەموو پرسیارێکی لەلا هەیە. ئەگەرچی هۆکارەکانی ڕاکێشانی هەست و سەرنجی بەرامبەر زۆرن بەڵام کاریگەرترینیان ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی وەک کەسێکی زیرەک نیشانی بەرامبەر بدات و وا لەبەرامبەر بکات کە هەمیشە پێویستیان بە ئەو هەیە (www.derunnasy.com).

٤-توانای هەڵسەنگاندنی هەبێت: دیاردەیەکی زۆر نەخوازراو لەناو بەشێک مامۆستایان بەدی دەکرێت. ئەویش ئەوەیە مامۆستا لەسەرەتای دەست بەکاربوونی تاوەکو ساڵانێکی زۆر بەیەک ڕێچکە و بەیەک شێوە وانەکانی خۆی دەڵێتەوە. تا وایلێدێت قوتابیان دەزانن مامۆستا چۆن دێتە ژوورەوە و چی دەڵێت و چۆن جوڵە دەکات. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستا ساڵانە کارەکەی خۆی هەڵناسەنگێنێ و لایەنە باش و خراپەکانی خۆی دیاری ناکات. بەمانایەکی تر ئەو کەسە لە تەمەنی پیشەکەیدا لەسەر یەک شێواز

دەڕوات و هەرگیز بیر لەداهێنان بۆ وانەگوتنەوە و هەڵسوکەتی خۆی ناکاتەوە. ئەمەش بەرەو لاوازی دەبات و کەلێنێکی گەورە لەکەسایەتی ئەو کەسە دروست دەبێت. (عەبدلواحید، ٢٠١٤: ل٢٣).

چوارەم/ لایەنی جەستەیی

وەرزش و گەشتکردن و تەرخانکردنێکی کاتێکی دیاریکراو لەڕۆژێکدا بۆ وەرزشکردن و حەسانەوەی جەستەیی بۆ مامۆستا زۆر گرنگە. چونکە بیر و هەستی هێمن دەبێتەوە و ئارەزووی لەسەر کارەکەی زیاد دەکات. هێز و توانایەکی زۆرتری بۆ پەیدا دەبێت. رۆژانی پشوو گەشتێک بکات و لە شوێنی کارکردنی خۆی دوور بکەوێتەوە. ئاستی دەنگ نزمی مامۆستا و نەگەیشتنی بە گوێی هەموو قوتابیان خاڵێکی لاوازە. زۆرجار هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە و گرفتە لەناو پۆل. لەلایەکی تڕیشەوە بەرزی دەنگ دەبێتە هۆی بێزاری و بێتاقەتی گوێگر. بۆیە پێویستە مامۆستا بەشێوەیەک دەنگی خۆی هەڵبڕێ تا ئەو ئاستەی دوورترین قوتابی گوێبیستی دەبێت بەبێ ئەوەی هاوار بکات، لەگەڵ بەهێزکردنی هونەری دەربڕینی وشە و رازاندنەوەی بۆ گوێگر.

پێنجەم/ لایەنی کۆمەڵایەتی

مامۆستایەکی بەڕەوشت و بەئیتیک بێت: قوتابی ئەمانەتێکی کۆمەڵگەیە دەدرێتە دەست مامۆستا. دایکان و باوکان ڕۆڵەکانیان ئەمانەتی دەستی مامۆستا دەکەن. ئەوەش نەک تەنها بۆ مەبەستی فێرکردن. بەڵکو چاویان لەوەشە بە جوانترین شێوە منداڵەکانیان پەروەردە بکرێت تا لە داهاتوو بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵگەکەیان سودبەخش بن. نەبێتە بار بەسەریانەوە. پێویستە مامۆستا وەک باوکێکی میهرەبان بڕوانێتە قوتابیەکانی، دەستیان بگرێت و ڕێگای ڕاستیان نیشان بدات. گرنگی بە کێشەکانیان بدات و بۆیان چارەسەر بکات. میهرەبانی خۆی بەسەریان پەخش بکات و دەروونیان ئارام بکاتەوە، بۆ ئەوەی قوتابخانە و خوێندنیان خۆش بووێت و هەنگاو بەرەو سەرکەوتن بنێن.

توانا ولێهاتویی مامۆستا

١-بەهێزی لەخۆ دەرخستن: گەلێک جار مامۆستا لەپۆلدا پێویستی بە (پارچە کاغەزێک، یاخود قەڵەمێک، یا تەباشیر) دەبێت، بۆ ئەمە لە قوتابیەکانی یاخود لە پۆلەکەی نزیکی داوا دەکات. لەم کاتەدا لەوانەیە هەراو دەنگەدەنگ سەر هەڵبدات، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە مامۆستا پێش هاتنە ناوپۆل خۆی ڕێکنەخستووە و پێویستیەکانی خۆی نەهێناوە. ئەوەی داوا دەکرێ ئەوەیە کە مامۆستا پێش ئەوەی هەنگاو بنێ بۆ ناوپۆل دەبێت تەواوی پێداویستیەکانی خۆی ئامادە بکات و خۆی بەجوانی ڕێک بخات. ڕێگا نەدات کەلێنێکی وا دروست بێت کە ببێتە هۆکارێک بەدەست قوتابیانەوە بۆ ئەوەی ئارامی پۆل تێکبدەن.

٢-زانینی زمانی جەستە: لەکاتی وانەدا، ئەگەر پۆلەکە (٤٠) کەسی تێدا بێت، ئەوا تەنها (٨٠) گوێچکە گوێگر نیە، بەڵکو (٨٠) چاویش سەیر دەکەن. لەبەرئەمە پێویست دەکات مامۆستا زۆر وریا بێت. دەبێت بزانێت کە چۆن (دەست و چاو و لاشە و ڕووخسار و وەستان و شوێن گۆڕین) خۆی بەکاردەهێنێت. مامۆستا بۆ ئەمەش پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

أ-بەردەوام چاوت لەسەر قوتابیەکانت بێت. وەستانت لە پۆل ڕێک بێت و دوور بێت لە خۆلارکردنەوە.

ب- قوتابیەکانت زوو زوو بێدار بکەوە تاکو هەست بکەن تۆ ئاگاداری ئەوانیت. لە شوێنێک بوەستە کە تەواوی پۆلەکە لەژێر کۆنترۆڵی خۆت دابێت.

ت-بە نەرمی بە باوەربەخۆبوونەوە ڕێنماییەکانت دەربکە. پەلە لەوانە گوتنەوە مەکە.

٣-فێرکردن بەهێما: کەسی سەرکەوتوو لەپۆلدا دەتوانێت قوتابیەکانی فێری چەندەها هێما و ئیشارەت بکات بۆ ئەو مەبەستە کە خۆی دەیەوێت، یاخود بۆ ئەو قسە و گوفتارە پەروەردەییانە کە دەیەوێت بیانگەیەنێت. بەم هەنگاوە دەتوانێ کاتێکی زۆر بۆ خۆت بگێڕیتەوە. لە هەمانکاتدا وزە و توانایەکی کەمتر دەچووێنی. هەوڵدان و بیرکردنەوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم هەنگاوە کارێکی زۆر سانایە، تەنها بە بیرکردنەوەیەکی کەم لە دەرەوەی پۆل دەتوانین چەندەها ڕێگا بدۆزینەوە کە پەیوەندی هەبێ بە جوڵاندنی جەستە و هێماکردن بەیەکێک لەئەندامەکانی لەش، هەروەکو چۆن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بەبێ هەبوونی

هیچ پۆلیسێکی هاتووچۆ لە شەقامەکان ڕێنمایی دەداتە شۆفێران لەڕێگەی هێماکانی سەرشەقام، بەهەمان شێوەش دەتوانن لەڕێگەی بەکارهێنانی هێماوە بەرامبەرەکەیان فێری چەندان شتی بە سود بکەن (مرجریت ،٢٠٠٠: ل٨٩).

٤-بەچاوی کەسێکی تر قوتابییەکەت هەڵمەسەنگێنە: زۆرجار وا ڕیک دەکەوێت هەندێک لە قوتابیان گرفتیان لەگەڵ مامۆستایەک دەبێت و خۆشیان ناوێت، گوێگری بۆ ناکەن و ناچنە ژێرباری ڕێنماییەکانی، بگرە زۆرجاریش لەوانەکە ناچنە ژوورەوە. لەگەڵ گەیشتنی ئەم هەواڵە بە بەڕێوبەر و دەستەی مامۆستایانی قوتابخانە، ئیتر هەموو مامۆستایان خۆیان دەکەنە خاوەنی گرفتەکە و لە کاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ ئەو پۆلە بەچاوێکی تاوانبار سەیری قوتابییەکان دەکەن. هەڵەکردن دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەئاستی خۆی گەورە نەکرێت و درێژەی پێنەدرێت. دەبێت خۆمان دادوەربین و لە روانگەی خۆمانەوە قوتابی هەڵبسەنگێنین نەوەک بەقسەی کەسانی تر سزا بەسەر بەرامبەرەکەمان بسەپێنین (طه ،٢٠١٣: ل٧٠).

٥-رق لەدڵ هەڵمەگرە: پەیدابوونی کێشە و سەرهەڵدانی گرفت لەناو پۆلێکدا کارێکی ئاساییە بەتایبەتی کاتێک قوتابیەک یان پۆلێک هەڵسوکەوتێکی ناشیرین و نابەجێ بەرامبەر مامۆستا ئەنجام دەدەن. سەرهەڵدانی کێشە پێویستی بەچارەسەر هەیە. پێویستیشە بۆ ڕۆژی دواتر تەواوی روداوەکە لەبیر بکرێت. بۆنموونە، ئەگەر تۆ کێشەیەکت لەگەڵ یەکێک لە پۆلەکان هاتە پێش، لە هەمانکاتدا تۆش پۆلەکەت هێور کردەوەو ئامۆژگاریتدا بە قوتابیەکان، پۆلەکە ئاسایی بوویەوە، یاخود لەڕێگای بەڕێوەبەرەوە گرفتەکەتان چارەسەرکرد، پێویست ناکات بۆ ڕۆژانی تر تۆ وا سەیری ئەو قوتابیانە بکەیت کە هێشتا تاوانبارن و کێشەکە کۆتایی نەهاتووە. بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی وا بڕوانیتە قوتابیان کە ڕۆژێکی نوێ هەڵاتووە و هیچ کاریگەریەکی دوێنێت لەسەر نەماوە (www.hewalnews.com).

٦-سەرپێچیەکان بناسە: گرنگە مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە پۆل هەموو ئەو سەرپێچیانە بزانێت کە قوتابی لە پۆلدا دەیکات؛ وەک (درەنگهاتن بۆ ژوورەوە، نەهێنانی پێداویستی قوتابخانە، ئامادەنەکردنی ئەرکی ماڵەوە، زۆر قسەکردن، جوڵەی زۆر، جێگاگۆڕین، شت خواردن، دڕاندنی کاغەز....) لەوەش گرنگتر

ئەوەیە پێش ئەوەی ئەم دیاردانە ڕووبدەن تەواوی ڕێگاچارەکان لەبیری خۆی ئامادەبکات، بەمە ئامادەیی دەروونی بۆ پەیدا دەبێت و دەتوانێت دادپەروەر بێت و بەیەکسانی سەیری هەموو قوتابیەکان بکات.

٧-پـەرە بەهونەری دەربڕین بـدە: دەربڕینی وشە چەکێکی دوو سـەرە. جاری وا هەیە سودبەخشە، جاری واش هەیە دەبێتە هۆی گرفت بۆ خاوەنەکەی. بۆیە پێویست دەکات مامۆستا لە دەربڕینی وشەکان هونەرمەند بێت. پێش دەربڕین بیر لەهەموو ئەو وشانە بکاتەوە کە نیازی هەیە دەریان ببڕێت. دەبێت بزانێت کە چ کاریگەریەکیان دەبێت لەسەر بەرامبەر. یەکێک لەو هۆکارانەی کە ڕەغبەتی قوتابی بەهێز دەکات و پاڵی پێوەدەنێ بۆ سەرکەوتن، دروستکردنی فایلی کارنامەی قوتابییە. ئەم کارنامەیە لەلایەن مامۆستاوە ئامادە دەکرێت. هەر قوتابیەک چەند پەڕەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت و ناوی تەواوی لەسەر دەنوسرێت. تەواوی ئەو چالاکی و کارە چاکانەی کە قوتابی ئەنجامی دەدات و بەدەستکەوتی دادەنێ لەناو پۆل و لەقوتابخانە، لەم چەند پەڕە تۆمار بکرێت باشترە قوتابی ئاگاداری ئەم کارە بێت و ببینێ.

٨-ئـامـادەکـردنـی وانـە: ئامادەکردنی وانـە بەر لەچوونە ژوورەوە کۆمەڵێک کاردانەوەی گرنگی دەبێت، کە ڕاستەوخۆ هۆکارێک دەبن بۆ سەرکەوتن لە گوتنەوەی ئەو وانەیە. متمانە لەلای قوتابی زیاد دەبێت و زیاتر گوێگر دەبێت و هەست و شەوقی بۆ وانەکە ڕوو لەزیادبوون دەکات. جگە لەمە مامۆستاکە لایەنی دەروونـی بەهێزتر دەبێت و بـڕوا بەخۆبوون پەیدا دەکـات. دوور دەکەوێتەوە لە هەڵە و ئاڵۆزی، دووبارکردنەوەی زۆر ڕووناداتو ئاگاداری کات دەبێت (م. محەمەد،٢٠١٣: ل٢٢).

٩-هەڵسەنگاندنی وانەی ڕابردوو: نابێت مامۆستا وانەیەک بەڕێ بکات و بچێت بۆ وانەیەکی تر بەبێ ئـەوەی وانـەی رابـردوو هەڵنەسەنگێنێ. بەبێ ئەوەی بزانێ ئاستی وەرگرتن و تێگەیشتنی وانەکە چەند بـووە. لەبەرئەوە دوای تەواوبوونی وانەیەک پێویستە مامۆستا وەڵامی ئەم پرسیارانە وەربگرێت: (م. محەمەد،٢٠١٣: ل٣٢)

أ-ئایا وانەکە ئامانجی خۆی پێکاوە؟

ب-ئایا قوتابیەکان بەشداری گەرمیان کردووە؟
ت-هیچ شتێک لەوانەکە جێنەماوە کە شایەنی پێداچوونەوە بێت.
ث-بابەتەکە لەگەڵ ئاستی قوتابیان چۆن بوو؟
ج-ئایا من وەک مامۆستای وانە ڕازیم و دڵخۆشم بە گوتنەوەی وانەکە؟

١٠-زانینی ناوەکانیان: ناسینی ناوی قوتابیان لەلایەن مامۆستاوە کاریگەرییەکی ئیجابیانەی هەیە. ناوهێنانی قوتابی لەلایەن مامۆستاوە لەکاتی پرسیارکردن هەستێکی گەورە لەناخی قوتابی دروست دەکات. هەرچەندە ناسین و لەبەرکردنی ناوی سەرجەم قوتابیان کارێکی ئاسان نیە، بەڵام پێویستیەکی گرنگە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

١١-حەز و ئارەزووی قوتابیەکەت بناسە: تێکەڵ بوون لەگەڵ ناخی قوتابی و ناسینی حەز و ئارەزووەکانی، کارئاسانی زۆر بۆ مامۆستا دەکات. چونکە دەتوانی بەپێی پێویستی و ئاستی تێگەشتنی قوتابیەکە نموونەی بۆ بهێنێتەوە و لەبابەتەکە نزیکی بکاتەوە. بەمەش هەست و تێڕوانینی قوتابی بۆ لای خۆت کێشدەکەیت و متمانەی لەلا زیاد دەکەیت. بۆ ناسینی ئەم حاڵەتەش پێویستە لە سەرەتای ساڵەوە هەوڵ بدرێت و بکرێتە بەرنامە و کاری لەسەر بکرێت. ئەگەر مامۆستا رۆژێک دیاری بکات بۆ ئەم مەبەستە و واز لە گوتنەوەی وانەکە بهێنێت. زۆربەی جار وا دەردەکەوێ کە قوتابیان وا هەست دەکەن کە ئەو کارەی ئەوان هیچ سودێکی نیە. خوێندن هەوڵدانێکی بێ سودە و دەرەنجامێکی باشی نیە، لە دەرەنجامی ئەمەشەوە دایان دەگرێت و باوەڕیان بە خۆیان نامێنی. پێویستە مامۆستا بەردەوام کار لەسەر هەستی قوتابی بکات وڕێگایان بۆ ڕۆشن بکاتەوە. پێیان ڕابگەیەنێت کە داهاتووی هەر گەل و میللەتێک بەندە بە خوێندن و خوێندەواریەوە. ئەویش لە دەستی قوتابیدایە. فێریان بکات (ئامادەبوونی قوتابی لە پۆل، هێنانی پەرتووک و پێداویستی خوێندن، ڕێزگرتنی ئارامی پۆل، خاوێنی، هاوکاری یەکتری، ئامادەکردنی وانەکانی ڕۆژانە، بەشداریکردن لەگەڵ مامۆستا بۆ گوتنەوەی وانەکان) لە کارە هەرە گرنگەکانی قوتابیە.

www.derunnasy.com

١٢-ناسینی جۆرەکانی فێربوونی گوێگر: هەموو مرۆڤەکان بۆ فێربوون و وەرگرتن وەکی یەک نین هەر کۆمەڵێک کەس لەڕێگای یەکێک لەهەستەکانەوە فێر دەبێت، جیاوازی هەستەکان مرۆڤەکانیش پۆلێن دەکات و وایان لێدەکات ڕێگای فێربوونیان جیاواز بێت (محەمەد،٢٠١٣: ل٤٠)

أ- فێربوون لەڕێگای چاو: ئەو کەسانەی لەڕێگای چاوەوە فێر دەبن، زۆر قسە دەکەن و دەڕواننە داهاتووی خۆیان، توانای بڕیاردانی خێرایە، هەڵەی بەرامبەر زۆر دەگرێت و زوو دەرەکی پێ دەکات. شتەکان جوان دەبینێ. لەبەرکردنی باش نیە دەیەوێت هەموو شتێک بزانێت لەڕێگای نیشاندانی وێنە و سەیرکردنەوە فێر دەبێت.

ب- فێربوون لەڕێگای گوێ: ئەو کەسانەی بەهۆی بیستنەوە فێردەبن، زۆر قسە لەگەڵ خەڵک دەکەن. پرسیاریان زۆرە. حەز لەگفتوگۆ دەکەن. توانای لەبەرکردنیان بەهێزە. هەست بەهەموو دەنگێک دەکات و دەتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە. حەزدەکات شتەکان نەبینێ بۆ ئەوەی جوان ببیسێ، بە گوێگرتن و لەبەرکردن فێر دەبێت (د. عبدالرحمن ،٢٠٠٨: ل٥٩)

ڕەوشت و ئیتیکی مامۆستا

١-ڕووخۆشی و قسەخۆشی لەناو پۆلدا: سروشتی وانە گووتنەوە وایە ئەوەی کەوا لەپۆلە و گوێگرە زوو بێتاقەتی دایدەگرێت و بیری دەڕوات. بۆیە پێویستە مامۆستای پەروەرشیار ناوەناوە قسەی خۆش و پەند و نوکتەی کورت و لەبار تێکەڵ بەوانەکەی بکات بۆ هێنانەوەی بیری قوتابی بۆ وانەکە. بەڵام مامۆستا دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵە وریا بێت و ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات (مرجرِیت ،٢٠٠٠: ل٦٤):

أ/ دەبێت مامۆستا پێش شۆخی کردنەکەی لەوە دڵنیا بێت کە دەتوانێت بە ئاسانی دەست بەسەر کەش و هەوای پۆلەکەدا بگرێتەوە و بیگێڕێتەوە دۆخی جارانی.

ب/ پێویستە ئەو نوکتە و قسەخۆشانە پەیوەندیان هەبێت بە وانەکە و بابەتی ئامادەکراو. دوور بێت لەتوانج لێدان لەقوتابی یان شارەکەی یان

عەشیرەتەکەی یاخود ئاینەکەی یاخود هەرشتێکی تر کە لەلای قوتابیان ڕێزی بۆ دادەنرێت. چونکە ئەو نوکتانە لە بیری قوتابی تۆمار دەبێت و هەرگیز لەیادی ناکات. لەگەڵ ئەوەش کەناتوانێ وەڵامی مامۆستاکەی بداتەوە، دەبێتە گرێیەک لەناو دەروونی قوتابی و بەربەستێک لەنێوان مامۆستاکە و قوتابیەکە دروست دەکات. دەرەنجام ئەم قوتابیە وای لێدێت بەباش و بەخراپ گوێ بۆ قسەکانی مامۆستا ڕاناگرێت و سودی لێ نەبینێ.

٢-هاوڕێیەتی نەوەک دوژمنکاری: بەشێک لە مامۆستایان بە توندوتیژی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابیەکانیان دەکەن. هەرگیز دەرگای خۆشەویستی خۆیان ناکەنەوە. هەندێکی تر لە مامۆستایان خۆشەویستیەکی زۆر و لەڕادەبەدەر دەدەن بە قوتابی. ئەم دوولایەنە هەردووکیان خراپن و زێدەڕۆییان تێدایە. مامۆستا دەبێت هەمیشە ئاگاداربێت و سنوڕێک لەنێوان خۆیی و قوتابیەکەی بهێڵێتەوە. کەسایەتی مامۆستا پێش چوونە ژوورەوە یان لەکاتی چوونە ژوورەوە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر هەستی قوتابی. ئەگەر مامۆستا بەباوەربەخۆبوونێکی زۆر و بەسەر بەرزی بەدڵێکی گەش و ڕوویەکی خۆش چووە پۆلەکەی، راستەوخۆ هەستێکی بەهێز لای قوتابیان دروست دەبێت و یارمەتیان دەدات بۆ زرنگی و وریای و گوێگرتن لە وانەکە (مرجرِیت ،٢٠٠٠: ل٦٨)

٣-دوورکەوتنەوە لەهاوارکردن: لەکاتی ڕوودانی هەر کارو کردەوەیەکی ناشیرین و نابەجێ لە پۆلدا، نابێت پەنا ببرێت بۆ هاوارکردن و قیژاندن، هەروەکو هەندێ مامۆستا نەک تەنها پۆلەکەی خۆیان بەڵکو چەند پۆلێکی نزیکی خۆشی سەخڵەت دەکات. هاوارکردن هێز و توانای مامۆستا لەناو دەبات و وێنەی مامۆستا لای قوتابیان ناشیرین دەکات. بێ توانایی و بێدەسەڵاتی نیشان دەدات. ئەمە جگە لەوەی کە هاوارکردنەکە دیاردەکە چارە ناکات، بەڵکو گەلێ جار کێشەی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. نائارامی پۆل هەرچەندە زۆر بێت و لەسنور دەرچوونی قوتابیان چەندە زیاد بێت، پێویست ناکات پەنا ببرێتە بەر توڕەیی و خۆسورکردنەوە. بەڵکو چەندی دەکرێت پێویستە مامۆستا خۆگربێت و هێمنی دەروونی خۆی بپارێزێت. بەمە گەورەی خۆی لای قوتابیان دەردەخات.

٤-بەربەستەکانی پۆل بۆ قازانجی خۆت بەکاربهێنە: ئەو کەسانەی دەبنە بەربەست لەکاتی وانەگوتنەوە بۆ مامۆستا، ئەو قوتابیانەن کە لەدواوە دادەنیشن، یان ئەوانەن کە زۆر قسەدەکەن و ئەرکی ڕۆژانە ئامادە ناکەن. مامۆستا دەتوانێت تەواوی ئەو قوتابیانە دەست نیشان بکات و بیان ناسێت بۆئەوەی هەریەکەیان بەکارێکەوە سەرقاڵ بکات و لە پۆلدا شتێکیان داوا لێبکات بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەن. بۆنموونە، (ناو نووسینی قوتابیە نەهاتووەکان، یان هێنانە پێشەوەیان، یاخود بیکاتە نوێنەری خۆی بۆ ئەوەی پرسیار لە قوتابیان بکات، جاری واش هەیە دەتوانێ ئەرکێکی بداتێ و لە کۆتای بەنمرە پاداشتی بداتەوە.....هتد).

٥-وەرەی قوتابییەکانت بەرزبکەرەوە: لەڕۆژانی یەکەمی هاتنە زانکۆ مامۆستا دەتوانێت بەردەوام مەدحی قوتابیان بکات لەسەر هەموو ئەو کارە باشانەی کە ئەنجامی دەدەن. وەک (زووئامادەبوون لەپۆل، نەجوڵان و قسەنەکردن، ئامادەکردنی ئەرکی ماڵەوە، بەشداری کردن لەوانەکە، پاراستنی خاوێنی پۆل، برایەتی و هاوکاری نێوان قوتابیان ....هتد) بەردەوام بوون و سوربوون لەسەر ئەم کارە هەستی قوتابی بەهێز دەکات هانی دەدات بۆ سەرکەوتن (صالح، ٢٠١٦: ل٤٣).

٦-سەرەتای وانەگووتنەوە: وانەکانی یەکەمی سەرەتای ساڵ هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەستپێکردنێکی دروست و چوون بەرەو سەرکەوتن. لەبەرئەمە پێویستە زۆر وریا بین. ئەگەر لەیەکەم هەنگاو سەرنەکەوتیت، ئەوا تا کۆتایی ساڵ دۆزەخێک بۆ خۆمان دروست دەکەین کە بەئاسانی ناتوانین بەرگەی بگرین. بۆیە زۆر لەمامۆستایان لەم یەکەم هەنگاوە بێزاریی دایان دەگرێت و هەوڵی خۆگوازتنەوە دەدەن بۆ قوتابخانەیەکی تر. پێویستە سەرەتای وانەکان بەقسەی جوان و ڕووی خۆش و هاندان و نیشاندانی خۆشەویستی و خەمخۆری دەست پێبکەین. دوور بکەوینەوە لە ڕووگرژی و سەرکۆنەکردن و شکاندنەوە و گران نیشاندانی خوێندن و نزم سەیرکردنی ئەرکی قوتابی. دیاریکرنی ئەرکی ماڵەوە و لێپرسینەوە و دانانی نمرە. هەروەها پشکنینی وەرەقەی تاقیکردنەوەی قوتابی دوو خاڵن کە زۆرجار دەبنە هۆکاری دروستبوونی ئاژاوە لە پۆلدا. هەندێ جاریش بە ئەنقەست قوتابی دەیکاتە هەلێک بۆ ئەوەی بارودۆخەکە تێک بدات. لەبەرئەمە پێویست دەکات ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت (مرجرِیت، ٢٠٠٠: ل٧٠).

٧-گرنگیدان بەئەرکی ماڵەوە و پشتگوێ نەخستنی: ئەرکەکان لەئاستی قوتابیان بێت، نە زۆر بێت نە کەم. جەختکردنە سەر ئەوەی قوتابی خۆی ئەنجامی بدات. راستکردنەوەی هەڵەکان بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە. دەبێت مامۆستا لەوە دڵنیا بێت کە تەواوی قوتابیان گوێبیستی ئەوە بوونە و ئەرکەکەیان لای خۆیان تۆمار کردووە. هاندان و دەستخۆشی لەتەواوی ئەو قوتابیانەی کە ئەرکەکەیان بەجێ گەیاندووە. رەخساندنی کەشێکی ئارام و گوێگرتن بۆ قوتابیان لە کاتی دانەوەی نمرەکان. چونکە هەموو کەسێک قابیلی هەڵکردنە. ئەگەر ئەرکەکە تایبەت بوو بە پۆل پێویستە ڕەچاوی کات بکرێت و نەگاتە کۆتایی وانەکە. ڕوونکردنەوەی تەواو دەربارەی ئەرکەکان. بە شێوەیەک هیچ گرێیەک لای قوتابی نەهێڵێتەوە.

٨-دانانی پرسیارەکان بە شێوەیەک بێت کە تەواوی قوتابیان بتوانن بە لایەنی کەم نیوەی نمرەی دیاریکراو بهێنن. خۆدوورگرتن لەپرسیاری نارِوون و گران و دوور لە وانەکە. سزای پێویست بدرێت بە هەموو ئەو قوتابیانەی کە کەمتەرخەمی دەکەن لە ئەنجام نەدانی یاخود دواخستنی ئەرکەکە. باش نیە هیچ ئەرکێکی تر بدرێت بە قوتابی تاوەکو ئەرکەکەی پێشوو تەواو نەبێ. هەموو بابەتێک سەربەخۆی تایبەتی خۆی هەیە. بەهیچ شێوەیەک ناکرێت لەسنوری یەک وانە دوو بابەت شیبکرێتەوە و تێکەڵ بکرێت. هەندێ جار بەهۆی مانەوەی کات لەوانەیەک یان بەهۆی ترسان لەتەواونەکردنی مەنهەج، یان هەر هۆکارێکی تر، مامۆستا پەنا دەباتە بەر تێکەڵکردنی دوو بابەتی سەربەخۆ. ئەمەش ساردی و بێتاقەتی لای قوتابی دروست دەکات و بیری تێکەڵ دەبێت و توانای گوێگرتن و بەشداریکردنی نامێنێ.

٩-سودوەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی تر: هەنگ بۆ ئەوەی شیلەیەکی پاک و سودبەخش بەرهەم بهێنێ لەسەر هەموو گوڵێک دەنیشێتەوە و شتێکی لێ هەڵدەگرێت پشتبەستنی مامۆستا تەنها بەئەزموونی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل بەس نییە، بەڵکو مامۆستای سەرکەوتوو بەبەردەوامی پرسیار لە مامۆستایان دەکات و ئەزموونەکانیان وەردەگرێت، وەک خۆی یان لەگەڵ هەندێ دەستکاری سودی لێ وەردەگرێت.

١٠-بونیادنەریی: پێویستە هەموو هەڵوێست و قسەیەکی مامۆستا ئامانجێکی بونیادنەرانەی لەپشتەوە بێت، بە تایبەتی کاتێک مامۆستا دەخوازێ قوتابیەک هۆشیار بکاتەوە، یاخود رەفتارێکی ناشیرینی قوتابیەک چاک بکاتەوە. دەبێت ئامۆژگاریەکانی بەو شێوەیە بێت کە قوتابیەکە پێی خۆشە. نەک دەربڕیەکان بەشێوەیەک بێت باسی خووە ناشیرینەکە بکات و لەسەری بڕوات و درێژەی پێبدات (البزاز،٢٠١٠: ل٢٧)

ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان

ئەوەی وا دەکات مامۆستا لە قوتابخانە بێزار بێت و پیشەکەی خۆی خۆشنەوێت، دروستبوونی کێشەی زۆرە. سروشتی پیشەی مامۆستایەتی وایە هەرکەهاتە ناو سنوری قوتابخانە کێشە گەلێکی زۆری بۆ دروست دەبێت چ لەگەڵ ئیدارە بێت یان لە ژوورەوە لەگەڵ قوتابی بێت. بەڵام ئەوەی دووەمیان کاریگەرییەکەی زۆرترە. لەسەر هەست و ناخی مامۆستا بە تایبەتی ئەگەر ئەو مامۆستایە تەمەنێکی کەمی هەبێت لەناو پیشەکەی، یاخود ئاستی روشنبیری بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی دەبنەوە نزم بێت. هەربۆیە پێویستە بەردەوام خوێنەوار بێت و زانیاری زۆری لابێت لەسەر ناسینی بەرامبەر و جۆری کێشەکان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان. هەروەها چاوکراوە بێت بۆ ئەو کێشانەی کە بۆ مامۆستا هاوڕێکانی دروست دەبێت. هەوڵ بدات بزانێت کێشە بۆ سەری هەڵداوە و چۆن چارەکراوە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر مامۆستایانی هەرێم ئەنجاماندا دەرکەوتووە کە زۆربەی مامۆستایان بەبێ زانیاری زانستی و لێکدانەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکان کێشەکانی خۆیان چارەسەر دەکەن. هەروەها بەبێ پلان و بەشێوەیەکی عەشوائیی و بێپرسکردن بە کەسانی بەئەزموون ڕووبەڕووی کێشەکان دەبنەوە، کە ئەمانەش زۆربەی جار لەجیاتی چارەسەرکردن گرفتی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت (ئەسعەد حاجی شەریف، ٢٠١٧: ل٩٧).

پێویستیەکانی شوناسی پیشەی مامۆستا

هەبوونی پلانی کاری ساڵانەو مانگانە و ڕۆژانە: زانایانی بواری کارگێڕی لەسەر ئەوە یەک دەنگن کە هەبوونی پلان یەکێکە لە خاڵە هەرە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی هەموو پرۆژەیەک و هەموو کارێک. نەبوونی پلان واتە بێ سەروبەری و تێکەڵاوبوون و بزربوونی سەرەداوەکان. بۆ هەموو کارێک پێویستە بزانین لەکوێ دەست پێدەکەیت و دەمانەوێت بگەینە کوێ، ئەو ڕێگایانەشمان لەبەرچاو بێت کە پێیدا تێدەپەڕین. ئەگەر پلاندانان بۆ کار گرنگ بێت ئەوا بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی مرۆڤ گرینگیەکەی زیاترە. مامۆستای سەرکەوتوو دەبێت بزانێت (کەی دەست پێدەکات و لەکوێ دەست پێدەکات و چ کاتێک تەواو دەبێت، ڕۆژانە و مانگانە چەندی مادەکەی دەگەیەنێ بە قوتابیان. لەڕووی پەروەردەییەوە چی بۆ قوتابیان پێیە و دەیەوێت چۆن پەروەردەیان بکات) پلاندانان کارێکی گشتگیرو بەردەوامە کە مرۆڤ بەرنامە ڕێژی دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. یاخود کۆمەڵێک کاری هزر و بیرە لەسەر ڕێگایەکی زانستی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خواستن. پلاندانان هۆکاری سەرکەوتنی هەموو کارێکە و ڕێگایەکە بۆ زیادبوونی بەرهەم و گەیشتن بەخواستەکان. دیارە پلاندانانیش هەر لە بەرزترین یەکەی دەوڵەت تا بچوکترین دەزگا پێویستیەکی سەرەکییە و هەموو لایەک مومارەسەی دەکەن. ئەم خاڵانەش گرنگی پلاندانان دەخەنە ڕوو: (مرجرِیت ،٢٠٠٠: ل١٩٨)

١-ریزبەندی کارەکان لە گرنگترینەوە بۆ گرنگتر و پاشان بۆ گرنگ. سەرکەوتن مسۆگەرە و هەردەم لەبەرچاوە.

٢-بەئاسانی دەتوانین چاودێری کارەکان بکرێت و بەرهەمەکەی ببینرێت. کارەکان بەئاسایی خۆیان دەڕۆن و سەرمان لێتێک ناچێت.

٣-سود لەکات وەردەگرین و کارێکی زۆر بەماوەیەکی کەم ئەنجام دەدەین. کارەکان کەڵەکە نابن و بێ سەروبەری لەکار دروست نابێ.

٤-توشی پێشهاتی لەناکاو نابیت. ئاسودەیی دەروونی دابین دەکات. هێزی مرۆڤ کۆ دەکاتەوە و بەباشی ئاڕاستەی دەکات. یارمەتی دەرە بۆ سودوەرگرتن لە تەجروبەی کەسانی تر.

لەبەربوونی ئەم خاڵانەی سەرەوە پێویستە مامۆستا هەموو ساڵێک نەخشە و پلانی تایبەت بە خۆی هەبێت و لەسەری بڕوات. خۆی دووربگرێت لەهەموو ئەو قسە و توانجانە کە لە گرنگی پلاندانان کەمدەکەنەوە و بەهۆیەوە مامۆستایان لەدانانی نەخشە و پلانی ساڵانە کەمتەرخەمی دەکەن و جێبەجێ ناکەن. (صالح ،٢٠١٦: ل٤٥)

پرسیارەکان

پ١/بنەماکانی مامۆستا بەرامبەر بە خوێندکار چین؟

پ٢/ چۆن مامۆستای سەرکەوتوو لە پیشەکەیدا دەناسیتەوە؟

پ٣ /توانا و لێهاتوویی مامۆستای سەرکەوتوو لە چیدایە؟

پ٤ /چۆن مامۆستا رووبەرووی کێشەکان ببێتەوە؟

سەرچاوەکان

حکمة البزاز، (٢٠١٠)، الاتجاهات الحديثة فی اعداد معلمين، مكتبة دولة العربية للطبع.

د. عبدالرحمن الحائی، (٢٠٠٨)، چۆن لەخوێندندا سەرکەوتوو دەبیت، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

سامان سیوەیلی، ڕۆڵی سایکۆلۆژیا لەقوتابخانە، . www.derunnasy.com

صالح مهدی الحويجی، (٢٠١٦)، الخصائص الشخصية للاعضاء هيئة التدريس، مجلة رسالة الخليج العربی، عدد١٢٢، الامارات.

طه، احمد ئەمین، (٢٠١٣)، گرفتە پەروەردەییەکان، کتێبخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

عەبدلواحید محەمەد حاجی، (٢٠١٤)، گۆڤاری مامۆستا، ژمارە (٣).

مرجرِیت التیی، (٢٠٠٠)، تکوین معلمین مهنین: استراتجیات والکفایات، دار النشر، دمشق.

محەمەد، (٢٠١٣)، پڕۆگرامی خوێندنو ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، کەرکوک.

ئەسعەد حاجی شەریف، (٢٠١٧)، دەروونناسی قوتابخانە، بلاوکراوەکانی چوارچرا، هەولێر.

ئینتەرنێت، ئەرک وئامانجەکانی پەروەردە www.hewalnews.com

٢-٣ ئیتیك و بەهای ئیتیکی لەکاری کۆمەڵایەتی و واتاکەی لەڕوانگەی کاری کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتییەوە

کرستین سۆنێنبێرگ ،لوقمان صالح کریم سیوەیلی

پوختە:

ئەم بابەتە پێناسەیەکی گشتگیری چەمکی ئیتیک و بەهاکانی لەڕوانگەی کاری کۆمەڵایەتی پیشەیی دەخاتەڕوو. هاوکات هەمو تێڕوانین و ڕێبازە سەرەکیەکانی ئیتیک لە ڕوی تیۆرییەوە پوخت دەکات تاوەکو تێگەیشتنێکی بنەڕەتیانە و زانیاری پێویست بۆ چەمکی ئیتیک لەڕووی کاری کۆمەڵایەتیەوە بەردەست بخات. زیاد لەوەش، بەڵگەو زانیاری گرنگ و لەئاستی نێودەوڵەتیدا پێشکەش دەکرێت، هەروەها کارو واتای ئەم چەمکە وەکو ڕێبەرییەک گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. لەکۆتایی ئەم بابەتەدا، نمونەی هەڵێنجراوی تایبەت بە بەهای کاری کۆمەڵایەتی و حاڵی پیشەیی ئەم بوارە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەندامن لە ڕێکخراوی IFSW 2019 هەروەها کوردستانی عێراق بەردەست دەخرێت. لە کۆتایشدا، بەهای هاوبەشی پەیوەندیدارو هەروەها وێنەدانەوەکانیان لەسەر کاری ڕۆژانە لەمەیدانی کاری کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی کورت و پوخت کراوە.

زاراوە سەرەکیەکان: بەهای ئیتیکی، پڕانسیپەکان، ئیتیک،کاری کۆمەڵایەتی، کۆدە ئیتیکیەکان

بۆچی لەسەر ئیتیك و بەهای ئیتیکی دەنوسرێت؟

کاری کۆمەڵایەتی بریتیە لەپیشەیەک تێیدا مامەڵە لەگەڵ دۆخی دژوارو هەروەها خەڵکانێک دەکات کە بێبەشکراون لەزۆرێک لەکایە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان. پێویستیەک هەیە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو کاردانەوەییانە تاوەکو ئامادەکاری بکرێت بۆ بڕیاردان لە دۆخێکی دژوارو ململانێ ئامێزانە. واپێدەچی «بەهای پابەندبون و بنەماکانی ئیتیک پێکهێنەری سەرەکی کاری کۆمەڵایەتین» (Banks, 2012: p17). کەواتە، توێژینەوەو دیراسەکردنی ئیتیکی کاری کۆمەڵایەتی دەکرێ ببێتە هۆی "هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ڕەنگدانەوەو ئاوێنەی خود لەڕێگەی بنکۆڵکردن و دۆزینەوەی سروشتی کێشە ئیتیکیەکان و دایلێمای کاری کۆمەڵایەتی". (Banks, 2012: p14).

زانست و مەعریفەی تیۆرو تێڕوانینە جیاجیاکان دەبنە هۆی فەراهەمکردن و بینینی بەدیل و ڕێگا بۆ کەسانی پیشەیی و تایبەتمەند تاوەکو بتوانن کێشەکان بنکۆڵ بکەن و پاشان بیاندۆزنەوە. ئاڵوگۆڕکردنی هزر لەسەر بەهاو ڕێبەری ئەم بوارە دەکرێ وەکو ڕێبازێکی بەرهەمدار لێیبڕوانرێت تاوەکو ڕەنگدانەوەی لەسەر کاری کۆمەڵایەتی هەبێت لەسیاق و ئاستێکی نێودەوڵەتیدا.

بەهای ئیتیکی کاری کۆمەڵایەتی

تێڕوانین لەسەر بناغەی بەها بریتیە لەبناغەیەکی گرنگی کار بەو پێیەی ناوەرۆک ڕەنگدانەوەی هەیەو ڕەنگدانەوەی توانستی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆی فراوانکردن و بەهێزکردنی توانستی کاری توێژەری کۆمەڵایەتی. هەروەها بەشدار دەبێت لەخود دڵنیایی و خود گرنگی توێژەری کاری کۆمەڵایەتی (کۆمەڵکار).

پێناسەو چەمکەکان

بەهاگەلێکی زۆر هەن لە هەناوی مێژووی کاری کۆمەڵایەتیدا. بەواتایەکی تر، لە ڕوی ڕۆحیەوە گوزارشت دەکات لە کاریگەری مەسیحیەت (یان ئاینەکانی تر). ئەم بەهایانە خۆیان لە بیروباوەڕ، خۆشەویستی، متمانە هەروەها بەها مرۆییەکان دەبیننەوە کە سەرجەمیان دەبنە هۆی دروستبونی تێگەیشتنێک بۆ

پەروەردە لەسەر بناغەی دایەلۆگ، ڕاڤەی خودی بۆ واقیع، بەرپرسیاریەتی دادگەرییانە و کۆمەڵایەتی وەکو مەرجێکی چوارچێوەدار. بۆ تیشکخستنەسەری چەمکە جیاجیاکانی بەهاکان و ئیتیک، (بانکس) پێشنیاری بەکارهێنانی چەمکی «ئیتیک» و «ئیتیکی پیشەییانە» دەکات لە واتایەکی فراواندا. «ئیتیکی پیشەیی گرنگی دەدات بە ڕەفتارە باش و خراپەکان، جۆر و کواڵیتی باش و خراپی کەس و بەرپرسیارییەتی پیشەییانە کە پەیوەستن بە پەیوەندیەکان لەسیاقی کاردا (Banks, 2012: p7). ئەم پێناسەیە سێ ڕەهەندی سەرەکی ئیتیک دەگرێتەخۆ ئەوانیش بریتین لە ڕەفتار، کارەکتەر و، بەرپرسیارێتی لە پەیوەندیەکاندا.

هەروەک (Banks, 2012: p7) ئاماژەی پێداوە، (١٨٠) پێناسەی جۆراوجۆر هەیە بۆ چەمکی "بەها"، هەربۆیە ناوبراو "بەهاکان و بەهای کاری کۆمەڵایەتی" لەواتایەکی فراواندا بەکارهێناوە بەم شێوەیە:

"بەهاکان وەکو جۆرێکی تایبەتی باوەڕ دادەنرێن کە خەڵکی هەڵگری ئەو باوەڕەن و تێیدا گوزارشت دەکەن لەوەی کە چی بەنرخ و بە بەهادار دادەنرێت. چەمکی بەهای کاری کۆمەڵایەتیش ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک بیروباوەڕ سەبارەت بەوەی چی بەنرخ و بەهادار دادەنرێت لەسیاقی کاری کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش بیروباوەڕێکی گشتیە سەبارەت بەسروشتی کۆمەڵگەی باش، بنەما گشتیەکانی ئەوەی چۆن ئەمە بەدەست بهێنیت لەڕێگەی کارەوە هەروەها کوالتی و جۆری ئارەزوکراو یان جۆری جیاجیای کارەکتەری کەسانی پیشەیی" (Ibid: p8).

ئەم پێناسە وەرگیراوەی سەرەوە ئەوە دەردەخات کە بەهاکان وەکو ئەوە دادەنرێن کە بەنرخن. هاوکات پێویستە لەلایەن کەسانی پیشەیی و پسپۆڕەوە پێناسە بکرێن. هەروەها بەهاکان پەیوەستن بەئامانجی کۆمەڵگەی باشەوە. ئەمە ئەرکی کۆمەڵگەی توێژەوانی کۆمەڵایەتیە، هەروەها ئەو دەزگاو کۆمەڵە نیشتیمانی و نێونەتەوەییانەیە کە دایانمەزراندون.

کاریگەرییە جیاجیاکان لەسەر بەهاکان و هێز

گرنگە کاریگەرییەکان و پێکەوەگرێدراوی بەها کەسی و پیشەییەکان و هەروەها کاریگەری کۆمەڵگە ببینین. سەبارەت بە کۆتا خاڵەوە، سیاسەت و ئاین بریتین لەدوو سەرچاوەی سەرەکی ئەو بەهایانە کە کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە

هەیە. بەئاوڕدانەوە لەمێژووی ڕۆژئاوا لەپەیوەندی لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی، «دامەزراوە ئایینیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە دروستکردنی شێوەی کاری کۆمەڵایەتی. بنج و بنەوانی کاری کۆمەڵایەتی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمی ڕۆژئاوای ئەوروپا و باکوری ئەمریکا بۆ بەهای مەسیحی جودیۆ» دەگەڕێتەوە (Banks, 2012: p10). ئەمەش پشت بەستوە بە ئەرکی تاک. پاشان و لەسەدەی بیستەمدا، دەوڵەت ڕۆڵێکی گەورەتری گێڕا لەڕووی دابینکردنی خۆشگوزەرانی. لەم ڕووەوە، بانکس نمونەیەک دەهێنێتەوە، "لەهەندێ لەو وڵاتانەی تێیاندا ئاین گرێدراوی کەلتورو یاساکانە (لەنمونەی ئەو وڵاتانەی ئیسلام تێیاندا باڵادەستە) بەهاکانی کۆمەڵگە بەڕوونی لەسەر باڵادەستی ئایین بنیادنراون (ibid: p8). بەنیسبەت سیاسەتیشەوە، ئەمیش خۆی لەسەر لیبڕالیزم و سۆسیالیزم دەبینێتەوە کە تێیدا هەریەکەیان پەیوەستن بە گورزەیەک لە بەهاکان. «**یەکێک لەجیاوازیە گرنگەکانی نێوان ئاین و ڕێبازی عەلمانیەت لەگەڵ تیۆری نۆرم و ڕەفتاری ئیتیکیدا، بریتیە لەئیتیکی ئاینی، وە دەسەڵاتی بنەماکانیش لەخواوە یان هەندێ سەرچاوەی ڕۆحانیەوە سەرچاوەی گرتوە. بەڵام لەئیتیکی عەلمانیەتدا، ڕەنگە لە عەقڵ، دەزگا یان ڕەفتارو پێودانگە کەلتوریەکانەوە سەرچاوە بگرێت**» (ibid: p40). هاوکات گرنگە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی بەهاکان بناسێنرێن لەهەر سیاقێکی ناوچەیدا و هەروەها لەهەر ململانێیەکی چاوەڕوانکراودا. وەکو لەسەرەوە باسکرا، ئەم بەهایەنەو کاریگەری کارکردی کاری کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەیان لەبڕیاردانی کەسانی پیشەیی دەبێت.

ئارگومێنتێکی گرنگی لەم گفتوگۆ مشتومڕئامێزەی ئیستا سەبارەت بەزانست و مەعریفەی قەبوڵکراو و هەروەها پێکهاتەی هێزو دەسەڵات گرنگ و هەستیارە لەپەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمی دوای کۆلۆنیاڵ (داگیرکەری). «**هەناردەکردنی مۆدێلی کاری کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا بۆ زۆرێک لە وڵاتانی تری جیهان هەروەها باڵادەستی ئەدەب و زانستی ڕۆژئاوا کاریگەریان لەسەر پڕاکتیزەکردنی کاری کۆمەڵایەتی جێهێشتوە لە هەندێ لە وڵاتاندا**» . ئەمەش بوە بەهۆی تێکەڵبونی ئاینە جیاجیاکان و بەها عیلمانیەکان لەگەڵ یەکتر ئەمەش بووە بەهۆی دروستبونی کاریگەری لەسەر هەردو نۆرم و ڕەفتارە ڕەسەن و دەرەکیەکان و هەروەها کەلتوریش» (Banks, 2012: p10).

گرنگە ڕەنگدانەوەی ئەمە ببینین تاوەکو تێبگەین چ جۆرە تێکەڵیەک و کاریگەریی پێکداچونێک گەشەی کردوە، هەروەها چ جۆرە چوارچێوەیەکی پراکتیزەکردنی کاری کۆمەڵایەتی درووست بووە. ئەمەش لەمیانی هاریکاری نێودەوڵەتیدا تایبەتی خۆی هەیەو ئەبێ بەهۆی یەک پارچەیی. هاوکات ستافیش پێویستە ئاگاداری ئەمە بن و لەمیانی ئەم پرۆسەیەدا فێربن.

وڵاتانی ئەندام لە IFSW و پەیوەندیان لەگەڵ کۆدی ئیتیکدا

ڕێکخراوی فیدراسیۆنی کۆمەڵکارانی نێودەوڵەتی (IFSW) پێکهاتەی ئەو پێنج هەرێمەی کە کەوتوونەتە کیشوەرەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ناوچەی زەریای هێمن، ئەمریکای لاتینی و ناوچەی کاریبی هەروەها ئەوروپاو ئەمریکای باکور، لە نێویشیاندا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست کە بەشێکە لە ئاسیاو ناوچەی زەریای هێمن کە بە (٢٨) ئەندام بەشداری دەکەن لەم ڕێکخراوەدا، لە ئێستادا وڵاتانی وەکو بەحرەین، ئێران، لوبنان، کوەیت، فەلەستین، و یەمەن بەشێکن لەو ئەندامانەو هاوکات کەوتونەتە پۆلێنی وڵاتانی ئاسیایی و ناوچەی زەریای هێمن. وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیاش ئەندامە لەسەر کیشوەری ئەوروپا. هەروەها کوردستانی عێراق کەوتوەتە ناوچەی ئاسیایی و زەریای هێمنەوە. لەکۆی (١٧٨) وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوەکە کە ناویان لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیان هاتووە، (٢٣) کۆدی نیشتیمانی ئیتیک لەبارەی کاری کۆمەڵایەتی کە وڵاتانی ئەندامی IFSW نوێنەرایەتیان دەکەن، بەردەستن. ئەو ڕێکخراوەی کە لەئەڵمانیا نوێنەرایەتی دەکا و ئەندامی ڕێکخراوەکەیە پێی دەوترێت کۆمەڵەی کەسانی پیشەیی ئەڵمانیا بۆ کاری کۆمەڵایەتی (Deutscher Berufsverband für Soziale Arbeit e.V., DBSH) وە کۆتا کۆدی پیشەیی ئیتیکی کە بڵاویانکردەوە سەبارەت بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ٢٠١٤ (DBSH) بوو. ئەمەش بەتەنها بە زمانی ئەڵمانی بەردەستە. کوردستانی عێراق ئەندام نیە لەڕێکخراوی IFSW چونکە تا ئێستا هیچ جۆرە کۆمەڵەیەکی توێژەرانی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵکار) دانەمەزراوە.

لە خشتەی ژمارە ١ لە خوارەوە، وێنەیەکی گشتی لەسەر وڵاتانی ئەندامی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەبارەت بە کۆمەڵەی کاری کۆمەڵایەتی و

کۆدی نیشتیمانی ئیتیک خراوەتەڕو. ئەو وڵاتانە هەمویان ڕۆژئاوایی نین بەو پێیەش پێناچی خاوەنی هەمان بەهای هاوشێوەی ڕۆژئاوایان نەبێت. ئەمەی کە باسکرا تەنها خاڵی دەسپێکەو دەکرێت لەداهاتودا توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت.

خشتەی یەکەم: وێنەیەکی گشتیە سەبارەت بە ئەندامانی IFSW لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هاوکات ئەم خشتەیە لەسەر بناغەی زانیارییەکانی ڕیکخراوی IFSW و توێژینەوەکان سەرچاوەیان گرتوە.

کۆدی ئیتیک	زانیاری	کۆمەڵە
کۆمەڵایەتی وەکو پیشە نەکراوە. بۆیە، هیچ کۆدێکی ئیتیکی بونی نیە.	هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ بەردەست نەخراوە لەلایەن ڕێکخراوی IFSW. ئەکرێت بەکالۆریۆس لە زانکۆی بەحرەین، کۆلێجی ئاداب، لە بواری کۆمەڵناسی بخوێنرێت.	کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی بەحرەین
مانیفێستۆی توێژەرانی کۆمەلایەتی (سوێد) لە ساڵی ١٩٧٨	لەساڵی ١٩٦١ دامەزراوە. لە ساڵی٢٠١٢ پەیوەندی کردووە بە IFSW	انجمن مددکاران اجتماعی ایران کۆمەڵەی توێژەرانی کۆمەلایەتی (کۆمەڵکار) ئێران
بنەماو بەهاکانی سەندیکای توێژەرانی کۆمەلایەتی.	هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەلایەن IFSW بەردەست نەخراوە، سەندیکای توێژەرانی کۆمەلایەتی لەژێر بڕیاری ژمارە ١/٤١ دامەزراوە کە لەلایەن وەزارارتی کاری لوبنانەوە لە بەروارى ١٩٩٧/٢/١ دەرچووە.	کۆمەڵەی توێژەرانی کۆمەلایەتی لوبنان

هیچ کۆدێکی ئیتیکی بەردەست نیە.	هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەلایەن IFSW بەردەست نەخراوە. بەهەرحاڵ، بەپێی لینکی هەردوو فەیسبوک و تویتەری کۆمەڵەکە، لە ساڵی ١٩٦٧. بەڵام هیچ جۆرە زانیارییەک بە ئینگلیزی بەردەست نەخراوە.	کۆمەڵەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کوەیت.
کۆدی ئیتیکی فەلەستینی و سیاسەتی یاسایی	ژمارەی ئەندامان (٩٠٠٠)، لەساڵی ١٩٩٧ دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ وە پەیوەندی بە ڕێکخراوی IFSW کردوە. پوختەی بابەتەکە لە لایەن یەکیەتیەکەوە باسکراوە.	نقابة الأخصائيين الإجتماعيين والنفسيين الفلسطينية یەکێتی توێژەرانی کاری کۆمەڵایەتی و دەروونی فەلەستین
هیچ جۆرە کۆدێکی ئیتیکی بەردەست نیە.	زانیارییەکی ئەوتۆ لەلایەن IFSW بەردەست نەخراوە. فەیسبوک، کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی یەمەن، توێژەوانی کۆمەڵایەتی و دەروونی	کۆمەڵەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی یەمەن

ئیتیك لە كاری كۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی- كۆتا وتە

سەربەخۆ لە وابەستەبون بە سیاق و ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، لە هەرحاڵ و باریک یان وڵاتێک، گفتوگۆو مشتومڕێک هەیە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان جیهانگەرایی و ئیتیک. ئەو تێڕوانین و ڕێبازی ئیتیکەی کە (بانکس) پێشنیازی کردوە تێیدا باسی لە جۆرێکی ئیتیک کردوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرەوپێشچونەو هەوڵ ئەدات بۆ ئاوێتەکردنی ڕێبازی جیاجیا تاوەکو گەشەیان زیاتر پێبدرێت بەبڕشت و بەرهەمدارتر بن. هاوکات ئەمەش باشترە لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵەکانی تایبەت بە کاری کۆمەڵایەتی گەنگەشەو تاوتوێ بکەن. لە ئاستی پڕۆژە هاریکارییە نێودەوڵەتیەکاندا، بوونی بیرکردنەوەی

ڕەخنەگرانە لەمەڕ تیۆرە جۆراوجۆرەکان کاری بڕیاردانی لێدەکەوێتەوە و هەروەها لە ۆرکشۆپەکاندا بەکاردێت تاوەکو ببێتە هۆی گفتوگۆی هاوبەش. ئەو بڵاوکراوانەی کە (Banks, Sarah & Nohr, Kirsten, 2012) بەردەستیان خستووە و بوون بەهۆی فەراهەمکردنی هەڵبژاردنی کەیسەکان لەهەموو جیهاندا هەروەها ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی ڕەنگدانەوەی زیاتر.

بۆیە کارێکی گرنگە ئەم بابەتە گرێبدرێت لەگەڵ ئەم گفتوگۆو هەرمشتومڕێکی تردا لەشێوەی تیۆری پاش داگیرکەری لەسەر ئاستی کاری کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی ئێستایی.

بەکورتی

بەهای هاوبەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی کاری پیشەیی لەچەندین ڕوەوە، وەکو ڕێبەرێک بەکاردێن لە دۆخی دژواردا لەشێوەی ململانی و دالێما، هاوکات دەبێتە هۆی دامەزراندنی کیان و ناسنامەیەکی پیشەیی لەهەردو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. هەروەها دەبێتە هۆی دروستبونی پاڵپشتی بۆ توانستی خودیی بە کواڵیتیکی بەرزی کاری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەک تەبا بێت لەگەڵ شکۆی مرۆڤ و دادگەری کۆمەڵایەتی. بەم شێوەیە، گرنگە ڕێگەیەک هەبێ بۆ تێکەڵکردنی ئەو ستاندردانەی کە تەبایی هەیە لەسەریان لەگەڵ بارودۆخ و حاڵی ناوخۆیدا. ئاڵوگۆڕکردنی فکرو کێشەکان دەبێتە هۆی فراوانکردنی تێگەیشتنی کەسەکان لەمەڕ بڕیاردانی بابەتی ئیتیکی دژوار. ئەو بەراوردکارییە نێودەوڵەتیە ئەکرێ ببێتە هۆی دروستبونی زەمینەی هاوبەش لەکاتێکدا کە وڵاتانی جیاواز هەمان بەهاو پڕانسیپی نێودەوڵەتی هەڵببژێرن لە چەشنی پیادەکردنی هەمان پێناسەی نێودەوڵەتی بۆ کاری کۆمەڵایەتی یان ئیتیکی جیهانی بۆ کاری کۆمەڵایەتی. بونی پێشینەی ئیتیکی ڕەنگدانەوەی لەسەر پیادەکردن و هاریکاریکردن دەبێ لەگەڵ زۆرێک لە پیشەکان لە کایەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تیایدا وەکو بابەتێکی جیهانی ببینرێت. چۆن ئەو پڕانسیپە نێودەوڵەتیانە جێبەجێبکرێت لە ژینگەی کەلتوری و لۆکاڵیدا، ئەوە پرسی گفتوگۆیەکی گرنگە وە پێویستە لە داهاتودا زیاتر گەنگەشە بکرێت.

پرسیارەکان

پ١ /گرنگی کۆدە ئیتیکییەکان لەکاری کۆمەڵایەتی لە چیدایە، بۆچی ئەم بابەتە گرنگە؟

پ٢ /گرنگترین ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە بەشەکانی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بیگرنە بەر بۆ خۆماڵیزەکردنی کۆدە ئیتیکییەکان؟

پ٣ /چۆن دەتواندرێت کاری کۆمەڵایەتی نێوخۆیی هاوتەریبی کاری کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی هەنگاو هەڵبگرێت؟

سەرچاوەکان:

Banks, Sarah & Nohr, Kirsten (Eds.) (2012). Practising Social Work ethics around the world. Cases and commentaries. Routlegde: Oxon.

Banks, Sarah (2012). Ethics and Values in Social Work. Fourth Edition. Palgrave: London.

DBSH (ed.) (2014). Berufsethik des DBSH. https://www.dbsh.de/fileadmin/redaktionell/pdf/Sozialpolitik/DBSH-Berufsethik-2015-02-08.pdf, Accessed: December 12,2020

IFSW & IASSW (2014). Global Definition of Social Work. https://www.ifsw.org/what-is-social-work/global-definition-of-social-work/. Accessed: August 27, 2020

IFSW & IASSW (2018). Global Social Work Statement of Ethical Principles. Long version, 27.04.2018.https://www.ifsw.org/wp-content/uploads/2018/07/Global-Social-Work-Statement-of-Ethical-Principles-IASSW-27-April-2018-1.pdf, Accessed: August 27, 2020.

٢-٤ ئیتیك و یاسا لەكاری كۆمەڵایەتیدا

علی جعفر خالد

پوختە:

پراكتیزەكردنی هەر پیشەیەك پێویستی بە گرتبەری ڕێوشوێنی گونجاو تایبەتمەند هەیە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی و پەیڕەوكردنی لەكۆمەڵگەدا. هەر پیشەیەك كۆمەڵێك ئیتیك و ئەخلاقیات و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە كە دەبێت كەسی پیشەگەر ڕەچاوی بكات لەپێناو پارێزگاری كردن لەخۆی و لەو كەسەی كە كارەكەی بۆ ئەنجام دەدات. پیشەی كاری كۆمەڵایەتی بەو پێیەی پیشەیەكە ڕاستەوخۆ لەسەر مرۆڤەكان كار دەكات پێویستییەكی زۆری هەیە بەوەی كە پسپۆری كۆمەڵایەتی یا ڕێنماییی كاری كۆمەڵایەتی كۆمەڵێك پرنسیپی ئیتیكی و ئەخلاقی هەیە كە دەبێت ڕەچاوی بكات. هەروەها دەبێت بەئاگا بێت لەو یاسا بەكاربەرانەی كە لە كۆمەڵگەكەیدا پەیڕەو دەكرێت. لەم بابەتەدا پێناسەی چەمكی ئیتیك و چەمكی یاسا دەكرێت و باس لەكۆمەڵێك ئامانج و گرنگی ئیتیك دەكرێت كە پسپۆری كۆمەڵایەتی دەبێت ڕەچاوی بكات. هەروەها ئاماژە بە خەسڵەتە تایبەت و گشتییەكانی پرنسیپەكانی كاری كۆمەڵایەتی دەكرێت و چەند پرنسیپێكی كاری كۆمەڵایەتی دەخرێتە ڕوو. لە كۆتاییشدا ئاماژە بە پەیڕەووپڕۆگرامی كۆمەڵەی نەتەوەیی پسپۆرانی كۆمەڵایەتی دەكرێت.

زاراوە سەرەكییەكان: ئیتیك، یاسا، بەهاكانی كاری كۆمەڵایەتی، پرەنسیپەكانی كاری كۆمەڵایەتی، پەیڕەووپڕۆگرامی كۆمەڵەی نەتەوەیی پسپۆڕانی كۆمەڵایەتی.

پێشەکی

سەرەتا پێویستە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە کاری کۆمەڵایەتی پیشەیە، هەروەکو پیشەکانی تر وەکو پیشەی پزیشکی، ئەندازیاری، پاریزەری ، ... هتد. پیشەی کاری کۆمەڵایەتی بنەمای زانستی و ڕێگاکانی کارکردن و شێوازی هونەری خۆی هەیە بۆ پراکتیزەکردنی، و گرنگیی دەدات بەپێکهێنانی پەیوەندی پیشەیی ئامانجدار لەگەڵ ئەو یەکەیەی، ئەو سودمەندەی کە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کاری لەگەڵدا دەکات. گروپی شارەزاو ڕاهێنراوی هەیە پراکتیزەی پیشەکە دەکەن کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراون ئامادەکردنێکی زانستی پیشەیی (صوفی و عرفان، ٢٠١٤: ل١٣٣).

ئامانجەکانی ئیتیك ویاسا:

مەبەست لەئامادەکردن و وتنەوەی ئەم وانەیە بەقۆناغی دووی کاری کۆمەڵایەتی هینانەدی ئەم ئامانجانەیە:

١-ئامادەکردنی خوێندکارانی قۆناغی دوو ئامادەکردنێکی زانستی و پیشەیی، هەتا لەدوای تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەکاری کۆمەڵایەتیدا ببنە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ هێنانەدی ئامانجی پیشەکە.

٢-ئامادەکردنی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لەلایەنی تیۆریی و پراکتیکییەوە. لەلایەنی تیۆرییەوە هەڵگری فەلسەفەی وانەکە بن کە لەچەند سەرچاوەیەکی هەمەجۆرەوە هەڵقوڵاوە وەکو بەها باڵاکان، فەلسەفە مرۆڤایەتییەکان، فەلسەفە ئاینییەکان، فەلسەفە دیموکراتییەکان. لەسەڕوو هەمووشیانەوە باوەڕپێبوون و ئەزمونکردنی پەیڕەووپڕۆگرامی سەندیکای نێودەوڵەتی پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

گرنگی ئیتیك ویاسا لەکاری کۆمەڵایەتیدا:

١-هەموو پیشەیەک لەناو دامەزراوەکانی وڵات و لەنێو توێژەکانی کۆمەڵگەدا فەلسەفەو ئەخلاقی پیشەیی خۆی هەیە. بەهەمان شێوەش کاری کۆمەڵایەتی وەکو پیشە فەلسەفەو ئەخلاقی پیشەیی خۆی هەیە وەکو ڕێنیشاندەرێک بۆپیشەکە وایە. بۆیە خوێندکارەکان لەماوەی خوێندنی ساڵێکدا لەنێوان (٩٠

١٠٠) کاتژمێر وانەی تیۆریی وەردەگرن و ئاشنا دەکرێن بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگە کەدواتر کاری تیادا دەکەن وەکو لایەنی پراکتیزەی وانەکە.

٢-کارکردنی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لەنێو دامەزراوەکانی وڵات و لەنێو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بەشارەزایی و بەجێهێنانی یاساو ڕێنماییەکانی ئەو دامەزراوانە دەبن. ئەمە سەرەڕای شارەزابوون لەیاسا کارپێکراوەکانی وڵات بەشێوەیەکی گشتیی. بۆ ئەم مەبەستەش لەماوەی خوێندنی ساڵەکەدا خوێندکاران چەند بڕگەو مادەیەک لەیاسا پەیوەندیدارەکان بەپیشەکەیانەوە وەردەگرن وەکو:

- یاسای چاودێری نەوجەوانان.
- یاسای باری کەسێتی.
- یاسای مافەکانی مرۆڤ.
- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی.
- یاسای قەدەغەکردنی لەشفرۆشی.
- یاسای قەدەغەکردنی بازرگانی بەئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ.
- یاسای قەدەغەکردنی بازرگانی بەمرۆڤ.
- یاسای خراپ بەکارهێنانی هۆیەکانی پەیوەندیکردن.
- یاسای سزاکانی عیراقی.

٣-ئەگەر شارەزابوون لەیاساو ڕینماییەکان وەکو جەستەی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا شارەزابوون وپیادەکردنی ئەخلاقی پیشەیی ڕۆحی پیشەکە دەبێت.

پێناسەی (ئیتیك) ئەخلاقیاتی پیشەیی:

ئەخلاقیاتی پیشەیی ئاماژەیە بۆ بەهاو پێوەرە ئەخلاقیەکان کە تاکەکانی کۆمەڵگە پشتی پێدەبەستن بۆ جیاکردنەوە ی راست و دروست لە هەڵە و نەشیاو، چاکە لە خراپە. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان ئەم بەهاو پێوەرانەش گۆڕانکارییان بەسەردا هات و لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەمە یەک لەدوای یەکەکان ئەمانیش لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەکان پێشکەوتن و بوونە

ڕێبەری پیشەکان. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڕوانینە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و بەهاو پێوەرە ئەخلاقییە توندەکانیان، دواتر کۆمەڵگە پیشەسازی و پێوەرە نەرمە گۆڕاوەکانیان، دوای ئەوان کۆمەڵگەی جیهانی مەعریفییەکان و پێوەرە ئەخلاقیە ڕێژەییەکانیان کەتوانای وەرگرتن و خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە بێشومارەکان لەگشت بوارەکاندا وەکو بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و تەکنەلۆژیا ... هتد. (الغالبی والعامری، ٢٠٠٥: ل١٣٤)

سەرچاوەکانی ئەخلاقیاتی پیشەیی:

سەرچاوەکانی ئەخلاقیاتی پیشەیی لەهەر کۆمەڵگەیەک لەکۆمەڵگەکان هەمەجۆرن. هەروەها گرنگی ئەو سەرچاوانەو توانایان بۆ پێکهێنانی پێوەرو پڕەنسیپە ئەخلاقییەکان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە.

ئاین، مێژوو، خوونەریتەکان، نۆرمەکان، ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانیی، پێکهاتەی خێزانیی و خێڵەکیی، مەرجەعییەت، حیزبە سیاسییەکان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن، شارەزایی و لێهاتویی، کارامەیی پیشەیی، پاشخانی زانستی و کردارەکیی کۆمەڵگە، هەموو ئەمانە سەرچاوەن و بەشداری دەکەن لەپێکهێنانی ئەخلاقیاتی پیشەیی لەهەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەخلاقیاتی پیشەیی پشت بە دوو بنەمای سەرەکیی دەبەستێ ئەوانیش:

یەکەم/ سیستمی بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و خوونەریتە باوەکانی کۆمەڵگە.

دووەم/ سیستمی بەهایی خودی کەسەکە کەپەیوەستە بەکەسێتی و بیروباوەڕەکانیەوە. هەروەها شارەزایی پێشوتری و پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی. (الغالبی والعامری، ٢٠٠٥: ل١٣٨)

پێناسەی چەمکی یاسا:

یاسا بەوە پێناسە دەکرێت کەهۆیەکە، ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارو کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی. هەروەها بریتییە لەکۆمەڵێک ئەحکام و دەقی ئەخلاقی و بەهایی کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەری ڕێکەوتوون بۆ ڕێکخستنی ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیان، ئەرک و مافەکانیان، بەشێوازێک کەزامنی فەراهەمکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت، و ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی یەکسانی ودادپەروەری و کۆمەڵایەتی لەسەرتاسەری وڵاتدا.

لەبەرئەوەی یاسا بەچەمکە سروشتی و بابەتییەکەی یان کۆمەڵایەتییەکەی ئامانجی گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکەکانی نێوانیانە، هەروەها ئامانجی بڵاوکردنەوەی بەهاکانی خێرو دادپەروەری نێوانیانە بۆ فەراهەمکردنی بەرژەوەندی گشتی و هەمووان هەست بەڕەزامەندی ودڵنیایی و بەختەوەری بکەن.

هێزی یاساو جێبەجێکردنی یاسا بەدادپەروەرانە دەبێتە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ئەرک و ماف. دەبێتە هۆی جێگیربوونی باری ئاسایشی وڵات و ئارامی و دڵنیایی لەسەرتاسەری وڵاتـدا. دەبێتە هـۆی بـڵاوکردنـەوەی پڕەنسیپی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی ناکۆکی و شەڕو ئاژاوەی نێوان هاوڵاتیان و چینە کۆمەڵایەتییەکان و نێوەندگریکردنیان. ئەمە سـەرەڕای گەڕانەوەو سزادانی خراپەکاران و دەستدرێژیکەران بۆ سەر ژیان و موڵکی هاوڵاتیان و گەڕانەوەی ماف بۆ قوربانیان و زیانلێکەوتووان و ڕاگرتنی باری ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگە. لەبەرئەوە یاسا لەکۆمەلگە هاوچەرخ و پێشکەوتووەکاندا ئامرازێکی زانستییە هەم بۆ ڕێکخستنی ژیان و ڕەفتاری تاکەکان و هەم بۆ بەگژاچوونەوەی تـاوان و نەهێشتنی ئاسەوارە زیانبەخشەکانی. (الحسن، ٢٠٠١: ل٢٥٠)

یاساو ئەخلاق هەردووکیان ئامانجیان ڕێکخستنی ڕەفتـاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە، (کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراودا) بۆ مەبەستی پاراستنی ماف و ئەرکی هەریەکێکیانە. بۆ مەبەستی بریندارنەکردنی هەستی

یەکتری و پاراستنی سەروماڵیانەو بۆ مەبەستی زیاننەگەیاندنە بەیەکتری...هتد. ئەگەر ئامانجی ئەخلاق نموونەیی (مثالی) بێت، ئەوا ئامانجی یاسا واقعییە. واتە هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەوەندەی بتوانرێ، هەرچەندە لەواقیعدا بتوانرێ جێبەجێ بکرێ نەک نموونەیی (بێهاوتایی).

پابەندبوونی ئەخلاقی لەکاری کۆمەڵایەتیدا:

هۆشمەندیی ئەخلاقی پێویستییەکی سەرەکییە بۆ پراکتیزەکردنی پیشەی پسپۆری کاری کۆمەڵایەتی و توانای کارکردنیان و ڕەفتارکردنیان، پابەندبوونی ئەخلاقی پیشەیی بنەمایەکی سەرەکیی و گرنگە لە باش پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەو کەسانەی کەپێویستییانە. ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بەجێبەجێکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی ناوەرۆکی کاری کۆمەڵایەتییە لەگشت جیهاندا.

پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی لەبەها باڵاکانی مافی مرۆڤ و پرۆسەی دیموکراسیەوە هەڵقوڵاوە و، بەهاکانیشی لەیەکسانی و شکۆمەندی و کەرامەتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە لەسەدەیەک لەمەوبەرەوە. پراکتیزەکردنی کاری کۆمەڵایەتی تەرکیز دەخاتە سەر دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی تواناکانیان. مافەکانی مرۆڤ و دادوەری کۆمەڵایەتی پاڵنەرو بیانوون بۆ خزمەتگوزارییەکانی کاری کۆمەڵایەتی و پشتگیریکردنی هەژاران و بەشخوراوان. هەربۆیە پیشەی کاری کۆمەڵایەتی هەوڵدانێکی بێوچانە بۆ کەمکردنەوەی ئازارو باری گوزەرانی خراپی هەژارەکان لەکۆمەڵگەدا. کارکردن لەگەڵ چەوساوەکان و هەوڵدان بۆ پەیوەستکردنەوەیان بەژیانی ئاسایی کۆمەڵگە یەکێکە لەئامانجەکانی کاری کۆمەڵایەتی.

بەهاکانی کاری کۆمەڵایەتی:

مەبەست لەبەهاکانی کاری کۆمەڵایەتی پێوەرو بیروباوەڕەکانە، بەها باڵا ئاینییەکان و مرۆڤایەتییە دەستە جەمعییەکانە، کە پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەریان گرتووەو پابەندن پێوەی لەکاتی کارکردنیان لەگەڵ مرۆڤەکاندا، بۆ

مەبەستی فەراهەمکردنی ئامانجە پیشەییەکان (منصور، ٢٠٠٣: ل٦٥)، و ئەو بەهایانە ئاڕاستەیان دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە پیشەییەکانیان لەگەڵ هەریەک لەسوودمەندەکان، هاوپیشەکان، دامەزراوەکان، پیشەی کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە بەگشتی (علی، ٢٠٠٢: ل١٣٦). لەو بەهایانەش: بەهای کەرامەتی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، بێلایەنی، شارەزایی و لێهاتویی، گرنگیی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان.

گرنگترین بەها سەرەکییەکانی کاری کۆمەڵایەتی:

ڕێکخراوی نەتەوەیی پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترین بەهاکانی کاری کۆمەڵایەتی دیاریکردووە کە ئەمانەن:

- تاک بەنرختترین بوونەوەرە لەگەردووونداو ئەو تەوەری یەکەمی گرنگیپێدانی کۆمەڵگەیە.
- تاکەکانی کۆمەڵگە هاریکاری یەکتری دەکەن و پشت بەیەکتری دەبەستن.
- تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بەیەکتری بەرپرسیارن.
- گشت مرۆڤەکان پێویستی گشتییان هەیە، و هەر مرۆڤێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە ئەو تایبەتمەندییانە بەهەند وەربگیرێت.
- بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە لە پشتگیریکردنی بڕیارە مرۆڤایەتییەکانە.
- کۆمەڵگە بەرپرسە لەلابردنی کۆسپەکانی بەردەم فەراهەمکردنی خودی مرۆڤ بۆ خۆی. (محمود، ٢٠٠٦: ل١٩٣)

پڕنسیپەکانی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی:

پڕنسیپ بنەمایەکی زانستی و ڕاستییەکی بنەڕەتییەو خەسڵەتێکی گشتی هەیە. مرۆڤ لەڕێی لاساییکردنەوەو فێربوون و شارەزایی و تاقیکردنەوەوە وەریان دەگرێ و پیادەیان دەکات. لەدەرئەنجامی شارەزاییەکی زۆری مرۆڤ لەبواری خزمەتگوزاریدا پڕنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەرکەوتن و بەشێوەیەکی

گشتی پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرتاسەری جیهان لەسەری ڕێکەوتن. هەتا بتوانن بەکاری بێنن وەکو ڕێنیشاندەرێک بۆیان لەکاتی کارکردنیان لەگەڵ سوودمەندەکانیان. (صوفی، ١٩٩٨: ل٩٥)

کەواتە پرنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی بنەمایەکی ئاراستەکارە، ڕێگاکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتییە، ئەو پرنسیپانە دەرئەنجامی چەندەها هەڵوێست بەدەستکەوتوون. تاقیکردنەوەکانیش باشی و کاریگەرییەکانی سەلماندووە. (السکری، ٢٠٠٠: ل٣٩٦)

خەسڵەتە تایبەتییەکانی پرنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی:

١-وەکو ڕێنیشاندەری ڕەفتاری پیشەییە. هەربۆیە لەسەر پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە لەمیانەی چالاکییە پیشەییەکانیان پابەندبن پێوەی.

٢-لەکارلێکردنی بەها ئەخلاقییەکان و زانیارییە تیۆری وشارەزاییە زانستییەکان پێکدێن.

٣-لەمیانەی کارکردن و لەچوارچێوەی واقیعدا دەتوانرێ جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی پرنسیپەکانی (پەسەندکردن و نهێنی پارێزی).

٤-دەتوانرێ بگونجێنرێن و بگۆڕدرێن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا.

٥-لەکاتی جێبەجێکردنیان لەبوارەکانی کاری کۆمەڵایەتیدا وەکو یەکەیەکی کارا کاردەکەن، و دەتوانرێت زیاد لەپرنسیپێک بەکاربهێنرێن لەیەک هەڵوێستدا، و پابەندبوون بەیەکێکیانەوە پاڵپشتی ئەوی تریان دەکات.

٦-دەتوانرێ لەیەک کاتدا بۆ دوو ئامانج بەکاربهێنرێن، وەکو ئامانجی پیشەیی و بەهای ئەخلاقی. هەر ڕێکارێک چارەسازی بێت پێویستە ئەخلاقیش بێت و بەپێچەوانەشەوە.

٧-لەکاتی جێبەجێکردندا خەسڵەتی نەرمیان هەیە، و لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکانی کارکردندا دەگونجێن.

٨-کاریگەریی پرنسیپەکان لەسەر لایەنە ڕۆحییەکەی وەستاوە نەک تەنها بریتی بێت لەجێبەجیکردنی لایەنە شکلییەکەی (السید، ١٩٩٦: ل٢٣١)

خەسڵەتە گشتییەکانی پڕنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی:

١-مرۆڤ بونەوەڕێکی کۆمەڵایەتییە، بەو مانایەی کەئارەزووی پێکەوەژیانی هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکەداو ناتوانێ لێیان دورکەوێتەوە.

٢-مرۆڤ دەرئەنجامی پێکەوەژیانە، و ئەو ڕەفتارەی کەدەینوێنێ دەرئەنجامی شارەزایی و کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانە بەدرێژایی ماوەی ژیانی.

٣-هەموو مرۆڤێک لەناخیدا ململانێیەک هەیە بۆ ئارەزووە جیاوازو دژ بەیەکەکانی، وەکو ئارەزووی نوێبوونەوەو سەربەخۆیی و گۆڕانکاری.

٤-مرۆڤ خوونەریتە دروستەکانی لەڕێی ئامۆژگارییەوە وەرناگرێ، بەڵکو لەڕێی پیادەکردنیانەوە.

٥-مرۆڤ توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی دەوروبەریدا هەیە بەبێ یارمەتی ئەوانی تر.

٦-مرۆڤ توانای گۆڕانکاری هەیە لەخۆی و لەجێبەجێکردن و لەو ژینگەی تیایدا دەژی.

٧-مرۆڤەکان دەتوانن خۆیان بڕیاری دروست بدەن سەبارەت بەکێشەکانیان، وەکو تاک، گروپ، کۆمەڵگە بەبێ ئەوەی پێویستییان بەوانی تر هەبێت. (صادق، ١٩٧٩: ل٢١٧)

خستنەڕووی چەند پڕنسیپێکی کاری کۆمەڵایەتی:

١- پڕنسیپی پەسەندکردن:

مەبەست لێی ئەو یەکەی کارکردنەیە کە (تاک، گروپ، کۆمەڵگە) وەکو خۆی چۆن هەیە وەربگیرێ، نەک وەکو ئەوەی کەدەبێت وابێت. هەربۆیە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە ڕێزی سوودمەندەکانی بگرێت و ڕەچاوی تایبەتمەندییەکەی وەکو تاک بکات کەجیایدەکاتەوە لەوانی تر. بەڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی تیایدا دەژی و ئەو کێشەیەی کەهەیەتی، بەمەرجیک کارنەکاتە سەر ڕەفتارو هەڵسەکەوتە نادروست و چەوتەکانی سودمەندەکەی. (غباری، ١٩٨٧، ل١٥)

٢ـ پڕنسیپی نهێنی پارێزی:

مەبەست لەم پڕنسیپە پارێزگاریکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتییە لەنهێنییەکانی هەر یەکەیەک چ تاک، گروپ، یا کۆمەڵگە بێت کە کاری لەگەڵدا دەکات کە لەمیانەی پڕۆسەی یارمەتیداندا دەستی دەکەوێت. پاراستنی نهێنییەکان ئامانجێکی پیشەییەو دڵنیایی دەبەخشێ و یارمەتی خوڵقاندنی کەشێکی پڕ لەمتمانە دەدات لەنێوان پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و سودمەندەکەی (تاک، گروپ، کۆمەڵگە). (غباری، ١٩٨٧: ل٨١)

٣ـ پڕنسیپی چارەنووس خۆدیاریکردن:

مەبەست لێی ڕێپێدانە بەیەکەی کار لەگەڵکراو کە (شیاوی یاسایی) هەبێت بەبڕیاردان لەسەر کاروبارە تایبەتییەکانی خۆی، هەڵبژاردنی چارەسەری کێشەکانی خۆی، لەچوارچێوەی دامەزراوەکەو لەسنووری یاساو ڕێسا کارپێکراوەکانی وڵات، و بەدەرەکان (إستثناءات)ی ئەم پڕنسیپە بریتییە لەوانەی کە لەیاسا دەردەچن و پێچەوانەی بەها ئەخلاقی و بەها ئاینییەکان ڕەفتار دەکەن. هەروەها بەدەرەکان (أستثناءات) چەند حاڵەت و چەند دیاردەیەکی تریش دەگرێتەوە وەکو: بڵاوبوونەوەی هەندێ دیاردەی نامۆو نادروست لەکۆمەلگەدا وەکو (الرکود والسلبیة) و نەزانین و بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری بەتایبەت لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا و بەتایبەتی تر لەلادی وگوندەکاندا. هەموو ئەمانە کاریگەریی دەکەنەسەر توانای تاک لەبڕیاردان لەئاڕاستەکردنی بوارەکانی ژیانی خۆی لەئاڕاستەیەکی دروست و بڕیاڕێکی پەسەند. (الحاڕوونی، ١٩٨٣: ل١٣٧)

٤ـ پڕنسیپی یارمەتی خۆدان:

ڕەگوڕیشەی ئەم پڕنسیپە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی پێشکەوتنی پیشەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، کە لەسەرهەڵدانی هەندێ فەلسەفەی ئاینی و بزوتنەوە مرۆڤایەتییەکان و ئامانجەکانیانەوە وەرگیراوە. ئەو بزوتنەوانە دەیانویست یارمەتی مرۆڤەکان بدەن و گیانی هاوکاری و پشتگیریکردنی یەکتری لەناویان بچێنن. پیشەی کاری کۆمەڵایەتی ئەو بیرۆکەیەی وەرگرت بۆ

یارمەتیدانی هەژاران و دیاریکردنی چارەنوس بۆ کێشەکانیان و هاندانیان بۆ پشت بەخۆبەستنیان. (صادق، ١٩٧٩: ل٢٢٦)

٥- پرنسیپی بابەتیبوون:

مەبەست لەبابەتیبوون دورکەوتنەوەیە لەخود. بەو مانایەی کە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە بابەتییانە لەگەڵ یەکەی کار لەگەڵکراو کاربکات و دووربێت لەپێوەرە کەسێتی و ئیعتیبارە کەسێتییەکانی خۆی و بێلایەن بێت. بێلایەنبوونێکی تەواو لەپەیوەندی بە سودمەندەکانیەوە. واتە پەیوەندییەکە تەنها پەیوەندییەکی پیشەیی بێت. (محمود، ٢٠٠٦: ل٢٠٠)

٦- پرنسیپی پەیوەندی پیشەیی:

مەبەست لێی پەیوەستبوونیکی عەقڵی کاتییەو کارلێککردنی هەست و فیکرە لەنێوان سودمەندو پسپۆری کۆمەڵایەتیدا، ئەم پرەنسیپە بەپرەنسیپی دایک ئەژمار دەکرێت وگرنگترین بنەمای پیشەییە کەکاری کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستێ. (محمود، ٢٠٠٦: ل٢٠٣)

٧- پرنسیپی خودهەڵسەنگاندن:

مەبەست لێی ئەو پرۆسەیەیە کەپسپۆڕی کۆمەڵایەتی پەنای بۆ دەبات هەتا بابەتییانە ئەو ئەرک و خزمەتگوزارییانە هەڵبسەنگێنێ کەپێشکەش بەسودمەندەکەی کردووەو تا چ ڕادەیەک ئامانجەکانی پێکاوە، بۆ ئەوەی ئاستی شکست یان سەرکەوتوویی خۆی بزانێ، و باشترو ایە هەموو کۆتایی کاری ڕۆژانەی یان کۆتایی هەر قۆناغێک یان هەر هەنگاوێکی کارکردنی ئەو هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدات، هەتا بتوانێ ئاراستە هەڵەکانی کارکردنی ڕاستبکاتەوە و باشترو بەبەردەوامی کاربکات. (محمود، ٢٠٠٦: ل٢٠٤)

پەیڕەووپرۆگرامی کۆمەڵەی نەتەوەیی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی:

ئەو پەیڕەوو پرۆگرامە وەکو ئەخلاقیاتی پیشەیی و بەرپرسیارێتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتییە، و زۆربەی وڵاتان وەریانگرتووەو کاری پێدەکەن. هەندێکیان چەند مادەو بڕگەی تریان بۆ زیادکردووە. ئەو کۆمەڵەیە وەکو سەندیکایەکی پیشەییە نوێنەرایەتی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی دەکات و ئەو پەیڕەوو پرۆگرامەش

کورتکراوەی ئەخلاقیاتی پیشەیی بنەڕەتییە بۆ پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەکاتی پراکتیزەکردنی پیشەکەیان لەگەڵ سودمەندەکان، یان ئەو یەکەیەی کەکاری لەگەڵدا دەکەن.

ئەو پەیڕەو وپڕۆگرامە بەڵگەو ڕێنیشاندەری پیشەییە بۆ پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەڵین دەدەن و سوێند دەخۆن کەپابەندبن پێوەی وەکو دەق ، پێوەڕێکە بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەستە بە پەیوەندی پیشەیی لەگەڵ سودمەندەکانیان، لەگەڵ هاوڕێی پیشەیی و دامەزراوەو بگرە لەگەڵ کۆمەڵگەش بەگشتی.

پەیڕەووپڕۆگرامی پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەها بنەڕەتییەکانی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی دەنوێنێ، کە جیایان دەکاتەوە لەپیشەکانی تر و لەهەمانکاتدا ماف وئەرکەکانیان دیاریدەکات کاتێک پراکتیزەی پیشەکەیان پراکتیزەکردنی پرنسیپەکانی پیشەکەیەو ئاڕاستەکاری ڕەفتاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتییە لەهەڵوێستە ئینسانی و ئەخلاقییەکاندا. ئەو پەیڕەوە لە شەش بەش پێکهاتووەو هەر بەشەش لەچەند خاڵێک، کە لێرەدا بوارنییە هەموو خاڵەکان بنوسین و خوێنەری بەڕێز دەتوانێ لەڕێی پەیجی سەندیکاکەوە بیان خوێنێتەوە. ئەو شەش بەشەشەش ئەمانەن:

بەشی یەکەم/ ڕەفتاری کەسێتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی.

بەشی دووەم/ بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سەبارەت سودمەندەکان (العملاء).

بەشی سێیەم/ بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سەبارەت هاوپیشەکانی (الزملاء)

بەشی چوارەم/ بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەو دامەزراوەو ڕێکخراوانەی کە کاری تێدا دەکەن.

بەشی پێنجەم/ بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سەبارەت پیشەی کاری کۆمەڵایەتی.

بەشی شەشەم/ بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سەبارەت کۆمەڵگە بەگشتی. (العمیری، ٢٠٠٠: ل٨٤)

دەرئەنجام

ئیتیک ویاسا وانەیەکە ئامادەکراوە بۆ قۆناغی (دوو) و لەهەفتەیەکدا (٣) کاژێر وەردەگرن، بەکۆی ساڵی خوێندنەکە دەکاتە (٩٠) کاژێر. ئەم وانەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی ئیتیک واتە ئەخلاقیاتی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی، کە پێویستە پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پابەندبن پێوەی. بەشی دووەمی بریتییە لەیاسا کارپێکراوەکانی وڵات کەپسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهەمان شێوەی ئەخلاقیاتی پیشەکەیان پێویستیان پێیدەبێت کاتێک کاردەکەن لەگەڵ سودمەندەکانیان (تاک، گروپ، کۆمەڵگە).

بەهەمان شێوە لەسەر پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستە شارەزاییەکی باشیان هەبێت کاتێک لەدامەزراوەکان کۆمەڵگەدا کاردەکەن، جا ئەو دامەزراوانە ناوخۆیی بن یان هەرێمیی یان جیهانیی. پراکتیزەکردنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لەبوارە جیاوازەکاندا پێویستی بەشارەزاییەکی فراوان هەیە لەبوارە ڕەفتارییەکان و بواری گەشەپێدانی مرۆیی. پێویستە ڕاهێنرابن لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سودمەندەکانیان و چۆنیەتی یارمەتیدانیان بەبەکارهێنانی تواناکانی خۆیان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان.

کارکردن لەدامەزراوە جیاوازەکان وەکو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوەی ڕۆشنبیری، ئابووری، گەشەپێدانی توانای مرۆیی، نەخۆشخانەکان، نۆرینگە تەندروستییە عەقڵییەکان، چاودێری نەوجەوانان، بەساڵاچوان، دامەزراوەو کۆمپانیا قازانج نەویستەکان،... هتد، پێویستی بەشارەزایی یاسایی هەیە بۆ چۆنیەتی مۆڵەت وەرگرتن و پابەندبوون بەڕێنماییەکانی ئەو دامەزراوانە بۆ مەبەستی کارکردن لەناویان. ئەمە سەرەڕای شارەزایی تیۆری و ئەکادیمی پیشەیی و پابەندبوون بەبەهاو پرنسیپەکانی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی.

پرسیارەکان

پ١ /چەمکی ئیتیک لە کاری کۆمەڵایەتی چۆن پێناسە دەکرێت؟

پ٢ /چەمکی یاسا چییە؟

پ٣ /گرنگی ئیتیک لەکاری کۆمەڵایەتیدا چییە؟

پ٤ /ئاماژە بدە بە هەندێ لە خەسڵەتە گشتی و تایبەتەکانی پرنسیپە کۆمەڵایەتییەکان

پ٥ /چەند پرنسیپێکی کۆمەڵایەتی لەکاری کۆمەڵایەتیدا ئاماژە پێ بدە.

سەرچاوەکان:

الحارووني، فاطمة مصطفى، (١٩٨٣)، خدمة الفرد فى محيط الخدمات الاجتماعية، مطبعة دار السعادة، القاهرة.

الحسن، احسان محمد، (٢٠٠١)، علم الاجرام، ط١، مطبعة جامعة بغداد.

السكرى، احمد شفيق، (٢٠٠٠)، قاموس الخدمة الاجتماعية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

السيد، على الدين، (١٩٩٦)، الخدمة الاجتماعية فى المجتمعات النامية، مكتبة عين شمس، القاهرة.

العميرى، ريم، (٢٠٠٠)، اعداد الاخصائية الاجتماعية، مجلة العلوم الاجتماعية.

الغالبى، طاهر حسن، والعمرى، صالح مهدى، (٢٠٠٥)، المسئولية الاجتماعية واخلاقيات الاعمال، ط١، دار وائل للنشر، عمان.

صادق، محمود، (١٩٧٩)، الخدمة الاجتماعية، هيئة المعارف الحديثة.

عثمان، عبدالرحمن صوفى و عرفان، محمود محمد، (٢٠١٤)، المدخل الى الخدمة الاجتماعية، ط١، داركتاب الجامعى.

على، ماهر ابو المعاطى، (٢٠٠٢)، المقومات المهنية للخدمة الاجتماعية، مركز توزيع الكتاب الجامعية، جامعة حلوان.

غبارى، محمد سلامة، (١٩٨٧)، المدخل الى علاج المشكلات الاجتماعية الفردية، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية.

محمود، نطيمة احمد، (٢٠٠٦)، الخدمة الاجتماعية المعاصرة، مجموعة النيل العربية، القاهرة.

منصور، جلال عبدالفتاح، (٢٠٠٣)، مدخل الخدمة الاجتماعية، دار نشر كتاب جامعى.

٣- هەمواره‌كانى پياده‌كردنى كارى پيشه‌يى

٣-١ ڕاوێژکاریی خێزانیی

نیان نامق صابر

پوختە:

ڕاوێژکاریی خێزانی یەکێکە لە بابەتە زانستیەکان کە مرۆڤی سەردەم پێویستی پێیەتی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، پێشکەوتوو بێت یان تازە گەشەکردوو، خێزانەکە بچووک بێت یاخود گەورە، بەبوونی منداڵ یان نەبوونی. چونکە بە هەرشێوەیەک بێت هیچ خێزانێک بەدەر نیە لە پێویستی بە ڕاوێژکاریی، جگە لەوەی کە جۆری ڕاوێژکارییەکە پشت بە بابەت و کێشەکان دەبەستێت کە داوای ڕاوێژکاریی بۆ دەکرێت.

شیکردنەوەی ئەم بابەتە لەڕێگەی زانیاری دەربارەی پێکهاتە و گرنگی خێزان و جۆری کێشەکانی و، کاریگەریی نێوان خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر. ئەو قۆناغانەی کە خێزان پیایدا تێپەڕدەبێت، کە هەر قۆناغێک هەڵگری خاسیەتی دیاریکراو و تایبەتمەندی خۆیەتی. ئەم هۆکارانە وادەکەن کە جیاوازی لەجۆر و ئامانجی ڕاوێژکاریی خێزانیدا دروست بێت و، پێویستی بە پارێزگاری تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە پێویستە لەڕێگەی پراکتیزەکردنی بنەما زانستیەکانی ڕاوێژکاریی خێزانییەوە بەرجەستە بکرێت.

هەروەها لەم بەشەدا ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەبواری ڕاوێژکاریی خێزانیدا دەخرێتەڕوو، بەمەبەستی ئاشنابوون بەم ئەزموونە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەزموونی وڵاتاندا و سوود وەرگرتن لێیان.

زاراوە سەرەکییەکان: ڕاوێژکاریی، خێزان، سوڕی ژیانی خێزان

پێشەکی

خێزان یەکەی بنەڕەتی پێکهێنانی کۆمەڵگەی تەندروستە لە لایەنی کۆمەڵایەتیدا، لەبەرئەوە گرنگیدان بەم دامەزراوەیە، گرنگیدانە بەپاشەڕۆژی نەتەوەیەک. دابینکردنی ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەندامەکانی یەکێکە لەمەرجەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لەمەترسی لادان و کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان. ڕاوێژکاریی خێزان بەباشترین ڕێگە دادەنرێت بۆ دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی تاک و کۆمەڵگە.

مرۆڤایەتی بەیەک خێزانی گەورە دادەنرێت. مرۆڤ لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا منداڵ بێت یان هەرزەکار تەنانەت پێگەیشتوو هەروەها بەساڵاچووش، هەریەکێک لەم مرۆڤانە ژیانی بە تەنها ئاسان نیە و پێویستی بە خێزان هەیە، وەک یارمەتی بێت یاخود چاودێری لەلایەن خێزانەوە بەپێی قۆناغەکەی تەمەنی. لەبەرئەوە پێکهێنانی خێزان و جێگیریی و خۆشگوزەرانی بەیەکێک لەئەرکە پیرۆزەکانی مرۆڤ دادەنرێت. هەروەها یەکێکە لەگرنگترین و بەهێزترین دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر پێکهاتەی کەسێتی تاک و ڕاوێژکاریی و ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانی.

چینە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هۆکارن بۆ دروستبوونی جۆری جیاواز لە خێزان بەپێی ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی لێوەی هاتووە. بێگومان ئەرک و مافی تاکیش تیایاندا جیاوازن، بەپێی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو دوو تاکەی بڕیار هاوسەرگیری دەدەن و خێزان پێکدەهێنن، جگە لە پێگەی ئەو دوو خێزانەی کە تیایدا پەروەردە کراون. بارودۆخی ژیانی خێزان کاردەکاتە سەر جۆری گونجاندنی دەروونی تاک بە پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ بەپێی ئەزموون و باکگراونی خێزانەکان.

خێزانیش کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری پێکدێت، پێویستی بە ڕێنمایی کەسانی پسپۆر و شارەزا دەبێت بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست لەبارەی پرۆسەیەکی تازە لای هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموون و زانیاری لەسەر گوزەران و ژیانی تازە و توانای بەرگەگرتنی بەرپرسیارێتی تەواوی خێزانە تازە پێکهاتووەکە.ئەم

پڕۆسەی ڕاوێژکارییکردنە بە ڕاوێژکاریی هاوسەرگیری یاخود ڕاوێژکاریی خێزانی ناودەبرێت. هەندێکجاریش هەردووکیان لێکدەدڕێن و دەکڕێن بەیەک پڕۆسە. لەبەرئەوە ڕاوێژکاریی خێزانی گرنگی پێدراوە لەزۆر وڵاتانی جیهان، بۆ نموونە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٠ لە (لۆس ئەنجلوس) یەکەم کلینیکی ڕاوێژکاریی خێزانی دامەزرا لەسەردەستی (بۆبینۆ) کە ناوی (پەیمانگەی پەیوەندییە خێزانیەکان) بوو (زهران، ١٩٩٨: ل٤٧١ – ٤٧٢).

٢- خێزان

٢-١ پێناسەی خێزان:

خێزان بریتیە لە کۆمەڵێک مرۆڤ کە پەیوەندی خوێن یان خزمایەتی بەیەکیانەوە دەبەستێت و، بەدرێژایی چەند نەوەیەک بەردەوام دەبێت. لە ئەنجامی یەکگرتنی سروشتی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکدێت، بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک توانا و لێهاتوویی، کە لە خودی ئەو دوو مرۆڤەدا بوونی هەیە. دەکرێت ئەم توانایانە بەرجەستە و دیار بن، یان شاراوەبن و پێویستیان بە پاڵنەری بەهێز هەبێت بۆئەوەی لە هەڵوێستی دیاریکراودا دەربکەون (دوڕوون و پارو، ٢٠١٢: ل٤٦٤). ئەندامانی خێزان پێویستە پابەندبن بە چەند یاسا و ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە، کە کۆمەڵگە دەیکات بە مەرج لەسەریان و بەهیچ جۆرێک ناتوانن سەرپێچی لێبکەن، هەندێکیتریشیان نەڕیتی کۆمەڵگەیە، ڕادەی پابەندبوون پێوەی بەپێی تاکەکان دەگۆڕێت.

٢-٢ تایبەتمەندیەکانی خێزان:

گرنگترین تایبەتمەندیەکانی خێزان ئەمانەن:

١-خێزان خانەی سەرەکی پێکهاتی بونیادی کۆمەڵایەتیە، هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بەدەر نیە لەم خاسیەتە. پڕۆسەی هاوسەرگیریی بە بڵاوترین دیاردەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت بۆ پێکهێنانی خێزان. جێگیریی و سەقامگیریی کۆمەڵگە لەڕێگەی خێزانەوە دەستەبەر دەکرێت.

٢-خێزان لەسەر بناغەی بونیادی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت، کە کۆمەڵگە بۆی دیاری دەکات. پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر هەردوو بنەمای خوێن و

خزمایەتی تێدا دروست دەبێت. هەرکەسێک یان بابەتێک دژایەتی ئەم بنەمایە بکات، کۆمەڵگە ڕەتی دەکاتەوە و بە هیچ جۆرێک قبوڵی ناکات.

٣-خێزان چوارچێوەی گشتی دادەڕێژێت بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان، لەبەرئەوە خێزانەکە لەسەر هەر بنەمایەک پێکهاتبێت، ڕەفتاری ئەندامەکانی بەپێی ئەو بنەمایە ئاڕاستە دەکات، وەکو بنەمای یاسایی، ئاینیی. خێزان گەیەنەڕێکی ئاکتیڤە بۆ گەیاندنی بنەما کەلتوریەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

٤-خێزان بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی کە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کاردەکاتە سەر سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی تر و ئەوانیش کاری تێدەکەن. لەبەرئەوە ئەگەر سیستەمی خێزان خراپ و گەندەڵ بوو، ئەوا سیستەمی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەش بەو شێوەیە خراپ و گەندەڵ دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

٥-خێزان بەیەکەیەکی ئابووری دادەنرێت، سەرەتا هەموو کار و چالاکیە ئابوورییەکان لەخێزانەوە دەستپێکردووە، لەبەرئەوە ژن کاریگەریی سەرەکی تیادا هەبووە.

٦-خێزان یەکەیەکی ئامارییە، وەک بنچینەیک بەکاردەهێنرێت بۆ سەرژمێری دانیشتوان و زانینی ئاستی بژێویی و زانستیی و کۆمەڵایەتییان.

٧-خێزان ئەو ناوەندەیە کە مرۆڤ ڕەمەکەکانی تیا تێر دەکات و، پاڵنەرەکانی دەگەیەنێتە ئەنجام. و بەردەوامبوونی وەچەکان و خۆشویستنی ژیان، هەروەها تێرکردنی ڕەمەکی دایکایەتی و خێزانی کوردیش بەدەر نیە لەم تایبەتمەندییانە، بەڵکو هەڵگر و گەیەنەری دابونەڕیتی ڕەسەنی کوردایتییە، کە لەشێوازی پەروەردە و ڕێگەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە.

٢-٣ سوڕی ژیانی خێزان:

"سوڕی ژیانی خێزان" بەو قۆناغانە دەوترێت کە خێزان پیادا تێپەڕدەبێت بەپێی ساڵانی تەمەنی خێزانەکە. گەشەکردنی ژیانی خێزان تاڕادەیەکی زۆر لە گەشەی مرۆڤ دەچێت، وەکو ئەو قۆناغانەی ئەریکسۆن (Erikson, 1959) و (Levinson, 1978) پێشنیاریان کرد لە تیۆرەکەیاندا لەبارەی قۆناغەکانی گەشە لەژیانی مرۆڤدا، ئەو خێزانانەی کە توانای دابینکردنی پێویستیە سەرەکیەکانی

گەشەیان هەیە لەهەر قۆناغێکدا کە پێیدەوترێت (the stage critical tasks) لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، ئەو خێزانانە گەشەی دروست و خۆشگوزەرانی بۆ ئەندامان و خێزانەکەش دابین دەکەن و، توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ پێویستی ژیاندا دەبێت (Carter & McGoldrick, 1988)، شێوەی -١-.



شێوەی -١- سوڕی ژیانی خێزان

خێزان، کات و، ڕووداو لە ژیاندا سێ گۆڕاوی سەرەکین بۆ دروست بوون و بەردەوامبوونی سوڕی ژیانی خێزان، گەشەی خێزانیش بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، زۆر لە قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ دەچێت، هەروەها پێکهاتەکانیشی هاوشێوەی پێکهاتەکانی کەسێتی مرۆڤە.

بێگومان ئەنجامی کارلێکی نێوان ئەم گۆڕاوانە لەسەر کەسێتی مرۆڤ - بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ - دەردەکەوێت و، --- زەبری دەروونی دروست دەکات:

١- **زەبرە ستوونیەکان**: بەقوڵایی ناخدا دەچێتە خوارەوە و، لەنەستدا جێگیر دەبێت کە دەکرێن بە سێ بەشەوە:

• جیاکاری بەهەموو جۆرەکانیەوە وەکو جیاکاری ئیتنی، ڕەگەزی، ئابووری، هتد.

• ڕووداوە کاریگەرەکان وەک کەم ئەندامی، ئالوودەبوون.

• کاریگەری ئەنجامدانی هەندێک ڕەفتار لەسەر کەسێتی وەک تانەلێدان، توندوتیژیی.

٢-**زەبرە ئاسۆییەکان**: ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤن و، دوو جۆرن:

• ئەو ڕووداوانەی گۆڕان لەسووڕی ژیانی خێزاندا دروست دەکەن و، گەشەی پێدەکەن وەکو بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی ئەندامێکی خێزانەکە.

• ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان: ئەو ڕووداوانەن کە بەبێ پێشینە و لەناکاو گۆڕان و کاریگەریی لە ژیانی خێزاندا دەکەن وەک: نەخۆشی، مردن، کۆچکردن، کارەساتی سروشتی، لەدەستدانی کار. (Carter & Mc Goldrick, 1988)

٢-٤ کێشە خێزانیەکان:

هەندێکجار کێشە خێزانیەکان دەبنە هۆی پشێوی دەروونی تاک، و پێویست بە دەستێوەردانی پسپۆری بواری ڕاوێژکاریی و تەنانەت چارەسەریش دەکات. ئەمانەی خوارەوە نمونەی ئەو کێشە خێزانیانەن: پشێوی پەیوەندی نێوان دایک و باوک، ئالوودەبوون، دایک و باوکی تووڕە، پێشەنگ یان هاوڕێی خراپ، هەڵەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پشێوی پەیوەندی نێوان باوان و منداڵەکانیان، بەقسەنەکردنی باوان، پشێوی پەیوەندی نێوان خوشک و براکان، پێگەی منداڵ لە خێزاندا، منداڵی هاوسەرگیریی پێشوو، زڕ خوشک و برا، منداڵی بێدایک و باوک، کێشەی ئیشکردنی دایک، تەنها منداڵی کچ، کێشەی کەسوکار، خراپی پەیوەندی خێزانی، خێزانی هەڵوەشاوە (Ustinov, 1993: p139) ، (زهران ١٩٩٨: ل٤٧٣ – ٤٧٨).

٢-٥ نۆرمەکانی هەڵسەنگاندنی خێزان:

فلێک (Fleck) پێنج بنەمای دیاریکردووە، کە پێویستە ڕەچاو بکرێت. لەکاتێکدا کە پڕۆسەی هەڵسەنگاندن ئەنجامدەدرێت بۆ خێزانەکان، بنەماکانیش بریتین لە:

١-سەرکردایەتی: ئەو ڕۆڵانەی دایک و باوک دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە تەبایی خێزان و ڕۆڵە تەواوکەرەکانیان و بەکارهێنانی هێز.

٢-سنووری خێزانی: ئەو سنوورانە دەگرێتەوە کە بوونی پێویستە لەنێوان ئەندامانی خێزان و، کۆمەڵگەشدا هەبێت.

٣-سۆز و ئارەزوو: پڕۆسەی سۆز و خۆشەویستی و پەیوەندی خوێن دەگرێتەوە، پەیوەستن بەسۆز و ئارەزوو و خۆشەویستیەوە.

٤-بەردەوامی: ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە کە ئەندامانی خێزان مامەڵەی پێدەکەن لەگەڵ یەکتردا، بەشێوەی زارەکی بێت یان نازارەکی. هەروەها هەموو ڕێگەیانەش کە سروشتی ناخی خۆیانی پێدەرئەبڕن.

٥-ئەرک و بەجێهێنانی: گرنگیدان و چاودێری ئەندامانی خێزان بۆ یەکتری دەگرێتەوە، جگە لە ڕاوێژکاری و کۆنترۆڵکردن و ڕەفتاری کاتی تەنگانە (سالم و جادو، ٢٠١٥: ل٢٠١-٢٠٢).

٢-٦ میکانیزمی بەرگری خێزانی:

بەکارهێنانی میکانیزمی بەرگری لەلایەن مرۆڤەوە ڕێگەیەکە بۆ پارێزگاریکردن لە باڵانسی دەروونی. خێزانیش بەهەمان شێوە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی کێشەدا چەند میکانیزمێکی بەرگری بەکاردەهێنێت بۆ پارێزگاری کردن لە باڵانسی ژیانی ئەو خێزانە.

٣- ڕاوێژکاریی خێزانی

ڕاوێژکاریی خێزانیی و ڕاوێژکاریی هاوسەرگیریی دوو پڕۆسەی جیاوازن، یەکەمیان گشتگیرە و هەموو ئەندامانی خێزان دەگرێتەوە، لە کاتێکدا دووەمیان تەنها تایبەتە بە پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان (ژن و مێرد).

٣-١ پێناسەی ڕاوێژکاریی خێزانیی:

ڕاوێژکاریی خێزانیی بریتیە لە پڕۆسەی یارمەتیدانی یەکێک یان هەموو ئەندامانی خێزان (دایک، باوک، منالان و هەندێکجار خزمانیش) بە تاک بێت یان گروپ بە مەبەستی تێگەیشتن لە بەرپرسیاریەتییەکانی ژیانی خێزانیی و گەیشتن بە ڕێکەوتن و جێگیربوون و چارەسەرکردنی کێشەکانیان (حجازی، ٢٠١١: ل٣٥).

لێرەدا جیاوازی نێوان ڕاوێژکاریی هاوسەرگیریی و ڕاوێژکاریی خێزانیی دەردەکەوێت، وە ئامانجی ڕاوێژکاریی خێزانی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و بەردەوامی خێزانە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت خۆشگوزەرانی و سەقامگیری کۆمەڵگە دەستەبەر بکرێت. ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە وشیاری و فێرکردنی بنەما سەرەکیەکانی ژیانی خێزانی تەندروست، و بنەماکانی پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی پەروەردەکردن بۆ منالان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەویستی خێزانەکانیان.

ئەمانەش هەمووی لەڕێگەی ئەم ڕێنماییانەوەیە کەپێگەی خێزان بەهێز دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی، هەروەها بەدەستهێنانی گونجاندن و تەبایی خێزانی کە هۆکارە بۆ دروستی دەروونی تاکەکانی (أبو أسعد ٢٠١٥: ١٩) (الفرخ و تیم، ١٩٩٩: ل١٦٩).

٣-٢ گرنگی ڕاوێژکاریی خێزانیی:

کێشەکانی منال لەگەڵ باواندا لەپلەی یەکەمی کێشەکاندان، بە گشتی بە دەرئەنجامی پشێوی خێزان دادەنرێت، لەبەر فرەڕەهەندی و فراوانی کێشەکان بەشێوەیەک بەیەکدادەچن کە چارەسەرکردنیان بەتەنها مەحاڵە. لەبەرئەوە پێویست بەکارکردنی گروپ دەکات کە خێزان وەکو یەکەیەک بەشەکانی بەیەکداچوون و بەیەکەوەبەندن.

بێگومان هەموو خێزانەکان دووچاری هەندێک کێشە دەبنەوە لەهەر کاتێکدا بێت، هەندێکیان خێزانەکان لەنێوان خۆیاندا چارەسەری دەکەن بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیانە. هەندێکیتریان کەسوکار و خزمان بۆیان چارەسەر

دەکەن، بەڵام جۆرێکیتر لە کێشەکان کە زۆر فراوان و ئاڵۆزن پێویستیان بە دەستێوەردانی پسپۆری دەروونی دەبێت.

ژیانی خێزان و کێشەکانی مەیدانێکی بەپیتە بۆ زۆر لە پسپۆران کە لە چەند بوارێکی جیاوازدا وەکو دەروونناسی، کۆمەڵناسی، یاسا، ئابووری و... هتد، کاریان لەگەڵ کەسوکار هاوڕێیانیان کردووە، تەنانەت جادوگەر و فاڵچیەکانیش کاریان لەسەر کردووە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان. بەڵام لەڕاستیدا هیچ یەکێک لەوانە توانای هیچیان نیە جگە لە هەڵخەلەتاندن و دەبنە هۆکاری گەورەکردنی کێشەکان و زیادکردنی ئازاری جەستەیی و دەروونی خاوەن کێشەکە. بۆیە پشتبەستن بەپسپۆری بواری ڕاوێژکاریی خێزانیی باشترین و گونجاوترین بژاردەیە بۆ ئەمجۆرە کێشانە (ملا طاهر، ٢٠١٥: ل٧١-٧٢ ، بنات و اخروون، ٢٠١٠: ل١٤٠).

٣-٣ ئامانجەکانی ڕاوێژکاریی خێزانی:

ڕاوێژکاریی خێزانیی هەوڵی بەدەستهێنانی چەند ئامانجێک دەدات، بەمەبەستی پارێزگاری کردن لەسەقامگیری خێزان، وەکو:

١-پەروەردە کردن و چاودێری گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ.

٢-فێرکردنی بنەماکانی پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

٣-فێرکردنی بنەماکانی ژیانی خێزانی دروست.

٤-چارەسەری کێشە و پەشێویەکان لە خێزاندا.

٥-پاراستنی خێزان دژی ڕووخان.

٦-بەدیهێنانی گونجاندنی دەروونی لەخێزاندا (أبوأسعد ٢٠١٥: ل٢١- ٢٤ ، البریثن ٢٠١١: ل٦٨-٦٩).

٣-٤ بنەماکانی ڕاوێژکاریی خێزانی:

بنەما سەرەکیەکانی ڕاوێژکاریی خێزانی کە لە نۆرمەکانی دروستبوونی خێزانەوە سەرچاوە دەگرن بریتین لە:

١- خێزان بەبناغە و ناوکی یەکەمی کۆمەڵگە دادەنرێت، لەبەرئەوە یەکگرتوویی و تەبایی خێزان نیشانەی بەهێزی و دروستی کۆمەڵگە دادەنرێت،

بە پێچەوانەشەوە بوونی کێشە و ناتەبایی و ناڕێکی هۆکارن بۆ داخورانی کۆمەڵگە.

٢-خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی کەسێتی مرۆڤدا، بەتایبەتی لە پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی منالدا. لەبەرئەوە کێشە خێزانیەکان ڕەنگدانەوەی خراپیان دەبێت لەسەر کەسێتی لەداهاتوودا.

٣-زۆرێک لە کێشەکانی تاک بەهۆی کێشە خێزانیەکانەوە، یان پەیوەندی خێزانی، یان پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە دروست دەبێت. لەبەرئەوە چارەسەری کێشەکانی تاک ناکرێت بەبێ چارەسەرکردنی کێشە خێزانیەکانی تری.

٤-گرفتەکانی کەسێتی تاک، ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندیە خێزانیەکان دەبێت (سالم وجادو، ٢٠١٥: ل٢٠٠)

٣-٥ جۆرەکانی ڕاوێژکاریی خێزانیی:

بەو پێیەی ڕاوێژکاریی خێزانیی مامەڵە لەگەڵ خێزاندا دەکات و خێزانەکانیش یەک جۆر نین، هەربۆیە پێویستە ڕاوێژکاریی خێزانی چەند جۆری هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووماڵی هەموو جۆرە کێشەکانیان بکات. جۆرەکانی ڕاوێژکاریی خێزانیش ئەمانەن:

أ. ڕاوێژکاریی خێزانیی یەکگرتوو (Conjoint family counseling):

یەک ڕاوێژکار هەموو ئەندامانی خێزان دەبینێت لەیەک کاتدا. لەبەرئەوە لەسەرەتا گوێگر دەبێت. دواتر ڕۆڵی ئاکتیڤی دەبێت لەئاڕاستەکردنی دانیشتنەکاندا و ئەرکی هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکە دیاری دەکات.

ب. ڕاوێژکاریی خێزانیی هاوکات (Concurrent family counseling):

ئەم پڕۆسەیە یەک ڕاوێژکار جێبەجێی دەکات، بە دانیشتن لەگەڵ هەریەک لە ئەندامانی خێزان بەتەنها. ئامانجەکەی لەگەڵ ڕاوێژکاریی یەکگرتوودا لەیەکدەچن.

ج. ڕاوێژکاریی خێزانیی هاوکاریی (Collaborative family counseling):

لەم جۆرەدا هەریەک لە ئەندامانی خێزان ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی دەبینێت.

ڕاوێژکارەکان خۆیان کۆدەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی کەیسەکانیان، ئینجا لەگەڵ هەموو خێزانەکە بەیەکەوە کۆدەبنەوە (unit 1: p.16).

٣-٦ کاریگەری پرۆسەی ڕاوێژکاریی خێزانیی:

ڕاوێژکاریی خێزانیی وەکو هەر پرۆسەیەکی مرۆیی تر کاریگەری خۆی بەجێدەهێڵێت:

أ - کاریگەری ئەرێنی:

• گرنگیدان بەکەسی خاوەن کێشە بە دیاریکردنی کارلێکە ناوەکییەکانی لەگەڵ ئەزموونەکانی لەسیستەمی کۆمەڵایەتیدا جگە لە پەیوەندیە خێزانیەکانی.

• دەرفەتی دەربڕینی هەست و سۆز بۆ هەر ئەندامێکی خێزانەکە.

• ئاشکراکردنی پەیوەندیە خێزانیەکان کە لەڕێگەی ڕاوێـژی تاکییەوە دەردەکەوێت، کە دەتوانرێت بەها خێزانیە پۆزەتیڤەکانی پێ بەهێز بکرێت و نێگەتیڤەکانی پێ لاواز بکرێت.

ب - کاریگەری نەرێنی:

تایبەتمەندی هەندێک کۆمەڵگە، کە کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لێیان، دەستێوەردانی پەیوەندی لەلایەن کەسێک لە دەرەوەی خێزانەکە، تەنانەت ڕاوێژکاریش، بە کارێکی کۆمەڵایەتی نابەجێ دادەنرێت (بنات و اخروون، ٢٠١٠: ل١٤٣).

٤- مێژووی ڕاوێژکاریی خێزانیی لەهەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان ئەزموونی ڕاوێژکاری خێزانی کۆن نیە، بەڵام ئەو هەوڵانەی دراون شایەنی ئاماژەن.

لە ئێستادا دوو سەنتەر هەڵدەستن بە کاری ڕاوێژکاری خێزانیی، یەکەمیان سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی وەزارەتی تەندروستیە، دووەمیشیان سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە لە وەزارەتی ناوخۆ.

٤-١ سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی وەزارەتی تەندروستی:

مێژووی ئەم سەنتەرە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی نیسانی ٢٠٠٧ لەلایەن یەکێتی

ژنانی کوردستان لقی سلێمانیەوە کرایەوە، کە لەچەند هۆڵێکی نەخۆشخانەی منالبووندا چالاکیەکانیان ئەنجام دەدا. کە بریتیبوو لەهەندێک وانەی تەندروستی لەلایەن پزیشکەکانەوە دەوترایەوە. بەڵام لە ڕووی یاسایی و بەڕێوەبردنەوە یەکێتی ژنانی کوردستان لقی سلێمانی سەرپەرشتی دەکرد. دواتر گوازراوەتەوە بۆ (کردە پزیشکیەکان) ئینجا بۆ (نەخۆشخانەی عەلی کەمال). بەمەبەستی بە فەرمی کردنی ئەم پڕۆژەیە فەرمانی وەزاری بۆ دەرکرا لە مانگی شوباتی ٢٠١٧ دا، بۆ ئەوەی وەک کلینیکی ڕاوێژکاری ئێواران بکرێتەوە، هەتا ئێستاش بەردەوامە. هەفتەی ٣ ڕۆژ وانە دەوترێتەوە لە ٣ هۆڵدا، کە هەر هۆڵێک جێگای ٢٠-٢٥ جووت هاوسەری تیا ئەبێتەوە، وانەکانیش تەندروستی، یاسایی، و کۆمەڵایەتین.

لەساڵی ٢٠١٨ دا سەنتەری دهۆک و هەولێر کرایەوە، لە هەوڵی کردنەوەی هەمان سەنتەریشدان لە دەڤەری ڕاپەڕین و هەڵەبجە.

شایانی باسە ئەو دوو هاوسەرەی لەدایک بووی ساڵی ١٩٩٠ و سەرووترن، ئەنجامی پشکنینی خوێنیان نادرێتەوە هەتا وانەکانی ئەم سەنتەرە نەخوێنن. لە ئێستاشدا لە هەوڵی بەفەرمی کردنی ئەم خولانەن بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ لیپڕسراوی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانیی).

٤-٢ سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی وەزارەتی ناوخۆ:

سەنتەرێکی ڕاوێژکاری یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونیە، بەشێکە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان و ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ. کارەکانی ئەم سەنتەرە بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٩) ڕێکخراوە.

کارەکانی ئەم سەنتەرە لەدوای کۆتایی هاتنی کاری پۆلیس دەست پێدەکات، هەندێکجاریش پێش کاری پۆلیس دەکەوێت، بەهۆی بوونی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەکێشەکاندا. ستافی کارمەند لەم سەنتەرەدا بریتیین لە (١٠) کارمەند لەهەر سێ پسپۆرییەکە یاسایی، کۆمەڵایەتی، و دەروونی.

شایانی باسە کە لیژنەی ئاشتەوایی دادگاییش هەیە کە پێکهاتووە لە پارێزەر و توێژەری کۆمەڵایەتی و توێژەری دەروونی (لەیاساکەدا مامۆستای ئایینیشی تێدایە بەڵام لە ئێستادا دانەنراوە). هەموو دۆسییەکانی توندوتیژی خێزانی، کە بەرامبەر ژن یان پیاو یان منداڵ ئەنجامدرابێت، پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت دەنێررێت بۆ ئەم لیژنەیە.

کارەکانی سەنتەر وەکو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە وایە، چونکە جگە لە کارمەندەکانی خۆی سوود لە ئەزموونی کەسانی پسپۆر لە دەزگا حکومی و ڕێکخراوە (NGO) کانی دەرەوەی سەنتەر وەردەگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وەک مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکی دادوەری، پزیشکی پسپۆر.

هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشە لەم سەنتەرە:

١-وەرگرتنی کەیسەکان لەڕێگەی دوو پڕسگەی جیاوازەوە، بۆ ئەوەی بەریەک کەوتن لە نێوان لایەنەکاندا ڕوونەدات.

٢-پڕکردنەوەی فۆرمێک بۆ تۆمارکردنی وردەکاری کێشەکە.

٣-لەکاتی بوونی توندوتیژیی یان تاوان، سکاڵا تۆمار دەکرێت، چارەسەری پزیشکی جەستەیی و دەروونی پێشکەش دەکرێت.

ئەزموونێکی تازەیە بۆ کۆمەڵگەی کوردی، لەبەرئەوە قبووڵکردنی کاری زۆری پێویستە بەمەبەستی ئاشنابوونی خەڵک بە کارەکان، لەڕێگەی هەڵمەتی وشیاری بۆ ناوەندەکانی خوێندن، جگە لە خستنەڕووی داتا و ئامارەکان و ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار بە بەردەوامی.

مانگانە (٤٠- ٥٠) کەیسی ڕاوێژکاریی دێتە سەنتەرەکە، ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتریش ئەو کەیسانەن کە سکاڵا پێشکەش دەکەن. ئامانجی سەرەکی سەنتەرەکە ئاشتکردنەوەی خێزانەکان، چونکە بیرۆکەی خراپترین خێزان لە باشترین دامەزراوە باشترە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هێمن عبدالقادر).

٥-دەرئەنجام

خێزان قۆناغەکانی ژیانی بەشێوەیەکی زنجیرەیی دەبڕێت و گەشە دەکات لە لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانەوە، کە ڕووداوەکانیش کاریگەریان دەبێت لەسەریان. هەندێکجار ئاسایی و لەبار تێدەپەڕێت و بەئەزموونێکی پۆزەتیڤ کۆتایی دێت، بەڵام زۆرجاریش نالەبار دەبێت بەشێوەیەک کە ناخ و دەروون بریندار دەکات.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕووداوانە خێزان دەخاتە دۆخێکی نائاساییەوە کە پێویستی بە یارمەتی کەسی پسپۆر و شارەزا هەیە بۆ تێپەڕاندنی. لەبەرئەوە خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری خێزانیی باشترین دەرفەتە بۆ وەرگرتنی ڕای زانستی لەسەر بابەتە خێزانی و ژیانیە ئاڵۆزەکان بە مەبەستی دیاریکردنی باشترین ئەگەر.

چالاکییەکان

چالاکی١ /خوێندکاران وێنەی پەیوەندیە خێزانیەکان بکێشن و، جۆرەکەی ڕاڤەی بکەن.

چالاکی٢ /خوێندکاران نمایشی کێشەیەکی خێزانی بکەن بە بەکارهێنانی (Role Play)، بۆ دیاریکردنی چۆنێتی مامەڵکردنی ڕاوێژکاری خێزانی لەگەڵیدا.

چالاکی٣ /خوێندکاران شیکاری ڕەنگدانەوەی ڕووداوە خێزانییەکانیان لەسەر کەسێتیان بکەن.

- **ڕەنگدانەوە پۆزەتیڤەکان.**
- **ڕەنگدانەوە نێگەتیڤەکان.**

سەرچاوەکان:

أبو أسعد، أحمد عبد اللطيف (٢٠١٥)، إرشاد مراحل النمو، ط١، دار المسيرة، عمان، الأردن.

البريثن، عبدالعزيز عبدالله (٢٠١١)، الإرشاد الأسري، دار الشروق للنشر و التوزيع، الطبعة العربية الأولى، الإصدار الثاني، عمان، الأردن.

الفرخ، كاملة و تيم، عبدالجبار (١٩٩٩) – مبادئ الإرشاد النفسي و التوجيه – دار صفاء، عمان، الأردن.

بنات، سهيلة وآخروون (٢٠١٠)، الإرشاد الأسري، المجلس الوطني لشؤون الأسرة، عمان، الأردن.

حجازي، مصطفى (٢٠١١) - واقع الإرشاد الأسري ومتطلباته في دول مجلس التعاون – سلسلة الدراسات الإجتماعية، العدد (٦٧)، ط١، المكتب التنفيذي، المنامة، البحرين.

الخشاب، سامية (٢٠٠٧) – النظرية الإجتماعية ودراسة الأسرة – الدار الدولية للإستثمار و النشر، القاهرة، مصر.

دوڕوون، رولان و ثارو، فرنسواز (٢٠١٢) – موسوعة علم النفس – المجلد الثاني، ترجمة فؤاد شاهين، دار عويدات بيروت، لبنان، ثلاث مجلدات.

زهران، حامد عبد السلام (١٩٩٨) – التوجيه و الإرشاد النفسي - ، ط٣، مكتبة عالم الكتب، القاهرة، مصر.

سالم، سماح سالم و جادو، جمال عبدالحميد (٢٠١٥) – الإرشاد الإجتماعي – ط١، دار المسيرة، عمان، الأردن.

ملاطاهر، شەوبۆ عبدالله (٢٠١٥) - المشكلات الأسرية أسبابها و دور المرشد النفسي في حلها – مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (هێمن عبدالقادر) لێپرسراوی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی لە بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە وەزارەتی ناوخۆ .

چاوپێکەوتن لەگەڵ لێپرسراوی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی لە وەزارەتی تەندروستی.

Carter, B., & McGoldrick, M. (Eds.) (1988)– The changing family life cycle: A framework for family therapy (2nd ed.). Gardner Press.

Ustinov, Peter (1993)– FAMILIES Celebration and hope in a world of change –Special introduction by Dr. Jo Boyden with UNESCO,Gaia Books Ltd, Singapore.

www.egyankosh.ac.in> bit stream – unit 1– family counseling / 10.3.2020 .

٣-٢ سەرپەرشتیاریی، بواریکی پیشەیی نوێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق

چنور قادری ، لوقمان صالح کریم سیوەیلی

پوختە:

لەگەڵ دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، بواریکی پیشەیی نوێی کاری کۆمەڵایەتی بۆتە پێویستی هەنووکەیی کە ئەویش (سەرپەرشتیاریی)ە. ئەم بابەتە بە کورتەیەک لەسەر چەمکی سەرپەرشتیاریی دەست پێدەکات، و مێژووەکەی وەک پیشەیەک و پرسیارە بنچینەییەکان دەخاتە ڕوو. دواتر سەرنج دەخاتە سەر بارودۆخی شوێنەکە بەتایبەتی (local context) و ئاڵنگارییەکانی سەرپەرشتیکردن لە کارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەهەرێمی کوردستانی عێراق. دوو نمونەی کرداریی بەکار دەهێنرێت بۆ دەرخستنی ئەوەی سەرپەرشتیاریی چی دەگەیەنێت لەکاری کۆمەڵایەتیدا و چۆن دەتوانرێت دەست بکرێت بەڕاوێژ و پرۆسەی گەشەپێدان.

زاراوە سەرەکییەکان: سەرپەرشتیاریی ، کاری کۆمەڵایەتی، هەرێمی کوردستانی عێراق

١-پێشەکی

سەرپەرشتیاری وەک پڕۆسێسێک دێتە ئەژمار کە تیایدا سەرپەرشتیاران ئاڵوگۆڕی (زانیاری، ئەزموون و ئیتیک) دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی دەکرێن، جا ئەو سەرپەرشتیکراوانە لەدامەزراوە حکومییەکان یاخود لە ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بن. واتە لەم پڕۆسەیەدا ئەزمونی سەرپەرشتیکراوان لەبواری کارکردنی کۆمەڵایەتی دەخرێتە ڕوو، کە هەرکەسەو ئەزموونی خۆی لەبوارێکی دیاریکراودا ڕوون دەکاتەوە بەمەبەستی سود وەرگرتن لێی و دواتریش کەسی سەرپەرشتیار باس لەئەزمونی کۆتایی خۆی دەکات و کۆی ئەزموونەکان پێکەوە دەبەستێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت باشترین خزمەت بە خزمەتخوازان (کڵاینت) بگەیەنرێت. هەروەکو ئاماژەمان پێدا سێ ڕەهەندی سەرەکی هە یە لە پڕۆسەی سەرپەرشتیاریدا کە ئەوانیش بریتین لە ڕەهەندەکانی زانیاری، کارامەیی، ئیتیک. لێرەدا کاری سەرپەرشتیاریی بریتیە لە هاوتەریبکردنی هەر سێ ئاستەکەو لێکدانیان لەیەکتری بەجۆرێک کە بتوانرێت پێکەوە ببەسترێتەوە و تیۆر و پراکتیک لە یەکدی بدرێت بۆ ئەوەی چارەسەری خزمەتخوازان بەشێوەیەکی واقیعی کرداری بکرێت و دوور بێت لە خەیاڵ و ناواقیعی بوون.

لە خـوارەوەدا پێناسەیەکی گشتی چەمکی سەرپەرشتیاریی دەخرێتە بەردەست و پاشانیش ڕونکردنەوە دەکرێت بۆ بارودۆخی کوردستان. پاش ئەوەش دوو نمونەی کرداری بەکار دەهێنرێت بۆ پیشاندان و پێکبەستنی تیۆر و کردار.

٢-سەرپەشتیاریی چییە؟

چەمکی سەرپەرشتیاریی باس لەکرداری ڕاوێژکاریی دەکات لەگەڵ خەڵکدا سەبارەت بە کارەکەیان. ئامانجی سەرپەرشتیاریی بەرەوپێشبردنی لایەنی پیشەییە. سەرپەرشتیاریی پشتگیرییەکە بۆ درێژەپێدان و گەشەپێدان و پەرەسەندنی بەڕێوەبردنی پیشەگەرانە.

سەرپەرشتیکردن سەرنج دەخاتە سەر کەسەکە لەئەرکە پیشەییەکەیدا لەگەڵ کەسایەتییە پیشەییەکەیدا. هەستەکان ، بەهاکان ،ڕەفتار بەرامبەر خزمەتخوازان،

هاوکارەکان و پلە بەرزترەکان ڕەفتارەکانی کەسەکە دەردەخەن و دەکرێت بەم شێوەیە ببنە بابەتی سەرپەرشتیکردن. ئەمە واتە لەجیاتی "حاڵەتەکان" کەسە سەرپەرشتکراوەکان خۆیان دەبنە چەقی سەرپەرشتی. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: تا چ ڕادەیەک بابەتی باسکراو یارمەتیدەرە بۆ مامەڵەی پیشەگەرییانەی کەسی سەرپەرشتکراو و بۆ ئەو سیستمەی کە سەرپەرشتکراوەکە کاری تێدا دەکات؟ (cf. Neumann-Wirsig, 2009: p.16). لە هەوڵدا بۆ گونجاندنی ڕەفتاری پیشەیی لەگەڵ سەلامەتی پیشەیی و ئاگا لەخۆبووندا safe–care، بەپێیی پێویستییەکانی کەسی سەرپەرشتکراو لەڕێکخراوێک یان فەرمانگەیەک، سەرپەرشتیارەکە شێوازو میتۆدی شیاو هەڵدەبژێرێت.

٢-١ مێژووی سەرپەرشتیاریی

مێژووی سەرپەرشتیاریی دەگەڕێتەوە بۆ بواری کاری کۆمەڵایەتی و چارەسازی دەروونـی، دوو پیشەی تـازەو پەرەسەندوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخەنە سەر چاککردنی پەیوەندییەکان و توانای تێڕامان (reflection) لە کردار و ڕێبازەکانی کەسەکە.

سەرپەرشتیاریی یەکەمجار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسێنرا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیکەی ١٥ ملیۆن کۆچبەری وەرگرت. سەرەڕای گەشەسەندنی پیشەسازی وڵاتەکە، دۆخی کارکردن بۆ کرێکارەکان کارەساتبار بوو. دووبارەبونەوەی قەیرانە ئابووریییەکان بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری. هەژارییەکی زۆر لەناو خێزانەکانی چینی کرێکاردا بوونی هەبوو. وەک بەشێک لەڕێکارەکانی کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەژاری کۆمەڵگەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان سەردانیکردنی دۆستانەیان بەکار هێنا. ئەم یارمەتیدەرە خۆبەخشانە زۆربەیان ژن بوون لە چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگە. هەر یارمەتیدەرێک بە بەردەوامی کارمەندێکی هەبوو بەمەبەستی پشتگیریکردنی، کە دەکرێت ئەم کارمەندانە وەک یەکەمین سەرپەرشتیارەکان سەیر بکرێن. سەرەتا سەرنجیان خستە سەر دابەشکردنی کەلوپەلی سەرەتایی ژیان. دواتر لایەنە دەروونییەکانیش بوون بەبەشێک لە کارەکەیان. داینامیکی پەیوەندییەکە لە نێوان یارمەتیدەرە خۆبەخشەکان و بریکارەکاندا بوو بە

بابەتێک، لەگەڵ ڕێکاری بەرەوپێشبردنی (کاری کۆمەڵایەتی لەنێوان چاودێری و کۆنترۆڵدا). بەم شێوەیە هەر لەسەرەتاوە سەرپەرشتیاریی بەکارهێنرا وەک ئامرازێک بۆ دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدان.

ئەم شێوازە سەرەتاییەی سەرپەرشتیاریی لە ئەزموونی ڕۆژانەوە سەرچاوەی گرتووە. نەک لە زانیارییەکی زانستی دەروونییەوە دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی گفتوگۆیەک کە بەپێی ڕێورەسمێک بەڕێوەبچێت. ئەوەش لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا لەژێر کاریگەری شیکردنەوەی دەروونیدا گۆڕڕا. ئەم کاریگەرییە نوێیە وایکرد بتوانرێت تێڕامان بکرێت لەسەر پەیوەندییەکان بە دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەرییەی ئەزموونی ئاگایی و نائاگایی، هەستەکان و یادەوەرییەکان هەیانە لەسەر پەیوەندییەکانی ئێستامان پێشبینیکردن (projection)، گواستنەوە (transference)، گواستنەوەی پێچەوانە (countertransference) . هەروەها زانستەکانی پەیوەندیکردنیش ڕۆڵیان هەبوو لە جیاکردنەوەی چەمکەکانی سەرپەرشتی کردن. لە ١٩٨٠کاندا لایەنەکانی کۆمەڵناسی دامەزراوەیی و داینامیکە کۆمەڵەییەکانیش زیادکران. جگەلەوەش ڕێبازەکانی سیستەمی وڕێکخستن (systemic and constructive concepts) بنیاتنانی چەمکەکان بەرەو پێشەوە دەبەن.

دەستەواژەی سەرپەرشتیاریی (supervision) لەوشەی لاتینی «su-per» و «vision» پێکهاتووە. «super» واتە "لەسەر" یان «لەسەرەوە» و «vision» دەکرێت وەربگێڕدرێت بە «بینین» یان «دەرکەوتن». لەو ناوچانەدا کە بە ئینگلیزی قسە دەکەن دەستەواژەی «سەرپەرشتیار» زیاتر پەیوەستە بە دەستەواژەی «بەڕێوەبەر» (boss) و «پشکنەر» و «چاودێریکەر»ەوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرپەرشتیار دەسەڵاتی چاودێریکەری هەیە. بەڵام لە ئەوروپا، سەرپەرشتیارەکان زیاتر ڕۆڵی پەیوەست بە ڕێنمایی کردن (advice)و پشتگیریکردنیان (support) هەیە (e.f.Berland,2018: p.46) .

٢-٢ ناوەڕۆک و شێوازەکانی سەرپەرشتیاریی

گرنگترین ئامرازی سەرپەرشتیاریی تێڕامانە لە حاڵەتەکانی پەیوەست بە کار لەناو تێڕوانینی بابەتییانەی کەسەکە و ڕێکخراوەکەدا. سەرپەرشتیاریی تیشک دەخاتە

سەر خاڵی یەکتربڕینی پیشە و دامەزراوە و کەسەکە، و جێبەجێکردنی چەمکی تێڕامان بەخاڵی دەستپێک دادەنێت. [بڕوانە شێوەی ١]: سەرنجی سەرپەرشتیاریی



ئەگەر سەرپەرشتیاریی پێناسە بکرێت وەک ڕێنمایی بۆ تێڕامان لە کردارە پیشەییەکانی کەسەکە خۆی، کەواتە مانای تێڕامان چییە؟ لەڕووی ڕێبازی بنیاتنەرییەوە تێڕامان هەمیشە واتە تێڕوانینی دووەمی، واتە تێڕوانین لە تێڕوانینەکان.

سەرنج و تێڕوانینمان بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە چی وەک واقیع بونیاد بنێرێت.

Σ

ئەمە چییە؟ نیشانەی سیگما؟ پیتی M؟ پیتی W؟ دوو گرد؟ پیتی E؟ ژمارە ٣؟

سەرپەرشتیاریی ئاسانکاری دەکات بۆ چاودێری و تێڕامانێکی ڕێکخراوی کردارە پیشەییەکانی کەسەکە واتە سەرپەرشتیکراوەکە. لە چوارچێوەی ئەم کارەدا دەتوانرێت باسی چەند لایەنێکی جیاواز بکرێت:

بارودۆخەکان (contexts): مەبەست لە بارودۆخ سیستمەکانی ناو کۆمەڵگەیە، کە بەشێکیان بەهۆی واقیعی مێژوویی- سیاسی و بەشێکی تریان بەهۆی ڕێسای دامەزراوەکانەوە پێکهاتوون، جگە لەوەش بەپێی بارودۆخەکە ترسێکی واقیعی و، هەروەها هەل و ئەگەرەکانی دروستبوونی گۆڕانکاری کاردانەوەیان هەیە.پەیوەندییەکان (relationships): پەیوەندییەکان دروست دەبن بەهۆی ڕۆڵی پیشەیی جیاوازی نارەسمی و ڕەسمییەوە، و ویستی دروستکردنی پەیوەندی، و ڕێکخستنی نزیکی و دووری لەپەیوەندیدا و هەروەها ئەگەری کاریگەری دروستکردنی هەستیی پەیوەندییەکانی ئێستا و ڕابردوو.

بابەتەکان (topics): سەرنج دەخرێتە سەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان هەیە بە پیشەکەوە و هەروەها بە بابەتەکانی کە پەیوەندیدارن بە خزمەتخوازەکان.لە کاتی بەکارهێنانی سەرپەرشتیاریدا، ڕەنگە تێڕوانینی نوێ بێتە ئاراوە بەهۆی هەڵبژاردنی بابەتەکان، و شێوازی تایبەتمەندیی و داڕشتنیان و گفتوگۆی نێوان سەرپەرشتیار و کەسی سەرپەرشتکراو. هەندێک یاسای دیاریکراو دەبێت پەیڕەو بکرێن لەکاتی پڕۆسەی گفتوگۆ و پەیوەندیدا. یاسا گرنگەکان بۆ ئەنجامدانی گفتووگۆیەکی ڕێزدارانە بریتین لە بەکارهێنانی ئامرازە زمانییەکانی کەسی یەکەم، یەک کەس لەکاتێکدا قسە بکات، کێشە بێزارکەرەکان لە پێشینەیی بن و نهێنی بپارێزرێت. لەو ڕووەوە سەرپەرشتیاریی ڕێنمایی پێشکەش دەکات بۆ چۆنیەتی سەیرکردنی کێشەیەک لە گۆشەنیگای باڵندەیەکەوە هەروەک چۆن دیارە لە چیرۆکی ئەفسانەیی گاڵتەجارەکانی کۆڵن، تونس و شییەل (Kersting, 2001):

ت: زۆر حەزدەکەم باڵندەیەک بم
ش: بۆچی؟
ت: ئەوکات دەمتوانی بفڕم و لەسەرەوە ئەو شتانە ببینم کە لە خوارەوە ڕوودەدەن.
ش: مادام وایە من حەزدەکەم دوو باڵندە بم.
ت: بۆچی؟
ش: ئەوکات دەتوانم ببینم کە چۆن دەفڕم.
ت: مادام وایە من حەزدەکەم سێ باڵندە بم.
ش: بۆچی سێ باڵندە؟
ت: ئەوکات دەتوانم شوێن خۆم بکەوم و ببینم کە چۆن چاودێری شێوازی فڕینی خۆم دەکەم!

٢-٣ ڕێگاکان و سنورەکانی سەرپەرشتیاریی

لەو شوێنانەدا کە خەڵک پێکەوە کاری تێدا دەکەن بە شێوازی ڕێکخراو، ڕەنگە هەڵە تێگەشتن و گرژی و ناکۆکی دروست ببێت. لەبەرئەوەیە کە سەرپەرشتیاریی لەچەندین بەشی جیاوازی کاردا بەکاردەهێنرێت وەک پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پشتیوانی و تێڕامان بۆ کەسەکان ، کۆمەڵەکان و تیمەکان واتە سەرپەرشتیکراوەکان. لەگەڵ چەندین بواری دیکەدا، سەرپەرشتیاری بەکاردێت لەسیستمی تەندروستی ، پەروەردەیی ، بەڕێوەبردن ، بەشی پیشەسازی و خزمەتگوزاریدا. هەرچەندە سەرپەرشتیاریی هەندێک لایەنی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئامادەکاریی و ڕاوێژکاریی و چارەسەری دەروونیدا، بەڵام ڕێبازێکی جیاوازی هەیە و بەو هۆیەشەوە دەبێت وەک بوارێکی جیاواز لێی بڕوانرێت.جیاواز لە مێژووی سەرپەرشتیاریی، مێژووی ئامادەکاری (coaching)تەنها لەم ساڵانەی دوایدا دەستی پێکردووەو ڕیشەیەکی جیاوازیان هەیە لەگەڵ ناوەڕۆک و ئامانجی جیاوازدا. لەو ناوچانەدا کە بە ئینگلیزی دەدوێن، دەستەواژەی " کەسی ئامادەکار(coachmen)" ئاماژەبوو بۆ کەسێک کە گالیسکەی لێدەخوڕی و کۆنترۆڵی ئەسپەکانی دەکرد. هەروەها دەستەواژەی ئامادەکار ئاماژەیە بۆ کەسێک کە ڕاهێنان بە وەرزشوانەکانی سەر ئاستی جیهان دەکات. ئامادەکارەکان زانیارییەکی زۆریان هەیە لەسەر بابەتەکەیان لەکاتێکدا خودی خۆیان چیتر یاریزان نین. لەئەنجامدا، دەستەواژەی ئامادەکاری لەپیشەسازی ئەمریکیدا بەکار هات، بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و دەروونزانی ئابووریدا، کە تیایدا بەڕێوبەرەکان بەشێوەیەکی پیشەیی و دەروونی ڕاوێژیان پێدەکرا. ئامادەکاری پێشکەشکردنی ڕاوێژە بۆ بەڕێوەبەرەکان. ئامادەکار کارەکەی ڕاوێژکاری و ئامۆژگاریکردن و پشتگیریکردنی بەڕێوبەرەکان و هەروەها پسپۆڕە تایبەتمەندەکانیشە کە بەتەنها کاردەکەن، بۆنمونە دکتۆرەکان ، پارێزەران و هونەرمەندان، هەم لە ئەزموونە پیشەییە نەرێنییەکانیاندا و هەم ئەرێنییەکانیش. ئەو کەسانەی لەبەڕێوەبردندا کار دەکەن ئەکرێت زۆرجارڕکابەریان هەبێت، وەبەوهۆیەوە هەست بەتەنهایی بکەن و نە توانن کێشە پەیوەست بەکارییەکانیان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا باس بکەن. بەزۆری ڕاهێنان لەشوێنێکی تایبەتدا و بۆ ماوەیەکی کاتی ئەنجام

دەدرێت. ڕاوێژپێکەران زانیارییە دەروونی و ئابوورییەکان هەڵدەسەنگێنن و ئەزموونی کردارییان بەدەست هێناوە لەو بوارە پیشەییە تایبەتەدا.

لایەنێکی هاوبەشی سەرپەرشتیاریی و ڕاهێنان بریتییە لە ڕاوێژکاریی لەسەر ئاستێکی بەرزتر .(meta level) ئەم شێوازە لە ڕاوێژکاریی لەسەر ئاستێکی بەرزتر واتە سەرپەرشتیار و ئامادەکارەکان لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا نین لەگەڵ خزمەتخوازەکان و کارمەندەکانیاندا. ئەوان تەنها لە پەیوەندیدان لەگەڵ یاریدەدەر و بەڕێوبەرەکاندا.

جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو دوو دەستەواژەیەدا ئەوەیە کە سەرپەرشتیاریی سەرچاوەیەکە بۆ پشتگیریکردنی ئەو یاریدەدەرانەی کە لەگەڵ خەڵکدا کار دەکەن، جا ئەگەر ڕاوێژکاریی، ئاگالێبوون، فێرکردن بێت یان سەرپەرشتیی (کلتوری یارمەتیدان). لەبەرامبەردا ئامادەکاری سەرچاوەیەکە بۆ پشتگیریکردنی بەڕێوبەرەکان (کلتوری بەڕێوەبردن). بابەتە پەیوەندیدارەکان لە ئامادەکاری بەرپرسیارییەتی بەڕێوبەری و تێڕامان لەخود و هاوسەنگی متمانە بەخۆبوون و بە دەوروبەرە، هەروەها گەشەسەندنی کەسایەتی و بابەتەکانی ناکۆکی و سەرنج خستنەسەر پەیوەندییەکان و بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکە (cf. Belardi 2018).

چەمکەکانی سەرپەرشتیاریی، ڕاهێنان، ئامادەکاریی، ڕاوێژکاریی و چارەسازی دەروونیی لایەن و ڕێبازی هاوبەشیان هەیە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم هاوبەشییە بەتایبەتی لەناو چەمکی سەرپەرشتیاریی و ئامادەکردن هەیە.

ئامادەکردن (coaching) چەند تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ڕاهێنان (training)، ڕاوێژکاریی (counselling) وسەرپەرشتیاریی. (supervision) ئەوانە چارەسەری دەروونی نین و ئەم ڕێبازانەش گونجاو نین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی درووستی دەروونیدا. شێوازەکە لەسەر ئامانجی ڕێکخراوە و زۆرجار ڕادەیەک لە مامەڵەکردن و تەندروستبوون لەخۆدەگرێت لەکاتی جێبەجێکردنی ڕۆڵی پیشەیی کەسەکەدا. ئامانجی سەرەکی ڕاهێنان (training) هەروەک لە وەرزشەکانەوە ئاشنایە، گەشەسەندن و ڕاهێنانی هەندێک توانایە یان ڕەفتاریی (تایبەت بە کاری کەسەکە).

خشتەی ١: پیشاندانی لێکچوون و جیاوازییەکانی سەرپەرشتی و شێوازەکانی دیکەی ڕاوێژ کردن.

	سەرپەرشتیاریی Supervision	ئامادەکاریی Coaching	ڕاوێژکاریی Counselling	ڕاهێنان Training	چارەسەری دەروونیی Psychotherapy
پێناسە	پرۆسەیەک کە تیایدا تاکەکان/ کۆمەڵەکان دەتوانن تێرامان reflection بۆ کێشەی پەیوەست بە کارەکانیان بکەن بەیارمەتی سەرپەرشتیار. بۆ نمونە، بەکارهێنانی سەرپەرشتیاری بۆ حاڵەتێک.	پشتگیری پەیوەست بە چارەسەر و کارامەیی بۆ ئەو کەسانەی لە شوێنی کاردان، هانی تێرامان لە خود دەدات، تێگەشتن لە ئەزموون و ڕەفتار.	گفتووگۆیەکی بونیادی ڕێکخراو	کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو بوونی نییە؛ کە پشت بە ئەرک/ دۆخەکە ببەستێت واتە ڕاهێنانەکە پابەندە بە ئەرکەوە	چارەسەری تەنگژەو نەخۆشییەک، هەولێک لە دژی حاڵەتێکی نەخوازراو کە دەبێتە هۆی فشاری دەروونی
چی؟ ناوەڕۆک	پێدانی هەلێک بۆ شیکردنەوە و ڕێکخستنی کردارە پیشەیەکان، و ئامۆژگاری و پشتگیری تایبەت بە بوارەکە، تێرامان بۆ ڕۆڵی پیشەیی کەسەکە.	ڕاوێژی کەسیی لەسەر ئاستی پرۆسە، ڕاهێنان چارەسەری ڕاستەوخۆ ناخاتە بەردەست، بەڵکو هانی پرۆسەی تێرامان لە خود دەدات و ئامۆژگاری و پشتگیری پێشکەش دەکات	گرنگیدان بە کێشە جیاوازەکانی ژیان، کاتەکەی بەزۆری سنوردارە	بەرەوپێشچوونی توانایيە پەیوەستەکان بە کارەوە، بە زۆری بۆ کۆمەڵێک ئەنجام دەدرێت	پرۆسەیەک بۆ تیمارکردنی نیشانەکانی تەنگژە و شڵەژانی دەروونی
کەی؟ هۆکار	کاتێک کە حاڵەت و بارودۆخەکان ماندووکەرن یان ڕێگرن کە ڕۆتینی پیشەکە، وەک پارێزگاری سەرەتایی بۆ کێشە و دڵنیابوون لە کوالتی کاردا.	کاتێک دەستپێک و ئاڵۆزی نوێ دێتە کایەوە، کاتێک گۆرانکاری یان گەشەکردن پێویستە، بۆ یارمەتیدان لە بڕیاردان یان کاتێک حاڵەتی فشار درووستکەر دێتە ئاراوە	کاتێک کێشەی تایبەت یان پیشەیی دێتە کایەوە، لە بارودۆخی نوێی ژیاندا یان کاتێک کێشە بەردەوامەکان ناتوانرێت لەلایەن کەسەکە خۆیەوە چارەسەر بکرێن.	کاتێک ئاڵنگاری نوێی پیشەیی دێتە کایەوە کە بە توانایەکانی ئێستا ناتوانرێت بە سەریدا زاڵ ببێت	کاتێک کێشەی کەسیی و خێزانی بەردەوام کاریگەری نەرێنی دادەنێن لەسەر شێوازی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەژیانی کەسیی و پیشەییدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ
بۆ کێ؟ کۆمەڵەی ئامانج	پیشەگەران لە کۆمەڵەی جیاوازی پیشەییدا (بۆ نمونە، کارمەندی کۆمەڵایەتی، مامۆستا، ...هتد)، بە تەنها یاخود وەکو تیمێک	تاکە کەسەکان یان گروپی تایبەتی بچووک کە بەرپرسیاریەتی بەرێوەبردنیان هەیە، ئەو کەسانەی ئەرکی بەرێوەبەرییان هەیە	بە زۆری بۆ تاکە کەسەکان یان کۆمەڵەی بچوک لە چوارچێوەی ناپەیوەست بە کاردوە	پیشەگەران لە کۆمەڵە پیشەییە جیاوازەکاندا	بە زۆری بۆ تاکە کەسەکان، بەڵام بۆ کۆمەڵە و هاوسەرانیش

بۆچی؟ ئامانج	گەشەپێدانی بیرۆکە و ئامانجی نوێ، یەکخستنی ئاڵوزییە کەسییەکان، ئامرازێکە بۆ نەهێشتنی دودڵی، سەرنج لەسەر دروستکردنی پەیوەندییەکان و شوێنی ڕاوێژ کردنەکە تەنها لە جێگایەکدا دابندرێت کە پەیوەستبێت بە دەرئەنجامی پەیوەست بە کارەکەوە.	بەرەوپێش بردنی بەهەرەی خۆ بەرێوەبەریی، توانای مەبەستدار بوون، ئاسانکاری بۆ پەیوەندییەکان، سەرنج خستنە سەر کارە بەرێوبەرییەکان.	بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکی نوێ، چارەسەری کێشە، بەهێزکردنی هەستکردن بە بەهای خود، گواستنەوەی زانیاری.	سەرنج خستنە سەر گواستنەوەی زانیاری، ڕاهێنان لەسەر ئەو ڕەفتارانەی ویستیان لەسەرە.	چاکبوونەوە یان نەهێشتنی کێشەیەکی دەستنیشان کراو، گەشەپێدانی ئاگاییەکی تەندروست، توانایی چارەسەرکردنی کێشە بە تەنها و بە سەربەخۆیی، (دووبارە) بەدەستهێنانی خۆشەویستی بۆ ژیان.
چۆن؟ پەیوەندی	سەرپەرشتیارەکە شارەزایە دەربارەی پرۆسەکە (شارەزای پرۆسەکە)؛ بریکارەکە شارەزایە دەربارەی خۆیان/ ئەزموونی کەسیان (شارەزا لە خوددا)	ئامادەکارەکە شارەزایە دەربارەی پرۆسەکە (شارەزای پرۆسەکە)، بریکارەکە شارەزایە دەربارەی خۆیان/ ئەزموونی کەسیان (شارەزا لە خوددا)	راوێژکارەکە شارەزایە دەربارەی بابەتەکە (شارەزای بابەتەکە) و پرۆسەکەش (شارەزای پرۆسەکە)	پەیوەندی مامۆستا-خوێندکار، ئامادەکارەکە شارەزایە دەربارەی بابەتەکە (شارەزای بابەتەکە)	پەیوەندی دکتۆر-نەخۆش، چارەخوازەکە شارەزایە دەربارەی خۆی / ئەزموونی کەسیی (شارەزا لە خوددا)، چارەسەرکارەکە شارەزایە لە چارەسەرکردندا
چۆن؟ شێواز	زانیاری تایبەت دەربارەی بنیاتنان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، بەکارهێنانی شێوازی جیاواز گرنگە.	زانیاری دەربارەی بابەتی پەیوەست بە بەرێوەبردن، جیاوازی شێوازەکان، شارەزایی پیشەیی پەیوەست بە کارەکە بەسوودە	پرۆسەی پەیوەندی بە شێوازی گفتوگۆیەک، شێوازی گونجاوی، گفتوگۆی کەسی	ئامادەکارەکە شارەزایە لە بوارەکەی خۆیدا، زانیاری و توانای فێرکاری گرنگن.	گفتوگۆی کەسیی، پێدانی زانیاری دەروونی، ئەنجامدانی چارەسەری دەروونی دیاریکراو، ڕاهێنان لەسەر هەناسەدان و ئاگایی و تێگەشتن
ئەو چەمکانەی ئاماژە بۆ وەرگر دەکەن	کەسی سەرپەرشتکراو	خزمەتخواز کڕیار customer	خزمەتخواز	بەشداربوو	چارەخواز، نەخۆش

٤-٢ سەرپەرشتیاریی وەک پرۆسەیەک

سەرپەرشتیاریی وەک پرۆسەیەک دەکرێت بەچەند قۆناغێک پێشکەش بکرێت. شێوازی دیاریکراوی چاوپێکەوتنەوەکانی سەرپەرشتیاریی ڕەنگە جیاوازبن لەیەکتر. بەزۆری بەم قۆناغانەی خوارەوەدا دەڕوات:

[بڕوانە شێوەی ٢]: پرۆسەی سەرپەرشتیاریی

قۆناغی دەستپێک گرنگی لەپێشینە دەدات بە سەرپەرشتیار یان تیمەکەو بەبارودۆخە نوێیەکەش. دواتردۆزینەوەی بابەت و شێوازی ئەو کێشەیە گرنگە کەدواترکاری لەسەردەکرێت. لەماوەی ئەم قۆناغەدا بابەتی سەرەکی دەستنیشان دەکرێت، و ئەگەر پێویست بوو داینامیکە کۆمەڵەیی و دامەزراوەییەکان بەرجەستە دەکرێن بە بەکارهێنانی شێوازی داهێنەرانە بەشێوەی گونجاو. تەنانەت لەکاتی باسکردنی حاڵەتەکە لەلایەن سەرپەرشتیارەکەوە دەکرێت دەست بکرێت بە پرۆسەکان وە بەشە نادیارەکان دەربخرێن و پەیوەندییەکان ڕوونتر بن . لەکاتێکدا قۆناغی دەستپێک سەرنج دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی

بارودۆخی ئێستا، دەکرێت چەند شێوازێک لەقۆناغەکانی گۆڕانکاری داهاتوودا بەکاربهێنرێن (قۆناغی کردار و قۆناغی یەکخستن) بۆ کارکردن لەسەر حاڵەت و کێشەکانی تیمی سەرپەرشتیارەکە. ئەم شێوازانە دەکرێت تەکنیکی دیاریکراو و سەربەخۆ لەخۆبگرێت لەگەڵ نواندنی چاوپێکەوتن، نواندنی ئەرکەکان، ڕاهێنانی هزری، ڕاهێنان بۆ هاندانی گۆڕینی تێڕوانین، ڕاهێنانی جەستەیی و هتد. لەقۆناغی ڕێکخستنەوەی دواتردا، گواستنەوەو گونجاوی تێڕوانینەتازەکان بۆجێبەجێکردنی کرداریی دڵنییادەکرێنەوە. لەهەڵسەنگاندنی کۆتاییدا پڕۆسەی سەرپەشتیاریەکە خۆی هەڵدەسەنگێندرێت.

سەرپەرشتیکراوەکان بەرپرسن لەبابەت و ناوەڕۆک. سەرپەرشتیارەکان حساب بۆ کاریگەری سودبەخش دەکەن لەسەر پڕۆسەی فێربوون و گەشەسەندن. لەم پڕۆسەیەدا دەکرێت شێوازی جیاواز بەکاربهێنرێت؛ تێڕامان لەچەندین دیدگەی جیاوازەوە بۆ جێبەجێکردنی کرداریی، پرسیارە سیستماتیک و چارەسەرییەکان، ڕێبازە پەیوەست بە سەرچاوەکان (resource-oriented approaches)، نواندن role play، شێوازی ڕێکخستن لەسەر بنەمای چارەسەر، فیدباک، ستراتیژی ئیدارەدانی فشار (stress management strategies)، ڕاهێنانی وشیاری ئاگایی (mindfulness exercises).

ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت کە بابەتەکان دەکرێت جۆراوجۆر و تایبەت بن، دەکرێت لایەنەکانی پەیوەست بە حاڵەتەکە و لایەنە دەزگایی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کاریگەری لەسەر یەکتر دابنێن. بۆ نموونە لەکاتی کارکردن لەگەڵ پەنابەراندا، ئەمە واتە جگە لە تایبەتمەندی ژیانی کەسەکە، لایەنی هۆشیاری بە زەبری دەروونی و کلتوور و لایەنەکانی پەیوەست بەیاسای پەنابەری و مافی نیشتەجێبوون دەکرێت شیاو بێت بۆ ئەو شیکردنەوەییەی کە ئەنجام دەدرێت.

بنەما ئیتیکییەکانی سەرپەرشتیاریی پێویستە لەتەواوی پڕۆسەکەدا لەبەرچاو بگیرێت، لەو بنەمایانەش ڕەفتاری شیاوو ڕێزدارانە و یەکسان مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکاندا، ڕەفتاری ڕون، هەستیار، گفتوگۆی کراوە و ئاگایانە. هەروەها بە دڵنیاییەوە وریایی و نهێنی پاراستن بەشێکن لە بنەماکانی کارکردن.

کارامەیی وسوودبەخشی سەرپەرشتیاری خاڵێکی گرنگی ترە، بۆ نمونە

(کلاوس گراڤە ٢٠٠١) سەرنجی خستبووە سەر کارامەیی، بەتایبەتی لەبواری چارەسەری دەروونی دا. لە توێژینەوەکەیدا لەسەر پەرەسەندنی چارەسەری دەروونی، ئەنجامی سەرەکی ئەوەبوو کە پەیوەندیی چارەسەریی زۆر گرنگە. سەرکەوتن و کارامەیی چارەسەری دەروونی بە ڕێژەی ٥٪ بەندە بە لایەنە تایبەتییەکانی ڕێبازە بەکارهێنراوەکە بۆ چارەسەری دەروونی، لەکاتێکدا ٧٠٪ بەندە بە لایەنی ڕێنمایی گشتی دیارینەکراو(unspecific general advisory factors). ئەم لایەنی پەیوەندی و ڕێنماییانە بەهەمان ڕادە پەیوەندیدارن بۆ سەرپەرشتیاریی (cf. Belardi 2018, p. 106) . هەرچەندە کاتی تەرخانکراوی کارمەندەکە و موچەی سەرپەرشتیارەکە دەبنە هۆی تێچووی زیاتر بۆ دامەزراوەکانی کاری کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە کە لەلایەکی دیش سەرپەرشتیاریی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نەخۆشی. لەبەرئەوە سەرپەرشتیاریی وەک پارێزگاریی و ڕێگیریەکی سەرەتایی یارمەتی دەدات لە کەمکردنەوەی تێچوون.

بنچینەیەکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی سەرپەرشتیاری ویستی کەسی سەرپەرشتکراوە بۆ بەشداریکردن لە سەرپەرشتیاریدا. بە بێ خولیاو ویستی کەسی سەرپەرشتکراو سەرپەرشتیاریی سودی نابێت.

هەندێک توێژینەوە دەریدەخەن کە سەرپەرشتیاریی دەکرێت تەنانەت ببێتە هۆی زیانگەیاندنیش (Ehrhardt/ Petzold 2014, p. 142) لەکاتێکدا کە کەسی سەرپەرشتکراوهەستی بریندار بکرێت. ئەم زیانە دەکرێت یان لەلایەن کەسانی تری سەرپەرشت کراوەوە دروست ببێت بەهۆی ڕکابەریکردنەوە، یاخود ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی سەرپەرشتیارەکانەوە. لە حاڵەتی دووەمدا بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی لەخۆبایی بوونی سەرپەرشتیارەکەوە دروست دەبێت. ئەو سەرپەرشتیارانەی کە بەزۆری دەبنە هۆی ئەنجامدانی سەرپێچی، وادیارە زۆرینەیان نێرن و ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونی بەکار دەهێنن (ibid. p. 165).

لە ئەنجامدا دەکرێت بڵێین کە سەرپەرشتیاریی ڕێبازێکی بێ کەموکوڕی نییە کە گەرەنتییەکی تەواو دەستەبەر بکات بۆ سەرکەوتن. ئەو ڕاستییە لەمرۆڤدا هەیە کە ئەو کەسانەی پێکەوە کاردەکەن و کاتێک کێشەیەکی

ئاڵۆزیان ڕووبەڕوو دەکرێتەوە، هەندێکجار خوازیارن چارەسەرێکی بێکەمووکوڕی بدۆزنەوە. کاتێک وەک میکانیزمێک بۆ گەشەسەندن و فێربوون لە سەرپەرشتیاریی بڕوانین، دەکرێت زۆر یارمەتیدەر بێت بۆ کاری پیشەیی و بەرەوپێشچوونی کەسایەتی.

٣- سەرپەرشتیاریی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

٣-١ بوارێکی پیشەیی نوێ دەکرێتەوە گەشە دەکات

هەڵبەتە پڕۆسەی سەرپەرشتیاریی بەم ماناو مەدلولەی ئێستای کارێکی نوێیە لە هەرێمی کوردستانداو ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خانزاد بۆ یەکەمجار تەبەننی ئەم پڕۆژەیەی کردوە کە تیایدا کەسی سەرپەرشتیار کۆبوونەوەی مانگانە ڕێک دەخات لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەی کە سەرپەرشتیاریی بۆ دەکات، لێرەدا گرنگی تایبەت لەماوەی کارکردندا دەدرێت بە کارکردنی سەرپەرشتیکراو (supervisee)لەسەر خۆی، واتە سەرپەرشتیار کار لەسەر نوێکردنەوە (update)ی سەرپەرشتیکراوەکان دەکات، بەجۆرێک بەردەوام لەهەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزموونی تازەیی خۆیاندا بن، واتە ڕووکردنە خۆ. هەروەها ئەو مانایەش دەدات کە بەردەوام سەرپەرشتیکراو لەکاتێکدا گرنگی بەخزمەتخوازەکانی دەدات پێویستی بەوەش هەیە کە گرنگی بە خۆی بدات، بۆ ئەوەی دوور بکەوێتەوە لە سوتانی دەروونی Burn out و نەبێتە بەشێک لە کێشەکان. واتە گرنگە سەرپەرشتیکراو فێر بکرێت کە چۆن ببێتە گڵوپ نەک مۆم، گڵۆپەکان ڕووناکی دەدەن بێ ئەوەی خۆیان بسوتێن، لەکاتێکدا مۆمەکان کە ڕووناکی دەدەن خۆشیان دەتوێنەوە. لێرەوە گرنگە سەرپەرشتیار بەردەوام لەناو کۆبونەوەکاندا کار لەسەر خودەخاوکردنەوە (self-relaxation) بکات بۆ ئەم مەبەستەش و بەشێوەی بەردەوام بەشی تایبەت لە ناو کۆبونەوەکاندا (meeting) تەرخان بکرێت بۆ باسکردنی گرنگترین ئەو کاریگەریانەی حاڵەتەکان واتە کەیسەکان دەیخەنە سەر سەرپەرشتیکراوان بۆ نموونە بەڕێوەبەری کەیسەکان. هەروەها میکانیزمەکانی ڕوبەروبوونەوەی بخرێتە ڕوو، هاوکات داوا لەبەشداربووان دەکرێت کە باس لەئەزموونی خۆیان بکەن، هەروەها شێوەکانی کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوە

لەنموونەی پەنابردنە بەر وەرزشکردن، یۆگا، هونەرو ڕێکخستنی سەفرەی تەرفیهی ...هتد.

شیاوی ئاماژەیە هەنگاوی دووەمی پڕۆسەی سەرپەرشتیاری بریتیە لەکارکردنی سەرپەرشتیکراو لەناو دامەزراوەکەداو چۆنیەتی کارکردنی سەرپەرشتیار لەسەر پێوەندی نێوان کارمەندان لە ناو ڕێکخراوەکەدا، بزانێت تاچەند هاوتەریب و هەماهەنگن لەناو یەکدا و لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیان. بۆ ئەم مەبەستە سەرپەرشتیار کار لەسەر گونجاندن و هارمۆنایزی پێوەندیەکان دەکات لەنێوان کارمەندان و بەڕێوەبەردا. واتە هەوڵی ئەوە دەدات بە کوالتییەکی باش کارەکان ئەنجام بدەن. بۆ ئەم مەبەستە سەرپەرشتیار لەڕێگەی کۆکردنەوەی بیرۆکەکان (brain storming) و گفتوگۆی بە کۆمەڵەوە گرنگترین ئەو خاڵانە دەستنیشان دەکات کە بوونەتە هۆی دروستکردنی کێشە لە نێوان سەپەرشتیکراوەکاندا، لە نموونەی ئەوەی کاتێک سەرپەرشتیکراو لەگەڵ خزمەتخواز گفتوگۆ دەکات چەند سەردانی ژوورەکەی دەکرێت و قسەکانی پێ دەبڕدرێت، یاخود خستنەڕووی گرنگترین ئەو خاڵانەی کەوای کردووە سەرپەرشتیکراو پیشەکەی خۆی خۆش نەوێت، لێرەدا کار لەسەر ئەو میکانیزمانە دەکرێت کەوا دەکات پیشەکەی خۆی خۆش بووێت.

٢-٣ بێوێنەیی هەمیشەیی/ گرنگی بەردەوامی سەرپەرشتیاریی

دەتوانین بڵێین کە گرنگی پڕۆسەی سەرپەرشتیاریی لەوەدایە کە ئەزموونێکی تازەیە لەناو هەرێمی کوردستاندا لە سەرەتاکانی دارشتنی ئەزمونی خۆیدایە بە شێوەیەکی پیشەیی و کار لەسەر ئاراستەکردن و کۆکردنەوەی ئەزموونەکان دەکات لە تەک یەکتریدا. بەم جۆرەش دەکرێت وەک بۆردێکی پیشەیی سەیری ئەم پڕۆسەیە بکرێت کە پێکەوە کار لەسەر ئاڵوگۆڕی ئەزموون و زانیارییەکان دەکەن. خاڵێکی تری گرنگی پڕۆسەی سەرپەرشتیاریی لەوەدایە لە کاتێکدا ڕێکخراوەکان، دامەزراوە حکومی، و ئەهلییەکان گرنگی بە خزمەتخوازەکان دەدەن و ڕوویان لەجیهانی دەرەوەی خۆیانە، سەرپەرشتیاریی ئاوڕدانەوەیە بۆ ناو ناخی خۆشمان و چۆنیەتی نوێبوونەوەمان، هەروەها چۆنیەنی کارکردن و خۆپاراستن لەسوتانی دەروونی. کەواتە لێرەوە دەکرێت بوترێت کە سەرپەرشتیاریی لەسەر بنەمای (پێویستی/ need) کار دەکات نەک لەسەر

بنەمای خەون و خەیاڵ. هەروەها کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان (تەندروستی، دەروونی، یاسایی، ئاسایش و سەلامەتی و ... هتد) بە کواڵتییەکی باشتر، بە حوکمی ئەوەی کە ئەم پڕۆسەیە پڕۆسەیەکی (لۆکاڵ – گلۆباڵییە) لۆکاڵە بەو مانایەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆی پارێزگای سلێمانی دەستی پێکردووەو گلۆباڵە بەوەی کە سەرپەرشتیاری نێودەوڵەتی سەرپەرشتیاری ئەم پڕۆسەیە دەکات و ساڵانە و لە ڕێگەی سەردانی کردنی وەرزییەوە گرنگترین ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەرپەرشتیاران و بۆ ئەم مەبەستە ۆرک شۆپی تایبەت ڕێک دەخرێت.

گرنگی دووەمی پڕۆسەی سەرپەرشتیاریی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەوەدایە کە کار بەبنەما ئیتیکیەکانی مامەڵەکردن دەکات لەتەک حاڵەتەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش سود لەستاندارە نێودەوڵەتییەکانی بواری کاری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، لە نموونەی بنەماکانی کارکردن لەگەڵ منداڵان، کیژان، کوڕان، ساڵمەندان، کەسانی شکستەبار ... هتد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی جەخت لەبابەتەکانی خود بڕیاردانی حاڵەتەکان و چۆنیەتی دروستکردنی متمانە لەگەڵ خزمەتخوازەکان و نهێنی پارێزی دەکات.

٣-٣ ئاڵنگارییەکانی بەردەم کاری سەرپەرشتیاریی لە کوردستان

بەهۆی تازەیی کاری سەرپەرشتیاریی لەناو ڕێکخراوەکاندا لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەک پێویست بایەخی پێ نەدراوەو پێگەی تایبەتی خۆی بۆ دانەندراوە. بۆ نموونە دیاریکردنی (٢-٣) کاتژمێر بۆ یەکجارو لە مانگێکدا بۆ کاری سەرپەشتیاریی کاتێکی تا ڕاددەیەک کەمەو ناتوانرێت لە ڕێگەیەوە پەیامەکانی سەرپەرشتیاریی وەک خۆی بگەیەندرێت بە سەرپەرشتیکراو. جا ئەو سەرپەرشتیکراوە ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری حاڵەت، یاخود هەر کارمەندێکی دی بێت. کەمی گرنگی پێدانی پڕۆسەی سەرپەرشتیاریی و کەمی فەندی تەرخانکراو بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەروەها کەمی سەرچاوەو کتێبی پێویست و بەردەست لەم بوارەدا لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش وا دەکات زانیاری سەردەمیانە و پیشەییانە وەک پێویست بەردەست نەبن. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە، هاوکات لەڕووی کرداریشەوە کەمی ڕاهێنانی پێویست بە سەرپەرشتیاران لەسەر ئاستی ناوخۆو و دەرەکی لەلایەن ڕاهێنەرانی

نێودەوڵەتییەوە بێ کاریگەری نەبووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وای کردووە کە سەرپەرشتیاران زیاتر پشت بەتوانا کەسی و لێهاتوییەکانی خۆیان ببەستن. هەروەها کەمی ژمارەی سەرپەرشتیاران وای کردووە کە نەبێتە کارێکی ناسراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٤- نمونەی پرۆسەکانی سەرپەرشتیاریی

٤-١ نمونەی لیکۆڵینەوەیی ١ پرۆسەی سەرپەرشتیاریی

لە کۆبونەوەکانی سەرپەرشتیاریدا هەرجارەو حاڵەتێک دەخرێتەڕوو، یاخود یەک کەیس لە چەند دانیشتنێکدا دەخرێتەڕوو بەمەبەستی دیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کێشەکەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی. بۆ نموونە، لەیەکێک لەدانیشتنەکانی سەرپەرشتیاریدا ئەم حاڵەتەی لای خوارەوە پێشکەشکرا:

(ل، ن، م) ژنێکی تەمەن (١٧) ساڵی ئاوارەبووی ناوەڕاستی عێراق، وە ئەم کچە لە تەمەنی (١٣) ساڵی بەشودراوەو لەئێستادا تەمەنی گەیشتۆتە (١٧) ساڵ و دوو منداڵی هەیە. هاوکات لە بارودۆخێکی مرۆیی خراپدا دەژی لە ناو گوندێکدا لە هەرێمی کوردستان. زۆر هەژارن زۆرینەی کاتەکان خەمباریی پێوە دیارە، چەند جارێکیش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، تا ئەوەبوو لەڕێگەی هاوڕێیەکییەوە سەردانی سەنتەری کۆمەڵایەتی ژنانی کرد، دوابەدوای (٣) دانیشتنی بەڕێوەبەری حاڵەت لەگەڵ ئەم خاتوونەدا، هۆکاری خەمۆکی و کێشەکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەستنیشانکرا:

ئەم خاتوونە هەر لەتەمەنی منداڵیەوە بەشوو دراوە بەهۆی بارودۆخی نالەباری ژیانیەوە، هاوکات بەرپرسیارێتییەکی ئیجگار زۆری بەسەر شاندا دراوە، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی و کەسوکاری مێردەکەی دەژی، بەهەمویان گەلەکۆمەکێی لێدەکەن و سەرزەنشت و توندوتیژیی لەدژی بەکاردەهێنن. هەروەها مێردەکەی هەردەم بە بەرچاوی خۆیەوە ناپاکی هاوسەرگیریی بەسەرەوە دەکات و ئافرەتی لەشفرۆش دەباتە ماڵەوە بۆ کاری سێکسی، هاوکات هەرکاتێک ئەم ژنە بڵێت ئەم جۆرە ئافرەتانە بۆ دەهێنیتە ماڵەکەی منەوە، پیاوەکە توندوتیژیی بەکاردەهێنێت و لێی دەدات. لەگەڵ

ئەوەی مێردەکەی داهاتێکی کەمی هەیە، ئەم ژنە تەنها داوای ڕۆژانەی (٢-٣) دۆلاری لێ دەکات بۆ خەرجی خۆیی و منداڵەکانی، بەڵام پیاوەکەی بەردەوام لێی دەدات و دەڵێت پارەم نییە. لە هەمانکاتدا ئەم پیاوە لەهەر جارێکداو بۆ هەر لەشفرۆشێک بڕی (٢٠-٤٠) دۆلار بە خەرج دەدات، خراپی ئاستی بژێویی ئەم ژنە بەهۆی ئەوەوەیە کە کەسوکارێکی وای نییە تا بەرگری لێ بکەن. هەروەها دایک و باوکی لەژیاندا نەماون کە بتوانن پشتیوانی بن یاخود بتوانن لەڕێگەی دادگاوە سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار بکەن تا بتوانێت لێی جیابێتەوە.

قۆناغەکانی چارەسەرکردنی کێشەکەی:

بەڕێوەبەری حاڵەت بۆ ئەوەی بتوانێت گوێبیستی کێشەکانی بێت سەردانی ماڵی ئەم ژنەی کردو بەبیانوی بەشداریکردنی خولی دورمان توانی کەسوکاری مێردەکەی ڕازی بکات بەشداری لە خولی درومانداا بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە میانەی خولی درومانیەکەدا بەردەوام بە شێوەی هەفتانە گوێ لەخواست و کێشەکانی دەگیرا، هەروەها لەمیانەی دانیشنەکاندا کەیس ۆرکەرەکە ئەم ژنەی ئاشنا کرد بەمافە یاساییەکانی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی مێردەکەی لەڕووی یاساییەوە بەهۆی ئەوەی هەروەکو ئاماژەمان پێدا ئەم ژنە کەسوکاری نەبوو تا بەرگری لێبکەن.

شیاوی باسە هۆکارێکی سەرکەوتنی پڕۆسەی چارەسازی بۆ ئەم حاڵەتە بریتی بوو لەوەی کە کەیس ۆرکەرەکە بەردەوام هەستی مرۆڤ دۆستانەی خۆی بۆ دەردەبڕی و بەحورمەتەوە گوێبیستی دەبوو. ئەم گوێ گرتن و ڕێزگرتنە وای لە (ژنەکە) کرد کە هەستی ئەوەی لا دروست ببێت کە ئەم کەسێکی پڕ بایەخەو شایەنی گوێ لێگرتنە، ئەمەش وای کرد لەهەستی ڕەشبینییەکەی و هەوڵی خۆکوشتنەکانی پەشیمان بێتەوە. خاڵێکی تری چارەسازی کەیسەکە ئەوەبوو کە کەیس ۆرکەرەکە پلانی سەلامەتی دانا بۆ ژنەکە و بەردەوام لەپاڵ خولی درومانەکەدا هەوڵی دروستکردنی هەستێکی گەشبینانەی دەدا، واتە کەیس ۆرکەرەکە لە پلەی یەکەمدا زیاتر کاری لەسەر ژنەکە دەکرد تا

مێردی ژنەکە. چونکە باسکردنی حاڵەتی ژنەکەو دۆخی دەروونی ژنەکە بۆ مێردەکەی کارێکی مەترسیدار بوو، ئەگەری ئەوەی لێدەکرا ژنەکە ڕێی لێ بگیرێت لەبەشداریکردن لەخولی درومانیەکەدا. ئەم کارەش کارێکی ڕزگار بوو survivor سەنتەر بوو، واتە ڕزگاربووی کردبووە چەقی گرنگی پێدانی خۆی، کە تیایدا بایەخی سەرەکی لەسەر ڕزگاربوو بوو، بەشداری پێکرا لە خولی دروماندا و دوابەدوای خولی درومانەکە ژنەکە فێری درومانی بوو، هەروەها لەم ڕێگەیشەوە چەند هاوڕێیەکی باشی ناسی کە کەیس ۆرکەر لە پلانی سەلامەتیدا پشتی پێدەبەستن.

جێگەی سەرنجە لەئێستادا ئەم ژنە لەڕێگەی ئەم پیشەیەوە توانی داهاتێکی بچوکی سەربەخۆی خۆی هەبێت و پشت بەخۆی ببەستێت. بەم هۆیەشەوە لەکاتێکدا لەجاری کۆتایی مێردەکەی ویستی لێی بدات ئەم ژنە بۆ یەکەمجار دەستی گرت و وتی ئەوە قبوڵ ناکەم و لێت جیا دەبمەوە گەر خۆت چاک نەکەیت. لەئێستادا ئەم ژنە لەجیاتی جلوبەرگی ڕەش کە پێشتر لەبەری دەکرد جلی ڕەنگاڵەیی لەبەر دەکات و هەستی خۆکوشتنی نەماوەو پشت بە خۆی دەبەستێت و مێردەکەشی تا ڕاددەیەک باشترە لەگەڵیدا.

هەنگاوەکانی سەرپەرشتیار سەبارەت بە گێڕانەوەو چارەسەرکردنی کێشەی ئەم حاڵەتە:

هەنگاوی یەکەم: سەرپەشتیار داوای لە بەڕێوەبەری حاڵەت کرد کە ئەم کەیسە بۆ سەرپەرشتیکراوان بخاتەڕوو بەپشتبەستن بە ڕوونکردنەوەی جینۆگرام لەماوەی ٣٠ خولەکدا. بەم شێوەیەش بەڕێوەبەری حاڵەت باردۆخی ئەم کەیسەی بۆ سەرجەم سەرپەرشتیکراوان ڕوون کردەوە لەڕووی زانیاری سۆسیۆ دیمۆگرافی و مێژووی سەرهەڵدانی کێشەکەو زنجیرەی ڕوداوەکان و داخوازی خزمەتخوازەکە و گرنگترین ئامانجەکانی. لەم هەنگاوەدا تەنها بەڕێوەبەری کەیسەکە حاڵەتەکەی باس کرد سەرجەم بەڕێوەبەرانی حاڵەتەکان بەوردی گوێبیستی خستنەڕووی حاڵەتەکە بوون. پرسیاری سەرەکی بەڕێوەبەری حاڵەتەکە بەم جۆرە بوو چۆن بتوانم یارمەتی ئەم کەیسە بدەم دوور بکەوێتەوە لە بیرۆکەی خۆکوشتن و بیرکردنەوەی ڕەشبینانە بۆ ژیان؟

هەنگاوی دووەم: سەرپەرشتیار داوای لەبەشداربووان کرد پرسیارەکانیان سەبارەت بەم کەیسە بخەنە ڕوو. لەکوێدا زانیاری وەکو پێویست بەردەست نەبوو وە کەموکورتی تێدابوو. لەم هەنگاوەدا بەشداربووان پرسیارەکانیان خستەڕوو، بەڕێوەبەری کەیسەکەش پرسیارەکانی تۆمار کرد بۆ ئەوەی دواتر وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

هەنگاوی سێیەم: دوابەدوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەڕێوەبەرانی حاڵەتەکان سەبارەت بە کەیسەکە بۆ جاری دووەم، بەڕێوەبەری کەیسەکە شێوازی پرسیارەکە یاخود ئامانجی خزمەتخوازەکەی دارشتەوە (چۆن بتوانین وا لە کەیسەکە بکەین زیاتر پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت؟)

هەنگاوی چوارەم: بۆ ئەوەی بەشێوەی ئەزموونی لە بارودۆخی خزمەتخوازەکە تێبگەین سود لە تەکنیکی کورسی بەتاڵ (empty chair) وەردەگیرا، لێرەدا بەڕێوەبەری کەیسەکە گوێبیست بوو و بەشداربووان گریمانەی ئەوەیان کرد کە مێردی ژنەکە دادگایی کراوە بە تاوانباری لەوێ دانیشتووە، ئەوان چی پێ دەڵێن، هاوکات چیش دەڵێن بە ژنەکە.

هەنگاوی پێنجەم: لەم هەنگاوەدا بەڕێوەبەری کەیسەکە بۆچوونی بەشداربووانی وەرگرت لە شێوەی ئەم پرسیارەدا، ئایا هیچ یەکێک لەئێوە کەیسێکی هاوشێوەی وای هەبووە؟ ئەگەر هەبوو پوختەیەک لەسەر ئەو کەیسەش دەخرێتە ڕوو. بۆ نموونە بەشداربوویەک باس لەوە دەکات کە ئەمیش کەیسێکی هەبووە، کێشەکەی بەم شێوازە چارەسەر بوو، واتە شێوازی چارەسەرەکە دەخاتە ڕوو. لێرەدا بەڕێوەبەری کەیسەکە بەوردی گوێبیستی کەیسە هاوشێوەکان دەبێت.

هەنگاوی شەشەم: لەم هەنگاوەدا کەیس پڕوڤایدەر پرسیاری لە بەڕێوەبەرانی کەیسەکان کرد (پێویستە چی بکەین بۆ ئەم حاڵەتە؟) لێرەدا بەشداربووان باسیان لە ئەزموون و پێشنیارەکانی خۆیان کرد بۆ ئەم حاڵەتە.

هەنگاوی حەوتەم: سەرپەرشتیار گوێبیستی سەرجەم ڕێگەچارەکان بوو، وە باشترین و گونجاوترین ڕێگە دیاریکرا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکە، لێرەدا کەسی سەرپەرشتیار بۆ هەر ڕێگەچارەیەک داوایکرد لە

سەرپەرشتکراوان کە پاساوەکانیان بخەنە ڕوو. لە کۆتایدا کۆدەنگی لەسەر ڕێگە چارەکان دروست کراو، لێرەوە بڕیاردرا کە ئەم کەیسە پێویستە چەند دانیشتنی لەسەربکرێت و گرنگترین ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە کێن کە دەکرێت سودیان لێ وەربگیرێت، بۆ نموونە چۆن دەتوانرێت بۆ ئەم کەیسە سود لە خزمەتگوزاری سەلامەتی ئاسایش، خزمەتگوزاری یاسایی، خزمەتگوزاری دەروونی کۆمەڵایەتی وەربگیرێت. هاوکات سەرپەرشتیار ئەوەش دەخاتەڕوو کە بۆ ئەم کەیسە کام ڕێکخراو یاخود لایەنی حکومی لەتوانایدا هەیە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی ئەم کەیسە بکات؟ لەکۆتایشدا ڕێکەوتن لەسەر ئەوە دەکرێت تا دانیشتنی داهاتووی خولی سەرپەرشتیاریی چۆن بەدواداچوون بۆ ئەم حاڵەتە بکرێت. بەم جۆرەش لەدانیشتنی داهاتودا باس لەئەنجام و ڕەوشی ئەم کەیسە دەکرێت و ئەو رێ و شوێنانەش کە بۆی گیراونەتە بەرو تا دەگاتە ئاستی چارەسەر بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکە دەکرێت، یاخود تا ئەوکاتەی کەیسەکە ئیحالەی لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت.

٤-٢ نمونەی لێکۆڵینەوەیی ٢ بۆ پڕۆسەی سەرپەرشتیاریی

تواناییەکی گرنگی پیشەگەرەکان ئەوەیە کە بتوانێت شیکاری پەیوەندییەکان جێبەجی بکات و بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت دەسوەردانی بۆ خزمەتخوازەکە لەکاتی گونجاودا هەبێت. ئەمەش پێویستی بەتێڕامانی خود هەیە. واتە توانای درککردن بەسنور و خاڵە لاوازەکانی خود. ئاگایی و درککردن بەنائاگایی لەشێوازی پەیوەندییەکان و داینامیکە دەروونییەکان تواناییەکە کە بەتایبەتی ئەو پیشەگەرانە پێویستیان پێیەتی کە کرداره پیشەیەکانیان پێویستی بە تێڕامان هەیە بۆ سەرکەوتن. بەڵام ئەمە وتنی ئاسانترە لەکردن، هەروەک چۆن نمونەی داهاتوو لە بارودۆخی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ پەنابەراندا پیشانی دەدات.

لە کاری کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ پەنابەرە شکستەبارەکاندا و ئەو کەسانەی لەژێر فشاری دەروونیدان، سنورە بنیاتییە واقعییەکان نەک تەنها پێشگریمانەی مرۆیی دەخاتە بەر تاقیکردنەوە، بەڵکو لەگەڵیشیدا پیشەیی بوونی کارمەندەکان

و خاڵە لاوازە کەسییەکانیان. ئیشی ڕۆژانە بەزۆری کاری تێدەکرێت بەهۆی حاڵەتی ناهەموار و بارودۆخی ناجێگیری ژیانی پەنابەرەکان. کارمەندە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان چۆن دەتوانن پشتگیری پەنابەران بکەن؟ ئایا دەکرێت هاوسۆزی بگۆڕدرێت بە زیادەڕەوی و شەکەتبوون بەهۆی هاوسۆزییەوە یان تەنانەت ببێتە هۆی زەبری دەروونی دووەم؟ ئایا چۆن دەکرێت سنووری کەسیی بپارێزیت و بە شێوەیەکی پیشەیی خۆت بەدوور بگریت لەو کەسانەی کە بەردەوام جیادەکرێنەوە لە کۆمەڵگە؟

حاڵەتە باسکراوەکە جەخت لە گرنگی هاوسەنگی ڕاگرتن دەکات لەنێوان هاوسۆزی ی (empathy)و ئاگالەخۆبوون (self-care)، وە هەروەها گرنگی هۆشیاربوون بەهەبوونی داینامیکەکانی گواستنەوە لەناو پەیوەندییە پیشەییەکاندا. (dynamics of transference)

سەرپەرشتییەکە بۆ کۆمەڵێک لەکارمەندی کۆمەڵایەتی و دەروونناس ئەنجام دەدرێت کە لە شوێنێکی ڕاوێژکاریی بۆ پەنابەران کاردەکەن. لەماوەی گفتوگۆی سەرەتا و کۆکردنەوەی بابەتە پەیوەندیدارەکان سەرپەرشتیارێک حاڵەتێک دەخاتە ڕوو کە دەیەوێت پێشکەشی بکات. باس لە حاڵەتەکە دەکات. هەموو ئەو زانیارییانەش کە پێویستن بۆ تێگەشتنێکی ورد لە کێشە-حاڵەتەکەی بریکارەکە باس دەکرێت. لەپڕۆسەیەکی گفتوگۆییدا کە لەلایەن سەرپەرشتیارەکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، زانیاری و ئەزموونی زۆری بەشداربووانیش دەخرێنە بەردەست.

باسکردنی حاڵەتی خاتوو ب:

خاتوو ب ژنێکی زگوردی تەمەن ٢٨ ساڵە و خەڵکی غینیایە. توشی خەمۆکی بووە و بەهۆی کورتەباڵاییەوە توانایی جەستەی سنورداره. لەشوێنێکی نیشتەجێبوونی پەنابەراندا دەمێنێتەوە و جارێکیش ڕاوێژکارەکەی سەردانی کردووە بەمەبەستی بینینی. گفتوگۆکە لەسەنتەرێکی ڕاوێژکاریدا ئەنجام دەدرێت و بەزمانی فەڕەنسی دەبێت، بە یارمەتی وەرگێڕێک.

کەسی سەرپەرشتکراو ناڕەزایی ئەوەی هەیە وا هەست دەکات گفتوگۆکە گەشتووەتە ڕێگایەکی داخراو. گفتوگۆکە بە شێوازێکە کە نازانێت چۆن لێی

دەربچێت. گریمان بریکارەکە بەتوندی و خۆبەدوورگرتنەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بۆ نمونە، کاتێک دەپرسێت ئایا کێشەی خەوتنت نییە یان کابووس نابینیت، خزمەتخوازەکە بەنیگەرانییەوە وەڵام دەداتەوە «بۆچی دەتەوێت ئەوە بزانیت؟». کاتێک پرسیاری تر دەکات دەربارەی چیرۆکی ژیانی، خزمەتخوازەکە بە ناڕەزاییەوە وەڵام دەداتەوە «من پێشتر ئەوەم بۆ باسکردیت». دواتریش بێدەنگ دەبێت و چیتر قسە ناکات. کاتێک سەرپەرشتکراوەکە بەدوای خولێکی زماندا دەگەڕێت بۆی، دەڵێت «هەر ئەوەندەت لەدەست دێت بۆم بکەیت؟». ڕاوێژکارەکە دەڵێت زۆر بێزار بووە لەدەستی بریکارەکە و لە هەمان کاتیشدا تەواو ماندوو بووە، چونکە بەردەوام هەوڵ دەدات، بەڵام هەرچی بکات هێشتاش بەس نییە. دەڵێت بەبێ زانینی وردەکارییەکانی چیرۆکی ژیانی خزمەتخوازەکەی، ناتوانێت بە باشی یارمەتی بدات.

لە پڕۆسەی دواتری سەرپەرشتیاریدا، سەرپەرشتیارەکە هەندێک پرسیاری لێ دەکات تا یارمەتی بدات ڕزگاری ببێت لەم بارودۆخەی تیایدا گیری خواردوە. بیرۆکەی تیۆری بەکار دەهێنێت لەسەر شێوازەکانی چارەسەری سیستمی خێزانی، بە دروستی (پەنجەرەی جۆهاری) بەکار دەهێنێت. (پەنجەرەی جۆهاری) لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٩٩٥ دارێژرا لەلایەن دوو دەروونزانی ئەمریکی، (جۆسێف لەفت) و (هاری ئینگام) (Joseph Luft and Harry Ingham)، وەک مۆدێلێک بۆ هۆشیاری لەنێوان خەڵکدا. ئەوە مۆدێلێکی گفتوگۆیە کە جیاوازییەکانی نێوان تێڕوانینی خود و تێڕوانینی دەرەکی دەخاتە ڕوو. لەچەند مەودایەکی جیاوازدا سەرنجی هۆشیاری کەسەکە ڕادەکێشرێت بۆ ئەوەی چ زانیارییەکی پەیوەست بە خزمەتخوازەکە و سەرپەرشتکراو لەسەریەکتردەزانن وە لە کامانەیان بێ ئاگان. «لەناو بابەتی سەرپەرشتیاریدا دەکرێت(پەنجەرەی جۆهاری) یارمەتیدەر بێت، بۆبیرکردنەوە دەربارەی جۆری جیاوازیی پرسیار بەپێ ی قۆناغی جیاوازی گفتوگۆدا و لە قۆناغی جیاوازی گەشەسەندنی پەیوەندییدا لەنێوان سەرپەرشتیار و کەسی سەرپەرشتکراودا» (Halpern 2009: p.10).

	زانیارییەک کە خۆت دەیزانیت	زانیارییەک کە خۆت نایزانیت
زانیارییەک کە ئەوانیتر دەیزانن	A کراوە	C ناتێگەیشتن
زانیارییەک کە ئەوانیتر نایزانن	B شاراوە	D نەزانراو

(پەنجەرەی جۆهاری)

لە پرۆسەی سەرپەرشتیاریەکەدا زانیاری وردتر لەبارەی ڕاوێژکارەکە و خزمەتخوازەکە خرانە ڕوو، کە بەم هۆیەشەوە هۆکانی دروستبوونی گرژی لەپەیوەندی و گفتوگۆکەیان ڕوونتربوویەوە.

خزمەتخوازەکە لە خانەوادەیەکی زۆر میهرەباندا گەورە بووە. دایکی هەر زوو مردووە، بەڵام باوکی نازی پێداوە و وەک کەسێکی تایبەت بینیویەتی. خوێندنێکی باشی تەواو کردووە و دەستی کردووە بەخوێندنی یاسا. مردنی باوکی بارودۆخی خۆی و ژیانی ناجێگیر و لاواز کردووە. تێوەگلاوەتە ناو دەستەی بازرگانی مرۆڤەوە و ناچار بووە لەشفرۆشی بکات. هەم لەماوەی ئەوکاتەدا و هەم ئەو کاتەشی کە هەڵاتووە ڕووبەڕووی توندوتیژییەکی زۆر بۆتەوە.

ڕاوێژکارەکەش خۆی پەنابەرێک بووە، کە خێزانەکەی هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ بنیاتنانی ژیانێکی نوێ لە ئەڵمانیا. باوکی زوو مردووە. دایکی هەمیشە کێشەی تەندروستی هەبووە و بێتوانا بووە. ڕاوێژکارەکە هەر لە زووەوە، ئەو کاتەی کە هێشتا منداڵ بووە، فێر بووە کە ئاگای لەخۆی و دایکی بێت. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژ خێزانی خۆی هەبووە (هاوسەرگیریی کردووە)، بەڵام هێشتاش ناچار بووە ئاگای لە دایکە بێتواناکەی بێت، کە هەمیشە وای

لێکردووە وا هەست بکات هەر کارێک بکات هێشتا بەس نییە و بەشی پێویستی نەکردووە.

ڕاوێژکارەکە و خزمەتخوازەکە لەڕۆڵ وئەرکە دیارە کانیاندا بەیەک گەیشتبون (A). ئەو زانیارییانەی لەسەرەوە باسکراوە تایبەت و نادیار بوون و کاریگەرییان لەسەر گفتوگۆکە هەبوو (B). خاڵی کوێری خزمەتخوازەکە (C) ئەوەبوو کە وای هەست دەکرد وەک کەسێکی تایبەت و ناوازە لێی نارەوانرێت و بە کەسێکی تایبەت نابینرێت. خاڵی (D) یش ئاماژە بە نادیار دەدات. هەموو شتێک کە نە ناسراوە لای کەسی پەیوەندیدار و بۆ کەسی تر .

خاڵی کوێری ڕاوێژکارەکەش ئە وە بوو کە هەستی دەکرد بەشێوەیەکی شیاو پێزانینی بۆ دەرنەبڕدراوە، سەرەڕای ئەوەی کە یارمەتیدانێکی زۆری خزمەتخوازەکە ماندووی کردبوو. هیچ قەدرزانینێک نەبوو و هیچ هەوڵێک بەس نەبوو. ئەوە ڕێک هەمان هەست بووکە لە پەیوەندیەکەی لەگەڵ دایکیدا هەستی پێکردووە و ئێستا لە حاڵەتێکی ڕاوێژکردندا خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەوەش بە تەواوی ماندووی کردووە . ئەمە تووڕەی دەکات کە چەندین داواکاری ڕووبەڕوو کراوەتەوە و لە ئەنجامدا هەست بە بێتوانایی دەکات.

خزمەتخوازەکە ش هەست بە بێتوانایی دەکات: بەهۆی خەمۆکییەکەی و زەبرە دەروونییەکەیەوە کە بەهۆی توندووتیژی سێکسییەوە دوچاری بووە ، لەگەڵ لەدەستدانی باوکی و هیواکانی بۆ کارەکەی، ناتواناییە جەستەییەکەی، حاڵەتی پەنابەری و ناچاربوون بەوەی لەشوێنی پەنابەراندا بژی، وا هەست دەکات کە هەموو کۆنترۆڵێکی ژیانی لێ دزراوە. تاکە شتێک کە هی خۆیەتی و هێشتاش کۆنترۆڵی هەیە بەسەریدا زانیارییەکانی سەبارەت بە مێژووی ژیانی کەسییەتی.

لەکاتی هەڵسەنگاندنەکەدا ڕوون بووەوە کە ڕاوێژکارەکە دەیتوانی یارمەتی خزمەتخوازەکە بدات ، تەنانەت بەبێ زانینی هەموو چیرۆکی ژیانی. لەجیاتی خۆ هیلاک کردن لەم جەنگەدا، دەیتوانی بۆ نمونە بینێرێت بۆ سەنتەرێکی تایبەتی ڕاوێژکاری، شوێنێکی گونجاوی مانەوەی بۆ بدۆزیتەوە و داوای هاوکاری

خۆبەخشەکان بکات. دەبوایە تێبگات کە ئەو زۆرشتی بۆ خزمەتخوازەکە کردوە ، ئەو هەستی بەس نەبوون و تەاوو نەبوونە لەڕاستیدا هەستێکە کە زۆر قوڵە و لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ دایکیدا سەرچاوەی گرتووە و هەر ئەوەش بۆتەهۆی کاریگەری پێچەوانە (خزمەتخوازەکە کاریگەری لەسەرڕاویژکارەکە داناوە).

جەنگین بۆ زانینی چیرۆکی ژیانی خزمەتخوازەکە جەنگێکی ئاڵۆزە و ناتوانرێت ڕوون بکرێتەوە لەم بابەتی ناساندنەدا. ئەو سەرپەرشتیاریەی کە لەسەرەوە باسکرا ڕوونی دەکاتەوە کە بابەتەکە ڕووی بایۆگرافی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە. ململانێیەکی ڕەمزیی هێزە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جەستەوە .(cf. Bourdieu) لە لایەکەوە جەستەی ماندووی ڕاوێژکارەکە هەیە کە پێگەیەکی ناو کۆمەڵگەیی هەیە واتە بەشێکە لەکۆمەڵگە، لەلایەکی دیکەشەوە جەستەی ئەشکەنجەدراوی سێکسی و زەبر بەرکەوتووی خزمەتخوازەکە هەیە کە هەڵاوێردراوەو بەشێک نییە لە کۆمەڵگەکە لەبەرئەوەی پەنابەرە.

ئەم نمونەیە ڕوونی دەکاتەوە کە سەرپەرشتیاری پڕۆسەیەکی فرەلایەنە کە دەکرێت هاوکار بێت لەبینینی خاڵە نادیارەکانی کەسەکە خۆیدا. دەتوانێت ئەو شتانە ئاشکرا بکات کە شاراوە بوون و بەشە ئاگایی و بەرچاوەکان فراوان بکات.

زیادبوونی ڕێژەی جێبەجێکردنی سەرپەرشتیاریی وەک چەمکێکی تازەی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندن و پاشانیش بەرەوپێشبردنی پڕۆسەی ڕاوێژکردن. کارمەندە کۆمەڵایەتییەکان دەسەڵاتیان پێدەدرێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە دانیشتنەکانی ڕاوێژکاریدا بە هۆشیارییەوە دەربارەی قۆناغی گفتوگۆکە و هەروەها هاندەدرێن تێڕامان بۆ کاری پیشەیی خۆیان بکەن (کلتوری تێڕامان/ culture of refection). لەهەمان کاتدا سەرپەرشتیاریی هانی گەشەی کەسیی ڕاوێژکارەکە دەدات و لەوێشەوە هانی کارابوونی دەزگاکە دەدات. وەک ڕێکارێکی بنیاتنەر کاردەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییانەی کە پیشەگەرانی کاری کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی دەبنەوە. لەئەنجامدا، سەرپەرشتیکردن سوود بە خزمەتخوازەکان و شکستەبارەکان (vulnerable) دەگەیەنێت کە داوای یارمەتی لە کارمەندە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

پرسیارەکان

پ١ /مەبەست لە سەرپەرشتیاریی چییە؟

پ٢ /مەبەست چییە لە "سەرپەرشتیاریی وەک پڕۆسەیەک"؟

پ٣ /چۆن مێژووی سەرپەرشتیاریی ڕووندەکرێتەوە؟ چ زانیاریەکت هەیە سەبارەت بە مێژووی سەرپەرشتیاریی لە کوردستاندا ؟

پ٣ /سەرپەرشتیاریی تا چەند کاریگەرە؟ کەی و لە چ کاتێکدا دەکرێت سەرپەرشتی زیان بەخش بێت؟

پ٥ /سەرپەرشتیاریی حاڵەتێک بکەن وەک ڕاهێنان لە ناو کۆمەڵەکەتاندا! بڕیار بـدەن کە کێ سەرپەرشیارەکە و کێش خزەمەتخوازەکەیە. ئەوانی دیش دەتوانن دابنێن چاودێری پڕۆسەکە بکەن!

سەرچاوەکان:

Belardi, N. (2015): Supervision für helfende Berufe, Lambertus-Verlag: Freiburg, 3. Eds.

Belardi, N. (2018): Supervision und Coaching. Grundlagen, Techniken, Perspektiven. Verlag C.H. Beck: München, 5. Eds.

Ehrhardt, J. / Petzold, H. (2014): Wenn Supervisionen schaden. In: Integrative Therapie 1-2

Grawe, K. / Donati, D. / Bernauer, F. (2001): Psychotherapie im Wandel. Von der Konfession zur Profession 5. Eds. Göttingen: Hogrefe

Halpern, H. (2009): Supervision and the Johari Window: A Framework for

Asking Questions, Education for Primary Care, 20:1, 10–14,
DOI: 10.1080/14739879.2009.11493757
Kersting, H. (2001): Die Kybernetik der Supervision oder: Warum der Schäl gerne vier Vögel wäre. https://www.ibs-networld.de/Ferkel/Archiv/kersting-h-01-09_kybernetik.html (Access: 19.12.20)
Neumann-Wirsig, H. et al. (2019): Lösungsorientierte Supervisions-Tools. managerSeminare Verlag: Bonn

٣-٣ هەستیاریی وهوشیاری بۆ زەبری دەروونی لە کاری کۆمەڵایەتیدا

چنور قادری

پوختە:

لەم بابەتەدا زاراوەی زەبری دەروونی پێناسە دەکرێت لەگەڵ شێوازی پەرەسەندنی زەبری دەروونی لەڕووی تەندروستیی دەروونیەوە و نیشانە و شڵەژانەکان وەک ئەوەی لە سیستمەکانی پۆڵێنبەندی نێودەوڵەتیدا پێناسە کراوە. لەهەمان کاتدا، سنووردارییەکانی بابەتی تراوما دیاری دەکرێت بە باسکردنی دیاردەکانی تایبەتی زەبری دەروونی. ئەم سنوردارییانە بەتایبەتی لەو کاتەدا ڕوون دەبنەوە کە سەرنج دەخرێتە سەر هۆکارەکانی تووشبوون بە زەبری دەروونی، ئەمەش نەک تەنها ڕێخۆشکەرە بۆ ڕونکردنەوەی وەڵامی نیۆرۆبایۆلۆجی، بەڵکو ڕێخۆشکەرە بۆ بەسیاسی کردنی بابەتی تراوما لەسەر بنەمای لایەنی سیاسی و دەروونیی کۆمەڵایەتی.

زاراوە سەرەکییەکان: زەبری دەروونی، توشبوون بە زەبری دەروونی، تەنگژەی دەروونی پاش زەبر، کاری کۆمەڵایەتی، شێوازی پەرەسەندنی زەبری دەروونی

١-پێشەکی

زانیاری سەبارەت بە زەبری دەروونی لەزۆر بواری کاری کۆمەڵایەتیدا پێویستە. ئەستەمە بوارێکی دەروونی کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی هەبێت کە تیایدا مامەڵەکردن لەگەڵ زەبری دەروونی و کاریگەرییەکانی بتوانرێت

فەرامۆش بکرێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە کاریگەری جەنگ و توندوتیژییان لەسەرە وا پێشبینی دەکرێت کە زەبری دەروونی بابەتێکی پەیوەندیدار بێت بۆ کاری کۆمەڵایەتی. خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی دەیەکانی ڕابردوودا ئەزموونی مێژوویەکی بەردەوامیان کردووە لەروداوی زەبراوی و پاشان زەبری دەروونی. جەنگ، توندوتیژی سیاسی و ئاینی ، کۆچی زۆرە ملێ ، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ، بێکاری و هەژاری مەینەتیەکی زۆریان بەسەر کۆمەڵگەدا هێناوە. ئەم هۆکارانە پشت ڕاستی دەکەنەوە کە زەبری دەروونی و پەشێوی دەروونی شتێکی باون لەناو دانیشتوانی عێراقدا. لە جیهاندا خەملاندنەکان دەڵێن کە ١٠٪ی ئەو کەسانەی کە ئەزموونی ڕوداوی زەبر دروستکەری ململانێی سەربازی و توندوتیژی دەکەن کێشەی گەورەی دروستی دەروونییان هەیە. لە ١٠٪ی تریش چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانیان کەمدەبنەوە. پێداچونەوەی ڕیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەکان لەسەر PTSD (تەنگژەی دەروونی پاش زەبر) پاش کارەساتەکان بە کارەساتە مرۆڤ کردەکانیشەوە ئەوەیان نیشان دا کە دەرکەوتنی PTSD[8] لەو کەسانەدا کە بەرکەوتوون شتێکی ئاشکرایە. دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە شیکارییەکان لەناوچە ململانێ لەسەرەکاندا نیشاندەری بەربڵاوی تەنگژەی دەروونی پاش زەبر بە ڕێژەی ١٥٪ بوو. ئەم ڕێژەیەش زۆر زیاترە لە ڕێژەی تێکڕا لەناو دانیشتوانی گشتیدا کە ٦-٧٪ پێکدەهێنێت (AlObaidi, 2013).

ڕێژەی بەربڵاوی تراوما و دەرئەنجامەکانی لەسەر دروستی دەروونی لە کوردستانی عێراقدا سەختە دەستنیشان بکرێت. ڕێژەیەکی بەرزی کێشەی دەروونی و ڕوبەڕووبونەوەی زەبری دەروونی لەنێوان پەنابەرە عێراقییەکاندا لەسەرانسەری جیهاندا دەستنیشان کراوە. بەهۆی حاڵەتی نادڵنیایی بەردەوام و ڕێژەی بەرزی توندوتیژییەوە وەها پێشبینی دەکرێت تراوما لە ئێستادا وەک بابەتێکی پەیوەندیداربمێنێت.

لە خـوارەوەدا ڕێبازێکی گشتگیر و داینامیکی زەبـری دەروونـی پیشان دەدرێت وەک پرۆسەیەکی کەسیی ، دەروونی و کۆمەڵایەتی- سیاسی. ئەم

8 Posttraumatic stress disorder (PTSD)

خاڵانە باس دەکرێن؛ سەرەتا دەستەواژە و مێژووی زەبری دەروونی، دواتر شێوازی پەرەسەندن ، پرۆسەی زەبری دەروونی و نیشانەکانی تەنگژەی دەروونی پاش زەبر ڕوون دەکرێنەوە، پاشان تیشک دەخرێتە سەر دیاردە و سنوردارییەکان بەهۆی لایەنە سیاسی و دەروونی کۆمەڵایەتییەکانەوە.

٢-بنچینەکانی زەبری دەروونی Psychotraumatology

٢-١ ناساندنی دەستەواژە و مێژوو

زەبری دەروونی (تراوما) دەستەواژەیەکی مشتومڕ لەسەر و سەختە بۆ پێناسە کردن. ناڕوونییەکەی لە وشەی زەبرەوە دەست پێدەکات، کە ئاماژەیە بۆ ڕوداوێکی توندوتیژو هەروەها کاریگەرییە دەروونییەکەشی لەسەر کەسێک یان کۆمەڵێک یان کۆمەڵگەیەک. ڕوداوێک ناکرێت پێی بوترێت زەبر هێنەر یان زەبر دروستکەر، بە بێ گوێدانە تێڕوانینە کەسی و دەرئەنجامەکانی بۆ کەسێک؛ و بە پێچەوانەشەوە، هیچ کاردانەوەیەکی زەبرهێنەر بوونی نییە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕوداوێکی توندوتیژی پەیوەندیدار. تایبەتمەندی ناسینەوەی زەبری دەروونی بریتییە لە پەیوەندی و پێکداچوون لە نێوان ڕوداوێکی دەرەکی و کاردانەوەیەکی تاکە کەس. ئەوەش لەخۆڕا نییە کە پێناسەیەکی باوی فیشەر و ڕیدێسەر هەیە سەبارەت بەوەی کە زەبربەرکەوتن بریتییە لە «دژیەکییەکی پێویست لە نێوان بارودۆخی ترسێنەر و توانای خۆگونجاندنی کەسیی لەگەڵ هەستکردن بە نیگەرانییەکی زۆر ، بێ هیوایی ، نەپارێزراوی و شۆکێکی هەمیشەیی لەسەر خودبینی و تێڕوانینت بۆ جیهان (Fischer & Riedesser, 2009: p.84). نوسەرەکان ناڕوونی دەستەواژەی «زەبر» و «زەبر بەرکەوتن» بەکێشە دادەنێن. ئەوان جەخت دەکەنەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ڕوداوێکی کردارییی و ئەزموونێکی کەسیی. ئەوان باسی «شۆکێک لەسەر خودبینی و تێڕوانین بۆ جیهان» دەکەن، چونکە زەبری دەروونی ئەزموونێکی قوڵە کە نەک تەنها قوربانییەکە دەترسێنێت، بەڵکو ئەوانەش دەترسێنێت کە نزیکیان دەبنەوە. توشبوون بە زەبری دەروونی توند، وەک کلاوس ئۆتۆمییەر دەڵێت (Ottomeyer :2011 p.87) کابوسێکە کە

بووە بە ڕاستییەک، کاتێک توشی دەبین زیانێکی گەورە لە متمانە بەخۆبونمان لەدونیادا دەدات، زەبری دەروونی بەرەو پرسیاری بنچینەیی باوەڕمان دەبات (Herman, 2003) .

چیرۆکی چەمکی زەبری دەروونی خۆی لەخۆیدا پڕە لە کەلێن. مێژووە بەنزیکەیی ١٦٠ ساڵەکەی زانستی زەبری دەروونیی (Flatten, 2011) بەوە دەناسرێتەوە کە بە کۆمەڵێک قۆناغی هەمەجۆردا تێپەڕیوە، لە هەندێکیاندا توێژینەوەی چڕوپڕ ئەنجامدراوە لە هەندێک قۆناغی دیش بێدەنگی و بێ وزەیی لەبواری توێژینەوەدا باڵادەست بووە. هۆکاری بوونی ئەم قۆناغە جیاوازانەی توێژینەوە لەنێوان بەدەنگهاتن و بێدەنگی ئەوەیە کە توشبون بە زەبری دەروونی پەیوەستە بە کێشە ووروژێنەرو تازەکانی ناوکۆمەڵگاوە، کە تێیاندا توێژەرەکان کاریان لەسەر هەڵماڵینی تابۆ کۆمەڵایەتییەکان کردووە، سەرئەنجامیش ئەم هەوڵانە بوونەتە هۆی دەرخستنی هەریەک لە تاوانکار و قوربانی کە بەپێی پێوەرەکانی ئەو سەردەمە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە.

بابەتی بنچینەیی ئەوەیە کە ڕوداوو زەبرە دەرەکییەکان ڕوودەدەن و دەبنە هۆی کاردانەوەی ئاڵۆزی دەروونی، نەک تەنها هەر قوربانییەکان دەخەنە بەردەم بێ متمانەیی، تەنانەت توێژەرو لێکۆڵیارەکانیش دەخەنە ژێر پرسیار سەبارەت بەوەی کە تا چەند ئەم ڕووداو و دیاردانە لە ڕاستییەوە نزیکن و باوەڕ پێکراون. بۆ نمونە، ئەو کەسانەی کە پێیان دەگوترا توشبووی زەبری قەڵغانی (shell-shoked) لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بە پەککەوتەی ئەخلاقی و ترسنۆک پێناسەدە کران. کاتێکی زۆری ویست هەتا زاناکان دەربڕینێک بدۆزنەوە بۆ ئەو تاوانانەی دژی قوربانییەکانی جەنگی جیهانی دووەم کرابوون (Lifton 1986, 2004) . توێژینەوەکان کە لە سەرەتادا لەسەر سەربازەکانی بەشداری جەنگی ڤێتنام دەکران و دواتریش لەسەر ئەو سەربازانەی کە لەململانێ جیهانییەکان دەگەڕانەوە ماڵەوەو دووچاری ئازار و زەبری دەروونی هاتبوون، بەردەوام پرسیاری دروستکردووە لەسەر سیاسەت ، لۆجیکی جەنگ ، نیشاندەری دەرئەنجامەکانی توندووتیژی و جەنگ و بێچارەیی. بزووتنەوەی ژنان داوای نەهێشتن و قەدەغەکردنی توندووتیژی سێکسییان کرد لەدژی ژنان (Herman, 2003). توێژینەوەیەکی هاوبەش تیشکی خستە سەر دەرئەنجامەکانی

توندوتیژی دژی منداڵان (Brisch & Hellbrügge, 2012) و ئەوەی نیشاندا کە پەیوەستبوونی سەلامەت (attachment) پێویستییەکی سەرەتایی مرۆڤە و پەیوەستبوونی ناسەلامەت ئەگەری تووشبوون بە زەبری دەروونی زیاد دەکات. بەناو ئەم گەشەسەندنانەدا، چەمکی زەبری دەروونی (تراوما، واتە برین بە یۆنانی کۆن) توانی بە شێوەیەک خۆی جێگیر بکات کە دەتوانرێت لە سیستمە پۆلێنبەندییەکانی شڵەژانە دەروونییەکاندا (ICD و DSM [9]) لەڕێگای چەمکی پزیشکی «تەنگژەی دەروونـی پـاش زەبـر». ئەمە لە هەمانکاتدا بڵاوبوویەوە لەگەڵ دۆزینەوەکانی توێژینەوە لەسەر یادەوەری .

٢-٢ شێوازی پەرەسەندنی زەبـری دەروونـی لە ڕووی پزیشکییەوە – پڕۆسەی زەبر پێگەیشتنی دەروونیی

زەبر پێگەشتنی دەروونـی پڕۆسەیەکی داینامیکییە کە لەسەر پەیوەندی نێوان لایەنەکانی ڕوداوەکـە، کەسەکە، هەستییاری کەسی و بارڕوودۆخەکە بـەنـدە، چونکە ئـەم ڕوداوانـــە لـە زەمـینـەی بـایـۆگرافی و هەلومەرجییدا بەیەک دەگـەن، کە دەکرێت جێگیر یان هەستیار بێت. فیشـەر و ریدێسـەر (Fischer & Riedesser, 2009: p.131) لە بیردۆزەکەیاندا سەبارەت بە تراوما، ئەم پڕۆسەیە دابەش دەکەن بۆ سێ ساتەوەخت، یەکەم حاڵەتە زەبر هێنەرەکەیە کە دەبێتە هۆی هەڵوێستە کردنێک و دروستبوونی کەلێنێک لە ئەزموونێکی پێشتردا، دووەمیش ساتەوەختی کاردانەوەیە بۆ زەبرەکە و هەوڵێک بۆ تێگەشتن لە شتێک کە تێگەشتن لێی مەحاڵە و خاڵی سێهەمیش بریتیە لە ساتەوەختی پڕۆسەی زەبر بەرکەوتنەکە و دروست بوونی کاردانەوەکە .

ئەم پێکداچوونە ئاڵۆز و حاڵەتە جەستەی و دەروون- کۆمەڵایەتیانە بە شێوەیەکی ڕون و سادە دەکرێت ڕوونبکرێتەوە لە ڕێگەی بیردۆزی هەستیاری- فشارەوە (Stress-Vulnerability Model Wittchen & Hoyer, 2011: p.21).

بە پێی ئەم بیردۆزە هەستیاری کەسیی و توانای ڕووبـەڕوبـونـەوەی کەسێک، لەگەڵ ڕوداوە زەبر دروستکەرەکە و بارودۆخی پاش ڕوداوەکـە هەموویان لەبەرچاو دەگیرێن. ئەمە بیردۆزێکی داینامیکییە کە تیاییدا ڕون

9 International Classification of Diseases (ICD); Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (DSM)

دەبێتەوە کە زەبر بەرکەوتنی دەروونی ڕێگایەکی حەتمی نییە، بەڵکو بەندە لەسەر پێکداچوونی ئەم لایەنانەی خوارەوە:

لایەنەکانی ڕووداو: ڕوداوە زەبر هێنەرەکان دەکرێت زۆر جیاوازبن لە یەکتری. لە زاراوە تایبەتمەندەکاندا، جۆرەکانی زەبر جیادەکرێنەوە بە پێی ڕادەو چەندێتی ڕودانیان ،هۆکارەکانیان (Landolt, 2004)، و پلەی ترسناکی (چۆنیەتی). بەم جۆرە، ڕوداوە کورت خایەنە لەناکاوەکان کە یەک جار ڕوو دەدەن وەک هێرش و ڕوداوێکی لەناکاو بە «تاکە زەبری دەروونی بە ڕێکەوت» ناودەبرێت یانیش بە جۆری١ . (Terr, 1991) لە لایەکی تریشەوە، کرداری درێژخایەن و دووبارەی وەک «ئەزموونە کەڵەکەبووەکان» (cumulative trauma) (Khan, 1963) لە ئازاردانی منداڵدا یان «زەبری یەک لە دوای یەک» (sequential traumatization) لە ئەزموونە جەنگییەکاندا بە فرەزەبری دەروونی (poly-traumatization) (Keilson, 1979/2005) دادەنرێن یاخود ناسراون بە جۆری ٢. ئەنجامدانی جۆری دووەم زیاتر بەربڵاو و ئاڵۆزە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی بەئەنقەست بەسەر خەڵکی دیکەدا دەهێنرێت وەک کارەساتە مرۆڤکردەکان (man-made-disasters) . کاتێک ئەم توندووتیژییە لەلایەن سەرپەرشتێکی نزییکەوە ئەنجامدرابێت کاریگەرییەکی زۆر قوڵ دادەنێت لەسەر قوربانییەکە. ئەمە دەکرێت ببێتە هۆی داڕوخانێکی توندی متمانە بەخۆبوون و لەدەستدانی متمانە بە جیهان و خەڵکانی دیکە، و زۆر سەختە بۆ قوربانییەکە کە بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەڕێ بکات. هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە ئایا بە تەنها ڕوبەڕووی توندووتیژییەکە بووەتەوە یان وەک بەشێک لە گروپێک یاخود کۆمەڵەیەک.

بەپێی جۆری زەبرەکە، مەترسی توشبوون بەگرفتی پاش زەبرەکە زیاد دەکات. بۆ نمونە، پاش ڕوداوێکی هاتووچۆ، بەپێی توندی و مەترسیداری ڕوداوەکە، نزیکەی ١٠٪ی خەڵک تووشی تەنگەژەی زەبری دەروونی پاش زەبر دەبن. پاش دەستدرێژی سێکسی، زۆربەی قوربانییەکان نیشانەکانی PTSD یان تێدایە لە هەفتەکانی سەرەتادا نزیکەی ٣٠٪ حاڵەتەکە بەتوندی گەشە دەکات لەگەڵیاندا. خەملاندنەکان بۆ بابەتی ئەشکەنجە زۆر خراپن و

ڕێژەی توشبوونیان بە تەنگژەی دەروونی پاش زەبر بریتییە لە ٥٠٪ (Flatten et al., 2011).

هـەروەک باسکرا زەبـری دەروونـی زۆر بەتوندی گرێدراوی کارەساتە مرۆڤکردەکان و ڕادەی توندی ئەزموونە زەبر دروستکەرەکانن، بۆ نموونە زەبـری کەڵەکەبوو و یـەک لـەدوای یـەک بەرکەوتەی زیـاتر، دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری خراپتر.

لایەنە پەیوەندیدارەکان بە خەڵک: هەموو ئـەو کەسانەی کە ئەزموونی ڕوداوێـکی ناخۆش یاخود زەبـراوی دەکـەن مـەرج نییە توشی شڵەژانی زەبری دەروونی ببن. ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە دژیەکییەک هەیە لەنێوان لایەنەکانی ڕوداوە مەترسیدارەکە و توانای بەرگەگرتنی تایبەتی کەسەکە. ئەم میکانیزمە تایبەتییانە هۆکاری مەترسی و پارێزگارییکردن دیارییان دەکات. هۆکارە مەترسییە تایبەتییە بایۆگرافییەکەی کەسەکە پێش بەرکەوتنی زەبری دەروونی ئەمانە لەخۆ دەگرێت: تەمەنی کەسەکە، ئەزموونی تاڵی پێشوتر، هەبوونی شڵەژانی دەروونی و جەستەی لە پێشتردا، بارودۆخی خراپی ژیان وەک ئەرکی باری سەختی خێزانی، ژیان لەناو کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکەردا، ئاستی نزمی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئامادەباشی کەسەکە بۆ توش بوون، و ڕەگەزی مێ (Pielmaier & Maerker, 2015) . ژنان دووهێندەی پیاوان تووشی PTSD دەبن. هۆکارەکانی باسیان لێوەکراوە و مشتومڕیان لەسەرە، یەکێک لە پێشبینییەکان ئەوەیە کە هەرچەندە ژنان کەمتر ئەگەری هەیە ڕووبەڕوی زەبر ببنەوە، بەڵام ئەگەری ڕووبەڕوبوونەوەیان بە زەبری نەخۆشخەر زیاترە، وەک توندوتیژی سێکسی. ئەمە زۆرجار لە تەمەنی کەمدا ڕوودەدات، وە بەوهۆیە ئاگاداربوون وهەستکردن بەمەترسی و لەدەستدانی کۆنترۆڵ زیاد دەکات. شایەنی ئاماژەیە ئەگەر زەبرەکە لە ئاستێکی توندوتیژدا بێت، هیچ کاریگەریەکی ڕەگەزیی بوونی نابێت لەنێوان ئاستی توشبوون بەشڵەژانی دەروونی لەنێوان نێرو مێدا، بۆ نموونە لە حاڵەتی جەنگ یان ئەشکەنجە (ibid). ئەم کاریگەریەش دەکرێت ڕوون بکرێتەوە لە ڕێگەی چوار چێوەی (جەستەیی دەروون کۆمەڵایەتیدا) (Spitzer, Wingenfeld & Freyberger, 2015) .

دەتوانرێت وەک ڕێگای بەسودی مامەڵەکردن لەگەڵ زەبردا فاکتەرەکانی

پاراستنی تاک بەکاربهێنرێن کە بریتین لە: توانای بوژانەوە، چوستی بەرچاوو(Bandura, 1997) هەست کردن بەتواناکانی خۆت، جگەلەوەش هەستی یەکگرتوویی (Antonovsky, 1997) (sence of coherence)لەلێهاتووی وهەڵوێستە کەسییەکانیش، وەک تێڕوانینێکی ئەرێنی بۆ ژیان، ئاینیی بوون، توانا مێشکییەکان و هتد. هەروەها زانیاری دەربارەی بەرکەوتنی زەبری دەروونی و دواتریش ئەگەری گەشەسەندنی یەکێکە لە خۆپارێزی سەرەتایی. کەسێک کە چاوەڕێ دەکات دەستگیر بکرێت و ئەشکەنجە بدرێت لەبەر چالاکییە سیاسییەکەی، یان سەربازێک یان ئاگرکوژێنەوەیەک ڕەنگە خۆیان ئامادەکەن بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ڕوداوێکی زەبر دروستکەر، بەبەراورد بە کەسێک کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕووبەڕووی ئەزموونێکی زەبر دروستکەر دەبێتەوە لە دید گەیەکی کەسییەوە.

بارودۆخە ژینگەییەکان: ژینگەی پاش ڕووبەڕووبوونەوەی زەبری دەروونی یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی ئەم پڕۆسەیە (Brewin et al., 2000) . بارودۆخێکی ژینگەیی پارێزەر هەبوونی دڵنیایی ، پشتیوانییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو و بەهای کۆمەڵایەتی (بە تێگەشتنی یاسایی و قەرەبووەوە) لەخۆدەگرێت. هەروەها کۆتایی هێنان و لابردنی تابووەکان و ئەزموونێک لەناو چوارچێوەیەکی پارێزراو و کۆنترۆڵ کراودا، و لەگەڵ هەستکردن بە هەبوونی «دادپەروەریی". لە بەرامبەریشدا، پەیوەندییەکی هاوبەشی گەورە هەیە لەنێوان تووشبوون بە نیشانەکانی تەنگەژەی زەبری دەروونی پاش زەبر و نەبوونی پشتگیری کۆمەڵایەتی و بارودۆخی نالەباری پاش ڕووبەڕووبوونەوەی زەبر.

بارودۆخی ژینگەیی دەکرێت پارێزەر بێت ئەگەر دڵنیایی و ئارامی دابین بکات، ئەگەر ئەو نادادپەروەرییەی ئەنجامدراوە ئاشکرا بکرێت و بەنهێنی نەهێڵدرێتەوە، و ئەگەر تێگەشتنی یاسایی و کۆمەڵایەتی بدرێت بەو کەسانەی ڕووبەڕووی تاوانەکە بوونەتەوە. بەم ڕێگایە، بارودۆخی ژینگەیی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەستی کۆنترۆڵکردن و توانای زاڵبوون و واتاداربوونی ئەزموونەکە، و ڕێنمایی پشتگیری و کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات.

بەرکەوتنی زەبری دەروونی چی دەگەیەنێت وەک کاردانەوەیەکی فشاری نیورۆبایۆلۆجی؟ بەرکەوتنی زەبری دەروونی چ کارییگەرییەک دەکاتە سەر یادەوەری و هەستەکان؟

کاتێک باس لە تووشبوونی زەبری دەروونی دەکرێت کە توانای پێشوتری چارسازی دەروونی تێپەڕدەبێت و شێوازی کارکردنی دەروونی تێک دەچێت وشڵەژانێک یاخوددابڕینێک دروست دەبێت. ئەم دابڕانەش شێوازی ئاسایی وەرگرتنی زانیاری دەوەستێنێت، سەرئەنجام دەبێتە هۆی خێرا ئاگادارکردنەوەی دەمار ڕژێنەکان ، (بۆ نموونە کۆرتیزۆن) کە ئەمانە زۆر گرنگن بۆ مانەوە لەژیاندا، بەڵام لەهەمان کاتدا بەردەوامی ڕێکخستنە یادەوەریەکانی مێشک دەگۆڕێت تا ئاستی وەستانی تۆماری یادەوەریەکان لە مێشکدا (Fischer & Riedesser, 2009).

پڕۆسەی ئاسایی وەرگرتنی زانیاری بەم شێوەیەیە: مێشکی سەرەکیت (reptilian brain) بەرپرسە لە لێدانی دڵت، هەناسەدانت و کۆنترۆڵی خەوت دەکات. (thalamus) فەرمانە هەستییەکانت دەگوازێتەوە، کە پێشی دەگوترێت «دەروازەی ئاگایی". کاتێک خۆشی وەردەگریت لە وانەیەک، ئاهەنگێک یان ئەو کاتانەی لەگەڵ خێزانەکەتدا بەسەری دەبەیت، هتد. بەشی لیمبیک سیستم (limbic system) بەرپرسە لە هەبوونی هەستی خۆشی وەرگرتن و ترسان، ئەمانە ڕمەکین (instinctive)و لە ناخود ئاگایی ئێمەدا ڕوودەدەن. ئەمیگدالا (amygdala) بەشی سەرەکییە لە لیمبیک سیستم، یەک کاری هەیە؛ کە ئاماژەی مەترسی بنێرێت بۆ ڕزگارکردنی ژیانت؛ بەشێکی کۆن و خێرای مێشکە. کاری هیپۆکامپەس (hippocampus) ڕێکخستنی یادەوەرییە بۆ هەڵگرتن. ئەرکی نیۆکۆرتێکس(neocortex) ئەوەیە کە زانیارییەکان بگونجێنێت لەگەڵ یەکدا، بیرکردنەوە و پلان دانان. بەڵام ئەگەر شتێکی نائاسایی ڕووبدات ئەوە "بیرلێنەکراوە"یە بۆ مێشکمان. لەکاتی مەترسی و نیگەرانییدا سیستمی مێشکمان دەگۆڕێت بۆ پڕۆسەی ڕزگاربوون تا بمانپارێزێت. ئەو شڵەژانە دەروونیانەی بەهۆی زەبرەوە دروست دەبن بەهۆی ئەزموونی ترس لە مردن و بێچارەیی توندەوە دەهەژێن، کە سیستمی وریاکەرەوەی مرۆڤ و خۆپاراستن دەخەنە کار. ئەمە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ئەزموون و یادەوەری لەمێشکدا، و

پۆلێن کردنە شوێن کاتییەکان پەیوەندیدار بە هیپۆکامپەس (hippocampus) و تواناکانی پێکەوەبەستنی ئاگایی (ئەرکی پلی پێشەوەی مێشک)، کە لە حاڵەتی ئاساییدا زانیارییەکی هەستیی دەبەستێتەوە بە ئەزموونێکی پەیوەستەوە و دواتر ئەمە هاوپێچ دەکات بە یادەوەرییەکی بیرهاتوەوەوە کە پاشان بتوانرێت وازی لێبهێنرێت. ئەم گۆرانکارییە دەماریی دەروونیانە دەبنە هۆی نارێکی یادەوەری و بیرهاتنەوە، و کێشە لە دەربڕین و باسکردنی ئەزموون، چونکە زمـان(language) پێویستی بە پەیوەندییەکانی توانای مێشکی هەیە، و کار دەکاتە سەر دەرئەنجامی پەیوەندییە کەسییەکان.

بە زاراوەیـەکی ڕوونـتر، باشتر دەتوانیت لە جیـاوازی نێوان سیستمی یـادەوەری کەسێکی تەندروست و کەسێکی زەبر بەرکەووتوو تێبگەیت بە نمونەی یادەوەری ڕوداوە بەرهەستەکاندا، وەک خوانی نیوەڕۆی دوێنێ، کۆتا ئاهەنگی خێزانی، یان یادەوەری یەکەم ڕۆژی قوتابخانە. لە حاڵەتێکی ئاساییدا، ڕاستییەکان سەبارەت بە ڕوداوەکـە لە هیپۆکامپەسدا زەخیرە کراون؛ کەی بوو؟ لە کوێ بوو؟ کێ لەوێ بوو؟ چەسپاندنی ئەزموونەکە لە چوارچێوەی ڕووداو و شوێن و کات (لە هیپۆکامپەسدا) لە هەمان کاتی چەسپاندنی زانیارییە هەستییەکاندا (بـاری دەروونـی، هەستەکان، کەش) ڕودەدات لە ئەمیگدالادا (amygdala). یادەوەرییەکان لەو بەشەی یادەوەرییدا کە پشتگیری واقیع و هەڵسەنگاندنی هەستە پەیوەستەکان و یادەوەرییە جەستەییەکان بوونیان هەیە و بەیەکەوە زەخیرە دەکرێن. هەرچەندە، لە حاڵەتی زەبری دەروونیدا بەهۆی ئامادەباشی مێشکەوە بۆ مەترسی، هیپۆکامپەس بەشێکی بەتەواوی داخراوە، بەو هۆیەشەوە یادەوەرییە هەستیی و جەستەییەکان بە شێوەیەک زەخیرە دەکات کە پەیوەندییان بە ڕوداوەکەوە نییە. لەجیاتی زەخیرەکردنی هاندەرەکە لەناو یـادەوەری ئاشکرادا (هیپۆکامپەس)، دابـەش بـوون لەناو یـادەوەری نائاشکرادا (ئەمیگدالا) و وەکو کارتێکەری هەستیی پێکەوە نەبەستراو کە سروشتێکی بیستنی، دەنگیی، بینینی یـان جوڵەیان هەیە، زەخیرە کـراون (Landolt & Hensel, 2007: p.15).

پۆلێن کردنی ناوەڕۆکی یادەوەرییەکان بۆ شوێن و کات ڕێخۆشکەرە هەم بۆ ڕێکخستنی فشار و هەستە قوڵ و توندەکان، هەم بۆ بە هێماکردنی گێڕانەوە

(narrative symbolization) . لە کاتی حاڵەتێکی زەبر دروستکەردا بەهۆی وروژاوی و ڕێژەی بەرزی دەردانی هۆرمۆنە ناوەکیەکانی فشار پڕۆسەی وەرگرتنی زانیارییەکان زیانی پێدەگات. ئەنجامی ئەم ناڕێکییە ئەوەیە کە ئەو هاندەرانەی (trigger) کە خەڵک بیری ڕوداوە زەبر دروستکەرەکە دەخەنەوە، دەتوانن وێنە و هەستی تر بە شێوەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو چالاک بکەن و دووبارەیان بکەنەوە وەک پارچە یادەوەری و بیرکەوتنەوەی ڕابردوو. لەگەڵ ئەمەدا بەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە چەسپاندنی توانایی فێربوون کێشەی تێدەکەوێت لە بەشە زمانەوانیەکەی مێشکدا وەدەرئەنجام مرۆڤ ووشەی بۆبەسەرهاتەکەی نابێت (semantic representation). ناوچەی بروکای مێشک (Broca's area)، کە گرنگترین بەشی پێکهاتەییە بۆ پڕۆسەی ئاخاوتن لە مێشکدا لەگەڵ ناوچەی وێرنیکا لە مێشکدا (Wernicke's area) لە چالاکیەکەی دەوەستێنرێت و دەست دەگرێت بەسەر دەربڕین یان «گواستنەوەی ئەزموونەکان بۆ زمانی پەیوەندیی کردن» دا (Hofmann 2014: p.24).

جگەلەم ڕێبازە نیورۆبایۆلۆجیە بۆ تێگەشتن لە یادەوەری لە پڕۆسەی شڵەژانی دەروونیدا، ڕێبازی دیکەش هەیە؛ یادەوەری پڕۆسەیەکی هەمیشەییە لە خۆبونیادنانەوە، دووبارە لێکدانەوە و گواستنەوەی ڕابردوو لە دید گایەکی هاوچەرخەوە. بنیاتنانەوەی ڕابردوو بە ڕوونی ئەنجام دەدرێت و بەشێوەی سەرگوزەشتە دەبێت. لەگەڵ بنیاتنانەوەی ڕابردووماندا، بە وتەی کۆمەڵناسی فەرەنسی پییەر بوردیو (٢٠١٥) «ئێمە ئایدیۆلۆجیستی ژیانی خۆمانین". بیرهاتنەوە پەیوەندیدار وگەیەنەرە. پەیوەندیەکی دوولایەنە هەیە لەنێوان یادەوەری تاک، کۆمەڵ وە کۆمەڵایەتی، کەئەمەبەندەبە پڕۆسەی بیرهاتنەوە ولەبیرچوونەوە وە گۆڕانی بەردەوامی یادەوەریەکان بەهۆی گۆڕانی واقیعی کۆمەڵایەتی. لەمانەوە ئەفسانە و سەرگوزەشتە باسنەکراو و ڕوونەکراوەکان دێنەکایەوە، کەهەندێکیان دەبن بە باس وسەرگوزەشتی باڵادەست (dominant narrative).

٣-٢ فشار و نیشانەکانی پاش توشبوونی زەبری دەروونی: مەودا و فرەنەخۆشی لەگەڵ بوون (comorbidity)

توشبوون بە زەبری دەروونی دەکرێت ببێتە هۆی شڵەژانی زۆر جیاواز، ناسراوترینیان تەنگژەی دەروونی پاش زەبری دەروونییە. بەشێوەیەکی تیۆریی، پەسیویەکانی زەبر بواریکی فراوانی شیکاریی ڕێ تێچوو لەخۆ دەگرێت، وەک شڵەژانە خەمۆکییەکان، نەخۆشییە پەرێشانییەکان، نەخۆشییە جەستەییەکان، شڵەژانی دابڕانەکان (dissociative disorders)، ئالودەبوون یاخود پشتبەستن بە دەرمانە دەروونگۆڕەکان. لە ئەنجامی ئەمەشدا، فرە پەشێویەکان لە گەشەکردنی چەندین جۆر گرفتی دەروونیدا هەن، ئەمە یاساکەیە نەک حاڵەتی هەڵاوێردە. لە ئەنجامدا، ئەو کەسانەی پەشێوی فشاری پاش زەبری دەروونییان هەیە، دەکرێت لە هەمان کاتدا پەشێوی دیکەی دەروونیان هەبێت کە پێویستی بە چارەسەر بێت.

هەردوو ICD–10 و DSM-V ناوی شڵەژان بەهۆی زەبرەوە دەناسێنن. بەتایبەتی DSM-V شڵەژانەکانی خوارەوە دەناسێنێت کە پەیوەستن بە زەبر و فشارهێنەرەکانەوە: (Falkai & Wittchen, 2014)

- شڵەژانی پەیوەستبوونی کاردانەوەیی
Reactive Attachment Disorder
- شڵەژانی پەیوەستبوون لەگەڵ چەپاندنی کۆمەڵایەتی
Attachment Disorder with Social Disinhibition
- شڵەژانی فشاری پاش زەبری دەروونی
Post-traumatic Stress Disorder
- شڵەژانی فشاری توند
Acute Stress Disorder
- شڵەژانی گونجاندن
Adjustment Disorder

بنەما پێوەریەکان بۆ شڵەژانەکانی پەیوەست بوون بریتین لە فەرامۆشکردنی کۆمەڵایەتی لە چاودێرییەکی زۆر نەشیاودا لە منداڵییدا (پەیوەست بە منداڵانی تەمەن خوار ٥ ساڵ).

ناسراوترینیان بریتییە لە شڵەژانی فشاری پاش زەبری دەروونـی. نیشانە سەرەکییەکانی شڵەژانی فشاری پاش زەبری دەروونی (F43.10)، کە دەکرێت لە منداڵانی تەمەن سەروو شەش ساڵدا هەبێت، ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

● دەرکەوتنی بیرکەوتنەوەی نەویستراو – (intrusion) وێنە ، بۆن و بیرکردنەوە لە حاڵەتە زەبرهێنەرەکە بەشێوەیەکی نەویستراو و دووبارەبوەوە دێنە مێشکەوە. دەکرێت بەهۆی چەخماخە (Trigger) شتێک هانی ئەم بیرکەوتنەوەی بدات، خەون و کابووسیش زۆر ڕوودەدەن لەگەڵ بیرکەوتنەوەی لەناکاو (Flashback).

● خۆلادان (avoidance)– هاندەرەکانی پەیوەست بە زەبرەکەوە خۆیان لێ بەدوور دەگیردرێت، وەک شوێن و خەڵک و هەستەکان. هەستێکی نامۆبوون و سڕبوونی هەستەکان کە پێی دەوترێت سڕکەر «Numbing» زاڵدەبێت بەسەر کەسەکەدا، خۆ بەدوورگرتنێکی گشتی ، گرنگی نەدان و گوێپێنەدانێکی ناوەکی شتانێکی باون لەم کەسانەدا، هەروەها هەستکردن بەوەی مردون یان لە دۆخی سڕبووندان Frozen.

● نەرێنی – گۆڕانکاری ڕوودەدات لە بارودۆخی دەروونی و بیرکردنەوەکانی پەیوەست بە زەبرەکەوە.

● زۆر وروژاویی (hyperarousal) – کەسەکان زۆر نیشانەی خرۆشاویان تیداهەیە وەک ڕاچڵەکان، نەمانی تەرکیز، هەستیاریی، نارێکی خەو، ووریایی وئاگایی زیاد لە ئەندازە، خۆڕانەگری بەرامبەرهەستی ناخۆش و بەرگەنەگرتنی کارتێکەر (affect intolerance).

لە منداڵیدا نیشانەکان وکاریگەریەکانی زەبرەکە ڕەنگە تاڕاددەیەک بگۆڕرێت (بۆ نمونە، دووبارەکردنەوەیی ئەزموونە زەبر درووستکەرەکە لە کاتی یاریکردندا، ڕەفتاری شەڕانگێزی، نائاسایی بوونی ڕەفتار). بەپێی جیاوازی تەمەنی منداڵەکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە منداڵان لەچەند ساڵی سەرەتای تەمەنیاندا زۆر هەستیارن بەهۆی لاستیکییەتی دەمارەکانی مێشکییانەوە (neuroplasticity)، بە واتایەکی تر بەهۆی توانای مێشکیانەوە بۆ گۆڕانی هەستیاربوون بۆ ئەزموونی نوێ (Scherwath & Friedrich 2012: pp.29). ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی شڵەژانی ئاڵۆز و سەخت بەهۆی زەبری دەروونییەوە و نەخۆشییەکانی پەیوەستبوون و دواکەوتنی گەشەکردن.

٣-٢دیاردەکانی زەبر - لە سەر دیاردە تایبەتەکانی پەیوە ست بە یادەوەری و دینامیکی ستریٚس

ڕووبەڕووبونەوەی ڕوداوی شەڕانگێزی توندوتیژی مرۆڤ و تێکشکێنەریی دەبێتە هۆی درووستبوونی هەستی ترس و تۆقین و ترسان لەژیانی خود، بەهۆی ئەم لایەنانەی وجودی مرۆڤەوە کە ئەگەر نەبینرێت زۆربەی جار هەبوونیان ڕەت دەدرێتەوە. هەر تاکێک لە ئێمە کە شایەتحاڵی کردارێکی توندوتیژ بووە کەوتۆتە ئاڵینگاریەوە. زەبر هەستگەلێک دەوروژێنێت، کە دەربڕینێکی تایبەتی زۆرجارپێچەوانەیی(dialectic) هەیە دەربارەی حاڵەتە هەستییەکانی دیکەیە (بڕوانە Mlodoch 2017):

مشتومڕی سەرەکی دەربارەی زەبر: لەنێوان نوقومبوون و خۆبەدورگرتندا

جودیث هێرمان پێناسەی «مشتومڕی سەرەکی زەبری دەروونی» دەکات بە «ناکۆکی نێوان ویستی نکۆڵی کردنی ڕوداوە سامناکەکان و ویستی ئاشکراکردنیان بە دەنگی بەرز» (Herman, 2015: p.1). مەیلی پێچەوانەی خۆلادان و پێکداچوون و بەدوای یەکدا هاتنی نیشانە پەیوەستەکان بە مشتومڕە سەرەکییەکانی پڕۆسەی زەبر بەرکەوتن دادەنرێت. لەلایەکەوە کەسی زەبربەرکەوتوو وزەیەکی زۆر سەرف دەکات بۆ خۆبەدوورگرتن و وازهێنان و تەنانەت خۆجیاکردنەوە لەو خەڵک و شوێن و بارودۆخانەی کە پەیوەستن بە یادهینەرەوەی حاڵەتە زەبر درووستکەرەکان، تاڕادەی نیشانەی پچڕاندن لە کەسایەتی، ئاگایی ویادەوەریەکانی خود وە دروست بوونی فرەکەسایەتی لەیەک مرۆڤدا (dissociation). لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی خەیاڵ و یادەوەری زەبرهێنەرەوە لە ئەشکەنجەدان، دووبارە ئەزموونی حاڵەتە زەبر درووستکەرەکە دەکەنەوە لە کابووسەکانیاندا، یان بیرکەوتنەوەیەکی لەناکاو هێرشیان دەکاتە سەر کە بە هەمان ئەندازەی ئەزموونە زەبر درووستکەرەکە ئازاری دەروونیان بۆ دروست دەکات.

*** «شەیتانەکەی ناوەوە» – کاریگەری تاوانکاران**

لەهەوڵێکی نائومێدانەدا بۆ لەژیاندا مانەوە یان بۆ کەمکردنەوەی شەڕەنگێزیان، ڕزگاربووەکان هەوڵ دەدەن کە «تێبگەن» لە تاوانبارەکان، لە ناخەوە تێبگەن لە تێڕوانینی بەچاوی سوک سەیرکردنەکانی تاوانبارەکان لەسەر خۆیان. بۆ قوربانییەکان وادیارە ئەوە ئاسانتر بەرگە بگیردرێت کە تاوانی ئەتککردنەکەیان قبووڵ بکەن وەک لەوەی ئەوە قبووڵ بکەن کە کەسێکی متمانە پێکراویان کە پشتیان پێبەستووە خیانەتیان لێبکات و کەسێکی «شەیتان ئاسا»یە.

*** هەستکردن بەهەڵە و گوناهباری**

ڕزگاربووان بێزار دەبن بەهۆی ئەو پرسیارانەی ڕوبەڕووی خۆیانی دەکەنەوە کە ئایا «کارە ڕاستەکە»یان ئەنجامداوە لە حاڵەتە ترسناکەکەدا. بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی توندوتیژی بەکۆمەڵ، خەڵک ئەو بیرکردنەوانە ئازاریان دەدات کە دەیانتوانی زیاتریان بکردایە بۆ ڕێگریکردنی کارەساتەکە بۆ خۆیان و خەڵکی دیکە و بۆ پاراستنی کەسوکاریان و هاوڕێکانیان و خۆیان. دەربڕینێکی تر بریتییە لە «سیندرۆمی هەستکردن بە گوناه لەلایەن ڕزگاربووان» ەوە (survival guilt syndrome) باس لە هەستی تاوانباری دەکات لەبەرئەوەی کەسەکە ڕزگاری بووە لەکاتێکدا خەڵکی تر مردوون. هەرچەندە، هەستی تاوانباری و لۆمەکردنی خود دەکرێت هۆکاری «ڕاستەقینە»ی هەبێت، ئەگەر بۆ نمونە دەستبەسەرکراوان و قوربانیانی ئەشکەنجە خیانەتیان لە هاوزیندانیەکانیان کردبێت.

*** شەرمەزاریی**

خەڵک هەست بە شەرمەزاریی دەکەن بۆ لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەکاتی ئەزمونە زەبردروستکەرەکەدا، بۆ سەرشۆڕکردنیان لەلایەن تاوانبارەکەوە و خۆبەدەستەوەدانیان و ڕوتیی و پەیوەندی جەستەییان لەگەڵیاندا.

*** پێشبینییە تێکشکاوەکان**

ئەزموونکردنی توندوتیژی سەخت نەک تەنها سەلامەتی دەروونی تێکدەشکێنێت، بەڵکو تێڕوانینی قوربانییەکان بۆ خۆیان و بۆ جیهانیش تێکدەشکێنێت، بیرۆبڕوا سەرەتاییەکانیان تێکشکاوە و متمانەی کۆمەڵایەتییان لەدەست داوە. دەروونناسی ئەمریکی ڕۆنی جانۆف بوڵمان (١٩٩٢) چەمکی پێشبینییە تێکشکاوەکانی ناساند: باوەڕبوون بەدونیایەکی لەبنەڕەتدا دادپەروەرانە و باش و «خەڵک»ی لەبنچینەدا باش زۆر بە خراپی تێک دەشکێت، لەگەڵ باوەڕبەخۆبووندا، و باوەڕبوون بە بەهێزی خۆت و متمانەکردن بە توانایی خۆت. ئەو کەسانەی لە توندوتیژی زۆر خراپ ڕزگاریان بووە وا هەست دەکەن کە سەرچاوەی ژیانی ئاسایی و خەڵکیان لێ پچڕێندراوە، وەک ئەوەی ژیانیان لێ سەندرابێتەوە.

*** بیری تۆڵەسەندنەوە**

خەیاڵی تۆڵەسەندنەوە لە قوربانییانی توندوتیژی سەختدا وەک دەربڕینی ئارەزووی زاڵبوون بەسەر ئەزموونی تەواو بێدەسەڵاتی لێی دەڕوانرێت کە

لەحاڵەتە زەبردرووستکەرەکەدا ڕوبەڕووی بوونەتەوە، بەلایەنی کەم لەخەیاڵیاندا بەسەریدا زاڵ دەبن. قبووڵکردنی کۆمەڵگە بۆ هەست و کرداری تۆڵەسەندنەوە دەگۆڕێت بەپێی ئەو کلتورەی تێیدا ئەنجام دراوە. لەئەورووپای ڕۆژئاوادا کۆمەڵگەکان بەشێوازێکی نەرێنی لەبیرۆکەی تۆڵەسەندنەوە دەڕوانن و لە جیاتی ئەوە بیرۆکەی گەڕاندنەوەی تەندروستی و ئاشت کردنەوەی کەسەکە بە کۆمەڵگە لەناو سیستمی دادگادا جێگەی گرتووەتەوە، بەڵام لە ئەمریکا و عێراق و چەندین وڵاتی دیکەشدا تۆڵەسەندنەوەی دامەزراوەیی لەسەر شێوەی سزای مردن بەردەوام لە سەپاندندایە.

* **شین کردن** (mourning)

چەمکی شین کردن تەنها ئاماژە نییە بۆ پرسە گێڕانی مردوویەک یان لەدەستدانی مرۆڤێکی دیکە، بەڵکو بە مانایەکی فراوانتر ئاماژەشە بۆ لەدەستدانی باوەڕ بە جیهانێکی باش، لەدەستدانی کەرامەت و متمانەبەخۆبوونی کەسێک. ئەمە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە چارەسەری زەبری دەروونیدا، کاتێک قوربانییەکان دەتوانن شین بۆ ئەو ئازار و شۆکە بگێڕن کە توشیان بووە، یان شین بۆ ئەو شتانە دابنێن کە لەدەستیان داوە بەهۆی ئەو توندوتیژییەی بەسەریاندا هاتووە وەک؛ گەنجێتیەکی بێ پەروا، خێزان، یان – لە حاڵەتی توندوتیژی خێزانیدا– منداڵییەکی پارێزراو و دایک و باوکێکی پارێزگار.

* **کێشەی ئالۆزی شین کردن و هەستکردن بە تاوانباری لەگەڵ «لەدەستدانە نادیارەکاندا»**

کێشەی هەستکردن بە تاوانباری و شین کردن ئەو کاتە ئاڵۆز دەبێت کە لەدەستدانی کەسوکار و هاوڕێیان نادیاری لەگەڵدایە لەبارەی چارەنووسیانەوە. ئەمە دۆخی ئەو کەسانەیە کە کەسوکاریان ڕفێندراون و هەتاهەتایە دیار نەماون، وەک پلان دارێژانی وونکردنی بەکۆمەڵی خەڵکە دابڕێنراوەکان، کە لەلایەن دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانەوە بەکارهێنرا لە چیلی و ئەرجەنتین لە ساڵی ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا و هەروەها لەلایەن رژێمی ڕەگەزپەرستی ئەفریقای باشور بەکارهێنرا یان بەکارهێنانی لەلایەن رژێمی بەعسی عێراق لەئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا دژی دانیشتوانە کوردەکان لەساڵی ١٩٨٨. زۆر لە پەنابەران کە کەسوکاریان بەجێهێشت لەبارودۆخی ناجێگیردا یان لێیان جیابوونەوە لەکاتی هەڵهاتندا کاریگەریی «لەدەستدانی نادیار»یان لەسەرە و ئازار دەکێشن بەهۆی نادڵنیایی و تۆڕێکی ئاڵۆزەوە لە ئازاری بێچارەسەر و بێ هیوایی و هەستکردن بە تاوان و ناچاری کە ئەو هەستەیان لە ڕابردوودا زیندانیی دەکات و ڕێگە نادات ژیانێکی نوی دروست بکەن.

٣- ڕەنگدانەوە و سنوردارییەکان بەهۆی لایەنە سیاسی و دەروونی کۆمەڵایەتییەکانەوە

بەرکەوتنی زەبر هەم (دەروونی کەسیی)ە و هەم پڕۆسەیەکی (کۆمەڵایەتی سیاسیی)ە. بۆیە چەمکی زەبر هەمیشە جێگای مشتومڕ بووە. ئەمە بە ڕوونی دەردەکەویت بەهۆی هەوڵەکانەوە بۆ دانانی پێناسەیەکی داینامیکی، مێژووی زانستی زەبری دەروونی و سەرهەڵدانی دەستنیشانکردنی PTSD لەنێوان دەستکەوتی سیاسی و زانستی نەخۆشی زانیدا.

چەمکی پەیوەست بەزەبرلەڕابردوو و لە ئێستاشدا هەیە کە جەخت لەسەر لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی زەبر دەکەنەوە. ئەم چەمکانە لەساڵانی ١٩٨٠کان و ١٩٩٠ەکاندا گەشەیان کرد، لە بارودۆخێکدا کە دیکتاتۆری و توندوتیژی لە چەند وڵاتێکدا هەبوو، وەک ئەمریکای لاتین و ئەفریقای باشور، و لەکاتی کارکردن لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژی سێکسی و لەسەر بنەمای جێندەر. شێوازی ئاڵۆزی زەبر لەکاتی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەم چەمکە دیاریکراوەوە سەری هەڵدا، وەک زەبربەرکەوتنی توند ، زەبربەرکەوتنی ئاڵۆز یان زەبربەرکەوتنی سیاسی. دایڤید بێکەر (Becker, 2006/2014) کە لەگەڵ هاوکارە چیلییەکانیدا کاری لەسەر قوربانییانی ئەشکەنجە و زیندانییە سیاسییەکانی رژێمی (پینۆشێ)دا کردووە، پەرەی بە چەمکی پڕۆسەی زەبربەرکەوتنی کۆمەڵایەتی سیاسییدا (concept of sociopolitical traumatization).

هەموو ئەم چەمکە پەیوەستانەی زەبر بەزۆری ئاماژە بۆ تیۆری شیکردنەوەی دەروونی دەکەن، بەڵام وردتر دەبنەوە لەتەنها ناساندنی نیشانەکانی زەبری دەروونی، و زەبر بە ئەزموونێکی تەواو کەسیی دانانێن، بەڵکو بە ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیش دایدەنێن. ئەم چەمکانە تایبەتن بە پەیوەندییەکی تایبەت و ئاڵۆز لەنێوان قوربانی و تاوانباردا لە ئەزموونی توندووتیژیی سیاسی، سێکسی و کۆمەڵایەتی لەلایەن کەسانی دیکەوە و کاریگەریی درێژخایەنیان لەسەر دەروونی قوربانییەکە. جەخت دەکەنەوە لە کاریگەری کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتوری لەسەر شەقڵدانی ئەزموونی زەبرەکە خۆی و کاریگەری لایەنە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شێوازی مەمەڵەکردن لەگەڵیدا. زۆرینەی شارەزایانی بواری زەبر کەشێکی جێگیری کۆمەڵایەتی و بارودۆخی جێگیری ژیان وەک بنچینەی زاڵ بوون و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەزموونی زەبری دەروونیدا دەبینن.

٣- هۆشیاری زەبری دەروونی لە پەیوەندییە پیشەییەکاندا

لە دەستەبەرکردنی پشتیوانی بۆ کەسە زەبر بەرکەوتووەکان، ڕۆڵی کاری کۆمەڵایەتی بە چەند شێوازێک پەیوەندیدارە؛ یەکەمیان، کاری کۆمەڵایەتی وەک پیشەیەک و درک پێکردنێکی خود بە تایبەتی لەسەر ئەم خاڵی یەکتربڕینەی تاک و کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت وە ڕەچاوی ئازارەکانی تاک دەکات و لەگەڵیشیدا بەتایبەتی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە تیایدا توندوتیژی بوەتە هۆی ئەم ئازارە.

لەلایەکی تریشەوە، شارەزایانی کاری کۆمەڵایەتی تەنها لەناو ژووری چارەسەری دەروونیدا بە دیاریکراوی چاویان بە کەسە زەبربەرکەوتووەکان ناکەوێت، بەڵکو لەژیانی ڕۆژانەی ناو داموودەزگاکانیشدا چاویان پێیان دەکەوێت و لەگەڵیاندا دەبن، و پەیوەندییەکی کارای سودبەخش دەخەنە بەردەستیان. لەبەرئەوەی نیشانەکانی زەبری دەروونی لەهەر کاتێکی ژیانی ڕۆژانەدا ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە. بەهۆی زۆر وروژاوییەوە، کەسە زەبر بەرکەوتووەکان ڕێژەیەکی زۆر فشاریان لەسەرە کە ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی هەستیاری و پەشۆکاوی، یان ڕەنگە یادەوەرییەکی هەڕەمەکی بکەوێتەوە یاد، لەبەرئەوەی کەسە زەبربەرکەوتووەکان لە ڕابردوودا ئازار دراون، دەکرێت ئەمە وایان لێبکات لە هەندێک لایەنەوە لاواز بن. شێوازی ژیانیان باشتر دەبێت ئەگەر جێگیری باری مادیی، کۆمەڵایەتی و دەروونی لەناو ژینگەی ژیانیاندا فەراهەم بکرێت، چونکە سەلامەتی و دڵنیایی لەناو ژیانی ڕۆژانەدا بوونی هەیە. هەروەها لەڕوانگەی زانستی زەبری دەروونییەوە، ژینگەیەکی دڵنیا لەپاش بەرکەوتنی زەبری دەروونی زۆر گرنگە بۆ توانای چاکبوونەوەی کەسەکە. بۆنمونە پسپۆڕەکان، لەوانە کارمەندەکانی کاری کۆمەڵایەتی بەشێکن لەم ژینگەیە و کارامەییان گرنگییەکی زۆری هەیە.

مامەڵەکردنی پسپۆڕان لەگەڵ زەبردا بەشێوەیەکی وشیارانە پێویستی بەوەیە کە سەرەتا پیشەوەرەکە زانیاری و ئاگایی ئەوەی هەبێت کە تاچەند شێوازی پەیوەندی نێوان پیشەوەرەکەو چارەخوازەکە (کلاینەت)ەکە گرنگە،

هەروەها ئەو دامەزراوەیە کە بۆتە ژینگەی ژیانی ڕۆژانە („Schulze et al 2012: p.115). ئەم دوولایەنە بەشێوەیەکی وردتر باسدەکرێن لە بەشەکانی خوارەوەدا.

١-٣ دروستکردنی پەیوەندی پیشەیی لەگەڵ خەڵکدا

پەیوەندییەکی یارمەتیدەر بۆ ئەو کەسانەی توشی زەبری دەروونی بوون، ڕەچاوی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەهۆی زەبر بەرکەوتنەکەوە دروست بوون، کە متمانەیان بە خەڵک و بەخۆو و بە جیهان تێکشکاوە. کەم کردنەوەی ترس دەکرێتە ئامانج لەڕێگای ئەزموونی دووبارە بونیاتنانەوەی پەیوەندیەکی دروستی نوێوە لەنێوان چارەخواز (کلاینت) و ڕێنماییکارەکەدا. هەروەها لەڕێگەی ئەم پەیوەندیی بونیاتنانەوەی پردی مرۆڤبوون و دووبارە بەستنەوەی چارەخوازەکە بەژینگەی کۆمەڵایەتییەوە. لەم پەیوەندییەدا، ستراتیژی بنەڕەتی بریتییە لەدروستکردنی بارودۆخێک کە بەزۆرترین ڕادە پێچەوانەی بارودۆخە زەبر دروستکەرەکە بێت. بەواتایەکی دیکە، کە ئاسایش و کەرامەت فەراهەم بکات بەهۆی ڕەفتارێکی ئاشکرا، شەفاف، کراوە و ڕێزدارانەوە (Reddemann, 2008/2011).

ئەم خواستە لەسەر پەیوەندییەکی سودبەخش پێویستی بە هۆشیاری هەیە. چونکە نیشانەکانی بەرکەوتن بە زەبر کاردەکەنە سەر دەروون و پەیوەندییە کەسییەکان و لەوێشەوە دەتوانێت کار بکاتە سەر هەموو پەیوەندییەک، جا ئەگەر پەیوەندییەکە چارەسەریی، پەروەردەیی، هاوەڵیی یان نزیکیی بێت. لەنێوان هەردوو/ هەموو کەسە پەیوەندیدارەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوی توندی توڕەیی و تێکشکێنەریی مرۆڤەکان ڕەنگە ببێتە هۆی هەستکردن بەترس و تۆقین و هەڕەشەی لەژیاندا مانەوە - واتە ئەو لایەنانەی بوونی مرۆڤ کە بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەیان زۆرجار نکۆڵی لە هەبوونیان دەکرێت. کاریگەرییەکان ڕەنگە زیاد لە سنور خۆبینینەوە لەکەسە زەبربەرکەوتووەکاندا یان زیادبوونی مەودا و نەمانی هاوخەمی لەخۆبگرێت .

کاردانەوە (countertransference) باوەکانی ئەو کەسانەی پەیوەندییان لەگەڵ کەسە زەبر بەرکەوتووەکاندا هەیە بریتییە لە هاوسۆزی، توڕەیی توند دژی تاوانبار،هەستی پاڵنەری ڕزگارکردن، هەستی بێتوانایی و لاوازی،

هەستی خۆبەکەمزانین و قێز، باوەڕنەکردن و تاوانبارکردن، هەستی ئەوەی بەکارهێنراویت، کۆنترۆڵ کراویت، سودت لێوەرگیراوە یان لە بەهات کەم کراوەتەوە، هەروەها ویستی خۆدوورگرتن لە کەسەکە بەهۆی هەبوونی هەستی تاوانباری و شەرمەزارییەوە.

لێرەشەوە دەکرێت کاردانەوەی زیادلەسنور درووست ببێت لەلایەن پیشەگەرەکانەوە، وەک نەبوونی مەودایەکی شیاو، بە نمونەیی بینین، سەرنج خستنە سەر زەبرەکە، خەون بینین بە کەسەکەوە یان هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی. پێچەوانەی ئەمەش کاردانەوەی کەمتەرخەمانەیە، وەک نکۆڵی کردن، خۆبەدوورگرتن، باوەڕنەکردن، بەسووک سەیرکردنی زەبرەکە، شەرمەزارکردن، ، گوێپێنەدان یان ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارییەتی. هاوکێشەیەکی بەسود بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەستانە و دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان نزیکیی و دووریدا بریتییە لە "گەورەترین هاوسۆزی شیاو لەگەڵ گەورەترین مەودای شیاودا" (Lansen, 1996).

پەیوەندییە پیشەییە کەسییەکان لە حاڵەتی هەبوونی زەبری دەروونیدا لە کەسێکدا دەبێت ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆ بگرێت؛ نرخاندن، متمانە، هەبوونی ڕەفتاری چاوەڕوان کراو، پێشنیار بۆ یارمەتیدانی خۆی، ئامادەیی بۆ یارمەتیدان، هەبوونی زانیاری لەسەر زەبری دەروونی، فێربوون کە چۆن جیاکاری بکەیت لە نێوان مەترسی ڕوکەش و مەترسی ناوەکیدا، بوونی توانای پێدانی ڕۆشنبیری دەروونی، وە کاریگەرییەکی هێورکەرەوەت هەبێت لە حاڵەتی ترسدا و پێش هەموو شتێک هەستی دڵنیایی دروست بکەیت.

لەکاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە توندی تووشی زەبری دەروونی بوون، گرنگە ئاگادار بیت بە بەشێکی کاریگەرییە توندەکانی ئەزموونی ئەو توندوتیژییانەی بەسەریدا هاتووە و هەروەها ئەو ڕاستییەی کە خەڵک لەسەر بنەمای "مێژووی ژیانی خۆیانەوە" ڕەفتاردەکەن. بەڕادەیەک کە یەکێک لەنیشانە بنچینەییەکان وروژاوییە کە دەرئەنجامەکەی نارێکییەکی کاریگەرە. بەدەربڕینێکی دیکە، هەستی مەترسییەکی بەردەوام ڕەنگە دەستی بەسەردا بگرێت. نەبوونی توانای جیاکردنەوەی نێوان ئێرە و ئێستا/ ئەمڕۆ و ئەوکاتە و ئەوێ ناهێڵێت وروژاوییەکە بڕەوێتەوە. نیشانەی توندی لەو جۆرە، وەک ناجێگیرییەکی توند، متمانە نەبوون و خۆبەدوورگرتن، بەجۆرێک لەجۆرەکان

دەتوانین لێی تێبگەین وەک هەوڵی ڕوکەشی ئۆتۆماتیکی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا کە لە حاڵەتی زەبربەرکەوتنەکەدا لۆجیکی بووبێت و دەکرێت لە ئێستادا، لەکاتی پەیوەندی لەگەڵ کارمەندە کۆمەڵایەتییەکاندا، بێزارکەر بێت یان نەگونجاو دەربکەوێت/ بێت.

پیشەگەران لەکاری کۆمەڵایەتیدا "مێژووی خۆیان"یان هەیە کە هانیان دەدات بۆ یارمەتیدان. ئەمە ڕەنگە پەیوەندی بەمێژووی خانەوادەکەیانەوە هەبێت یان پەیوەست بێت بە بنەما ئەخلاقییەکانەوە (ئاکاریەکانەوە) بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی پێویستییانە، لەگەڵ ویستی ڕێکخستن و پێکەوەبەستنی کۆمەڵگە. یارمەتیدان کردارێکە کە دەکرێت بەهۆی هاوسۆزی دروست ببێت. هاوسۆزی بەمانای خۆخستنەبری کەسانی دیکە، تێگەیشتنە لە ئەزموون و هەستەکانی کەسێک و پەرچکردنەوەی بۆ کەسەکە. سەبارەت بە چەمکەکان، گرنگی هاوسۆزیی سەرنجێکی زیاتری لەسەرە وەک لە بەزەیی، چونکە بەزەیی "ڕەنگە ببێتە هۆی شێوازێکی یارمەتیدان بۆ ئەو کەسانەی بەزەییان پێدا هاتووەتەوە کە ئەمەش لەکۆتاییدا دەبێتە بچوککردنەوە بە شێوەیەکی نابەرچاو. ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە ڕەفتاریی یارمەتییەکە بەشێوەی چاکەکاری یان باوکایەتی/دایکایەتی ئەنجام دەدرێت و بەم شێوەیەش بێدەسەڵاتی ئەو کەسانە زیاد دەکات کە یارمەتیان دراوە. بە دەربڕینێکی دیکە، کاتێک کە یارمەتییەکە نابێتە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ بەهێزکردنی خۆبەڕێوەبەری، بەڵکو دەبێتە هۆی پشتپێبەستوویی (dependency) یاخود ئالودەبوون (Wagner, 2017: p.175).

بەخۆداچوونەوە و هاوسەنگی ڕاگرتن کارێکی درووستە. هاوسۆزی (empathy) نەک بەزەیی بنچینەیە بۆ پەیوەندییەکی یارمەتیدەر. لە هەمان کاتدا، زۆری هاوسۆزی ئەگەری هەیە حاڵەتێکی ماندووبوون و زەبرێکی دووەمی(secondary traumatization) دروست بکات. ماندوویی تەنها لە چالاکی زۆرەوە دروست نابێت، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەشەوە دروست دەبێت کە ڕێگاکانی ژیان وا دیاربن هیچ هیوایەکیان تێدا نەبێت و بوارێکی بچوک لەبەردەمدا نەبینرێت. بینینی ئازاری خەڵک زۆر هەستبزوێنە، و چاوەڕوانییەکی زۆر لە خۆت دەکەیت کە یارمەتیدەر بیت. ئەگەر کەسەکە بگاتە خاڵی سنورە کەسییەکانی و پێویست

بێت بڵێت "نەخێر"، ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی پرسیاری ئەخلاقی. گرنگە کە هۆشیاری هەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی شیاو لەنێوان نزیکی و دووریدا. تەنها دووری لە ناخ و دەروونـدا وا لە کەسێک دەکات کە بتوانێت کارێک بکات کە ببێتە هۆی ڕێگری بۆ حاڵەتی گواستنەوە (transference).

پەیوەندیکردنی هۆشیارانەی پیشەگەرەکان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ جێگیری کەسی زەبربەرکەوتوو. پەیوەندیکردنی هۆشیارانە واتە لە ڕووی ناوەوە و دەرەوە ئامادە بیت. ئەمەش دەربڕینە بەهۆی شێوازی وەستانەوە ڕووبەڕووی بەرامبەر، و پەیوەندی لە ڕێگای چاوەوە، و تۆنی دەنگ، و زمان وەک وێنەدانەوەیەکی دەنگیی. لەکۆتاییدا، تێگەشتن تەنها ٧٪ی ناوەڕۆک دەگرێتەوە، بەڵام ٣٨٪ بەشی شێوازی دەربڕینە و ٥٥٪ بەشی کاردانەوەی جەستەییە (Treichel, 2011: p.165) . فریدریک نیچە ئەمەی کورت کردووەتەوە: "کەسێک ڕەنگە بتوانێت بە زمان درۆ بکات؛ بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە کاردانەوەی ڕوخساریدا ڕاستییەکە دەڵێت". (Nietzsche, 1998/1887)

پەیوەندییەکی گفتووگۆیی واتادار بەدڵنیاییەوە ئاڵنگارییەکە لە خۆیدا، بە تایبەتی ئەگەر سنوربەزاندن یان توڕەیی لە کەسە زەبر بەرکەوتووەکەدا دەربکەوێت یان بواری کاری پیشەیی بەهۆی دڵسۆزی خێزانییەوە و گوێڕایەڵ بوونەوە.

ئاڵنگارییەکە پێکدێت لە جێبەجێکردنی کارێکی پیشەیی هاوسەنگ لەنێوان تێگەشتن و لەنێوان چاودێری کردنی یاسا و دەرئەنجامەکان، لەناو مەودایەکی شیاوی نزیکیی و دووریدا. ئەم هاوسەنگییە پێویستی بە تواناییەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی و ڕێژەیەکی زۆر لە ڕێکخستنی خود و ڕێکخستنی سترێس هەیە (بۆ نمونە، لە حاڵەتی هەڵڕژاندنی هەستەکاندا) لەلایەنی پیشەگەرەکانەوە. لەم حاڵەتەدا، ئاگا لەخۆبوون دەتپارێزێت لە شەکەتبوون و زەبربەرکەوتنی دووەمیی. ئەمە دەبێت بەشێک بێت لە پێناسی پیشەیی. هەرچەندە ئەوە زۆر گرنگە کە مامەڵەکردن لەگەڵ سترێسدا بەرپرسیارییەتی تایبەتی کەسەکە نییە و نابێت ببێت، بەڵکو بنیاتی تیمەکە و لایەنەکانی دامەزراوەکە کاریگەرییەکەی زۆر لەسەری دادەنێن.

٣-٢ ڕوانگەی دامەزراوەیی

پەیوەندییە پیشەییەکان لە بۆشاییدا ڕوونادەن، بەڵکو لە دامودەزگاکانی وەک سەنتەرەکانی (ڕاوێژکردن، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان و... هتد) دا ڕوودەدەن. ئەم شوێنانە بە شێوەیەکی نمونەیی دەبێت وەک "شوێنێکی دڵنیا" (safe place) دیزاین بکرێن، لەبەرئەوەی دامەزراوەیەکی جێگیر ودڵنیا کاردەکاتە سەرپیشەگەرەکان و هاوکارەکانیان و پەیوەندییان لەگەڵ چارەخوازەکان و ڕازی بوون و سەلامەتییان(Schulze & Kühn, 2012: pp.170).

شوێنێکی سەلامەت و دڵنیا «safe place» بەندە لەسەر تۆڕێکی گشتگیری فرەلق و ڕەنگە لەسەر ڕاسپاردەییش. بنچینەی دامەزراوەیەکی هۆشیار بە زەبری دەروونی واتە گرنگییەکی تایبەتی بدرێت بە ستاف و ئەوەش ڕەچاوبکرێت کە بەهۆی ئەزموونکردنی بێدەسەڵاتیی و فشاری زۆرەوە، دەکرێت توشی زەبری دەروونی دووەمی بوبێتن تەنانەت بەبێ ڕووبەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆی ڕوداوێکی تایبەت، یانیش ڕەنگە ئەو فشارە زۆرە ببێتە هۆی شەکەتی. ناکرێت داوای هۆشیاری زەبری دەروونی بکرێت بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو بەشانەی مێشک کە پەیوەندیدارن بەزەبرەوە وە هەستیار بوون بەهۆی ئەم توانا جەخت لەسەر کراوەوە (Scherwath & Friedrich, 2012: p.180) . زانیاری دەربارەی زانستی زەبری دەروونی پارێزەرە، چونکە ئاسایش و کۆنترۆڵ بە پیشەگەران دەدات، کە بتوانن بیگوازنەوە بۆ خەڵکانی دیکە. لەبەر ئەم هۆیە، ئۆفەر و شوێن بۆ چاودێریکردن و خولی ڕاهێنان و پێویستییەکانی خاوێنکردنەوەی دەروونی پێویستە تەرخان بکرێت.

٣-٣ ئەنجامگیریی

ئەزموون کردنی ترسی گیانی و بێدەسەڵاتییەکی زۆر دەکرێت ببێتە هۆی شڵەژانی دەروونی، و سەربکێشیت بۆ گۆڕانکاری لەپەیوەندییە دەمارییەکان (neurobiology) و بنیاتە دەروونییەکان و دەرئەنجامی خراپی هەبێت بۆ شێوازەکانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا. هەربۆیە بنەمای سەرەکی لەکاتی

پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی توشبوو بەزەبری دەروونی، کەمکردنەوەی فشارە بەهۆی دروستکردنی "شوێنی دڵنیا"ەوە لە ڕووی دەرەوە و ناوەوە.

ڕێبازەکانی مامەڵەکردن لە کاری کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ کەسانی زەبربەرکەوتوودا دەبێت ئەم لایەنە لەبەرچاو بگرێت. وەک بنچینە، جێگیری و گونجاندنی دەوروبەر لە شوێن (پەیوەندیی)ەکی سەلامەت و دڵنیادا لەگەڵ ئەگەری گۆڕان و تێکەڵبوون و ئاڕاستە کردنەوە پێویستە. لەحاڵەتێکی نمونەییدا، ئەوەی پێی دەوترێت گەشەکردنی پاش زەبری دەروونی (posttraumatic growth) ڕەنگە ڕووبدات.

ئاڕاستەکردنەوە لەپاش زاڵبوون بەسەر زەبری دەروونیدا پەیوەستە بە توانای ڕێکخستنی ئەو هەستانەوە کە دروست دەبن و بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆڵ بەسەر ڕەفتاری کەسەکە خۆیدا. ئەزموونە زەبر دروست کەرەکان یەک دەگرن و دەبن بە بەشێک لە تێڕوانینی کەسەکە بۆ خۆی و جیهان. هەرچەند ئەمە بەو واتایە نایەت کە زاڵبوون بەسەر زەبرە دەروونییەکەدا یەکسانە بە "پوچەڵ کردنەوەی"، بەڵکو یەکسانە بە تێکەڵبوونی ئەو شتەی کە ئەزموونێکی ئازاربەخش بووە لە یادەوەریدا و ئاڕاستەکردنێکی بنیاتنەر لەگەڵ تێڕوانینێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و داهاتوودا. لەم پرۆسەیەدا پرسیاری مانای ژیان، هەستەکانی شین کردن ، تاوانباریی و شەرمەزا ریی دەتوانن جێگای خۆیان بدۆزنەوە. دەستپێکێکی نوێ پێویستی بە پەیوەندییەک هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەدا و پشت دەبەستێت بە تێگەشتن و حساب کردنی کۆمەڵگە بۆ کردارە توندووتیژییە ئەنجام دراوەکان. بە شێوەیەکی نمونەیی، کەسەکە ڕابردووی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە و دەتوانێت باسی بکات، و ئەو حاڵەتی بێدەنگییە ونادوییە کە لە ناو دەمارەکانیدا(neuro) جێگیر بووبوون کۆتایی پێدێت (Van der Kolk 2019 , Reddemann 2008 , Becker 2006/2014 , Schulze et al. 2012).

لە کۆتاییشدا، بەرکەوتنی زەبری دەروونی ناکرێت هەرگیز تەنها وەک زانستی نەخۆشیزانی سەیر بکرێت بەجیا لە چواردەوری کۆمەڵایەتی سیاسی. ئاستی سیاسی بەڕوونی و بەتەواوی پەیوەستە بە ڕووداوە هاندەرەکانەوە وەک ڕوونکردنەوەی تەواوەتی کێشە توندوتیژییەکان لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سیاسییدا.

ئەم ئاڵنگارییە وەک (بۆردیو) باسی لێوە دەکات "ئەوەیە کە لەهەمان کاتدا لە چارەنووسەکانی ژیان تێبگەین بە تایبەتمەندیی و گشتگیرییەکەیەوە" (Bourdieu, 1997: p.788). زەبر بەرکەوتن پڕۆسەیەکە کە تەنها لەڕێگای تێڕوانینێکی داینامیکی و ژینگەیی گشتگیرییەوە دەتوانرێت لێی تێبگەیت، کە ئەمە هەمیشە سیاسیشە. دواتریش زەبربەرکەوتن لە پاش خۆی شوێنەواری هەستکردن بە تاوانباریی یان شەرمەزاریی بەجێ دەهێڵێت، مشتومڕێک بەرهەم دەهێنێت لەنێوان بێدەنگی و قسەکردن، یان قسەی هێمادارداا. ئاڵنگارییەکی گرنگە کە زمانێکی باو هەڵبژێریت یان هێمای دیکە بۆ ئەو شۆکە. مرۆڤەکان پێویستیان بە ژینگەیەکی جێگیر، ئاسایش و هیوابەخش هەیە بۆ خۆیان یان نەوە جێگرەوەکان.

پرسیارەکان

پ١ /پێناسەی شێوازی پەرەسەندنی پزیشکی و پڕۆسەی توشبوون بە زەبری دەروونی بکە بە دەربڕینی خۆت.

پ٢ / کام حاڵەتەی زەبر باسکراوە لە دەقەکەدا؟ ئایا هاوڕایت؟

پ٣ /ئایا توشبوونی زەبری دەروونی زانستێکی نەخۆشیزانییە یان پڕۆسەیەکی سیاسی؟

پ٤ /لە چ بوارێکی کرداریی کاری کۆمەڵایەتیدا ئەزموونت هەیە؟ هۆشیاری زەبری دەروونی چی دەگەیەنێت لەم بەش یان دامەزراوەدا؟

تێبینی؛

NAWA: زانیاری و ڕاهێنانەکان بۆ کەسە زەبر بەرکەوتووەکان – بە چەندین زمان: سۆرانی، کرمانجی، عەرەبی، تورکی، فارسی، فەرەنسی، ئینگلیزی، تامیل، ڕوسی

MP٣ و دەقەکان بۆ داگرتن:

https://psz–duesseldorf.de/wir–fuer–sie/nawa/

دەقی سۆرانی:

https://psz–duesseldorf.de/wir–fuer–sie/nawa/#Kurdisch_/_Sorani

Ed.: Psychosocial Center for Refugees Düsseldorf, Germany

Conception, editing and realization: Cinur Ghaderi

سەرچاوەکان:

AlObaidi, Abdul Kareem (2013). Psychological Trauma: Experience from Iraq. J Trauma Treat S4: 005. doi:10.4172/2167-1222.S4-005

Antonovsky, A. (1997). Salutogenese. Zur Entmystifizierung der Gesundheit. Erweiterte deutsche Ausgabe von A. Franke. Tübingen: dgvt-Verlag

Bandura, A. (1997). Self-Efficacy. The Exercise of Control. New York: Freeman

Becker, D. (2006/2014). Die Erfindung des Traumas – Verflochtene Geschichten. Berlin: Freitag. Neu aufgelegt 2014, Gießen: Psychosozial Verlag

Bourdieu, P (1998/1993). Verstehen. In: Bourdieu, P. (Hg.): Das Elend der Welt. Zeugnisse und Diagnosen alltäglichen Leidens an der Gesellschaft. Konstanz: UVK, S. 779-802

Bourdieu, P. (2015/1992). Die verborgenen Mechanismen der Macht. Hamburg: VSA

Brewin C.R., Andrews B. / Valentine J.D. (2000). Meta-analysis of risk factors for posttraumatic stress disorder in trauma-exposed adults. In: Journal of Consulting and Clinical Psychology, 68 (5), S. 748–766

Brisch, K. H. / Hellbrügge, Th. (Hg.) (2012). Bindung und Trauma. Stuttgart: Klett-Cotta

Falkai, Peter / Wittchen, Hans-Uwe (Hg.) (2014). Diagnostisches und statistisches Manual psychischer Störungen – DSM-5, Göttingen, 361–396

Fischer, G. / Riedesser, P. (2009). Lehrbuch der Psychotraumatologie. München: Reinhardt.

Flatten, G u.a. (2013). Posttraumatische Belastungsstörung: S3-Leitlinie und Quellentext, Stuttgart

Flatten, G. (2011). 150 Jahre Psychotraumatologie. In: Trauma & Gewalt 5, (3), S. 190–199

Flatten, G., Gast, U., Hofmann, A., Knaevelsrud, Ch., Lampe, A., Liebermann, P., Maercker, A., Reddemann, L. & Wöller, W. (2011). S3 – Leitlinie Posttraumatische Belastungsstörung. ICD 10: F 43.1. In: Trauma & Gewalt, 5, (3), S. 202–210

Herman, J L (2015). Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence - From Domestic Abuse to Political Terror

Herman, J. (2003). Die Narben der Gewalt. Paderborn: Junferman
Hofmann, A. (2014). EMDR. Praxishandbuch zur Behandlung traumatisierter Menschen. Stuttgart: Thieme, S. S. 16–44
Janoff-Bulman, Ronnie (1992): Shattered Assumptions: Towards a New Psychology of Trauma. New York. Free Press
Keilson, H. (1979/2005). Sequenzielle Traumatisierung bei Kindern. Untersuchung zum Schicksal jüdischer Kriegswaisen. Gießen: Psychosozial-Verlag
Khan, M. M. (1963). The concept of cumulative trauma. In: Psychoanalytic Study of the Child, 18, S. 286–306, DOI: 10.1080/00797308.1963.11822932
Landolt, M. A. (2004). Psychotraumatologie des Kindesalters. Göttingen: Hogrefe
Landolt, M. A. / Hensel, T. (2007). Traumatherapie bei Kindern und Jugendlichen, Göttingen: Hogrefe. S. 15
Lansen J. (1996). Was tut “es” mit uns? In: Graessner et al. (Hg). Folter. An der Seite der Überlebenden. München: Beck, S. 253–270.
Lifton, R. J. (1986). The Nazi Doctors: Medical Killing and the Psychology of Genocide. New York: Basic Books
Lifton, R. J. (2004). Doctors and Torture. In: New England Journal of Medicine, 351, S. 415–416. Verfügbar unter: http://www.nejm.org/doi/full/10.1056/NEJMp048065 [31.01.2016]
Mlodoch, K (2017): Gewalt, Flucht – Trauma? – Grundlagen und Kontroversen der psychologischen Traumaforschung. Reihe FluchtAspekte. Göttingen
Nietzsche, Friedrich (1998/ Org.1887): Jenseits von Gut und Böse. Projekt Gutenberg eBooks, eBook #4363, “Beyond Good and Evil”, translated by Helen Zimmern
Ottomeyer, K. (2011). Die Behandlung der Opfer. Über unseren Umgang mit dem Trauma der Flüchtlinge und Verfolgten. Stuttgart: Klett-Cotta, S. 87
Pielmaier, L. / Maerker, A. (2015). Risikofaktoren, Resilienz und posttraumatische Reifung. In: Seidler et al. (Hg.). Handbuch der Psychotraumatologie. Stuttgart: Klett-Cotta, S. 74–84
Reddemann, L. (2008). Würde – Annäherung an einen vergessenen Wert in der Psychotherapie. Stuttgart: Klett-Cotta
Reddemann, L. (2011). Stabilisierung in der Traumatherapie – Eine Standortbestimmung. In: Trauma und Gewalt, 5 (3), S. 256–263

Scherwath, C. / Friedrich, S. (2012). Soziale und pädagogische Arbeit bei Traumatisierung. München: Reinhardt
Schulze, H. / Kühn, M. (2012). Traumaarbeit als institutionelles Konzept: Potentiale und Spannungsfelder. In: Schulze et. al. (Hg.). Soziale Arbeit mit traumatisierten Menschen. Reihe: Grundlagen der sozialen Arbeit - Band 28. Baltmannsweiler: Schneider Hohengehren, S. 166–189
Schulze, H., Loch, U., Gahleitner, S. B. (Hg.) (2012). Soziale Arbeit mit traumatisierten Menschen. Reihe: Grundlagen der sozialen Arbeit – Band 28. Baltmannsweiler: Schneider Hohengehren:
Spitzer, C., Wibisono, d., Freyberger, H. J. (2015). Theorien zum Verständnis von Dissoziation. In: Seidler et al. (Hg.). Handbuch der Psychotraumatologie. Stuttgart: Klett-Cotta, S. 22–38
Terr, L. (1991). Childhood Traumas. An Outline and Overview. In: American Journal of Psychiatry, 148 (1), S. 10–20
Treichel, D (2011). Kommunikation und Kultur, in: Treichel, D / Mayer, C-H: Lehrbuch Kultur., Münster, 158–169.
Van der Kolk, B (2019). Verkörperter Schrecken. Traumaspuren in Gehirn, Geist und Körper und wie man sie heilen kann. Lichtenau: Probst Verlag
Wittchen, H.-U. / Hoyer, J. (2011). Klinische Psychologie & Psychotherapie. Berlin: Springer

٣-٤ خاڵی بەیەك گەیشتنی زەبری دەروونی و جێندەر

چنور قادری

پوختە:

لە خـوارەوەدا تێڕوانینێک بۆ بابەتی زەبـری دەروونـی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر) ڕووندەکرێنەوە. سەرەتا دیاردە سەرەکیەکانی زەبری دەروونی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی دەخرێنە ڕوو. ئەزموونەکان و شێوازەکانی مامەڵەکردنی توشبوون بە تراومای ئاڵۆز بۆ کچان و کوڕان یان ژنان و پیاوان بەڕادەیەکی زۆر بەسراونەتەوە بەتێڕوانینی تایبەت بەجۆری کۆمەڵایەتی و دەرئەنجامە دژبەیەکەکانی لێکۆڵینەوەکان. خاڵی بەیەک گەشتنی زەبری دەروونی لەگەڵ جۆری کۆمەڵایەتی هەندێک لایەن ئاشکرا دەکات. بەیەک تێڕوانین لەسەر تراوماو جێندەر سنورداری وەڵامی نارۆبایۆلۆجی دەخاتە ڕوو، ئەو بۆچونە بە نەخۆشیکردنی (pathologization) مرۆڤەکان و شاردنەوەی هۆکاری شڵەژاننەکانن کە ستەم و زۆرو توندوتیژییە کە لە ناو بونیادی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئاشکرای دەکات کە ئەم حاڵەتە خۆی دەبینێتەوە لە باڵادەستی پەیوەندییەکان و بەجێندەرکردنی جەستەدا.

ئەو زەبـرە دەروونیـەی کە پەیوەستە بە جێندەرەوە مانای ئەوەیە کە بەئاگا بیت لە بنەماکانی لایەنی بایۆگرافی، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاگا بیت لەوەی نە هۆکارەکانی تراوما و نە خودی زەبرەکەش تەنها تاک و کەسیی نین و تێگەشتن لێیان ئەستەمە بەبێ تێگەشتن لەکۆی پڕۆسەکە. ئەمەش بە بینینێکی واقعیانەی مەترسیە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچە ململانێکاندا کە بە جینۆساید و جێندەرساید دەناسرێتەوە.

زاراوە سەرەکییەکان: زەبری دەروونی، توشبوون بەزەبری دەروونی، جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر)، کاری کۆمەڵایەتی، ڕاوێژ وەرگرتن بۆ تراوما، توندوتیژی دژی ژنان

پێشەکی

کوردستان ناوچەیەکە کە لە ساڵان و سەدەکانی دواییدا ڕوبەڕووی چەندین جەنگ بووەتەوە. بە وتەی زانای کوردی کەنەدی شەهرەزاد موجاب (٢٠٠٣)، چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەم ناوچەیە بووە بە «جێگای جینۆساید و جێندەرساید»، بە دەربڕینێکی تر ناوچەیەکە شێوازی توندوتیژیی جۆراوجۆری تێدایە. کۆمەڵکوژییەکە پێشترپەیوەندی هەبوو بە حکومەتی عێراقەوە دژی کۆمەڵگەی کوردی، لەم کاتەدا، تراژیدیا و کۆمەڵکوژی دیکەش رویداوە، بۆ نمونە دژی ژنە یەزیدییەکان لەلایەن داعشەوە.

لە هەموو ئەم ململانێیانەدا، ژنان وکچان وەک کەرەستەی جەنگ بەکار هێنراون، چەوسێنراونەتەوە، دەستدرێژیان کراوەتە سەر و بوون بە قوربانی توندوتیژی جێندەری وە ژنان بە بێدەنگی یان شۆڕشگێڕانە بەرگریان کردووە. لەهەمان کاتدا، بەوتەی موجاب کۆمەڵگەکە لەسەر بنەمای هەڵاوێردنی ڕەگەزی سێکسی (sexual apartheid) بنیات نراوە، موجاب تەنانەت باسی ڕەگەزکوژی دەکات لەسەر بنەمای چەندین جیاکاری دژی ژنان، کە لەگەڵ هۆکاری دیکەشدا بووەتە هۆی زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان وکچان. ئەم توندوتیژییە ناکرێت بچوک بکرێتەوە بۆ توندوتیژی تاکە کەسە نێرەکان دژی تاکە کەسە مێیەکان (موجاب، ٢٠٠٣) و بەڕوونی بەندە بە بنیاتی کۆمەڵگاوە. تێڕوانینی موجاب ڕەنگە بەزیادەڕەوی دابنرێت، چونکە لە ساڵی ٢٠١١دا (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق) دەرکرا و چەندین لایەن لە ئێستادا لە هەوڵی جێبەجێکردنیدان. بارودۆخی ژنان لەکوردستاندا بە "باشتر" هەژمار دەکرێت بە بەراورد بە هەموو عێراق.

هەروەها ڕونیشە کە هەندێک لایەن هەیە لە پەیوەندیی جێندەری، چەوساندنەوە و توندوتیژی کە دەکرێت ببێتە هۆکاری زەبری دەروونی، بۆ نمونە توندوتیژیی لەسەر بنەمای شەرەف لە کۆمەڵگە کوردییەکاندا، و توندوتیژی سێکسی وەک ستراتیژییەتی جەنگ، هەروەها جەنگە شۆڕشگێڕیەکانی ژنە کوردەکان دژی دەوڵەتی ئیسلامی (IS) و مامەڵەی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ ژن وکچە یەزیدییەکاندا وەک کردەی کۆمەڵکوژی.

لەبەرامبەرئەم پێشینەمێژووییە و زانیاریەکان دەربارەی هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە ئەم پرسیارانەدێنەکایەوە:

لەڕووی زانستیەوەچ زانیاریەک هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان زەبری دەروونی و جێندەر؟

-ئایا دەکرێت لە ڕووی لێکۆڵینەوە پزیشکییەکانەوە لە تایبەتمەندی جۆری کۆمەڵایەتی بڕوانرێت؟ ئایا دەکرێت جیاوازییە جێندەرییەکان دەستنیشان بکرێن لەسەرهەڵدان و پڕۆسەی نەخۆشییەکی زەبری دەروونیدا وەک PTSD؟

-ئەگەر بەڵێیە، چ هۆکار و ڕونکردنەوەیەک هەیە؟

-و ئەو زانیارییە چۆن سوودی لێ وەربگیرێت بۆ بابەتی زەبری دەروونی لە بوارە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکاندا؟

١-لەڕووی زانستیەوەچ زانیاریەك هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان زەبری دەروونی و جێندەر ؟

هەروەک لەسەرەوە باسکرا (چاپتەری ٣ . ٣) زەبری دەروونی چەمکێکی مشتومڕ لەسەرە بۆ پێناسەکردن، کە ئاماژەیە بۆ ڕوداوێکی توندووتیژیی، لەگەڵ کاریگەرییە دەروونیەکەشیدا لەسەر کەسێک، کۆمەڵەیەک یان کۆمەڵگەیەک. لە لێکۆڵینەوەکاندا سەبارەت بە جۆری کۆمەڵایەتی»ڕەگەزی سێکسی» بەکاردێت بۆ باسکردنی ڕەگەزی نەگۆڕاوی بایەلۆجی و «جێندەر» بۆ ئەو شەقڵەی کە کلتور و ئاست و ژینگەی تایبەتی دیاری دەکات بۆ ڕۆڵی ڕەگەزەکە (بڕوانە چاپتەری تایبەت بە جێندەر). زانست سەلماندویەتی کە وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، جۆری کۆمەڵایەتی شێوازی کۆمەڵگەکانمان دیاری دەکات، لە چالاکییەکانی ڕۆژانەماندا، لە ژیانی کار و زماندا. دەسەڵات و هە لی بەشداریکردن لەکۆمەڵگادا بەستراونەتەوە بە ڕەگەزەوە، بەهەمان شێوە ستراتیجی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشی وناخۆشی بەستراونەتەوە بە چەمکەکانی پیاوەتی و مێیەتی. لە منداڵیدا، چەمکێکی جێندەری جیاکراوە و کەسیی شێوەدەگرێت: هەر تاکێک لە ئێمە هەر لەمنداڵییەوە بەرەو ئەرکی جۆری کۆمەڵایەتیمان گەشە دەکەین، بە قبوڵکردن و لاساییکردنەوە و لەهەمان کاتیشدا دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لەڕێی لاسایی کردنەوەوە. زۆرکەس ئاشنان بە دەربڕینی (ڕۆڵگێڕان بەپێی جێندەر- doing gender). بەرەفتارکردنی جێندەریمان، شێوازەکانی هەڵسوکەوتمان لەبونیادی کۆمەڵایەتی جێندەری بەرهەم دەهێنینەوە؛ ڕەگەز تەنها ژنان ناگرێتەوە، کە زۆرجار دەبەسرێتەوە پێیانەوە، بەڵکوهەموو ڕەگەزە

پەیوەندیدارەکان دەگرێتە خۆی سەرەڕای جوترەگەزیی لە هەردوو نێر و مێدا و هەروەها ڕەگەزەکانی دیکەش بەپێی[10] LGBTQIA+.

جۆری کۆمەڵایەتی دەبێتەفۆرمێک و بڵاودەبێتەوە بەناو هەموو ئەزموون و ڕەفتارە کەسییەکانماندا، بەناو پێناس و ژیانماندا. ئەمە بەسەر خزمەتگوزارییە دەروونی- کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەری دەروونیشدا دەچەسپێت:

-بۆ نمونە، پیاوان وەک کۆمەڵەیەک کە کەمتر سەردانی لایەنی پەیوەندیدار دەکەن نیگەرانن لە قسەکردن لەبارەی حاڵەتەکەیانەوەو خۆیان بەدوور دەگرن بە وەرگرتنی خزمەتگوزارییە ڕاوێژییەکان، نمونەی "پیاوێکی پیاوانە" (Malboro Man) کەسێکی توند، سارد، بەهێز و لۆجیکییە. توندوتیژ و کەلە ڕەقە. بۆشایی نێوان ئەم پێشبینییانە و واقیع دەبێتە هۆی ناجێگیری دەروونی، شەڕەنگێزی و حاڵەتی ئالوودەبون و توندوتیژی (Gahleitner & Reddemann, 2014)

-وادادەنرێت کە ژنان هەستەکانیان دەردەبڕن و هەستیارن و ئاسانتر دەتوانن ترس و بێچارەییەکانیان دەربڕن. ئەمە دەرئەنجامی ئەو توندووتیژییە هەمیشەییەیە کە لە هەموو شوێنێکدا دژی ژنان ئەنجام دەدرێت.

-ئەمە واتە پیاوان و ژنان بە زۆری بە پێی کلێشەی جۆری کۆمەڵایەتی ڕەفتار دەکەن، کاتێک کە تەنانەت چالاکە کۆمەڵایەتییەکان و پزیشکە دەروونییەکانیش سەختە بەلایانەوە جێندەر فەرامۆش بکەن (هەڵوەشاندنەوەی جێندەر (Hirschauer2000) "(undoing gender).

بەڵام ئایا چۆن تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و بایەلۆجییەکان بەڕێگەیەکی بەرجەستە کار دەکەنە سەر ئەزموونەکانی توشبوون بە زەبری دەروونی تووند؟

٢- ئایا دەکرێت تێبینی جیاوازی جێندەریی بکەین لە توێژینەوە پزیشکییەکاندا؟

ئەگەر لە ڕەگەز بڕوانین لە لێکۆڵینەوەکانی زەبری دەروونیدا و بپرسین: تایبەتمەندی جێندەری هەیە لە ئەزموونە پزیشیکی و چارەسەرییەکانەوە، ئەوە وەڵامەکەی هاوکات بەڵێ ونەخێرە. هەندێک بەڵگە هەیە لە ئەزموونە پزیشکییەکانەوە، بەڵام دەرئەنجامی پێشبینی نەکراویان هەیە: ژنان زیاتر ئەگەری توشبوونیان هەیە بە PTSD لە پیاوان.

10 /Lgbtqia+ –Lesbian, Gay, Bisexual, Pansexual, Transgender, Genderqueer, Queer, Intersexed, Agender, Asexual, and Ally community

زۆرینەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر بڵاوبوونەوەی تراوما لەناو پێگەشتواندا بەردەوام بۆیان دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زیاتری PTSD لە ژنان و کچاندا هەیە. ڕێژەکە بە نزیکەیی دوو هێندەیە. سەرسوڕهێنەرانە، ئەم جیاوازیانە لە بەربڵاویدا بەهۆی ئەوەوە نییە کە ژنان زیاتر ڕووبەڕووی زەبر ببنەوە، هەروەک لێکۆڵینەوەکان هاوڕان: پیاوان زیاتر ڕووبەڕووی ئەزموونی زەبر درووستکەر دەبنەوە لە ژنان.

لەسەرەتادا ئەم دەرئەنجامانە ڕەنگە لێکنەچوو و نارِوون دەربکەون لەبواری تووشبوون بە فرەزەبری دەروونی (multiple traumatization). لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە ئەم جیاوازییە ڕەگەزییانە وەک نمونەیەک لەناو دانیشتوانی مەدەنیدا دووبارە دەبنەوە، بەڵام بۆ نمونە لەناو سەربازەکاندا بوونی نیە، لەبەرئەوەی هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان ژنان و پیاواندا. هەروەها ئەزموونی پزیشکی پێمان دەڵێت کاردانەوەکان بۆ توندوتیژی توند و توندوتیژی سێکسی و پشتگوێ خستنی پەروەردەی منداڵ بۆ نموونە پێنەدانی خۆراک و سۆزو خۆشەویستی، زیاتر لەیەک دەچن هەتا کاریگەرییەکانی زەبرەکان توندتر بن. ئەگەری خۆ ئازاردانی توند و ڕەفتاری خۆ بە دوور گرتنیش (dissociative) هەروەها بەشێوەیەکی یەکسان لەناو هەردوو ڕەگەزەکەدا دەکرێت ببینرێت. یەک ڕوونکردنەوەی شیاو بۆ بەرزی ڕێژەی PTSD لە کچان و ژناندا ڕەنگە شێوازی زەبرەکە بێت، چونکە ژنان و کچان زیاتر ئەگەریان هەیە لە پەیوەندییە نزیکەکانیاندا زەبریان ڕووبەڕووبێتەوە (interpersonal) وەک لە پیاوان، بۆ نموونە لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆیان، وەک توندوتیژی جەستەیی، دەستدرێژی، هێرشی سێکسی یان توندووتیژی کاتی منداڵی. کەواتە: هیچ جیاوازییەکی جێندەری نابینرێت لە زەبری توندا (بۆنمونە لە نێوقوربانیەکانی ئەشکەنجەدا) بەڵام ژنان زیاتر ڕووبەڕوی توندووتیژی سێکسی دەبنەوە (Spitzer/Wingenfeld/Freyberger, 2015: p.107).

٣-چ ڕوونکردنەوەیەك هەیە بۆ جیاوازی جێندەری زەبری دەروونی ؟

مشتومڕێکی زانستی هەیە سەبارەت بە حاڵەتی زەبری دەروونی تایبەت

بە ڕەگەزەکان، و لێکۆڵەران بەچەندین ئاڕاستەی جیاوازدا لە هۆکارەکەی ئەو ڕاستییە دەکۆڵنەوە کە جیاوازییەکان ناکرێت بەهۆی بایەلۆجییەوە بێت. لەپاش شیکردنەوەی چەندین لێکۆڵینەوە، (گالاٚیتنەر و ڕێدەمان / ٢٠١٤) گەشتن بەو دەرئەنجامەی کە «جیاوازییە بایلۆجییەکان لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەتا ئەمڕۆ تەنها لایەنێکی ناپەسەندی جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان ڕوون دەکەنەوە» (ibid: p.182).

لەتوێژینەوەکانیاندا بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان، هەندێک لەزاناکان ڕووبەڕووی کاریگەری میتۆدیانە بوونەوە: لە خودی توێژەران و بەشداریکەراندا بۆچوون و هەڵسەنگاندنەوەی ڕەگەزی تایبەت بوونی هەیە. چاودێریکەران تێڕوانینی کلێشەییان (stereotype) هەیە سەبارەت بە ڕەگەزەکان، بە واتایەکی دیکە، ئەو زانیارییەی کە بەدوایەوەن و دەیدۆزنەوە و هەڵی دەسەنگێنن بێلایەن نییە. ئەمە ناڕوونی بەجێ دەهێڵێت هەم لە کرداری لێکۆڵینەوەکە و هەم لە بارودۆخی زانیارییەکاندا. بۆ نمونە، شارەزایان توندوتیژی سێکسی هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لەسەر بنەمایەکی ڕەگەزی دەبینن. کۆمەڵی قوربانی- تاوانبارەکان لە ژێر بنیاتی تێڕوانینێکی پێشدادوەری ڕەگەزیی و لایەن گرییدان. نمونەیەک بۆ ئەمە بریتیە لەو شێوازەی کە شارەزایان دەڵێن توندوتیژی سێکسی دووهێندە ئەگەری ڕوودانی زیاترە بۆ کچان. لە کاتێکدا زۆرجار چاوپۆشی لەو ئەگەرە دەکرێت کە ژنان تاوانبار بن.

بە دڵنیاییەوە، وەڵام بۆ حاڵەتی زەبری دەروونی پەیوەست بە ڕەگەزەوە وەڵامێکی فرە هۆکارە و هۆکارە مێژوویی ، کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان لە خوارەوە باس دەکرێن.

١-٣ مێژووی زانستی زەبری دەروونی لە گۆشەنیگای هۆشیاری جێندەرییەوە

لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی پێشتر، جێگای سەرسوڕمان نییە کە مێژووە بەنزیکەیی ١٥٠ ساڵەکەی زانستی زەبری دەروونی خۆی بە حاڵەتی تایبەتمەندی جێندەری بناسرێتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، دەمەوێت دوو نمونە بخەمە ڕوو:

نموونەی مێژوویی یەکەم: بنیاتنانی نێربوون یاخود پیاوەتی (constructing masculinity). کارکردن لەسەر قوربانی زەبر کە زیاتر پیاوان توش بوون، کارکردن بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دووچاری نەخۆشی شۆکی قەڵغانی (shell-shoked) لەجەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و دواتریش جەنگی ڤیەتنام بونەوە. پیاوە زەبر بەرکەوتووەکان پێیان دەوترا (لەرزۆکەکانی جەنگ /

Kriegszitterer) لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا وەک کەسانی پەککەوتەی ئەخلاقی و لاسایی کەرەوە، ئازاردەدران و پێیان دەوترا لاواز و ترسنۆک. ئەمەش واتە تێگەشتنیان بنیاتێکی ڕەگەزییانە و پێشدادوەری تێدا بووە، هەروەها بنیاتێکی کۆمەڵایەتی نێربوون و پاڵەوانییەتی ئەو سەردەمە، و قەدەغەبوونی لاوازی و شەکەت بوونی دەروونی ودەرکەوتنی کاریگەری بارە قورسەکان لەسەر پیاوان بە شێوەی نەخۆشی دەروونی.

نمونەی مێژوویی دووەم: بنیاتنانی مێیەتی (femininity constructing). توێژینەوە لە زەبـری دەروونـی بە شێوەیەکی مێژوویی لە توێژینەوە لە هیستریا (دەربڕینی هەستەکان بە شێوەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو) سەری هەڵدا. فرۆید سەرکەوتوو نەبوو لە هەوڵەکەی بۆ دانانی هیستریا وەک دەرئەنجامی زەبری ڕاستەقینەی سێکسی. لابردنی تابووەکان شکستی هێنا، فرۆید دواتر لە بیرۆکەکانی پاشگەزبووەوە. مێژووی هیستریا مێژوویەکە لە نکۆڵیکردن لەئەزموونی زەبرەدەروونیە سێکسییەکانی ڕەگەزی مێ، لەسەر پێشینەی پەیوەندییە ڕەگەزییەکان لەگەڵ جیاوازییەکی زۆری دەسەڵات و سەرمایەی مرۆیی، وێنەیەکی ڕەگەزی مێ، کەبریتیە لە ڕق وگوناه و ئەخلاقی نزمی پێوە لکاو،کە ئەمەش بەواتای بونیادی مێ بوون چەسپێنراوە (Herman, 2003).

سەرنج ڕاکێشە کە ببینیت چۆن توندوتیژی سیاسی (جەنگ بۆ پیاوان و توندوتیژی لە پەیوەندییە نزیکەکاندا بۆ ژنان) بەپێی نیشانەکانی سەردەمەکە بێنرخ کراوە و بە نەخۆشی دەست نیشانکراوە. بەرگریکردنی ئەم گروپانە بووەتە هۆی ئەوەی ناساندنی دەرئەنجامەکانی توندوتیژی خراپ بە PTSD لە قەڵەم بدرێت. ئەم لە قەڵەمدانی بە نەخۆشی کردنە دەکرێت لە هەمان کاتدا هەم دوورکەوتنەوە لە ڕوونکردنەوەیەکی سیاسی و هەم خۆدزینەوە لە بەرپرسیاربوونیش بێت، ئەگەر نکۆڵی بکرێت لە گەڕاندنەوەی نیشانە دەروونیەکان بۆ ڕوداوە ڕاستەقینەکان. هەربۆیە، چەمکە پەیوەستەکان بە زەبر هێشتاش مشتوومڕو گرژیان لەسەرە لەنێوان کارلێکردنی بە سیاسی کردن یان بە نەخۆشی کردندا.

٢-٣ تێڕوانینێک لە پڕۆسە ی بەرکەوتنی زەبری دەروونی لە سەرهەڵدان و گەشەکردندا

مەرج نییە بەرکەوتنی زەبر هەموو کەسێک دووچاری شڵەژانی دەروونی بکات، بەڵکو بەندە لەسەر چەندین هۆکار. بێگومان بەکارهێنانی ڕونکردنەوەیەکی

فرەلایەنی بایۆسایکۆسۆشیالی بۆ هۆکارەکانی توشبوون بە PTSD لایەنەکانی تایبەت بە جێندەریش ڕەچاودەکات، کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز گرێدراون بەهەردووفاکتەرەکانی مەترسی و پارێزگاری. ئەمە واتە ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی گشتگیر قسە لەسەر کاریگەریەکانی تایبەت بە جێندەربکەین، چونکە ئەمە بەندە بە توندی و جۆری زەبر بەرکەوتنەکە و ڕادەی ویستی کەسەکە، کە نەک تەنها پەیوەستە بە لایەنی جێندەرەوە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە لایەنی تریش کاریگەرن وەک تەمەن، پلە، لەش، سەرچاوەی دارایی و کۆمەڵایەتی، توانای مامەڵەو بەرگەگرتنی دەروونی، پەروەردە، هتد. ئەم فاکتەرانەش هە مو ڕۆڵی خۆیانیان هەیە، بەڵام پلەی کارتێ کردنی جێندەر لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەرزترینە و بۆ ژنان و پیاوان شێوەی جیاوازدە گرێتەخۆی.

هەندێک توێژینەوەی ڕابردوو لە پڕۆسەی ڕەگەزییان کۆڵیوەتەوە. بەوپێیەش دەتوانرێت هەردوو حاڵەت ببینرێت هەم دیاردەی تایبەت بەڕەگەزوەهەم دیاردەی گشتی نێوان خەڵک. بەپێی ئەم توێژینەوانەکچان وەک کوڕان هەوڵ دەدەن بۆ قەرەبووکردنەوەی فشاروسترێس بۆ خۆلادان لە زەبر، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە کە نەتوانن زەبرەکەیان بیربکەوێتەوە (لەدەستدانی یادەوەری). بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش، لەش و دەروون ڕۆڵە جیاوازییەکانی کلێشەی ڕەگەزی دەگێڕن. پیاوان و ژنان بە شێوازێکی تێکشکێنەر وەک کلێشەی ڕەگەزەکانیان ڕەفتار دەکەن. ژنان زۆرجار کاردانەوەیان هەیە بەشێوەی داخراویی و قوربانیدان و دووبارە خۆکردنەوە بە قوربانیی. ئەوپیاوانەی کە ئەزمونی تراومایان هەیە هەوڵەدەن بەشێوەی توندوتیژی وتاوان کردن بەرامبەر کەسانی تر بەرەنگاری بارودۆخەکەیان ببنەوە. ڕونکردنەوەیەک بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە کاتی قەیراندا و لەگەڵ ئەزموونی زەبر درووستکەردا، خەڵک پشت بە شێوازوهێمای ئاشنا دەبەستن بۆ ڕێکخستنەوە و پارێزگاری، لەبەرئەوەش ڕەفتاری کلێشەیی جێندەری ئەنجام دەدەن.

لە یەکەم ڕوانیندا ژنان وا دەردەکەون "هەنگاوێک لەپێش" پیاوانەوە بن، چونکە باشتر دەتوانن لە هەستەکانیان و دەرئەنجامی زەبر بەرکەوتن تێبگەن ،هەستی پێ بکەن و زیاتر توانای دەربڕینیان هەیە، لە کاتێکدا پیاوان هەستەکانیان دەرنابڕن و نکوڵی لە حاڵەتەکە دەکەن. پێزانینی تاک لە ئازارەکانی

خۆی بەبێ بەرنامەڕێژییەک و ئەگەرێک بۆ هەستانەوە لێی بە بەهێزی، زۆرجار لای ژنان دەبێتە هۆی ئەوەی سەرنج بخەنە سەر قوربانی بوون و تێگەشتنێکی زۆر هەستیارانە، پیاوان زیاتر "گیردەکەن" لە پشتگوێخستن و چەپاندنی هەستەکانیاندا. ئێستا دوو ڕێگا هەیە: یان سوڕێکی سەختی پشتگوێ خستن یان ڕوبەڕووبوونەوەی ڕابردوو. ئەمە دەکرێت هەلێک بێت بۆ چاوخشاندنەوە بە ڕەفتاری تێکشکێنەری تایبەت بەجێندەریدا. ئەگەر سەرکەوتوو بوو لەشکاندنی چەقبەستوویی ڕۆڵی ڕەگەزییدا، ئەوا چەقبەستوویەکە ڕەها دەبێت و دەکرێت ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنیاتنەر. پیاوان ڕایدەگەیەنن کە هەستەکانیان زیندووبوەتەوە و باشترلە بە قوربانی بوون تێدەگەن، لەکاتێکدا ژنان باس لەپەرەسەندنی پێداگریی و توانای بڕیاردان و هونەری مامەڵەکردن دەکەن. بەم شێوەیە گۆڕینەوەی ڕۆڵی ڕەگەزی دەبێتە هۆکارێکی باشبوونی تەندروستی لە پڕۆسەی زەبری دەروونیدا.

٣-٣ سیاسەتی جەستە وپڕۆسەی زەبری دەروونی

سیاسەتی جەستە بەسیاسیی کردنی جەستەی کەسەکان دەکات بە ئامانج و ە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی جەستە لە ناوەڕۆکی پلەبەندی سیاسییدا بێت وەک هێمایەکی پلە و دەسەڵات. کێشە کەسییەکانی پەیوەست بە جەستەوە؛ وەک دەستدرێژیی، ڕێگریکردنی کەسەکە خۆی بۆ منداڵ بوون ، شێوازی قژ و جلوبەرگ، دووگیانی، یان هێرشی سێکسی وەک کێشەی سیاسی دەبینرێن. جەستە ئەو شوێنەیە کە تیایدا بنیاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازییەکان لەسەر مرۆڤەکان دەچەسپێنرێن. خستنە ژێردەستی جەستەکان بۆ ڕێکخستنە حکوومییەکان ڕێگایەکە بۆ دڵنیابوون لەوەی کەسەکان بە شێوازێکی پەسەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەفتار بکەن. "جەستە لە ڕیزبەندییەکی دووبەشی هەرەمیدا دانراوە، بۆ نمونە، نێر/ مێ؛ کەسانی ساغ/ پەککەوتە؛ قەڵەو/ لاواز؛ ڕەگەزی بەرامبەرخواز/ هاوڕەگەزخواز؛ و گەنج/ پیر." (بڕوانە Waylen et al. 2013)

بەرکەوتنی زەبری دەروونی پەیوەندی هەیە بە جیاوازییەکی زۆری دەسەڵات کە لەسەربنەمای پەیوەندییە جێندەریە کلتوورییەکانەوە بە یاسایی کراون. پەیوەندیی باڵادەستی جێندەری شتێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو سیاسەتێک

هەیە کە کار لەسەر گونجاندنی ئەو چوارچێوەیە دەکات و دەیشەرعێنێت، ئەو کاتەی تاوانێک وەک "دژەیاسا" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر توندوتیژی جێندەری لە جەنگدا بەڕەوا دابنرێت ولە ڕووی یاساییەوە پاڵپشتی بکرێت، ئەواکۆمەڵگە کەسە قوربانیەکە دوورەپەڕێزلەخۆی دەگرێت، واتە نایگرێتە خۆ بەهۆی ئەو رەفتارەی کە بەرامبەری کراوە. نمونە یەکی تر ئەوەیە کەکاتێک سوکایەتی و کەمکردنەوەی دەروونی لە پەیوەندییە نزیک یان پشت پێبەستووەکاندا وەک بابەتێکی تایبەتی وکەسی (eprivat) دابنرێت و پشتگوێ بخرێت. تێگەشتن لە بارودۆخەکەش پەیوەستە بەوەی چ بنەمایەکی جێندەری لەناو کۆمەڵگە بەرکارە پاش زەبرەکە. بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان هەلە کەسییەکان دروست دەکەن و ئاڕاستەیان دەکەن. بەرگەگرتن لەگەڵ چەند ڕێبازێکی شیاودا دەبێت. لەوانەش؛ پاراستنی یاسایی، کە هەلی ڕاستەقینە درووست بکات لە دەرئەنجامدا، وەک پشتگیری کۆمەڵایەتی، چارەسەری دەروونی، ئاسایشی خێزانی، سەرچاوەی دارا یی، هتد. زۆر گرنگە کەئایا ئەو توندووتیژیەی ئەزموون کراوەلەکۆمەڵگەدا باسی لێوە دەکرێت؟ ئەگەرباسی لێوەدەکرێت ، چۆن باسی لێوەدەکرێت؟ وەکام شێوەی باسکردن لەکۆمەڵگادازاڵە؟ وە ئەم لێدوانە زاڵانە چەند پەیوەستن بە جۆری کۆمەڵایەتیەوە؟

هەندێک نمونە و لێکۆڵینەوە هەن لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نمونە، چۆمان هەردی و کارین ملۆدۆخ لیکۆڵینەوەیان لە سەر ئەنفال کردوە بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی جێندەر.

توێژینەوەکەی چۆمان هەردی (Hardi, 2011) "ئەزموونەکانی جێندەری لە جینۆساید – ڕزگاربوانی ئەنفال لە کوردستانی عێراق" ئەوە دەردەخات کەجیاوازی جێندەری هەیەلەشێوەی باسکردن وهەڵس وکەوت کردن لەگەڵ ئەزموونەکانی توندوتیژی دەوڵەت لەکاتی هێرشی ئەنفالدا. "زۆربەی پیاوەکان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کوژران، هەروەها هەندێک لە ژنەکانیش کوژران، ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی" (ibid.: p.4). هەر بەوپێیەش، ئەزموونە ڕەگەزییەکان دەرخەری ئەوە بوو کە ژنەکان لە کامپەکاندا بوون و لەوێدا سەرقاڵ بوون بە سوڕی مانگانە، دووگیانی و منداڵبوون، نەخۆشی، مردنی منداڵ و ترسی دەستدرێژی کرانەسەر. دواترلە دوای ئەنفال ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی بنیاتانەوەی ژیانیان بوونەوە لە سیستمێکی

پیاوسالارییدا بە نەبوونی کوڕەکانیان، مێردەکانیان و باوکیان کە ڕفێنرابوون و کوژرابوون.

لە ڕاستیدا چۆمان هەردی لە چاوپێکەوتنەکاندا تێبینی جیاوازی ڕەگەزیی کردوە لە دەربڕین و تێگەشتنیان لەو زەبرە دەروونیانەی ئەزموونیان کردووە: "بە گشتی گەواهیدانی پیاوەکان ڕەسمی و گشتگیر بوون" (ibid.). پیاوەکان باسی زنجیرە ڕوداوەکانیان دەکرد بەپێی تێپەڕبوونی کات، بەڵام بەبێ هەست، یاخود کۆنترۆڵی هەستەکانیان دەکرد. واتە دەوەستان و بەردەوام نەدەبوون لە قسەکردن هەتا دووبارە دەیانتوانی کۆنترۆڵی دەنگیان بکەنەوە بەبێ گریان.

ژنان بەهەست و سۆزەوە باسی بابەتەکەیان دەکرد و زانیاری زۆر تایبەتییان دەخستە ڕوو. بۆیە گێڕانەوەکەیان لەگەڵ پێشبینی جۆری کۆمەڵایەتی دا دەگونجێت و کار دەکاتە سەر وتەکانیان. بابەتێکی قەدەغەی هاوبەش هەبوو لە ناو ئافرەتەکاندا، لەبەرئەوەی نەیان دەویست باسی کێشەکانی پەیوەست بە جەستە بکەن: "بەهەرحاڵ، لە کاتی پرسیارەکانی سەبارەت بە لەشفرۆشی و دەستدرێژی سێکسی و هەراسانکردنی سێکسیدا، بێدەنگییەک دروست دەبوو [...]. لەم کۆمەڵگە دیاریکراوەدا کێشەی توندوتیژی سێکسی و بە قوربانی بوون دەکرێت لە دژی قوربانییەکە بەکار بهێنرێت و لۆمەیان بکرێت بۆ ئەو شتانەی دەکرا ڕێگرییان لێبکردایە" (ibid.: p.74).

لە گوتارە نەتەوەییەکاندا "گێڕانەوەی چیرۆکی نەتەوە" دەبینین لەسەر جەستەی ژنان. ژنان یان جەستەی ژنەکان، نەک تەنها ئەرکی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بایەلۆجی و کلتوریان لەناو خێزان ونەتەوەداپێدراوە، بەڵکوباری نوێنەرایەتیشیان خراوەتە سەرشان. ئەوان دەکرێنە نوێنەری قەوارە و شوناسی هەمووان. هەروەها شەرەفیشیان بەستراوەتەوە بە یاسایەکی ئەخلاقی و کلتووری توندەوە و وەک "سمبولی پارێزەری سنووری نەتەوە " دادەنرێت، واتە بەهێمای سنوریی جیاوازیی نەتەوەیی، نەژادی و کلتوریی دەبینرێن. ژنان بەهیچ شێوەیەک تەنها قوربانی سیستمێکی دەرەبەگی پیاوسالاری و سەرمایەداریی بەڕێوەبەری نێرەکان نین کە تیایدا توندووتیژیان بەرامبەر دەکرێت. بەڵکو ژنان بە دوولایەنی و جوت هەستی هەنگاو دەنێن: لەهەمان کاتدا لەسەر پەیڕەوی ڕیزبەندی جێندەری بەردەوامن و بەو هۆیەشەوە بەشدارن لەڕازییبوونە ئاساییەکەی خۆیان، هەروەها پشتیوانی لە بەئاسایی و یاسایی

کردنی نۆرمەکان دەکەن. لەوێشەوە دەبنە هۆی چاوخشاندنەوە بە سیستمەکەدا و یارمەتیدەرن لە دروستبوونی پەیوەندییە جێندەرییەکان و گۆڕانکارییەکانیان.

دەرئەنجام ئەم هۆکارانەی خوارەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پەرەسەندنی هۆشیاری جێندەریدا:

پێش ڕوداوی زەبر دروستکەر:

• پێکهاتەی بایۆگرافی کەسیی، دروستی دەروونی و بەرگەگرتنی کەسەکە.

• بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بنیاتنراوەکان (بۆ نمونە، چۆن توندوتیژی خێزانی لەسەر بنەمای جێندەر وەک ساتێکی بنیاتنەر حسابی بۆ دەکرێت؟ یاسا چی دەڵێت؟ کام سیاسەتی جەستەیی زاڵە؟)

لەکاتی ڕوداوی زەبر دروستکەر:

• وەڵام وکاردانەوەی نۆرۆبایۆلۆجی کەسیی بۆ ستریس

پاش ڕوداوی زەبر دروستکەر:

• لەباسی یادەوەری و حیکایەتە مەزنەکانی کۆمەڵگاونەتەوەدا کێ بە پاڵەوان و کێ بە قوربانی دادە نرێت؟ چی تابووە بۆباسکردن؟ ئایا ئەزموونەکانی توندووتیژیی تەنها لە چوارچێوەی بیروبۆچونی نیشتیمانی، ئاینی و نەژادیدا دەتوانرێت باسی لێوە بکرێت یان لەوە زیاتر؟ لەباسکردندا زیاتر وەکو دیاردەیەکی بەسیاسی کراوە یاخود وەکوشڵەژان و نەخۆشی دادەنرێت؟ لاوازکەرە یان بەهێزکەر، بابەتییە یان کەسیی؟ ئایا دەبێتە هۆی لاوازی یان دەبێتە هۆی گەشەی پاش زەبری دەروونیش؟

• ئایا بارودۆخی ژینگەیی هەیە کە ببێتە هۆی باشبوونی تەندروستی کەسەکە، بۆ نمونە بە هۆی چارەسەری دەروونی یان بە شێوازی باشتربوونی باری ژیانی تایبەت بە تاکەکەس یان کۆمەڵگە؟

٤-هۆشیاری جێندەری زەبری دەروونی لە کاری کۆمەڵایەتیدا

کارکردنی هۆشیارانە بۆ جێندەرو زەبر کارێکی فرەلایەن و ئاڵۆزە. بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی لەنێوان هۆکارە ناوەکییەکان وژینگەییە دەرەکییەکان بە مەبەستی گەشەکردنی دەروونی گرنگی خۆی هەیە.

هیچ لایەنێک نابێت پشتگوێ بخرێت لە چوارچێوەی ڕاوێژکردندا: کێشە جێندەریەکان دەکرێت ببنە هۆی سەرلێ تێکچوون، وەڵامی کورت و بەپەلە، بۆ نمونە بە جەمسەرکردنی هەر ڕەگەزێک (ژنان بەو شێوەیەن، پیاوان بەو شێوەیەن)، ناساندنی تەواوی ڕەگەزەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و گشتگیر (ئێمەی ژنان بەرامبەر ئێوەی پیاوان). جگەلەوانەش لەبری بینینی دەسەڵات لەکۆمەڵگادا کێشەکە لەتاکەکەسەکاندا دەبینرێت، یاخودبە پێچەوانەوە ململانێکان بەسیاسی دەکرێن کە لەبناغەدا هۆکارەکانی تاکین. واتە هەڵوێستێک بە دەستێوەردانێکی زۆرەوە یارمەتیدەر نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی هەستیار و هۆشیارییەک ئاڕاستەکراوبەجێندەردەکرێت یارمەتیدەر بێت.

بنیاتنانی پەیوەندییەک لەسەر بنەمای متمانە، پشتگیریکردن و ڕێز لە نێوان ژنان و پیاواندا بەهەمان شێوە بنچینەیەکە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەیەکی ڕاوێژکردن یان چارەسەر. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە حاڵەتە کەسییە تایبەتەکە پشتگوێ نەخرێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنج بخرێتە سەر مەترسییە بنیاتییەکان. لەبەرئەوە کار بە هۆشیاری جێندەریەوە بۆ زەبری دەروونی پێویستی بە سەرنجێکی ورد هەیە بۆ لایەنە بایۆگرافییەکان: نە هۆکارەکانی زەبری دەروونی و نە خودی زەبرەکەش تەنها نین و تێگەشتن لێیان ئەستەمە بەبێ تێڕوانینێک بۆ مەترسییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی پڕۆسە و ژینگەی ڕوداوەکەوە، بەتایبەتی لە هەرێمە قەیراناوییەکاندا کە قڕکردنی مرۆڤ و قڕکردنی ڕەگەز تیایاندا زۆرتر ڕوودەدات.

پرسیارەکان

پ١ /لەڕووی زانستیەوەچ زانیاریەک هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان زەبری دەروونی و جێندەر؟

پ٢ /ئایا دەکرێت جیاوازییە جێندەریەکان دەستنیشان بکرێن لە سەرهەڵدان و پڕۆسەی نەخۆشییەکی زەبری دەروونیدا وەک PTSD؟

پ٣ /ئەگەر بەڵێ، چ هۆکار و ڕونکردنەوەیەک هەیە؟

پ٤ /ئایا چۆن سوود لەو زانیارییانە وەربگیرێت و بەکاربهێنرێن بۆ بابەتی زەبری دەروونی لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا؟

Freud, S. (1896/1952): Vortrag über die Ätiologie der Hysterie. In: Freud (1952). Gesammelte Werke, Bd. 1. Frankfurt a. M.: Fischer

Gahleitner, S./ Reddemann, L. (2014): Trauma und Geschlecht – ein Verhältnis mit vielen Schattierungen. In: Trauma und Gewalt, Heft 3, p. 180-190

Hardi, C (2011): Gendered Experiences of Genocide. Anfal Survivors in Kurdistan-Iraq. Ashgate

Herman, J L (2015). Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence - From Domestic Abuse to Political Terror

Herman, J. (2003). Die Narben der Gewalt. Paderborn: Junfermann

Hirschauer, S. (2001): Das Vergessen des Geschlechts. Zur Praxeologie einer Kategorie sozialer Ordnung. In: Kölner Zeitschrift für Soziologie und Sozialpsychologie. Sonderheft 4, p. 208–235

Mlodoch, K (2015): The Limits of Trauma Discourse. Women Anfal Survivors in Kurdistan-Iraq. De Gruyter

Mlodoch, K (2017): Gewalt, Flucht – Trauma? – Grundlagen und Kontroversen der psychologischen Traumaforschung. Reihe FluchtAspekte. Göttingen

Mojab, S (2003): Kurdish Women in the Zone of Genocide and Gendercide, Al-Raida Jg. XXI, H. 103, S. 20-25

Scheffler, S. / Gerlichs, K. (2014): Trauma und Gender – noch immer ein blinder Fleck? – Kritische Betrachtungen und -behandlung aus der Geschlechterperspektive. In: In: Trauma und Gewalt, Heft 3, p. 192-200

Spitzer, C. /Wingenfeld, K. / Freyberger, H. J. (2015): Geschlechtsspezifische Aspekte der Posttraumatischen Belastungsstörung. In: Seidler, G., Freyberger, H. J. & Maercker, A. (Ed.). Handbuch der Psychotraumatologie. 2. Auflage, Stuttgart: Klett-Cotta. P. 108- 120

Waylen, Georgina / Karen Celis, Karen/ Kantola, Johanna / Weldon, S. Laurel (Eds.) (2013): Body Politics. The Oxford Handbook of Gender and Politics. Political Science. Online Publication 8/ 2013: https://www.oxfordlhandbooks.com/view/10.1093/oxfordhb/9780199751457.001.0001/oxfordhb-9780199751457-part-2?print=pdf (Accessed: 19/12/2020)

٤- بواری پراکتیکی
لە کاری کۆمەڵایەتیدا

٤-١ جێندەر و توندوتیژیی
٤-١-١ زاراوەکانی جێندەر

ژیا عباس قادر

پوختە:

دەرئەنجامی ئەو ڕەخنە زۆرانەی کە لە زانستی کۆمەڵناسی گیرا بەو پێیەی زانستێکی نێرینەیە، چونکە زۆربەی زاناکان و نوسەرەکانی لە ڕەگەزی نێرن وە کاتێک کە دیراسەی کۆمەڵگە دەکات تەنها لە تێڕوانینی نێرینەکانەوە شیکردنەوەی بۆ دەکات و دەرئەنجام تەنها کار لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی بەشێکی کۆمەڵگە دەکات کە ئەوانیش نێرینەکانن، کاتێک زانای کۆمەڵناس (جیسی برنارد) پرسیاری کرد ئایا بۆ زانستی کۆمەڵناسی کە زانستی لێکۆڵینەوەیە لە کۆمەڵگە بۆ گرنگی بە ژنان نادات و کار لەپێناو هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ناکات؟ لێرەوە بۆ یەکەم جار (جێندەر – جۆری کۆمەڵایەتی) لەچوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی دەرکەوت بووە یەکێک لە لقەکانی کە سەرەتا ناوی (کۆمەڵناسی ژن) بوو دواتر ناونرا (کۆمەڵناسی جێندەر- کۆمەڵناسی جۆری کۆمەڵایەتی). دواتر لەلایەن زانا کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان ئەم بابەتە زۆر زەق کرایەوە و لەپاشکۆوە هێنرایە لوتکە و لێرەوە ئەم چەمکە هاتە دەرکەوتن.

زاراوە سەرەکییەکان: کۆمەڵناسی ، کۆمەڵناسی جێندەر ، کەمینەی سێکسیی

پێشەکی:

سەرەتا بابەتی جێندەر وەکو بابەت لەلایەن فیمینستی فەرەنسی (سیمون دی بوفوار) لەساڵی (١٩٤٩) لە کتێبی (ڕەگەزی دووەم) ئاماژەی پێکراوە کە دەڵێت: (ژن بە ژنی لەدایک نابێت بەڵکو دەکرێت بە ژن). ئەمەش بووە هۆی هاتنە کایەی بەردی بناغەی فیمینیزمی ڕادیکالی کە پێیان وایە دەبێت هەموو جیاوازیەک لە نێوان نێر و مێ نەمێنێت و نابێت وەک دوو بوونەوەری جیاواز تەماشا بکرێن، بەڵکو نێر و مێ یەکسانن و تەنانەت ژن لەهیچ بابەتێکدا پێویستی بە پیاو نیە و دەتوانێت خۆی بۆ خۆی هەموو پێداویستیەکانی پڕ بکاتەوە.

پاشان لەلایەن فیمینستی ئەمریکی (بیتی فریدان) لە ساڵی (١٩٦٣) دووبارە ئاماژە بە بابەتی جێندەر کراوە لە کتێبی (الغموض الانثوی). دواتر بۆ یەکەمجار لەلایەن فیمینستی بەڕیتانی (ان اوکلی) لە ساڵی (١٩٧٢) لە کتێبی (ڕەگەز، جێندەر، کۆمەڵگە) وشەی جێندەر هاتەکایەوە. (ان اوکلی) ئەم چەمکەی لە (روبرت ستولر) زانای دەروونناسی ئەمریکی وەرگرت کاتێک ئەم زانایە تووشی شڵەژاوی و لێتێنەگەشتن بوو چونکە مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێک کرد کە ڕەگەزەکەیان دیار نەبوو واتە نە نێرو نە مێ بوون واتە جووتڕەگەز بوون، یان کەسانێک کە ڕەگەزەکەیان نەدەگونجا لەگەڵ جێندەرەکەیان. بۆ ئەمەش (ستولر) پێویست بوو کە جیاوازی بکات لەنێوان ڕەگەز و جێندەر تا لەم حاڵەتانە تێبگات و بزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکات. لێرەوە (ان اوکلی) هات پێناسەی هەریەک لە چەمکی (ڕەگەز و جێندەر)ی کرد تا جیاوازی نێوان ئەم دوو بابەتە شی بکاتەوە.

بەڵام بۆ یەکەمجار لەڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی ژن لە ساڵی (١٩٧٥) ئەم چەمکە بەتەواوەتی ڕەگی خۆی داکوتی و بڵاوبوویەوە، و لە دەیەی نێودەوڵەتی ژن لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٨٥) بەتەواوەتی بووە چەمکێکی جیهانی و بەسەرتاسەری وڵاتاندا بڵاوبویەوە و تەنانەت وڵاتە دواکەوتوەکانیش ئەم چەمکەیان وەرگرت و لەناوخۆی وڵاتەکەیان کاریان پێکرد بۆ نەهێشتنی ئەو کەلێنە گەورەیەی کە لەنێوان ژن و پیاودا هەبوو لەهەموو کەرتەکانی (خوێندن، تەندروستی، یاسایی، سیاسەت، کایەی ئابووری هتد).. (العمر، ٢٠١٥: ل٢٤-٢٦)

ئاڕاستەکانی شیکردنەوەی چەمکی جێندەر

بەگشتی سێ ئاڕاستەی جیاواز هەیە بۆ شیکردنەوەی چەمکی جێندەر ئەوانیش:

یەکەم/ جێندەر و بایلۆجیا:

ئەو زانایانەی سەر بەم بۆچونەن پێیان وایە کە جیاوازی بایلۆجی نێوان نێر و مێ کاریگەری هەیە لەسەر دروستکردنی جیاوازی لە هۆرمۆنات و کرۆمۆسۆمات و جینەکان و قەبارەی مێشک ئەمانەش کاریگەری هەیە لە دروستکردنی جیاوازی لە سیفات و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی هەریەک لە نێر و مێ دواجار پاساوێکە بۆ دروستبوونی جیاکاری ڕەگەزی و نایەکسانی لە نێوان نێر و مێ لە کۆمەڵگەدا.

دووەم/ جێندەر و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

ئەو زانایانەی کە هەڵگری ئەم بیروبۆچونەن پێیان وایە کە کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە ڕێگای پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە ئەم سیفات و خەسڵەتە نێرینەیی و مێینەییانە لەناو خودی تاکەکانی کۆمەڵگە دەچەسپێنێت، دواجار جیاکاری جێندەری دروست دەکات چونکە بێگومان شێوازی پێگەیاندنی هەریەک لە نێر و مێ جیاوازە و هەر لەگەڵ لەدایک بوونی منداڵ ئەم پرۆسەیە دەست پێدەکات و هەموو کەناڵەکانی وەک (خێزان، خوێندنگە، هۆکاری ڕاگەیاندن،... هتد) ڕۆڵیان هەیە لە گواستنەوەی ئەم سیفاتانە بۆ تاک.

سێیەم/ جێندەر و بونیادی کۆمەڵایەتی:

ئەم زانایانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕەگەز و جێندەر کۆمەڵایەتین واتە هەروەک چۆن جێندەر دەگۆڕێت لەشوێنێک بۆ شوێنێک و لەسەردەمێک بۆ سەردەمێک، ڕەگەزیش بەهەمان شێوەیە بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستادا کە زانست و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە و مرۆڤ لە ڕێگای نەشتەرگەری دەتوانێت ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت بۆ ئەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت و دەگونجێت لەگەڵی.

پێش ئەوەی پێناسەی چەمک و زاراوە پەیوەندیدارەکان بکەین پێویستە ئاماژە بە چەند زانیاریەک بدەین لەسەر بابەتی جێندەر:

جێندەر چەمکێکی دینامیکیە و دەگۆڕێت بە گوێرەی کات و شوێن: زانای ئەنترۆپۆلۆجی (مارگڕیت مید) لە ساڵی (١٩٣٥) توێژینەوەیەکی کرد لەسەر (٣) کۆمەڵگە لە

غینیای نوێ لە هندستان کە سنوری جوغرافیان زۆر نزیک بوو لەیەکەوە بەڵام کلتور و دابونەرِیتیان زۆر جیاواز بوو. (مید) هەوڵیدا تێبگات لەوەی کەئایا هیچ جیاوازیەک بەدی دەکرێت لەنێوان ئەم کۆمەڵگەیە لە تێرِوانینیان بۆ چەمکی رِەگەز و جێندەر. لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەی گەشتە ئەو رِاستیەی کە چەمکی رِەگەز هەمان مانای هەیە لەهەر سێ کۆمەڵگەکە، ئەویش بریتیە لە جیاوازیە بایلۆجی و فسیۆلۆجیەکان کە هەردوو رِەگەزەکەی لەسەر جیادەکرێتەوە بۆ نێر و مێ، لە کاتێکدا بۆچونی ئەم کۆمەڵگەیانە بۆ چەمکی جێندەر زۆر جیاوازە. (مید) پێی وابوو کە هەندێک لە سیفات و رِەفتارەکانی نێرینە و مێینە بوونی هەبووە لە هەر سێ کۆمەڵگەکە بەڵام تێرِوانین بۆی و تێگەشتن لێی زۆر جیاواز بووە.

هەروەها (مارکس) پێی وایە کە پێش دەرکەوتنی سەرمایەداری جیاوازی نەبووە لە نێوان ژن و پیاو بەڵام لەدوای سەرمایەداری ئەم جیاکاری و نایەکسانیە لە نێوان ژن و پیاو دەرکەوت کەواتە ئەم چەمکە بەگوێرەی سەردەمەکان دەگۆرِێت.

جێندەر چەمکێکی کۆمەڵایەتیە: چونکە دروستکراوی کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە، و پرِۆسەیەکی بازنەییە کە نەوە لەدوای نەوە ئەم سیفات و خەسڵەتە نێرینەیی و مێینەییانە بەرهەم دێنن و زیاتر جێگیری دەکەن لە کۆمەڵگەدا کەواتە پرِۆسەیەکی بەردەوامە.

جێندەر سیستەماتیکە: ئەو سیفاتە کۆمەڵایەتیانەی کەخراوەتە پاڵ نێر و مێ و بەهۆیەوە تاکەکان دەبن بۆ نێرینە و مێینە تەنها بەوتە نیە بەڵکو زمانی قسەکردن مێشکی مرۆڤەکانی پێ بەرنامەرِێژ دەکرێت و دواتر ئەو بەرنامەرِێژیە رِەنگدانەوەی دەبێت لەسەر رِەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان و لەکاتی پەیوەندیکردنیان بەیەکەوە لە چوارچێوەی پرِۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

هەروەها لەدابەشکردنی سیفات و خەسڵەتی نێرینە و مێینە، جێندەر کار بەیاسای (فیساغۆرسی ئەرستۆ) دەکات کە پێی وایە هەموو پێکهاتەکانی سروشت دوانەی بەرامبەر یەک و دژ بەیەکن واتە هەر شتێک لە سروشتدا دژێکی هەیە بۆ نمونە: (رِەش/ سپی، جوان/ ناشرین، باش/ خراپ... هتد) بەم پێیە نێرێتی واتە: (عەقلانی، گشتی، کاری گشتی، چالاک) لە بەرامبەردا مێیەتی واتە: (سۆزداری، تایبەت، کاری تایبەت، ناچالاک) (حوسو، ٢٠٠٩: ل٨٠-٨٨)

پێناسەکردنی چەمکە پەیوەندیدارەکان:

جێندەر: جێندەر لە بنچینەدا وشەیەکی ئینگلیزیە لە (GENUS) لاتینی وەرگیراوە، و لەزمانی عەرەبیدا بە (النوع الاجتماعی) بەکاردێت، و لە کوردیدا وشەکانی (جێندەر یان جۆری کۆمەڵایەتی) بەکاردێت. بۆ یەکەمجار (ان أوکلی) پێناسەی کرد بەوەی کە؛ (دابەشکردنی کۆمەڵایەتی نێر و مێیە بۆ (پیاوەتی و ژنێتی). جێندەر جیاوازە لە ڕەگەز کە (دابەشکردنی بایلۆجی نێر و مێیە بۆ کوڕو کچ). لەلایەکی تر دەوترێت کە جێندەر (پەیوەندیەکانی نێوان نێر و مێیە کە چەندین هۆکاری کلتوری، ئابوری، ئاینی، سیاسی کاری تێدەکات). یان دەوترێت جێندەر (مرۆڤە وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی). (ماجی هم) پێناسەی جێندەر دەکات بەوەی کە (کۆمەڵێک خەسڵەت و ڕەفتاری بنیاتنراوی کلتوریە کە زیاد دەکرێت بۆ نێر و مێ). (مجلة الف، ١٩٩٩: ل٦-٧)

سێکس یاخود ڕەگەز: بریتییە لە (جەستەی مرۆڤە کە لایەنی بایلۆجی و فسیۆلۆجی لە خۆدەگرێت کە ئەندامەکانی جەستە و وەزیفەکانیانە، جێگیر و خۆرسکە، مرۆڤ دابەش دەکات بەسەر نێر و مێدا). (وارتون، ٢٠١٤: ل٣٣)

شوناسی جێندەریی: بریتییە لە (تێڕوانین و پێشبینی کۆمەڵگە بۆ ڕۆڵ و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی هەریەک لە نێر و مێ).

مەیلی ڕەگەزیی: بریتییە لە (حەز و ئارەزووی سێکسی هەریەک لە نێر و مێ بەرامبەر کەسانی تر).

نمایشکردنی جێندەریی: بریتییە لە (دەرخستنی شوناسی جێندەری لە ڕێگای ستایلی قژ و جلوبەرگ...هتد).

پێگەی جێندەری: بریتییە لە (شوێن و پێگەی هەریەک لە نێر و مێ لە کۆمەڵگەدا کە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی مێژووی کۆمەڵگەیە، بەگوێرەی ئەم پێگەیە ڕۆڵی تاکەکان دیاری دەکرێت و پێشبینی ڕەفتاری و زمانەوانی جەستەی و سۆزداری هەریەک لەو کەسانە دیاری دەبێت). (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠٠٦: ل٢٠)

ڕۆڵەکان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی: بەگوێرەی شوێن و پێگەی ڕەگەزەکان لەناو کۆمەڵگە کارەکان دابەشدەکرێت بەسەر کاری گشتی و کاری تایبەت، هەریەک لەم کارانەش بەهای تایبەتی هەیە لەناو کۆمەڵگادا.

پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی: بریتیە لە ئەرک و مافی هەریەک لە نێر و مێ ی خێزان کە دیاری دەبێت بە گوێرەی شوێن و پێگە و ڕۆڵیان لەناو خێزان. (هاشم و منصور، ٢٠١٠-٢٠١١: ل١٨).

دەقەکان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی: هەموو ئەو دەقانەیە کە ڕێگە پێدراوو قەدەغەکراوەکان بۆ هەریەک لە نێر و مێی ناو کۆمەڵگا دیاری دەکات، ئەو ڕەگەزەش لە پلەی باڵادایە هەموو دەقەکان لە بەرژەوەندی ئەوە و و امتیازات و صلاحیاتیان زیاترە.

کەسێتی جێندەریی: تێکەڵەیەکە لە سیفات و خەسڵەت و خوو نەڕیت و ڕەفتار و پێشبینی کە بۆ هەریەک لە ڕەگەزەکان دیاری کراوە دەبێت ئەنجامی بدەن لەکاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیز

کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی جێندەریی: ئامرازێکە بۆ جێگیرکردنی سیفات و خەسڵەتەکانی پیاوەتی و مێیەتی لە کۆمەڵگەدا ئەمەش لە ڕێگای پاداشت کردن و سزادانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکرێت، دوو جۆر ئامرازی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی هەیە ئەوانیش فەرمی (یاسا) و نافەرمی (داب و نەڕیت).

ئایدۆلۆژیای جێندەریی: بیروبۆچونی بڵاوی کۆمەڵگەکەیە سەبارەت بە هەریەک لە نێر و مێ کە دیاری دەبێت بە گوێرەی (دین، بیروبۆچونی سیاسی، ئابوری، کلتوری) کۆمەڵگەکە، هەروەها شەرعیەت دەدات بە شوێن و پێگەی هەریەک لە دوو ڕەگەزەکە و بیانوی بۆ دێنێتەوە تا بە سروشتی و ئاسای بکرێت.

وێنەی زیهنی جێندەریی: ئەو وێنەیەیە کە لە مێشکی کەسەکان دروست دەبێت سەبارەت بە چەمکی پیاوەتی و مێیەتی کە کاریگەرە بە ئایدۆلۆجیای کۆمەڵگە دواتر ئەم وێنەیە دەخرێتە زمانی قسەکردن و پاشانیش وەردەگێڕرێت بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوت کەلەکاتی پەیوەندی کردنی تاکەکاندا بە ئاشکرا دەبینرێت وە نەوە لە دوای نەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە. (حوسو، ٢٠٠٩: ل٧٤-٨٠).

کەمینەی سێکسیی (LGBT):

هاوڕەگەزخوازی: وشەی هاوڕەگەزخوازی وشەیەکی وەرگێراوە لە وشەی (الجنسية المثلية)ی عەرەبی و وشەی (Homosexuality) ی ئینگلیزی وەرگیراوە کە لەدوو بەش پێکدێت (Homo) کە لە (Homos) ی یۆنانی وەرگیراوەو بەمانای (هەمان شت) دێت.

بۆ یەکەمجار ئەم چەمکە لە بڵاوکراوەیەکی ئەڵمانی لەساڵی (١٨٦٩) ئاماژەی پێکرا لەلایەن ڕۆژنامەوانێکی (نەمساوی – هەنگاری) بەناوی (کارل ماریا کرپتینی) کە تیایدا باس لە هەڵوێستی خۆی دەکات بەرامبەر بەندی (١٤٣)

لەیاسای (بروسی) کە دژ بە هاوڕەگەزخوازیە کە ئەم بەندە جارێکیتر لەیاسای تاواننـاسی ئەڵمانی لەبەندی (١٧٥) بەکارهاتووە. ئەم بەندە یاسایەش بەهەموو جۆرێک ڕێگا لە هاوڕەگەزخوازی دەگرێت و وەک تاوانێک تەماشای دەکات و لەبەرامبەردا سزای بۆ دانـاوە. دووبـارە ئەم چەمکە جارێکی تر لەلایەن (گۆستاف یاغر) لە کتێبی (اکتشاف الروح) لە (١٩٧٥) بەکارهاتەوە. هەروەها لە ساڵی (١٨٨٦) (ڕیتشارد فون کرافت ابینج) هەردوو چەمکی (هوموسیکشواڵ و هیترۆسێکشواڵ)ی لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (Psychopathia Sexuality) ی بەکارهێنا. ئەم کتێبە زۆر بەزووی لەناو پزیشکەکان و خەڵکی بڵاوبووەوە. ئەم چەمکانە لەلایەن خەڵکی ئەو کاتە قبوڵکران کەوەک ئاماژەیەک بۆ جۆرێکی نوێ لە ئاڕاستەی سێکسی بەکارهات. لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست چەمکی ئاڕاستەی سێکسی پێچەوانە (هیترۆسێکشواڵ) لەلایەن زۆرێک لە زانا دەروونناسەکان بەکارهات وەک (هافلوک الیس).

هاوڕەگەزخوازی نێر (Gay): لەوشەی (شاز یان لواطە)ی عەرەبی وەرگیراوە. شاز بەو مانایەی مەیلێکی سێکسی ناسروشتیە، (لواطە) کە دەگەڕێتەوە بۆ نـەوەی لوط کە لە ئاینە ئاسمانیەکاندا باسی لێوەکراوە بەو پێیەی کە ئەم نەتەوەیە زۆربەی تاکەکانی هاوڕەگەزخوازبوون هەربۆیە خوای گەورە نەفرەتی لێکردوون و لەناوی بـردوون. پێشی دەوترێت (سدومی) کەدەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەی (سەدوم) کە دەکەوێتە ناوچەی (فەلەستین) ی ئێستا وەک لە ئینجیل و تـەورات ئاماژەی پێکراوە کەئەمانیش نەتەوەیەک بـوون دانیشتوانەکەی بەزۆری هاوڕەگەزخوازبوون و بەهەمان شێوە خوا لەناوی بردوون بەڵام زۆرێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وشەی (سەدومی) تەنها بە هاوڕەگەزخوازی نێر ناوترێت بەڵکو بەهەموو پڕۆسەیەکی سێکسی دەوترێت کە تیایدا ئەندامەکانی زاوزێ بۆ مەبەستێکی تر بێجگە لەزاوزێ بەکاربێت یان جیاواز لەسروشتە ئاساییەکەی کە مەبەست لێی پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاوە ئەم وشەیە (سەدۆمی) بۆ یەکەمجار لەلایەن مێژوونوسێکی یەهودی بەناوی (یوسفیوس) لەساڵی (٩٦) ی زاینی بەکارهات پاشان لە کتێبی پیرۆز دووبارە بەکارهاتەوە دواجار لەلایەن قەشە (جیرۆم) لەسەدەی یانزەهەمی زاینی دووبارە بەکارهاتەوە.

لەبنچینەدا وشـەی (Gay) لە وشـەی (Gai) ی فەڕنسی وەرگیـراوە کە بۆ یەکەمجار لەسەدەی دوانزەهەمی زاینی بەکارهات بەمانای (دڵخۆشی و خۆشحاڵی و شادومانی) دێت. بەڵام لەسەدەی نۆزدەوە و بەتایبەت لە بەڕیتانیا ئەم وشەیە بەمانای لەشفرۆش بەکارهات دواتر بەو کوڕانە دەوترا (Gay) کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر پەیوەندیان دەکرد. دواتر بەکارهات بۆ هاوڕەگەزخوازی نێر و مێ بەتایبەت لە وڵاتی ئەڵمانیا دواجار لەساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠) بەتەواوەتی پەیوەست کرا بە هاوڕەگەزخوازی نێر. بەشێوەیەکی گشتی هاوڕەگەزخوازی نێر بەو ڕەگەزی نێرە دەوترێت کەمەیلی سێکسی و حەزوئارەزووە سێکسیەکانی بەرامبەر هەمان ڕەگەزی خۆی بێت واتە ئارەزووی نێرێکی تر بکات. (جمعية علم النفس الأمريكية، ٢٠٢٠)

هاوڕەگەزخوازی مێ (Lesbian): ئەم وشەیە وەرگیراوە لە وشەی (لسبوس) کە نیمچە دوورگەیەکی یۆنانیە و (سافو یان سافیە) کە شاعیرێکی یۆنانیە لەم نیمچەدورگەیەدا ژیاوە و موستەعمەرەیەکی بۆ خۆی دروست کردووە کە تەنها ڕەگەزی مێی تیا ژیاوە و هەموو خەریکی عەشق و هاوڕەگەزخوازی بوون و تەنانەت (سافیە) هەموو شیعرەکانی باسی لە عەشق و خۆشەویستی کردووە بۆ خۆشەویستە کچەکەی و پیاهەڵدان بووە بەسەر جوانی لەشولاری ڕەگـەزی مـێ. بۆیە ئـەم وشەیە لـەناوی ئـەو شاعیرەیە و نیمچەدورگەکە وەرگیراوە. مەبەست لە هاوڕگەزخوازی مێ هەر مێیەکە کە ئارەزوو مەیل و حەزی سێکسی بۆ هەمان ڕەگەزی خۆی بێت واتە بۆ مێکەی دیکە. (العاملی، بدون سنة الطبع، ل٨٦).

دووڕەگەزخواز (Bisexual): کەسێک کە بەهەست و سۆزو مەیلی جەستەی سەرنجی بۆ لای هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بڕوات بەڵام مەرج نیە بەهەمان پلە بێت.

ڕەگەزگۆڕ (Transgender): وشەیەکە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێن کە شوناسی جێندەری وە دەرخستەی جێندەری جیاوازە لەگەڵ پێشبینیە کلتوریەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەو ڕەگەزەی پێی هاتۆتە دنیاوە. هەروەها کەسێکی ڕەگەزگۆڕ مەرج نیە خواستی ڕەگەزی دیاریکراوی هەبێت بەڵکو دەتوانێت جیاڕەگەزخواز، هاوڕەگەز، دووڕەگەزخواز بێت.

ڕەگەزئازاد (Queer): وشەیەکە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ڕەگەزئازادەکان، هەندێک جار لە شوێنی وشەی (، ه، د، ، ڕە، ج) بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی ئەو کۆمەڵگەیە کە پێیان دەوترێت (کەمینەی ڕەگەزی).

جووتڕەگەز (Intersex): وشەیەکە کە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە کۆئەندامی زاوزێیان ناتوانرێت بخرێتە چوارچێوەی شێوازی نمونەیی کۆئەندامی زاوزێی نێر یان مێ.

بێ مەیلی (A sexual): نەبوونی مەیلی جەستەیی بۆکەسانی تر. (ویکیبیدیا)

پرسیارەکان

پ١ /جیاوازی چیە لە نێوان جێندەر و ڕەگەز؟

پ٢ /جیاوازی چیە لە نێوان شوناسی جێندەریی و مەیلی سێکسی؟

پ٣ /جیاوازی چیە لە نێوان جێندەرگۆڕ و ڕەگەزگۆڕ؟

سەرچاوەکان

العاملی، محمد بن الحسن الحر، (بدون سنة الطبع)، وسائل الشیعة، ج ١٨.

العمر، معن خلیل، (٢٠١٥)، علم اجتماع الجندر، ط١، دار الشروق، عمان.

جمعیة علم النفس الأمریکیة، (٢٠٢٠)، مؤرشف من الأصل فی ٠٨ فبرایر ٢٠٢٠ نسخة محفوضة ٦ أغسطس ٢٠١٩ علی موقع وای باک مشین.

حوسو، عصمت محمد، (٢٠٠٩)، الجندر (الابعاد الاجتماعیة و الثقافیة)، ط١، دار الشروق، عمان.

مجلة الف، (١٩٩٩)، مجلة البلاغة المقارنة، الجنوسة و المعرفة، صیاغة المعارف بین التأنیث و التذکیر، العدد١٩، الجامعة الامریکیة بالقاهرة.

مجموعة باحثین، (٢٠٠٦)، مسرد مفاهیم و مصطلحات النوع الاجتماعی، ط١، منشورات مفتاح ٢٠٠٦، مشروع النوع الاجتماعی، السلام الامن بالتعاون مع صندوق امم المتحدة للسکان.

هاشم و منصور، ثریا و نجاح، (٢٠١٢)، دلیل تدریبی للمدربات و المدربین علی قضایا النوع الاجتماعی فی التعلیم، ط١، مطبعة المرکز التربوی للبحوث و الانماء.

وارتون، ایمی. س، (٢٠١٤)، علم اجتماع النوع، ترجمة: هانی خمیس احمد عبده، ط١، دار الشروق، عمان.

ویکبیدیا، الموسوعة الحرة.

٤-١-٢ تیۆرەکانی جێندەرو توندوتیژیی

نجاة محمد فرج

پوختە:

لەم ساڵانەی دواییدا باسکردنی ڕۆڵـە جێندەرییەکان بۆتە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵناسی گرنگی پێدەدات. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین دیارترین ئەو ئاڕاستە تیۆرییانەی شیکردنەوەیان بۆ جێندەرو جیاوازی جێندەری و توندوتیژی جێندەری کردووە بخەینە ڕوو.

باسی یەکەم بریتییە لە تیۆرەکانی جێندەر و لە ٣ تـەوەرەدا خراوەتە ڕوو؛ تەوەرەی یەکەم بریتییە لە شیکردنەوەی زانایانی کۆمەڵناسی بۆ جیاوازی جێندەری، لەچوارچێوەی سێ ئاڕاستەی تیۆری جیاوازو دژبەیەکدا، ئەوانیش بریتین لە: ئاڕاستەی تیۆری جیاوازییە سروشتییەکان، ئاڕاستەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئاڕاستەی بونیادی کۆمەڵایەتی .لە تەوەرەی دووەمدا ئاڕاستە تیۆرییەکانی ژنان (فیمینیزم)ی دەخەینە ڕوو، (٣) ئاڕاستە لە خۆدەگرێت، ئاڕاستەی ژنانی فیمینیزمی لیبرالی، ڕادیکاڵی و، مارکسی .لە تەوەرەی سێیەمیشدا تیۆرییە دەروونییەکانی شیکردنەوەی جێندەر خراونەتە ڕوو، لە (٢) ئاڕاستە پێکدێت، یەکەمیان تیۆری شیکاری دەروونی فرۆید و، دووەمیش تیۆری گەشەی سێکسی نانسی شۆدۆرۆ.

لە تەوەرەی چوارەمیشدا هەوڵدراوە تێڕوانینی ئایینی ئیسلام بۆ جێندەر بخرێتە ڕوو.

تەوەرەی پێنجەم بریتییە لە ئەزموونی ئەکادیمی خوێندنی جێندەرو توندوتیژی لەهەرێمی کوردستان و دامەزراندنی یەکەم سێنتەری خوێندنی جێندەرو توندوتیژی لە زانکۆی سلێمانی و گرنگترین ئامانجەکانی و ئەو چالاکییانەی لەو کاتەدا ئەنجام دراوە.باسی دووەمیش بریتییە لە تیۆرەکانی شیکردنەوەی توندوتیژی و، بریتیین لە شیکردنەوەی بایۆلۆجی و دەروونی و داروینی و کۆمەڵناسی، لە شیکردنەوەی کۆمەڵناسیدا بۆ توندوتیژی جێندەری، هەریەک لە ئاڕاستەکانی بونیادی ئەرکەکی و ململانێ خراوەتە ڕوو .لەدووایدا دەرئەنجامەکان و کۆمەڵێک پرسیاری کراوە بۆ تاووتوێکردن خراوەتەڕوو .

زاراوە سەرەکییەکان: جێندەر، جیاوازی جێندەری، تیۆرەکانی جێندەر، ڕۆڵە جێندەرییەکان، توندوتیژیی.

١-پێشەکی

هەوڵە تیۆرییەکان بۆ شیکردنەوەی جیاوازییە جێندەرییەکانی نێوان ژن و پیاو بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی جۆراوجۆرن. ئەوەی شایانی باسە زۆربەی ئەو هەوڵە تیۆرییانە دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و، ڕوانگەی ئەو کۆمەڵگانە بۆ جێندەر لەچوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و بەئەندازەی ئاستی پێشکەوتنیان، بەتایبەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی و دەرهاویشتەکانی هاتنە دەرەوەی ژنان بۆ کارکردن لەدەرەوەی ماڵ و، زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و، داواکردنی ژنان بۆ مافەکانیان و دەرفەت خستنە بەردەمیان بۆ بەدیهێنانی خودی خۆیان هاوشانی ڕەگەزی بەرامبەر.

هەرچەندە سەرچاوەو ئایۆلۆژیاو بنەمای هزری ئەو تیۆرانەی شیکردنەوە بۆ بابەتی جێندەرو ڕۆڵە جێندەرییەکان دەکەن جیاوازن لەیەکتری، بەڵام لەهەمانکاتدا تەواوکەری یەکترن و، بەشێوەیەکی گشتگیر کۆکن لەسەر هەوڵەکانیان بۆ کۆتایی هێنانی ئەو توندوتیژییە کۆمەڵگەییانەی بەرامبەر ژنان دەکرێن و جەختکردنەوەی مامەڵەکردنی دادپەروەرانە لە ڕۆڵە جێندەرییەکاندا. بۆ تێگەشتن لەو ئاڕاستە تیۆرییانەی جێندەرو توندوتیژی جێندەریی شیدەکاتەوە، پێویستە بەپێی بوارە زانستی و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان ڕیزیان بکەین، ئەمەش ئەو کارەیە کە ئێمە لەم باباتەدا هەوڵ دەدەین بیخەینە ڕوو.

٢- تیۆرەکانی جێندەر (جۆری کۆمەڵایەتی- Gender Theories)

٢-١ ئاڕاستە تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان:

شیکردنەوەی زانایانی کۆمەڵناسی بۆ جیاوازی و شێوەکانی نایەکسانی ڕۆڵەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز، دابەش دەبێت بۆ سێ ئاڕاستەی تیۆری جیاواز، هەروەک لەخوارەوە دەیخەینە ڕوو.

٢-١-١ ئاڕاستەی جیاوازییە سروشتییەکان (جێندەرو بایۆلۆجی):

ئەم ئاڕاستەیە خاسیەتە بایۆلۆجییەکان بە بنەمای بنچینەیی دادەنێت بۆ جیاوازی ڕەفتاری نێوان ژن و پیاو. زانایانی ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە هەندێک لایەنی دیاریکراو لە پێکهاتەی جەستەیی بایۆلۆجی مرۆڤدا وەک؛ کرۆمۆسۆمەکان، هۆرمۆنەکان، قەبارەی مێشک، کاریگەریی سیفەتە بۆماوەییەکان، بەرپرسن

لەجیاوازی سروشتی لە ڕەفتاری ژن و پیاوداو، ئەتوانین تێبینی ئەو جیاوازیانە بکەین بەشێوەیەک لەشێوەکان لەچوارچێوەی هەموو کەلتوورە جیاوازەکاندا. بەمانای بوونی کۆمەڵێک فاکتەری سروشتی بۆ نایەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا بە نزیکەیی لە گشت کۆمەڵگەکاندا (عبدالعظیم، ٢٠١٤).

هەربۆیە ئەم توێژەرانە ئاماژە بەوە دەدەن لەهەموو کەلتوورەکاندا، بەجیاوازییانەوە، پیاوان نەک ژنان هەمیشە بەشداری لەکارەکانی ڕاوشکارو جەنگدا دەکەن و، ئەمە دەگێڕنەوە بۆ پێکهاتەی سروشتی بایۆلۆجی پیاوان کە مەیلی شەڕانگێزیان زیاترە جیاواز لە ژنان. هەرچەندە بەشێکی تر لە زاناکان بڕوا بەم بەڵگانە ناکەن و پێیان وایە ئاستەکانی گیانی شەڕانگێزیی پیاوان و مەیلی ژنان بۆ ئەرێنی بوون ونەرم ونیانی، جیاوازن لە نێوان کەلتووڕێک بۆ ئەویتردا. بـڵاوی سیفەتێک لە هەموو کۆمەڵگەکاندا مانای بەبایۆلۆجی بوونی سیفەتەکە نییە لە بنچینەدا و، لەوانەیە زادەی هۆکار گەلێکی کەلتووری لەیەکچووبێت. بۆ نمونە زۆربـەی ژنـان بەشێکی زۆری ژیانیان سەرقاڵن بەچاودێریکردن و گرنگی پێدانی منداڵەکانیان، هەربۆیە ناتوانن بەشداری لەڕاوەشکارو جەنگدا بکەن. ئەتوانین تێبینی ئەو جیاوازیانە بکەین بە شێوەیەک لە شێوەکان لەچوارچێوەی کەلتوورە جیاوازەکاندا، بەمانای بوونی کۆمەڵێک فاکتەری سروشتی بۆ نایەکسانی لەنێوان هـەردوو ڕەگـەزدا لـەزۆربـەی کۆمەڵگەکاندا (غدنز، ٢٠٠٥: ل١٨٧).

٢-١-٢ ئاڕاستەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و جێندەر

ئەم ئاڕاستەیە جەخت دەکاتە سەر پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەهۆیەوە تاکەکان لە هـەردوو ڕەگەزەکە، لە ڕێگەی فاکتەرە کۆمەڵایەتییە چالاکەکانی وەک؛ خێزان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن؛.... هتد، ڕۆڵە چاوەڕوانکراوەکان فێردەبن،. ئەمەش جیاوازی لەنێوان ڕەگەز بەمانا بایولۆجیەکەی و جۆری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات. منداڵێکی ساوا هەڵگری ڕەگەزەکانی یەکەمە (ڕەگەزی بایۆلۆجی) و دووەمیشیان (جۆری کۆمەڵایەتی جێندەر) لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە فێردەبێت. بەمانای منداڵ لەڕێگەی پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە بـەرەبـەرە پـێوەرە کۆمەڵایەتییە چـاوەڕوان کراوەکـانی ڕەگەزەکەی فێردەبێت و وەردەگرێت. واتە جیاوازیە جێندەرییەکان بایولۆجیانە

دیاری ناکرێن بەڵکو کەلتووریانە بەرهەم دێن. کەواتە بەڕای ئەم ئاڕاستەیە نایەکسانی جێندەری ئەنجامی پێگەیاندنی پیاوان و ژنانە بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵە جیاوازەکان (حوسو، ٢٠٠٩، ل١٦٦-١٦٧).

لایەنگرانی تیۆری (ئەرکەکی) پشتگیری لە تیۆرەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی جێندەری دەکەن و، پێیان وایە کە کچان و کوڕان ڕۆڵە جێندەرییەکانی تایبەت بە ڕەگەزییان و ناسنامەیان فێردەبن واتە کوڕێتی و کچێتی کەبەستراوەتەوە بەڕۆڵەکەوە، بەو پێیەی دەکەونە ژێر ڕکێفی شێوازەکانی پاداشت و سزا، واتە ئەو هێزو کاریگەریە کۆمەڵایەتییانەی کە پشتگیری یان نەرێ لە ڕەفتارێکی دیاریکراو دەکەن لەگرنگترین زانایانی ئەم ئاڕاستەیە کۆمەڵناسی ئەمریکی تالکوت بارسونزە (Talcott Parsons).

٣-١-٢ ئاڕاستەی بونیادی کۆمەڵایەتی جێندەر:

ئەم ئاڕاستەیە وای بۆ دەچێت ڕەگەز و جێندەر لەسەر بنەمای بایۆلۆجی دانەمەزراون بەڵکو بەرهەمی وێنا کۆمەڵایەتییەکانن و، لەباتی ئەوەی تەماشای ڕەگەز بکەن وەک بەرهەمێکی بایۆلۆجی ڕووت یان جێندەر وەک وەرگیراوێکی کەلتووری، پێیان وایە کە ڕەگەزو جێندەر بەرهەمێکن کۆمەڵایەتییانە بونیادنراون و وێناکراون. هەروەها وایدەبینن کە پێناسەی جێندەری لە درک کردنمانەوە بۆ جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و کاردەکات بۆ دروستکردنی ئەو جیاوازیانە. بۆ نمونە وێنای کۆمەڵگەیەک بۆ پیاوەتی ونێرێتی و جیاکردنەوەی بە هێزی جەستەیی و هەڵوێستی زبر، پاڵ بە پیاوانەوە دەنێت کە بە شێوازێکی دیاریکراو خۆیان دەرخەن، لەگەڵ خۆبەستنەوە بەڕەفتارو شێوازی هەڵسوکەوتە پێویستەکانی ئەو دەرکەوتنە. کەواتە پێناسە جێندەری و جیاوازییە ڕەگەزییەکان تێکهەڵکێشن و لەیەک ناکرێنەوە لەناو جەستەی مرۆڤدا (غدنز، ٢٠٠٥، ل١٩٠).

٢-٢ ئاڕاستە تیۆرییەکانی ژنان (فیمینیزم):

مێژووی نووسینە ڕەخنەییەکانی ژنان لەکۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر. لەنزیکەی (١٥٠) ساڵ پێش ئێستاوە بزووتنەوەکانی ژنان سەریان هەڵداوە. ئەم بزووتنەوانە لەلایەن ژنانەوە ڕێکخراون و بۆ ژنان کاردەکەن و، جەختیان کردۆتە سەر داواکارییەکانی

ژنان لە (مافە سیاسی و یاساییەکان و، مافی سەربەخۆیی ڕەگەزی و، مافی یەکسانی دەرفەت و، مافی دیاریکردنی چارەنووس).

لەگرنگترین هۆیەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ژنـان، وێنای ژنە لەسەرچاوە هەڵگیراوە کەلتوورییە ئاینییەکانی ڕۆژئاوادا. واتە هەردوو ئایینی جولەکە و کریستیان، بەو پێیەی ئەم بزووتنەوانە بەرهەمی کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و کەلتوورە ڕۆژئاواییەکانن، نەک کۆمەڵگەکانی تر. هۆیەکی تری سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانە هەڵوێستی بیرمەندو فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان بووە بەرامبەر ژن وەک (ئەفلاتون، ئەرستۆ، دیکارت، کانت، ڕۆسۆ، فرۆید).

لەسەر ئاستی کۆمەڵگە جیاوازەکان، چ ژنـان چ پیاوان، تەنانەت لەناو توێژە ڕۆشنبیرەکانیشدا، بـاوەڕی هەڵە هەیە سەبارەت بە بزووتنەوەکانی ژنان، بەو پێیەی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتین و هەوڵی بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری دەدەن لە ئاست هەموو جۆرەکانی یەکسانیدا. بەڵام **هەروەکو گشت بزووتنەوە پەیدابووەکانی سەردەمی تازەگەریی** (Moderni-zation)، جیاوازی ڕیشەیی هەیە لە بزووتنەوەکانی ژناندا لەنێوان ئاڕاستە هزرییە جۆربەجۆرەکانداو، ئەو بزووتنەوانە کاریگەرن بە ئاڕاستە هزرییەکان و بزووتنەوە سیاسییە دەست ڕۆشتووەکانی سـەردەمـی سەرهەڵدانیان. لەگرنگترین ئاڕاستەکانی بزووتنەوەکانی ژنان (تیۆرە فیمینیزمییەکان) ئەمانەن:

١-٢-٢ ئاڕاستەی فیمینیزمی لیبراڵی: ناسراو بە بزووتنەوەی ئازادکردنی ژنان لەسەر هەردوو بنەمای یەکسانی و ئازادی (یەکسانی هاوبەرامبەری هەردوو ڕەگەز/ ئازادی نیمچە ڕەها). ئەم ئاڕاستەیە نایەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەگێڕێتەوە بۆ هەڵوێست و بۆچوونە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی وەک؛ پاڵپشتیکردنی ڕەگەزیی، جیاوازیکردن لەمامەڵەکردنی ژناندا لە شوێنەکانی کارو دامەزراوە فێرکارییەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا. گرنگترین فیمینیزمە لیبراڵییەکان بریتین لە: (سۆزان ئەنتونی، جۆن ستیورات میل، غلوریا ستاینم).

لەداواکارییەکانی ئەم ئاڕاستە فیمینیزمییە: ١- بەدیهێنانی پاراستنی دەرفەتە یەکسانەکان بۆ ژنـان لەڕێگای یاساو هـۆکارە دیموکراتییەکانەوە وەک؛ یاساکانی یەکسانی نوێ، یاساکانی دژایەتیکردنی جیاکردنەوەی دژ بەژنان و،

کۆمەڵێک یاسای تر کە ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەبێت لەبەردەم یاسادا.
٢- بەدیهێنانی چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو لەیاساکاندا لە ڕێگەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکانەوە (حوسو، ٢٠٠٩: ل١٦٧-١٧١).

٢-٢-٢ ئاڕاستەی فیمینیزمی ڕادیکاڵی (پەڕگیر):

ئەم ئاڕاستەیە باوەڕی وایە کە پیاوان بەرپرسن لە قۆرغکردنی ژنان و سوودمەندن لەو بارودۆخەی ژنانی تێدا دەژین. بەڕای شوێن کەوتوانی، ستایلی پاتریارکی (Patriarchy) (باوکسالاری یان پیاوسالاری) کە بە واتای (دەسەڵاتی سستماتیکییانەی ڕەگەزی نێر دێت بەسەر ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگەدا) لە کێشە گرنگەکانە لەگشت کۆمەڵگەکان و لەهەموو کات و سەردەم و کەلتووڕێکدا بـڵاوەو، لەسەر موڵکداری کردنی جەستەی ژن و چالاکییە سێکسییەکان دامەزراوەو، جەخت دەکەنەوە سەر خێزان و بەسەرچاوەی چەوساندنەوەی ژنانی دادەنێن لەکۆمەڵگەدا. هەروەها وادەبینن توندوتیژی خێزانی و لاقەکردن و پەلاماری سێکسی بەشێکن لە سیستمێکی تەواوکاری بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی ژنان، نەک مەیلێکی تاوانکاری و شڵەژانی دەروونی بێت لای هەندێک کەس .

زانـای کۆمەڵناسی (شولامیت فـایـرسـتـونShulamith Firestone) وادەبینێت پیاوان دەسەڵاتیان بەسەر ڕۆڵەکانی ژناندا گرتووە لەسەرجەم پڕۆسەکانی وەچەخستنەوەو پەروەردەکردنی منداڵدا، بەو بیانووەی کەژنان بایۆلۆجییانە ئامادەکراون بۆ وەچەخستنەوە، هەربۆیە دەبێت لەژێر ڕکێفی پیاواندا بن بۆ دەستەبەرکردنی پاراستن و گوزەرانیان لەڕووی دارایی و مادییەوە. ئەم ڕێکخستنە جێندەرییەش لەخێزانی بچوکەوە سەرچاوە دەگرێت و، دەبێتە مایەی دروستبوونی دەستەیەکی ژنانی چەوساوە لەکۆمەڵگەدا .

لەڕوانگەی ئەم ئاڕاستەیەوە شێوەی گوێگرتن لەژنان، بڕینی وتووێژەکانیان، هەستکردنی ژنـان بەنائارامی لەشوێنە گشتییەکاندا، سەپاندنی ناسنامەی مێینەیی (womanhood) بەسەر ژناندا لەلایەن پیاوانەوە وەک چەمکەکانی جوانی، ڕاکێشانی سێکسی، هەموو ئەمانە هۆکارێکن بۆ ملکەچکردنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە (عمر، ٢٠١٥: ل٢٠٩).

٣-٢-٢ ئاڕاستەی فیمینیزمی مارکسی:

بەڕای ئەم ئاڕاستەیە چەمکی چینی کۆمەڵایەتی سروشت و خاسیەت و ڕۆڵە جێندەرییەکانی هەردوو ڕەگەز دیاریدەکات. لەلایەکی ترەوە ئەگەر وەک هەریەک لە ئەنگلز (Engels) و مارکس (Karl Marx) ئاماژەیان پێداوە، پێداویستییە ئابوورییەکان ببنە مایەی قبوڵکردنی دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا، ئەوا ژمارەیەکی زۆر لەژنان ئەم دەسەڵاتەیان قبوڵکردووە وەک فەرزێکی ئایینی پیرۆز.

وێنای فیمینیزمی مارکسی هاوچەرخ بۆ سروشتی مرۆڤایەتی هیچ جیاوازییەکی نیە لەوەی لە تیۆری مارکسی کۆندا هاتووە. بەو پێیەی سروشتی مرۆڤانەی بایۆلۆجی و کردەی مرۆڤانە لەپەیوەندییەکی دیالێکتیکانەدان بەدرێژایی چاخە مێژووییەکان. هەربۆیە ناتوانین لە ژن تێبگەین بەدابڕاوی لە تێگەیشتنمان بۆ سروشتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی.

هەرچەندە مارکس گرنگییەکی ئەوتۆی بە بابەتی ژن نەداوە، بەڵام ئەنگلز جەنگاوە لەگەڵ ئەو هەڵبەستراوە باوانەی کە ملکەچی ژن و پاشکۆیەتی ژنیان بۆ پیاو بەسروشتی و بەرهەمی حەتمی بوونی جیاوازییە بایۆلۆجییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز داناوە. ئەنگلز پێی وایە ملکەچی ژن لەسایەی سیستمی سەرمایەداریدا شێوەیەکە لەشێوەکانی ئەو داپڵۆسینەی چینی سەرمایەداری بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکان پیادەی دەکات.

لەهەمان کاتدا هەریەک لە ئەنگلزو مارکس جیاوازییان کردووە لەنێوان بارودۆخی ژن لە چینی کرێکارو لە چینی بۆرجوازیدا. ژن لە چینی بۆرجوازیدا دەچەوسێنرێتەوە وەک هاوسەر بەڵام ژنی کرێکار لەپاڵ پیاودا دەچەوسێنرێتەوە بۆ بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار. بەمانای ئەوەی ژن لەم چینەدا هاوتای پیاوە. هەروەها ئەنگلزو مارکس دژایەتی دابەشکردنی کاریان کردووە لەسەر بنەمای ڕەگەز لەبازاڕی کاردا و، ئەم دابەشکردنەیان بە بنەمای ماددی ملکەچی ژنان داناوە، بەڕای مارکس دابەشکردنی کار لەخێزاندا لەسەر بنەمای ڕەگەز دابەشکردنێکی سروشتییە. واتە مارکس ڕۆڵە جێندەرییە تەقلیدییەکانی پێ قبوڵ بووە، چونکە بڕوای وابووە سروشتی بایۆلۆجی ژن لەڕووی دووگیانبوون و منداڵبوون و شیرپێدانی منداڵ و چاودێریکردنی بۆیان جیاوازە لە پیاو، هەربۆیە پێی وابووە کەنابێت ژن لە بازاڕی کاردا وەک پیاو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت،

چونکە جیاوازی بایۆلۆجییانەی ژن وادەخوازێت کە دوور بخرێتەوە لەو کارانەی زەرەر لە تەندروستی دەدەن و، داوا دەکات لەکاتی کاردا ماوەی پشوودانیان بۆ دیاری بکرێت (حوسو، ٢٠٠٩: ل١٦٧).

پێویستە ئەوە بووترێت تیۆری مارکسی و نووسینەکانی مارکس پشکیان هەبووە لە خوێندنەوەی بارودۆخی ژناندا. تیۆردانەرە پیاوەکان و ژنەکان چەمکەکانی مارکسیان بەکارهێناوە لە قسەکردنیان دەربارەی چەوساندنەوەی ژن وەک نامۆبوون و چەوساندنەوەی ئابووری و زێدەبەهاو دیالێکتیکدا.

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین لە هەرێمی کوردستاندا، چ لە ئاستی تیۆری و چ لەڕووی کردەوەوە، خەباتی ژنان زۆر سنووردارە و چالاکوان و نوسەرانی ژن سەربەخۆنین و تێکەڵی بارودۆخی دەسەڵاتی حیزبایەتی بوون (ئەسکەندەری، ٢٠١٢: ل١٢١).

٢-٣ تیۆرە دەروونییەکانی جێندەر:

تیۆرە دەروونییەکان بۆ شیکردنەوەی پێناسەی جێندەری بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکەنە سەر تەوەرەی پەیوەندییە سۆزدارییە جێگۆڕکێکانی نێوان منداڵ و ئەوانەی بەرپرسن لە چاودێریکردنیان لەلایەکی ترەوە.

بەپێی ئەو تیۆرانە جیاوازییە جێندەرییەکان بەشێوەیەکی بێئاگایانە لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەندا ڕەنگی بۆ دەڕێژرێت زیاتر لەوەی پێکهاتووە بایۆلۆجییەکان ڕەنگیان بڕێژن. وەک لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

٢-٣-١ تیۆری شیکاری دەروونی:

پێدەچێت تیۆرەکەی سیگموند فروید (Sigmund Freud) زۆرترین کاریگەری هەبوو بێت و جێگای زۆرترین مشتومڕ بووبێت لە سەرهەڵدانی پێناسەی جێندەریدا . فرۆید وادەبینێت فێربوونی جیاوازییە جێندەرییەکان لای ساواو منداڵ بەستراوەتەوە بە بوون یان نەبوونی ئەندامی نێرینەوە. ئەم دوو حاڵەتەش هێمان بۆ مێینەیی بوون و نێرینەیی بوون. ئەم تیۆرە وادەبینێت منداڵ لەتەمەنی (٤ یان٥) ساڵانەوە هەست بەمەترسی دەکات لە دەسەڵاتی باوکی و ئەو فشارە دابینکارانەیەی بەسەریدا دەیسەپێنێت و، ترسی دەبێت، لەخولیایدا، باوکی ئەندامی نێرینەی لێ ببڕێت و، بەشێوەیەکی ئاگایانە یان زۆرجار نائاگایانە هەست دەکات باوکی کێبڕکێی دەکات لەخۆشەویستی دایکیداو، کاتێک منداڵی کوڕ لەو تەمەنەدا هەست و سۆزە سێکسییەکانی بۆ

دایکی خەفە دەکات، دان دەنێت بەسەرکەوتنی باوکی لەو ڕووەوە، لەباوکی نزیک دەبێتەوەو، درک دەکات بەپێناسی نێرینەیی خۆی و وردەوردە بێئاگایانە واز دەهێنێت لە خۆشەویستی بۆ دایکی لە مەترسی بێبەریکردنی لە ئەندامی نێرینەیی. بەڵام کچان لەلایەکی ترەوە ئیرەیی دەچێژن بەهۆی نەبوونی ئەو ئەندامەی کوڕان جیادەکاتەوە لێیان و، بەهای دایکیان لەچاودا نزم دەبێتەوە لەبەرئەوەی لەو ڕووەوە وەک خۆیانەو نەیتوانیوە ئەو مافی نێرینەییە بەوانیش بدات. لەوکاتەدا کچان لەدایکیان نزیک دەبنەوەو هەڵوێستێکی خۆبەدەستەوەدان و ملکەچانە وەردەگرن بەو پێیەی جێگرەوەی دووەمی نێرینەن.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغەدا منداڵ لەهەردوو ڕەگەزەکە فێری خەفەکردنی هەست و سۆزە سێکسییەکانیان دەبن. بەڕای فرۆید ماوەی نێوان تەمەنی (٥) ساڵی و باڵق بوون، قۆناغی متبوون و پوکانەوەیە، لەم قۆناغەدا چالاکییە سێکسییەکان ون دەبن و دیار نامێنن تاکو کاتی باڵق بوون، کاتێک گۆڕانکارییە بایۆلۆجییەکان ڕمەکە سێکسییەکان دەوروژێنن و ڕاستەوخۆ چالاکییان دەکەن. لەو قۆناغی متبوونەدا کە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتییە منداڵ سەرقاڵی هاوڕێیەتی هاوڕەگەزەکانی دەبێت (غدنز، ٢٠٠٥: ل١٩٣-١٩٤).

٢-٣-٢ تیۆری گەشەی سێکسی:

خانمە زانای کۆمەڵناسی (نانسی شۆدۆرۆNancy Chodorow) بڕوای وایە منداڵ هەر لە تەمەنێکی زۆر بچوکەوە هەست بە نێرینەیی خۆی یان مێینەیی دەکات، ئەم هەستەش لەپەیوەندی بەدایک و باوکییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم خانمە جەخت دەکاتەوە سەر گرنگی ڕۆڵی دایک نەک باوک، لەبەرئەوەی دایک ڕۆڵی دەسەڵاتداری هەیە لەسەر کۆرپە یان منداڵەکەی هەر لەدایکبوونیەوەو، ئەمەش وادەکات پەیوەندییەکی سۆزداری قوڵ لەنێوانیاندا هەبێت و، دەبێت ئەم پەیوەندییە بگاتە خاڵێک و بوەستێت یان کاڵبێتەوە، تاکو هۆشیاری منداڵ بۆ خودی خۆی گەشە بکات وەک کیانێکی سەربەخۆ.

(شۆدۆرۆ) وادەبینێت پچڕانی ئەم پڕۆسەیە لای کوڕان و کچان وەک یەک ڕوونادات، چونکە کچان پارێزگاری لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەکەن بەدایکانیانەوە بەردەوام دەبن لە باوەش پێداکردن و ماچ گۆڕینەو تا تەمەنێکی گەورە ئەو پەیوەندییە ناپچڕێت لە نێوان کچ و دایکدا، تا کاتێکی دواتر کچان دەتوانن درێژەی پێبدەن لەداهاتوودا لەگەڵ پیاوێکدا یان لەڕێگەی هاوڕێیەتی

لەگەڵ هاوڕەگەزێکیدا. بەڕای (شۆدۆرۆ) ئەم خاسییەتانە گەشە بە لایەنی سۆزداری و بەشداریيە ویژدانییەکان دەدەن لای کچان.

بەڵام لای کوڕان هەستکردنیان بە خودو کەسایەتییان لەبەرپەرچدانەوەیاندا خۆی دەبینێتەوە بۆ وابەستەبوونیان بەدایکیانەوەو، هەوڵدەدەن لەهەموو ئەو کردانەی وەک نازکردن و نەرمونیانی کە نزیکیان دەکاتەوە لە مێینەبوون دووربکەونەوە و، هەڵوێستێکی لۆجیکییانە وەرگرن بەرامبەر جیهان و چالاکانە هەنگاو دەنێن بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لەژیانیاندا لەپاڵ خەفەکردنی توانایان بۆ تێگەشتن لە هەستەکانی خۆیان و هەستی ئەوانی تر.

دەتوانین بڵێین تاڕادەیەک (شۆدۆرۆ) ڕایەکی پێچەوانەی تیۆرەکەی فرۆید دەخاتە ڕوو، بەو پێیەی بەڕای ئەو نێرینەیی نەک مێینەیی لەپچڕانی یان لەدەستدانی وابەستەبوونی توند بەدایکەوە دێتە ئاراوە.

کەواتە پێناسەی نێرینەیی لەپچڕان و جیابوونەوەوە لەدایک دروست دەبێت. ئەمەش وا لەپیاوان دەکات کە دواتر لەژیانیاندا بەشێوەیەکی بێئاگایانە هەست بکەن چوونە ناوەوەیان بۆ پەیوەندی سۆزداری و سێکسی، مەترسی دەخاتە سەر پێناسەیان، بەڵام ژنان وا هەست دەکەن کە نەبوونی ئەو پەیوەندییە هەڕەشەیە بۆ سەر ڕێزگرتنی خوودیان. لەلایەکی ترەوە لای هەندێک لە خاوەن تیۆرەکان مێینەبوون لای ژنان گیانێکی پڕشنگداری چالاک دەشارێتەوە بۆ بەدەست هێنانی دەسکەوت تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە گیانی سۆز بەخشین و بەشداری بەئاگاییەوە بەسەریاندا زاڵە (غدنز، ٢٠٠٤: ل٩٤-٩٥).

٣- تێڕوانینی ئایینی ئیسلام بۆ جێندەر

ئایینی ئیسلام وا دەڕوانێتە سروشتی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو کە پەیوەندییەکی تەواوکارییە نەک پەیوەندییەکی کێبڕکێ. بەمانای هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن و، هاوتا نین لە پێکهاتەو تواناکانیاندا. کەواتە هەرگیز هاوتا نابن لە ماف و ئەرکەکانیاندا. چونکە هەوڵدان بۆ هاوتاکردن لەهەر شتێکدا لەنێوان دوو جیاوازدا مانای کورتییە لە ژیریی و زۆرداریە لە بڕیاردا. هەروەها جیاوازی پێکهاتەی جەستەیی و دەروونی ژن و پیاو جیاوازی دژ بەیەک نیە، بەڵکو جیاوازی تەواوکارییە. هەروەها ئایینی ئیسلام وا سەیری ژن دەکات کە کەمترو زیاتر نیە لە پیاو لە ڕووی بەهای مرۆڤانەو لە پێگەی باوەڕییداو،

هەردووکیان هاوتان لە بەهادا بەڵام جیاوازن لە ڕۆڵ و ئەرکیاندا، بەشێوەیەک کە تەواوکەری ڕۆڵ و ئەرکی یەکترن لە ناوەندی خێزان و کۆمەڵگەدا (ویرمان، ٢٠١٨). ئەو کێشەیەش کە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا دێتە ئاراوە تایبەت بە جیاوازی جێندەریی و نەڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەردوو ڕەگەز لە گشت کایەکانی ژیاندا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە دەقە ئاینییەکان وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت و شێواندنی تێداکراوە بەپێی بەرژەوەندی پیاوانی ئایینی و، زۆرجاریش بەهۆی نەشارەزاییی و تێنەگەیشتنیان لە دەقە ئایینییەکان و تێکەڵبوونی ئەو بابەتانە بە پڕۆتۆکۆڵە حیزبایەتییەکانی ئیسلامی سیاسی .

١-ئەزموونی ئەکادیمی خوێندنی جێندەرو توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان

لە بەرواری ٢٠١٠/٤/٥١ لە نێوان وەفدێکی زانکۆی بریستڵ و زانکۆی سلێمانی بە سەرپەرشتی سەرۆکی زانکۆو سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی، پڕۆتۆکۆلی کردنەوەی سەنتەری خوێندنی جێندەرو توندوتیژی، لەبەشی کۆمەڵناسی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئیمزا کرا.[١١]

ئەوەی شایەنی باسە ئەم پڕۆژەیە بیرۆکەکەی لەلایەن زانکۆی (بریستڵ)ەوە دارێژراوەو، فەندەکەی بەهاوبەشی لەلایەن کونسوڵیەتی بەڕیتانیاو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابینکراوە، لە چوارچێوەی (پڕۆژەی پەرەپێدانی بەڕیتانی- عێراقی بۆ پەروەردەو فێرکردن) پاشان لەڕێکەوتی ٢٠١١/٣/١ لە کۆنفراسێکی زانکۆی سلێمانیدا کردنەوەی سەنتەرەکە لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بە ڕەسمی ڕاگەیێندراو، دەستەی بەڕێوەبردنی سێنتەر دیاریکرا کە پێکهاتبوو لە (٤) مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی.[١٢]

---

١١ وەفدەکەی زانکۆی بریستڵ بەسەرپەرشتی (د. نەزەند بەگیخانی) لێکۆڵەری باڵا لە بەشی جێندەرو توندوتیژی لە فاکەڵتی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی بریستڵ و، زانکۆی سلێمانی بە سەرپەرشتی (د. علی سعید) سەرۆکی زانکۆو (د.نجاة محمد فرج) سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی.

١٢ دەستەی یەکەمی بەڕێوەبردنی سێنتەری جێندەرو توندوتیژی زانکۆی سلێمانی:

١-د. نجاة محمد فرج (سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی ئەو کاتە)
٢-د. جوان بختیار بهاءالدین (مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی)
٣-د. نیان نامق صابر (مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی)
٤-د. پەیمان عبدالقادر عظیم (مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی)

٤-١ ئامانجەکانی سەنتەرەکە:

١-پێشخستنی پڕۆگرامی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی لە ڕێگەی دابینکردنی کۆرسی تایبەت بە جێندەر بۆ ستافی ئەکادیمی و خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی.

٢-فراوانکردنی بازنەی وانەوتنەوەو چاککردنی جۆری خوێندن لەڕێگەی ناساندنی کۆنسێرتی ڕاڤەکارانەی تایبەت بە جێندەرو توندوتیژی جێندەری هاوتا لەگەڵ ناساندنی تیۆرە پەیوەندیدارەکان و میتۆدی توندوتیژی تایبەت بە خوێندنی جێندەرو کاری کۆمەڵایەتی.

٣-زیادکردنی توانای ئەکادیمی مامۆستایان و خوێندکاران لە بەشی کۆمەڵناسی، لەڕێگەی ناساندنی چەمکی جێندەرو توندوتیژی و، ئەنجامدانی توێژینەوەی جۆری پێویست لەبواری جێندەرو توندوتیژی جێندەریی.

٤-زیادکردنی هۆشیاری دەربارەی چەمکی جێندەر بەگشتی و توندوتیژی جێندەریی بەتایبەتی لەبواری خوێندنی باڵاو لەناو کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی فراوانترو. زیادکردنی دەرفەتی خوێندن و بەشداریکردنی تایبەتمەندانەی ژن لەبواری خوێندنی باڵا لەکوردستاندا.

٤-٢ گرنگترین چالاکیەکانی سەنتەر:

١-وەک بەشێک لە چالاکی و هاوکاری هاوبەش، پڕۆگرامێک ڕێکخرا لەلایەن زانکۆی بریستڵ بۆ ئەندامانی سەنتەرەکە لە چوارچێوەی خولی (بونیادنانی تواناکان) بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و ئەزموون لە بواری خوێندن و توێژینەوەی جێندەریدا، ئەندامانی سەنتەرەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە سەردانی وڵاتی بەڕیتانیایان کردو لەو سەردانەدا کۆمەڵێک چالاکی ئەنجامدرا وەک: پێشکەشکردنی توێژینەوە لەلایەن ئەندامانی سەنتەرەکەوەو، سەردانی کۆمەڵێک سەنتەر و ڕێکخراوی تایبەت لەو بوارەدا.

٢-دانانی وانەی جێندەر و توندوتیژی بۆقۆناغی دووەمی بەشی کۆمەڵناسی بە (٣) یەکە و لەلایەن ئەندامانی سەنتەرەوە وترایەوە.

٣-بەرپرسکردنی سەنتەر لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە بۆ ڕێکخستن و ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی هەڵمەتی (١٦) ڕۆژەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/١٢/١٠-١١/٢٥). ئەوەی شایانی باسە لەم ماوەیەدا نزیکەی (٢٠) سیمیناری زانستی پێشکەشکرا لەلایەن مامۆستایانی

بەشە زانستییەکانی زانکۆوەو ڕێکخراوەکانی ژنان و، چەندەها چالاکی جۆراوجۆر پێشکەشکراو، سەرجەم ئەم کارانەش لەهۆڵی ڕاپەڕینی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدرا بەئامادەبونی بەرپرسان و مامۆستایان و خوێندکاران و کەسایەتی دەرەوەی زانکۆ.

٤-گرنگترین چالاکییەکانی سەنتەر بۆ ساڵی (٢٠١١-٢٠١٤) بریتین لەمانەی خوارەوە:

• بەشداریکردن لە چەندەها کۆڕو سیمینارو مێزگردو ۆرکشۆپ کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە ئەنجامدراون لە سلێمانی و هەولێر.

• ئەنجامدانی (٦) توێژینەوەی زانستی لەلایەن ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی سێنتەر.

ئەوەی شایانی باسە سەنتەرەکە سەرەتا خۆبەخشیبووەو ڕاپەڕاندنی کارەکانی بەشێک بووە لە ئەرکی زانستی ئەو مامۆستایانەی کە کاری تێدا دەکەن.

لە ئێستادا سەنتەرەکە سەربەخۆیەو گرێبەستی لەگەڵ زانکۆی بریستڵ کۆتایی هاتووەو، بەڕەسمی لەبەشی کۆمەڵناسی جیاکراوەتەوەو لکێندراوە بە فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵاوەو، لەلایەن ستافێکی نوێوە بەڕێوە دەبرێت و، لەسەر ئاستی هەموو کۆلێجەکان مامۆستایەک ئەندامە لەو سێنتەرەدا.

جگە لەوەش بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) و لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی پڕۆسێسی بۆلۆنیا لەسەر ئاستی گشت کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی، کە بە قۆناغی یەکەمی خوێندنی گشت کۆلێجەکان دەستی پێکردووە، سەرجەم بەشە زانستییەکان ڕاسپێردراون کە چەند کاژێڕێک تەرخان بکرێت بۆ وتنەوەی بابەتی جێندەر لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە، دواجاریش مەرجە ئەو بابەتە بۆ تاقیکردنەوەی کۆرسات داخڵ بکرێت.

٥-تیۆرەکانی توندوتیژیی (Violence Theories)

چەمکی توندوتیژی زنجیرەیەک کردەی جۆربەجۆر دەگرێتەوە لەنێوان زیانی مادی و جەستەیی و دەروونی و مەعنەوی و شێوازی تر لە شێوەکانی

توندوتیژی و، بەگوێپێنەدان وهەڕەشەکردن دەست پێدەکات بۆ ئازاری جەستەیی و جنێودان و ناتۆرە بۆ هەڵبەستن، تاکو برسیکردن و کوشتن و لەناوبردن. گرنگترین ئاڕاستە تیۆرییە بنچینەییەکانی شیکردنەوەی توندوتیژی بریتیین لە:

٥-١ شیکردنەوەی بایۆلۆجی:

لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە توندوتیژی یاخود شەڕانگێزی بریتیە لە پرۆسەی بەتاڵکردنەوە لەو ژەهرەی بەهۆی حاڵەتی توڕەیی یان شڵەژانی باری دەروونی کەسێکەوە وەک پەرچەکردارێک دەردەچێت. بەمانای ئەوەی پەرچە کردارە هەڵچوونیەکانی وەک توڕەیی و شڵەژان ئەبێتە هۆی پەرچەکرداری جۆریی لەسەر ئاستی دەمارەکانی مێشک یاخود لەسەر ئاستی کوێرە گلاندەکان. بەو پێیە هەموو کارێکی شەڕانگێزیی گۆڕان لە لێدانی دڵ و هەناسەدان و سوڕی خوێن و دەردراوی گلاندەکان بەرهەم دێنێت، تاک درک بەم پەرچەکردارە دەکات دوای ئەوەی کە گوێزرایەوە بۆ مێشک لە ڕێگەی پاڵنەرە دەمارییەکانەوە. ئەم پەرچەکردارەش ئەو بارە دەروونیە دروست دەکات کەپێی دەوترێت شەڕانگێزیی یان توندوتیژیی . بەڕای ئەم تیۆرە ئەگەر ئەم شەڕانگێزییە بەتاڵنەکرێتەوە بۆ دەرەوە - بە وتە یان هەڵوێست - لەو کاتەدا لەناوخۆی تاکەکەکەدا بەتاڵدەبێتەوەو تێکچوون و شڵەژانی توندو درێژخایەن لەناو جەستەیدا بەجێدەهێڵێت، هەروەها بێبەریکردن لە کەمکردنەوەی شەڕانگێزی ئاستی شڵەژان بەرز دەکاتەوە (الحیدری، ٢٠١٥: ل٢٢).

٥-٢ شیکردنەوەی داروینی:

ئەم تیۆرە واشیدەکاتەوە کە شەڕانگێزی ڕەمەکێکی سروشتی مرۆڤ و پێکدادانە کۆمەڵایەتییەکانە. زانای ئەنسرۆپۆلۆجی (ئاردری Ardrey.R) وادەبینێت کەمرۆڤ بۆماوەییانە ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی و، مرۆڤ بێتوانایە لەبەردەم ڕەمەکە سروشتییە تایبەتییەکانیدا کە ڕای هێناوە لەسەر پێکدادان و ململانێ. هەرچەندە پیاوان بەهێزبن بەڵام ناتوانن ڕوکارە شەڕانگێزیەکانیان بخەنە ژێر چاودێری لۆجیکانەوە، چونکە بەدیهێنانی دەسەڵات مەبەستی بنچینەیی ڕەفتاری شەڕانگێزییە (العواوده، ٢٠٠٢: ل٣٣).

٥-٣ شیکردنەوەی دەروونی:

لایەنگرانی شیکردنەوەی دەروونـی وا سەیری توندوتیژی دەکـەن کە کێشەیەکی دەروونـیـە نـەک کۆمەڵایەتی. بـەڕای ئـەم تـیۆرە شەڕانگێزیی شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەفتاری مرۆڤانە، کە بەهۆی هاندەرەوە پەیدا دەبێت. هاندەریش ئەو هێزە شاراوانەی ناوەوەی تاکن کە پاڵیان پێوەدەنێت بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزیی، لەگەڵ ئەوەشدا بنچینەترین شێوەی هاندەر بۆ توندوتیژیی ئارەزووە بۆ ئازاردانی بەرامبەر کەئەمەش لە سروشتی مرۆڤایەتیەوە بوونی هەیە. بەڕای لایەنگرانی ئەم تیۆرە، گرنگترین ڕەگەز کە ئاسانکاری دەکات بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزیی و ڕوودانی یان وەلانانی ئەو ڕووداوانەیە کە بەمێژووی کۆن و ئێستای تاکدا دەڕوات، کەئەمەش دەبێتە چوارچێوەیەکی ژینگەیی کە واقیع بینیمان بۆ زامن دەکات (الزیود، ٢٠١١: ل٣١).

٥-٤ شیکردنەوەی کۆمەڵناسی:

تیۆرە کۆمەڵناسییەکان بۆ شیکارکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گشتی دابەش دەبن بۆ دوو قوتابخانەی سەرەکی کە بریتین لە: بونیادی ئەرکەکی و ململانێ. هەریەکەیان بە بۆچوونێکی جیاواز دەڕوانێتە کۆمەڵگە. لێرەدا روانگەی هەریەک لەم قوتابخانانە بۆ توندوتیژیی دەخەینە ڕوو:

٥-٤-١ تیۆری بونیادی ئەرکەکی:

ئەم ئاڕاستەیە وادەبینێت کە تاکەکان و کۆمەڵەکان لە بارێکی هاوسەنگیدان لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەوەی ئەم هاوسەنگییە بەدیبێت پێویستە بەشە جیاوازە پێکهێنەرەکانی پێویستییەکانی کۆمەڵگە پڕبکەنەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەم تیۆرە وادەبینێت کە جیاوازی ڕۆڵی ئافرەت لە پیاو کارێکی ئەرکەکیەو (ئەرێنییە)، پارێزگاری دەکات لە هاوسەنگی سیستەم یان ڕژێمی ناوخۆیی خێزان، بەو پێیەی خێزان سستمێکەو، ئەگەر هاتوو هەردوو هەمان گرنگی و پێگەیان هەبێت، دەبێتە هۆی تێکچوونی بونیادی سستەمەکەو کامڵ نەبوونی. لەبەرئەوە کەم نرخاندنی بارودۆخی ئافرەت لای پیاوان کارێکی ئەرێنییەو پارێزگاری دەکات لە بونیادی خێزان (عباده و أبودوح، ٢٠٠٨: ل٣٢).

٥-٤-٢ تیۆری ململانێ (Conflict Theory):

ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە هەموو دیاردەکانی جیاوازی و دەمەقاڵێ

و کێبڕکێ و جەنگ کە ئاسەواری ئەرێنیی و نەرێنیی لەسەر سروشتی بونیادو پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە جێدەهێڵن. چونکە ململانێ ڕژێم و جێگیریی و یەکبوون گرژ دەکات و تێکی دەشکێنێت. لەهەمان کاتیشدا هۆیەکە بۆ بەردەوام بوونی کۆمەڵە و پەیوەندی و سستمە کۆمەڵایەتییەکان. (لویس کوزر) لەو خاوەن تیۆرانەیە کە جەخت دەکاتە سەر لایەنی ئەرێنی ململانێ لە بەردەوام بوونی سستەم و خۆگونجانیدا، لەکاتێکدا کە نەیتوانیوە ئاماژە بدات بە ئەرکەکی بوونی یان نائەرکەکی بوونی (ئەرێنی و نەرێنی) ململانێ لە ناو سستمی خێزاندا.

بۆ نمونە لەکاتی بەردەوامبونی شەڕو ئاژاوە لەناو خێزانێکدا و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێیانە دوور لە جیابوونەوە، لێرەدا تەنها دەتوانین بڵێین کە سستمی خێزانەکە بەردەوامەو هەرەسی نەهێناوە، بەڵام ناتوانین بڵێین ململانێکە ئەرکەکیە یان ئەرکەکی نیە، ئایا ڕای ژنەکە سەرکەوت یان پیاوەکە یان هەردوو ڕاکە ڕێکخران بەیەکەوە؟ هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکە چییان بەخت کرد لە پێناوی بەردەوام بووندا؟

خۆ ئەگەر ژنەکە قوربانی بەخۆیدا، لێرەدا ململانێکە نەرێنییە بۆ ژنەکەو ئەرێنییە بۆ خێزانەکە چونکە لێرەدا ژنەکە وازی لە مافەکانی هێناوە لەپێناو پاراستنی بونیادی خێزانەکەیدا، کە بەڕای (کوزر) هەمیشە ژن قوربانیدەر دەبێت نەک پیاو. منداڵانیش بەشداری دەکەن لەو قوربانیدانەدا. پیاوانیش هەمیشە گەورەی هەڵوێست و خاوەنی فەرمان دەبن (عواودە، ٢٠٠٢: ل٣٦-٣٧).

لەلایەکی ترەوە مارکسیەکان وا پێناسەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی دەکەن کە بریتییە لەهەموو شێوازەکانی هێز و داپڵۆسین لەژیانی کۆمەڵایەتیدا و (لینین) دەڵێت: لەهەموو کۆمەڵێکی مرۆڤایەتیدا پیادەی دەسەڵاتی داپڵۆسین دەکرێت. بەڕای مارکسیەکان بە درێژایی مێژوو دەبینین کە کارکردنی ژنان و بەدەستهێنانی ماڵ وسامان بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەیان و هاوتابونیان لەگەڵ پیاوان بەڵام گەڕانەوەیان بۆ ماڵ و وازهێنانیان لەکاری دەرەوەو پەیدابوونی مولکایەتی تایبەتی گرنگیانی کەم کردۆتەوەو بووەتە هۆی بێ بایەخییان .

بەبۆچوونی ئەم تیۆرە ژنان لە چینی یان توێژی زوڵملێکراون (بێدەسەڵات)

و هەمیشە زوڵملێکەرەکان هەوڵدەدەن بەبێ نرخی و پاشکۆیەتی بۆ خۆیان بیانهێڵنەوە تاکو دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن بە سەریانداو سەرکوتیان بکەن. هەروەکو دەبینین چۆن پیاوان هەوڵدەدەن ژنەکانیان دووربخەنەوە لەکارکردن و خوێندن و، باوکانیش کچەکانیان بێبەریدەکەن لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیان تاکو دەسەڵاتیان بمێنێت بەسەریاندا و سەرکوتیان بکەن. بۆیە لێرەدا دەبێت بۆ ڕزگارکردنی ژنان لەم بارودۆخە وشیار بکرێنەوە بەگرنگی ماف و ئەرکەکانیان تاکو ئازاد بکرێن و ڕزگاربن لە سەرکوتکردن و دەسەڵاتی پیاو (العواوده، ٢٠٠٢: ل٣٥-٣٦).

٦- دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی خستنەڕووی تیۆرەکانی جێندەرو توندوتیژیی، گەشتینە کۆمەڵێک ڕاستی زانستی بۆ شرۆڤەکردن و تێگەیشتنمان لەبنەما تیۆرییەکانی جێندەرو جیاوازی جێندەری و توندوتیژی لەسەر ئەو بنەمایە. لەلایەکەوە ئاڕاستە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی جیاوازی جێندەری نێوان ژن و پیاو دەگێڕنەوە بۆ بنەمای بایۆلۆجی سروشتی نێر و مێ و، جیاوازی جێندەری لە پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و، ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی وێنا جێندەرییەکان. لە لایەکی ترەوە ئاڕاستەی ئەرکەکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەجیاوازی جێندەری و دابەشکردنی کار لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هۆکارێکن بۆ جێگیری و تەواوکاری و وابەستەبوونی کۆمەڵایەتی. بەڵام شیکردنەوە فیمینیزمییەکان نایەکسانییە جێندەرییەکان (جۆرییەکان) بە هەموو شێوەیەک بەرپەرچ دەدەنــەوەو، هۆکارگەلێکی وەک ڕوانگەی هەڵوێست و ئاڕاستە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک جیاکاری دژی ژنـان و، دابەشکردنی چینایەتی و، سیستمی باوکسالاریی (نێرسالاری) مەحکوم دەکەن لەسەپاندنی دەسەڵاتی سستماتیکی ڕەگەزییانەی پیاو بەسەر ژناندا. لەهەمان کاتدا تیۆرە دەروونییەکان ڕۆدەچنە ناو پڕۆسە دەروونیە ئاڵۆزەکانی گەشەی منداڵەوە لەپەیوەندیدا بە دایک و باوکەوەو، پەیوەندی ئەو دووانە بەیەکەوەو، لەو ڕێگایەوە جیاوازی ڕۆڵ و تایبەتمەندییە جێندەرییەکان یەکلا دەکەنەوە.

لەو نێوەندەدا دەکرێت ئاوڕێکیش لە تێڕوانینی ئایینی ئیسلام بدەینەوە کە جێندەر وەک پێویستییەکی تەواوکاری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات، بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی دینداڕەو، ڕێنمایی و دەقە ئاینییەکان پشکی شێرییان هەیە لە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا.

سەبارەت بەتێگەشتن و شرۆڤەکردنمان بۆ تیۆرەکانی توندوتیژی گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە هۆکارەکانی پیادەکردنی کردەو ڕەفتاری بینراو یان نەبینراوی توندوتیژی جۆراوجۆرن و بە ئەندازەی ئاڕاستەو بۆچوونە زانستییەکان. هەرچەندە بەئەندازەی مرۆڤایەتی توندوتیژی کۆنەو، ڕاو بۆچوونەکان جیاوازن لە شیکردنەوەی هۆکارەکانی توندوتیژیدا، بەڵام هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن توندوتیژی یەکێکە لەپێکهاتووەکانی ڕەگەزی مرۆڤ، لەو ڕوانگەیەوە کە سروشتی مرۆڤایەتی پێکهاتوویەکە لە خێرو شەڕ. هەروەها دیاردەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەکاندا وەستاوە لەسەر کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆری ناوەکی و دەرەکی و، سروشتی و کۆمەڵایەتی و دەروونی، لەهەر ساتێکی مێژوویی دیاریکراودا، پەیوەندە بەئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی شارستانییەوە.

هەموو ئەم بابەتانەی سەرەوە لەچوارچێوەی تێکستی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانەوە هەڵهێنجراوە، بۆیە پێویستە ئێمە وەک کۆمەڵگەی کوردی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا شرۆڤەی تایبەتی خۆمان هەبێت بۆ جیاوازی جێندەری و توندوتیژی جێندەری لەڕوانگەی کەلتوورو پیکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆمانەوە شیبکەینەوە، لەکاتێکدا بەبڕوای ئێمە لەڕێگەی سیستمێکی جێندەرییەوە بوارەکانی نێرینە بوون و مێینەبوون ڕێکدەخرێت و لەشێوەی پلەپلە بوونی هەرەمیدا بەرجەستە دەکرێت و، ئەو سستمەش پشتگیری لە دەسەڵاتی پیاو دەکات بەسەر ژندا.

بۆیە زیاتر پێویستمان بەبرەو دانە بەم بوارەو، بە خۆشحاڵیەوە لەئێستادا بێجگە لە سێنتەرەکەی زانکۆی سلێمانی، لە زانکۆی سۆرانیش سێنتەرێک و، لە زانکۆی ئەمریکی سلێمانیش سێنتەرێک بۆ خوێندنی جێندەر و ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری جێندەردا دامەزراون.

پرسیارەکان

پ١ /ئایا ئەتوانین جیاوازییە جێندەرییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەهێڵین؟ بۆچی؟

پ٢ /ئایا ئەتوانین لەپاڵ جیاوازییە جێندەرییەکاندا دژایەتی توندوتیژی جێندەری بکەین؟ چۆن؟

پ٣ /ئایا ئەو بوارانەی بەردەوام کێشەی جیاوازی جێندەری دەوروژێنن کامانەن؟ هۆکارەکانی دەست نیشان بکە.

پ٤ / هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تا چەند پشتگیری لە دژایەتیکردنی توندوتیژی دژی ژنان دەکەن ؟ چۆن؟

پ٥ / ڕۆڵی یاساکان لە حکومەتی هەرێمدا چۆن هەڵدەسەنگێنێت لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا؟ بە نمونەی زیندوو وەڵامەکەت پشت ڕاست بکە.

پ٦ /باڵا پۆشی ژنانت لا پەسەندە لەپێناو پاراستنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەداو لەسەدەی بیست و یەکدا؟

پ٧ /چۆن سەیرکردنی (بەچاو) پیاو بۆ ژن شی دەکەیتەوە؟ ئایا پێت وایە ژن پەست دەکات؟ چی دەکەیت لەو هەڵوێستانەدا؟ چۆن سەیرکردنی ژن بۆ پیاو شیدەکەیتەوە؟ بە دڵپاکی و سروشتی دەبینیت؟

پ٨ /پێت باشە هەوڵەکانمان بۆ کام لەم دوو بوارە ئاراستە بکەین: یەکسانی جێندەری یان هاوسەنگی جێندەری؟ بۆچی؟ بەنمونە ڕوونی بکەرەوە.

سەرچاوەکان

الحيدري، ابراهيم (٢٠١٥)، سوسيولوجيا العنف والارهاب، ط١، دار الساقي، بيروت، لبنان.

الزيود، اسماعيل محمد (٢٠١١)، العنف المجتمعي – اطلالة نظرية، دار كنوز المعرفة، الأردن.

العواودة، أمل سالم (٢٠٠٢)، العنف ضد الزوجة في المجتمع الأردني، ط١، مكتبة الفجر، الاردن.

حوسو، عصمت محمد (٢٠٠٩)، الجندر (الأبعاد الاجتماعية والثقافية)، ط١، دارالشروق، عمان، الأردن.

عبادة و أبو دوح، مديحة أحمد وخالد كاظم (٢٠٠٨)، العنف ضد المرأة، ط١، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.

عبدالعظيم، صالح سليمان (٢٠١٤)، النظرية النسوية ودراسة التفاوت الاجتماعي، العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد ٤١، ملحق ١، في ٢٠١٨/٢/٢٥، على الموقع الآتي: https:// platform.almanhal.com

عمر، معن خليل (٢٠١٥)، علم اجتماع الجندر، ط١، دار الشروق، عما، الأردن.

غدنز، أنتوني (٢٠٠٥)، علم الاجتماع، ترجمة فايز الصياغ، ط٤، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان.

ويرمان، ايكا فوترا (٢٠١٨)، الجندر من منظور الإسلام في ٢٠١٨/١/١٢، على الموقع الآتي: http://download.portalgaruda.or

ئەسکەندەری، ئەحمەد (٢٠١٢)، ژن و دەسەڵات- بزووتنەوەی ژنان و داهاتوو، پەیمانگای (ی. ئا، ک) بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڤاری شیکار.

٤-١-٣ توندوتیژی جێندەریی

نیان نامق صابر

پوختە:

لە جیهاندا کۆمەڵگەکان جیاوازن لەڕووی کلتورو داب و نەڕیتەوە. دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر شێوازی ژیان بەگشتی و ڕەفتاری مرۆڤ بەتایبەتی. بەڵام بوونی توندوتیژی یەکێکە لەو دیاردانەی لەیەکچوون دروست دەکات بەدەر لە هەموو جیاوازییەکان، بەتایبەتی توندوتیژی جێندەریی.

جۆرە باوەکانی توندوتیژی جێندەریی بریتین لە؛ توندوتیژی جێندەری سێکسیی (SGBV)، دەستدرێژی سێکسیی، گێچەڵکردنی سێکسی، خەتەنەکردنی مێینە(FGM) یان شێواندنی کۆئەندامی زاووزێی کچان و ژنان، بەشوودانی پێشوەخت، بەزۆربەشوودان یان ڕێگری لەشووکردن، و خراپەکاری سێکسی یان کوشتن بەبیانووی شەرەف. هەریەکێک لەم جۆرانەش بە هۆکار و پاساوی جیاواز پیادە دەکرێت، لەوانەیە کۆمەڵایەتی، یان ئابووری، یان تەندروستی بێت.

کاریگەریی توندوتیژی جێندەری ئاسەواری خۆی بەجێدەهێڵێت لەسەر کەسێتی قوربانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێـژ. هـەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی جێندەریی پێویستی بە هەڵوێست و بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەقینە هەیە، بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ. لەبەرئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و ڕێسای تایبەتەوە بۆ تاک و خێزانیش.

زاراوە سەرەکییەکان: جێندەر ، توندوتیژیی ، توندوتیژیی جێندەریی

١ -پێشەکی:

توندوتیژی یەکێکە لە دیاردە دزێوەکان کە دەتوانرێت شوناسی جیهانی پێبدرێت. بەهۆی بەربڵاویی و زۆری جۆرەکانی و پابەندنەبوونی بە شوێن و کاتەوە.

بەکارهێنانی توندوتیژی هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە. کوشتنی هابیل و، ئەو چیرۆکانەی لە ئەفسانەکانیشدا زۆر بە ڕوونی بەدیدەکرێت، کە جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی تیا بەرجەستە کراوە، کوردستانیش بەدەر نیە لەم بابەتە، بەڵکو هەندێکجار خاکێکی بە پیتە بووە بۆ دەرکەوتنی.

بێگومان دیاردەیەکی لەم جۆرە پێویستی بە توێژینەوەی بەردەوام هەیە، بۆ دەرخستن و شیکردنەوەی هۆکارەکان سەرهەڵدان و جۆرەکانی بە شێوەیەکی زانستیانە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ لانی کەمی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە...

هۆکاری نووسینی ئەم بەشە لەم کتێبە هەوڵێکی ئەکادیمیە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی ئەم بابەتە هەستیارەی نێو کۆمەڵگەکان.. لەم بەشەدا شیکردنەوەی زانستی بۆ توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر دەکرێت. لەبەرئەوەی ئەم بابەتە بۆ کاری کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ئەم بوارە دادەنرێت، چونکە دەچێتە ناو هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤەوە.

٢- توندوتیژیی

٢ -١ پێناسەی توندوتیژیی:

وشەی توندوتیژی (Violence) لە وشەی (Violare) ی لاتینیەوە وەرگیراوە کە بە مانای دەستدرێژی و ئازارگەیاندن بە مرۆڤ و زیانگەیاندنە لە کەلوپەلەکان (صلیبا ١٩٨٢: ١١٢).

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە ساڵی ٢٠٠٢ لە یەکەم ڕاپۆرتی تایبەت بە تەندروستی، توندوتیژی پێناسە دەکات بە "بەکارهێنانی مەبەستدار بۆ هێزی جەستەیی ڕاستەقینە یاخود هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی دژی خود، یان دژی کەسێکی تر یان کۆمەڵە کەسێک یان کۆمەڵگەیەک، بەشێوەیەک

کە بریندارو کوژراوی لێبکەوێتەوە، یاخود ببێتە هۆی ئازاری دەروونی یان دواخستن و پەکخستنی پرۆسەی گەشەکردن یان بێبەریکردن لە هۆکارەکانی گەشەکردن" (Krug EG et al, 2002: p13).

ئامارەکانی ئەم ڕێکخراوە ئاماژە بە لەناوچوونی (١,٦) ملیۆن کەس دەدەن بەهۆی توندوتیژییەوە لە جیهاندا. (WHO).

پێناسەی توندوتیژی بەپێی قاموسی (Webster): بریتیە لە هێزی جەستەیی بەکارهێنراو بۆ ئازاردان و زیانگەیاندن (Websters, 1982: p22).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژی بریتیە لە بەکارهێنانی هێز (مادی بێت یان مەعنەوی) بۆ ئازاردانی بەرامبەر.

٢-٢ جۆرەکانی توندوتیژی:

لەم بەشەدا جۆرەکانی توندوتیژی گشتی دەخرێتەڕوو، وە زیاتر جەخت لەسەر ئەو جۆرانە دەکرێت کە لەسەر بنەمای جێندەریی پیادە دەکرێن.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بدرێت بە بەیەکداچوونی جۆرەکانی توندوتیژی لە ژیانی ڕۆژانەدا چونکە بەدەگمەن دەردەکەوێت کە بەتەنها یەک جۆر پیادە بکرێت.. لەبەرئەوە جیاکردنەوەیان بۆ مەبەستی تێگەیشتنە..

١- **توندوتیژی جەستەیی:** بەکارهێنانی هێزە لەسەر جەستەی قوربانی، کە دەبێتە هۆی ئازاردانی جەستەیی، و لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی یەکێک یان زیاتر لە ئەندامانی جەستە و لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە رادەی مردن.

٢-**توندوتیژی زارەکی:** بەکارهێنانی قسەی ناخۆش و جوێن و ناوناتۆرە. ئەمجۆرە هیچ ئاسەواری مادی بەجێناهێڵێت بۆ ئەوەی ئەنجامدەری توندوتیژیەکە سزا بدرێت. بەڵام بێگومان کاریگەریی دەروونی زۆر خراپ لەسەر باری دەروونی قوربانی بەجێدەهێڵێت.

٣-**توندوتیژی ئابووری:** بێبەشکردنە لە خەرجی و دابینکردنی پێویستیە سەرەکیەکانی ژیانی ڕۆژانە بەشێوەیەک کە کارئەکاتە سەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی تاک.

٤-**توندوتیژی تەندروستی:** بێبەشکردن لە خزمەتگوزاری تەندروستی، یاخود پشتگوێخستنی باری تەندروستی.

٥-توندوتیژی کۆمەڵایەتی: پەیوەندی کۆمەڵایەتی نادروست یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی توندوتیژی کۆمەڵایەتی. بە دەستێوەردانی کەسانی نزیک لە قوربانی دەست پێدەکات، و دەگاتە ڕێگری چوونەدەرەوە و پەیوەندیکردن بە هاوڕێ و ئەو کەسانەی کە قوربانی ئەیەوێت پەیوەندی هەبێت لەگەڵیاندا.

٦-توندوتیژی دەروونی: ئەم جۆرەی توندوتیژی لەکۆتاییدا باسدەکەین، لەبەرئەوەی دەرئەنجامی هەموو توندوتیژییەکانی تر لێرەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە توندوتیژی زارەکی یان جەستەیی هەندێکجار بە تەواوبوونی هەڵوێستەکە کۆتایی دێت، بەڵام کاریگەرییە دەروونیەکەی مەحاڵە بەئاسانی بیربچێتەوە، بەڵکو هەندێ جار پەرەدەسینێت بۆ شڵەژان یان نەخۆشی دەروونی. بێگومان دووبارەبوونەوە و جۆری توندوتیژی و پێگەی کەسی ئەنجامدەر پەیوەندیەکی ڕاستەخۆیان هەیە بەم حاڵتانەوە (العواده، ٢٠٠٢: ل٢٨-٣١).

٧-توندوتیژی پەروەردەیی: مەبەست لەم جۆرە ڕێگریکردنی مرۆڤە لە خوێندن، یان زۆرلێکردنیەتی بۆ وازهێنان لە خوێندن و بەجێهێشتنی خوێندنگە، هەڕەشەلێکردنی بە ڕێگەنەدان بە تەواوکردنی خوێندنی، یان زۆرلێکردنی بۆ خوێندنی پسپۆڕییەکی دیاریکراو.

٨-توندوتیژی هێمایی یان کلتوری: بیار بوردیو (١٩٣٠-٢٠٠٢) پێناسەی دەکات بەوەی کە جۆرێکی نەرم و شاراوەو هێمنە لە توندوتیژی، لە هەمان کاتدا لای کەسی پیادەکەرو قوربانییەوە شاراوەو نەناسراوە. ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە هەڵسوکەوتە بەهایی و کلتوری و سۆزداری و ڕەوشتییەکاندا خۆی دەنوێنێت و، کەسی پیادەکەری و قوربانییەکە هەڵگری هەمان وێناو باوەڕن دەربارەی ژیان و کلتورو هێما جیاکارییەکانی کۆمەڵگە و، شێوازە بونیادییەکانی قۆرخکردن و دەست بەسەراگرتن، بە بەڵگە نەویست و جێگیرو نەگۆڕی دادەنێن، ئەمەش وادەکات دیاردەی توندوتیژی وەک بەشێک لە دیاردە مێژووی و کلتورییە سروشتی و ڕەنگاڵەکان تەماشا بکرێت، یان وەک سیستمێکی ڕابردووی کۆمەڵگە. لە دەسەڵات و دەست بەسەراگرتندا، ئەم جۆرە لە توندوتیژی، پشت دەبەستێت بە هێماکان، وەک: زمان، وێنە، نیشانە، ماناکان و، زۆرجار ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە سێبەری

هەڵسوکەوتە هێماییە ڕەوشتییەکاندا خۆی دەردەخات دژی قوربانییەکانی و هەربۆیە دەوترێت دەرئەنجامی دەسەڵاتیکی هێماییە (مجید).

٩-توندوتیژی یاسایی: مانای بەندو مـاددەی یاساکانە کە پاڵپشتی ئەو ڕێوشوێنە یاساییانە دەکات کە جیاکاری نێوان ژن و پیاوی لێدەکەوێتەوە لەکاتی جێبەجێکردنیدا، جیاکاری یاسایش لەو فەرمانی یاساییانە دەردەکەوێت کەپەیوەندی بە ناپاکی هاوسەرگیری و، مافی بەخێوکردنی منداڵ (حق الحضانة) لەپاش جیابونەوەو، یاساکانی ماف پێنەدانی ژنان بۆ هاتوچۆو سەفەرکردن بە سەربەخۆیی، ... هتد (ذبیان، ٢٠١٣: ل١٠٠).

٣- توندوتیژی جێندەریی

٣ -١پێناسەی توندوتیژی جێندەریی:

توندوتیژی جێندەریی (Gender Based Violence): ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٩٣) پێناسەی دەکات بەوەی کە بریتیە لە هەرکارێک کە ببێتە هۆی ئازاردانی جەستەیی یان دەروونی یان سێکسی ژن، هەروەها هەڕەشە و زەوتکردنی ئازادیش دەگرێتەوە (Bott et al, 2004: p.8).

پێناسەش دەکرێت وەک چەمکێکی گشتیە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دەگرێتەوە کەدژی ئیرادەی کەسێک ئەنجام بدرێت، و لەسەر بنەمای جیاوازیە لەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی دانراوە کە بە کوڕ یان کچ دەسپێرێت (التضامن).

کوڕان و پیاوان بێبەش نین لە ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەریان، و دەبنە" قوربانی توندوتیژی Victim Of Violence " لەسەر بنەمای جێندەری بەتایبەتی توندوتیژی سێکسی، بەڵام بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگە و بەهێزی پێگەی پیاو تیایدا و ڕوانینە بۆ ژن بە پاشکۆ زۆرجار "توندوتیژی دژی ژنان Violence Ageinst Women" بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

توندوتیژی جێندەری (GBV) پشت بە نابەرامبەری هێز دەبەستێت، ئەنجامدانی توندوتیژی لەلایەن کەسی بەهێزەوە بە قۆرغکردنی لاوازی قوربانی لە جێندەری بەرامبەر.

٣-٢ جۆرەکانی توندوتیژی جێندەریی:

لەم بەشەدا جەخت لەسەر ئەو جۆرانەی توندوتیژی دەکرێت کە لەسەر بنەمای جێندەری پیادە دەکرێن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بدرێت بە بەیەکداچوونی جۆرەکانی توندوتیژی لە ژیانی ڕۆژانەدا، چونکە بەدەگمەن دەردەکەوێت کە یەک جۆر بەتەنها پیادە بکرێت - لەبەرئەوە جیاکردنەوەیان بۆ مەبەستی تێگەیشتنە – جۆرەکانیش ئەمانەن:

١-توندوتیژی جێندەریی سێکسیی (Sexual Gender Based Violence): ئەم جۆرەی توندوتیژی بەرامبەر مرۆڤ (نێر و مێ) ئەنجام دەدرێت، لەڕێگەی کەسی نزیک بەمەبەستی ئەنجامدانی پڕۆسەی سێکسی. دەستدرێژی سێکسی، گێچەڵکردنی سێکسی.

٢-دەستدرێژی سێکسی: ئەنجامدانی پڕۆسەی سێکسیە بەزۆر، بە بێ ڕەچاوکردنی حەز و ئارەزووی کەسی بەرامبەر، زۆرجاریش لەژێر فشار و هەڕەشەدا ئەنجام دەدرێت.

٣-گێچەڵکردنی سێکسی: هەوڵدانە بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەی سێکسی لەڕێگەی بێزارکردن بە قسە یان بەهەر شێوەیەکی تر.

٤-خەتەنەکردنی مێینە(Female Genital Mutilation): بریتیە لەبڕینی بەشێک لەکۆئەندامی زاوزێی مێینە، دەبێتە هۆی شێواندنی شێوەی، جگە لەوەی ئەبێتە هۆی لاوازی چالاکی و شکستهێنان لەئەنجامدانی پەیوەندی سێکسیدا جیاواز لە کەسێکی ئاسایی.

٥-بەشوودانی پێشوەخت (Child Marriage): بەشوودانی ئەو کچانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە، لە یاسای زۆر لە وڵاتانی جیهان ئەم کارە بە تاوان دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن و ئەرکی برپرسیارێتی ناکەوێتە ئەستۆ، هەتا بتوانێت ئەرکی بەڕیوەبردنی خێزان هەڵبگرێت.

٦-بەزۆر بەشوودان یان ڕێگری لەشووکردن: لێرەدا بەشوودانی کچێکی پێگەیشتووە، بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی حەز و ئارەزووی، هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە ڕێگە نادرێت بە ئەنجامدانی هاوسەرگیریەک کە بە ویستی کچەکە خۆیەتی بە چەند بیانوویەک بێ گوێدانە ئازار و ناڕەحەتی ئەو مرۆڤە.

٧-خراپەکاری سێکسی: بە مانای هەموو هەڵسوکەوتێکی سێکسی جگە لە گێچەڵ و دەستدرێژی سێکسی دێت، بەبێ ڕەزامەندی کەسی بەرامبەر بەتایبەتی لە گەڵ منالدا وەک ناچارکردنی بە جل داکەندن و ماچ کردن و سەیرکردنی پڕۆسەی سێکسی.

٨-بێبەشکردن لە ماف: هەموو مرۆڤەکان مافی خۆیان هەیە کە جەستە و عەقڵ و دەروون و سۆزی پارێزراو بێت، بەبێ دەستدرێژی و هێرشکردنە سەری، یاخود زۆرەملێیی لە ئەنجامدانی کارەکاندا. لەبەرئەوە بێبەشکردنی مرۆڤ لەهەر مافێکی بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

٩-کوشتن بەبیانووی شەرەف (Honors Killing): ئەنجامدانی تاوانی کوشتن بەبیانووی شەرەف لەلایەن کەسی نزیکەوە ئەنجام دەدرێت، وەک باوک، برا، هاوسەر.

بێبەش کردنی ژن لە هەریەکێک لە مافەکانی وەک خوێندن یان ئیشکردن یان لەباربردنی منال بەزۆر یان هەر مافێکی سروشتی خۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە (مایکل).

حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە ٨ی ٢٠١١ داناوە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندەتیژی خێزانی.

٣-٣ هۆکارەکانی توندوتیژی جێندەری:

توندوتیژی بەبوونی تەنها هۆکارێک دەرناکەوێت، بەڵکو زادەی کۆمەڵە هۆکارێکە کە بەیەکەوە کاریگەری نێگەتیڤ دروست دەکەن لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەتوانرێ تێبینی بکرێت. دەکرێت هۆکاری ئابووری بێت یاخود کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان هەر هۆکارێکی تر بێت.

دەتوانرێت هۆکارەکانی توندوتیژی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکرێت:

شێوەی (١): مۆدێلی ژینگەیی هۆکارەکانی توندوتیژی جێندەری

١-هۆکارە خودیەکان کە پەیوەستن بەتاکەوە:

• هۆکارە بایۆلۆجیەکان: کچ زیاتر دووچاری توندوتیژی دەبێتەوە بەراورد بە کوڕ، منداڵ زیاتر لە گەورە، هەروەها خاوەن پێداویستی تایبەتیش.

• هۆکارە دەروونیەکان: قوربانی یان توندوتیژی پشتگوێ خستن لە قۆناغی منداڵیدا، نزمی ئاستی خوێندن یاخود ڕۆشنبیری، لاوازی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بوونی کێشەی ڕەفتاری یان دەروونی یان عەقڵی، هەروەها دژایەتی ڕەگەزی بەرامبەر.

٢-هۆکارەکانی کە پەیوەستن بە پەیوەندی تاک بە ئەندامانی خێزانەکەیەوە: لێکترازانی خێزان، ڕەقی و نایەکسانی لە دابەشکردنی ڕۆڵە خێزانیەکاندا، نێرسالاری، لاوازی ئاستی ئابووری و دەرامەتی خێزان، گرینگیدان بە شەرەفی خێزان زیاتر لە تەندروستی و ئاسایشتی ئەندامەکانی، لاسایی کردنەوەی پێشەنگ کە توندوتیژ ڕەفتار دەکات.

٣- هۆکارەکانی کە پەیوەستن بە گروپەوە لە قوتابخانە، شوێنی کار، گەڕەک: ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانەی پاڵپشتی توندوتیژی جێندەری دەکەن، کلتوری لۆمەکردنی قوربانی، لاوازی سزا کۆمەڵایەتیەکان بۆ لێپرسینەوە لەسەر ئەنجامدانی توندوتیژی جێندەری.

٤- هۆکارە کۆمەڵگەییەکان: دەبنە هۆی لاوازکردنی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، و نا دادپەروەری جێندەری وەکو نادادپەروەری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان نێر و مێدا، ڕیسا ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان کە نێر بەباشتر دادەنێن لە مێ، هەروەها ستریۆتایپی نیگەتیڤی ژن لە میدیادا (مع الناجین و الناجیات).

جیاکاری و نایەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتیانەی کە دژ بە بەرژەوەندی ژنان لە کۆمەڵگەدا ڕەگیان داکوتاوە بە هۆکاری سەرەکی توندوتیژی جێندەری دادەنرێن، جگە لە بەکەم سەیرکردنی ژن و باوکسالاری دەبنەهۆی چەسپاندنی ئەو چەمکە هەڵەیەی کە ژن بە پاشکۆی پیاو دادەنێت و یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەورەکردنی بازنەی کۆنترۆڵی پیاو لەسەر ژن.

٣-٤ نمونەی توندوتیژی جێندەریی:

توندوتیژی جێندەریی بەوە جیادەکرێتەوە لە جۆرەکانی تری توندوتیژی کە شوناسی نەتەوەیی یاخود ناوخۆیی تایبەت وەردەگرێت بەپێی پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ بەتایبەتی بەکۆمەڵایەتیکردن لەم پرۆسەیەدا. لەبەرئەوە نموونەکان بەپێی کات و شوێن جیاواز دەبن. کوردستانیش بەدەرنیە لەم بابەتە، بەڵکو چەندەها نمونەی توندوتیژی جێندەری تیا بەدیدەکرێت، وەک:

١-جیاکاری جێندەری لەخێزاندا، لە ڕێگەی سنووردارکردنی ئازادی ڕەگەزی مێ، لە هەمان کاتدا دەستەبەرکردنی ئازادی ڕەها بۆ ڕەگەزی نێر.

٢-سەپاندنی کۆتوبەندی کلتوور بەسەر ژندا لەکاتی جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی.

٣-کوشتنی کچ یان ژن بەبیانووی شەرەف، کە وەکو ئازایەتی و پاڵەوانێتی ئەژماردەکرێت بۆ بکوژی ژن لەلایەن کۆمەڵگەوە.

٤-ڕێگریکردن پیادەکردنی مافە یاساییەکانی مرۆڤ وەک خوێندن و کارکردن، هەروەها دەستەربەسەرداگرتنی موڵک و میراتی ڕەگەزی مێ.

٣-٥ توندوتیژی جێندەریی لە کاتی جەنگدا:

لەو کۆمەڵگەیانەی جەنگ تیایدا ڕوو دەدات، بەگشتی ڕێژەی توندوتیژی ڕوو لە زیادبوون دەکات، بەتایبەتیش توندوتیژی جێندەریی. لێرەدا باس لە هەرسێ وڵاتی عیراق و سوریا و یەمەن دەکەین کە لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵگەی شەڕ بوون.

١- عێراق:

نزیکەی (١٤٢٧) کچ و ژنی ئێزیدی دیار نەماون. لەساڵی ٢٠١٨ دا کۆمەڵێک کچ و ژنی ئێزیدی لەدەست (داعش) ڕزگار کران، کە هەموویان – بەتایبەتی گەنج و منداڵ – دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر و بازرگانیان پێوەکراوە. جگە لە نەژادەکانی تر وەک کچ و ژنی تورکمانی شیعە مەزهەب.

هەروەها لە کەمپی ئاوارەکان ژنان و منداڵانی ئەو خێزانانەی لەگەڵ داعشدا بوون، دووچاری توندوتیژی دەبنەوە وەک تۆڵەکردنەوە لێیان بەتایبەتیش توندوتیژی سێکسی. جگە لەوەی منداڵەکانیان بێبەشن لەتۆمارکردنی مەدەنی بەهۆی نادیاری نەسەبیانەوە (UN/Iraq) .

٢-سوریا:

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠١٨دا دەریدەخات کە توندوتیژی سێکسی بەکارئەهێنرێت لەلاین حکومەت و گروپە چەکدارەکانەوە لەکاتی گرتنی (کوڕان و کچان)دا، لە بازگەکانی پشکنین. جگە لەوەی ستایلی ئەشکەنجەدانی چاخەکانی ناوەڕاستیان بەکارهێناوە بۆ ئەشکەنجەدانی پیاوانی هاوڕەگەزباز (UN/Syria) .

٣-یەمەن:

لەکۆتایی ساڵ ٢٠١٨ لە یەمەن کارەساتی مرۆڤایەتی ڕوویداوە بەهۆی باری ناهەمواری شەڕ و نایەکسانی کۆمەڵایەتی کە ژن و منداڵ قوربانی سەرەکین بۆ توندوتیژی سێکسی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە. (٤٧٢) حاڵەتی

توندوتیژی سێکسی تۆمارکراوە، (٥٢٪) لە کەمپی ئاوارەکاندا ڕوویداوە (UN/ Yemen).

٣-٦ ئامارە جیهانیەکانی توندوتیژی جێندەریی:

ئامارە جیهانیەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر بڵابوونەوەیەکی بەرچاوی توندوتیژی جێندەریی، کە هەندێک ژمارە ترسناک دەخەنەڕوو وەک:

- بەشوودانی (٦٠) ملیۆن کچ لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵ.
- (١٤٠ – ١٠٠) ملیۆن کچ خەتەنەکراون و کۆئەندامی زاوزێیان شوێنراوە.
- ساڵانە (٨٠٠) کەس بازرگانیان پێوە دەکرێت، کە(٨٠ ٪) کچن، و لەنێوانیاندا (٧٩٪) بۆ مەبەستی سێکسییە.
- (١٠٠) ملیۆن منداڵی کچ بە وونبوو دادەنرێن بەهۆی دیاریکردنی ڕەگەزەوە.
- لە هەندێک وڵاتی وەکو ئەمریکا تێچووی توندوتیژی لەلایەن مێردەوە (١,٦–٥,٨) ملیار دۆلارە.

یەکێک لەهەر چوار ژن لەکاتی دووگیانیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی یان سێکسی دەبێتەوە. (الیونسکو، ٢٠١٠).

٤- کاریگەریی توندوتیژی جێندەری لەسەر کەسێتی کچان و ژنان

ئەنجامدانی توندوتیژی جێندەریی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە. جگە لەوەی کە کارێکی نادروستە، کاریگەری نێگەتیڤیش بەجێدەهێڵێت لەسەر کەسێتی کچان و ژنان، وەک:

١-کاریگەری جەستەیی: بەردەوامی ئەنجامدانی توندوتیژی جێندەریی دەبێتە هۆی حاڵەتی لەبارچوون و تووشبوون بەو نەخۆشیە گوێزراوانەی بەهۆی پەیوەندی سێکسییەوە (Sexual Transmitted Diseases) دروست دەبێت. جگە لە ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی هەندێکجار خۆکوشتن.

٢-کاریگەری دەروونی: ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی جێندەریی دەبنەوە ئەگەری تووشبوونی بەشڵەژانی دەروونی و خەمۆکی و لاوازی بڕوابوون بەخود و پەنابردن بۆ ڕەفتاری شەرانگێزی و دوورەپەڕێزی و لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەیە.

٣-کاریگەری خێزانی: گرنگترینیان ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی خێزانە کە چەندەها کێشەی لێوە دروست دەبێت وەک پەرتەوازەبوون و دابڕانی منداڵان لەخوێندن و بێلانەیی و کارکردنیان کە ئەمیش یەکێکە لە پێشێلکاریەکانی مافەکانی منداڵ.

٤-کاریگەری ئابووری: نەبوونی سەرمایەی ئابووری، ژن ناچاردەکات بە کارکردن شوێنی نەگونجاو و بە کرێیەکی کەم یان ناچاربوون بە کارکردن بە منداڵان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان (WHO).

٥- ڕێگەچارەی کەمکردنەوەی توندوتیژیی

بنەبڕکردنی توندوتیژی بیرۆکەیەکی خەیاڵییە، مەحاڵە لە هیچ کات و ساتێکدا پیادە بکرێت. لەبەرئەوە باشتر وایە کار هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی زیاتر بکرێت. ئەمانەی خوارەوە چەند ڕێگایەکن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی بەگشتی و توندوتیژی جێندەری بەتایبەتی:

١-سازدانی سیمینارو ۆرکشۆپ بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی وشیاری، بە دەرخستنی زیانەکانی توندوتیژی، بەتایبەتی چینی گەنجان، چونکە ئەوان سەرکردەی دواڕۆژن.

٢-پەرەپێدانی ئەو توانایانەی ئارەزووی توندوتیژی و شەڕانگێزی کەمدەکەنەوە وەک: توانی گوێگرتن، بەرگەگرتن، بەرەنگاربوونەوەی نائومێدی لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە.

٣-دانانی چەمکە ئاشتیخوازەکان لە سەرجەم پڕۆگرامەکانی خوێندندا، وەک: لێبووردەیی، قبوڵکردنی ئەوی دی، ڕەخنەی بونیادنەر، ڕێزگرتنی جیاوازیەکانی کەسانیتر.

٤-هاوکاری پیاوانی ئاینی لە ڕێگەی وتارەکانیانەوە کار بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی بیری ناتوندوتیژ.

٥-پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ – بەتایبەتی لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا – بە چالاکی بەسوودی دوور لە توندوتیژی، وەک: وەرزش کردن، وێنەکێشان، خوێندنەوە، و ژەنینی ئامێرەکانی موزیک.

٦-نمایشکردنی ئەزموونی ڕزگاربووانی توندوتیژی (Survivor Of Violence)، کە توانای بەرەنگاربوونەوەیان هەبووە و بوون بە ئەندامی کارای

بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری.

٧-گرنگیدان بە پاڵپشتی ڕەگەزی نێر بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ڕەگەزی مێ.

٨-کارکردن بۆ بەشداریکردنی هەموو جۆرەکانی میدیا (بینراو، بیستراو، ئەلکترۆنی) لەلایەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئامارە ڕاستەقینەکانی توندوتیژی، لەلایەکی ترەوە بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری.

٩-یارمەتیدانی قوربانیانی توندوتیژی(Victim Of Violence) لەڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە (Non-governmental Organizations)بۆ گەیشتن بە دادگا، بۆ دەستەبەرکردنی قەرەبووی گونجاو بۆیان.

١٠-بڵاوکردنەوەی وشیاری یاسایی، بەتایبەتی ناساندنی یاسای ژمارە (٨ ی ٢٠١١).

چالاکی (١):

خوێندکاران دابەش دەکرێن بۆ گروپی (٥-٧) خوێندکار کارکردن دەربارەی «میکانیزمەکانی کەمکردنەوەی توندوتیژی جێندەری» بەکارهێنانی (Brainstorm) بۆ گەیشتن بە کۆڕا لەسەر بابەتەکە.

چالاکی (٢):

خوێندکاری ئازیز:

کار بکە بۆ کۆکردنەوەی بابەتی کلتوری کە ڕەنگدانەوەی توندوتیژی جێندەریە، لەگەڵ شرۆڤەکردنی هۆکارەکانیان، پاشان گەڕان بەدوای چارەسەردا

چالاکی (٣):

خوێندکاری ئازیز:

هەوڵی ئەنجامدانی دیبەیتێک بدە لەبارەی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ڕۆڵی جێندریان لەکۆمەڵگەدا.

سەرچاوەکان:

التضامن، العنف القائم على النوع الإجتماعي ٣٠-١١-٢٠١٧، https://www.ammonnews.net/article/٣٤٣١٩٢

العواودة، أمل سالم (٢٠٠٢) - العنف ضد الزوجة في المجتمع الأردني – الطبعة الأولى، مكتبة الفجر، إربد (ص٢٨-٣١).

اليونسكو، (٢٠١٠) - دليل تنسيق تداخلات العنف القائم على النوع الإجتماعي في الأوضاع الإنسانية -، تموز.

ذبيان، ندا (٢٠١٣)، العنف المقنع – دار مؤسسة رسلان، دمشق، سوريا.

صليبا، جميل (١٩٨٢)– المعجم الفلسفي – دارالكتب اللبناني، بيروت، لبنان.

مع الناجين و الناجيات من العنف المبني على أساس النوع الإجتماعي (ص ٣١-٣٢). https://www.unrwa.org/userfiles/٢٠١٢٠٦١١٦٣٠٢٦.pdf

مجيد، سوسن شاكر - أشكال العنف الموجه ضد المرأة العربية - الحوار التمدن - العدد ٣٧١٣،٢٩/ ٤/ ٢٠١٢، http://www.ahewar.org//١٥,١,٢٠١٩

منظمة الصحة العالمية - التقديرات العالمية و الإقليمية للعنف ضد النساء- http://bit.ly/١oTfGVG//١٣,٥,٢٠٢٠

ميكيل، جنيفر (ب. ت.)– دليل ميسر للعنف القائم على النوع في الأزمة السورية – صندوق الأمم المتحدة للإسكان (UNDFP).

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیی: http://www.perlemanikurdistan.com/files/articles/١٦٠٨١١١٢١٩٤٩.pdf

Bott. Sarah et al, (2004)- Preventing and responding to gender-based violence in middle and low-income countries: a multi-sectoral literature review and analysis

Krug EG et al., eds.(2002)- World report on violence and health- Geneva, World Health Organization.

Webster's Deluxe Dictionary (1982) - second edition, New York Simon & Schuster.

https://www.un.org/sexualviolenceinconflict/countries/iraq/ 7.3.2020

https://www.un.org/sexualviolenceinconflict/countries/syrian-arab-republic/ 7.3.2020

https://www.un.org/sexualviolenceinconflict/countries/yemen/ 7.3.2020

https://www.who.org/1.6miliondieinviolenceannually /22.12.2019

٤-٢ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

سەمیرە مصطفی خدر

پوختە:

خۆشگوزەرانی گرنگی خۆی هەیە لە ژیانی هەموو مرۆڤێک. خۆشگوزەرانی واتە هەوڵدانی مرۆڤ و کارکردنی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و پڕ لەخۆشی و شادی. ماناکانی خۆشگوزەرانی دەگۆڕێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، هەر تاکە و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵێ شت دەبینێتەوە. هەندێ کەس لە ماڵ و حاڵی جوان، هەندێک لە جلوبەرگ و کەلوپەلی جوان، هەندێک کەسی تر خۆشگوزەرانی لە گەشت و سەفەرکردن و خۆش رابواردن ئەبینێتەوە. کەواتە بۆچوونەکان جیاوازن سەبارەت بە خۆشگوزەرانی. ئەوەی توێژەر باسی دەکات لەم بابەتە شتێکی جیاوازە. خۆشگوزەرانی پێویستی بە کۆمەڵێک خزمەتگوزارییە لە کۆمەڵگە ئەبێ پێشکەشی تاکەکانی بکرێت بۆ ئەوەی بگات بە هەندێ ئاستی جیاواز لە خۆشگوزەرانی. ئەوەی لەم بابەتدا باس دەکرێت کۆمەڵێک خزمەتگوزاری گرنگن کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک خزمەتگوزاری ئاسایش، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، خزمەتگوزاری شوێنی نیشتەجێبوون و، خزمەتگوزاری کات خۆش بەسەربردن. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە لە هەرێمی کوردستان بارودۆخی ئەم خزمەتگوزاریانە چۆنە و لە چ ئاستێکە. هەرچەندە بابەتەکان بێ کەموکوڕی نین بەهۆی دەستنەکەوتنی سەرچاوە و زانیاری و داخرانی دامودەزگاکان بۆ وەرگرتنی زانیاری راست و دروست، هیوادارم زانیارییەکان خزمەتی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ بکات لە کوردستان.

زاراوە سەرەکییەکان: خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ، خزمەتگوزاری ، دەستەبەری کۆمەڵایەتی

خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

{خۆشگوزەرانی یان ڕەفاهییەت: چەمکێکی گشتییە بۆ تاک و گروپ لەلایەنی کۆمەڵایەتی ئابووری و دەروونی و تەندروستی. ڕێژەی بەرز لەخۆشگوزەرانی بەواتای باشی بارودۆخی تاک و گروپ دێت، بەڵام نزمی خۆشنوودی پەیوەستە بە بارودۆخی خراپ.

{خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی: بە واتای نەرمی ژیان و فراوانی ژیان دێت ئەوەش سەرچاوەیەکە لە بکەری کاری خۆشی دێت، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک شتێکی دیاریکراو و هەست پێکراو نییە.

خۆشگوزەرانی پێوانە ناکرێت بە چەندێتی و زۆری کەلوپەل ، چونکە ئەمە بە مانای بوون و دابینکردنی پارەوپوول دێت و خۆشگوزەرانیش بە تەنها بە پارەوپوول پێوانە ناکرێ. خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی جیاوازە لەگەڵ شێوازی ژیان و بیروڕاکان سەبارەت بەوەی کامیان بەسوودە بۆ تاک و کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکات. ئەمەش جۆرێکە لە پاراستنی کۆمەڵایەتی کە لەشێوەی جیاواز دروست دەبێت و دابین دەکرێت لە کەلوپەل و خزمەتگوزاری وەکو چاودێری تەندروستی و پەروەردەو فێرکردن و دابین کردنی ئاسایش و خۆشی وەرگرتن لەژیان و شوێنی نیشتەجێبوون.

خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەک چەمکێک واتە فراوان و زۆربوون و نەرمی و خۆشنوودی کۆمەڵگەیە. (ar.m.wikipedia.org)

لەلایەنی بیری ئابووری خۆشنوودی دیاری دەکرێت بەپێی هەڵبژاردنی تاکەکان لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، وا سەیر دەکرێت کە چەمکێکە شایەنی قبوڵ نییە جا ئەگەر ئەتوانرێ پێوانەی قازانجی سەبارەت بە تاک بکرێت چۆن ئەتوانرێ پێوانەی ئەمە بکرێت سەبارەت بە کۆمەڵگە بە گشتی، بەڵام دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دوو بارودۆخ دەبێتەوە لەوانەیە بارودۆخێک هەڵبژێرێت لە بەرامبەر ئەوی تر، یان هەردووکی هەڵبژێرێت ڕوونی دەکاتەوە کە ناتوانرێت پێوانەی خۆشنوودی بکرێت کێشەکەش ئەوەیە چۆن بتوانین ئاماژە دابنێین کە لەسەر ئەو بنەمایە بڵێین کۆمەڵگە بارودۆخێک هەڵدەبژێرێت بەسەر ئەوەی تر یان هەردووکی.

خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەوە دەبێت کە کۆمەڵگە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرێ بەسەر بارودۆخێکی تر، هەروەها تاکی تایبەتیش هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت لەگەڵیان بژی و دادپەروەر بێت لەگەڵیان.

خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە خۆشگوزەرانی ئابووری ، خۆشگوزەرانی ئابووری بە واتای زۆری و بوونی کەلوپەل خزمەتگوزاری مرۆڤ کە تاک پێویستیەتی، هەربۆیە زۆربەی مرۆڤەکان داوای ئازادی سەرمایە دەکەن، بۆ ئەوەی لە خۆشیدا بژین ئەمەش ئارەزوویەکە لە هەموو تاکێکدا هەیە.

زاناکان سەروەت و سامان بە ڕەگی ژیان دەزانن، لەبەر گرنگی زۆری سەروەت و سامان لە دابینکردنی پێداویستییەکان، چەمکی ئازادیش بە واتای سەربەخۆیی دێت لە بەربەستەکانی کارکردن.

+ نمونەیەک بۆ ژیانی خۆشگوزەرانی: ئیریک سمیدت خاوەنی کۆمپانیای (گۆگڵ) خاوەنی کەشتیەکە کە نرخەکەی (٧٢) ملیۆن دۆلارە، هەموو ئامڕازەکانی خۆشنوودی لەسەرە وەک مەلەوانگە و هۆڵی وەرزشی و یانەی شەوانە و ...هتد. وە پێی دەسووڕێتەوە بە هەموو کەناراوەکانی جیهان، هەروەها زاناکان جەخت لەچۆنیەتی بەکارهێنانی سەروەت و سامان دەکەنەوە هەر وەک چۆن پەندیکی کوردی هەیە دەڵێت: (مالی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش) ئەمەش مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤ ئەبێ بزانی ئەو سەروەت و سامانەی کە هەیەتی چۆن بەکاری دەهێنێ. هەروەها گرنگ ئەوەیە چۆن وەبەرهێنانی بۆ بکەی و گەشەی پێبدەی بەشێوەیەکی زانستی و دروست بۆ سوودوەرگرتن لێی و دابینکردنی هۆیەکان و ئامڕازەکانی خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە داهاتودا. (سایتی ئەلیکترۆنی mawdoo3.com 2016)

کەواتە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە بەدیهێنانی هەموو خواست وپێداویستییەکانی ژیانی تاک لە کۆمەڵگەدا لە هەموو بوارەکانی لە پێناو هەستکردن بەخۆشی و کامەرانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژیانی تاک.

خۆشگوزەرانی لە دید و تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە جیاوازە ، خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خۆشگوزەرانی واتە فەراهەمکردنی ژیانێکی

شایسته به مرۆڤ و دابنیکردنی ئاسوودەیی و ئاسایش بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپـەوەری، ئەویش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی پێداویستیە ماددی و مەعنەوییەکانی، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە لایەنی ئابووری و سەقامگیری سیاسیەوە.

تەوەرەکانی خۆشگوزەرانی

١-ئاسایش (الأمن):

مێژووی پێشکەوتنی مرۆیی ئاماژە بەوە دەدات کە دیاردەی ئاسایش کۆنە وەک کۆنی بوونی مرۆڤ و ڕزگاربوون لە ترس، پێداویستی ئاسایش یەکەم پێداویستییە کە مرۆڤ هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، دوای تێرکردنی پێداویستی بایۆلۆجی بنەڕەتی.

دەسـتـەواژەی ئاسایش لەشوێنی زۆر جیـاواز هـاتـووە و بـاس کـراوە. لەقورئانی پیرۆزدا بە واتای جیاواز کە ئاماژەیە بۆ (باوەڕ و دڵنیابووون و باوەڕبەخۆبوون و نەترسان) وەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە: (فليعبدوا رب هذا البيت ، الذى أطعمهم من جوع وامنهم من خوف) سورەتی القريش / ئایەتی ٣-٤.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پێداویستییە گرنگەکانی مرۆڤ دەردەخات، پێداویستی زۆر پێویست بۆ مرۆڤ خواردنە لەژیانی مرۆڤ. قوت وا لەمرۆڤ دەکات کە برسی نەبێت، دوای ئەوە دڵنیایی لەوەی کە لەهیچ شتێک نەترسێ، هەروەها ئاسایش و پاراستن و بەرگری و سیستم و جێگیری و نیشتەجێبوون و بنیات نان و لەناوبردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەخۆدەگرێت، کاتێک ئەم پێداویستییانە تێر دەکرێت هەست بە ئاسایش و نەبوونی مەترسی دەکات.

ئاسایش ئاست و شێوەی جۆراوجۆری هەیە وەک ئاسایشی تاک، ئاسایشی گـروپ، ئاسایشی دەوڵـەت، ئاسایشی هەرێم، هەروەها ئاسایشی خـۆراک، ئاسایشی ئابووری و ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە.

دابینکردنی ئاسایش بەرپرسیارێتییەکی گشتییە و گروپییە لەنێوان دەوڵەت و جەماوەر، وە تێکەڵە لەگەڵ چالاکی مرۆیی. ئاسایش جۆراوجۆرە وەک ئاسایشی ناوخۆیی کە گرنگی بە پاراستنی هاووڵاتی دەدات. هەروەها ئاسایشی

دەرەوە یان دەرەکی کە گرنگی بە پاراستنی هاوولاتیانی وولات دەدات لەدژی هەڕەشەی دەرەکی. هەروەها ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە گرنگی بە پاراستنی هاوڵاتیان دەدات بۆ ئەنجامدان و پیادەکردنی ئازادییەکانی بە بێ هەڕەشە.

دەستەواژەی ئاسایش دەستەواژەیەکی فراوان و گشتگیرە بەهەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە دەرهاوێشتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی. ئاسایش بووە بە ئامرازێک بۆ دڵخۆشی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ. هەروەها ئامرازێکە بۆ گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئاسایش بریتییە لە هەستکردنی تاک و گروپە مرۆییەکان بۆ تێربوونی پاڵنەرە بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان. هەستکردن بە دڵنیایی ماددی و مەعنەوی وە لابردن و نەهێشتنی ترس و دڵەڕاوکێ کە هەڕەشە لەو پاڵنەرانە دەکات و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان وەک شوێنی مانەوە و نیشتەجێبوونی بەردەوام و داهاتی بەردەوام و ڕێکەوتن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر.

لەهەرێمی کوردستانیش تاڕادەیەکی زۆر ئاسایش بەرقەرارە کە زۆر جیاوازە لە ناوچەکانی تری عێراق. ئەمەش بە هەوڵ و هیممەتی دامودەزگای بەرپرس لەو لایەنە وەک هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆو دژەتیرۆر و پێشمەرگە. دابینکردنی ئاسایش لە هەرێم ڕەها نییە، بەڵکو لەئاستی جیاوازدایە لە هەندێک لایەن ئاسایش بە تەواوی دابینکراوە، بەڵام لە هەندێک لایەنی تر دابین نەکراوە وەک ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی ئابووری و ئاسایشی دەرەکی وەک ئاسایشی سنوور، وەک چۆن دەیبینین وولاتانی ئێران و تورکیا چەندین جار سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەبەزێنن و بە قووڵایی چەندین کیلۆمەتر دێتە ناوخاکی هەرێم یان بە تۆپ و فڕۆکە تۆپبارانی گوندەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن. هاوڵاتیانی ئەو سنوورانە هەراسان دەکەن و دووچاری بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵیان دەبن. یان کاتێک ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشی کردە سەر بەشێک لە خاکی کوردستان هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەو پۆلیس و دژە تیرۆر کوردستانیان پاراست لە دوژمنانی مرۆڤایەتی. هەروەها لەزۆر لایەنی تر ئاسایش دابین کراوە لە هەرێمی کوردستان کە ئەمەش خزمەتگوزارییەکی گرنگە بۆ کۆمەڵگە. (العوجي، ١٩٨٣: ل٩١)

٢-شوێنی نیشتەجێبوون یان چاودێری نیشتەجێبوون:

لای کەسمان شتێکی شاراوە نییە کە شوێنی مانەوە یان نیشتەجێبوون لە پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤە. شوێنی نیشتەجێبوون بۆ مرۆڤ تەنها پەناگەیەک نییە کە مرۆڤ لە سەختی و قورسی سروشت بپارێزێت، بەڵکو دڵنیایی و بێدەنگی و جێگیری و خۆشی بۆ فەراهەم دەکات. کەواتە شوێنی نیشتەجێبوون یەکێکە لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لە ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە. هەربۆیە زۆر لە لێکۆڵینەوەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر بوونی پەیوەندی لەنێوان بارودۆخ و شوێنی ژینگەیی لەگەڵ ڕێژەی تووشبوون بە هەندێک نەخۆشی.

باس لەوە دەکەن کە هەر کاتێک بارودۆخی ژینگەیی باش بوو ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بەهەندێک نەخۆشی و زیادبوونی توانای تاکەکان لەسەر کارکردن. ئەتوانین بڵێین سەرەڕای گرنگی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ مرۆڤ، بەڵام پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون ئەو گرنگییەی پێ نەدراوە، لەلایەن بەرپرسان و چاودێران لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بەتایبەتی لە وولاتە تازە گەشەسەندوەکان. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە گرنگی بە کاروباری گەشەپێدان دەدەن جەخت دەکەنەوە لەسەر چاودێریکردن و گرنگیدان بە شوێنی نیشتەجێبوون سەر لەنوێ دروستکردن و تازەکردنەوە و بنیاتنانی، وە ڕێکخستنەوەی لەسەر بنەمابەک کە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە قەڕەباڵغی زۆر لە ماڵ و کەمی ژوورەکان و نەبوونی سیستمی ئاڵوگۆڕی هەواو کەمی ڕووناکی لەو هۆکارانەیە کە یارمەتی بڵاوبوونەوەی چەند نەخۆشییەک دەدات، جگە لە بوونی شێی زۆر لەماڵدا و کەمی هەتاوو ڕووناکی و نەبوونی هەوای پاک لەو ماڵە کۆنانە هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی. (الفلاحی و حسن، ١٩٩٩: ل٢٧٨)

هەروەها ڕاپۆرتەکانی دەرچوو لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە دەدات بە بوونی کێشەی کەمی شوێنی نیشتەجێبوون لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست کە هەرێمی کوردستانیش لەخۆ دەگرێ، وە کێشەی نیشتەجێبوون زۆر پەرەی سەندووە بەهۆی فراوان بوونی ژمارەی دانیشتوان لە هەندێ وڵاتی جیهان و لە ئاکامی ئەو زیادبوونەی

دانیشتوان پێویستی بە فراوانبوونی شوێنی نیشتەجیبوون. بەڵام کێشەی نیشتەجێبوون لە وڵاتیکەوە بۆ وڵاتیکی تر دەگۆڕێ. پڕۆسەکانی گەشەی نیشتەجێبوون و شارنشینی، وە کەمی ژمارەی ماڵەکان زۆر لە وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە وەک وڵاتی هیندستان کە ژمارەی دانیشتوانی بە (١،٣٨٠،٠٠٤،٣٨٥) خەملینراوە لە سالی ٢٠٢٠ کە لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٨) نزیکەی (١٦،٧) ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوونی پێویست بووە. لە بانکۆکی پایتەختی تایلەند (١٨٠) هەزار یەکە کەم بووە. لە ئێران کەمی لە شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتۆتە یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون. لە فلیپین دەگاتە (٣،٧) ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون.

زۆر هۆکار هەیە کە لەپشت ئەم کەم و کوڕییەن لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لە گرنگترین ئەو هۆکارانە:

١- زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان: کە ئەمەش بەهۆی کەمی ڕێژەی مردن و زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون ڕوو دەدات بەتایبەت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو.

٢- فراوان بوونی شارنشینی و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانی شارەکان لە ئاکامی کۆچی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی لادێ نشین بۆ شارەکان بۆ گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر.

٣- زۆربەی جار بابەتی نیشتەجێکردن کەمترین گرنگی پێدەدرێت لە پلانەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی لەسەر بنەمای گەشەی ئابووری.

٤- چینە هەژارەکان لە دانیشتووان هەرچی هەیانە لە توانا ماددیەکان بەکاری دەهێنن بۆ دابینکردن و تێرکردنی پێداویستیەکانیان لە خۆراک و پۆشاک، لەم حاڵەتەدا هیچیان پێ نامێنێت بۆ کۆکردنەوە و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون. (هەمان سەرچاوە: ل٢٧٩)

٥- تێچووی شوێنی نیشتەجێبوون زۆر بەرزە لە زۆربەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بە بەراوورد بە داهاتەکانیان، هەربۆیە بۆتە جێی سەرنج و گرنگی پێدانی حکومەتەکان، لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بیریان لە بەکارهێنانی سیاسەتی نیشتەجێبوون کردەوە، وەک بەشێک لە پلانەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، وە هەستان بە دروستکردنی دامودەزگای تایبەت بە پێدانی قەرز بە هاووڵاتیان لە ڕێگەی بانکەکان بۆ بنیاتنانی خانوو و یەکەی

نیشتەجێبوون بە پارەو کڕێیەکی کەم وەک پاڵپشتێک بۆ ئەم چینە کەم دەرامەتە.

لە هەرێمی کوردستانیش لایەنە پەیوەندیدارەکان هەستاون بە دروستکردنی چەندین شوێنی نیشتەجێبوونی مۆدێرن و یەکەکانی نیشتەجێبوون بە شێوەیەکی هاوکاری لە نێوان حکومەت و چەندین کۆمپانیای ناوخۆیی و دەرەکی بۆ نەهێشتنی کێشەی کەمی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کڕێنشینان و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوان، بەڵام هەتا ئێستا کارەکە هەر چارەسەر نەبووە، سەرەرای هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە.

سیروان محمد محێدین سەرۆکی دەستەی ئاماری کوردستان پێی وایە لـەدوای ئازادکردنی عێراقەوە خێزانی کورد خۆی رێکخستۆتەوە و دوای جێگیربوونی ئابووری خێزان بڕیار دراوە کەمتر منداڵ بخاتەوە، لەبەرئەوەی خێزانی کوردی ئەیەوێت باشتر بژی و فریای پەروەردە و گەورەکردنی منداڵ بکەوێ . (سیروان محمد ، دەستەی ئاماری هەریمی کوردستان ، krso.net)

٣-خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن:

خزمەتگوزاری پـەروەردە و فێرکردن یەکێکە لەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، و ئەمەش مافێکی سەرەتاییە کە دەبێت هەموو کەسێک لە کۆمەڵگە پێشکەشی بکرێت، چونکە ئەمە ڕێگایەکە بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە، وە هەر کۆمەڵگەیەک بەڕێژەی خوێندەواری و بوونی خوێنەری زۆر پێوانە دەکرێت، و دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەش لەڕێگەی داموودەزگای پەروەردەیی پێشکەش دەکرێ.

ئەگەر پێناسەی ئەم داموودەزگایانە بکەین دەبینین کە بریتین لە سیستمێکی رێکخراو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە ئامانجی گواستنەوەی زانیاری و شارەزایی و چەمکەکان و کلتور و دابونەرِیت و بەها کۆمەڵایەتییەکانە لە کەسانێکەوە کە خاوەنی ئەم زانیاری و شارەزاییەن، بۆ کەسانی تر کە پێویستیانە. لەم پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی داموودەزگای پەروەردەیی گەیاندنی زانیارییەکانە لەڕێگەی داموودەزگای تایبەت بەو بوارە کە هەر لە سەرەتاوە بە دایەنگەو باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان هەتا دەگاتە زانکۆ و پەیمانگەکان کە ئەرکیان بریتیە لە پەروەردەو فێرکردن و گواستنەوەی کلتوری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر، لە ڕێگەی

کەسانی پسپۆڕ و شارەزا کە ئەوانیش مامۆستاکانن بۆ کەسانی تر. (الفلاحی و حسن، ١٩٩٩: ل٢٠٠)

کەواتە دام و دەزگای پەروەردە و فێرکردن بەشێکی گرنگن لە کۆمەڵگە کە کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگە و کۆمەڵگەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەو دامودەزگایانە .

فەلسەفەی پەروەردەیی لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە ئەمەش لەڕووی ئامانج و ئامراز و شێوازەکانی کە بەکاری دەهێنێت وە هەر وڵاتێک فەلسەفەی تایبەت بەخۆی هەیە. پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵگە بووە هۆکاری زیادبوونی داواکاری لەسەر فێرکردنی تایبەتمەند و پسپۆڕی ڕێکخراوی زیاتر، هەر بەتێپەڕبوونی کات داواکاری بۆ پێداویستی و خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەوتوو جۆراوجۆر زیادی کرد ئەمەش پێویستی بە کەسانێکی زیاتر لێهاتوو و پێشکەوتووە. ئەمەش پێویستی بە زیادکردنی لێهاتوویی گروپەکانی پەروەردە و فێرکردن و دابەشکردنی بۆ پیادەکردنی چالاکی خوێندن لە چوارچێوەی پسپۆڕی دیاریکراو. ئەمەش بووە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی سیستەم و دامودەزگای فێرکردن و خوێندنی تازە وەک قوتابخانە و پەیمانگەو زانکۆ، کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و پسپۆڕی لە میتۆد و ڕێگا و شێوازی و ئامانجەکانی دامەزراوە، ئەمەش وایکرد کە خوێندن پێویستی بە شارەزایی عەقڵی و ڕاهێنانی فەرمی و بەردەوام هەبێ ئەمەش کاتێکی زۆری پێویستە. (هەمان سەرچاوە: ل٢٠١)

دامودەزگای خوێندن و فێرکردن لەسەردەمی ئێستا هەڵدەستێ بە گێڕانی ڕۆڵێکی گرنگ لە پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەو دەزگایە هەڵدەستێ بەتەواوکردنی ڕۆڵی خێزان لە فێرکردنی منداڵەکان بە بەهاو بنەماو ئامانجەکانی و دابونەرِیتەکانی کۆمەڵگە کە تاکەکان دەگۆڕێت لەڕێی ئەم دامودەزگایانە لە بوونەوەری ئەندامی بۆ بوونەوەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بتوانن کارلێک و ژیانکردن لەگەڵ یەک.

لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش ئەم دامودەزگا فێرکارییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە گواستنەوەی کلتورو ڕۆشنبیری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، جگە لەمەش دامودەزگا فێرکارییەکان ئەرکی کۆمەڵایەتی گرنگتر جێبەجێ

دەکات بریتییە لە گواستنەوەی ڕەگەزەکانی کلتور و ڕۆشنبیری لەنێوان گەلان و وڵاتان، هەروەها هەڵدەستێ بە پڕۆسەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە لەڕێگەی پێدانی تاکەکانی وشیاری و ڕۆشنبیری.

لە هەرێمی کوردستانیش لەلایەنی خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن پێشکەوتن و گەشەی زۆری بەخۆوە بینیوە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو وەک چۆن دەبینین نمونەی زۆر هەیە کە ئەوە دەردەخەن کە کەرتە خزمەتگوزارییەکان گەشەی کردووە لە ژمارەی خوێندکاران و ژمارەی قوتابخانەکان ئەوە دەردەخەن و پەیڕەوکردنی سیستمی خوێندنی ناچاری و خوێندنی بەخۆڕایی بۆ خوێندکاران هەرچەندە لە هەرێمدا پێویستی زۆرمان بە قوتابخانەو دایەنگەو باخچەی ساوایان هەیە، هەروەها چەندین قوتابخانەش پێویستیان بە تازەکردنەوەو نۆژەنکردنەوە هەیە.

بەڵام سەرەرای ئەمەش کەرتی پەروەردە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە لەڕووی گۆڕینی پڕۆگرامی خوێندن و دابینکردنی پەرتووکی خوێندن، هەروەها خوێندن بە زمانەکانی تر وەک زمانی ئینگلیزی و زمانی تورکی و زمانی سریانی بۆ کەمینە نەتەوەییەکانی تر کە لە هەرێمدا دەژین.

هەروەها لە بواری خوێندنی باڵا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش چەندین نمونە ئەوە دەردەخەن وەک ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوو لە سەردەمی حکومەتەکانی عێراق ئەو لایەنە پشتگوێ خرابوون. بەڵام دوای ڕاپەڕین دەبینین دۆخەکە گۆڕا لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا لەو سەردەمە کوردستان خاوەنی یەک زانکۆ بوو کە ئەویش زانکۆی (صلاح الدین) بوو، بەڵام ئێستا دوای ڕاپەڕین ئەو کەرتە گۆڕانی زۆر بەسەردا هاتووە کە ئێستا زیاتر لە (٥٠) زانکۆی حکومی و ناحکومی لە هەرێمدا هەن کە خزمەتی خوێندکاران دەکەن، هەروەها پەیڕەوکردنی سیستمی جۆراوجۆر وەک کریدیت و پارالێل و ... هتد. هەروەها ناردنە دەرەوەی خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن و تەواوکردنی خوێندن لەڕێگەی جێبەجێکردنی بەرنامەی تواناسازی، هەروەها هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کە لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتەوە حکومەت ئەوە جێبەجێ دەکات لە ڕێگەی خوێندنی خێرا، هەروەها گەیاندنی خوێندن بەهەموو گوند و شارۆچکەکان، ئەمەش

ڕێگەیەکە بۆ خزمەتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە، ئەم سیستەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەر وڵاتەو بەپێی یاساکانی خۆی ئەم خزمەتگوزارییە پێشکەش دەکات.

٤- خزمەتگوزاری کات خۆش بەسەربردن و دامودەزگاکانی خۆشی:

دام و دەزگای تەرفیهی (کاتی خۆش بەسەربردن) زۆر ئەرک و فەرمانی گرنگ جێبەجێ دەکات کە زۆر گرنگە لەم کاتەی ئێستادا. ئەم ئەرک و فەرمانانەش بریتین لە چۆنیەتی بەکارهێنان و قۆستنەوەی هەل بۆ سوودوەرگرتن لە کاتەکانی بێکاری (بۆشایی) وە ڕێکخستنی.

هەڵدەستێ بە بەدیهێنانی خۆشی عەقڵی و جەستەیی و تەرویحی بۆ تاکەکان، ئەم دامودەزگایانەش ئەمانە دەگرێتەوە: (یانەکان ، سینەما و شانۆکان و ...هتد).

مێژووی دامەزراندنی یەکەم دامودەزگای تەرفیهی یان کاتی خۆشی بەسەربردن ڕێکخراو بۆ بەکارهێنانی بێکاری بۆ ساڵی (١٨٨٤) کە چاکەخوازی ئینگلیزی (کانتون بارنت) هەستا بە دامەزراندنی یانەکە لەو گەڕەکەی لێی دەژیا.

لەبەرئەوەی ئەو چاکەخوازە بەدوای ڕێگایەک و ئامرازێکدا دەگەڕا بۆ یارمەتیدانی هەژارەکان، لە بیرۆکەی کردنەوەی ئەو یانەیە باشترین ئامرازی دۆزییەوە بۆ یارمەتیدانیان بە هاوکاری خێزانەکەی هەستا بە تێکەڵبوونی گەڕەکەکەی و ناسینیان و لێکۆڵینەوە لە کەسایەتییان و لێکۆڵینەوە لە کێشەکانیان. لەدوای بیرۆکەی (کانتون بارنت) بیرۆکەی دامەزراندنی یانەکان بڵاوبۆوە لە گەڕەکەکان بەتایبەت لە گەڕەکە کرێکارنشینەکان. وە لە کاتی بەستنی کۆنگرەی کاری نێودەوڵەتی لە ساڵی (١٩٢٤) جەخت کرایەوە لەسەر پێویستی دامەزراندنی یانەی کرێکاری و خۆشی بۆ کرێکاران و فەرمانبەران بۆ ڕێکخستنی کاتەکانی بێکاری یان کاتی بۆشایی. (هەمان سەرچاوە: ل٢١٠)

لەساڵی (١٩٢٦) ڕێکەوتنی کاری نێودەوڵەتی دەرچوو خرایە بواری جێبەجێ کردن بۆ ڕێکخستنی مۆڵەتەکانی ساڵانە بۆ کرێکاران جگە لەوەش لە ڕەشنووسی مافەکانی مرۆڤ کە دەرچووە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (ماددەی ٢٤) کە دەڵێت هەموو مرۆڤێک مافی پشوودان و بەکارهێنانی کاتی بۆشایی و دیاریکردنی کاتی کارکردنی هەیە ، مۆڵەتی خولی پێ بدرێت بە کرێوە نەک ببردرێ.

کەسمان ناتوانین سوودەکان و ئەرکەکانی دام و دەزگای تەرفیهی پشتگوێی بخەین و بێگرنگی بکەین لەم سەردەمەدا، چونکە چەندین ئەرکی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری ئەنجام دەدات.

+ لە لایەنی کۆمەڵایەتی یارمەتی تاک دەدات لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گروپەی کە لەگەڵیدا دەژی و لەگەڵیدا کاردەکات.

حەز و ئارەزوو مەیلی بەهێز دەکات، ڕۆحی هاوکاری و خۆشەویستی گەشە دەکات و گرنگی پێ دەدات، هەروەها ئەو دامودەزگایانە هاوکاری تاکەکان دەکات بۆ بەکارهێنانی توانای ئەندامەکانی لە کارە بەسوودەکان وەک یارییە وەزشییەکان و وێنە و مۆسیقا و چەندین شتی تر.

لەلایەنی تەندروستیش دامودەزگای تەرفیهی یارمەتی دەدات لە ئەنجامدانی یارییەکانی تۆپی پێ و ئەنجامدانی گەشتی خۆشی و سەیران، ئایا ئەمەش چی کاریگەری باشی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

هەروەها دەتوانێت کارو فەرمانی ئابووریش ئەنجام بدات وەک ئینتیماکردنی ئەندامانی خێزان و گروپەکان بۆ یانەکان هەلیان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ فێربوونی هەندێک پیشە و پیشەسازی دەستی لەوانەیە هاوکاری و یارمەتی ئەندامانی یانەکان بکات لە دۆزینەوە و دەستکەوتنی کارێکی دیاریکراو لە ژیانی زانستییان.

ئەمەش هاوکاری تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ هەستکردن بە دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و هەست کردن بە خۆشی و ژیانی خۆشگوزەرانی. (هەمان سەرچاوە: ل٢١١)

کاتی بەتاڵ لە ئاکامی بێکاری و نەبوونی هەلی کار دروست دەبێت، لە هەرێمی کوردستانیش گەنجی زۆر هەن بە دەست بێکاری و نەبونیەوە دەناڵێنن. لە دوای تەواوکردنی خوێندن دامەزراندن نییە و بۆ ماوەیەکی زۆر بە دوای کاردا دەگەڕێن. بەڵام ئەو شوێنە شیاوە بە خۆیان دەست ناکەوێت بەهۆی قەیرانی دارایی کە بەسەر هەرێم سەپێنراوە. هەروەها نەبوونی بەرنامە و پلان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دامەزراندنی گەنجان و رەخساندنی هەلی کار لە دوای تەواوکردنی خوێندن چ لە کەرتی گشتی بێت یان تایبەتی .

محمود عوسمان بەرێوەبەری ئاماری سلێمانی سەبارەت بە رێژەی بێکاری لە هەرێم بە سپی میدیای راگەیاند کە رێژەکەی ١٤٪ و نزیکەی ٢٩٪ی ژنانی

هەرێم بیکارن و ٪٩ی پیاوانی هەرێمیش بێکارن. ڕوونیشی کردەوە کە ٪٢٤ی ئەوانەی بێکارن دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن و ٪٢٧ی ئەوانەی کە دەرجووی ئامادەیشن بێکارن.

ئەمەش لە کاتێکدا دێت کە بە گوێرەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ڕێژەی بێکاری لە نێو گەنجانی عیراقدا زۆر بەرزبۆتەوە و گەیشتۆتە زیاتر لە ٪٤٠. (speemedia.com , 28/6/2018)

ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ٪٨٥ی ژنانی عێراق بێکارن. شایەنی باسە لە هەرێمی کوردستان ١٢٠٠٠٠ دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان هەن کە دانەمەزراون بۆیە گەنجان لە هەرێمی کوردستان و عێراق کاتی بەتاڵی زۆریان هەیە کە نازانن بە چی پڕی بکەنەوە ، هەرچەندە حکومەت بەپێی توانای خۆی کۆمەڵی یانەی وەرزشی و مەلەوانگە و کتیبخانە و شوێنی کات بەسەربردنی بۆ گەنجان کردۆتەوە بەڵام ئەوە جێی ئەو بێکارییە زۆرەیان بۆ پڕ ناکاتەوە. لەم بارەیەوە عارف حیتۆ بەرێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەرێوەبەرایەتیەکەیان بەردەوامە لە کردنەوەی خولی فێربوونی کار و دەلێت: تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمسالدا ١٣٠ خولمان هەبوە و ١٢٦٧ گەنجی بێکار بەشداریان تیادا کردووە. هەندێکیان لەڕێگەی ئەم خولانەوە بوونەتە خاوەن کاری خۆیان و هەندێکیشیان لە بازار کاریان دەستکەوتووە. بۆ دابینکردنی مافی زیاتر و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر وەزارەتی کار هەوڵ دەدات یاسای کار هەموار بکاتەوە و سندوقی پڕۆژە بجوکەکان بە گەڕ بخاتەوە. (rudaw. , 14/11/2019 net, ڕەوا)

٥-خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە پزیشکییە کۆمەڵایەتییەکان:

پێویستی تەندروستی پێداویستیەکی بنەڕەتییە بۆ مانەوەی مرۆڤ لە ژیان. لەم سەردەمە سەیری چاودێری تەندروستی دەکرێت وەک مافێک بۆ هەموو مرۆڤێک. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی تەندروستی دەکات بەوەی کە حاڵەتێکە لە ڕێکی جەستەیی و ژیری و کۆمەڵایەتی نەک دواکەوتنی نەخۆشی و نەتوانین. لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیە دابینکردنی پێداویستی تەندروستی بەدی نایەت لە ڕێگای تێرکردنی هەموو پێداویستییەکانی تر نەبێ، وەک خۆراکی

پێویست و شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و جلوبەرگ و ئاوی پاکی خواردنەوە ...هتد. خواردنی خراپ لە بەرگری لەش بۆ نەخۆشی کەم دەکاتەوە برسیەتی و نەخۆشی تەندروستی بەرهەمهێنان لاواز دەکەن و ڕێگری لە توانای تاک دەکات لە زامنکردنی خۆراکی پێویست. هەروەها نەبوونی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە و خراپی مال و شوێنی مانەوە ئەبنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی زۆر.

یەکێک لە پێشمەرجە بنەرەتییەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی باش بریتییە لە چەندێتی و چۆنیەتی دامەزراوە تەندروستییەکان. هەربۆیە کەمی و نەبوونی ژمارەی پێویستی بنکە و مەڵبەندە تەندروستیەکان بە تایبەت نەخۆشخانە گشتییەکان بۆتە هۆی ئەوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە گشتی سنوردار بکات. لە هەمانکاتدا زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوان و زیاد نەبوونی بنکە و مەڵبەند و نەخۆشخانەکان وای کردووە فشارێکی زۆری نەخۆش لەسەریان دروست ببێ. (کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان ((PDA، 2008: ل25)

خزمەتگوزاریە پزیشکییەکان ئەو خزمەتیگوزارییانەیە کە دەبێت هەموو تاکێک وەک مافێک پێی بدرێت یان پێی ببەخشرێت لەو کۆمەڵگەیەی کە ژیانی لێ بەسەر دەبات، ئەم خزمەتگوزارییەش وەک مافێکی سەرەتایی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە کە دەبێت بۆی دابین بکرێت لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە، کە ئەم مافە دەبێت لە دەستوور و یاساکانی وڵات بچەسپێ و بڕیاری لەسەر بدرێت و لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکرێت. ئەو لایەنانەش بریتین لە حکومەت لەهەر وڵاتێک وەک لایەنی جێبەجێکار ئەویش لە ڕێگای وەزارەتەکان ئەو کارە جێبەجێ دەکات. وەزارەتی تایبەتمەند بەجێبەجێکردنی یاسای دڵنیایی تەندروستی وەزارەتی تەندروستییە، کە ئەویش لە ڕێگای دامودەزگا تایبەتەکان کە سەر بە وەزارەتەکەن وەک نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان. ئەم خزمەتگوزارییەش واتە خزمەتگوزاری دابینکردنی دڵنیایی تەندروستی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت بە پێی یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆیان. لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان. وە مافی دابینکردنی دڵنیایی تەندروستی مافێکی سەرەتایی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە کە پێویستە سوودمەند بن لەو خزمەتگوزارییە. ئەم

خزمەتگوزارییەش سوودی زۆری دەبێت بۆ چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت چینە مامناوەند و هەژارەکان ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی هەموو جۆرە ئامێر و کەرەستە پزیشکییە تایبەتەکان بۆ دامودەزگا تەندروستیەکان بۆ سوودمەند بوونی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لەو خزمەتگوزاریانە.

دابینکردنی ئەم جۆرە خزمەتە واتە چاودێری تەندروستی وەک وتمان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و دەگۆڕدێت. گرنگترین لایەنە گرنگەکانی ئەم خزمەتگوزارییە بەردەوام لەدوای سەرهەڵدانی کێشەو گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەروەها کێشەکانی شەڕ و جێکەوتەکانی کۆمەڵێک کەموکورتی دروست دەبێت. هەربۆیە ڕێکخراوە جیهانییەکان، کە سەر بە (نەتەوە یەکگرتووەکان) و تایبەتن بە گرنگیدان بەلایەنی تەندروستی، بیریان کردۆتەوە گرنگی بدەن بە منداڵ و دایک و پیر و پەککەوتەکان و خاوەن پێداویستی تایبەتی و ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی درێژ خایەن دەبن. لە ڕێگەی بنکە تەندروستییەکان گرنگییان پێ بدرێت، کە دەبێت بەشی تایبەت هەبێت لە هەموو بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکان بۆ گرنگیدان بە دایکی دووگیان و منداڵەکەی. ئەنجامدانی پشکنینی تایبەت بۆ هەردووکیان ئایا سەلامەتە. هەروەها لەڕێگەی دابینکردنی هەموو پێداویستییە تەندروستییەکان بۆ هەموو ئەو شوێنە تایبەتییانەی کە گرنگی بە تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست بێتە کایەوە.

بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێویستە حکومەت سیاسەت و پلانی تایبەتی هەبێت لەم بوارە. وە پێویستە حکومەت خزمەتگوزارییەکان زیاد بکات. وە کواڵێتی بەرز لە دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکان پێشکەش بکات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە لە گەشەکردن و گەورە بووندایە هەروەک چۆن دەبینین لە هەرێمی کوردستان چەندین نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەی تایبەت (ئەهلی) کراوەتەوە و دروستکراوە بۆ خزمەتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە. کەواتە دەبێت حکومەت هاوسەنگییەک دروست بکات لە نێوان ژمارەی دانیشتووان و داهاتەکان و تێچووەکان.

پێوانەی ڕێژەی چاودێری تەندروستی لە هەموو وڵاتێک پشت بە ژمارەیەک کاریگەری تەندروستی دەبەستێت کە بریتییە لەم خالانەی خوارەوە:-

١ – زیاد کردنی نێوانی تەمەنی مرۆڤ

٢ – زیادکرنی ژمارەی کادری پێویست (زیادکردنی ژمارەی پزیشک ، ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر پزیشکێک ، ژمارەی پەرستاران ، ژمارەی قەرەویلە لە نەخۆشخانەکان...هتد).

٣ – کەمبوونەوەی تێکرای مردنی منداڵان (١-٤ سال).

٤ – باشکردنی ئاستی خۆراک .

٥ – باشکردنی بارودۆخی تەندروستی باش پێویستی بە دابەشکردنی رێک و دادپەروەرانەی باشی چاودێری تەندروستی هەیە بەپێی ژینگەی لادی و شار و بەپێی رەگەزی نێر و مێ. (الفلاحی و حسن، ١٩٩٩: ل٢٧٨)

دەستەبەری کۆمەڵایەتی:

دەستەبەری کۆمەڵایەتی سیستمێکی دڵنیایی کۆمەڵایەتییە بۆ پاراستنی تاکەکان لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەڕێگەی بڕینی بڕێک لە مووچەی مانگانە، بەمەبەستی بەکارهێنانەوەی بۆ کەسەکە لەکاتە پێویستەکاندا. ئەم بڕە لێبڕینەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت. ئەم بڕە پارەیە بەناوی ئەو کەسە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار دەکرێت. واتە ئەو کەسە دەبێت بە (بەشداربوویەک لەو سیستەمە) ئەو بڕە پارەیەی بۆ پاشەکەوت دەکرێت و لە تەمەنێکی یاسایی کە پێویستی پێی بێت وەری دەگرێتەوە کە پێی دەوترێت ساڵی یاسایی خانەنشینی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەم تەمەنە یاساییەش جیاوازە لە نێوان ژن و پیاو، ئەو بڕە پارەیەش بە شێوەی مووچە دەدرێت بەو کەسە نەک بە تەواوەتی.

دەستەبەری کۆمەڵایەتی تاک دەپارێزێت لە لایەنی کۆمەڵایەتی چونکە کرێکار تووشی چەندین زەرەر و زیان دەبێتەوە بەهۆی بەرکەوتنی بەچەند شتێک کە ئەمەش پێی دەوترێت بەرکەوتنی کارکردن. ئەمەش دەستەبەری کۆمەڵایەتی دانی پێدا دەنێت لەڕێگەی لیژنەیەک کە ڕێژەی ترسناکی بەرکەوتنەکە هەڵدەسەنگێنێت. هەروەها دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ تاک خەرج دەکات لەکاتی پیری و پەککەوتن و نەتوانینی ئەنجامدان و بەردەوام بوون لە کارکردن و نەبوونی سەرچاوەی تر بۆ ژیان و دابینکردنی سەرچاوەکانی ژیان.(١١) (الحرفی و اخروون، ١٩٨٠: ل٥٨٣)

چەمکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی خۆشنوودی. ڕەگەکانی دەوڵەتی خۆشنوودیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە زانا (بیفریدج) داینا لەساڵی (١٩٤٢). هەرچەندە کە ئەو زانایە ڕقی لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بوو و حەزی بە (دەوڵەتی کاری کۆمەڵایەتی) بووە، وە بەدەستپێکردن لە دەوڵەتی خۆشنوودی کۆمەڵێ لە بڕیارە یاساییەکان دەرچوو لەوانەش دەستەبەری کۆمەڵایەتی و چاودێری کۆمەڵایەتی کە مەبەستی یان ئامانجی پێشکەشکردنی چاودێرییە بۆ هەژارەکان، هەروەها چارەسەرکردنی ئـەو کێشانەی کـە لەئاکامی جێبەجێکردنی تەکنەلۆجیا و شێوازەکانی بەرهەمهێنان دروست دەبێت و ئەو کێشانەی کە ناتوانرێت چارەسەر بکرێت تەنها لەڕێگەی دابینکردن و بوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر کە دەوڵەت پێشکەشی دەکات.

دەسـتـەواژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەک ئاماژەیەک بۆ کۆمەڵێکی جیاواز لە پاڵپشتی داهـات (دخـل) وەک موچەی خانەنشینی و نەخۆشی و قەرەبووکردنەوەی بەرکەوتن و بریندار بوون و دایکایەتی و قەرەبووکردنەوەی لەکارکەوتن و بێکاری و کەمی داهاتی خێزان. کەواتە ئەم دەستەواژەیە سیستمێکە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە مەترسییە کۆمەڵایەتییەکان. دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە سەرەتا بەشێوەیەک کاری دەکرد بە پێشکەشکردن و پێدانی یارمەتی دەستبەجێ (خواردن و جلوبەرگ) بۆ هەژار و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. (سایتی ئەلکترۆنی 2016 ، mawdoo3.com)

دوای ئەوە شێوازی کارکردن و یارمەتیدانەکە گۆڕا. شێوازی جیاوازی بەکاردەهێنرا لە پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی بۆ ئەو کەسانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان کە دەیسەلمێنێت ئەو کەسانە لەسەر هێڵی هەژارین و هەروەها پەککەوتە و بێوەژن و بێ باوکان و بێ سەرپەرشتان. هەروەها دواتر بەئاڕاستەی تر کاری کردووە وەک دروستکردن و دانانی هەندێ پڕۆژەی خزمەتگوزاری وەک پێشکەشکردنی چارەسەری پزیشکی و پێدانی دەرمان و پێشکەشکردنی یارمەتی خوێندن. واتە دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ خوێندکاران. هەموو پێداویستیەکانی (مادی و مەعنەوی)

لە پارەوپول و پێشکەشکردنی یارمەتی بە منداڵە هەژارەکان لە خێزانە کەمدەرامەتەکانی لە ئەستۆ گرتووە.

هەروەها دەستەبەری کۆمەڵایەتی بریتییە لەو سیستمەی کە دەوڵەت دایدەنێ بۆ پاراستنی تاکەکان و خێزانەکانیان کاتی کێشە و گیروگرفت و ڕووبەڕووبوونەوەی نەهامەتییەکانی ژیان، کە ببێتە هۆی دابینکردنی ژیان و خۆشی لە ئاستێکی شیاو بۆ ئەو کەسانە.

گرنگی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی:

١- گرنگی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە سەرچاوەیەکی داهات دابین دەکات بۆ مرۆڤ کاتێک کە ناتوانێت کار بکات و داهاتی هەبێت، وەک لەکارکەوتنی تەواو یان دوای خانەنشین بوون لە تەمەنی پیری یان لەکاتی بێکاریدا. ئەم هەموو حاڵەتانە حاڵەتی مرۆیین لەسەر دەوڵەت پێویستە کە چی پێویستە پێشکەشی ئەو کەسانەی بکات بۆ پاراستنی کەرامەت و ڕێگرتن لە سواڵکردن.

٢- گرنگی لەوەدایە دامودەزگای دەستەبەری کۆمەڵایەتی توانای بەرزکردنەوەی ئابووری نیشتمانی هەیە لەڕێگەی گرنگیدان بەپرۆژەی بەرهەمهێنان و بەکارخستنی داهاتەکانی سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەها توانای ئەوەی هەیە هەلی کار بۆ ئەو کەسانەی کە بێکارن بڕەخسێنێت. (هەمان سەرچاوە)

ئامانجەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و فەلسەفەکەی:

١- پێشکەشکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی گشتگیر بۆ هاووڵاتیان بە گشتی لە ڕێگەی دابینکردنی ئاستێکی جێگیر و باش لە داهات و دابینکردنی داواکارییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ژیان و دابینکردنی پێداویستی هەژارەکان بۆ ژیانکردن لە ئاستێکی گونجاو.

٢- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەژاری و نەبوونی و بێکەسی، دابینکردنی ئاسایش، ئابووری بۆ هەموو تاکەکان لە هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان نەک تەنها بۆ چینێکی تایبەت.

٣- دابینکردنی تەواو لە خزمەتگوزاری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە ئامانجە دامەزراوەیی و واقیعی و ڕێکەوتنی لەگەڵ پێداویستی و دابونەریتی تاکەکان کە یاساکانی ضمانی خزماتیان دەکات یان ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٤- بەستنەوەی فەلسەفەی دڵنیایی کۆمەڵایەتی بە سیاسەتی بەکارخستن (تشغیل) و دۆزینەوەی هەلی کارکردنی گونجاو لەڕێگەی سەنتەرەکانی داهێنان و ئامادەکردنی کۆمەڵایەتی وەک ڕاهێنانی ئافرەت لەسەر ئەنجامدانی کاری درووماں و دیزاینەری و کاری دەستی و ئامێری و ئابووری ناوماڵ و ڕۆشنبیری تەندروستی و شارستانی.

٥- دابینکردن و جێبەجێکردنی تەکافولی کۆمەڵایەتی (گرتنەئەستۆ) لەنێوان توێژەکانی کۆمەڵگە کە سیستمێکی باش و گونجاوە بۆ خزمەتکردنی تاکەکان. (هەمان سەرچاوە).

دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان دەستەبەری کۆمەڵایەتی کاری پێدەکرێت لەڕێگای فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەرکی ئەم فەرمانگەیە دابینکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتیە بۆ کریکاران، تەنها ئەوانەی لەکەرتی تایبەت کار ئەکەن ، بەهیچ شێوەیەک کەرتی میری ناگرێتەوە. یاسای مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە کۆمپانیاکان و خواردنگەکان و کرێکاری دروستکردنی خانوبەرە کار ئەکەن. واتە ئەبێ ئەو کرێکارانە خاوەنکاریان هەبێ. خاوەنکار ئەبێ دەستەبەری کرێکارەکە بکا کە بڕی ١٢٪ی موچەی دەستەبەر مانگانە لە خاوەنکار دەبڕی و بڕی ٥٪ لە موچەی کرێکار وەردەگیرێ و بۆی دەخرێتە سندوقی خانەنشینی. هەتا ئەو کاتەی پێویستی ئەبێ لەکاتی خانەنیشنی و پەککەوتنی و لە کارکەوتنی بەهۆی بەرکەوتن بەشتێک یان کەوتنە خوارەوە لە شوێنی کارکردن، و دوچاری کەمئەندام بوونەوە و زەرەر و زیانی جەستەیی بێتەوە.

دەستەبەر بەشێوەی موچەی مانگانە پێی ئەدرێتەوە ئەگەر خزمەتی زۆر بوو، ئەگەر خزمەتیشی کەم بوو پارەکەشی کەم بوو، بە شێوەی قەرەبوو پێی ئەدرێت چ ژن بێت یان پیاو. ئەمەش بە پێی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١. هەروەها یاسای ژمارە ٤ بۆ ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ئەکرێ. ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە سوودمەندن لەیاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ٨٤٠٠٠ کەسە (عبدالله، ٢٠١٥: ل٢٦-٢٨) .

پرسیارەکان

پ١/ بابەتی خۆشگوزەرانی چۆن دەبینی؟ ئایا سودت لێ بینیوە؟

پ٢/ ئایا رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە لە رووی تەندروستی و پەروەردە و نیشتەجێبوون... هتد؟

پ٣/ بە رای تۆ سستمی دەستەبەری کۆمەلایەتی بۆ کرێکاران لە هەرێمی کوردستان سوودی هەیە؟

سەرچاوەکان:

الحرفة واخروون، (١٩٨٢)، موسوعة الادارة الحديثة والحوافز، ط ١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان .

العوجي، مصطفى (١٩٨٣)، الامن الاجتماعي، ط ١، مؤسسة نوفل، بيروت، لبنان.

الفلاحي، حسن، محمد، (١٩٩٩)، ادارة المؤسسات الاجتماعية، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.

عبدالله، صلاح، (٢٠١٥)، قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (٣٩ لسنة ١٩٧١) وتعديلاته والقانون رقم (٤ لسنة ٢٠١٢)، ط ٢، اقليم كردستان، اربيل

سيروان محمد ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ، krso.net

کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدانPDA ، (٢٠٠٨)، راپۆرتی چاودێری کردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێنە .

ثقافة الرفاهية٢٠٢٠/٨/٢٢ ar.m.wikipedia.org

سایتی ئەلکترۆنی٢٠٢٠/٦/٢٨ com.mawdoo٣

٢٠٢٠/٦/٢٨ ,speemedia.com

٢٠١٩/١١/١٤ ,rudaw.net

٤-٣ لەزیندان بۆ چاکسازی

سەرنجێك لەڕەوشی پەرەسەندنی دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستاندا

لوقمان صالح کریم سیوەیلی ، عمر انور کریم

پوختە:

ئەم بابەتە دەیەوێت تیشک بخاتە سەر مێژووی دامەزراندنی دامەزراوە چاکسازیە کۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان و ڕەوشـی مێژوویی پەرەسەندنی سزادان بەرەو چاکسازی کۆمەڵایەتی، هاوکات کارو چالاکییەکانی کۆمەڵکارو توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە وەک یەک پاکێج کار دەکەن، خراوەتە ڕوو. جا ئەو ئەرک و چالاکیانە لە ناو دامەزراوەی چاکسازی بێت یان بکەوێتە دەرەوەی دامەزراوە چاکسازیەکان. کۆتایی بابەتەکەش بە چەند پرسیارێک هاتووە کە دەکرێت خوێنەر بەدواداچوون بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بکات.

زاراوە سەرەکییەکان: چاکسازی کۆمەڵایەتی، توێژەری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵکار، توێژەری دەروونی، بەندکراو.

پێشەکی

لە دایکبوونی زیندان هاوکات بوو لەگەڵ لە دایکبوونی زۆر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان؛ لەوانە تاوانناسی "کرایمینۆلۆجی" و کۆمەڵناسی "سۆسیۆلۆجی" و دەروونناسی "سایکۆلۆجی". زیندانەکان و کۆبەندی سزادان دەکرا بخرێنە ژێر پشکنین و لێکۆڵینەوەی "زانستییەوە" پێناسە بکرێن (میراودەلی، ٢٠٠٧: ل٦٢). خانمە فەیلەسوفی ئەڵمانی (هانا ئارنێت) پێی وایە لەسەدەی بیستەمدا مرۆڤی ئەوروپی بڕوای بەوە نەما سزایەکی یەزدانی هەبێت بۆ ئەوانەی کە گوناه بارن. هەربۆیە هەوڵیدا خۆی ئەو کارە بکات (ئارنێت، ٢٠٠٧: ل٢٨)، ئەمیش لەڕێگەی دروستکردنی دامەزراوەی تایبەت بە چاکسازی تاوانباران. بیرۆکەی دادگاییکردن و زیندانیکردن بۆ ڕێگەگرتن لە تۆڵەسەندنەوە هاتووە. کەسێک دادگایی دەکەین نەک بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرین خەڵکانێک بە نیازی تۆڵەکردنەوە پەلاماری بدەن (هەردی، ٢٠٠٧: ل١٦٣).

ئامانجەکانی سزادان گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی، لەبەرئەوەی لە چاخە کۆنەکاندا مەبەست لە سزادان بریتی بوو لە تۆڵەکردنەوە. هەربۆیە زۆربەی سزاکان جەستەیی بوون لەچوارچێوەی لێکردنەوەی بەشێک لە جەستە یان قامچی لێدان و لەسێدارەدان. لەچاخی ناوەڕاستدا مەبەست لە سزادان بەدیهێنانی دادپەروەری بوو، بەڵام لەکاتی ئێستادا مەبەست لە سزادان بریتییە لە چاکسازی (عەبدوللە، ٢٠١٢: ل٤). (فۆکۆ) پێی وایە لە سەدەکانی ناوەڕاست جەستەی ئازاردراو هەبوو بەڵام لەئێستادا جەستەی کۆنترۆڵکراو هەیە (فۆکۆ، ١٩٩٠: ل٣٥). هەڵبەتە ئەمەش لەخۆڕا نەهاتوەو کۆمەڵێک قۆناغی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە کە بریتین لە:

- **قۆناغی گرنگیدان بە لایەنی مادی بەندیخانە.** توێژەران لەو ماوەیەدا جەختیان لەوە دەکردەوە کەوا پێویستە گرنگی بدەن بە چۆنیەتی دیزاینی پەیکەری بەندیخانە.
- **قۆناغی گرنگیدان بە لایەنی کەسایەتی.** لەم قۆناغەدا توێژینەوەکان زیاتر کاریان دەکرد لەسەر بەندکراوو پێویستی گرنگی پێدانی وە مافی بەندکراویان زۆر بە هەند دەگرت.

• **قۆناغی گرنگیدان بە هەردوو لایەنی مادی و کەسایەتی لە مامەڵەکردنی سزادان.**
ئەمەش لەپێناو ئەوەی راستی کاری بەندیەکان دەرکەوێت لە چاکسازی و پێگەیاندنیاندا (عەبدوللە، ٢٠١٢: ل١٢). هەڵبەتە هەرێمی کوردستانیش بەشێک لەم گۆڕانکاریانەی بەخۆوە بینیوەو وای کردوە بەندیخانەکان بەرەو فەرمانگەی چاکسازی هەنگاو هەڵبگرن.

١-فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا

مێژووی یەکەم بەندیخانە لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٨ کاتێک حکومەت بەندیخانەی قەلعەی دروستکرد کە پێکهاتبوو لە چەند ژوورێک لەناو وەزارەتی بەرگری، وە لەماوەی داگیرکاری ئینگلیزەکان لە عێراق بەندیخانەیەکی نوێیان دروستکرد بەناوی «بەندیخانەی سیم» ئەو ناوەش دەگەڕێتەوە کە هەر چوار دەوری تەلبەند «سیم « کرابوو. پاشان بەندیخانەی مەرکەزی بەغدایان دروستکرد لە ناوچەی باب ئەلموعەزەم کە دواتر ئەو بەندیخانەیە گوازرایەوە بۆ ناوچەی ئەبوغریب (عەبدوللە، ٢٠١٢: ل٢٢). حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان گرنگی و بایەخی زۆریان داوە بە کردنەوەی زیندانەکان بە مەبەستی سزادان زیاد لەوەی مەبەستی چاکسازی بوبێت. تۆفیق وەهبی دەڵێت «کاتێک موتەسەریفی سلێمانی بووم، داوای دروستکردنی نەخۆشخانەم کرد، بەڵام داواکەم رەتکرایەوە بە پاساوی ئەوەی بودجەو نییەو پارە نییە. بەڵام کاتێک موتەسەڕیفی موسڵ داوای دروستکردنی بەندیخانەیەکی نوێی کرد، حکومەت یەکسەر بەدەم قسەکانیەوە چوو، پارەی بۆ تەرخانکرد (شوانی، ٢٠٠٧: ل٣٠- ٣١).

لە سەردەمی حوکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا زیندان بەمانای چاکسازی بوونی نەبووە. هەروەها پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و لەکاتی بوونی رژێمی بەعس هیچ بەندیخانەیەک نەبووە لە هەرێمی کوردستان کە ئەرک و مامەڵەی ئەم دامەزراوانە چاکسازی و پەروەردەیی بێت. بەڵکو شوێنی راگرتنی بەندکراو هەبوو بە ناوەکانی (مراکز التوقیف) و جێگای راگرتنی بەندکراوان و بەرێکردن (التسفیرات) وە لەکاتی سەپاندنی سزا بەسەر هەر بەندکراوێک لەڕێگای ئەم بنکانە دەنێردرانە بەندیخانەکانی بەغداو موسڵ بۆ تەواوکردنی

ماوەی سـزاکەیان تەنانەت منداڵ و ژنیش. ئەم بنکانە لەلایەن پۆلیسی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەڕێوەدەبران و هەندێ جاریش ئەوانەی لەساڵێک کەمتر سزا دەدران دەمانەوە لەو بنکانە تا کۆتایی سزاکەیان و ئازادبوونیان .

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ وە پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم، پێویست بوو گرنگی بدرێت بە دروستکردن و دۆزینەوەی شوێنێکی تایبەت بە (سزادراو و دانراوان) تا لە راگیراوان جیا بکرێنەوە. لە سەرەتای کارەکان حکومەت سوودی لەو بنکانە وەرگرت بۆ جیاکردنەوەی هۆڵەکان و لێکدابرانی سزادراوانی قورس و سووک. هەرچەندە ئەمە کارێکی سەرەتایی بوو و وەک پێویست نەبوو، بەڵام توانرا هەنگاوێک بچێتە پێشەوە تا ئەوکاتەی بەهۆی شەڕی ناوخۆ ساڵی ١٩٩٦ هەموو کارەکانی پەک خست و لەوانەش دروستکردنی چاکسازیەکان و حکومەتی هەرێم بوو بە دوو بەش و دوو ئیدارەی حکومیەوە. کارەکان وەستان و نەتواندرا هیچ یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە لەپەرلەمان دەربکرێ بۆ ئیدارەدانی بەندیخانەکان و بەم شێوەش بەندیخانەکان لە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆ مانەوە.

ئـەوەی لـەدوای ڕاپەرین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو بەندیخانە بوو، بەو پێیەی سیستەم و یاسایەکی چاکسازی کۆمەڵایەتی نەبوو تاپەیڕەو بکرێت، تا دوای شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و لەساڵی (١٩٩٦)یش بەردەوام بوو. پاش هاتنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت ئەو ڕێکخراوانەی چاودێری ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندیدار بە کاروباری چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکانیان دەکرد، فشاری زیاتر دروست بوو بۆ کردنەوەی چاکسازی کۆمەڵایەتی و چاککردنی ڕەوشی بەندیەکان. لەزۆربەی وڵاتاندا ستاندارده نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بونەتە بەشێک لە سستمی دادگەریی ئەو وڵاتانە (بەرگەم، ٢٠١٣: ل٢٥). هەڵبەتە ئەمەش بێکاریگەری نەبووە لە سستمی سزادانی وڵاتان و دامەزراوە چاکسازیەکان هەبوو، چاکسازی بە واتای دوبارە ڕاهێنانەوەی Rehabilitation بەندکراوان و بونیات نانەوەی کەسێتیان لەسەر بنەمای پڕۆگرامی پەروەردەیی مەبەستدار کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ژیانێکی تەندروستدا (پیرداود، ٢٠٠٧: ل١٨).

لە ساڵی ١٩٩٧ حکومەتی هەرێمی ئیدارەی سلێمانی یەکەم بەندیخانەی بەمانا چاکسازیەکە لە سەربازگەی سەلام (معسکر سلام) لە کۆنە هۆڵەکانی پاشماوەی لەشکری بەعس دروست و نۆژەنکردەوە کە نزیکی(١٨)کم لە ناوەندی سلێمانیەوە دوورە. هەروەها بڕیارێکی دەرکرد بۆ گواستنەوەی میلاکی ئیدارەی بەندیخانەکان تایبەت بە سـزادراوان (المحکومون) لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی. بەمشێوەیە بەردەام بوو تا لە ساڵی ١٩٩٩ ئەم وەزارەتە بوو بە دوو وەزارەت.

لـەدوای ساڵی ١٩٩٧ کە ئەوکات (فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی)، کە هەمان چاکسازی کۆمەڵایەتیەی ئێستابوو، دامـەزراو سەر بە وەزارەتی (تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی) بوو تا ساڵی ٢٠٠١ کە وەزارەتـی تەندروستی و کـاروبـاری کۆمەڵایەتی بوونە دوو وەزارەتـی سەربەخۆ. هـەر ئەوکاتانەش توێژەرانی کۆمەڵایەتی دامـەزرابـوون لەناو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان. هەرچەندە هیچ یاسا و ڕێنمایەک نەبوو کە کاری توێژەریی لەهێزی جیبەجێکردن لێک جیابکاتەوەو جۆرێک لە تێکەڵی هەبوو، سنوری نێوان پیشەکان جیانەکرابوونەوە .

دواتر چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان خرانە سەر (وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی) لە ژێر ناونیشانی (بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی)، هەروەها بەندیخانەکانی نەوجەوانانیش خرانە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی .

لەڕووی یاساو ڕێنمایی تایبەت بە ئیدارەدانی ئەم فەرمانگەو چاکسازیانە، بەگشتی لەهەرێمی کوردستان هیچ یاسا و ڕێنماییەک نەبوو بۆ کاری سـزاردراوان، کە ئـەمـەش بۆشاییەکی گـەورەی لـە راپـەراندنـی کـارەکـان دروست کردبوو. لەبوونی ئەم بۆشاییە یاسایەدا بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان زۆرجار پەنا بۆ یاسای ژمارە (١٠٤)ی ساڵی ١٩٨١ عێراقی دەبرا وە هەروەها لە ساڵی ٢٠٠١ ئیدارەی سلێمانی بە بڕیاری ژمارە (١٧١) ساڵی ٢٠٠١ دامەزراندن و بەگەڕخستنەوەی هێزی جێبەجێکردنی دەرکرد کە زۆر لەکارەکانی بۆ ئاسانتر کرد بۆ پاسەوانی و پاراستنی چاکسازیەکان وە

لە پەراوێزی ئەم بڕیارەدا یەکەم ڕێنمایی دەرکرد بە ژمارە (١/ ساڵی ٢٠٠١) لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو هێزە. لە هەنگاوێکی دیکەدا ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بەسزادراوان دەرچوو هاوکات لە ڕێکەوتی (١٠-٢-٢٠٠٤) کەوتە بواری جێبەجێکردن لە سنوری ئیدارەی سلێمانی .

بەڵام بەڕێوەبردنی کارەکانی سزادراوان و دانراوان بەتێکەڵی لەگەڵ ڕاگیراواندا لە ئیدارەی هەولێر واتە شارەکانی (هەولێر و دهۆک) هەر لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ مایەوە تا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەو حکومەتێکی یەکگرتوو پێکهات. حکومەتی هەرێم لە ئیدارەی هەولێر هەنگاوێکی نا بۆ چەسپاندنی مافەکانی بەندکراوان و بە بڕیارێک لەئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٣٠/٧/٢٠٠٣ وە لە وەقائعی کورستان بە ژمارە ٤٤ ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکرایەوە جێبەجێکردنیشی خستبووە ئەستۆی وەزارەتی مافی مرۆڤ، کە ئەم وەزارەتە هەم جێبەجێکار بێت و هەمیش چاودێر .

پاش یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم و دروستبوونی حکومەتێکی یەکگرتوو لە ساڵی ٢٠٠٦ وە لەکاتی دەرچونی یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی. فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە نێوان تەشکیلاتی وەزارەت دانرا و لە ماددەی/ سێیەم/ دەیەم بەم شێوەیە هاتووە:

١-بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی

٢-بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

٣-بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک بە جۆرێک ژنان و نەوجەوانان یەک بەڕێوەبەرایەتی هەبێ، بەڵام بەشەکانی جیابێ و تێکەڵ بەیەکدی نەکرێن (ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، ٢٠٠٨).

لەدوای ئەوە هەوڵدرا بەشەکانی بەڕێوەبردن و ژمێریاری و یاسایی و توێژەرانیش لەهەموو چاکسازیەکان بکرێنەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. بۆ ئەم هەنگاوەش دەرچوونی (سیستەمی ژمارە/١ ی ساڵی ٢٠٠٨) لە (وەقائعی کوردستاندا بە ژمارە م٨٤ ساڵی ٢٠٠٨)، ئەم سیستەمە گرنگی زۆری هەبوو بۆ ڕاپەراندنی کارەکان و لەژێر ڕۆشنایی ئەو سیستەمە توانرا ئەم کارانە

بەئاڕاستەی گۆڕینی زیندان بەرەو چاکسازی کۆمەڵایەتی هەنگاو هەڵبگرێت بەم شێوەیە:

١-پێدانی مۆڵەت بە سزادراوان بەپێی ڕێنمایی تایبەت.

٢-دیاریکردنی لۆگۆ (ئاڕم)ی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی ڕوتبە و پلەی هێزی جێبەجێکار.

٣-دیاریکردنی چۆنیەتی و چەندایەتی خواردنی سـزادراوان لە هەموو بەشەکان.

٤-دیاریکردنی ئەو مەوادانەی کە قەدەغەن ببڕێنە نێو دامەزراوەی چاکسازی کۆمەڵایەتی.

٥-دیاریکردنی کاری سزادراوان .

بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم گرنگی زیاتری بە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانداو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆیەکانیش هۆکاربوون لە دروستکردنی فشار و زیاتر گرنگیدان بە مافەکانی (سزادراو و دانراو و ڕاگیراوان).

ئەم گرنگیدانە بەبەندکراوان پەرەی سەند و توانرا باڵەخانەی مۆدێرن و تۆکمە بەپێی بنەما نێودەوڵەتییەکان دروست بکرێت. لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دهۆک یەکەمین باڵەخانەی مۆدێرن بونیاتنرا. هەروەها لەساڵی ٢٠١٠ لە هەولێرو ساڵی ٢٠١١ لە سلێمانی باڵەخانەی نوێ دروستکران. ئەمەش گۆڕانکاری جۆری لە شوێنی نیشتەجێبوونی سزادراوان دروستکردو و بووە هۆی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی. بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی نەتواندرا باڵەخانەی مۆدێرن بۆ ژنـان و نەوجەوانان تـەواو بکرێ، لەگەڵ ئـەوەی لە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو .

لە سستمی ژمـارە (١) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران، سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ٢٠٠٨ هاتووە فەرمانگەی چاکسازی "ئەو فەرمانگەیەیەکە کاروباری بەندکراوان و ڕاگیروان لەئەستۆ دەگرێت، بەمەبەستی چاکسازی بەندکراوان و ڕاگیروان لە ڕووی ڕەفتاری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و شیاندنی پیشەیی بۆ ئەوەی ببنە ئەندامێکی سودمەند بۆ کۆمەڵگە" (سیستەمی چاکسازی، ٢٠٠٨).

٢-ئەرك و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵکار توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەدامەزراوە چاکسازیەکاندا

دەکرێ بڵێین لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت نییە کە ئیدارەی کاروباری چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانی پێ بکرێت و چوارچێوەی ئەرک و سەڵاحیاتەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کۆمەڵکارەکان لەناو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکات. لەبەر پێویستی و نەبوونی یاسایەکی تایبەتی سەربەخۆ بەهەرێمی کوردستان و ئیدارەدان و ڕێکخستی کاروباری چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان (سیستەمی ژمارە/١ی ساڵی ٢٠٠٨)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پەسەندکرد و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بە ژمارە م٨٤ ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکرایەوە.

ئەرک و کاری سەرەکی کۆمەڵکار، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتیەدا بەپێی (مادەی١/ بڕگەی٦) بریتیە لە (ئیدارەدانی کاروباری سزادراوان و دانراوان لەفەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان) (سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی، ٢٠٠٨). ئەم سیستەمە چاکسازیە لەهەموو فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی وەک خۆی کاری پێناکرێت و بەشێ لەو ئەرک و سەڵاحیات و دەسەڵاتانەی کە بەکۆمەڵکارو توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی سپێردراوە لە سیستەمەکە لێیان وەرگیراوەتەوە، یاخوود لەبەر کەمی ژمارەیان دراوە بە کارمەندی دیکە، بەتایبەت هێزی جێبەجێکردن کە بەپێی سیستەمی چاکسازی کۆمەلایەتی (ئەرکیان پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەتی چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانە). هاوکات بەشێ لە ئەرکی توێژەران لەناوەوە و دەرەوەی فەرمانگە چاکسازیەکاندا بەپێی کۆمەڵێ ڕێنمایی جیاوازی کارپێکراو لەلایەن وەزارەت و بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان دیاریکراوە و ئەم ڕینمایانە بەپێی کات و لەگەڵ گۆڕینی وەزیر و بەرێوەبەرە گشتیەکان گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

٢ -١ ئەرک و کارەکانی کۆمەڵکار، توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەنێو فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی:

بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی کۆمەڵکار و توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بریتیە لە سەردانی ڕۆژانە بۆ هۆڵ و بەشەکانی بەندکراوان و گوێگرتن لە داواکاری و کێشە و پێویستی زیندانیان، بەپێی سەلاحیات و لەچوارچێوەی ڕێگەپێدراوی دەسەڵاتی خۆی ئەوەی دەتوانرێ بۆیان جێبەجێدەکات و ئەوانەشی کە لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبن یاخوود لە دەرەوەی پسپۆریەکەی بن ئاڕاستەی بەرێوەبەر و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری دەکات و چاودێری و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان دەکات. لە نموونەی گرنگترین ئەرکە ڕۆژانەییەکان:

- بینین و پێشوازیکردن لە بەندکراوانی نوێ و کردنەوەی دۆسیەیەکی تایبەت بەبەندکراو کە زانیاری (کەسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، چۆنیەتی ڕوودان و مێژووی تاوان، تەندروستی کە پزیشکی تایبەت دەیبینێت، دانانی پلان بۆ ماوەی سزادان) لەخۆدەگرێت و پاش گواستنەوەی لە بەشی پێشوازی و بەرێکردن، ئەم دۆسیەیە دەگوازرێتەوە بۆ بەشە تایبەتەکان، یاخوود لەپێشوازی و لەهەندێ لە چاکسازیەکانیش لەهۆبەی یاسایی ئەم کارە جێبەجێدەکرێت. (مصطفی و کریم، ٢٠٢٠).
- سەردانیکردنی ڕۆژانەی هۆڵ و شوێنی مانەوەو بەشەکانی بەندکراوان بۆ زانینی پێویستیەکانیان و چاودێریکردنیان. هاوکات داواکاری و گرفتی بەندکراوان بەڕێگەی نوێنەر یاخود راستەوخۆ یاداشت دەکەن و بەپێی پێویستی ئاڕاستەی بەرێوەبەر و ئیدارەی فەرمانگەی چاکسازی دەکەن .
- دانیشتن و گوێگرتن لە بەندکراوان بەتایبەت ئەوانەی کێشەی دەروونی و خێزانیان هەیە لەژووی کۆمەڵکار و توێژەران. ئەم دانیشتن و چاوپێکەوتنانە بەتەنیا ئەنجام دەدرێت لەگەڵ (سزادراو، دانراو، راگیراوا)دا. شایەنی ئاماژەیە لەهەندێ لەچاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان ژووری چاوپێکەوتنی تایبەت بە بیننی سزادراو و دانراو و راگیراوان نیە، وەک چاکسازی ژنان ونەوجەوانانی دهۆک) (مصطفی و کریم، ٢٠٢٠)

• چاودێریکردنی ڕەوشـی تەندروستی و بـاری دەروونـی بەندیەکان بەمەبەستی چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ تەندروستی جەستەیی و دروستی دەروونی و ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی بەندیەکان و ناردن و ئیحالەکردنیان بۆ لای پزیشک لەنێو نەخۆشخانەی فەرمانگەی چاکسازی. ئەوکات پزیشک راستەوخۆ چارەسەری پێویستیان بۆ دەکات، یاخوود ئیحالەی نەخۆشخانەی دەرەوەی فەرمانگە و پزیشکی تایبەتمەندیان دەکات.

• سەرپەرشتی و ئاگاداربوون لە چالاکی وەرزشی و هونەری و پەروەردەیی و پیشەیی. بەگشتی کۆمەڵکار و توێژەرانی دەروونی و کۆمەلایەتی هەڵدەستن بە ڕێکخستن و پێشنیارکردنی چالاکی لەو بوارانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە. هەروەها چاودێری چالاکیە هونەری و وەرزشی و پەروەردەیی و پیشەییەکان کە خۆیان لە وەرزشی رۆژانە و چالاکی یاریگە و هۆڵی لەشجوانی دەبینێتەوە. هەروەها خولەکانی ڕاهێنان و سیمینار و دانیشتنەکانی تایبەت بەبەرزکردنەوەی کارامەیی و ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بەندکراوان .

• سەرپەرشتی و ئامادەکاری بۆ فێربوونی پیشەو هونەری دەستی و کاری جیاواز لەو وەرشە و شوێنی کارانەی کە لە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان دابینکراون بۆ برەودان بەتوانا و لێهاتووی پیشەیی بەندکراوان و فێرکردنی پیشەیەک یاخوود بەردەوامیدان و کارکردن لەبوارەکەی خۆیاندا بۆ ئەوانەی کە پیشەوەرن بەپێی بوار و دەرفەت (مصطفی و کریم، ٢٠٢٠).

• گرنگیدان بـەکـاروبـاری خوێندن و هـانـدان و کـارئـاسـانیکردن بۆ بەردەوامیدان بەو پڕۆسەیەو دانەبڕانی ئەو کەسانەی لە خوێندن بەردەوامن. هاوکات هاندان و کار ئاسانی بۆ ئەوانەی لەخوێندن دابڕاون یاخوود هەر نەچوونەتە ئەو پڕۆسەیەوە تا لەڕێگەی خوێندنگەی نێو چاکسازیەوە بەردەوامی بدەن یاخوود کارکردن و مامەڵەی تاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ ئەوانەی کە پۆل و ئاستەکانیان لە ناو قوتابخانەی خوێندنگە نیە .

• سەرپەرشتی کارگێڕی و بەریوەبردنی بەشەکان و دابینکردن و چاودێری پێویستیە خزمەتگوزاریەکان و کاروباری هونەری و سەرپەرشتی بەشی لە مامەڵەی یاسایی بەندیەکان، هۆبەکانی (پێشوازی، توێژینەوە، نەوجەوانان، تازەپێگەشتووەکان ،ژنـان، راگیـراوان، چاودێری دواتـر)ن لە

چاکسازیەکانی ژنان و نەوجەوانانداا، هەروەها (هۆبەی پێشوازی و توێژینەوە) لە چاکسازی گەوراندا .

• کارکردن و ئەندامێتی لە لیژنەکانی تایبەتمەند بە بەندکراوان و ڕێکخستن و ئیدارەدان و سەرپەرشتی و مۆڵەتپێدان. لەناو فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێ لیژنەی تایبەتمەند هەن بە کاروباری بەندکراوان و ڕێکخستنیان. لەگرنگترین ئەو لیژنانە (لیژنەی هونەریی، لیژنەی مۆڵەت، لیژنەی لێکۆڵینەوە، لیژنەی ئازادبوون بەمەرج، ... هتد) بەگشتی توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی سەرۆک یاخود ئەندامی ئەم لیژنانەن و کاری سەرەکیان پەیوەندیدارە بە مۆڵەتی بەندکران بە پێی مادەو بڕگەکانی سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ گەڕانەوە بۆ ناو خێزانەکانیان، هەروەها لێکۆڵینەوە و تەحقیق و سزادانان بۆ سەرپێچیکاران لەچوارچێوەی یاسا و ڕێنمایەکان. (سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی، ٢٠٠٨) هەروەها بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی ڕەزامەندی یاخود ڕەتکردنەوە بۆ شیاویەتی وەرگرتنی مافی ئازادبوون بەمەرج بۆ سزادراو و دانراوان، بۆ وەرگرتنی مافی پێدانی مۆڵەت و مافی ئازادبوونی بەمەرج پێویستە بەندکراو بەڕاپۆرتێ داوای سوودمەندبوون لەو مافەی بکات، ئەوکات توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی تایبەتی بەندکراو یاخوود لیژنەکە لەسەر بنەمای هەڵسووکەوت و چالاکی و دۆسیە کۆمەڵایەتیەکەی بڕیار لەسەر سوودمەندبوون یاخوود ڕەتکردنەوەی ئەو داواکاریەی دەدەن. هەرچەندە لەبەشێک لە چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکاندا هاوکات جگە لەڕاپۆرتی کۆمەڵکار، توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی ڕاپۆرتی هێزی جێبەجێکردنیش ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی هەسوکەوت و بڕیاردان لەسەر شیاویەتی یا نەشیاوی بۆ وەرگرتنی ئەو مافە .

٢-٢ ئەرک و کارەکانی کۆمەڵکار، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە دەرەوەی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵکار، توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی سەرەڕای ئەرک و کاریان لەناو فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی، هەندێ کار و ئەرکی دیکەی پەیوەست بە بەندکراوانیان دەکەوێتە ئەستۆ لەدەرەوەی سنوری فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتی کە سەرەکیترینیان برتین لە:

• سەردانیکردنی خێزانی بەندکراوان: سەردانیکردنی خێزانی بەندکراوان و شوێنی نیشتەجێبونیان لەکاتی پێویست یاخود لەکاتی بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی. هەندێک جار ئەم سەردانانە لەسەر داواکاری خودی بەندکراو یاخود راگیراو ئەنجام دەدرێ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی خێزانی، یاخود دابینکردنی پێویستی تایبەتی بەندکراو. بەشێکی تر لەو سەردانانە بۆ ئەوەیە کە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی یاخود کۆمەڵکار پێویستی بەزانیاری زیاتر هەیە لەسەر خێزانی بەندکراو و شوێنی نیشتەجێبوونی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و هەندێ زانیاری دیکە کە لەرێی چاوپێکەوتنی بەندکراوەو بەدەستناهێنرێن. بەشێکی دیکەی ئەم سەردانیانە بەمەبەستی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و رێکەوتنی کۆمەڵایەتیە لە نێوان خێزانی بەندکراو و بەندکراودا، یاخود خێزانی بەندکراو و لایەنی دووەم بۆ نموونە سکاڵاکار.

• سەردانیکردن بەمەبەستی بەردەوامیدان و تەواوکردنی کاروباری خوێندن: بەو پێیەی (سزادراو و دانراوان) مافی خوێندنیان هەیە لە چوارچێوەی چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی بەسەربردنی حوکمەکەیاندا (بڕوانە سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی، ٢٠٠٨ – مادەی ٣٣) سزادراو و دانراو و بەشێک لەو بەندکراوانەی کە حوکم دەدرێن، پێشتر خوێندکاربوون و لەپڕۆسەی خوێندن بەردەوامبوون لەپێناو بەردەوامیدان بەخوێندن و چوونەوەیان بۆ قوتابخانە لەکاتی پێویست یاخود دەستکورتی و هەژاری خێزانی بەندکراو کۆمەڵکارو توێژەران هەڵدەستن بە تەواوکردنی مامەڵەی گواستنەوەو یاخوود ئەنجامدانی مامەڵەی تاقیکردنەوەی دەرەکی لەکاتی نەبوونی هەمان قۆناغی خوێندن لە قوتابخانەی چاکسازیدا.شیاوی ئاماژەیە لەناو فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا خوێندنگە تێیدا سیستەمی خوێندنی خێرا پەیرەو دەکات و راستەوخۆش سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە و لەلایەن هەمان وەزارەت و پەروەردەی گشتی شارەکەوە سەرپەرشتی دەکرێت .

• سەردانیکردنی تایبەت بە کاروباری یاسایی: هەندێک سەردانی تایبەت و پێویست هەن کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێی هەڵدەستن

تایبەت بە کاروباری یاسایی بەندکراوان، کە سەر بە فەرمانگەکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی (وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد)ن.

• پەیوەندی و چالاکی و کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان. سەردانیکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە کاری هاوبەش و پەیوەندیداریان هەیە بە مافی مرۆڤ و کاروباری بەندیەکان و بواری نەوجەوان و ژنان و ڕێکخراوە خێرخوازیەکان کە سوودێکی زۆر لە توانای بەردەستی ئەو ڕێکخراوانە وەردەگـرن لە بـواری مـادی و مرۆیی (یاسایی، دەروونـی و کۆمەڵایەتی، خولی ڕاهێنان و ڕاهێنانی پیشەیی و کارامەییەکان و سیمینار). لەڕێگەی پەیوەندیکردن بەم ڕێکخراوانەوە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو پێویستیانە دەدەن کە لـەدەرەوەی توانای فەرمانگەو کاری حکومەتە بۆ خزمەتکردنی زیاتری بەندیەکان و چاکسازی بەگشتی.

پرسیارەکان

پ١/ئایا پێت وایە پرۆسەی چاکسازی بەندکراوان لە هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی سەرکەوتو بووە؟

پ٢ /ئایا کۆمەڵکاران و توێژەران سەرکەوتو بوون لە پرۆسەی شیاندنەوەی بەندکراوان؟

پ٣/ئایا فەرمانگەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان توانیویانە هاوشانی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان کاری خۆیان بکەن؟

پ٤/کردنەوەی قوتابخانەیەک بە واتای داخستنی بەندیخانەیەک، ئایا هیچ پ٥/پەیوەندیەک بەدی دەکەیت لەنێوان پەروەردەو کردەی تاوانکاریدا؟

پ٦/ئایا تا چەند بوونی وەصفی پیشەیی بۆ کۆمەڵکاران بە پێویست دەزاندرێت لە دامەزراوە چاکسازیەکاندا؟

سەرچاوەکان

ئارنێت، هانا. (٢٠٠٧). بنەماکانی تۆتالیتاریزم، وەرگێرانی: حەمە رەشید، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

أمین، نەوشیروان مستەفا. (٢٠١٣). بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، بیروت، الدار العربیة للعلوم نشرِوون.

بەرگەم ،کنوت ڤ، و ئەوانی دی. (٢٠١١). کورتە باسێک سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، وەرگێڕانی: ابراهیم صالحی راد (لاجانی)، هەولێر، شورای ڕێکخراوی نۆرویژی بۆ دیفاع لە مافەکانی گەلی کوردو کۆمیتەی هێڵسینکی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

پیر داود، زانا احمد. (٢٠٠٧). معوقات العمل الاصلاحی فی سجون اقلیم کردستان- العراق، رسالة ماجستیر غیر المنشورة مقدمة الی جامعة صلاح الدین، کلیة الاداب ، قسم الاجتماع .

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان. (٢٠٠٨). ژمارە ٨٤ لە ٢٠٠٨/٤/٧، سیستەمی ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٨، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سیستەمی فەرمانگەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، یاسای ١٢ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ساڵی ٢٠٠٧.

شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم محمود. (٢٠٠٧). شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، نامەی دکتۆرا پێشکەشی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوە.

عەبدوالله، محەمەد مەعروف. (٢٠١٢). زانستی سزا، وەرگێرانی: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، هەولێر، چاپخانەی منارە.

فوکو، میشیل. (١٩٩٠). المراقبة و المعاقبة "ولادە السجن"، ترجمة: د.علی المقلد، بیروت، مرکز الانهاء القومی.

مصطفی، عالیە فرج. کریم، عمر انور. (٢٠٢٠). ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی شیاندنەوەی سزادراوان و دانراوان لە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەیە.

میراودەلی، کەمال. (٢٠٠٧). زانین و دەسەڵات، خوێندنەوەیەکی فۆکۆ وەک خۆی، سلێمانی، چاپخانەی رەنج.

هەردی، رێبین. (٢٠٠٧). دژی بێدەنگی، سلێمانی، کۆمپانیای ئاوێنە.

٤-٤ کاری کۆمەڵایەتی لەبواری چاودێریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت

ڕزگار مصطفی غفور

پوختە:

بواری خاوەن پێداویستی تایبەت یەکێکە لەبوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی، کەلەم بەشەدا باسی دەکەین و هەوڵ دەدەین ئەم توێژە بناسێنین و پێداویستی و کێشەکانیان بخەینەڕوو بەپشت بەستن بەسەرچاوە و توێژینەوەکان بەمەبەستی زانینی ژمارەی خاوەن پێداویستی تایبەت و جۆرە جیاوازەکانیان و پێداویستی و کێشەکانیان. بێگومان پاراستن و چاودێری و شیاندنی خاوەن پێداویستی تایبەت زەرورەتێکە کە پێویستە پەرەی پێبدرێت بەمەبەستی ڕاهێنانیان و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر بۆیان. هاوکات پێویستە گرنگی بدرێت بە خێزانی خاوەن پێداویستی تایبەت، و هەروەها پێویستە ئاشنابین بە ڕۆڵی کۆمەڵگە لە چاودێریکردنیان لەهەموو لایەنێکەوە (جەستەیی، دەروونی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و شیاندنیان).ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە پێویستە هەوڵ بدرێت ئاڕاستە نوێیەکان لە چاودێریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت پراکتیزە بکرێت، بەمەبەستی گەشەپێدان بە تواناکانیان و هەوڵدان بۆ پاڵپشتیکردنیان لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیان.

لەم بەشەدا بابەتە گرنگەکانی بواری خاوەن پێداویستی تایبەت خراوەتەڕوو:

- پێناسەکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت: لێرەدا چەند پێناسەیەک خراوەتەڕوو بەمەبەستی ناساندنی چەمک و زاراوەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

- پۆلێنکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت: لێرەدا چەند پۆلێنێک خراونەتەڕوو بەپێی بۆچوونی توێژەران، بەمەبەستی زانینی جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

- کێشەکانی خـاوەن پێداویستی تایبەت: بە مەبەستی زانینی کێشەو پێداویستی وبەرنامەکانی چاودێریکردنیان.

لە کۆتاییدا دوو نموونە خراونەتەڕوو بەپشت بەستن بە دوو توێژینەوەی زانستی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە.

زاراوە سەرەکییەکان: کاری کۆمەڵایەتی، چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کەم ئەندام، خاوەن پێداویستی تایبەت.

١ -پێشەکی

چاودێریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێوەر دادەنرێت بۆ ڕادەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە. وەک ئاشکرایە تێڕوانینی کۆن وای دەبینێ کە ئەم دەستەیە، واتە (خاوەن پێداویستی تایبەت)، لە کۆمەڵگەدا هیچ هیوایەک نیە بۆ سـوود وەرگرتـن لێیان. بۆیە لەکەشێکدا دەژیـان کە هەستیان بەبێ هیوایی و شکستهێنان دەکرد. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زیادبوونی کێشەکانیان و بەدوای خۆیدا چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوتەوە کە مەترسی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکرد، وەک سواڵکردن و تاوان و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی تر. لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی هـزری مرۆیی و دیموکراسی، خـاوەن پێداویستی تایبەت مافی سروشتی خۆی وەرگرت لە چاودێریکردن و ئاڕاستەکردن و شیاندندا. کە ئەمە بووە هۆی گەشەپێدانی هێزو تواناکانیان کە پێشتر بێ هیواو بێ کەڵکبوون لەنێو کۆمەڵگەدا. ئێستا بوونەتە هێزی بەرهەمهێن و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان بەڕوونی دەردەکەوێت.

ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ لە قۆناغەکانی ژیانیدا دووچـاری تووشبوون بە نەخۆشی یاخود کەمئەندامی ببێتەوە، کە ئاسەوارەکانی دەردەکەوێت و

دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت بەئاسانی پێداویستییەکانی خۆی دابینبکات و رەنگدانەوەکانی لەسەر کەسێتی و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و فێربوون و باری ئابووری و وەزیفی کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێت. بێگومان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژمارەی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕۆژانە زیادەکات، بەهۆی بوونی زۆرێک ئاستەنگ لەبەرنامەکانی چاودێریکردن یاخود لە هەندێک ڕواڵەتی ڕەفتاری کە گوزارشت لەخراپی بەکارهێنانی هۆکارەکانی ژیانی نوێ دەکات، کەئەمەش لە هەندێ ڕواڵەتەکانی دواکەوتویی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.

ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە پێویستە یارمەتی مرۆڤ بدرێت لەئەدای ئەرکەکانی و ئاسانکاری بۆ بکرێت بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی .چاودێریکردنی ئەم توێژە لە ڕێگەی دامەزراوە حکومی یاخود تایبەتەکانەوە دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانیان و ڕاهێنانیان لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی تواناکانیان و وەرگرتنی کارامەیی پیشەیی کە یارمەتیان دەدات لەئەنجامدانی کاروپیشە لەکۆمەڵگەدا.

٢- پێناسەی خاوەن پێداویستی تایبەت

ئەو منداڵەی خاوەن پێداویستی تایبەتە جیاوازە لەڕووی کەسایەتی لە منالی تر، لەڕووی توانای عەقڵی و خەسڵەتی کەسایەتی و مەیل و ئارەزووەکان و پاڵنەرو ئامادەییەکانی. بۆیە دەبێت پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردنی ئەم منداڵانە تایبەت بێت بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکان. ئەم پڕۆسەیە یارمەتی دایک وباوکان و مامۆستایان دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ (خاوەن پێداویستی تایبەت) و گەشەپێدان بە تواناکانیان تا مافی خۆیان وەک مرۆڤ وەرگرن، ئەمە جگە لەوەی سوود لەتوانا و ئامادەییەکانیان وەردەگێرێت بۆ گەشەی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی (أبو اليزيد، ٢٠١٢: ل٣-٤).

لەرابردوودا چەند زاراوەیەک بەکاردەهێنرا بۆ پێناسەکردنی کەسی کەمئەندام، و بەشێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا وەک کەسێکی نەخوازراو، یاخود وەک کەسێک کە دەبێت فەرامۆش بکرێت لەبەرئەوەی کێشەیان هەیە و پێویستیان بە چاودێریکردن وبەرنامەو توانا هەیە، کە تێچووەیەکی زۆری دەوێت.

یەکێک لەو زاراوانەی کە بەکاردەهێنرا تەرکیز دەکرا لەسەر ئەوانەی توانای جوڵەییان نەبوو یاخود ئەوانەی ئەندامی جەستەیان لەدەستدابوو وە ئەوانەی تووشی ئیفلیجی بووبوون.

دواتر زاراوەی (special group) دەستەی تایبەت بەکاردەهێنرا، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەو تاکانە کە کێشەی تایبەتیان هەبوو وە توانای خۆگونجاندنیان نەبوو لەگەڵ سروشتی ژیانی ڕۆژانەیان، و پێویست بوو کە چاودێری بکرێن و خزمەتگوزاری پێویستییان بۆدابین بکرێت.

لەئێستادا زاراوەی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاردەهێنرێت(people with special needs) هەموو کەمئەندامبوونێک دەگرێتەوە، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە (منقریوس، ٢٠٠٩: ل٢٦٧).

هاوکات پێناسەی کەم ئەندامان دەکرێت کە (ئەو دەستەیەن کە تووشبووی کەمئەندامی عەقڵی یاخود جوڵەیی بوون یاخود نابینان یان نابیستان.. هتد). ئەم کەئەندامبوونە دەبێتە ڕێگر لە بەردەمیان کە نەتوانن کارامەیی ژیانی بنەڕەتی دەستەبەر بکەن (منقریوس، ٢٠٠٩: ل٢٦٩).

خاوەن پێداویستی تایبەت ئاماژە بۆ کەسێک دەکات، کە توانای نیە پشت بەخۆی ببەستێت بەهۆی کەم وکوڕی جەستەیی یان عەقڵیی یان هەستیی (منقریوس، ٢٠٠٩: ل٢٧١).

چەند زاراوەیەکی تر بەکاردەهێنرا بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک لاواز یان کەم ئەندامبوون یان ئەو دەستەیەی نائاساییەن، بەڵام ئەوەی زیاتر بەکاردەهێنرێت زارەوەکانی (کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت)ن. (سالم و صالح ، ٢٠١٠: ل١٨٣– ١٨٤)

خاوەن پێداویستی تایبەت پێویستییە دەروونی و پەروەردەکانیان جیاوازە لە پێویستییەکانی تاکی ئاسایی. هەربۆیە پەروەردەی تایبەت دەرکەوت. ئەم جۆرە لە پەروەردەی تایبەت گرنگی دەدات بە شێوازەکانی مامەڵە و چاودێریکردنیان، کە میتۆد و ئامانجی پەروەردەیی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەو شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی تایبەتی هەیە (رشوان، ٢٠٠٩: ل٢٠)

پێناسەی کەمئەندامبوون و کەمئەندام زۆرو جیاوازن. چەمکی کەمئەندامبوون(Handicap) پەیوەستە بە زۆرێک لە چەمکەکان(Impairment) یاخود (Disability) .

تێڕوانینەکان سەبارەت بە سروشتی کەمئەندامبوون جیاوازن، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(World Health Organiztion) هەوڵیدا ئەو سێ چەمکە دیاری بکات کە بریتین لە (Disability) (Impairment) (Handicap).

دەتوانین بڵێین چەند زاراوەیەک بەکاردەهێنرا بۆ ئاماژەپێدان بە(کەمئەندامبوون) کەلە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازبوو، و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەهەمان شێوە جیاوازبوو.

٣-پۆلێنکردنی کەمئەندامان

گرنگترین پۆلێنکردنە باوەکانی کەمئەندامبوون بریتین لە:

١-کەمئەندامی جەستەیی.

٢-کەمئەندامی عەقلی.

٣-کەمئەندامی کۆمەڵایەتی .

٤-ئەوانەی چەند جۆرێک کەمئەندامبوونیان هەیە. (رشوان، ٢٠٠٦: ل١٠٠).

توێژەران و ئەوانەی گرنگی دەدەن بە کەمئەندامان چەند پۆلێنێکی تریان کردووە بۆ ئەم توێژە، هەندێکیان جۆرەکانی کەمئەندامبوون پۆلێن دەکەن بۆ:

١- کەمئەندامی جوڵەیی

٢- کەمئەندامی هەستی.

٣- کەمئەندامی عەقڵی.

٤- دوو جۆر کەمئەندامبوون لەکەسێکدا.

٥- کۆمەڵێ کەمئەندامبوونی جیاواز لە کەسێکدا.

هەروەها هەندێکیان پۆلینی دەکەن بۆ ئەم دەستانەی لای خوارەوە:

١- بیرکۆڵ.

٢- ئاستەنگەکانی فێربوون.

٣- کەمئەندامی نابیست. (عثمان وعرفان، ٢٠١٤: ل٣٦٣).

جێی ئاماژە پێکردنە ئەو پۆلێنەی کە باوە لەنێو زانایان بۆ کەمئەندامان (خاوەن پێداویستی تایبەت) دابەشیان کردووە بەپێی نەبوونی توانا، بۆ ئەم دەستانەی لای خوارەوە:

١- کەمئەندامی جەستەیی:

ئاماژەیە بۆ ئەوانەی کەمئەندامی لە سیستمی جوڵەیی یاخود جەستەیی بەشێوەیەکی گشتی وەک شکاوی و لەدەستدانی ئەندامی جەستەیی و هەروەها ئەوانەش دەگرێتەوە کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، وەک ئیفلیجی منالان و شێرپەنجە و نەخۆشی دڵ و ئەوانەی توانای جوڵەییان نیە.

٢- کەمئەندامی کۆمەڵایەتی:

ئاماژەیە بۆ ئەوانەی ناتوانن کارلێکی باش بکەن لەگەڵ ژینگەکەیان و لادەدەن لە پێوەر و کەلتوری کۆمەڵگەکەیان وەک لاسار و لادەر و تاوانباران (عبید وجودت، ٢٠٠٩: ل١٩٤).

٤- کێشەکانی کەمئەندامان(خاوەن پێداویستی تایبەت)

یەکەم: کێشە دەروونییەکان:

١- رەتکردنەوەی ئەو واقیعە نوێیەی کە تێدا دەژی.

٢- هەستکردن بە کەمی و کەمکردنەوەی بەهای خودی خۆی.

٣- دەرکەوتنی هەستی نێگەتیف وەک هەستکردن بە تاوان و کەمیی و شکست.

٤- هەستکردنی زیاد لە پێویست بەکەمیی و ترسی زۆر و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی.

دووەم: کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

١-کێشەکانی کار:

ئەگەری ئەوەی هەیە کە کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت واز لەکارەکەی بهێنێت یاخود تووشی کێشەی نەگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ببێت.

٢-کێشەی هاوڕێیەتی:

ئەم کێشەیە کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی زۆربەی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە کە دەبێتە هۆی دابڕانی لە کۆمەڵگە.

٣-کێشەی کات بەسەبردن.

سوود وەرنەگرتن لەکاتی بەتاڵی ئەبێتە هۆی گرتنەبەری ڕەفتاری لادەر و لاساری.

٤-کێشەی خێزانی:

کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت ناتوانێت ئەدای ڕۆڵەکانی بکات و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ڕۆڵی ئەوانەی تر، ئەمە جگە لە کاردانەوەکانی وەک پەیوەندی نێوان خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکەی و خزم و کەسوکاری (عثمان وعرفان، ٢٠١٤: ل٣٦٥- ٣٦٦).

سێیەم: کێشەی فێربوون:

١- ئاستەنگەکانی تێکەڵبوون لە فێرکردنی گشتی یاخود بەرنامەکانی فێربوونی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت.

٢- کێشەی دەروونی، ڕەفتاری خاوەن پێداویستی تایبەت و کاریگەریی لەسەر ئاستی فێربوون.

٣- تێڕوانینی نێگەتیڤانە، کە خاوەن پێداویستی تایبەت هەستی پێدەکات، کە بەرجەستە دەبێت لەنەبوونی متمانە بەخود وکاریگەریی لەسەر پەیوەندی نێوان خۆیان وخەڵکی ئاسایی.

٤- نەبوونی خوێندنگەی تایبەت بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.

چوارەم: کێشەی ئابووری:

١- لەئەستۆگرتنی تێچوونی چارەسەرکردن.

٢- کێشەکانی دابینکردنی داهات و بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە خۆی بەتەنها داهاتی خێزان پەیدا بکات و کاریگەرییەکانی لەسەر ئەندامانی خێزانەکەی.

٣- نزمی ئاستی ئابووری هۆکارێکە بۆ جێبەجێنەکردنی پلانی چارەسەرکردنی.

پێنجەم: پێداویستی و کێشە پیشەییەکان:

١- زەرورەتی ئامادەکردنی هۆکانی ئاڕاستەی پیشەیی و بەردەوام بوون لەسەری تا کۆتایهێنان بە پڕۆسەی شیاندن.

٢- دەرکردنی یاساکانی کارکردن بۆ ئەوەی لە هێزێکی بەکاربەرەوە ببنە هێزی بەرهەمهێن.

٣- دابینکردنی هەلی تێکەلی بوونی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ هاوڵاتیان و کارلێکردن لەگەڵیاندا (عثمان و عرفان، ٢٠١٤: ل٣٦٦).

جگەلەم کێشانە چەند کێشەیەکی تر تووشی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبن وەک:

٤ -٦ کێشەی دامەزراوەکان:

هەندێ لەدامەزراوەکان ڕێکاری تایبەت دادەنێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت، هاوکات خزمەتگوزاری و بەرنامەکان لەئاست پێویست دا نین، ئەمە جگەلەوەی دامەزراوەکان یارمەتی خێزانەکان نادەن لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت دوای کۆتایی هاتنی چاودێری ڕۆژانەی دامەزراوەیی. بۆیە دامەزراوەکە دەبێتە تەنها شوێنێکە کە خاوەن پێداویستی تایبەت هەندێ کات تێیدا دەمێنێتەوە و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی بەبێ ئەوەی خێزانەکانیان سوودمەند بن لەو بەرنامانەی کە تایبەت بە چاودێریکردنی کەمئەندامان. (رشوان، ٢٠٠٦: ل٣٥-٤١).

٥-پێداویستییەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەرنامەکانی چاودێریکردنیان

کێشەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پڕنەکردنەوەی پێداویستییەکانیان سەرچاوە دەگرێت، بۆیە گرنگە ئاشنابین بە پێداویستییەکانیان.

هەموو کەسێک پێداویستی فسیۆلۆجی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە، کە هەمووی گرنگە بۆ ژیانی هەرتاکێک ئەگەر کەسێکی ئاسایی یاخود خاوەن پێداویستی تایبەت بێت.

لێرەدا باس لە پێداویستییەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەین، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراوە:

یەکەم: پێداویستییەکانی تاک، کە بریتییە لە مانەی خوارەوە:

أ-جەستەیی:

مەبەست لەم پێداویستییە گەڕانەوەی توانای جەستەیی خاوەن پێداویستی تایبەتە لەڕێی چاودێری تەندروستی و جەستەیی و دابینکردنی ئامێری پێویست کە یارمەتیدەر بێت بۆ خاون پێداویستی تایبەت. هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاری و چارەسەرکردن تا بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت.

ب- ڕێنمایی:

پێویستە گرنگی بدرێت بە فاکتەرە دەروونییەکان بەشێوەیەک کە ڕۆڵی هەبێت لە یارمەتیدان بۆ خۆگونجاندن و گەشەپێدانی کەسایەتیان.

ج- فێربوون:

پێویستە هەلی فێربوون برەخسێنرێت بۆ کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت و گرنگیان بێبدرێت تا ئەمانیش وەک هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا بێ بەش نەبن لەپڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییەکانیان پڕ بکەنەوە.

د- ڕاهێنان:

پێویستە ئەم هەلەیان بۆ دابینبکرێت لە ڕێگەی کردنەوەی بوارەکانی ڕاهێنان بەپێی ئاستی لێهاتوویی و کارامەیی بەمەبەستی ئامادەکردنی پیشەییان بۆ کارێکی گونجاو (عبید و جودت، ٢٠٠٩: ل١٩٥).

دووەم: پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان:

أ-پەیوەندییەکان: وەک پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، و تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرامبەر خاوەن پێداویستی تایبەت کە تاکێکە کەسایەتی و پێداویستی خۆی هەیە وەک هەر ئەندامێک لە کۆمەڵگەدا.

ب-پاڵپشتیکردن: وەک خزمەتگوزاری یارمەتی پەروەردەیی و ماددی و بەخشینی خاوەن پێداویستی تایبەت لە باج و گومرگ.

ج- ڕۆشنبیری: وەک دابینکردنی ئامڕازو هۆکارەکانی ڕۆشنبیریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت و گەشەپێدانی ئاستی زانیاری و هەروەها دابینکردنی بوارەکانی مەعریفە تا ئاشنا بێت بە زانیاری پێویست لە کۆمەڵگەکەی.

د- خێزانیی: دابینکردنی کەشێکی خێزانیی تەندروست کە تێگەیشتنیان هەبێت بۆ بارودۆخی کەمئەندام (رشوان، ٢٠٠٦: ل٥٣).

٣-٥ سێیەم: پێداویستی پیشەیی:

أ- ئاڕاستەکردن: وەک ئامادەکردنی هۆکانی ئاڕاستەکردنی پیشەیی و بەردەوامیدان تا کۆتایهاتنی پرۆسەی شیاندن.

ب- یاسایی: وەک دەرچوونی یاسا سەبارەت بە کارکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئاسانکردنی ژیانیان.

ج- تێکەڵبوون: وەک دابینکردنی هەلی تێکەڵ بوون وکارلێککردن لەگەڵ هاوڵاتیان. (عبید و جودت، ٢٠٠٩: ل١٩٦).

٦-تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرامبەر خاوەن پێداویستی تایبەت

منالی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە لە کۆمەڵگەدا، کە بەرجەستە دەبێت لەڕادەی قبوڵکردنی و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و دابینکردنی خزمەتگوزاری گونجاو بۆیان (منقریوس، ٢٠٠٩: ل٢٨٥). یەکێک لەکێشەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت تێکەڵکردنی منالانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگەکان .

چەمکی تێکەڵکردن: بریتییە لە پرۆسەیەکی تەواوکاری لە چالاکی جیاواز، کە پەیوەستە بە ژیانی کەمئەندام لەڕێگەی بەشداریکردن لەگەڵ کەسانی ئاسایی بۆ بەدیهێنانی قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە تواناکانیان و گەشەپێدانیان لەپێناو ژیانێکی باشتر.

تێکەڵکردن ئاماژەیە بۆ بەشداریکردنی کەمئەندامان لەگەڵ کەسانی تر لەپۆلدا و ئامادەکردنی بەرنامە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان و جەختکردنەوە لەسەر ویستی مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت و بینینی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەپێی تواناکانیان.

ئەم بابەتە پاڵنەڕێک بوو بۆ ئەوەی هەستم بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی (تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە)، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە خوێندنگەکانی شاری سلێمانی ئەنجام دراوە. (غفور، ٢٠١٦: ل٤٥٣- ٤٩٢).

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕەوشی تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت بوو لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێک بوو بۆ یارمەتیدانی خاوەن پێداویستی تایبەت و پەرەسەندنی توانای فێرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەڕێی پەیوەندی و کارلێکردن لەگەڵ خوێندکارانی تر لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی گەشەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بکەن.

ئەوەی شایانی باسە، سەرکەوتنی بەرنامەی تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان پێویستی بە بەرنامەو میتۆدی تایبەت هەیە و گرتنەبەری ڕێگاکانی وانە وتنەوە بەشێوازێک کە بگونجێت لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت بەمەبەستی گەشەپێدانی تواناکانیان و باشترکردنی جۆری ژیانیان لەڕێی ڕەخساندنی هەلی فێربوون بەو پێیەی ئەمانیش بەشێکن لە سیستمی پەروەردە بۆ وەرگرتنی مەعریفە و توانای بیرکردنەوەی دروست تا بتوانن گەشەبکەن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژینگەی خوێندنگە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە تێڕوانینی مامۆستایان نێگەتیڤە سەبارەت بە تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان. ڕوونکردنەوەمان بۆ ئەم ئەنجامە ئەوەیە، ئەو مامۆستایانەی کە هەڵدەستن بە فێرکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکاندا ڕایان نێگەتیڤ بوو، چونکە مامۆستایان پێیان وایە کە خوێندنگە بنەڕەتییەکان گونجاو نیە بۆ تێکەڵکردن و فێرکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی بینای خوێندنگەکان ڕەچاوی خاوەن پێداویستی تایبەتی نەکردووە. هەروەها نەبوونی هۆیەکانی ڕوونکردنەوە. هاوکات مامۆستایان پێیان وایە ئاستەنگە ئەو پڕۆگرامە لێی تێبگەن، بۆیە مامۆستایان باسیان لەوەکردووە کە پۆلەکە ژاوەژاوی تێدا دروست دەبێت، کەئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر خوێندکارانی تر دەبێت.

لەلایەکی ترەوە، لەئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە دەرکەوتووە کە ئەو مامۆستایانەی ساڵانی خزمەتیان لە(١١ ساڵ و بەرەوژوورە) بۆچوونیان پۆزەتیڤ بوو سەبارەت بە تێکەڵکردنیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەزموون و شارەزایی لەفێرکردن لای مامۆستایان سەلمێندراوە کە دەکرێت خاوەن پێداویستی تایبەت تێکەڵ بکرێن لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان و مافی فێربوونیان هەیە .

سەبارەت بە لایەنی فێرکاری لە تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان، مامۆستایان پێیان وایە کە پێویست ناکات تێکەڵ بکرێن. ئەوان پێیان وابوو کە باشتر وایە خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگەی تایبەت بەخۆیان فێربکرێن یاخود پۆلی تایبەت بکرێتەوە لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان چونکە توانای خاوەن پێداویستی تایبەت دیاریکراوە، ئەو پڕۆگرامە قورسە بۆ ئەمان و پێویستیان بەپڕۆگرامێکی تایبەتە.

سەبارەت بە لایەنی دەروونی لە تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان مامۆستایان ئەوەیان خستۆتە ڕوو، کە خاوەن پێداویستی تایبەت ناتوانن گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن و هەست بەکەمی و لاوازی دەکەن هاوکات هەست بە شەرم و ترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژان و شکست هێنان دەکەن.

سەبارەت بەلایەنی کۆمەڵایەتی لە تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان، لەئەنجامەکان دەرکەوت مامۆستایان ڕایان تاڕادەیەک ئیجابی بوو، سەبارەت بەم لایەنە. لەوەڵامی مامۆستایان ئەوە دەرکەوت کە خاوەن پێداویستی تایبەت پەیوەندی کۆمەڵایەتیان هەیە لەگەڵ خوێندکارانی تر. هەروەها ئەوە دەرکەوتووە، کە خوێندکاران یارمەتی و هاوکاری خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن. ئەتوانین بڵێین کە تێکەڵکردن تاڕادەیەک هەلی کارلێکی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات لە نێوان خوێندکاران و خاوەن پێداویستی تایبەت.

هەروەها لەئەنجامەکان دەرکەوت سەبارەت بە پەیوەندی خێزانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ مامۆستایان، تاڕادەیەک بەشدارن لەگەڵ

خوێندنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی منداڵەکانیان، هەروەها خێزانەکان تاڕادەیەک پێشنیارەکانی مامۆستایان قبوڵ دەکەن بۆ یارمەتی و هاوکاری منداڵەکانیان. ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە ، تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان یارمەتیان دەدات لەپەرەسەندنی توانای کۆمەڵایەتیان لە ڕێی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خوێندکارانی تر.

٧-ئاستەنگەکانی بەردەم خێزانی خاوەن پێداویستی تایبەت

جێ ئاماژە بۆکردنە ئاشنابوونمان بە کێشەکانی ئەو خێزانانەی منداڵی کەمئەندامی عەقڵیان هەیە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئەو خێزانانە و زانینی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دایک وباوکی کەمئەندامان دەبنەوە، خۆی بۆ خۆی بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئاشنابوون بەئازار و خەم وپەژارەی ئەو خێزانانە. بوونی منداڵی کەمئەندامی عەقڵی لە خێزاندا کاریگەریی لەسەر سیستمی خێزانی دەبێت کەبەرجەستە دەبێت لەو فشارە دەروونییانەی دووچاری دایکان و باوکان دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدای ئەرک وڕۆڵیان دەبێت و هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەناو و دەرەوەی خێزان.

بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا ئاماژە دەدەین بەتوێژینەوەیەکی زانستی کە ئەنجاممان داوە دەبارەی (کێشەکانی ئەو خێزانانەی منداڵی کەمئەندامی عەقلیان) هەیە، کە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەپەیمانگەی ئاوات بۆ پەروەردەی هزری لەشاری سلێمانی ئەنجامدراوە (غفور، ٢٠١٨: ل٥٣٨- ٥٧٦) .

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین بوون لە:

١- زانینی ئەو کێشانەی کە دووچاری ئەو خێزانانە دەبنەوە کە منداڵی کەمئەندامی عەقڵیان هەیە.

٢- زانینی دەلالەتی جیاوازی ئاماری ئەو کێشانەی دووچاری ئەم خێزانانە دەبنەوە کە منداڵی کەمئەندامی عەقڵیان هەیە.

٣- زانینی ئەو کێشانەی پەیوەستن بە فشارە دەروونیەکانی دایکان و باوکان.

٤- زانینی ئەو کێشانەی پەیوەستە بە ئەدای ڕۆڵ و ئەرکەکانی دایکان و باوکان لە خێزاندا.

٥- زانینی ئەو کێشانەی پەیوەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان.

لەئەنجامەکان ئەم توێژینەوەیە دەرکەوت کەئەو خێزانانەی منداڵی کەمئەندامی عەقلیان هەیە دووچاری کێشە و ئاستەنگ دەبنەوە بەهۆی کەمئەندامبوونی منداڵەکانیان، کەبەرجەستە دەبێت لە هەستکردنی دایکان و باوکان بەشڵەژان و دڵەڕاوکێ بەهۆی ڕەفتاری منداڵەکانیان. هاوکات دایکان و باوکان هەست بە بەزەیی و خەموخەفت دەکەن بەهۆی بوونی منداڵی کەمئەندام لە خێزاندا. هاوکات لەدەرئەنجامەکاندا دەرکەوت کە بوونی منداڵی کەمئەندامی عەقڵی لە خێزانەکاندا کاریگەریی نێگەتیف لەسەر ئەدای ڕۆڵ و ئەرکەکانی دایکان و باوکان لە خێزاندا هەیە. هەروەها بۆمان دەرکەوت منداڵی کەمئەندامی عەقڵی کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا هەیە.

هەروەها لەئەنجامەکان دەرکەوت، کە دایکان زیاتر لەباوکان دووچاری کێشە دەبنەوە بەهۆی ئەوەی دایکان زیاتر بەرپرسیارێتی ئەرکی چاودێریکردنی منداڵە کەمئەندامەکەی لەئەستۆ دەگرن کە پێویستی بە چاودێریکردنی تایبەت هەیە. هەروەها دەرکەوت کە دایکان و باوکان بەهەموو تەمەنە جیاوازەکان دووچاری کێشە دەبنەوە بەهۆی منداڵە کەمئەندامەکەیانەوە. هەروەها دەرکەوت کە دایکان وباوکان لەهەر ئاستێکی خوێندندا بن دووچاری کێشە دەبنەوە بەهۆی تێنەگەیشتن لە منداڵە کەمئەندامەکەیان چونکە ئەم منداڵانە پێویستیان بە چاودێریکردنی تایبەتە بەهۆی قورسی کەمئەندامیەکەیان.

لێرەوە ئەتوانین بڵێین، کە خێزانەکان هەست بە شکست و دڵەڕاوکێ و ترس و خەمۆکی دەکەن لەدەرئەنجامی قورسی کەمئەندامی منداڵەکانیان و تێنەگەیشتن لە پێداویستییەکانی منداڵی کەمئەندامی عەقڵی. بۆیە هەستی کەم تەرخەمی دروست دەبێت لەلایەن دایکان و باوکان، کە نازانن چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ منداڵەکانیان.

ئەتوانین بڵێین ڕۆڵی خێزانەکان جیاوازە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و ئاستەنگەکان، بۆیە پێویستە یارمەتی خێزانەکان بدرێت بۆ تێگەیشتن لە سروشت و کاریگەری کەمئەندامی بەمەبەستی چارەسەکردنی کاریگەرییەکانی کەمئەندامبوون لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی ئەو خێزانانەی منداڵی کەمئەندامی عەقلییان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن هەستن بەئەرکی بەرپرسیارێتی پێگەیاندنی منداڵەکانیان لەڕووی پەروەردەیی و تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە.

پرسیارەکان

پ١/ئایا پەیمانگەکانی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان لە ئاست پێویستدایە؟

پ٢/کێشەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان چین و چۆن چارەسەر دەکرێت؟

پ٣/خێزانی کوردی چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات؟

سەرچاوەکان:

أبو اليزيد، مصطفى، (٢٠١٢) فن التعامل مع ذوى الاحتياجات الخاصة، الطبعة الاولى، دار القيروان للنشر والتوزيع، القاهرة.

رشوان، عبدالمنصف حسن،(٢٠٠٦)، ممارسة الخدمة الاجتماعية مع الفئات الخاصة ذوي الاحتياجات الخاصة والموهوبين، المكتب الجامعي الحديث ، الاسكندرية.

رشوان، حسين عبدالحميد احمد، (٢٠٠٩)، الاعاقة والمعوقين، دراسة في علم اجتماع الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.

سالم ، سماح، وصالح ، نجلاء، (٢٠١٠)، اساسيات العمل في الخدمة الاجتماعية، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، اربد، الاردن.

عثمان، عبدالرحمن صوفي، وعرفان، محمود محمود، (٢٠١٤)، المدخل الى الخدمة الاجتماعية، الأسس النظرية ومجالات الممارسة، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجامعي، بيروت.
عبيد، ماجده بهاء الدين السيد، وجودت، حزامة،(٢٠٠٩)، وقفة مع الخدمة الاجتماعية، الطبعة الاولى، دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع، عمان.
غفور، ڕزگار مصطفى، (٢٠١٦)، دمج ذوي الاحتياجات الخاصة فى المدارس الاساسية من وجهة نظر المعلمين، (دراسة ميدانية فى مدارس مدينة السيمانية)، مجلة الاداب، العدد (١١٥) تصدرها كلية الاداب، جامعه بغداد.
غفور، ڕزگار مصطفى، (٢٠١٨)، مشكلات أسر الاطفال ذوي الاعاقة العقلية (دراسة ميدانية في معهد آوات للتربية الفكرية في مدينة السليمانية)، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، العدد(٧٥)، الجزء الثاني، تصدرها كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعه ديالى.
منقريوس، نصيف فهمى، (٢٠٠٩)، أطفالنا في خطر (أطفال بلا مأوى ، عمالة الأطفال ، الأطفال المعاقون)، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.

٤-٥ کۆچ و خۆگونجاندن لە کاری کۆمەڵایەتیدا

کوردستان عمر محمد

پوختە

لەبەرئەوەی دیاردەی کۆچکردن یەکێکە لەدیاردە بەرچاوەکانی نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و پەیوەندی بەزۆر لایەنی ژیانەوە هەیەلە هەردوو کۆمەڵگەی کۆچلێکراو و کۆچبۆکراو، هەروەها کاریگەری زیاتر و راستەوخۆی لەسەر خودی کۆچبەر خۆیەتی، بۆیە بە پێویستمان زانی لەم پەیپەرەدا دیاردەی کۆچکردن و خۆگونجاندن بەتەواوی ڕەهەندو جۆرو لایەنەکانیەوە بخەینەڕوو.

زاراوە سەرەکییەکان: کۆچ ، کۆچبەر ، خۆگونجاندن.

١-پێشەکی

دیاردەی کۆچکردن یەکێکە لەو دیاردانەی کە کەم تا زۆر لە مێژوویەکی دوور تا نزیکدا کۆمەڵ و کۆمەڵگەکانی سەرڕووی زەمینی گرتۆتەوەو، دەگمەنە بتوانین کۆمەڵگەیەک لەسەر زەوی بدۆزینەوە کەبەشدار نەبێت لەم دیاردەیەداو. ئەتوانین بڵێین کە لەگەڵ دروستبوونی ژیان و بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا دۆخی گۆڕین و هەوڵدانی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ژینگەیەکی باشتر هاتۆتە ئاراوە. هەربۆیە لەمێژە بیریاران و سەرقاڵانی بواری توێژینەوە لەدیاردە مرۆڤایەتییەکان بە ئاڕاستەی جیاوازو بۆچوونی جیاواز لە دیاردەکەیان کۆڵیوەتەوەو خستوویانەتە بەر لێکدانەوەی پێنووسەکانیان بەڕوانگەی جۆراوجۆر. بەڵام لەبەرئەوەی کە دیاردەکە راستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە چەندە باسی لێبکرێت و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی

بدرێت هێشتا بەکەم ئەژمار دەکرێت. لەلایەکی تریشەوە ئەوەی جێگەی سەرنج و باسکردنە دۆخی دوای کۆچکردن و بەسەربردنی ژیانی دوای کۆچکردنە بۆ کۆچبەران، چونکە خۆی لەخۆیدا ئەم دۆخەش کێشەو بابەتێکی تر دێنێتە ئاراوە بەهۆی جیاوازی کلتوری نێوان کۆمەڵگەکانەوە هەم لەڕووی زمان و دابونەرِیت و یاساو رِێساکان و شێوازی ژیانەوە هەردوو کۆمەڵگەی کۆچلێکردو و کۆچبۆکردوو جیاوازن لەیەکتر ئەم دۆخەش ئەگەری دروستکردنی کێشە بۆ هەردوو کۆمەڵگەو بۆ کەسی کۆچکردوو دەخوڵقێنێت.

٢-کۆچ

مەبەست لەم چەمکە ڕۆشتنی دانیشتووانە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەپێناو گۆڕینی ناوچەی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان. لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو ئەم کۆچە لەچوارچێوەی سنووری وڵاتدا ڕوویدا ئەوا پێی دەوترێت کۆچی ناوخۆ، بەڵام ئەگەر گواستنەوەکە بەتێپەڕاندنی سنووری ڕامیاری وڵات بوو لەم کاتەدا پێی دەوترێت کۆچی دەرەکی یان کۆچی نێودەوڵەتی (الخفاف، ١٩٩٩: ل١٩٦). ئەم پرۆسەیە وادەکات کەتاکەکان لەناوەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکەیانەوە بچنە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی جیاواز (حمیدان والحبیس، ٢٠٠١: ل٢٧٠).

دونالد بۆج، وەک توێژەرێکی دیاری بواری دانیشتووان و سەرقاڵ بۆ بابەتی کۆچ، پێی وایە کە چەمکی کۆچکردن بۆ گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتووان بەکاردێت و لەهەمانکاتدا پرۆسەکە دووبارەکردنەوەی خۆگونجاندن و تێکەڵبوونی کۆچبەران لەگەڵ بوارە جیاوازەکانی ژیان لەکۆمەڵگەی نوێدا لەخۆدەگرێت (الحدیثی، ١٩٨٨: ل٤٢٢).

بەم پێیەش کۆچکردن سەرەڕای ئەوەی کە بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونە لەچوارچێوەی شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لەهەمانکاتیشدا ئەم کۆچە هەموو ئەو بەهاو دابونەرِیت و شێوازی ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەش دەگرێتەوە کەڕەنگە نزیکبێت یان دووربێت لەو خەسڵەت و سیفەتانەی

کەکۆچبەر هەڵگری بووە لەو وڵاتەوەی کۆچی لێوەی کردووە بۆ ئەو وڵاتەی کە کۆچی بۆ کردووە. هەر لەسەر بنەمای ئەو دووری و نزیکیەیە ئاستی ئامادەباشی کۆچبەر بۆ خۆگونجاندن و وەرگرتنی گۆڕانەکان و دیاردەکانی ژینگە نوێیەکەو گوزارشتکردن لێیان بە ڕەفتارو هەڵسوکەوت دیاریدەکرێن (حمزە، ١٩٨١: ل٤).

٢-١ کۆچبەر:

کۆمەڵە کەسانێکن کەپاش ئەوەی سنووری شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێدەهێڵن و دووردەکەونەوەو دادەبڕێن، بەقۆناغێکی گراندا تێپەڕدەبن کەوایان لێدەکات زۆرکات لەکۆمەڵگە نوێیەکەدا هەست بەگۆشەگیری بکەن. بەڵام لەدوای تێپەڕبوونی کات، هەنگاو بەهەنگاو پڕۆسەی تێکەڵبوون لەگەڵ کلتووری ئەو شوێنە نوێیەدا دەستپێدەکات، لەئەنجامیشدا پەیوەندییان تاڕادەیەک تووشی لەقبوون و کاڵبوونەوە دەبێت بە وڵاتە بنچینەیەکەیانەوە (حیدر، ١٩٨٨: ل٢١٠).

بیرمەند (ولیام بیترسن) پێی وایە کە کۆچبەر ئەو کەسانەن کەوڵاتی خۆیان جێدەهێڵن و دەچنە وڵاتێکی ترەوە بەمەبەستی مانەوەی هەتاهەتایی لەکاتێکدا ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سنووری وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن پێیان ناوترێت کۆچبەر بەڵکو بە گەشتیار ناودەبرێن (زکریا، ١٩٩٩: ل٤٩).

٢-٢ کولتوور وەرگرتن:

کولتور وەرگرتن بەو پڕۆسەیە دەوترێت کەتیایدا تاک و کۆمەڵ دەتوانن لەڕێگەی پەیوەندی و کارلێککردنەوە سیفەتە ژیارییەکانی کۆمەڵێکی تر یان کۆمەڵگەیەکی تر وەرگرن. سەبارەت بەتاک ئەم پڕۆسەیە پڕۆسەیەکی فێرکردنە بۆی کە هاوشێوەی پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەو تیایدا زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. بۆ کۆمەڵگەش پڕۆسەکە بریتیە لە بڵاوکردنەوەی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەیەکی ترداو هاوشان بە پڕۆسەی ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان هەردوو کۆمەڵگەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێوەرو بەها

کۆمەڵایەتییانەی کە دێنە ناو کۆمەڵگەوە لەنێوان بەها کۆن و ڕەسەنەکان و بەها تازەکاندا توشی پێکدادان و ململانێی ژیاری دەبن (دینکن میشل، ت: الحسن، ١٩٨٠: ل١٤).

ئەم زاراوەیە لەساڵی (١٨٨٠) بۆ یەکەمجار لەلایەن زانایانی ئەمریکی بواری ئەنترۆپۆلۆجییەوە بەکارهاتووە. هەر زانستی ئەنترۆپۆلۆجی بوو کە لەساڵی (١٩٣٠)دا یەکەم توێژینەوەی زانستی خۆی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامداوەو یەکەم پێناسەی کلاسیکی بۆ زاراوەکە لەساڵی (١٩٣٦)دا لەلایەن (هرسکرڤیتس) هاوشان لەگەڵ (رالف لنتون) و (روبرت رادفیلد) داڕێژراوە. ئەم بیریارانە پێناسەی پڕۆسەکە دەکەن بەوەی مانای ئەو گۆڕانانەیە کە لەدیاردەکاندا ڕوودەدات لەکاتی بەیەکگەیشتن و بەریەککەوتنی دوو کولتووری جیاواز لەیەکتر کە هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک سیفەتی کولتووری جیاوازە لەویترو لەئەنجامی پەیوەندیکردنی ڕاستەخۆ بەیەکەوە، ئەو گۆڕانانە لای هەردوو کۆمەڵە کولتوورییەکە دروست دەبن (فهیم، ١٩٨٦: ل١٩٨-١٩٩).

٣-فاکتەرەکانی کۆچکردن

لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی ئارەزووی جێگیربوون دەکات لەو شوێنەی کەتیایدا پەروەردەبووەو گەشەی کردووە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو پێداویستییەکانی ژیانی لەوژینگەیەدا ئامادەبوو. بەڵام ئەگەر دۆخەکە هەماهەنگ نەبوو لەگەڵیدا، دواجار ناچاردەبێت کە کۆمەڵگەکەی بەجێبهێڵێت بەمەبەستی گەڕان بەدوای شوێنێکی تردا کە پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات. هەرچەندە بڕیاردانی کۆچکردن لەشوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی تر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت (الخفاف و الریحانی، ١٩٨٦: ل٢٨٢).

لەئێستادا ئەو کۆچە بێشوومارەی کە لەزۆرینەی وڵاتانی دونیادا ڕوودەدات بەبەردەوامی وای لە توێژەرانی ئەم بوارە کردووە کەڕۆژگاری ئەمرۆ ناوببەن بە (چەرخی کۆچکردن) (غدنز، ت: الصباغ: ل٢٣٢).

بەڵام ئەم زیادکردنە لەڕادەبەدەرە زۆرکات مانای کۆچکردنی بێ بەرنامە

دەگەیەنێت کە کاریگەری هەیە لەسەر دروستکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی نەگونجاو. لەهەمانکاتدا جوڵەی زۆر خێراو ناجێگیرو بەرزونزم نەخشەکێشان بۆی کارێکی گران و زەحمەتە (حمیدان و الحبیس، ٢٠٠١: ل٢٦٩). بیریاران و توێژەرانی سەرقاڵ لەبواری کۆچکردندا ئاماژە بەوە دەدەن کە کۆچکردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی ئاڵۆزە، بەمەش هۆکارو فاکتەری زۆر بەشداردەبن لەدروستبوونیدا، چەند دەرئەنجامێکی گشتگیری لێوە چاوەڕوان دەکرێت کە دیارترینیان بریتین لە:

١- لەکۆچکردندا تاکەکان هەوڵدەدەن دووبارە خۆیان بۆ گونجاندنەوەیەکی نوێ ئامادەبکەن لەگەڵ ڕێکخراوە ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا.

٢- زۆرجار کۆچکردن تێکدانێک دروستدەکات لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی ڕەگەز و تەمەن. ئەم تێکدانە کاریگەری هەیە بۆ کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان لەلایەک و فرسەتی دروستکردنی خێزان لەلایەکی ترەوە، بەتایبەت ئەگەر ڕێژەی کۆچکردنەکە لە ئاستێکی بەرزدا بێت.

٣- کۆچکردن دۆخی دابڕان دروستدەکات لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا (الهلالی، ١٩٥٨: ل٤٠).

٤- سەرەڕای ئەو خاڵە نێگەتیڤانەی کە لەسەر ئەم دیاردەیە خرانەڕوو، بەڵام هەندێکجار کۆچکردن ڕێگەیەکە بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگی لەنێوان دانیشتووان و سەرچاوە سروشتییەکاندا و چارەسەرێکە بۆ کێشەی زیادبوونی لەڕادەبەدەری دانیشتووان، لەهەمانکاتیشدا چارەسەرێکی شیاو و لەباریشە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی کەپێویستی بە کۆچبەرەو کێشەی کەمی هێزی کاریان هەیە (حسین، ١٩٩٦: ل٢٠٦).

١-٣ فاکتەرە پاڵنەرو ڕاکێشەرەکانی کۆچکردن:

کاتێک دەمانەوێت بێینەسەر باسکردنی فاکتەرە پاڵنەرو ڕاکێشەرەکانی تایبەت بە دیاردەی کۆچکردن، ئەوەی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەوە هەیەو بەپێویستی دەزانین بیخەینەڕوو تیۆری زانای بەناوبانگی کۆچکردن (ئیڤرت.س.لی)یە، کەلە تیۆرەکەیدا چوار ئاست جیادەکاتەوە بەمەبەستی ڕاڤەکردنی فاکتەرەکانی کۆچکردن. ئەوانیش:

١- فاکتەرەکانی تایبەت بە ناوچەی کۆچلێکردن.
٢- فاکتەرەکانی تایبەت بە ناوچەی کۆچبۆکردن.
٣- فاکتەری بەشدار لەنێوان هەردوو ناوچەکەدا.
٤- فاکتەرە کەسی و تایبەتەکان.

(لی) پێیوایە کە لەهەر ناوچەیەکدا کۆمەڵێک فاکتەر هەیە وا لە دانیشتوانەکەی بکات تیایدا بمێننەوەو، لەهەمانکاتیشدا خەڵکانێک لەدەرەوەی سنوورەکەی بۆ ڕابکێشن، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەریش هەن کەپاڵ بە ژمارەیەک لەدانیشتوانەوە دەنێن بۆ دەرەوەی ئەو ناوچەیە، بەم جۆرەش فاکتەرە ڕاکێشەرەکان بە (+) دادەنرێن و، فاکتەرە پاڵنەرەکانیش بە (-) دادەنرێن بەڵام کۆمەڵە هۆکارێکیش هەن کەبە (٠) دادەنرێن. ئەمەش بۆ خودی ئەو دانیشتوانانەن کە نە بە فاکتەرە پاڵنەرەکان و نە بە فاکتەرە ڕاکێشەرەکان کاریان تێناکرێت (أبوعیانە، ٢٠٠٠: ل٢٩٧).

هەرچەندە زانینی ئەو هۆکارانەی کە کاردەکەنە سەر جوڵەی دانیشتوان ئاسان نیە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هۆکاری کۆچکردن لەزۆرینەی توێژینەوەکاندا ئەگەرێتەوە بۆ بارودۆخی ژیانی کۆچبەرەکان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چەندین لایەنی ترەوە. لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەو هۆکارە زۆرانەی کە دیاردەی کۆچیان بۆ دەگەڕێتەوە هەندێکیان گرنگیان زیاترە لەوانیترو. جوڵەی دانیشتوان زۆرکات تەنها فاکتەرەکەی یەک هۆکار نیە، بەڵکو هۆکارەکان بەجیاوازی بارودۆخەکان جیاوازن. بەڵام ئەوەی زاڵە بەسەر پڕۆسەکەدا فاکتەرە پاڵنەرەکان و لەبەرامبەریشدا فاکتەرە ڕاکێشەرەکانە، چونکە ئەشێ لەبەر قورسایی بارودۆخی ژیان کۆچبەر وڵاتی خۆی بەجێبهێڵێت لەهەمان کاتدا بارودۆخی ژیانێکی باشتری شوێنێکی تر کاری تێدەکات و ڕایدەکێشێت. هەر لەبەرئەوەشە باشترواية کەلەکاتی هەوڵداندا بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکە، لەبەر ڕۆشنایی فاکتەرە پاڵنەرو لەبەرامبەریشدا فاکتەرە ڕاکێشەرەکاندا هەنگاو بنرێت (عزیز و السعود، ١٩٨٤: ل٢٤٧).

بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین لێرەدا چەند فاکتەرێکی پاڵنەرو ڕاکێشەر بخەینەڕوو کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر پڕۆسەی کۆچکردن لە جیهاندا هەیە:

٢-٣ فاکتەری ئابووری:

لایەنی ئابووری یان ئەوەی کەپێی دەوترێت ئاستی هیوا ئابووریەکان دیارترین هۆکارە بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی پاڵنەرو لەهەمانکاتیشدا ڕاکێشەر بۆ دیاردەی کۆچکردن. ئەوەی کە پەیوەستە پێیەوە بوونی فرسەتی باش بۆ کارکردن لە کۆمەڵگەی پێشوازی کاردا، یان گەڕان بەدوای سەرکەوتنی ئابووریداو پێکەوەنانی سەروەت و سامان. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار کۆمەڵگەی پێشوازیکار بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەکردنەوە هاندەرە بۆ دیاردەکە (رشوان، ٢٠٠٦: ل١٦٨).

زۆر لەبیریارانی بواری ئابووری لەنمونەیاندا (ڕۆسیل) تیشکدەخەنە سەر ئەوەی کە بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا لەئایندەدا یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکانی پاڵنان بۆ کۆچکردن بەرەو وڵاتانی پێشکەوتوو (البریفکانی وأخروون، ٢٠٠٣، ص٨٤).

٣-٣ فاکتەری ڕامیاری:

فاکتەری رامیاری وەک فاکتەرێکی پاڵنەر و لە هەمان کاتدا راکێشەری کۆچ ئەژمار دەکرێت ، ئەمەش لەوڵاتە دکتاتۆرەکاندا زیاتر بەدیدەکرێت کە فشارێکی ڕامیاری زۆر لەسەر تاکەکانە بەجۆرێک پاڵیان پێوەدەنێت بەرەو کۆچکردن بۆ هەر ناوچە و سنووڕێک بەمەبەستی ڕزگاربوونیان لەو توندوتیژییەی کە هەردەم بێ بەشیکردوون لە مافەکانیان و پێویستییە مرۆڤایەتییەکانیان (س. تومسون و لویس، ١٩٩٦، ت: البراوی: ل٧٤٤).

چونکە هەستکردنی دانیشتووان بەزوڵم و زۆرلێکردن بەهۆی جیاوازی بیروڕاو مەزهەبی ئاینی و نەتەوەییەوە پاڵیان پێوەدەنێت بڕیاری کۆچکردن و جێهێشتنی نیشتیمانیان بدەن، (البریفکانی وأخروون، ٢٠٠٣: ل٨٤).

بەڵگەش بۆ بوونی ئەم پاڵنەرە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو ماوە زۆرەیە کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک لە فەرمانڕەوای کردنی ڕژێمی دکتاتۆری لەوڵاتی ئێراق و کوردستانی باشووریش وەک بەشێک لەم وڵاتە هەمیشە گورزی زەبرزەنگ و توندوتیژی بەڕێژەیەکی زۆر بەرکەوتووە، نمونەی زیندووی ئەم دۆخە نالەبارە لەمێژوودا کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو لەناوبردنی زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کورد (توفیق، ٢٠٠٠: ل٣٧).

ئەمەش فاکتەڕێکی کاریگەربووە بۆ داخستنی دەرگای هیواکانی دواڕۆژو کردنەوەی وێستگەی ڕەشبینی بۆ ئایندە لەلای تاکی کورد لەم وڵاتەداو بەو شێوەیەی کەئەمڕۆ ڕۆژێکی درێژبێت و سبەینێش نادیارەو دووربێت لەوەی کە بە ئومێدێکی پڕشنگدارەوە دەستمان پێبگات.

جگە لە هەڵەبجە تاوانی ئەنفال و لەناوبردنی زیاتر لە (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتاودوو هەزار کوردو بێ سەروشوێن کردنیان لەساڵی (١٩٨٨) بەچەند هەنگاوێکی یەک لەدوای یەک (دزەیی، ٢٠٠١: ل٣٠). هەروەها سوتاندنی (٧٠٠) حەوت سەد گوندی کوردستان و گواستنەوەی دانیشتوانەکەی بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێ لەساڵی ١٩٨٧دا (دزەیی، ٢٠٠١: ل٧٢). ئەم نمونانە چەند وێنەیەکی کەمی کاری زەبروزەنگی ڕژێمی دکتاتۆر بوون بەرامبەر بەکورد کە پاڵنەربوون بۆ کۆچکردن و بیرکردنەوە لە تێپەڕاندنی سنووری نیشتمان. پاشانیش دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) دانیشتوانی کوردستانی باشوور هیوای کرانەوەی هەموو دەروازەکانی سەربەستی و ئازادیان لەبەردەمدا نەخشێنرابوو، بەجۆرێک خەونی نەوەکان هێدی هێدی زێڕینتر دەبوو بەرامبەر بە ئایندەی کوردستان. بەڵام دواترو لەساتێک لە ساتەکاندا شەڕێکی نادروستی چوار ساڵی بەناوی شەڕی ناوخۆوە لەشانۆگەرییەکی ترسناکدا خۆی نمایشکردو بووە هۆی لەدەستدانی زۆرێک لەخەونەکان و هەڵدانەوەی پەڕە ڕەشەکانی ڕابردوو بۆ جارێکی تر. ئەمەش گەورەترین شەپۆلی کۆچکردنی بەدوای خۆیدا هێنا. چونکە لەهەمانکاتدا فاکتەری ڕاکێشەر لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا کە ژینگەیەکی ئاشتی و ئازادی و دووربوو لەشەڕی ناوخۆ و ترس و دڵەڕاوکێ لە یارییە سیاسییەکان ئامادەبوو.

٤-٣ فاکتەری دەروونی و کۆمەڵایەتی:

مەرج نیە هەموو کات فاکتەری سەرەکی کۆچکردن بگەڕێتەوە بۆ ئارەزوو و مەیلی دەستکەوتنی مادیی باش یان دۆخی سیاسی و ڕامیاری گونجاو. بەڵکو هەندێکجار گەڕان بەدوای ئازادی تاکەکەسی و بیروباوەڕ بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەروەری تاکەکەسی هەموو ئەمانەش لەڕاستیدا بەرپرسبوون لەڕوودانی دیاردەی کۆچکردن بەدرێژایی مێژوو.

هەروەها لەبابەتی کۆچکردندا فاکتەری ئارەزو و مەیلی چاولێکەریش ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەبینێت بەجۆرێک تێبینیکراوە کە کۆچبەرانی هەرێمێکی دیاریکراو یەک ئەویتر هاندەدات بۆ کۆچکردن و کۆبوونەوەی دووەمی و کاتێکیش ئەم هەواڵانە ئەگاتەوە بە کەسوکارو هاوەڵانیان لە کۆمەڵگەی کۆچلێکردوو، پڕۆسەی جموجوڵی دانیشتووان زیاد دەکات (غارینە، ١٩٧٤، ت: الخیاط و عزیز: ل٢٧٥-٢٧٦).

٥-٣ فاکتەری گەندەڵی:

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی بەدەرنییە لەم دیاردەیەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەکوردستاندا ئەم دیاردەیە زیاترو زیاتر دزە دەکات بۆ ناو دامەزراوەکان، بەشێوەیەک کە بێزاری و تەنگ پێهەڵچنین لەلای زۆرێک لەئەندامانی دروستکردووە بەبەردەوامی. دۆخی بیرکردنەوەو گەڕان بەدوای لانەو ژینگەیەکی تر بۆ بەسەربردنی ئەوەی کەماوە لەژیاندا دێنێتە ئاراوە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە فاکتەرێکی تری پاڵنەر لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوونی ئەم دیاردە ئاڵۆزو فرە لایەنەیە کەبە گەندەڵی ناوزەد دەکرێت و لەبەرامبەریشدا بارودۆخی ژینگەی ئەوروپا وەک ئەوەی کە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردوویانە بە لانەی دووەمی خۆیان و کۆچیان بۆ کردووە، یان لە ئومێدی ئەوەدان کە کۆچی بۆ بکەن، کەبوونی ئەم دیاردەیە لەوێدا لەوپەڕی لاوازیدایە و مامەڵەی تاکەکان و ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان بەپێی یاسا دیاریکراوەو سەرەڕای پابەندبوونیان بەبنەماکانی مافی مرۆڤەوەو لانەدان لێی. بەمەش ئەوروپا لەمبارەدا ژینگەیەکی ڕاکێشەرەو جێی سەرنج و بایەخدان و بیرلێکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەیە کە هیواو خواستی کۆچکردن لایان دروستبووە.

دیاردەی گەندەڵی کۆمەڵێک خاڵیتر لەخۆدەگرێت کە هەموویان بەپاڵنەر دادەنرێن بۆ کۆمەڵگەی کۆچلێکردوو و بریتین لە:

١- میراتی کولتووری کۆن و دواکەوتوو گەشەنەکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵگە. ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی کوردی بەدەرنیە لەم خاڵە، چونکە بەدرێژایی مێژووی فەرمانڕەوای بەعس کە هەڵگری کولتووڕێکی دڕندەو

قێزەوەن و هاوشان کولتوورێک بووە لەوپەڕی گەندەڵیدا، بەردەوام کاری خۆی کردووەو بەرنامە داڕێژییەکی وایکردووە کە ئەم دیاردەی گەندەڵییە لەدوای نەمانی پەیڕەو پڕۆگرامەکانیشی پێویست بەکات و کارکردنێکی زۆر بکات بۆ چاککردنەوەی دۆخەکە.

٢- نەبوونی شەفافیەت لە یاسا و بڕیارەکاندا.

٣- سەربەخۆ نەبوونی دەزگای دادوەری بۆ سزادان و لێپرسینەوە لەتاوانی گەندەڵی.

٤- کۆنترۆڵنەکردنی بازاڕو کەرتە بازرگانییەکان.

٥- ئارانەبوونی ڕاگەیاندن و میدیای هۆشیارو چالاک.

٦- دانانی کەسی نەشیاو لەشوێنی شیاودا (رەبیعی، ٢٠٠٥ و: موراد‌ی: ل٥-٦).

٧- نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا

٨- بایەخدانی زیاد لەپێویست بەکەسانی کۆچبەر بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە سەردانی کوردستانیان دەکردەوە لەلایەن کاربەدەستانی میری و کۆمەڵگەوە. (نەقشبەندی، ٢٠٠٢: ل٢٦٨).

٦-٣ فاکتەری پڕۆسەی خوێندن و خولیای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز:

پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەکۆمەڵگە سەرەتایی و دواکەوتووەکاندا بەهۆکارێکی پاڵنەر دادەنرێت کە پاڵ بەتاکەکانەوە دەنێت بەرەو کۆچکردن بەپێی ئەوەی کە پڕۆسەی خوێندن لەم کۆمەڵگەیانەدا لایەنی نێگەتیڤی زۆری تێدایەو ئاستی شکستهێنان تیایدا لەپلەیەکی بەرزدایە. هەروەها نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان فێربوونی ئەکادیمی و فێربوونی پیشەییداو کەمی توانای پێگەیاندنی کادرو پسپۆڕان لە بوارە جیاوازەکاندا (الراوی، ١٩٩١: ل٣٩).

هەموو ئەمانەش وادەکەن کە کەسانی خوێندەوارو خاوەن مەیلی بەدەستهێنانی پلەی بەرزی خوێندن بیر لەتەواوکردنی خوێندن بکەنەوە لەوڵاتانی تردا بەمەبەستی وەرگرتنی پسپۆڕی ووردو ئەو ئەنجامەی کە لێیدەکەوێتەوە. ناسینی ژیانی نوێ و شێوازی مامەڵەکردنی نوێ ئەمەش وادەکات کە کۆچەکە زۆرجار ببێتە کۆچکردنێکی هەمیشەیی و نەگەڕانەوەی کۆچبەر لەدوای

تەواوکردنی خوێندنەکەی. لەکاتێکدا کۆچکردنی خاوەن بڕوانامە بەرزەکان ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگەی کۆچلێکردوو کە بەپێچەوانەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆچ بۆکردوو بەجۆرێک سوود لەتوانا ئەقڵییەکانی پسپۆڕان و خاوەن بڕوانامە بەرزەکان وەردەگرێت لەکاتێکدا کۆمەڵگەکەی خۆی بێبەش دەبێت لەتواناو بەهرەکانی (الفیل، ١٩٨٧: ل١٩٠).

بەڵام ڕۆژگاری ئەمڕۆی بەجیهانیبوون ڕەهەندێکی تر بەدیاردەکە دەبەخشێت بەجۆرێک کە دیاردەی کۆچکردن وا ڕاڤەدەکات لەشێوەی یەکەمیدا کە لە (دۆرکایم)ەوە هەنگاو دەنێت و زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەو جیاوازییە کولتووریانەی کە کۆچ لەکۆمەڵگەو وڵاتی کۆچ بۆکردووەکاندا دەیخاتەسەر شانۆ. لەم شێوەیەدا خاڵی یەکەم بریتیە لە پرسیاری تێکەڵبوون. بێگومان لەم پانتاییەدا پرسیارەکان زۆرتر لەسەر شێوازو مۆدێلەکانی تێکەڵبوونە، توێژەرانی ئەم پانتاییە لەگفتوگۆیەکی بەردەوامدان لەسەر چۆنیەتی کارکردنی کۆمەڵگەکان و چەندایەتی پلەو توانایان بۆ هەرسکردنی هەموو ئەو قەیران و گرفتانەی کەپەیوەندیان بە ڕەتکردنەوەی کۆچبەرانەوە هەیە. پرسیارەکەشیان لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە چۆن و بەچ ڕێگەیەک کۆمەڵگە دەتوانێت بەهاو ناسنامەی ناسیۆنالی خۆی فەرز بکات بەسەر تازەپێگەیشتووەکانداو لەنێو کۆمەڵگەدا بیانتوێنێتەوە، بەڵام شێوەی دووەم بەشێوازێکی ڕادیکالیانە خۆی لە شێوەی یەکەم جیادەکاتەوە. لەم پانتاییەدا توێژەران تیشک دەخەنە سەر ئەزموون و چیرۆکە خودییەکانی کەسی کۆچبەر. ئەم شێوەیە گرنگی دەدات بەدەرکەوتنە جیاوازەکان و ڕەهەندە جیهانییەکەی کۆچبەرەکانی گڵۆباڵیزاسیۆن و پێچانەوەی سنوورەکان. لێرەداو لەنێو ئەم مۆدێلەدا دوو قوتابخانەی فکری لەیەکتر جیادەبنەوە، قوتابخانەی یەکەم پێیوایە کە گەڕۆکی ڕاستییەکی بەهێزی ئەو مۆدێرنیتەیەیە کە بەدەستی خۆمان دروستمانکردووەو لکاوە بە گڵۆباڵیزاسیۆنەوە کە خۆمان بەرهەممان هێناوەو هەر ئەم دیاردەیەیە دواتر دەبێتە هۆکار بۆ بونیادنانی ناسنامەی جیهانی بێ سنوورو بێ وڵات و خۆی لەکۆت و زنجیرەکانی کۆمەڵگەی بەجێهێڵراو کۆمەڵگەی کۆچ بۆکردوو ڕزگار دەکات.

بەڵام قوتابخانەی دووەم پێیوایە کە نێونەتەوەیی ناسنامەی کۆچبەر تائێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەو کۆچبەرانیش هەرچەندە لەجاران گەڕۆکتربن بەڵام هێشتا لکاون بە کۆمەڵگە بەجێهێڵراوەکەیانەوە یان بە کۆمەڵگەی کۆچ بۆکردووەکانەوە یان بە هەردووکیانەوە (ڤیڤیۆرکا، و: باخەوان، ٢٠٠٧: ل١٣).

٤-پڕۆسەی خۆگونجاندن و پەیوەندی بە ژیانی کۆچبەرانەوە

بەپێی ئەوەی کە پڕۆسەی خۆگونجاندن پڕۆسەیەکی گەورەو گرنگەو لەهەموو کات و شوێنێکدا پێویست بەوە دەکات کە تاک تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ لەپێناو خۆگونجاندنی شیاودا، بەتایبەت بۆ ئەو تاکانەی کە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەگۆڕن. مەبەست لێرەدا زیاتر تیشک خستنە سەر گرنگی و ڕۆڵی ئەم پڕۆسەیەیە بۆ خودی ئەو تاکانە، تاوەکو دووربن لە کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی لەبار بۆ خۆیان لەژینگەی نوێدا دابین بکەن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا بگونجێنن.

لەباسکردنی پڕۆسەی خۆگونجاندندا کۆمەڵێک لە زانایان و پسپۆڕان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ژیان لەبنەڕەتدا بریتیە لە پڕۆسەیەکی خۆگونجاندنی هەنگاو بەهەنگاو هەر لەساتی یەکەمی هاتنە ناو ژیانەوە تاوەکو ڕازیبوون و چۆکدادان بۆ قۆناغی پیری ودواتریش بەرەو لاوازبوون و مردن تاکۆتایی هاتنی ژیان بەردەوام دەبێت و ئەم پڕۆسەی خۆگونجاندنەش بەردەوام پێویستی بەبوونی زانیاری و شارەزایی کەڵەکەبوو هەیە بۆ تێگەیشتن لەدەوروبەرو هەستکردن بەو گۆڕانانەی کە پەیوەندیدارن بەو ژینگەیەی تاکی تێدا دەژی، هاوشان لەگەڵ بوونی زانیارییەکان پڕۆسەکە پێویستی بە ئامادەباشی دەروونی و کەسێتی نەرم و نیان دەکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی خۆگونجاندنێکی شیاو بەکەمترین ڕێژە لەزیان و هەڵەکردن تیایدا (العبیدی، ٢٠٠٦، المصدرالالکترووونی).

لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ئاماژە بدەین بەپڕۆسەی خۆگونجاندنی کۆچبەران لەگەڵ بارودۆخی ژیانی نوێیاندا. چونکە ئەم پڕۆسەیە یەکێکە لەو

بابەتە گرنگانەی کە هەموو کۆچبەرانی دونیا دووچاری دەبنەوەو هەندێکجاریش کۆچبەر توشی شکستهێنان دەبێت لەبەرەنگاربوونەوەی بەها نوێیەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە کۆچی بۆکردووە، یان لەکاتی کارلێکردنیدا لەگەڵ ئەو گۆڕانە گەورانەی کەوا لەهەندێک لەتاکەکان دەکات ڕێگەی نەگونجاو هەڵبژێرن یان هەندێکجار دەگاتە ئەو پلەیەی کە تاک بخاتە ژێر بارودۆخی دەروونی ئاڵۆزەوەو تاڕادەی ئەوەی بگاتە توشبوون بە نەخۆشییە جەستەییەکان.

بەڵگەی ئەم باسە ئەوەیە کەلە چەندین توێژینەوەی ئاماریدا کە لەسەر کۆچبەران لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا کراوە لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی نەخۆشییە دەروونیەکان لە گروپی کۆچبەراندا چەندجار زیاترە بەبەراورد بەدانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەی کۆچلێکردوو. بەڵام ئەم جیاوازییە پاش ماوەیەک و لەدوای نەوەی یەکەمی کۆچکردووەکانەوە بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات تا دەگاتە دۆخی یەکسانبوون. هەروەها توێژینەوەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە تاوەکو تەمەنی تاکی کۆچبەر زیاتر بێت چانسی لەبەردەم خۆگونجاندن لەو ژینگە نوێیەدا کەمتر دەبێت و ئەگەری گۆشەگیربوون و تێکچوونی دەروونی زیاتر دەبێت (کمال، ١٩٨٣: ل٤٢).

ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تاک لەژینگەی نوێیداو بەتایبەت لەسەرەتای کۆچکردنیەوە هەست بەبوونی بۆشاییەکی دەروونـــی و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و دووری لەکەسوکارو قبوڵنەکراوی و دابڕان دەکات (علی، المصدرالالکترووونی).

٥- کاریگەری ژینگە لەسەر پرۆسەی خۆگونجاندن

خۆگونجاندن هەرچەندە پرۆسەیەکی گەورەو بەرفراوانە، بەڵام ئەگەر لەڕووی ئامانجە کەسییەکانەوە لێی بڕوانین، گۆڕانی ڕەفتار دەگرێتەوە، تاوەکو پەیوەندییەکی گونجاو لەنێوان تاک و ژینگەکەیدا دروستبکات. کەواتە ئەتوانین بڵێین کە خۆگونجاندن هەوڵی دروستکردن و پێکهێنانی پەیوەندی گونجاو پەسەندکراو دەدات لەنێوان کەسەکان و ژینگەکاندا. لێرەدا دەردەکەوێت کەلەباسکردنی پرۆسەی خۆگونجاندندا ناتوانین باس لە ژینگەو جۆرەکانی

نەکەین، چونکە ژینگە ئەو کاریگەری و هێزانەی دەرەوەی مرۆڤە کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەبەدەستهێنانی جێگیری دەروونی و جەستەیی لەژیانیدا (فهمی، ١٩٧١: ل١٤٢).

ژینگە چەند جۆرو لایەنێکی هەیەو بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەری ژینگە لەسەر پرۆسەی خۆگونجاندن پێویستە ئاماژەیەکی کورتیان پێبدەین:

١-ژینگەی سروشتی (جوگرافیی):

بریتییە لە جیهانی دەرەکی و ئەو چـواردەورەی کە کاریگەری خۆی ئاڕاستەی چالاکی و پێکهاتەی کەسێتی تاک دەکات (منصور وأخروون، ١٩٧٨: ل٩٥).

٢-ژینگەی کۆمەڵایەتی:

پێکدێت لەو کۆمەڵگەیەی کە تاکی تێدا پەروەردە دەبێت لەگەڵ ئەوانیترداو لەچوارچێوەی دابونەرِیت و یاسادا کە پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخرێت و پـەروەردەیـەکـی کۆمەڵایەتی وایـان دەدات لـەچـوارچـێوەی کولتووڕێکی دیاریکراوی ناو ئەو کۆمەڵگەو جیاواز لە تاکی کۆمەڵگەیەکی تری کە هەڵگری کولتووڕێکی جیاوازن کەتیایدا تاک بەشدارە لەزۆرێک لەبیروبۆچوون و ئەو سیما گشتیانەدا کەلە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە (روشیە، ت: دندشلی، ١٩٨٣: ل١٦٧-١٦٨).

٣-ژینگەی دەروونی:

ئەو بارودۆخە دەروونیەیە کەلەناخی تاکدایەو کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتەو بونیادنانی کەسێتییەکەی. ئەمەش لەخێزان و دواتر قوتابخانەو پاشان کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت، کەبەشێوەیەکی گشتی فەرزی بارودۆخێک دەکات بەسەریدا کە گونجاوبێت لەگەڵیدا یان نەگونجاو بێت و ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی دەروونی تاک و کاردانەوەی دەبێت بەشێوەیەکی بەهێز لەسەر ژیانی تاکەکان لەلایەنی دەروونیەوە (منصور واخروون، ١٩٧٨: ل٩٦).

١-٥ شێوازەکانی خۆگونجاندن:

مـرۆڤ زۆرجـار خۆی دەبینێتەوە لەبارودۆخێکدا یان لەژینگەیەکدا کە زۆرینەی پێداویستییەکانی تێر ناکات بەڵکو ئەو بـارودۆخ و ژینگەیە ئەشێ

سەرچاوەی ئاستەنگەکان بێت لەبەردەم تێرکردنی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکاندا. نمونەی ئەم بارودۆخ و ژینگەیە فەرزی دەکات بەسەر تاکدا کە هەوڵدانی بەردەوامی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی قورساییەکانی ژیان بەمەبەستی چارەسەرکردنی. ئەمەش بەوێنەیەک لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئاسایی مرۆڤ دادەنرێت بەمەبەستی گەیشتن بەئاستێک لە گونجاندن و ڕاهاتن. خۆگونجاندنیش چەند شێوازێکی جیاوازی هەیە کە تاک پێویستە لەگەڵ هەر شێوازێکدا لەو شێوازانە هەماهەنگ و کۆک بێت و هەوڵی خۆگونجاندن بدات لەگەڵیدا تاکو سەرئەنجام دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی هاوسەنگ بۆ خودی خۆیی و بۆ ئەو کۆمەڵگەیەش کەتیایدا دەژی مسۆگەر بکات (الهابط، ١٩٨٥: ل٢٩).

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژەیەکی کورت بدەین بەشێوازە جیاوازەکانی خۆگونجاندن و ،ئامانجەکانیان:

٢-٥ خۆگونجاندنی دەروونی:

ئامانجی ئەم جۆرە لە خۆگونجاندن نەهێشتن و کەمکردنەوەی دوودڵی و هەستکردن بەبێزاری و ململانێی ناوخۆییە زیاد لەپێویستەکانە کە تاکەکەس هەندێکجار پێوەی دەناڵێنێت (الشیبانی، ١٩٧٣: ل٢٥٩).

کەسی کۆچبەر زۆرکات و بەتایبەت لەسەرەتای کۆچکردنیدا توشی بێزاری و ململانێ ناوخۆییەکانی ناخی خۆی دەبێتەوە. بۆیە بەپێویست دەزانرێت کەلێرەدا ئاماژەیەکی کورت بدەین بە بوارەکانی خۆگونجاندنی دەروونی، چونکە ئەم بوارانەی خۆگونجاندنە بارودۆخەکە تاڕادەیەک لای کۆچبەران یەکلایی دەکاتەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

١-خۆگونجاندنی خودی (کەسی):

مەبەست لەم جۆرە توانای مرۆڤە بۆ گونجاندن و دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان پاڵنەرەکان و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیە دژبەیەکەکاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەتاڵکردنەوەی ململانێ ناوەکییەکان و ڕازیبوونێکی بەکۆمەڵی لێی. سەرکەوتنی خۆگونجاندن دەوەستێتە سەر ئاستی گونجاندنی تاک لەگەڵ خودی خۆیدا هەروەها زۆرێک لە زانایانی بواری دروستی دەروونی دووپاتی

ئەوە دەکەنەوە کە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی هەڵقوڵاوی ناخی تاکەکانە لەسەرەتاوە پاشان کاردانەوەی دەبێت لەسەر ژینگەی دەرەکیان لەهەمان کاتیشدا کاریگەری ژینگەی دەرەکی باش لەسەر ئاسوودەیی و باشی ژینگەی ناوەکی ڕەت ناکەنەوە (الشیبانی، ١٩٧٣: ل٣٠ -٣٤).

٢-خۆگونجاندنی بایلۆجی:

ئەم جۆرەی خۆگونجاندن ئەنجامی گۆڕانێکی میکانیکیە بەسەر جەستەی مرۆڤدا کە هیچ دەستێکی مرۆڤ خۆی تێدانیە (الهابط، ١٩٨٥: ل٣٤) .

٣-خۆگونجاندنی هەڵچوونی:

ئەم جۆرە لەخۆگونجاندن تایبەتە بەهەست و سۆزو لایەنی هەڵچوونی کەسی کۆچبەر، چونکە کەسی کۆچبەر بەتایبەتی لەسەرەتای کۆچکردنیدا بارودۆخی هەڵچوونی بەهۆی ئەوەی کە سەراپای پێکهاتەو بنەماکان جیاوازن لەژیانی نوێیدا ڕەنگە ئاسایی نەبێت، بۆیە دوورنیە لایەنی هەڵچوونی و هەست و سۆزیشی بەرەو گۆڕان و دۆخی نائاسایی چووبێت.

(کاتل) پێی وایە کە کەسی ناهاوسەنگ لەڕووی هەڵچوونیەوە ئەوانەن کەبەئاسانی کاریان تێدەکرێت و زۆرینەی کات زیادەڕۆیی دەکەن لەهەڵچوون و هەست و سۆزەکانیاندا، کەبەپێچەوانەی کەسی هێمن و ئاساییەوەن، بەهاوسەنگی هەڵچوونی دەناسرێن و نیشانەکانی هەڵچوونی کتوپڕیان کەمتر تێدا دەردەکەوێت و هەروەها لەتوڕەبوون و ڕوانینی خەیاڵیش بۆ ژیان دوورن (أبوزید، ١٩٨٧: ل١٥٩).

٣-٥ خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی:

خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی وەک پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت کەلەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتنێکی دۆستانە لەنێوان تاکەکاندا کاردەکات و ئاسانکاری و دانبەخۆداگرتن کەتیایدا هەریەک ئامادەیە بەچاوپۆشیکردنی لەبەشێک لەبەرژەوەندییەکانی خۆی لەپێناو بەرژەوەندی و ئامانجی گشتیدا. ئەمەش هەروا ئاسان نیە، بەڵکو پێویستی بەکاری زۆر هەیە تاوەکو تاکەکان خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن ئەم بەخشینە بەمەبەستی لەیەکتر نزیکبوونەوە، تاوەکو ڕاو بیرو بۆچوونەکانیان تێکەڵ بەیەکتر بکەن. دکتۆر (حسن شحاتە سعفان)

ئاماژە دەدات بە دووجۆر لە خۆگونجاندن؛ کەیەکێکیان بە خۆگونجاندنێکی نێگەتیڤانە ناودەبات تیایدا ناوەند مەبەست ژینگەو دەوروبـەری مرۆڤەکانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پڕۆسەکەدا، جا ئەو ناوەندە ناوەندێکی سروشتی بێت یان کولتووری. بەڵام جۆری دووەمیان بە پۆزەتیڤ ناودەبات کەتیایدا تاک ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەگۆڕانی ناوەندەکەیداو پاشان ڕۆڵێکی سەرەکیش دەبینێت لە گونجاندنی لەگەڵ ژیانی ئەوانیتریشدا(عمر و العانی، ١٩٩١: ل٢٩٢-٢٩٣).

هەروەها خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی داوای جۆراوجۆرێتی دەکات لەڕەفتارو هەڵسوکەوتدا کە شیاوبێت لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکانداو ڕاستی بارودۆخەکە زاڵی دەکات و داوای گۆڕان و جێگیربوونیش دەکات لەپەیوەندییەکی دیاریکراودا. واتە هەموو جۆرەکانی خۆگونجاندن داوای هێزو توانایەکی نەرم و نیان دەکەن. بەمەش کەسی وەستاو نەگۆڕ ئەو کەسەیە کە پێکهاتەو لایەنی نەرم و نیانی لەکەسێیەتیاندا کەمەو گۆڕانیان گرانە. ئەم جۆرە کەسانە توانای قبوڵکردنی کاری بێزارکەرو دووبارەیان زۆرکەمە، یان توانایان زۆر دیاریکراوە لەدان بەخۆداگرتن بۆ بارودۆخە قورس و گرانەکان. بەڵام بەپێچەوانەوە خۆگونجاندن ئاسان دەبێت بۆ ئەوانەی کەخاوەنی کەسێتی نەرم و نیانن و ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانیان هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە، بەتایبەتیش لەو بارودۆخانەدا کەپێویست بەدانبەخۆداگرتن بکات (عبدلله، ٢٠٠٤: ل٤٠).

چالاکی خوێندکار

نوسینی پەیپەرێک لەسەر هەر بابەت یان دیاردەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی زانستی و بەبەکار هێنانی سەرچاوەی زانستی و بەستنەوەی بە گۆڕاوێکی ترەوە یان بابەتێکی ترەوەو بەهەمان شێوە بەبەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی.

سەرچاوەکان:

پەرتووکە عەرەبیەکان:

أبوزيد، إبراهيم أحمد. (١٩٨٧) سايكولوجية الذات والتوافق، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

أبوعيانه، فتحى محمد. (٢٠٠٠) جغرافية السكان، ط٥، دار النهظة للطباعة والنشر، بيروت.

الحديثى، طه حمادى. (١٩٨٨) جغرافيه السكان، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.

الخفاف، عبدعلى والريحانى، عبدالمخمور. (١٩٨٦) جغرافيه السكان، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.

الخفاف، عبدعلى. (١٩٩٩) جغرافية السكان، ط١، دارالفكر للطباعة والنشر، عمان.

الراوى، منصور. (١٩٩١) دراسات فى السكان والعمالة والهجرة فى الوطن العربى، دار الكتب، جامعة الموصل.

السيد حسين، عدنان. (١٩٩٦) الجغرافيا السياسية والاقتصادية والسكانية للعالم المعاصر، ط٢، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشرو التوزيع، بيروت.

الشيبانى، عمر محمد التومى. (١٩٧٣) الاسس النفسية والتربوية لرعاية الشباب، دارالثقافة للطباعة والنشر، بيروت.

الفيل، محمد رشيد. (١٩٨٧) التكامل الاجتماعى والسياسة الموحدة لدول الخليج العربى، مكتبة جامعة الكويت.

الهابط، محمد سيد. (١٩٨٥) التكيف والصحة النفسية، ط٢، مكتبة الجامعى الحديث، الاسكندرية.

الهلالى، عبدالرزق. (١٩٥٨) الهجرة من الريف الى المدينة فى العراق، ط١، مطبعة النجاح، بغداد.

حمزه، كريم محمد. (١٩٨١) الهجرة والجريمة، المركز القومى للبحوث الاجتماعية والجنائية، بغداد.

حميدان، على سالم و الحبيس، محمود. (٢٠٠١) جغرافية السكان، ط١، دار الصفاء، عمان.

حيدر، عبدالباقى عبدالجبار أمين. (١٩٨٨) علم الاجتماع الحظرى ،ط١، مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.

رشوان، حسين عبدالحميد أحمد. (٢٠٠٦) السكان من منظور علم الاجتماع، ط٢، مكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية.

روشيه، غى. (١٩٨٣) مدخل الى علم الاجتماع، ت: مصطفى دندشلى، ط١، المؤسسة العربية، بيروت.

زكريا، خضر. (١٩٩٩) دراسات فى المجتمع العربى المعاصر، الاهالى، سوريا، دمشق.

س. تومسون، ايرين و لويس، دافيد. (١٩٦٩) مشكلات السكان، ت: رشدالبراوى، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

عزيز، مكى محمد و السعود، رياض أبراهيم. (١٩٨٤) جغرافية السكان، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.

عمر، معن خليل والعانى، عبداللطيف عبدالحميد. (١٩٩١) المشكلات الاجتماعية، مطابع التعليم العالى، الموصل.
عبدلله، محمد قاسم. (٢٠٠٤) مدخل الى الصحة النفسية، ط٢، دار الفكر، عمان.
غارينه، جاكلين. (١٩٧٤) جغرافية السكان، ت: حسن الخياط و مكى عزيز، مطبعة العانى، بغداد.
غدنز، أنطونى، علم الاجتماع، ت: د. فايز الصياغ، ط٤، مركزدراسات الوحده العربيه، لبنان.
فهمى، مصطفى. (١٩٧١) الانسان والصحة النفسية، ط١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
فهيم، حسن. (١٩٨٦) قصة الانثروبولوجيا، عالم المعرفة، الكويت.
كمال، على. (١٩٨٣) النفس: أنفعالاتها وأمراضها وعلاجها، ط٢، دار العربية للطباعة والنشر، بغداد.
منصور، طلعت وأخروون. (١٩٧٨) أسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
ميشل، دينكن. (١٩٨٠) معجم علم الاجتماع، ت: أحسان محمدالحسن، دارالرشد، بغداد.

پەرتووکە کوردییەکان:

توفیق، هەورامان علی. (٢٠٠٠) هەڵەبجە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
دزەیی، یوسف. (٢٠٠١) ئەنفال، چاپی١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی موکریان، هەولێر.
ڕەبیعی، عەلی. (٢٠٠٥) بژی گەندەڵی، وەرگێڕانی: ڕەفعەت موراد‌ی، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلیمانی.

گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

البریفکانی، أحمد محمد أسماعیل وأخروون. (٢٠٠٣) هجرة الخریجین من جامعات أقلیم کوردستان العراق، مجلة جامعة دهوک، مجلد٦، عدد١، دهوک.
نەقشبەندی، ئازاد. (٢٠٠٢) کۆچی لاوانی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، تایبەت بەکۆنگرەی زانستی لاوان، ژمارەی تایبەت، هەولێر.
ڤیڤیۆرکا، مێشیل. (٢٠٠٧) دوو قوتابخانەی فکری لەسەر دیاردەی کۆچ، وەرگێڕانی: عادل باخەوان، گۆڤاری کوردستانی نوێ، ژمارە٤٢٨٤.

سەرچاوە ئەنتەرنێتییەکان:

العبیدی، سعد. (٢٠٠٦) الهجرة الى الغرب ومعالم التکیف النفسی مع الحیاة الجدیدة، مجلة النبأ، على الموقع الالکترووني:http://www.rezgar.com
على، رفیق رشید. تمثل المغتربین لبلد الاقامة وعلاقته بالإندماج – الاغتراب، حوار متمدن، على الموقع الالکترووني:http://www.rezgar.com

٤-٦ کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی

سورێن ابوبکر عبدالله

پوختە:

ئەم بەشە کتێبە دەکرێت، وەک پڕۆگرامی خوێندن، خوێندکار سودی لێوەربگرێت بۆ وانەی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی و وانەی کاری بە کۆمەڵ. وە هەروەها وەک ڕێنمایی کارێک دەکرێت ببێت بە سەرچاوەیەک بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە دارشتنی ئەجێندا و چۆنیەتی ئەدای کارکردن لە دامەزراوە فێرکارییەکان. چونکە بەشێکی زۆری پێداویستی و چۆنیەتی کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەربەست و ڕێگرەکان دەخرێتە ڕوو لە چوارچێوەی تیۆری و مەیدانی کە دنیای بینینی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات لەکاتی کارکردنی لە خوێندنگەکاندا. بۆیە هەر بابەتێک دەخرێتە ڕوو بە ئامانجی هێنانەدی چوارچێوەیەکی زانستی و خستنەڕووی شیکردنەوەی زانیارییە لە بواری کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی.

زیاتر لەمە ئەوەی خراوەتە ڕوو تەنها پوختە و دەسپێکێکە بۆ خوێندکار و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی. هەربۆیە بۆ وەرگرتنی زانیاری ورد و فراوان پێوستە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە بەکارهاتوو و بابەتە پەیوەندارەکان بەم بوارەوە. چونکە بابەتێکی نوێ و فراوانە و وەک پێویستیەک لە مەیداندا کاری زۆر لەسەر دەکرێت.

زاراوە سەرەکییەکان: کاری کۆمەڵایەتی، کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی، پسپۆری کۆمەڵایەتی، ژینگەی خوێندنگەیی.

١-پێشەکی

سەرهەڵدانی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی وەک بەشێکی زانستی کاری کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی پێداویستی زانستیی و پەروەردەیی دامەزراوە فێرکاری و پەروەردەییەکانە. چونکە ئەم دامەزراوانە بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ هەژماردەکرێن لە دروستبوون و گەشەی کۆمەڵایەتی تاک لە کۆمەڵگەدا. خوێندنگە بۆ زۆرێک لە کۆمەڵگەکان لەدوای دامەزراوەی خێزان دێت لە ڕووی کاریگەری و ڕۆڵی لە دروستبوونی کەسێتی تاکدا، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە تاککەرا و سەرمایەدارەکان ئەرک و بەرپرسیارێتی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تری کەوتۆتە ئەستۆ بەهۆی گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەو ژیانکردنی تاک. لەسەر بنەمای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان، دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان زیاتر کارییان لەسەرکرا لەڕووی بونیادو پێکهاتەوە، بەتایبەتی کارکردن لەسەر چۆنیەتی خوێندن و پەروەردەکردن. لەبەرئەوەی لەگەڵ زۆربوونی دانیشتوان و گۆڕانی شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و پێداویستی پەروەردەیی وایکرد کاری زانستی لەسەر چاکسازی و گەشەدان لەو دامەزراوانەدا بکرێت. چونکە دروستبوون و گەشەکردنی زانستی کاری کۆمەڵایەتی و کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیش بەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییانە کە بەسەر کۆمەڵگەکانی هاتووە. لەم بەشەی ئەم کتێبەدا هەموو ئەو لایەنانە دەخرێتە ڕوو کە هۆکاری دروستبوونی و گەشە و پێویستی ئەم بەشە زانستیە لە دامەزراوە زانستییەکاندا، کە سەرەتا لە مێژوو و چۆنیەتی دروستبوونی و بە زانستیکردنی ئەم بەشە زانستییە دەخرێتە ڕوو لە کۆمەڵگە جیاوازەکان، لەڕووی هۆکار و چۆنیەتی و بە پێویستی بوونی کاری کۆمەڵایەتی خوێندگەیی و دروستبوونی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی شارەزا و ڕاهێنراو لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا.

دواتر کار لەسەر ناساندنی زۆرێک لەم چەمکانە دەکرێت کە یارمەتی دەرن لە تێگەشتنی ئەم بەشە زانستیە لەڕووی پێکهاتە و ئەرکەوە لەدامەزراوە فێرکاریەکان بەتایبەتی کاتێک خوێنەر و فێرخواز بەر کۆمەڵە زاراوە نوێ دەکەوێت لەکاتی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی ئەم بەشەدا. هەروەها ناساندنی ژینگەی خوێندگەی و چۆنیێیەتی کارکردن تێیدا بەشێکی سەرەکی دەبێت لە ڕووی خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەم دامەزراوەیە کە تایبەتمەندی و پێکهاتەی تایبەتی

خۆی هەیە کە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئاشنا بێت پێی لەڕووی تیۆریی و مەیدانییەوە. ئەو ئامڕازە سەرەکییانە چییە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە کارکردنی لە خوێندگەدا پێویستی دەبێت بۆ کاری سەرپەرشتی و توێژەری بەتایبەتی چۆنیەتی هەبوونی فۆرم و هەگبەی خوێندکار و چۆنیەتی سودوەرگرتن و بەکارهێنانی لەبوارە جیاوازەکان لەخوێندنگەدا. سودوەرگرتن لەهەموو ئەو فۆرم و شێوازە نوێیانەی دەبێتە سەرچاوەی گەشە و گۆڕانکاری لە بواری پـەروەردەدا بە تایبەتی لە دامـەزراوە فێرکارییەکاندا، وە گرنگە چۆنیەتی ئامادەکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا بخرێتە ڕوو چونکە کارکردن لەم بوارەدا پێوسیتی بە پسپۆڕی تایبەت هەیە کە پێویستە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندنی و خەسڵەتی تایبەت بێت و ئامادەی کارکردن و ڕۆڵ بینین بێت لەم بوارەدا.

٢-مێژوو گەشەی بەرەوپێشچوونی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی

کاری کۆمەڵایەتی وەک هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر مێژوویەکی تایبەت بە دروست بوون و گەشەکردنی هەیە کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پێویست بوونی زانستی و مەیدانی ئەم بەشە زانستیە لە کۆمەڵگەکاندا، چونکە هەر بەشێکی زانستی بەرهەمی مەعریفی کات و شوێنێکی دیارکراوە و بۆ پڕکردنەوەی بۆشای و کەلێنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە وەک پێداویستیەکی زانستی بنیاتنراوە. کـاری کۆمەڵایەتی بـەراورد بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر زانستێکی نوێیە و مێژوویەکی کۆنی نییە و یەکێکە لەو زانستانەی بەرئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دروست بووە، هەربۆیە کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی دەکرێت دیاری بکرێت وەک سەرچاوەی دروست بوون و بنیاتنانی زانستی کاری کۆمەڵایەتی:

- شۆڕشی پیشەسازی و کاریگەرییەکانی.
- جەنگەکان و پاشماوەکانی لە کێشە کۆمەڵایەتی و تێکچونی نەسەقەکان.
- گۆڕانکارییە ژینگەییەکان لە کۆمەڵگەکاندا.
- سەرهەڵدانی فکری ئیشتراکی و سەرنەکەوتنی ڕووبـەڕبـوونـەوەی کێشەکانی هەژار و کەم دەرامەتی تاک.

• دۆزینـەوە و پێشکەوتنی زانستی و گەشەی توێژینەوەی زانستی و مەیدانی.

• دەرکەوتن و دروست بوونی کۆمەڵە خێرخوازی و گروپە لۆکاڵیەکان.

ئەم هۆکارانە بوونە پاڵنەڕێکی سەرەکی لە پاڵ ئەو ئامادەگییە زانستییەی هەبوو کە بیر لە بنیاتناتی زانستێکی نوێ بکرێتەوە لەکۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەمریکی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەڵێن و بۆشاییانەی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت بە تایبەت لە نێو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کە پێکهێنەری سەرەکی بونیادی کۆمەڵگەن وە تاک بە فلتەری ئەم دامـەزراوەنـە دەبێتە ئەندامێکی کۆمەڵگە. هەربۆیە لە ساڵی (١٨٤٣)ز سەرەتاکانی فیکرەی کاری کۆمەڵایەتی لەنێو گروپ و کۆمەڵەکان بۆ چاکسازی و ڕووبەڕوبوونەوەی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان بەردەوام بوو. ئەم شێوازەی کارکردن تا ساڵی (١٩٠٤)ز کە شێوازی تایبەتمەندی وەرگرت وەک ئەوەی کاری کۆمەڵایەتی بە پێی جۆر و شوێنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکە میتۆدی کار و فۆڕمی تایبەت بە خۆی هەبێت بۆ چالاک بوون لەو دامەزراوانەدا. بەپێی زۆری سەرچاوە زانستییەکان سەرەتای دروستبوونی گەشەی زانستی کاری کۆمەڵایەتی و دواتر کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی وەک بەشە زانستیەک دەگەڕێتەوە بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە بەچەند قۆناغێکی مێژووی کاری کۆمەڵایەتی گەشەی کردووە و بۆتە زانستیکی مەیدانی خاوەن بەرهەمی مەعریفی و پیشەیی بۆ سەرجەم کایە و بوارە گرنگەکان. (Scott,J. ٢٠٠٩: p.٧١١)

هەر قۆناغێک بەشێکی تەواوکراوی ئەم زانستە ئەخاتە ڕوو کە زۆر بە کورتی و پوختی بۆ چوار قۆناغی مێژووی دابەشکراوە:

• قۆناغی دەرکەوتنی پیـشـەی کاری کۆمەڵایەتی (١٨٤٣–١٩١٧).

• قرناغی دەرکەوتنی ڕێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی (١٩١٧–١٩٤٩).

• قۆناغی دروست بوونی دامـەزراوە پیشەییەکان (١٩٥٠—١٩٨٠).

• قۆناغی بەزانستی بوونی کـاری کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی پیشەی (١٩٨٠– ...).

ئەم دەسپێکە مێژووییە یارمەتیدەری سەرەکی بۆ تێگەشتنی زیاتر لە چۆنیەتی دروست بوون و گەشەکردنی کاری کۆمەڵایەتی و لقە زانستییەکانی

و کارکردنی لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی کاری کۆمەڵایەتی سەرەتای سەرهەڵدانی لە کۆتای سەدەی نۆزدە بووە. لە ساڵی ١٨٨٩ یەکەم قوتابخانەی تایبەتمەند دروست بوو بۆ بوارە کۆمەڵایەتییەکان لەزانکۆی کۆلۆمبیا لەویلایەتی نیویۆرک. هەروەها لەسەدەی بیستەم لەنێوان ساڵەکانی (١٩٠٦–١٩٠٧) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەمین ئەزموونی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی لە قوتابخانە تایبەتەکان بوو، کە وەک بەشێکی پەروەردەیی کاری لەسەرکراوە لەلایەن کەسانی تایبەت کە بە مامۆستای سەردانی کار یان ڕاوێژکاری سەردانی کار ناسراو بوو، کە ئەرکی وەک پسپۆری کۆمەڵایەتی بووە بە شێوەیەکی سادەتر لەوەی لە ئێستادا هەیە. بەرپرسیارێتی لە خوێندنگەدا زانین و وردبینی بارودۆخی خوێندکاران و خێزانەکانییان و ئاستی زانستی و پەروەردەییان. هەروەها کارکردن بووە لەسەر هەموو بوارە پەیوەندیدارەکانی ژیانی خوێندکار بە تایبەتی ئەو بوارانەی کاریگەرییان هەبووە لەسەر خوێندن و پەروەردەی خوێندکاران لە قوتابخانەدا. وەک ئەوەی لە (بۆستن)ی ئەمریکا کۆمەڵەیەک دروست بوو بە ناوی (کۆمەڵەی مرۆڤایەتی) لەژێر دروشمی باشترکردنی ڕەوشی پەروەردە هەستان بە دروستکردن و ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوان خوێندکار و خێزان و خوێندنگە (دەستەی بەڕێوەبردن و مامۆستاکان). هەروەها لە (هارتفۆرد) کلینیکە سایکۆلۆجییەکان ڕۆڵیان دەبینی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەی هەبوو لەچارەسەکردنی کێشەکانی خوێندکار و خوێندنگەکان. لە ١٩١٣ بۆ ١٩١٩ ئەم ئەزموونە گواسترایەوە بۆ خوێندنگە گشتی و حوکومییەکان کە ناوی مامۆستای سەرپەرشتیار گۆڕا بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا (نظیمة احمد،٢٠٠٦: ل٤٣– ٥٣).

هاوشێوەی ئەمریکا، وڵاتانی تر، وەک بەڕیتانیا و هۆلندا، مێژوو و فۆرمێکی جیاوازیان هەبووە لە دروستبوونی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی بە تایبەتی باردۆخی ئەو کۆمەڵگەیە پاڵنەری سەرەکی دروست بوونی سەرپەرشتیار و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بووە. کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی لە هەرێمی کوردستاندا مێژووی تازەی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی

٢٠٠٠ز. لەڕووی پەروەردەییەوە کار لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە کەسانێک تایبەت وەک توێژەی کۆمەڵایەتی یان ڕێنماییکاری پەروەردەی لە خوێندنگەکان هەبن. هەڵبەت خوێندنی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆکاندا مێژوویەکی تازەی هەیە و پێشتر و ئێستاش ڕاستکردنەوەیەک هەیە لە ڕووی میتۆدو شێوازی کارکردن نەکراوە و بۆشای هەبوونی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بە دەرچوانی بەشی کۆمەڵناسی و دەروونناسی پڕکراوەتەوە لە پێدانی پلەی زانستی و ڕۆڵی پیشەیی کە پێویستە چارەسەری زانستی بۆ بدۆزرێتەوە بەسودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی.

٣-چەمك و زاراوە پەیوەندیدارەکان بە کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی

پێشەکی و خوێندنەوەیەک بۆ چەمک و زاراوەکان یارمەتیدەڕێکی سەرەکیە بۆ خوێندکاران و پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەکاندا، بەمەبەستی کارکردن لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی کراون بۆ چەمکەکان. هەربۆیە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە برەو بەڕۆڵی خۆی بدات لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی وەک خوێندنگە بەپێی ئەو چوارچێوە زانستیە کۆمەڵایەتیەی بۆی دیاریکراوە بۆ ڕۆڵ و ئەرکی وەک پسپۆڕی کۆمەڵایەتی. لێرەدا چەند چەمکی پەیوەندیدار بە کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی هەیە پێوستە بخرێتە ڕوو وەک بەرچاو ڕوونیەک بۆ خوێندکار و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی.

کاری کۆمەڵایەتی: وەک بەشێکی سەرەکی و نوێ لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان هەڵگری میتۆدی زانستی تایبەت و بەشێوازێکی ئەکادیمی کار لەسەر تاک لە ناو گروپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە ڕووی دابینکردنی پێداویستی تاک لە بەکۆمەڵایەتی بوون و ئەندام بوونی و ڕێکخستن و شێوازی مامەڵەکردن لە پێناو بە دەستهێنانی ئامانجەکاندا. هەروەها دیاریکردن و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و خزمەتگوزاری چاودێری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. کەواتە بەشێوازێکی گشتی زانستی کاری کۆمەڵایەتی کار لەسەر توانای پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەکات لەسەر دیاریکردن و ڕێکخستن و چارەسەرکردن و گەشەپێدانی لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان (احمد مستەفا، ٢٠٠٢: ل٨– ٩).

کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی: بوارێکی تایبەت و جیاکراوەی زانستی کاری کۆمەڵایەتییە. سەرجەم ئەو بەرنامە و خزمەتگوزاریی و شێوازی کارکردنانە دەگرێتەوە کە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێشکەشی خوێندکارانی دەکات لەناو دامــەزراوەی خوێندنگەدا. بەئامانجی کارکردن لەسەر خوێندکار لەڕووی گەشەدان بە شارەزایی و لێهاتوویی و دۆزینەوەی توانا و گەشەدانی کەسێتی خوێندکار، و دەستبەرکردنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان کە خوێندنکار تێیدا ڕەگەزێکی سەرەکییەو پێویستە کاری لەسەربکرێت و ئامادەبکرێت بۆ گەشەدان بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن .(David.R, 2003: p.5-8)

پسپۆڕی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی: هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە لەڕووی زانستی و پراکتیکی لە زانستی کاری کۆمەڵایەتی ئامادەکراون لەسەر بنەمای پێوەر و پڕەنسیپی تایبەت بە کارکردن لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا. ئەمەش بە ئامانجی پاڵپشتی و هاوکاری خوێندکار لە ڕووی پەروەردەیی و فێرکردنەوە. وە هەروەها وەک سەرچاوەیەک بۆ یارمەتی خوێندکار بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەکانی خوێندن و گەشەکردن لە دامەزراوەی خوێندنگەدا. (Lela, B. 2019: p.275-276)

٤-ناسینی ژینگەی خوێندنگەیی

خوێندنگە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، ژینگەیەکی جیاواز و تایبەتی هەیە و پێکدێت لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی (مامۆستا و خوێندکار و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی) کە تایبەتمەندی و کێشەی کۆمەڵایەتی جیاواز لەخۆی دەگرێت. بۆیە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە ئاشنای پێکهاتە و بونیادی خوێندنگە بێت وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەداکردنی کاری پسپۆڕی لەو دامەزراوەیەدا. گرنگە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کار لەسەر ڕەگەزە سەرەکییەکانی خوێندنگە بکات چونکە بنەمای دروست بوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو خوێندگەیە.

پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی خوێندگەدا پێویستە بەردەوام لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ هەریەک لە (مامۆستا و خوێندکار و خێزانی خوێندکار)دا لە ڕێگەی

پێدانی ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنیان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن بەپێی پێگە و ڕۆڵی هەر تاکێک لە خوێنگەدا. ئەم ئامادەکارییە لەکاتی ئاسایی یان هەبوونی کێشە لە خوێندگەدا پێویستە لەلایەن پسپۆڕی کۆمەڵایەتییەوە ڕەچاوکرێت و ئامادەگی پێشتر هەبێت بۆ کەمکردنەوەی کێشە و بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

گرنگە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئاشنا بێت بە جۆر و تایبەتمەندی کێشە کۆمەڵایەتیە زۆر باوەکانی نێو خوێندنگە. تا لە ڕێگەی پلانی ساڵانە و مانگانەی خۆی کاری لەسەر بکات بە تایبەتی ئەو کێشە و دیاردانەی مێژوو و باردۆخی دیاریکراو دروستی کردوون:

- **ڕەفتاری توندوتیژیی:**

ڕەفتاری توندوتیژیی یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕۆژانە بەرێژەیەکی زۆر ڕووبەڕووی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی دەبێتەوە. ڕەفتاری توندوتیژیی هەموو ئەو ڕەفتارە نائاسییانە دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی زەبری دەروونی و جەستی بەرامبەر بە ئەوانی تر، کە دەکرێت لە لایەن خوێندکاراوە بکرێت یان بەرامبەر خوێندکار بکرێت. وەک بەربەستێکی بەردەم پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێویستە کار بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی بکرێت لەلایەن پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی گەڕان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی. دوو شێوازی توندوتیژیی لە خوێندگەکان تێبینی کراوە کە پێویستە هەمیشە جێگای تێبینی کار و چالاکی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بێت، توندوتیژی ڕەفتاری مامۆستا بەرامبەر خوێندکار یان توندوتیژی خوێندکار بەرامبەر ئەوانی تر.

- **خەمۆکی:**

خەمۆکی وەک نەخۆشییەکی دەروونی خوێندکار دوورە پەرێز دەکات لە تەواوی پرۆسە و چالاکییەکان لە خوێندنگە. زیاتر توشی هەرزەکار دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانە بایلۆجی و فکرییەی تێدا دروست دەبێت، کە هەریەک لەهۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری و تەکنەلۆجی کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوونی ئەم حاڵەتە دەروونییە لای خوێندکار.

- **لادانی ڕەفتاری:**

هەموو ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە پێچەوانەی یاسا و ڕێسا و بەها کۆمەڵایەتیەکانی نێو خوێندنگەیە و خوێندکار لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دووردەخاتەوە و توشی لادانی دەکات لە ئامانجە سەرەکییەکانی هاتن بۆ خوێندگە. لە دیارترین ئەو ڕەفتارانەی بەلادانی ڕەفتاری دادەنرێت لە خوێندنگەدا (ساختەکردن لە تاقیکردنەوەکان، درۆکردن، هەڵاتن لە خوێندنگە، خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیا، یاخی بوون و سەرکێشی، کێشەی سۆزداریی) ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی تێبینی کراوە کە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی جۆری پلانەکان کاری لەسەر بکات (٢٠١٣: ١٥).

- **گرفتی دواکەوتن لە خوێندن:**

ئەم گرفتە لەسەرەتای دروستبوونی خوێندگەکان و دەستپێکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن سەریهەڵداوە. یەکێکە لەو گرفتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشە و پێشکەوتنی خوێندکار لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە و دابڕانی لە هاوپۆل و هاوتەمەنەکانی. بۆیە بەو خوێندکارانە دەوترێت کە تەمەن و ئاست و توانای خوێندنیان یەک ناگرێتەوە و توشی دابڕان بوون لەقوناغەکانی خوێندندا، ئەمەش دەبێتە کێشە بۆ سەرپەرشیاران و مامۆستایان لە خوێندگەدا.

- **گرفتی ژیری خوێندکار:**

گرفتی ژیریی یەکێکە لە بەربەستەکانی خوێندن بۆ ئەو خوێندکارانە لە خوێندنگەدا. کە گرفت لە توانای عەقڵیاندا هەیە و توانای کۆنترۆڵکردن و پێگەشتنیان لاوازە و کێشەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لە سیستەمی پەروەردە و فێکردن دروست دەکات، چونکە ئەو تاکانەی دواکەوتوی ژیریان هەیە لە ژیانی پەروەردەی و کۆمەڵایەتی ئامادەگیان کەمترە بەراورد بە کەسانی ئاسایی و توانا عەقڵیان لە ئاستی پێویستدا نییە بۆ بەردەوامبوون لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا. بۆیە پێویستە مامەڵکردن لەگەڵ ئەم توێژە لە خوێندکار جیاواز بێت و پەروەردەیەکی تایبەتیان بۆ فەراهەم بکرێت و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی زیاتر پشتگیری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات.

• **کێشەی خۆگونجاندنی خوێندکار:**

پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون یەکێکە لە پڕۆسە گرنگەکان بۆ بەدیهێنانی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی لە تاکدا. کاتێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە دەبێتە بەشێک لە پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێک لە خوێندکار بەهۆی خراپی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی خێزانی توانای خۆگونجاندن و پەیوەندی لەگەڵ هاوپۆلەکانی لاوازە و بەشدارێکی چالاک نییە لە چالاکی و بۆنەکان لە خوێندنگەدا. ئەمەش گۆشەگیر و دوورەپەڕێزی ئەکات و توانای فەراهەمکردنی ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی نابێت و خوێندکارێکی قبوڵکراو و خۆشەویست نابێت. لێرەدا پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای هۆکارەکانی دروستبوونی دۆخە ناجێگیرەکانی کۆمەڵگە کار بەشێوازی مۆدێرن و تازە بکات بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان (هادی، اسماعیل، ٢٠١٣: ل١١).

٥-تایبەتمەندییەکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا

دوای گەشەکردن و پێشکەوتنی سیستەمی پەروەردەی زۆرێک لە کۆمەڵگەکان، یەکێک لە تایبەتمەندی و کواڵیتی خوێندنگەی باش هەبوونی پسپۆڕی کۆمەڵایەتییە، کە ڕۆڵ دەبینێت لە ڕێکخستن و ڕاوێژکاری و سەردانکردن و چارەسەرکردنی کێشە و بەربەستەکانی پڕۆسەی خوێندن و یارمەتیدانی خوێندکار لە چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر کێشە و تەنگەژەکانی خوێندن. ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان خوێندکار و مامۆستا و سەرپەرشتیاران و خێزانی خوێندکار لە پێناو گەشەدان بە توانا و لێهاتوویی خوێندکار لە چوارچێوەی پڕۆسەی پەروەردە و فێکردندا. هەربۆیە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم بەرپرسیارێتیە لە خوێندنگەدا پێویستە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێت کە یارمەتی دەدات لەسەرکەوتنی کاری پسپۆڕی خۆیدا لە خوێندنگەدا. هەروەها کارکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەی فێرکاری وەک خوێندنگە پێویستی بە شارەزایی و ئەزموونی تایبەتە لە پاڵ ئەو زانیاری و ئەزموونە گشتییەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی وەریگرتووە لە ژیانی ئەکادیمیدا لە زانکۆدا.(Renne, witenberg, 2002: p.78).

دەتوانین بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی پسپۆری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی لەم چەند خاڵەدا بخەینە ڕوو:

• یەکێک لە خاسیەتە سەرەکییەکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی توانای جەستەییە، چونکە تەواوی ئەندامانی جەستە کاریگەری هەیە لەسەر کردار و ئاگای بەرامبەر لە کاتی کارکردندا بە تایبەت بۆ کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کە بەردەوامی لە کارێکدا لەگەڵ ئەوانی تردا لە خوێندنگەدا.

• ئامادەی بیر و عەقڵی و کەسێتی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتییە لە دامەزراوەی فێرکاریدا. چونکە کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستی بە کەسێتیەکی کامڵ و تەواوە لەڕووی دەرککردن و شیکردنەوە و و تێبینی و تێگەیشتن و پێشبینکردن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پلانی کار لە دامەزراوەی خوێندندا.

• سایکۆلۆجیای جێگر و تەندروست وەک یەکێک لە تایبەتمەندیە پێویست و سەرەکییەکان، تا پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بتوانێت کۆنترۆڵی ئەو کێشە و گرفتانە بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ڕووی کۆنترۆڵی هەست و سۆز و هەڵچوون بە تایبەتی کاتی هەبوونی کەیسی قورس و هەستیار کە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی توانای کۆنترۆڵی هەبێت و دووربێت لە شڵەژانی دەروونی لەپێناو هاوکاری خوێندکار بەشێوازێکی کاریگەر و تەندروست.

• کۆمەڵایەتی بوونی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی یەکێکی ترە لە خەسڵتە سەرەکییەکان کە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی تێیدابێت، چونکە بەهێز و تەندروستی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتوویی کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی. پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ پێشکەشکردنی کارێکی پڕ لەکوالێتی پێویستە بەردەوام لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ هەریەک لە مامۆستا و دەستەی بەڕێوەبردن و خوێندکار و خێزانی خوێندکاران بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوە و چارەسەری پێویستی هەر حاڵەتێک کە لە خوێندنگەدا دروست دەبێت (عبدالرحمان الخطیب،٢٠٠٩: ل٢٠-٢١).

• زانیاری لەسەر گۆڕان و گەشەکردنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەی زانستی و مەیدانی بۆ کات و شوێنی جیاواز لەلایەن پسپۆڕی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ئاگایی سەبارەت بە جیاوازی نێوان نەوە و تەمەنە جیاوازەکانی خوێندکاران و پێداویستی و تایبەتمەندییەکانیان. چونکە ئاشکرایە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی مامەڵە لەگەڵ نەوە و تەمەنی جیاوازدا دەکات لە خوێندنگەدا کە هەر گروپێک پێوستی و دونیای تایبەتی خۆی هەیە.

• توانای بەشداری مەیدانی و کاری بە کۆمەڵ لەگەڵ خوێندکاردا بە جۆرێک پسپۆڕی کۆمەڵایەتی نمونەیەکی دیاربێت لە ڕووی کەسێتی و لێهاتوویی بۆ مامۆستایان و خوێندکاران. پشتگیر و یارمەتیدەر بێت بۆ کار و چالاکیە زانستی و بۆنەکانی نێو خوێندنگە و سەردانکردنی خێزانی خوێندکار، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی پەیوەندیەکی تەندروست بۆ یارمەتی و پشتگیری خوێندکار (Susan F, Elizabeth M. 2003: p.4).

• شارەزای کار و ڕۆڵی خۆی بێت و ئامادەگییەکی بەردەوامی هەبێت لە خوێندگەدا بۆ ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پلانی کار و کارنامەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و تۆمارکردن و کۆنترۆڵکردنی کار و چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە مامۆستا و خوێندکارەوە.

• خوێندنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و زانینی و فێربوونی زمانی جیاواز وەک یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان پێویستە کاری لەسەر بکرێت بە تایبەتی بۆ ئەو پسپۆڕە کۆمەڵایەتیانەی لە خوێندنگە تایبەتەکان و پەیمانگاکان کاری پسپۆری کۆمەڵایەتی دەکەن چونکە زیاتر بەر جۆرێکی جیاواز لە خوێندکار و مامۆستا دەکەون.

هەریەک لەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانە بنەمای سەرەکین بۆ سەرکەوتوویی و لێهاتوویی کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی، کە وەک مەرجێک بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە لە دامەزراوە ئەکادیمی و فێرکارییەکان کاری لەسەر بکرێت بە تایبەت پاش ئەو گەشەکردن و گۆڕانکارییانەی لە دامەزراوە فێرکارییەکان و پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن دروست بووە.

٦-چۆنیەتی کاری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا

بەدرێژایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم کاری کۆمەڵایەتی بووە بەشێکی سەرەکی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە خوێندنگە یەکێک بوو لەو دامەزراوانەی کە کاری کۆمەڵایەتی کاری تێداکرد و ناسرا بە کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی. کاری کۆمەڵایەتی وەک زانستێکی هاوچەرخ بواری کارکردنی دابەش بوو بۆ سێ بواری سەرەکی کارکردن کە هەریەک لە کاری کەیس و کاری بە کۆمەڵ و کاری دامەزراوەیی و ڕێکخراو بوو. هەر میتۆدێکی تر کە پێویست بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵگە، کە هەندێک لە خوێندگەکان تەرکیزیان لەسەر جۆرێکی دیاریکراوی کێشەیە وەک تەمەنی دیاریکراو، هەژاریی، نەخۆشی دەروونی یاخود کەمیینەکان. هەندێک لە خوێندگەکان شێوازی کارکردنیان بۆ دوو بەشی خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دابەشکردبوو، کەهەریەک لەم دوو شێوازەی کارکردن بووە بنەمایەک بۆ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە چۆنیەتی کارکردن و سودوەرگرتن لە میتۆدەکان لەو دامەزراوەی کاری تێدا دەکات. چونکە زۆرکات واپێویست دەکات سود لە هەردوو بەشە سەرەکییەکەی کاری کۆمەڵایەتی وەرگرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە سودمەندەکانی ئەو دامەزراوەی کاری تێدا دەکرێت (Renne, witenberg, 2002: p.14-15).

لەسەر بنەمای ئەم دابەشکارییە کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی بۆ کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەی تاک و کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی بە کۆمەڵ دابەش دەبێت وەک دوو ڕێگەی سەرەکی بۆ ئەداکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا. کە هەریەک لەم دوو ڕێگەیە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بۆ شوێن و باردۆخی تایبەت سودی لێوە دەگرێت لە خوێندنگەدا.

١-کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی تاک: ڕێگایەکی تایبەتی زانستی کاری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا وەرگیراوە لە کاری کۆمەڵایەتی تاک. تەرکیز دەکاتە سەر تاک بۆ دەست نیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکار، بە تایبەتی هەندێک کێشە و حاڵەت کە پێویستی بە جۆرە میتۆد هەیە بۆ کارکردن

لەگەڵ خوێندکار لەڕێگەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی، چونکە جۆر و شێوازی کێشەکە تاکییە و پێویستە لەسەر بنەمای کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی تاک کاری لەسەر بکرێت بەم چەند ڕێگەیە:

- لێکۆڵینەوە لە کێشەکە.
- کرداری دەست نیشانکردن.
- کرداری یارمەتیدان.
- بەدواداچوونی کێشە.

هەر کێشەیەکی تاکی کە دروست دەبێت بۆ خوێندکار پێویستە لەلایەن پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کاری لەسەر بکرێت لەسەر بنەمای زانستی و پەیڕەوکردنی ئەو هەنگاوانەی ئاماژەی پێدراوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست لەسەر ئەو کەیسانەی ڕۆژانە دێنە لای پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا.

٢-کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی بەکۆمەڵ: ڕێگایەکی تری کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی بریتییە لە کاری کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵ کە سود لە بنەما و میتۆدی ئەم بەشە زانستیەی کاری کۆمەڵایەتی وەرگیراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەو دیاردەکانی نێو خێوندنگە، ئەمەش بە ئەنجامدانی کاری گروپین لە بەشداری پێکردنی خوێندکار و چارەسەرکردنی کێشەو دیاردەکانی خوێندکار لە خوێندنگەدا. هەندێک حاڵەت هەیە لە خوێندنگە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی سود لەم ڕێگایە وەرگرێت وەک گۆشەگیربوونی خوێندکار یاخود کەمتوانایی خۆگونجاندنی خوێندکار لە خوێندنگەدا. لەسەر بنەمای ئەم بەشە زانستییە، پێویستە لەسەر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کار لەسەر کاری بە کۆمەڵ و گروپین بکات لە خوێندنگەدا وەک میتۆدێکی کاریگەر بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو خوێندنگە (عبدالرحمان الخطیب، ٢٠٠٩: ل١٥٧).

بۆیە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەکرێت بەم هەنگاوانە سود لەم میتۆدە وەرگرێت:

- دروستکردنی گروپ لە نێو خوێندکاران.
- هەڵبژاردنی ناوی گونجاو و پەروەردەیی.
- هەبوونی پلان و ئامانجی دیاریکراو.
- بەشداری پێکردنی خوێندکاران لە کاری خۆبەشی و بۆنەکان.
- دابەشکردنیان بەسەر بوارو کاری پەروەردەیی و بۆنەکاندا
- چارەسەرکردن لە چوارچێوەی گروپدا.

لەچوارچێوەی کاری گروپین، یەکێک لە کارە گرنگەکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی هەبوونی لیژنەی تایبەت بە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنگەیە ، بە ئامانجی کاری بە کۆمەڵ بۆ ڕێکخستن و بەرەوپێشچوونی خوێندنگە و بەشداری هەمووان لە کارکردندا بۆ نمونە (لیژنەی هاوکاری خوێندکاری کەمدەرامەت، لیژنەی پاراستنی ژینگەی خوێندنگە، لیژنەی ڕێکخستنی بۆنەکان).

بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی و بەکارهێنانی ڕێگاکانی کارکردن لە خوێندنگەدا، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە چەند بنەمایەکی تێدابێت کە مەرجی کارکردن بۆ کەسێک کە دەبێتە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە خوێندگە، چونکە چۆنیەتی کارکردن لە دامەزراوەیەک بۆ دامەزراوەیەکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت. تەنانەت جیاوزای هەیە لەنێوان خوێندنگەیەکی حوکمی و خوێندنگەیەکی تایبەت، کە پێویستە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ڕەچاوی شوێن و کات بکات تا لەسەر ئەو بنەمایە سود لەم پێویستیانە وەرگرێت.

ڕێگەکانی کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا:

ڕێگەکانی کاری پسپۆری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا هەموو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پلان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێو خوێندنگە. لێرەدا بەشێک لەو ڕێگانە دەخەینە ڕوو:

- **تێبینیکردن:** تێبینکردن وەک یەکێک لە ڕێگاکان بۆ درککردن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان پسپۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە سودی لێوەرگرێت. جا تێبینیکردنی بەشداری بێت یاخود تێبینکردن بێ بەشداری بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر کێشەو دیاردەکانی تایبەت بە خوێندکار لە خوێندنگەدا.
- **چاوپێکەوتن:** یەکێکە لە ڕێگا سەرەکییەکانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگە. بەکاردێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و وردەکاری لەسەر کێشە و حاڵەتەکانی خوێندکار لە خوێندنگە. کە بە پەیوەندیەکی مەبەستدار لەنێوان پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و (خوێندکار و مامۆستا و خێزانی خوێندکار) دروست دەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەم ڕێگایە باشترین سەرچاوەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری ورد و دروست لەسەر خوێندکار. (Bryman, 2012: p.469)
- **تۆماری زانیاری:** فایلی تایبەتی بە وەرگرتنی زانیاری ڕۆژانەیە لەسەر ڕوودا و کێشەکانی پەیوەندار بە خوێندکار لە خوێندگەدا. بۆ نمونە هەریەک لەم بوارانە (تۆماری سەردانیکردنی خوێندکار، ئاگادارکردنەوەی خوێندکار، خەڵاتکردنی خوێندکار، حاڵەتە تایبەتەکان، چالاکی توێژەر، بەڵێننامەی خوێندکار). پێویستە تۆمارێکی تایبەت هەبێت بۆ کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەی خوێندکار، بە نوسراوبێت یان بە ئۆنلاین.
- **فۆرمی زانیاری:** ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیارییە لە کۆمەڵێک پرسیاری ورد و ڕێکخراو پێکدێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەموو بوارە پەیوەندیدارەکانی خوێندکار چ بە شێوەی فۆرم بێت یان بەشێوەی ئۆنلاین داخڵی کۆمپیتەر بکرێت، تا ببێتە بنەمایەک بۆ یارمەتیدانی خوێندکار لەکاتی هەبوونی کێشەو بارودۆخی دیاریکراو لە خوێندنگەدا. لێرەدا نمونەی فۆرمێکی بەکارهێنراو هەیە کەدەکرێت سودبەخش بێت بۆ فۆرمی زانیاری تایبەت بەپسپۆڕی کۆمەڵایەتی.

نمونەی فۆرمێکی زانیاری خوێندنگە

. زانیاری کەسێتی

١ـ ناوی سیانی قوتابی ( ) پۆل ( )

٢ـ ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( ) ساڵی لەدایکبوون ( )

٣ شوێنی لەدایکبوون ( )

٤ـ ژمارەو ناوی گەڕەک ( ) ژمارەیکۆڵان ( ) ژمارەیخانوو ( )

٥ـ نزیکترین شوێن لەماڵەوەیان ( )

٦- ژ/ مۆبایلی باوک ( ) ژ/ مۆبایلی دایک ( ) ژ/ نۆڕماڵ ( )

٧ـ تێکڕای نمرەی ساڵی ڕابردوو چەندبووە؟ .....

٨ـ لە قوتابخانەی ئاساییەوە هاتووە یان خوێندنی ئینگلیزی بووە؟ .....

. زانیاری خێزانی

٩ـ ژمارەی ئەندامانی خێزان ( ) کەس

١٠ـ منداڵی چەندەمە لەخێزانەکەیدا: گەورەترینیانە ( ) ناوەنجییە ( ) پچوکترینیانە( )

١١ـ باوک و دایکی لەگەڵ یەکدا دەژین: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ـ ئەگەر (نەخێر) بوو، ئایا جیابوونەتەوە ( ) باوکی مردووە ( ) دایکی مردووە ( ) هەردووکیان( )

تێبینی/ ئەگەر لەگەڵ کەسیتر دەژی بنوسرێ (.....)

١٢ـ پیشەی باوک ( ) شوێنی کار ( )

خوێندەوارە ( ) نەخوێندەوارە ( )

١٣ـ ئەگەر خوێندەوارە، ئاستی خوێندنی: خوێندن و نوسین ( ) سەرەتایی ( ) ناوەندی ( )

ئامادەیی ( ) پەیمانگا ( ) زانکۆ ( ) ماجستێر دکتۆرا ( )

١٤ـ پیشەی دایک ( ) شوێنی کار ()

خوێندەوارە ( ) نەخوێندەوارە ( )

١٥ـ ئەگەر خوێندەوارە، ئاستی خوێندنی: خوێندن و نوسین ( ) سەرەتایی ( ) ناوەندی ( )

ئامادەیی ( ) پەیمانگا ( ) زانکۆ ( ) ماجستێر دکتۆرا ( )

. زانیاری ئابوری

١٦ـ ئەو خانووەی تیایدان: موڵکی خۆیانە ( ) وەرەسەیە ( ) کڕێیە ( ) چەند ژوورە ( )

١٧ـ باری دەرامەتی خێزان چۆنە: باشە ( ) مامناوەندە ( ) خراپە ( )

. زانیاری تەندروستی

١٨ـ نەخۆشی درێژخایەنی هەیە: بەڵێ ( ) نەخێر ( ) ئەگەر بەڵێ بوو، جۆری نەخۆشی .....

١٩ـ کەمئەندامە: بەڵێ ( ) نەخێر ( ) ئەگەر کەمئەندامە، جۆری کەمئەندامی .....
٢٠ـ گەشەیی جەستەیی: باشە ( ) مامناوەندە ( ) خراپە ( )
٢١ـ ئاستی بیستنی: باشە ( ) خراپە ( ) ئەگەر خراپ بوو، هۆکارەکەی دیاری بکرێت .....
٢٢ـ ئاستی بینینی: باشە ( ) خراپە ( ) ئەگەر خراپ بوو، هۆکارەکەی دیاری بکرێت .....
٢٣ـ ڕاپۆرتی پزیشکی هەیە: بەڵێ ( ) نەخێر ( )
٢٤ـ ئەگەر بەڵێ بوو، اسستنساخی ڕاپۆرتە پزیشکییەکە لەگەڵ فۆرمەکە بنێرنەوە.

. زانیاریەکانی تایبەت بەخودی قوتابی

١ـ ئاستی پرسیارکردنی چەندە؟ بەزۆری پرسیار دەربارەی چی دەکات؟ .....
٢ـ بەشێوەیەکی پاراو قسە دەکات یان گرفتی قسەکردنی هەیە؟ .....
٣ـ کات و بڕی خەوی بەشێوەیەکی گشتی لەشەوورۆژێکدا چەندە؟ .....
٤ـ تاچەندە گوێڕایەڵە لەکاتی بانگکردندا، خێرا وەڵامدەداتەوە یان درەنگ؟ .....
٥ـ بەشێوەیەکی ئاسایی داوای خواستەکانی دەکات یان بیانو دەگرێت؟ .....
٦ـ کاتێ شتێکی بۆ جێبەجێناکەن، چ ڕەفتارێک ئەنجامدەدات؟ .....
٧ـ تاچەندە گرنگی بەپاکوخاوێنی جلوبەرگ و خواردن و شوێنی نوستنەکەی دەدات؟ .....
٨ـ تاچەند پارێزگاری لە کتێب و دەفتەرەکانی دەکات سورە لەسەر پاک ڕاگرتنیان؟ .....
٩ـ ڕۆژانە چەند پارە خەرج دەکات؟ .....
١٠ـ ئەو شتانەی بێزاری دەکات و تورە دەبێت پێی چین؟ .....
١١ـ وشەی نادروست بەکاردەهێنێ؟ ووشەکان چین و لە چ کاتێک زۆر بەکاری دەهێنێ؟ .....
١٢ـ بەچ شتێک زۆر دڵخۆش دەبێت؟ .....
١٣ـ ئاستی نەرمونیانی یان توندوتیژی لەڕەفتارکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانی چۆنە؟ .....
١٤ـ ئەو یاریانەی بەزۆری حەزی لێدەکات چین؟ .....
١٥ـ تاچەند پارێزگاری لەیارییەکانی دەکات؟ .....
١٦ـ چ خواردنێک ناخوات؟ .....
١٧ـ ئەو خواردنانەی کە زۆر حەزی لێیەتی چین؟ .....
١٨ـ تاچەندە پابەندە بە ژەمەخواردنەکانەوە؟ .....
١٩ـ لەکاتی نانخواردندا جوڵەو قسەکردنی زۆرە یان لەسەرخۆو هێواشە؟ .....
٢٠ـ چ خولیاو حەزو ئارەزویەکی هەیەو لەئایندەدا حەز دەکات ببێتە چی؟ .....
٢١ـ ئاستی ژیریو تێگەیشتنی چۆنە؟ .....
٢٢ـ ئایا منداڵەکەتان ئەم جۆرە خووانەی هەبووە لەئێستاو پێشتردا؟ ئەگەر هەبوو بازنەی بەدەوردا بهێنە: (نینۆکقرتاندن، پەنجەمژین، خۆتەڕکردن لەشەودا، قژهەڵکەندن، خۆخوراندن)
٢٣ـ ئایا هیچ حاڵەتێکی ترسی تایبەتی هەیە؟ .....

٢٤. ئایا لەناو کەسوکارو کۆڵان و شوێنە گشتییەکان شەرمنە؟ ئەگەر شەرمنە وای کردووە هەقی بخورێ و قسە نەکات؟ .....

. زانیاری تایبەت بە قوتابی لەناو ماڵ و خێزانەکەیدا

١. چەند سەیری تیڤی دەکات؟ بەزۆری حەزی لە چ پرۆگرامێکە؟ .....

٢. ئاستی خۆشەویستی بۆ دایک و باوکی چۆنە؟ .....

٣. ئاستی هاوکاری کردنی لەئیشوکاری ناوماڵ بۆ دایک و باوکی چەندە؟ .....

٤. جگە لەئەندامانی خێزان هۆگری چ خزم و کەسوکارێکی خۆتانە؟ .....

٥. ئاستی خۆشەویستی بۆ براو خوشکەکانی چۆنە؟ .....

٦. لەساڵێکدا نزیکەی چەندجار دەیبەنە دەرەوە بۆ سەیرانگاو شوێنە گشتییەکان؟ .....

٧. جگە لەئەندامانی خێزانەکەتان کەسی تر لەگەڵتان دەژی؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

. ئەگەر بەڵێ بوو، کێیەو کاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵەکەت هەیە؟ .....

. زانیاری تایبەت بەقوتابی و پەیوەندی لەگەڵ هاوپۆل و هاوڕێ و خزم و کەسوکاری

١. تاچەند حەزی بەسەردانی خزمان و تێکەڵاوکردنی منداڵانی تر هەیە؟ .....

٢. ئەگەر لەباخچەی ساوایان بووە، ئایا بەئاسانی توانیویەتی خۆی بگونجێنێت؟ .....

٣. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی لەگەڵ هاوپۆلەکانی چۆنە؟ چی دەڵێت لەبارەیانەوە؟ .....

٤. جگە لەڕاپەڕاندنی ئەرکی قوتابخانە بەزۆری کاتەکانی بەچییەوە بەسەر دەبات؟ .....

٥. ئایا دایک و باوک ئاگادارن هاوڕێیەتی کێ دەکات؟ .....

٦. ئایا منداڵەکەتان خۆی توانیویەتی هاوڕێ هەڵبژێرێت یان یارمەتیدان داوە؟ .....

٧. ئایا منداڵەکەتان دەچێتە کۆڵان و تێکەڵاوی منداڵانی گەڕەک دەبێت؟ چۆن؟ .....

. زانیاری تایبەت بەقوتابی و پەیوەندیدار بەقوتابخانەوە

١. خۆی ئەرکەکانی ماڵەوە جێبەجێدەکات یان دەبێت زۆری لێبکەیت کەوانەکانی ئامادە بکات؟

٢. خۆشەویستی بۆ قوتابخانەی (.....) و مامۆستاکانی چەندە؟ چی دەڵێت دەربارەی مامۆستاکانی؟ .....

٣. ئایا بەزۆری باسی حاڵەتە خۆشەکانی قوتابخانە دەکات یان حاڵەتە ناخۆشەکان؟ .....

٤. ڕۆژانە چەند کاتژمێر سەعی دەکات؟ .....

٥. بەزۆری لەچ کاتێکداسەعی دەکات؟ بۆچی؟ .....

بەڕێوبەری قوتابخانە پسپۆڕی کۆمەڵایەتیمامۆستای ڕابەری پۆل

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن (لێرەدا ژمارە مۆبایلی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دادەنرێت)

تێبینی/ سود لەفۆرمی توێژەری کۆمەڵایەتی (سۆران ابوبکر عبدالله) وەرگیراوە لەدارشتنەوەی نمونەی فۆرمی زانیاری خوێندکاردا.

پرسیارەکان

پ١/پسپۆری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی تا چەند پێویستە بۆ بڕەودان بە کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان؟

پ١/تا چەند زانیاریت هەیە دەربارەی یەکەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان؟

پ١/ئاستی پسپۆرانی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگاکاندا چۆن دەبینیت؟

سەرچاوەکان

Bryman, A. (2012) Social research Methods, New York: Oxford university press.

David, R. (2003) School social work, Canada:John Wiley & Sons, Inc.

Lela, B. (2019) An Analysis of the tasks in School Social Work, Social Service Review, Vol. 43, No. 3, pp. 274–285.

Renee, W. (2002) Social work careers, McGraw–Hill, New York

Scott, Marshall. (2009) 'Dictionary of Sociology, Oxford:Oxford university press.

Susan F, Elizabeth M. (2003) Revitalizing the Role of Home Visiting in Schools,Children & Schools, No.4.

احمد مصطفى (٢٠٠٢) موضوعات متقدمة في الخدمة الإجتماعية، المكتب الجامعى الحديث. الاسكندرية.

عبدالرحمن الخطيب (٢٠٠٩) الخدمة الاجتماعية كممارسة تخصصية مهنية المهنية في المؤسسات التعليمية، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية.

نظيمة احمد (٢٠٠٦) الخدمة الاجتماعية المعاصرة، القاهرة ،مجموعة النيل العربية.

– کۆمەڵێک نووسەر (٢٠١٣)، ڕۆڵی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا، هەولێر ،چاپخانەی شەهاب.

هادی، اسماعیل (٢٠١٣) کێشەکانی خوێندکار، و: سەروەر کەریم و زانست زانا، سلێمانی ،چاپخانەی پەیوەند.

٤-٧ ماددە هۆشبەرەکان و شێوازی چارەسازی کەسانی ئالودەبوو لە هەرێمی کوردستاندا

لوقمان صالح کریم سیوەیلی، کرستین سۆنێنبێرگ، عمر انور کریم

پوختە:

گەرچی بە بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ هەرێمی کوردستان لە نموونەی ئێران، ماددە هۆشبەرەکان کەمترە بڵاو بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت بەردەوام ماددە هۆشبەرەکان زیاتر بڵاو دەبنەوەو ئامارو داتاکانیش ئەوە دەخەنە ڕوو کە جۆری زیاتری ماددە هۆشبەرەکان داخڵی هەرێمی کوردستان دەبێت و بەردەوامیش تەمەنی بەکاربەران بەرەو داکشان دەڕوات. واتە ئەگەر لە کۆندا کەسانی بەتەمەن و ساڵمەندان ئەم ماددانەیان بەکار هێنابێت، ئەوا لە ئێستادا ئەم ماددانە لەناو منداڵان و هەرزەکارانیشدا بەکار دەهێنرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام بڕو جۆری ماددەی هۆشبەری زیاتر داخڵی هەرێمی کوردستان دەبێت. هەڵبەتە کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، خێزانی و جوگرافی یارمەتیدەربوون لە هەرچی زیاتری بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستاندا، هاوکات سەرئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ماددانەش کۆمەڵێک لێکەوتەی لەسەر ئاستی تاک و خێزان و کۆمەڵگە لێکەوتۆتەوە.ئەم واقیعەی کە هەیە وایکردووە بەردەوام ڕێکخراوەکانی چالاکی مەدەنی بواری ماددەی هۆشبەرو لایەنە پەیوەندیدارەکان بایەخی زیاتر بەم پرسە بدەن، لەسەر بنەمای دۆزینەوەی هۆکارەکانی و دیاریکردنی جێکەوتەکانی، هەروەها کاری کۆمەڵایەتیش وەک چوارچێوەیەکی زانستی بیخاتە ناو بابەتەکانی ڕاهێنانەوەی بەندکراوان.

ئامانجی ئەم چاپتەڕەش ئاشناکردنی خوێنەرانە بە گرنگترین جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستانداو مێژووی سەرهەڵدانیان و تیۆرەکانی بەکارهێنان. هەروەها خستنەڕووی گرنگترین هۆکارەکانی

بڵاوبوونەوەی ئەم ماددانە لەسەر ئاستەکانی تاک و خێزان و کۆمەڵگە و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان، لە کۆتایی بابەتەکەشدا چەند پرسیارێک خراوەتە ڕوو .

زاراوە سەرەکییەکان: ئالوودەبووی ماددە هۆشبەرەکان ، دەرمانەکان ، خراپ بەکارهێنان ، ئالودەبوون ، چارەسەرو کارکردن بە گروپ، فەرمانگەی چاکسازی گەوران

١-ماددە هۆشبەرەکان چین ؟

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بەم شێوەیە پێناسەی ماددە هۆشبەرەکانی کردووە کە بریتییە لەهەر ماددەیەک لەلایەن بوونەوەڕێکی زیندوەوە بەکاردێت و لەهەمان کاتدا بەکارهێنانەکەی دەبێتە هۆی پەکخستنی ئەرکێک یان زیاتری ئەم بوونەوەرە زیندووە (المغربی، ١٩٨٦: ل٤٧). هەروەها بەپێی لیژنەی ماددە هۆشبەرەکانی سەر بە ڕێکخراوی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان، ماددەهۆشبەرەکان "هەموو ئەو ماددە خاو و ئامادەکراوانەن کەتایبەتمەندی وریاکەرەوە و ئازارشکێنیان تێدابێت و بەکاربهێنرێت جگە لەبواری پزیشکی و پیشەسازی سودبەخش، کە باری ڕاهاتن دروست دەکەن لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوەو زیان بە تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنن" ئەم مادانەش بریتین لە هێمنکەرەوەکان(depressants) ، هەڵوەسەهێنەرەکان (hallucinogens) ، وریاکەرەوەکان (stimulants). بەگشتی ئەم مادانەش لە ڕووی سروشتی پێکهاتەوە پۆلێنبەندی کراون بۆ سێ جۆر کە بریتین لە:

- **ماده هۆشبەرە سروشتییەکان،** کە راستەوخۆ لە ڕووەکەکانەوە وەردەگیرێن و مادەی هۆشبەریان تێدایە، وەک حەشیش و ئەفیون و کۆکاین و قات.
- **ماده هۆشبەرە پاڵفتەکراوەکان،** ئەو ماده هۆشبەرانەن کە لەماده و درەختە سروشتیەکان وەردەگیرێن، بەڵام چڕییەکەیان زیاترە و کاریگەرترن لەسەر مرۆڤ. لەوانە مۆرفین کە لەمادەی ئەفیون وەردەگیرێت و لەو بەهێزترە. هەروەها هیرۆین کە لەمۆرفین وەردەگیرێت و بەڵام لە مۆرفینەکە بەهێزترە.

• **مادە هۆشبەرە دروستکراوە کیمیاییەکان،** ئەو ماددانەن کە بەهۆی کارلێکی کیمیاویەوە بەرهەم دەهێنرێن، هەموو قۆناغەکانی دروستکردنیان لەکارگەدا بڕیوە و هیچ جۆرێکی هۆشبەرە سروشتیەکانیان تیادا نییە وەک: هەڵوەسکارەکان، ئەمفیتامینەکان، باربیتۆرەکان، کپتاگۆن (سیوەیلی، ٢٠١١: ل٥٢).

هەڵبەتە ماددە هۆشبەرەکان بەپێی پۆلێنبەندی دەکرێت پێناسە بکرێن بەوەی بریتین لە هەر چەشنە ماددەیەکی خاو یان ئامادەکراو لەجۆری (وڕێنەبەخش، ئارامبەخش، چالاکیبەخش)، دوور لەڕێنمایی پزیشکی و بەکارهێنانی بەردەوامی دەبێتە هۆی ئالودەبوونی (جەستەیی، دەروونی) یاخود هەردووکیان، دواجاریش بە زیان دەشکێتەوە بۆ سەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە. بەپێی یاسای ژمارە (٦٨)ی ماددەهۆشبەرەکانی عێراقی ساڵی ١٩٦٥ی هەموارکراو لێپێچینەوەی یاسایی لەسەر دەکرێت (سیوەیلی، ٢٠١١: ل٣٤).

بەگشتی بەکارهێنەری ئەم مادانە ئالوودە دەبن و خوویان پێوەدەگرن بەجۆرێک کە ناتوانن دەستبەرداری ببن و وازی لێ بهێنن، سەرەڕای کاریگەری خراپی لەسەر باری تەندروستی، کۆمەڵایەتی و ئابووریان. ئالوودەبون بە ماددە هۆشبەرەکان یەکێکە لە هەرە کێشە گەورەکان بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت، بەو پێیەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە لەجیاتی بایەخ و پەرەپێدانی بواری تەندروستی، خوێندن، پیشەسازی، ژینگە و بەرفراوانترکردنی کاروبار و چالاکی لاوان و گرنگیدان بەژیان و گوزەرانی منداڵ و خێزان، ناچارە خەرجییەکی زۆر بکات لە توانا مادیی و مرۆییەکان لەپێناوچارەسەرکردنی دیاردەی ئالوودەبوون، لەڕێگەی کردنەوەی سەنتەر و ناوەندی چارەسەرکاریی ماده هۆشبەرەکان و بەندیخانەو شوێنی تایبەت بۆ چارەسەرکردن. ئەمەش بێ گومان دەبێتە ئەرکێکی گەورە لەسەر کۆمەلگە.

بەپێی یاسای ماددەهۆشبەرەکانی عێراقی ژمـارە ٦٨ی ساڵی ١٩٦٥ی هەموارکراو لە مادەی (١٤/دووەم)دا هاتووە کە بەکارهێنان (کێشان و خواردنی) مادەی هۆشبەر بەتاوان هەژمارکراوەو لەڕووی گەورەییەوە بە کەتن (الجنح) دەژمێرێ بە بەندکردنی توند کە ماوەکەی لە (٣ ساڵ) کەمتر نیە و لە (١٥

ساڵ) زیاتر نیە سزادەدرێ. هاوکات لەگەڵ بەندکردن بە پێبژاردن (غەرامە) ش سزا دەدرێ و بڕی غەرامەکە بەپێی حاڵەتەکان دەگۆڕێت، واتە زیاد و کەم دەکات. بەڵام سزاکە بۆ بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر زۆر قورستر و توندترە و هەر بەپێی مادەی (١٤/یەکەم/ب) ،لە هەمان یاسای ئاماژەبۆکراو لەسەرەوە، بەتاوانی گەورە (الجنایات) هەژمار دەکرێ و بەسزای لەسێدارەدان یاخود زیندانیکردنی هەتاهەتایی، کە لەهەموو حاڵەتێکدا ماوەکەی لە (٢٥ ساڵ) زیاتر نیە، بەند دەکرێ هەروەها دەستدەگیرێت بەسەر هەموو ماڵک و موڵکی گواستراوە و نەگواستراوەی تاوانباردا.

٢-هەنگاوەکانی ئالوودەبوون

دەکرێت هەنگاوەکانی ئالوودەبوون بەهەڕەمێک بەراورد بکرێت هەروەک لێرەدا خراوەتە ڕوو:

هەرەمی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان (ئەڵاینسس، ٢٠٠٦: ل١٩)

• **لە کۆتایی خوارەوەی بازنەکەدا خۆگرتنە** Abstention ئەمە بە مانای ئەوە دێت کەسەکە لە هیچ هەلومەرجێکدا و بە هیچ جۆرێک بە کارهێنانی نییە.

• **تاقیکردنەوە** Experimentation: بەمانای بەکارهێنان دێت وەک حەزکردن بە زانین واتە فزوڵیەت، بەبێ ئەوەی هەڵسوکەوتی گەڕان بە دوای مادەکاندا بەدوایدا بێت، یاخود زووزوو بەکاری بهێنێت.

• **بەکارهێنان لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا/ رابواردن** Social/Recreational Use: واتە بەکارهێنانی ماددە بەشێوەی پچڕپچڕ و بەردەوام نەبوو، هەڵسوکەوتی گەڕان بەدوای ماددەکاندا Substance هەیە بەڵام نەبۆتە شێوازێکی جێگیرو دووبارەبوەوە. ئەو کەسانە دەزانن لەکوێ ئەوانەی دیکە دەدۆزنەوە کە بەکاریدەهێنن. لەکوێ ئەوانەی دەیانەوێت بەکاری بهێنن بیدۆزنەوە ئەو کاتانەی کە دەیانەوێت بحەسێنەوە، یاخود هەست بە خۆشی و شادی بکەن، ئەم کەسانە دەتوانن بەکاری بهێنن یاخود وازی لێ بهێنن.

• **خووپێوەگرتن** Habitation: ئەمەش بەواتای دروستبوونی شێوازی دووبارەبوونەوەی بەکارهێنان بەبێ بوونی هیچ دەرئەنجامێکی گەورەی خراپ. خەڵکی بەردەوام دەبن لەسەر بەکارهێنان لەو کاتانەشدا کە چیتر خۆشی لە کاریگەرییەکانی نابینن، لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکی شارەزای دیکە بەکاردەهێنن تاوەکو یارمەتییان بدات لە خۆگونجاندن و هەستکردن بە باشتر بوون.

• **خراپ بەکارهێنان**Abuse: لەم خاڵەدا خەڵکی بەردەوام دەبن لەسەر بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان سەرەڕای دەرئەنجامە خراپەکانیان.

• **ئالوودەبوون** Dependence: لەم خاڵەدا خەڵکی بەناچاری بەکاری دەهێنن. ناتوانن بە کارهێنان رابگرن. بەشێکی سەرەکی ژیانیان باش بەڕێوەناچێت بەهۆی بەردەوامی بەکار هێنانەوە (ئەڵاینسس، ٢٠٠٦: ل١٩) .

٢-١ گرنگترین نیشانەکانی خراپ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە قۆناغی خراپبەکارهێنان و ئالوودەبووندا:

کۆمەڵێک نیشانە هەن کە وادەکەن خراپ بەکارهێنەرو ئالودەبووانی ماددەهۆشبەرەکان بەشێوەیەکی گشتی پێی بناسرێنەوە، لە گرنگترین ئەو نیشانانە:

• شکستهێنان لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانە، لە شوێنی کار، قوتابخانە یاخود ماڵەوە، بەهۆی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە. لە نموونەی دوبارەبوونەوەی ئامادەنەبوون لە قوتابخانە یان نزمی ئاستی کارکردن، فەرامۆشکردنی ماڵ و منداڵ، دەستکێشانەوە لە ئیشوکار و دەرکردن لە قوتابخانە.

• دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لەو حاڵەتانەی کە مەترسیدارن بۆ سەر جەستە، وەک لێخوڕینی ئۆتۆمبێل یاخود ئیشپێکردنی ئامێڕێک لەوکاتەدا کە لە ژێر کاریگەری ماددە هۆشبەرەکاندایە.

• کێشە یاساییە پەیوەندیدارەکان بەدووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، لەوانەش گرتن و بەندکردن بەهۆی توندوتیژی خێزانیی، یاخود ئەنجامدانی هەڵسوکەوتە نارێکەکانی پەیوەندیدار بە ماددە هۆشبەرەکانەوە.

• دووبارەبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوان تاکەکان، بەهۆی کاریگەریی ماددەهۆشبەرەکانەوە، وەک دەمەقاڵێ لەگەڵ هاوسەردا، شەڕکردنی جەستەیی. نیشانە راستەقینەکانی خراپ بەکارهێنان هەرلەسەرەتاوە پەیوەندی دەبێت بە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییە خراپەکانەوە. بەڵام ئالوودەبوون لەسەر ماددە هۆشبەرەکان بەکاریگەرییە کۆمەڵایەتی و جەستەییە خراپەکان دەستنیشان دەکرێت ، لەوانەش:

o بەرگەگرتن Tolerance: بریتیە لەپێویستی بەبڕی زیادکراو لە ماددەکە بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر بۆ گەیشتن بەحاڵەتی مەستی، یان کاریگەرییەکی ئارەزوکراو یاخود لەناوچوونی کاریگەریەکە بەشێوەیەکی بەرچاو، بەهۆی بەردەوامبوون لەبەکارهێنانی هەمان بڕ لە مادەکە.

o کشانەوە Withdrawal: لەکاتی کشانەوە لە ماددەیەکی تایبەت، کەسەکە دوچاری نیشانەی جەستەیی تایبەت دەبێت، دوای راگرتنی کتوپڕی بەکارهێنان. زۆربەی کات کەسەکە چارەسەرکردنی ئەم نیشانە خراپانە بە بەکارهێنانی ماددەکە یان ماددەی پەیوەندیدار دەکات، بۆ نموونە لەوانەیە ئەم کەسە بڕێک ئەلکهول بخواتەوە.

o بەسەربردنی کاتێکی زۆر بۆ دەستکەوتنی ماددەکە، لەوانەیە کەسەکە هەندێک شت بکات، وەک سەردانیکردنی چەند پزیشکێک بۆ ئەوەی رەچەتەی دەرمانی دەستبکەوێت، یاخود بە سەیارە دەچێت بۆ شوێنی دوور بۆ ئەوەی ماددەکەی دەستبکەوێت.

o وازهێنان یاخود کەمکردنەوەی چالاکی گرنگی کۆمەڵایەتی و پیشەیی یاخود خۆش بەهۆی بەکارهێنانی ماددەکانەوە.

o بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان بەردەوام دەبێت، سەرەڕای ئەوەی دەزانێت لەوانەیە کێشەی دەروونی، جەستەیی و دەروونی بەردەوام دووبارەبوو بەهۆی ماددەکەوە دروست بووبێت، یاخود بەرەو خراپتری بردبێت (ئەڵاینسس، ٢٠٠٦: ل٢٠-٢١).

هەروەک لەسەرەوە ڕوونکراوەتەوە ئالوودەبوون ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، دەروون کۆمەڵایەتی و جەستەییش دەگرێتەوە، بەتایبەت لەسەر ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونـی کاریگەری هەیە لەسەر خراپ بەکارهێنەران و ئالودەبووان، لەبەرئەوە کۆمەڵکار دەتوانێت پاڵپشتی خۆی لەو بارەیەوە پێشکەش بکات، هەڵبەتە ئەمەش لەڕێگەی تیمە فرەپسپۆڕییەکانی ترەوە بەهاوبەشی ئەم کارە ئەنجام دەدەرێت، بەهۆی ئەوەی ئالودەبوون کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی تاک هەیە، ئەمەش لەچارەسازی (ڕێکخراوی وچاون)دا کە لە کۆتایی بابەتەکەدا خراوەتە ڕوو، ڕوونکراوەتەوە.

٣-پوختەی مێژووی سەرهەڵدانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا

مێژووی بەکارهێنانی مـاددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان بە دیاری کراوی تۆمار نەکراوە. بەشێوەیەکی گشتی (بێرنارد هیوس) پێی وایە، بەنگ، واتە حەشیش، لەلایەن ئێرانەوە گواستراوەتەوە بۆ باکوری عێراق (هەرێمی کوردستان) لەسەردەمی عەباسیەکاندا (هیوث، ١٩٧٧: ل٤٦). لە قۆناغەکانی دواتـرداو لەسەردەمی رەزای شای ئێراندا لە ساڵی ١٩٢٠ زیاتر لە کوردستانی رۆژهـەڵات بڵاوبویەوە لەوێشەوە گواسترایەوە بۆ هەرێمی کوردستان. دواتر لەئەنجامی نسکۆی شۆرشی کورد، لە ساڵی

١٩٧٥، بەشێک لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئاوارەبوون بەرەو ئێران و لەوێ فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بوون. هەروەها لە دەرئەنجامی ئاوارەبوونی زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لە ساڵی ١٩٩١ ژمارەی زۆری دانیشتوان ڕوویان لە ئێران کردو لەوێ فێری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بوون (سیوەیلی، ٢٠١١: ل١١٥). دواتر کە گەڕانەوە هەرێمی کوردستان بەشێک لەم کەسانە بە تایبەت لە ڕەگەزی نێرینە فێری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بوون. لە ساڵی ٢٠٠٣ دوابەدوای روخانی رژێمی بەعس لە عێراق سنورەکانی باشوری هەرێمی کوردستانیش کرانەوە بەرەو ڕووی بە قاچاخ هێنانی ماددە هۆشبەرەکان. بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان بە ئاقارێک گەیشت کە لە ٢٠٠٦/٦/٢٦ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش/ هۆبەی ماددە هۆشبەرەکان پێکهێندراو تاکو ئێستا لە کارەکانیان بەردەوامن. هاوکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنیش چەندین ڕێکخراو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان پێکهاتن (سیوەیلی، ٢٠١١: ل١٠٩-١١٩). ئەگەرچی (فرسەت دۆڵەمەڕی) لەساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی بەکاربەرانی ماددە هۆشبەرەکانی لە هەرێمی کوردستان بەنزیکەی ١٠٠٠ کەس خەملاندووە، بەڵام لەقۆناغی ئێستادا ژمارەکان زۆر لەوە زیاترن، لەگەڵ ئەوەی ئامارێکی دروست لەم بارەیەوە بەردەست نییە. شیاوی ئاماژەیە لەو ماددانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر بڵاون بریتین حەشیش و تلیاک و هێروین و لە ماددە دەستکردەکانیش بریتین لە ترامادۆل و سۆمادرین و دیازپام و ئارتین .. هتد (سیوەیلی، ٢٠١١: ل١٢٤-١٢٥).

٤-هۆکارەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە وایان کردووە ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو ببنەوە و لە ڕووی مێژوویەوە بەشێک لەو هۆکارانە خراونەتە ڕوو، لێرەشدا گرنگترین هۆکارەکانی بڵاو بوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان دەخەینە ڕوو:

• **هۆکاری سنوری جوگرافی:** سنورو پێگەی جوگرافی ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پرسی خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکاندا. یەک لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی ماددە هۆشبەرەکان بریتیە وڵاتی ئەفغانستان. دیارە ئەو وڵاتانەی کە دراوسێی ئەم وڵاتە بەرهەمهێنەن زیاتر دەکەونە بەر مەترسی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان. بۆ نموونە ناوچە سنورییەکانی ئێران لە نموونەی سیستان و بلوجستان و خۆراسان لەگەڵ ئەفغانستان زیاتر کەوتونەتە بەر مەترسی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانەوە (احسان، ٢٠٠٤: ل٦٩). ئەوەی بەسەر ئێراندا دەچەسپێت بۆ هەرێمی کوردستانیش راستە. هاوسێ بوونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێراندا وایکردووە ئەم ماددە لە سنورەکانەوە بە شێوەی قاچاخ داخڵی هەرێمی کوردستان ببن. ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیش بەشێک لەدەرمانە هۆشبەرەکان لە سنورەکانی حکومەتی عێراقی ناوەندییەوە بەرەو هەرێمی کوردستان بە شێوەی قاچاخ بەرێ دەکرێن، تەنانەت بوونی ئەم سنورانە وایکردوە هەرێمی کوردستان تا رادەیەک ببێتە ناوچەی ترانزێتی مادەهۆشبەرەکان بەرەو وڵاتانی دی.

• **هۆکاری سیاسی:** بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوەی، بێ مەبەست و مەرامی سیاسی نییە و کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی لە پشتەوەن (محمد، ٢٠٠٨: ل٢٢٨)، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت گەنجان ئالوودەبکرێن. لەم بارەیەوە (قادر یاسین) سەرۆکی ناوەندی لەناوبردنی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگای دهۆک و (جەلال ئەمین بەگ) بەرپرسی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، ئاماژەیان بەوە داوە کە هەندێ وڵات دەیانەوێت هەرێمی کوردستان ئالودە بکەن. هاوکات بەدووری نازانن کە ئەم کارە جێدەستی وڵاتانی دراوسێی تێدا بێت (سیوەلی، ٢٠١١: ل١٨١).

• **هۆکاری کۆمەڵایەتی:** بوونی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە و فشارە دەروونی و عەقڵیەکان و کارەسات و کێشەکانی ژیان وا لە هەندێک کەس دەکات کە بێهیوا ببن لە دەربازبوون لەو گرفتانە و ئەمەش وایان لێدەکات پەنا بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ببەن (جرجیس، ٢٠٠٢: ل٥٤).

• **هۆکارە خێزانییەکان:** لەنموونەی پیادەکردنی ڕەفتاری توندوتیژ لە خێزاندا. ئەمەش وادەکات لە هەندێک باردا منداڵ لە ژینگەی خێزانی خۆی رابکات و

بچێته ناو گروپی هاوڕێیانەوەو لەوێ دوچاری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بێتەوە، یاخود وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە باوانی ماددەهۆشبەرەکان بەکاربهێنێت. هەروەها پشتگوێ خستنی پـەروەردەی منداڵیش بە هەمان شێوە. (لیسێڵ باوم) پێی وایە پەیوەندی هەیە لە نێوان لاوازی چاودێری خێزانی لەسەر منداڵەکان لەکاتی چوونە دەرەوەیان بۆ قوتابخانە و دووچاربوونیان بە ماددە هۆشبەرەکان (شابرول، ٢٠٠١: ل٧٦).

• **هۆکارە دەروونییەکان:** چاولێکەری، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وادەکات ماددەهۆشبەرەکان زیاتر بەکاربهێنرێن، بە تایبەتی کاتێک باوان لەناو ماڵەکانیاندا ماددە هۆشبەرەکان بەکاربهێنن، ئەوا منداڵەکانیش لێیانەوە فێر دەبن، لەساڵی ١٩٩٦ ئامارێکی شاری یەزدی ئێران دەریخست کە ڕێژەی (٥٧,٤٪) ی ئـەو کەسانەی ئـالـوودەی مـادە هۆشبەرەکان بـوون لە ناو خێزانەکانیاندا کەسێکی خراپ بەکارهێنەر هەبووە (احسان، ٢٠٠٤: ل٢٥). هاوکات چاولێکەری گروپی هاوڕێیانیش یەکێکە لەو هۆکارە بەهێزانەی کە وادەکـات بە تایبەت هـەرزەکـارو گەنجان فێری بەکارهێنانی مـاددە هۆشبەرەکان ببن. دەکرێت بڵێین فێربوونی بەکارهێنان دۆزی یەکەمی ماددە هۆشبەرەکان بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە نییە، بەڵکو بەهۆی هاوڕێی خراپ و لەڕێگەی هاندان و حەزی زانینەوە بە تایبەت هەرزەکاری پێ لە خشتە براوە (فاید، ٢٠٠٦: ل١٥٤). ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێکی ئەم چاولێکەریانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و نیشاندانی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لەناو فیلم و دراماکاندا. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لێکۆڵینەوەیەک دەریخستووە کە ڕێژەی ٢٢٪ ی فیلمەکان و ١٨٪ ی گۆرانییەکان تیایدا ماددەی هۆشبەر بەجۆرێک لە جۆرەکان نمایش دەکرێت (پژوهشگدە، ٢٠٠٣: ل١٧).

• **هۆکارە پزیشکییەکان:** زیاتر مەبەست لێی دەرمانە پزیشکییەکانە، کە لەوانەیە مەترسی ئالودەبوون یاخود خراپ بەکارهێنان زیاد بکات. لە نموونەی ئەو دەرمانانەی کە ئازار شکێنن، یاخود ئەو دەرمانەنەی کە خەو زیاد دەکەن و پزیشکی تایبەت بۆ نەخۆشی دەینوسێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەڵام نەخۆشەکان لەهەندێک باردا دەچن دووبارە ئەو دەرمانانە دەکڕنەوە یاخود

ڕەچەتەکان تەزویر دەکەن بۆ ئەوەی دەرمانی زیاتر بکڕن و بەم شێوەیەش بەردەوام دەبێت. لە هەرێمی کوردستاندا پێدانی ئەم جۆرە دەرمانانە بەبێ ڕەچەتەی پزیشکی کارێکی نایاساییە.

٥-تیۆرەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان

کۆمەڵێک تیۆری جیاواز هەن کە شیکاری هۆکارەکانی خراپبەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەکەن، لە گرنگترینیان:

- **تیۆری ڤایلانت** Vaillant

ئەم تیۆرە خراپبەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان دەبەستێتەوە بە ئاستەجیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤەوەو وایدەبینێت کە ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی زیاتر پەیوەستە بەئاستی تەمەنەوە. مرۆڤ لەتەمەنی هەرزەکاریدا زیاتر ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات بۆ نموونە خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و بەساڵاچوندا ئەم ڕەفتارانە کەمتر دەبنەوە. لەلایەکی دیش لەگەڵ گەورەبوونی مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیەوە بۆ تەمەنی هەرزەکاری و گەنجی، تواناکانیشی (توانای جەستەیی) زیاد دەکەن. بەڵام لەتەمەنی پیریدا ئەم توانایانە کەم دەکەن. بەشێک لە مرۆڤەکان لەتەمەنی پیریدا و بۆ قەرەبووکردنەوەی توانای لەدەستچوو پەنا بۆ ماددە هۆشبەرەکان دەبەن (چارلز ئەی و ئەوانی دی، ٢٠٠٤: ٦٠-٦١).

- **تیۆری دەروونشیکاری**

ئەم تیۆرە وایدەبینێت هۆکاری سەرەکی خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حەزو نەشوە دەروونییەی کە مرۆڤ دەیەوێت پێی بگات، یاخود بۆ کەمکردنەوەی نائومێدیی فشارە دەروونییەکانی مرۆڤ پەنا بۆ ئەم ماددانە دەبرێت. واتە لەکاتێکدا مرۆڤەکان کۆمەڵێک خەون و هیوایان هەیە دەیانەوێت بەدەستی بهێنن، بەڵام لە بەدەستهێنانی شکست دەهێنن. لەم بارەدا وەک قەرەبووکردنەوە پەنا بۆ ماددە هۆشبەرەکان دەبەن و تارادەیەکیش خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەبێتە گوزارشت لە ونبونی بەها کۆمەڵایەتییەکان (الغریب، ٢٠٠٦: ل٧٢).

- **تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی**

ئەم تیۆرە لێکیدەداتەوە کە هیچ کەس بە ئالوودەبوویی لە دایک نابێت، بەڵکو خراپبەکارهێنان زادەی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، بەتایبەت مرۆڤ لە تەمەنی هەرزەکاریدا زیاتر کاریگەرە بە گروپی هاوساڵەکانی خۆیەوە Peer Group . هەریەک لە زانایان (ئۆتینگ و بوالیس) پێیان وایە کە ئەم گروپی هاوڕێیانە بەرپرسی یەکەمن لە کێشەی خراپبەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوەو دەکەونە ژێر کاریگەری فێربوونی کۆمەڵایەتی (سیوەیلی،٢٠١١: ل١٩٧-١٩٨).

- **تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی**

ئەم تیۆرە وایدەبینێت کە خراپبەکارهێنان و ئالوودەبوون بەماددەهۆشبەرەکان لادانە لە نۆرمە باوەکانی کۆمەڵگە و گوزارشت لە بوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات. بەو واتایەی لە کوێدا ماددەهۆشبەرەکان بڵاوبوویەوە ئەوا لەو شوێنەدا کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی هەیە (العواد، ٢٠٠٢: ل٧٤). هەڵبەتە بەپێی لێکدانەوەی کۆمەڵناسی فەرەنسی (ئیمیل دۆرکهایم) لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی لاوازبوونی ویژدانی گشتی و لێکترازانی نۆرمەکان، کاتێکیش کاریگەری هەستی گشتی لاواز بوو لەسەر تاک، ئەوا لادانی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات، لە نموونەی خراپبەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان (ستودە، ٢٠٠٥: ل١١٥).

٦-شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ خراپ بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددەهۆشبەرەکان

بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان ویستراوە لە دوو ڕێگەی سەرەکییەوە بەرەنگاری بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بکرێت ئەوانیش بریتین لە:

- بەهێزکردنی هێڵی بەرگری وشیاری تاکەکان، سەبارەت بە زیانەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و ئەنجامدانی چەندین کۆڕو سیمینار، بەتایبەت

لە قوتابخانە ناوەندیی و ئامادەیەکاندا. هەروەها لە سەنتەری شارەکان و ناوچە سنورییە دوورە دەستەکان لە ڕێگەی دەستەی پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە ماددە هۆشبەرەکان و هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش. لەم کۆڕو سیمینارانەدا خوێندکاران و بەڕێوەبەری قوتابخانەو ستافی مامۆستایان ئامادەی سیمینارەکان دەبوون و وشیار دەکرانەوە لەسەر چۆنیەتی زانین و بڵاوبوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان و نیشانەکانی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم کۆڕو سیمینارانە نەدەگەیشتە هەمو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەموکورتیانەش هەندێک چاوپێکەوتنی میدیایی لە کەناڵە میدیاییەکاندا ئەنجام دەدران بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی خراپبەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و ئالوودەبوون پێوەی. لەسەر ئاستی فەرمانگەی چاکسازیش ساڵانە کۆرو سیمیناری تایبەت ئەنجامدراوە سەبارەت بەزیانەکانی خراپبەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لەڕووی تەندروستی، دەروونی، خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە.

• لەسەر ئاستی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی کەسانی خراپبەکارهێنەرو ئالوودەبوو، جێگەی سەرنجە تاکو ئێستا خراپ بەکارهێنەران و ئالودەبووانی ماددەهۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان وەک تاوانبار دێنە ئەژمارو حوکمی یاسایی خۆیان وەردەگرن و زیندانی دەکرێن. لەگەڵ ئەوەی کە لەئێستادا هەوڵێک لەئارادایە بۆ لادانی ئەو بڕگە یاساییانەی کە خراپبەکارهێنەرو ئالوودەبووان وەک تاوانبار سەیر دەکات و داخڵی زیندانیان دەکەن و پاش ئەوەی کە (سزادراو و دانراو) بەپێی یاسا و بەبڕیاری دادوەر سزای بەندکردنیان بەسەردا دەسەپێنرێ، دەنێرێنە نێو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان تا ماوەی زیندانکردنەکەیانی تێیدا تەواو بکەن و تێدا بخرێنە بەردەم دووبارە پڕۆسەی شیاندنەوە. لەناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا هۆبەیەکی تایبەت هەیە بە پێشوازیکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بەندیە نوێیانەدا و بەناوی (هۆبەی پێشوازی) کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت. هەر لەم بەشەدا لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی یاخود کۆمەڵکار

لەڕێی پڕکردنەوەی فۆرم و دۆسیەی کۆمەڵایەتیەوە زانیاری پێویستیان لەسەر وەردەگیرێت و دۆسیەی کۆمەڵایەتیان بۆ پڕدەکرێتەوە. پاش ئەوەی بەپێی مادەی یاسایی و حوکمی یاساییەکەی یاخوود (تەمەن و ڕەگەزەکەی) لەچاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان پۆلێن دەکرێت و دەنێردرێت بۆ بەشی تایبەت و لەوێ توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی یاخود کۆمەڵکاری تایبەت دەیانبینێ. ئەگەر دەرکەوت (سزادراو - دانراو) لەژێر کاریگەری مادەی هۆشبەر و بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر بوو، ئەوا توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی (توێژەری تایبەت بە بەشەکەی) بەمەبەستی ئاست و جۆری ئالودەبوون و ڕێکاری چارەسەری ئاڕاستەی (پزیشکی دەروونی یا خوود چارەسەرکاری دەروونی) دەکات. ئەم ئاڕاستەکردن و ناردنەش لەکەرتی حکومی لەناو مەڵبەندە تەندروستیەکان یاخوود لەنێو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی یاخوود لەڕێگەی ئیحالەکردنیەوە بۆ (سەنتەری نەخۆشیە دەروونیەکان)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیەوە پزیشکی پسپۆری دەروونی ئالوودەبوو دەیبینێت.

هەندێک جار توێژەری تایبەتی بەندکراو کەیسەکەی ئاڕاستەی ڕێکخراوی تایبەتمەند بە ئالوودەبوان و نەحۆشی دەروونییەکان دەکات، کە پسپۆرەکانیان دەنێرنە نێو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان و بەرنامە و مانوێڵی تایبەتیان بە چارەسەرکاریان هەیە بۆ ئالودەبووان لەنێو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکاندا پەیڕەوی دەکەن و ڕێگەپێدانی فەرمیان هەیە بۆ ئەم کارەیان. کارەکانی ئەم ڕێکخراوانانە لەڕێگەی (گروپین یاخود کەیسی تاکەکەسی)ەوە کاریان لەگەڵ دەکەن و بەشداریان پێدەکەن لە ڕێکاری چارەسەرکاریدا. هۆکاری سەرەکی ئەمەش کە ڕێکخراوەکان ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆ دەگەڕێتەوە بۆ کەمی پزیشکی دەروونی و چارەسەرکاری دەروونی. تەنانەت لە زۆرێک لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا پزیشکی دەروونی تایبەت بەم بەڕێوەبەرایەتیانە نەبوو تا ئەم چەند ساڵەی پێشوو. کە هەندێ جار ژمارەی بەندکراوان لەسەر و (١٤٠٠) بەندکراو بووە.

٦ -١ قۆناغەکانی چارەسەرکاری و وازهێنان لە ماددە هۆشبەرەکان

بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا هیچ نەخۆشخانەیەکی تایبەت نییە بە وازهێنان لە ماددەهۆشبەرەکان و خراپبەکارهێنان. ئەوەی هەیە لەناو نەخۆشخانەکاندا بەشێکی تایبەت هەیە بە شڵەژانە دەروونییەکان و کەسی بەکاربەری ماددەهۆشبەرەکان و لەو بەشەدا دەمێنێتەوە. لە حاڵەتێکدا پزیشکی دەروونی ئیحالەی کردبێت، وەگەر نا هەرکەس بەکاربەری ماددە هۆشبەرەکان بێت لەلایەن هۆبەی ماددەهۆشبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشەوە دەستگیر دەگرێت و دواتر حوکمی یاسایی خۆی وەردەگرێت و زیندانی دەکرێت. هەڵبەتە چارەسەرکردنی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان دەکەوێتە سەر ئاستی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و ئەو قۆناغەی کەتێیدایە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

• **ڕێگریکردن** Prevention: کاتێک کەسەکە خوگر دەبێت بە ماددەهۆشبەرەکانەوە، ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە ڕێگری بکرێت لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یاخود پەرەسەندنی بۆ ئاستێک کە کێشەی زیاتر بێت، بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیان بەرکەوتن، تاکتیکە ترسێنەرەکان، بەرنامەکانی زانیاری لەسەر ماددەکان، بەرنامەکانی بەرگەگرتن، بەرنامەکانی بونیاتنانی شارەزاییەکان...هتد، ڕێگریکردن دەکرێت بە چەند قۆناغێکەوە:

• **ڕێگری سەرەتایی،** ئامانجەکەی ڕێگرتنە لە تاقیکردنەوەو بەکارهێنان لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا لە نمونەی برەودان بە خۆگرتن یان بەکارنەهێنان. یارمەتی گەنجان بۆ فێربوونی رەتکردنەوەی ماددەکان. دواخستنی تەمەنی یەکەم بەکارهێنان بە تایبەتی بۆ ماددە یاساییەکانی وەک ئەلکحول و جگەرە، هاندانی جێگرەوە تەندروستەکان کە دەرمان نین .

• **ڕێگرتنی پلە دوو** Secondary Prevention: هەوڵی راگرتنی بەکارهێنانی دەرمان دەدات لە سەرەتای دەستپێکردنییەوە ئەویش لەڕێگەی ڕۆشنبیرکردن، دەسوەردانی چارەسەری، بونیاتنانی شارەزایی.

• **ڕێگرتنی پلە سێ**Tertiary Prevention: زۆربەی کات ئەم شێوە لە شێوەکانی چارەسەر کردن هەوڵدەدات بۆ راگرتنی زیانی زیاتر کە بەهۆی بەکارهێنانی ماددەکانەوە دروست بووە. هانی چاکبوونەوە دەدات و بۆ بەرەو پێشبردنی شێوازی تەندروستی ژیان.

• **دەسوەردانی کورت** Brief Interventions: ئەمە دەکرێت جۆرەها شێوازی بەکەڵک بێت، بەڵام زۆربەی جار ئەوکاتە دەناسرێت کە کەسەکە لەسەر پێوەرەکە بەشی بەکارهێنان لە بۆنە کۆمەڵایەیەتییەکاندا/ رابواردن یاخود بەشی ڕاهاتنە. ئەم دەسوەردانەش وەک دەستەبەرکردنی ڕۆشنبیریەکی دەروونی و بەهێزکردنی شارەزاییە سەرەکییەکان. لەم قۆناغەدا هەندێک لەم چارەسەرانە دەدرێت:

• دەسوەردانە چارەسەرییەکانی کەمکردنەوەی زیانی بەرکەوتن
• بەهێزکردنی شارەزاییەکانی خۆگونجاندن
• فەراهەمکردنی ڕۆشنبیری دەروونی سەبارەت بە چۆنیەتی کشانەوە لە ماددە هۆشبەرەکان و وازهێنان لێی.

• هەڵسەنگاندن وردی کاریگەریە نێگەتیڤەکان ماددە هۆشبەرەکان لە بوونی مرۆیی خراپی (ئەڵاینسس، ٢٠٠٦: ل٢٨).

• **چارەسەرکردنی تایبەتمەند** Specialized Treatment: ئەم جۆرە چارەسەرکردنە ئاستێکی قوڵەو بۆ خراپ بەکارهێنەران و ئالودەبووان بەکاردەهێندرێت، لەنموونەی چاودێری پزیشکی بۆ راگرتنی بەکارهێنان و خۆگونجاندن لەگەڵ نیشانەکانی کشانەوە (ئەڵاینسس، ٢٠٠٦: ل٢٥). شیاوی ئاماژەیە لەهەرێمی کوردستان و لەلایەن ڕێکخراوی هارتلاندەوە و نزیکەی ١٠ ساڵ لەمەوبەر ئەم جۆرە چارەسەرکردنە بەکارهاتووە لەگەڵ هەندێک حاڵەتدا کە لەبنەڕەتدا بیرۆکەی وەزارەتی تەندروستی و خزمەتە مرۆییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

شیاوی باسە تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان مانوێڵێکی ستاندەرد نییە کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی یاخود وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی داندرابێت. بەڵکو ئەمەی هەیە لە شێوازی چارەسەر دەکەوێتە سەر ئەو

ڕێکخراوەی کە لەگەڵ زیندانیەکاندا کاریان کردووە. هاوکات لە دەرەوەی زیندانەکان وەرگرتنی شێوازی چارەسەر کارێکی ئاسان نییە، بەهۆی ئەوەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان وەک تاوانبار سەیر دەکرێن لە ڕووی یاساییەوە گەر ئاشکرا ببن ئەوان دەستگیر دەکرێن. یەک لەو ڕێکخراوانەی کە لە ئێستادا و لە سنوری پارێزگای سلێمانی کاری چارەسازی دەکات لە بواری وازهێنان لە ماددەهۆشبەرەکان لە فەرمانگەی چاکسازی بریتییە لە ڕێکخراوی وچان.

٦-٢ ئەزموونی ڕێکخراوی وچان لە بواری چارەسازی ئالودەبووانی ماددەهۆشبەرەکاندا

ڕێکخراوی وچان بۆ قوربانیانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ، ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی مافی مرۆڤە، کاردەکات بۆ چارەسەرکردن و ڕاهێنانەوەی قوربانیانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ، بە تایبەت ڕزگاربوانی توندوتیژی و ڕووداوە زەبراوییەکان لەڕێگەی سەنتەری ڕاهێنان و چارەسەری زەبری دەروونی کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە شاری سلێمانی کراوەتەوە. ڕێکخراوی وچان لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٥ وە بە فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی، لە ڕێگەی چارەسەرکاری دەروونی پسپۆر و چارەسەرکاری سروشتی ڕاهێنراو خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی و چارەسەری سروشتی پێشکەش بە سزادراوان دەکات. یەکێک لە پڕۆگرامەکانی چارەسەرکردن تایبەتە بە ڕاهێنانەوە و چارەسەرکردنی ئالودەبوان بە ماددەی هۆشبەر لەڕێگای بەرنامەیەکی تایبەت کە پێکهاتووە لەچارەسەری دەروونی و چارەسەری سروشتی.

پڕۆگرامی چارەسەرکردنی ئالودەبوان بە ماددەی هۆشبەر لەلایەن ڕێکخراوی وچان لە چەند قۆناغێک پێکدێت:

قۆناغی یەکەم: سیمینارێک دەربارەی "ماددەی هۆشبەر و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی تاک" ئەنجام دەدرێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەر ماددەی هۆشبەر سزادراون. پاشان ناوی ئەو کەسانە دەنووسرێت کە خوازیاری وەرگرتنی ئەو خزمەتگوزارییانەن کە ڕێکخراوی وچان پێشکەشی دەکات.

قۆناغی دووەم: لەڕێگای فۆرمی هەڵسەنگاندنی سەرەتایی، پشکنین بۆ کەسەکە دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا پێویستی بە خزمەتگوزاری

دەروونی هەیە یان نا؟ هەروەها ئەو کەسە تا چەند مەرجەکانی وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی تێدایە. دواتر کەسی وەرگیراو لەڕێگای چەند فۆرمێکی ستاندارددەوە هەڵسانگاندنێکی وردتری بۆ دەکرێت لەلایەن چارەسەرکاری دەروونی و چارەسەرکاری سروشتی. ئەم پڕۆسەی هەڵسەنگاندنە نزیکەی یەک مانگ دەخایەنێت.

قۆناغی سێیەم: بریتییە لە قۆناغی چارەسەرکردن، کە پاش کۆتایی هاتنی پڕۆسەی هەڵسەنگاندن دەستپێدەکات، شێوازی چارەسەرکردنی ئەم کەسانە لە شێوەی گروپدایە، بۆ هەر گروپێک (١٠ بۆ ١٢) کەس بەشداردەبن. لە پڕۆسەی چارەسەرکردنی دەروونیدا پڕۆگرامی خود-چارەسەری ڕێنماییکراو (Guid-ed self-change program) بەکاردەهێنرێت کە لە ١٤ دانیشتن پێکهاتووە، و هەر دانیشتنێک ٩٠ خولەکی پێدەچێت و بەشێوەی هەفتانە ئەنجام دەدرێت. هاوکات تیمی چارەسەری سروشتی لە ڕێگەی بەرنامەیەکی تایبەت کاردەکات لەسەر چالاکی جەستەیی، خاوبوونەوە و کەمکرنەوەی ئازار لە کەسەکەدا. ئەم بەرنامەیە بۆماوەی ١٤ دانیشتنی هەفتانەیە و لە ڕۆژێکی تری جیاوازدا لەگەڵ هەمان گروپ، هەردوو بەشی پڕۆسەی چارەسەرکردنەکە نزیکەی چوار مانگ دەخایەنێت.

قۆناغی چوارەم: لەم قۆناغەدا هەڵسەنگاندنی پاشینە دەست پێدەکات کە ئامانج لێی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی کەسەکانە لە ڕووی دەروونی و جەستەیی، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەی چارەسەری لەسەر کەسەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەنجامی ئەو دەستێوەردانانە دروست بووە، پڕۆسەی هەڵسەنگاندنی پاشینە نزیک دوو هەفتە دەخایەنێت.

قۆناغی پێنجەم: بریتیە لە پڕۆسەی بەدواداچوون، کە سێ جار و لە سێ کاتی جیاوازدا، دوای یەک مانگ، دوای سێ مانگ و دوای شەش مانگ پاش کۆتایی هاتنی بەرنامەی چارەسەری ئەنجام دەدرێت. مەبەست لێی دڵنیابوونە لە تەندروستی دەروونی و جەستەیی کەسەکە و هاندان و پاڵپشتیکردنیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە.

پرسیارەکان

پ١/ئایا هەست دەکەیت ماددە هۆشبەرەکان بوونەتە مەترسی لەسەر ژیانی گەنجان؟

پ٢/چۆن ماددە هۆشبەرەکان کاریگەری لەسەر ژیانی گەنج دادەنێن، چ هۆکارێک کاریگەری زیاتری لەسەری هەیە؟

پ٣/پێویستە چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان؟

پ٤/چی دەکەیت ئەگەر زانیاریت هەبوو کەسێک ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنێت؟

پ٥/ئایا دەکرێت بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان وەک تاوان سەیر بکرێت، یاخود پێویستە پێداچوونەوە بەم یاسایەدا بکرێت و وەک نەخۆش سەیر بکرێن؟

پ٦/پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی مانوێڵێکی ستاندەر یاخود گایندسیێکی زانستی و فرەدسپلین دروستبکرێت بۆ چارەسەرکردنی کەسانی خراپبەکارهێنەرو ئالوودەبووان؟

پ٧/رۆڵی کۆمەڵکار چییە لە بواری ئالودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و چۆنیەتی چارەسەر کردنی؟

سەرچاوەکان

احسان، هادی بهرامی. (٢٠٠٤). اعتیادو فرایند پیشگیریی، تهران، سازمان مطالعەو تدوین.

العواد، سلمان محمد. (٢٠٠٢). الخصائص الاجتماعية والاقتصادية لمدمنى الامفيتامين و مدمنى الحشيش و العاديين دراسة مقارنة، رسالة ماجستير منشورة، تونس، جامعة تونس.

الغريب، عبدالعزيز بن على. (٢٠٠٦). ظاهرة العود للادمان فى المجتمع العربى، الرياض، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية.

المغربی، سعد. (١٩٨٦). سیکولوجیة تعاطی الافیون ومشتقاته، القاهرة، الهیئة المصریة للکتاب.
ئەڵایەنسس، هارتلاند. (٢٠٠٦). خولی ڕاهێنانی کارمەندانی تەندروستی دەروونی کۆمەڵگا، کارنامەی بەشداربووان.
جرجیس، مؤید اسماعیل. (٢٠٠٢). اسالیب التعامل مع ضغوط الحیاة وعلاقتها بالطمأنین النفسیة والمیول العصابیة لدی الشباب الجامعی، رسالة ماجستیر غیر المنشورة، قسم التربیة و علم النفس، کلیة التربیة، اربیل، جامعه صلاح الدین.
چارلز، ئەی، و ئەوانیدی. (٢٠٠٤). روانشناسی اعتیاد، مترجم، بایلا معری رنجگر، تهران، نشر، روان.
پژوهشگهده ملی مواد مخدر ایران. (٢٠٠٣). مبارزة ملی رسانه ای مواد مخدر برای جوانان، ریویکردی نو به پیشگیریی از اعتیاد، تهران، دبیرخانه ستاد مبارزه با مواد مخدر.
ستودة، هدایت الله. (٢٠٠٥). روانشناسی جنایی، تهران، انتشارات اوای نور.
سیوەیلی، لوقمان. (٢٠١١). سێبەری تلیاک، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
شابرول، هنری (٢٠٠١). الادمان فی سن المراهقة، ت، فؤاد شاهین، بیروت، عویدات للنشر و الطباعة.
فاید، حسین. (٢٠٠٦). سیکولوجیة الادمان، القاهرة، مؤسسة طیبة للنشر و التوزیع.
محمد، هێمن عبدالله. (٢٠٠٨). جرائم المخدرات و سبل مکافحتها فی القانونین الداخلی و الدولی ، جامعة الکویة، رسالة ماجستیر غیر المنشورة، کلیة القانون.

فەرهەنگۆکی کوردی – ئینگلیزی
بۆ زاراوە بەکارهاتووەکان لە کاری کۆمەڵایەتیدا

ز	کوردی	ئینگلیزی
١	ئازادیی	Freedom
٢	ئاژاوەگێڕیی	Riots
٣	ئاسوودەیی بوون	Tranquility
٤	ئاشتی	Peace
٥	ئالوودەبوون	Addiction
٦	ئالوودەبوون بە ئەلکهول	Alcoholism
٧	ئەشکەنجەدان	Torture
٨	ئیتیکی پیشەیی	Professionals Ethics
٩	باری خێزانیی	Marital Status
١٠	باوکسالاریی	Patriarchy
١١	بەڕێوەبردنی کەیس (حاڵەت)	Case Management
١٢	بەزەیی	Mercy
١٣	بەشوودانی منداڵ	Child Marriage
١٤	بەکارهێنان لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا	Social / Recreational Use
١٥	بەندکراو	Prisoner
١٦	بەندیخانە	Prison

Social Structure	بونیادی کۆمەڵایەتی	١٧
Stress-Vulnerability Model	بیردۆزی هەستیاریی- فشار	١٨
Conservation Thought	بیری پارێزگاریی	١٩
Liberalism Thought	بیری لیبرالیی	٢٠
Conflict Thought	بیری ململانێیی	٢١
Asexual	بێمەیلی ڕەگەز	٢٢
Homeless	بێلانە	٢٣
Narrative Symbolization	بەهێماکردنی گێڕانەوە	٢٤
Guided Self-change Program	پڕۆگرامی خودچارەسەری ڕێنماییکراو	٢٥
Radicalism	پەڕگیر	٢٦
Dependency	پشتبەستن	٢٧
Refugee	پەنابەر	٢٨
Professionalism	پیشەگەریی	٢٩
Socialization	پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی	٣٠
Experimentation	تاقیکردنەوە	٣١
Psychiatry	پزیشکیی دەروونی	٣٢
Individual	تاک	٣٣
Crime	تاوان	٣٤
Convict	تاوانبار	٣٥

Criminal	تاوانکار	٣٦
Post-traumatic Stress Disorder (PTSD)	تەنگژەی دەروونی پاش زەبر	٣٧
Empowering	توانابەخشین	٣٨
Domestic Violence	توندوتیژی خێزانیی	٣٩
Violence Agents Women ((VAW	توندوتیژی دژی ژنان	٤٠
Gender Based Violence (GBV)	توندوتیژیی جێندەریی	٤١
Social Research	توێژینەوەی کۆمەڵایەتی	٤٢
Accused	تۆمەتبار	٤٣
Observation	تێبینیکردن	٤٤
Scientific Theories	تیۆرە زانستییەکان	٤٥
Social Work Theories	تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی	٤٦
Client – Centered Theory	تیۆری بەسەنتەربوونی خزمەتخواز	٤٧
Profession Theory	تیۆری پیشەیی	٤٨
Psychoanalytic Theory	تیۆری دەروونشیکاریی	٤٩
Role Theory	تیۆری ڕۆڵ	٥٠
Social Learning Theory	تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی	٥١
Social Disintegration Theory	تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی	٥٢
Conflict Theory	تیۆری ململانێ	٥٣

System Theory	تیۆری نەسەق	٥٤
Functional Theory	تیۆری وەزیفی	٥٥
Cognitive Theory	تیۆری ئیدراک	٥٦
Intersex	جووت ڕەگەز	٥٧
Gender	جۆری کۆمەڵایەتی	٥٨
Treatment	چارەسەرکردن	٥٩
Specialized Treatment	چارەسەرکردنی تایبەتمەند	٦٠
Therapy	چارەسازی دەروونی	٦١
Social Reform	چاکسازی کۆمەڵایەتی	٦٢
Interview	چاوپێکەوتن	٦٣
Concept	چەمک	٦٤
Concept of Sociopolitical Traumatization	چەمکی پڕۆسەی زەبربەرکەوتنی کۆمەڵایەتی سیاسیی	٦٥
Host Community	خانەخوێ	٦٦
People with Special Needs	خاوەن پێداویستی تایبەت	٦٧
Abuse	خراپ بەکارهێنان	٦٨
Abuse	خراپ مامەڵەکردن	٦٩
Service	خزمەتگوزاری	٧٠
Family	خێزان	٧١
Female Genital Mutilation (FGM)	خەتەنەکردنی مێینە	٧٢

Depression	خەمۆکیی	٧٣
Habitation	خووپێوەگرتن	٧٤
Social Welfare	خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی	٧٥
Abstention	خۆگرتن	٧٦
Coping	خۆگونجاندن	٧٧
Bisexual	دووڕەگەزخواز	٧٨
Court	دادگا	٧٩
Institution	دامەزراوە	٨٠
Societal Recognition	دانپێدانانی کۆمەڵایەتی	٨١
Diagnostics	دەستنیشانکردن	٨٢
Social Insurance	دەستەبەری کۆمەڵایەتی	٨٣
Intervention	دەسوەردان	٨٤
Perception	دەرککردن، تێگەیشتن	٨٥
Rehabilitation	دووبارە ڕاهێنانەوە	٨٦
Queer	ڕەگەزئازاد	٨٧
Survey	ڕاپرسی	٨٨
Family Counseling	ڕاوێژکاریی خێزانیی	٨٩
Survivors of Violence	ڕزگاربووانی توندوتیژیی	٩٠

Violence Behaivour	ڕەفتاری توندوتیژیی	٩١
Sex	توخم	٩٢
Organization	ڕێکخراو	٩٣
Non-governmental Organizations (NGOs)	ڕێکخراوە ناحکومییەکان	٩٤
World Health Organiztion (WHO)	ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی	٩٥
Prevention	ڕێگریکردن	٩٦
Racism	ڕەگەزپەرستی	٩٧
Transgender	ڕەگەزگۆڕ	٩٨
Cumulative Trauma	زە برە کەڵەکەبووەکان	٩٩
Psychotraumatology	زانستی زەبری دەروونی	١٠٠
Anthropology	مرۆڤناسی	١٠١
Psychological Trauma	زەبری دەروونی	١٠٢
Secondary Traumatization	زەبری دووەمیی	١٠٣
Sequential Traumatization	زەبری یەک لە دوای یەک	١٠٤
School Environment	ژینگەی خوێندنگەیی	١٠٥
Education System	سستمی پەروەردە	١٠٦
Human Resources	سەرچاوە مرۆییەکان	١٠٧
Client	خزمەتخواز	١٠٨

Modernization	سەردەمی تازەگەریی	١٠٩
Dominant Narrative	سەرگوزەشتەی باڵادەست	١١٠
Eligibility	شیاوبوون	١١١
Acute Stress Disorder	شڵەژانی فشاری توند	١١٢
Attachment Disorder with Social Disinhibition	شڵەژانی پەیوەستبوون لەگەڵ چەپاندنی کۆمەڵایەتی	١١٣
Reactive Attachment Disorder	شڵەژانی پەیوەستبوونی کاردانەوەیی	١١٤
Post-traumatic Stress Disorder (PTSD)	شڵەژانی دەروونی پاش زەبر	١١٥
Adjustment Disorder	شڵەژانی گونجاندن	١١٦
Professional Identity	شوناسی پیشەیی	١١٧
Mourning	شینگێڕی	١١٨
Multiple Traumatization	فرەزەبری دەروونی	١١٩
Poly-traumatization	فرەزەبریی	١٢٠
Feminism	فیمینیزم	١٢١
International Federation of Social Workers (IFSW)	فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کۆمەڵکاران	١٢٢
Victim of Violence (VOV)	قوربانی توندوتیژیی	١٢٣
Countertransference	کاردانەوە	١٢٤
Social Work	کاری کۆمەڵایەتی	١٢٥
Social Work School	کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی	١٢٦

Culture	کلتور	١٢٧
Vulanrable People	کەسانی شکستەبار	١٢٨
Internal Dispalced People (IDPs)	کەسانی ئاوارەی ناوخۆیی	١٢٩
Personal	کەسێتی	١٣٠
Interpersonal	کەسێتی (لەپەیوەندیدا بەکەسانی ترەوە)	١٣١
Impairment	کەمئەندام/ پەککەوتە	١٣٢
Isolation	کەنارکەوتن	١٣٣
Honor Killing	کوشتن بە بیانووی شەرەف	١٣٤
Migrant	کۆچبەر	١٣٥
Immigration	کۆچکردن بۆ وڵاتێکی تر	١٣٦
Magration	کۆچکردن لە وڵاتی خۆت	١٣٧
Group	کۆمەڵ	١٣٨
Social Worker	کۆمەڵکار	١٣٩
Society	کۆمەڵگە	١٤٠
Family Problems	کێشە خێزانییەکان	١٤١
Social Problems	کێشە کۆمەڵایەتییەکان	١٤٢
Man-made-disasters	کارەساتە مرۆڤکردەکان	١٤٣
Hypothesis	گریمانە	١٤٤

Human Development	گەشەپێدانی مرۆیی	١٤٥
Academic Discourse	گوتاری ئەکادیمی	١٤٦
Social Change	گۆڕانی کۆمەڵایەتی	١٤٧
Behavioral Deviation	لادانی ڕەفتاریی	١٤٨
Assimilation	لەخۆگرتن	١٤٩
Invistigation	لێکۆڵینەوە	١٥٠
Skill	کارامەیی	١٥١
Drugs	دەرمانە بێهۆشکارەکان	١٥٢
Modernization	مۆدێرنێتە	١٥٣
Quantitative Research Method	میتۆدی توێژینەوەی چەندێتی	١٥٤
Qualitative Research Method	میتۆدی توێژینەوەی چۆنیەتی	١٥٥
Family Defense Mechanisms	میکانیزمی بەرگری حێزانیی	١٥٦
Disability	ناتوانایی	١٥٧
Unprofessional	ناپیشەیی	١٥٨
Intrapersonal	نێو-کەسی	١٥٩
Illegal	نایاسایی	١٦٠
Inequality	نایەکسانیی	١٦١
Research Sample	نمونەی توێژینەوە	١٦٢

Pathological	نەخۆشیی	١٦٣
Sexual Transmitted Diseases	نەخۆشییە گوازراوە سێکسیەکان	١٦٤
Confidentiality	نهێنی پارێزی	١٦٥
Functional Theory	تێوری ئەرکەکی	١٦٦
Homosexuality	هاوڕەگەزخوازی	١٦٧
Lesbian	هاوڕەگەزخوازی مێ	١٦٨
Lesbian, Gay, Bisexual and Transgender LGBT	هاوڕەگەزخوازی مێ، هاوڕەگەزخوازی نێر، دووڕەگەزخواز و ڕەگەزگۆڕخوازیی	١٦٩
Gay	هاوڕەگەزخوازی نێر	١٧٠
Sympathy	هاوسۆزیی	١٧١
Poverty	هەژاریی	١٧٢
Sense of Shame	هەستکردن بە شەرمەزاریی	١٧٣
Hallucinogens	هەڵوەسەهێنەرەکان	١٧٤
Evaluation	هەڵسەنگاندن	١٧٥
Depressants	هێمنکەرەوەکان	١٧٦
Stimulants	وریاکەروەکان	١٧٧
Imagine	وێنا	١٧٨
Legal	یاسایی	١٧٩
Punishment Legal	یاسای سزادان	١٨٠

دەربارەی نووسەران

چنور قادری CINUR GHADERI

پرفیسۆری بواری دەروونناسی لە فاکەڵتی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی ئەپلاید ساینس لە شاری (بۆخوم)ی وڵاتی ئەڵمانیادایە. جێگری سەرۆکی زانکۆی ناوبراوە لە بواری توێژینەوە و نێودەوڵەتی بووندا. لەدوای دەرچوونی لە زانکۆ پسپۆڕیی بەدەستهێناوە لە دەروونناسی چارەسازیدا (چارەسەری ڕەفتاریی). ناوبراو هەڵگری دکتۆرایە لە فاکەڵتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی Ruhr-Universität-Bochum لەشاری (بۆخوم). خاوەنی بیرۆکەو سەرۆکی پرۆژەی ڕێکخراوی دادی ئەڵمانی DAAD بۆ پرۆژەی CoBoSUnin ٢٠١٦-٢٠١٩ لە نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی بۆخوم. نوسەروهاونوسەری ٧ کتێب و زیادلە ٣٠بابەتی زانستیە. بۆزیاترزانیاری لەسەربەرهەم وبابەتەکانی دەتوانن تەماشای ئەم لینکەبکەن:

https://www.evh-bochum.de/hauptamtlich-lehrende.html?show=34

بۆ پەیوەندیکردن: ghaderi@evh-bochum.de

ڕزگار مصطفی غفور

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی کاری کۆمەلایەتی لە کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلیمانی. هەلگری بروانامەی دکتورا لە کاری کۆمەلایەتی. دەستەی دامەزرینەری بەشی کاری کۆمەلایەتی بووە. ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاجیاکانی کاری کۆمەلایەتی کە لە گۆڤارە زانستییەکان بلاوکراونەتەوە. هەلسەنگاندنی چەندین توێژینەوەی زانستی بۆ گۆڤارە زانستیەکان. وتنەوەی وانە بە خویندکارانی بکالوریوس وماستەر ودکتورا لە بەشی کاری کۆمەلایەتی . بەشداربووە لە چەندین گفتوگۆ کردنی نامەی ماستەر وتیزی دکتورا لە زانکۆکانی سلیمانی وسەلاحەدین. بەشداریکردن لە چەندین خۆلی ڕاهینان (ناوخۆیی و نیودەولەتی) لە بوارە پسپۆری خۆیدا. بەشداریکردن لە چەندین کۆنفرانسی زانستی. لە ئیستادا سەرۆکی بەشی کاری کۆمەلایەتییە لە کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلیمانی.

بۆ پەیوەندیکردن: rzgar.ghafur@univsul.edu.iq

ژیا عباس قادر

پرۆفیسۆری یاریدەدەرو مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی. هەلگری بروانامەی دکتورا لە کاری کۆمەلایەتی. پسپۆری وردی لەبواری جێندەردایە. ئەندامی شاندی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بووە لە پرۆژەی نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی (ئەپلاید ساینس) لە وڵاتی ئەڵمانیا. لە ساڵی ٢٠١٧–٢٠١٨ بەڕێوەبەری سەنتەری خوێندنی جێندەر و توندوتیژی بووە لە زانکۆی سلێمانی. لە ساڵی ٢٠١٨ تا ئێستا لێپرسراوی یەکەی خوێندنی باڵایە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی و چەندین توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە بابەتەکانی جێندەر و توندوتیژی و ژن و LGBTQI لە گۆڤارە زانستییەکان بڵاو کردۆتەوە. هەروەها بەشداری کارای هەبووە لە زۆرێک لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و لۆکاڵیەکان. ڕێکخەری (الرابطة العربية للبحث العلمی و علوم الاتصال) لەسەر ئاستی عێراق و ئەندامە لە زۆرێک لە ڕێکخراوە لۆکاڵی و نێودەوڵەتیەکان. هەروەها ئنترستی زۆری بۆ بابەتی جێندەر وتوندوتیژی پرسەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتە هەیە.

بۆ پەیوەندیکردن: zhiya.qader@univsul.edu.iq

سورێن ابوبکر عبدالله

دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی گشتییە لەزانکۆی سلێمانی. یەکەم لەسەر ئاستی بەش بۆ ساڵی ٢٠٠٩–٢٠١٠. بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی لیستەر لە بەڕیتانیا بەدەستهێنانەوە لە بواری تیۆری هاوچەرخی کۆمەڵناسیدا کە سێیەم بووە لەسەر ئاستی بەش بۆ ساڵی ٢٠١٣. لە ئێستادا کاندیدی خوێندکاری دکتۆرایە بۆ خوێندنی زانستی کۆمەڵناسی بە پلەی یەکەم لە زانکۆی سلێمانی. پلەی زانستی مامۆستای بەدەستهێناوە پاش تێبەڕینی قۆناغە زانستەیەکانی بەرزکردنەی پلەی زانستی. خاوەنی ٦ توێژینەوەی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری ناوخۆیی و دەرەکی لە بوارە جیاوازەکانی زانستی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتیدا.

بۆ پەیوەندیکردن: suren.abdullah@univsul.edu.iq

سەمیرە مصطفی خدر

مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی. ساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی وەرگیراوە، ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە لە هەمان زانکۆ و هەمان بەش. لە ساڵی ١٩٩٨ وەک توێژەر لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئاداب دامەزراوە ، لە ساڵی ١٩٩٩ گواستنەوەی ڕاژەی کردووە بۆ زانکۆی سلێمانی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان و لە بەشە جیاجیاکانی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کاری کردووە وەک (تۆمار، بەشی مێژوو ، هتد..). ساڵی ٢٠٠٤– ٢٠٠٥ لە خوێندنی ماستەر وەرگیراوە لە زانکۆی سلێمانی بەشی کۆمەڵناسی. لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە. هەر لەو ساڵەوە وەک مامۆستا کاری کردووە لە بەشی کۆمەڵناسی و وانەکانی (بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی ، ڕێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی ، کۆمەڵناسی پیشەسازی ، ڕاهێنانی مەیدانی) وتۆتەوە و سەرپەرشتی چەندین توێژینەوەی دەرچوونی کردووە. لە ساڵی ٢٠١٤ گواستراوەتەوە بۆ بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە هەمان کۆلیژ و هەتا ساڵی ٢٠١٨ کاری کردوە وەکو مامۆستا و وانەکانی (بەڕیوەبردنی دامەزراوەکان ، دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی ، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ، ڕاهێنانی مەیدانی) وتۆتەوە و سەرپەرشتی توێژینەوەی دەرچوونی خوێندکارانی کردووە. لە ساڵی ٢٠١٨ ڕاژەی گواستراوەتەوە بۆ مەڵبەندی کوردۆلۆجی زانکۆی سلێمانی.

بۆ پەیوەندیکردن: samira.khdir@univsul.edu.iq

علی جعفر خالد

مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کۆمەڵناسی ساڵی ١٩٩٤ لە بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلیجی ئاداب/ زانکۆی صلاح الدین. لە ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەر لەبەشی کۆمەڵناسی/ کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی بە دەست هێناوە و وەک مامۆستای یاریدەدەر لەبەشی کۆمەڵناسی/ زانکۆی کۆیە لەساڵی ٢٠١٢ دوای داخستنی بەشی ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی. ناوبراو چەندین توێژینەوەی ئەنجامداوە لە بوارەکانی دیاردەی چەکداری و ماددە هۆشبەرەکان و لادانی نەوجەوانان و توندوتیژی جێندەری و ڕەوشی سەنتەرەکانی ئۆتیزم.

بۆ پەیوەندیکردن: Ali.Khalid@univsul.edu.iq

عمر انور کریم

هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی (٢٠١١-٢٠١٢) . بۆ ماوەی ٧ ساڵە وەک توێژەری کۆمەڵایەتی لە چاکسازی کۆمەڵایەتی (گەورانی سلێمانی – ژنان و منداڵانی سلێمانی کاردەکات. هاوکات ماوەی ٦ ساڵە وەک (ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی و پەروەردەی - کۆچ) ڕاهێنان و سیمینار و ۆرک شۆپ دەڵێتەوە بۆ ڕێکخراو و ناوەند و پەیمانگا ئەهلیەکان وەک کاری سەربەخۆ. خاوەنی دوو توێژینەوەیە بەناوەکانی (ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆسەی شیاندنەوەی سـزادراو ودانـراوان – هەرێمی کوردسـتان) بە هاوبەشی لەگەڵ پڕۆفیسۆری یاریدەدەر (د. عالیە فەرەج) و (گرفتەکۆمەڵایەتیەکانی خێزانی سزادراوان لە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان) بەهاوبەشی لەگەڵ (هیوا یاسین) خوێندکاری دکتۆرا لەیەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی ئەنجام دراوە.

بۆ پەیوەندیکردن: omaranwar.job@gmail.com

فەرەیدون عارف سعید

فەرەیدون عارف سعید، مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ بروانامەی بەکالۆریۆسی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە کاری کۆمەڵایەتی – گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، لە زانکۆی بانگەلۆر - هندستان بەدەستهێناوەو ئەزموونی ١٤ مانگ کاری خۆبەخشی لە ڕێکخراوی (APD) بانگەلۆر – هندستان، کە یەکێکە لە ڕێکخراوە بەناوبانگەکانی وڵاتی هندستان لەبواری خزمەتگوزاری خاوەن پێداویستی تایبەت. لە ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٦) لە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی وەک لێپرسراوی راگەیاندن و وتەبێژی فەرمی سەرۆکی زانکۆ کاریکردووە. هەروەها بەشداربووە لە پڕۆژەی هاریکاری زانستی و ئەکادیمی نێوان هەردوو زانکۆی (پڕۆتستانت ئەپلاید ساینس و زانکۆی سلێمانیDAAD-cooperation project CoBoSU (٢٠١٦-٢٠١٩). بە توێژینەوەی (بێکاری و پەیوەندی بە توندوتیژی خێزانییەوە لەنێو ئاوارەکاندا) بەشداریکردووە لە کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی (کاری کۆمەڵایەتی لەناوچە پڕ ململانێ سیاسییەکاندا) کاری هاوبەشی نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پڕۆتستانت بۆ زانستە کردارییەکان لە بۆخم / ئەڵمانیا (٢٠١٩).

بۆ پەیوەندیکردن:fraidoon.saeed@univsul.edu.iq

کاروان احمد نورەیی

بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی ساڵی ٢٠٠٢ هەروەها ماستەر لە کاری کۆمەڵایەتی ساڵی ٢٠١٣. لە ساڵی ٢٠٢٠ وەک خوێندکاری دکتۆرا وەرگیراوە. خاوەنی ١١ توێژینەوە لە بواری کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان وخزمەتی زیاتر لە ١٠ ساڵ لەو بوارەدا. ئەزموونی کارکردن بۆ ماوەی ١٨ ساڵە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی وپەروەدە و خوێندنی باڵا کە حاڵی حازر تیایدا بەردەوامە. ئەزموونی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵپارێزی بەڕیتانی و ئەکۆرن و ستێپ و یونۆپس و کید. خاوەنی کتێبێک بە ناونیشانی (کاریگەری ژینگەکانی کارکردن لەسەر کچانی ئیشکەر) و دوو کتێبی تر کە ئامادەن بۆ چاپ بە ناوەکانی (میتۆدی توێژینەوەی چەندێتی و چۆنێتی لە کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا) و (ڕوانگەی کۆمەڵناسی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا).

بۆ پەیوەندیکردن: karwan.mohmmad@univsul.edu.iq

کرستین سۆنێنبێرگ KRISTIN SONNENBERG

پرۆفیسۆر لە کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی ئەپلاید ساینس Protestant University of Applied Sciences (EvH RWL Bochum) لەشاری (بۆخوم)ی وڵاتی ئەڵمانیا سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس و دەرچووی بواری پەروەردەیە وەک ڕاهێنەری سایکۆدراما psychodrama . هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فاکەڵتی زانستە پەروەردەییەکان لە زانکۆی (The University of Cologne) لە ساڵی ٢٠٠٤. هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری بەراوردکاری توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی (University of North London). هەروەها ناوبراو هەڵگری بروانامەی دیپلۆمە لە پیداگۆگی کۆمەڵایەتیدا. هاوکات ئەندامە لە کۆمەڵەی کۆمەڵکارانی ئەڵمان German Association of Social Workers (DGSA). سەرۆکی پڕۆژەی ڕێکخراوی دادی DAAD ئەڵمانی بۆ هاوکاری بووە بۆ پڕۆژەی CoBoSUnin ٢٠١٦-٢٠١٩ لە نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی (بۆخوم).

بۆ پەیوەندیکردن: sonnenberg@evh-bochum.de

کوردستان عمر محمد

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی - کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- بەشی کاری کۆمەڵایەتی. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٣. بڕوانامەی ماجستێر لە ٢٠٠٨. دەستەی دامەزرێنەری بەشی کاری کۆمەڵایەتی. ئەندامی ئەنجومەنی زانستی بەش. بەشداری کاری ڕێکخراوەی ناحکومی بووە لە بواری توێژینەوەو پرۆژەی زانستیدا.

بۆ پەیوەندیکردن: kurdstan.muhamad@univsul.edu.iq

کوێستان علی عبدالله

بەکالۆریۆس لە بەشی کۆمەڵناسی ساڵی (٢٠٠٤) لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی. ماستەر لە کاری کۆمەڵایەتی ساڵی (٢٠١٢) هەمان کۆلێج و زانکۆ. لە ئێستادا خوێندکاری دکتۆرایە لە کۆمەڵناسی گشتیدا. مامۆستای بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان. بەدرێژایی ساڵانی خزمەتی وەک مامۆستایەک چەندین توێژینەوەی ئەنجامداوە لە بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا کە نزیکەی (٧) توێژینەوەن. هەروەها چەندین بابەتی لە گۆڤاری تەوار نوسیوە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەم وانانەی وتوەتەوە وەک پیشەی مامۆستا (دەروەندروستی ، دەروونناسی کۆمەڵایەتی ، کۆمەڵناسی کوردەواری ، دەروازەی کومەڵناسی گشتی ، پلانی کۆمەڵایەتی ، دەروازەی کاری کۆمەڵایەتی ، خێزان و منداڵ لەبواری کاری کۆمەڵایەتیدا). پیشەو خولیای بۆ کارکردن لە فیلدی خێزان و هەرزەکار و گەنج و کاری کۆمەڵایەتی لە بواری بەجیهانیبوون و زانکۆ و ڕێکخراو و خوێندنگەدا.

بۆ پەیوەندیکردن: Kwestan.abdulla@univsul.edu.iq

لوقمان صالح کریم سیوەیلی

هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە و پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان. لەساڵی ٢٠١٤ ەوە وەک مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان وانەبێژە. دەستەی دامەزرێنەری سەرەکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بووەو لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ سەرۆکی ئەو بەشە بووە. وەک توێژەر چەندین توێژینەوە هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی و ڕێکخراوەیی و نوسینی کتێب و بەشەکتێبی ئەنجامداوە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوین و ئەورووپا، بەتایبەت لە پرسی ژینگەو پەنابەران و جێندەرو کێشە جێندەرییەکاندا. وەک ڕاوێژکاری توێژینەوە لە صندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA لە نێوان ساڵانی ٢٠١٨-٢٠١٩ کاری کردووە. هاوکات وەکو کۆ ئینڤێستیگە یتەری Co-invesitgator زانکۆی Johns Hopkins ئەمریکی و کۆمیتەی پەنابەرانی ژنان WRC لە هەرێمی کوردستان کاری کردووە لە توێژینەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختە لە بارودۆخە مرۆییەکانداو، ڕێکخەری بۆردی سەرپەشتیاران بووە لە ڕێکخراوی خانزاد. لە بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کاری کردووە وەک توێژەرو ڕاوێژکارو سەرپەرشتیارو هەڵسەنگێنەر. هاوکات ڕێکخەری زانکۆی سلێمانی بووە بۆ پرۆژەی CoBoSUnin ٢٠١٦-٢٠١٩ نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی The university of Applied science لەشاری (بۆخوم) لەوڵاتی ئەڵمانیا.

بۆ پەیوەندیکردن: loqman.karim@univsul.edu.iq

نجاة محمد فرج

پرۆفیسۆر لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی – عێراق. هەلگری بروانامەی دکتورا لە کۆمەڵناسیدا. لە ساڵانی (٢٠٠٦ – ٢٠٠٨) یاریدەدەری راگر بووە لە راگرایەتی کاروباری خوێندکاران و (٣) ساڵ دواتریش سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی بووە. لەساڵانی نێوان (٢٠١٥ – ٢٠١٧) لێپرسراوی خوێندنی باڵابووە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی سێنتەری خوێندنی جێندەر و توندوتیژیی زانکۆی سلێمانی و بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو سێنتەرە بووە. پسپۆڕیی دکتۆراکەی لە بواری کۆمەڵناسی ڕێکخستندایە. خاوەنی (١٢) توێژینەوەی زانستییە کە لە گۆڤارە زانستییە ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. لەتوێژینەوەکانیدا گرنگیداوە بەبابەتەکانی (گەنج، جێندەر، کێشە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان). بەشداربووە لە گفتوگۆکردنی چەندەها نامە و تێزی دکتۆرا لەزانکۆکانی سلێمانی و سەڵاحەدین. لە ئێستادا وانەی بەکارلۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا دەڵێتەوەو سەرپەرشتی نامەکانی ماستەرو تێزەکانی دکتۆرا دەکات لەبەشی کۆمەڵناسی.

بۆ پەیوەندیکردن: najat.faraj@univsul.edu.iq

نیان نامق صابر

پرۆفیسۆر لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی – عێراق. دکتۆرای لە بواری فەلسەفەی پەروەردەدا بەدەستهێناوە لە زانکۆی بەغداد ساڵی ١٩٩٨. لە زانکۆکانی عێراق و لیبیا و یەمەن وەک مامۆستا و سەرۆک بەش کاری کردووە. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی سێنتەری خوێندنی جێندەر و توندوتیژیی زانکۆی سلێمانی و بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو سەنتەرە بووە. خاوەنی (٢٠) توێژینەوەی زانستییە کە لەگۆڤارە زانستییە ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. لە توێژینەوەکانیدا گرنگی داوە بە (منداڵ ،بابەتە پەروەردەیی و دەروونییەکان ،جێندەر). بەشداربووە لە گفتوگۆکردنی چەندەها نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە زانکۆکانی سلێمانی و سەڵاحەدین. لە ئیستادا وانەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا دەڵێتەوە و سەرپەرشتی نامەکانی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا دەکات لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی. بەشداریی چەندین کۆنفرانسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کردووە.

بۆ پەیوەندیکردن: nian.sabir@univsul.edu.iq

An Introduction to Social Work

This book is the result of a collaboration between teaching staff at the Social Work Department, College of Humanities, at the University of Sulaimani in the Kurdistan Region of Iraq and the Protestant University of Applied Science in Bochum, Germany.

The book is structured as follows: The first chapter presents an introduction to social work. In the second chapter, the frameworks of social work and professional attitudes are explained and discussed. The third chapter is allocated to topics and reforms within all areas of professional social work practice. The fourth chapter is dedicated to the practical fields of social work. Finally, the appendix contains the biographies of the authors, as well as a glossary.

This book serves as a medium to connect the theoretical and practical aspects of social work. In addition, it offers explanations for different perspectives from both eastern and western professional traditions. Furthermore, it addresses current issues in social work and provides solutions in terms of practical applications. Although this shared project cannot provide a comprehensive guide to social work, it offers an initial introduction to the field, based on the authors‘ respective areas of expertise.

An Introduction to Social Work

Table of Contents:

Foreword.....7
Cinur Ghaderi and Luqman Saleh Karim Sewaily

1. Introduction to Social Work.....23
1.1Social Work as a Scientific Profession.....24
Zhiya Abbas Qader

1.2 The Theories of Social Work.....47
Rzgar Mustafa Ghafur

1.3 Quantitative Research Methods in Social Work.....72
Kurdistan Omar Mohammed

1.4 Qualitative Research Methods in Social Work.....80
Karwan Ahmed Nuraey

2. Frameworks of Social Work and Professional Attitudes.....89
2. 1Professional Identity in Social Work.....90
Kristin Sonnenberg, Fraidoon Arif Saeed

2.2 Professional Identity of Social Work Teachers.....103
Kwestan Ali Abdulla

2.3 Ethics and Values in Social Work and their Meaning with Respect to International Social Work.....124
Kristin Sonnenberg, Luqman Saleh Karim Sewaily

2.4 Ethics and Law in Social Work.....133
Ali Jaafr Khalid

3. Topics Concerning all Fields of Professional Social Work Practice.....147
3.1 Family Counselling.....148
Niyan Namiq Sabir

3.2 Supervision – A New Profession in the Kurdistan Region of Iraq.....163
Cinur Ghaderi, Luqman Saleh Karim Sewaily

3.3 Awareness of and Sensitivity towards Trauma in Social Work.....191
Cinur Ghaderi

3.4 The Intersection of Trauma and Gender.....219
Cinur Ghaderi

4. Practical Fields of Social Work.....233
4.1 Gender & Violence.....234
4.1.1 Gender Terminologies.....234
Zhiya Abbas Qader

4.1.2. Gender and Violence Theories.....243
Najat Mahmad Faraj

4.1.3. Gender and Violence.....263
Niyan Namiq Sabir

4.2 Social Welfare.....277
Samira Mustafa Khdir

4.3 From Prison to Rehabilitation – A Note about the Development of Social Reforms in the Kurdistan Region.....297
Luqman Saleh Karim Sewaily, Omar Anwar Karim

4.4 Social Work and taking care of People with Special Needs.....311
Rzgar Mustafa Ghafur

4.5 Migration and Integration with Social Work.....327
Kurdistan Omar Mohammed

4.6 Social Work in Schools.....346
Suren Abubakir Abdulla

4.7 Drugs and Forms of Treatments for Addicts in the Kurdistan Region.....366
Kristin Sonnenberg, Luqman Saleh Karim Sewaily and Omar Anwar Karim

Kurdish–English Glossary for Technical Terms in Social Work.....386
About the Authors.....396

An Introduction to Social Work

Editors:
Cinur Ghaderi, Luqman Saleh Karim Sewaily,
Niyan Namiq Sabir, Zhiya Abbas Qader, Kristin Sonnenberg